# یادداشت

# یادداشت

ڕەفیق حیلمی

سلێمانی ٢٠٠٣

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٢٢٦ )**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

# یادداشت

**بابەت: یادداشت**

**نوسینی: ڕەفیق حیلمی**

**بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق**

**مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان**

**نوێکردنەوەی ڕێنوس و هەڵەچنی: نەورۆز حسێن**

**چاپی : سێیەم**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**ژمارەی سپاردن: ١٧٧ی ٢٠٠٣**

www.sardam.net

**دیارییە :**

**بۆ گیانی کوردێك کە تا مردن بۆ کورد ژیا ، بۆ گیانی ئەمیری بەئاما نجنەگەیشتو "جەلادەت عالی بەدرخان".**

## سەرەتا:

لە ساڵی ١٩٣٤ لە موسڵ، مامۆستای ڕیازیاتی ئەعدادی بوم. دکتۆر "مەجید خدوری" ڕەفیقی زۆر خۆشەویستو بەنرخم کە دوایی وازی لە عێراق هێناو چوە ئەمەریکا، لەو ڕۆژەدا لە مەکتەبەکەی ئێمە مامۆستای "ئیجتماعیات" بو. هەردوکمان پێکەوە لە کۆمەڵی عیلمی موسڵیشا ئەندام بوین. لەژێر ناوی (المسئلة السورية)دا کتێبێکی نوسییەوەو دانەیەکی چاپکراوی بەدیاری بۆ ناردم. کە تێفکریم لە زۆر لاوە مەسەلەی سوریەو (فیصل)ی یەکەم لە مەسەلەی شێخ مەحمودو کوردستانی عێراق ئەچێت. منیش بە هۆی نزیکیم لە شێخ مەحمودو هەندێ لە ئینگلیزە کاربەدەستەکانی دەوری شێخ مەحمود، لە کاتی خۆیدا هەر بۆ یادداشت زۆر شتم لای خۆم (تەسجیل) کردبو و نوسیبومەوە. لەبەرئەمە کەوتمە سەر بیری نوسینەوەی مەسەلەی شێخ مەحمودو کوردستانی عێراق. بەڵام دیارە کە پێویستم بە گەلێ شتی تر هەبو. وەکو چەند کتێبێکی تایبەتی بە زمانە بێگانەکان" پرسیارو کۆڵینەوەیەکی وردو تەواو دەربارەی هەواڵو بەسەرهاتی کورد.

دۆستو برا کوردەکانی دەستم بۆ درێژکردن، درێغییان نەکردو کەمو زۆر یارمەتیان دام. لە برا عەرەبەکانیش هەندێکیان بە ڕاستی پیاوانە هاتنە پێشەوەو هەر کتێبێکی لای ئەوان دەس ئەکەوت بە خۆشیەوە بۆیان ئەناردم. لەوانە یارمەتی دکتۆر "مەجید خدوری" ناو براو و قەس سلیمان صائغو مامۆستا دەروێش مقدادیو دکتۆر فازیل حسێن لە برا عەرەبەکان"و مامۆستا ناجی عەباسو عەبدولقادر قەزازو فایەق کاکەمینی خوالێخۆشبو و کاک ئەدیب عارف (معاونی شورتەی دانیشتو)و ڕەئیس عەبدولواحیدو مامۆستا گیو کاک شاکر محرم لە برا کوردەکان. بە ڕاستی جێگەی سوپاسی تایبەتیە، بە هۆی کەڵکێکی بەنرخ کە لە ڕێی کۆڵینەوەی نوسراوە نایابە بەچاپکراوەکانیانەوە دەستم

ئەکەوت، ئەبێ سوپاسی مامۆستایانی بەرزو خزمەتگوزار ئەمین زەکی بەگو ئەمیر جەلادەت بەدرخانو حوزنی موکریانی (خوایان لێ خۆش بێ)و مامۆستا مارف جیاوك[١] و دکتۆر بلەچ شێرکۆو مەلا جەمیل بەندی ڕوژبەیانی، کە هەریەکەو مێژونوسێکی ناودار یا نوسەرێکی بەنرخی کوردن بەیاد بکەینو لەبیرمان نەچێتەوە.

ئینجا من بە هۆی ئەم یارمەتیو کەڵکوەرگرتنە بەنرخانەوە توانیم دەست بدەمە نوسینەوەی ئەم یادداشتە، کە لە زۆر دەمێکەوە تا ئیمڕۆ باسی بەشی زۆربەی بەسەرهاتی کورد ئەکاو بە تایبەتی مێژوێکی تەواوی مەسەلەی شێخ مەحمودو کوردستانی عێراقە. نامەوێت خزمەتی ناهیدەی کچیشم بکەم بەژێر لێوەوە. ئەویش حەقی بە سەرمەوە هەیەو لە تەرجەمەی ئەو باسانەدا کە لە کتێبە ئینگلیزیەکان وەرم گرتوە، یارمەتی تەواوی داومو لەگەڵم ماندو بوە.

ئیتر وەکو هەمو جارێك ئەمجارەیش لە خوێنەرە بەڕێزەکان، تکام ئەوەیە کە لە کەمو کورتیم ببورنو هەر "زەلله"یەکی کە کردومە بە چاوی لێبوردن بە سەریدا بڕۆنو بمبەخشن، بە مەبەستی چاکەو سەرمایەی کەمم.

بەغدا- بستان الخس

١/١٧/٤٦٩

ڕفیق حیلمی

٩٥٦/٧/٢٥

[١] لە (القضیة الکردیة)ی مارف بەگ کەڵکم وەرگرتوە.

# ١

شـەڕە گـەورەی یەکـەم بڕایـەوە، بـەڵام دوای ئـەوە لـە ماوەیـەکی پێـنج سـاڵدا نزیکەی سێیەکی شـەڕکەرەکان بە وێنـەی بـەفری بـەر هـەتاو توانـەوەو لەناوچـون. بـەڵێ لـە دوای ئـەوە کـە بـە وێنـەی نەخۆشـی "تـاعون"و "ڕشـانەوە"، لـە هـەمو کاتێکی ئـەم شـەڕە ناموبارەکـەدا هـەزاران لاوی جـوانو تازەپێگەیشـتو لەناوچـو و ئەوەندە ڕۆڵەی شیرین لەم سـەرزەمینەدا بـە تـۆپو فڕۆکـەو تفـەنگ، واتـە بـە بـەری شارسـتانیەتی و یـا بـەری زانسـتی فـەن کـوژرانو ئـەنجن ئـەنجن کـران، کـە نایەنـە ژمـاردن. ئەمـە جگـە لەوانـەی کـە نـران بـە نیشـانەوەو تیربـاران کـران و یـا کـران بـە دارا، لە فڕۆکە کەوتنـە خـوارەوە، لـە ئـاگرا سـوتان، یـا لـە ئـاوی زەریاکانـا خنکـان. ئەوانەش کە بە هۆی ئەم شەڕە ناخێرەوە لـە دەوری قـاتوقڕی، لـە برسـا، یـا لـە بـەر بـێ دەرمـانیو بـێ دەسـەڵاتی، بـە نەخۆشـی مـردن، بخرێتـە حسـابەوە، ژمـارەی فـەوتاوەکانو لەناوچـوەکان ئەکاتـە "٣٤" ملیـۆن[٢] ئینجـا بـەم جـۆرە ئـەم شـەڕە گەورەیـە دوای ئـەوە کـە مـاڵ نـەما شـینی تـێ نـەخات، دوای ئـەوە کـە شـارانی وەرگێڕا بە وێرانـە، شـاهانی کـرد بـە گـەدا، بـەڵێ دوای ئەمـە کـە دونیـای کـرد بـە دۆزەخێکی بێ بن، ماوەی پێنج ساڵ ئاگری ئـەم دۆزەخـەی بـە "ئێسـك"ی بنیـادەم خـۆش کـردوە، بـۆ دەهرێـك بـە بێخـی بەشـەرا چـوە خـوارەوەو لەسـەر زەمـین قەبرستانێکی بێسنوری هێنایە ناو و بەم چەشنە بەڵگەیـەکی گـەورەی دایـە دەس ئەوانـەی کـە لـە ڕاسـتیو سـەرەو خێـری شارسـتانیەتی چـەرخی بیسـتەم بـەگومان بون، بەڵی دوای هەمو ئەمانە، ئینجا سـوێندخۆرەکان لـە "وەرسـایل"وە لـە مێـژوی ١١ی تشـرینی دوەمـی ١٩١٨دا "شـەرتەکانی ئاشـتی"یـان ئیمـزا کـردو دونیـا هەناسەیەکی ڕەحەتی کێشا!..

---

[٢] بە پێی "ستاتستیك"ی "عصبە الامم"، لە شەڕی گەورەی یەکەمی گێتیدا ١٣ ملیۆن کەس بە شـەڕ و ١٨ ملیـۆنیش بـە هـۆی شـەڕەوە لـەناو چـون. هەنـدێ (ستاتسـتیك)ی تـریش ژمـارەی فەوتاوەکان ئەگەیەنێتە (٣٤) ملیۆن. (الهلال– ساڵی ١٩٣٤).

## ٢

## له دوای موتارەکه[٣] وەزعو هەواڵی دەوڵەتی عوسمانی

لەبەرئەوەی کە بەشێکی زۆربەی کوردو کوردستانو بە تایبەتی وڵاتی کوردی عێراق، تا شەڕی گەورەی یەکەم بڕایەوە، لە ژێر حوکمی دەوڵەتی "عوسمانی"دا بو، بە پێویستی ئەزانین کە لە لایەن وەزعی ئەم دەوڵەتەوە لە دوای "موتارەکە" کەمێك بدوێین: پاش بڕانەوەی شەڕ و ئیمزاکردنی شەرتەکانی ئاشتی لەگەڵ تورکەکان لە "مندروس" لە مێژوی ١٩١٨دا، سوێندخۆرەکان لەشکریان ناردە "ئەستەموڵ" و داگیریان کرد. ئینجا ئێوە هەواڵی ئەستەموڵو دانیشتوەکانی بخەنە بەرچاو. بیرێك لەسەر لەشکرو زابتانو گەورەکانی تورك بکەنەوە کە لە ئەستەمول بون، مەبعوسە خوێنگەرمەکانو لاوانی نیشتمانپەروەری تورك، بوێژە بەرزەکانو ئەدیبە ناودارەکانی ئەو ڕۆژە بێننە بەرچاو کە دەسی قەڵەمیان (پێنوس) شکابو. بیرێ لەو تورکانە بکەنەوە کە بە زەلیلی کەوتبونە ژێر چنگی لەشکری سوێندخۆرەکانەوەو لە "پایتەخت"و ناوچەی وڵاتی خۆیاندا ببون بە دیل. ئەو تورکانە کە دەوڵەتەکەیان وای بەتەما کردبون لەگەڵ "ئەڵمان"ەکان پێکەوە لە شەڕا سەرکەون، بە "سنجاقی شەریف" گرەو لە ئینگلیز ببەنەوەو هەمو موسڵمانەکانی دونیای لێ ڕاست بکەنەوە، بەڵام ئەوا پایتەختە خۆشەویستو شیرینەکەیان لە لایەن دوژمنەکانەوە داگیر کرابو، سەر نەویو لوت شکاو کەوتبونە ژێر حوکمی "قەرەقوش"ی لەشکری سوێندخۆرەکان و بە تایبەتی لەشکری ئینگلیز. ئەوانە کە عەسکەر بون بە زابتانو ئامرەکانەوە لە ترسی ڕسوابون بەرگیان گوڕیبو یا خۆیان شاردبۆوە.

---

[٣] وازلێهێنان، بڕینەوەی شەڕ.

سـوێندخۆرەکان بەرامبـەر بـە تـورك، بـە "حیکمـەت" نەجوڵانـەوە فیـزی سـەرکەوتن لـە شـەڕا پـەردەی بـە چـاوا هێنـابون. زیـاد لـە پێویسـت تورکـەکانیان تـەنگاو ئـەکردو تێگەیشـتوەکانیان ئێجگـار سـوكو بێقـەدر ئەهاتـە بەرچـاو. دەسدرێژی عەسکەرەکانی سوێندخۆرەکانو لادانیان لە شەرمو ئەدەب، وردەوردە تورکـە بێهێـزو مردوەکـانی زینـدو ئـەکردەوە. زابتـانو خوێنـدەوارە بـەرزەکانو مەبعوسە نیشتمانپەروەرەکان چارەیان نەماو لە یەکتری نزیك کەوتنەوە. بیریان لەم حاڵە کردەوە کە تیا بون. زانییان کە ئەم چەشنە ژیانـە لـە مردن چاتر نیە، لەبەرئەمە ئەوەندەی پـێ نەچـو خوێنگەرمـەکانو ولاتپەرسـتەکان بڕیاریـان دا کـە ببزونەوە. ئەیانزانی کە ئەنجامی ئەم بزوتنەوەیە سامناکە، بەڵام چەشنی ژیانی ئـەو ڕۆژەشـیان تـامێکی تیـا نـەمابو. زۆری تورکـەکان ئاواتـەخوازی مـردن بـون. کەوابێ لە مردن بۆچ بترسن؟ بە تایبەتی مردنێك کە لە ڕێی شەرەفو لە ڕێی ڕزگاری نیشتماندا بێ. ئەگەر هاتو نیشتمانەکەشیان بۆ ڕزگار نەکراو شەرەفی خۆیان بۆ نەکڕایەوە بە مردن ڕێی ڕزگاری لە دیلیو سوکی نەبەسرابو.

میللـەتی تـورك ئەوەنـدەی خـوێن تیـا مابو کـە هەسـت بـەم بێشـەرەفیە بکـا، لـە مێـژوی ڕابـوردوی ئیلـهام وەرگـرێ، بـۆ ژیـانێکی بەشـەرەف یـا لـە ڕێـی ئـازادی قەومەکەیا لە خۆبەختکردن دوا نەکەوێو بەو خوێنەی کە لە ڕەگەکانی عەسکەرە لاوەکانیا ماوەتەوە ئەم پەڵە پیسەی نوساوە بە ناوی تورکەوە، بیسڕێتەوەو پاکی بکاتەوە. ئیتر لەوەدا نـەمابو بیر لـە ئـەنجامی ئـەم بزوتنەوەیـە بکەنـەوە. نازانم چـە بزوتنەوەیـەکیش لـە دونیـادا ئـەنجامی لـە پێشـەوە زانـراوە؟ کـەی بـە "تـەگبیر"و ئـەقڵ، هـەمو کارێـك براوەتـە سـەر؟ کـام زانـای گـەورە هـەمو جارێـك دواڕۆژی بـۆ دەرکـەوتوە یـا بـە ئـەقڵو هۆشـی خـۆی لـە هـەمو کردەوەیـەکا سـەرکەوتوە؟ کـێ توانیویە ببێ بە دۆست کوننەدەی دواڕۆژی خۆی؟ ئایا بەشەر لەوانە بوایە کە بەبێ زیادو کەم فەرمانی ئایندەی، بەڵکو قەومانی دوای سانیەیەکی بزانێ، لـەو ڕۆژەوە دونیا دونیایە کەسێك چەوتی ڕوی لێ ئەدا یا شتێکی خراپـی ئەکرد؟ دیارە نـەء؟ کەوابو ئەو عیللەتو هۆیانە کە ئەیهێنینەوە، ئەو هەمو حسابە دورو درێژە کە

ئەیکـەین هـەر بـۆ ئەوەیـە کـە گونـاهی کردەوەکانمـان بخەینـەوە سـەر ئەسـتۆی خۆمان. هەروەکو ئەنجامی باشیەکانی هەندێ کردەوەمان ئەبەینەوە سەر ئەقڵ‌و تـەگبیری خۆمـان‌و شـانازی پێـوە ئەکـەین! ئـەگینا ئـەقڵ‌و تـەگبیر هەرچـەند بـۆ ڕێکخسـتنی "تـەیار"ەکـانی فیکـرو "ڕوپێـوەرگرتن"ی[٤] کردەوەکانمـان کـەڵکێکی گـەورەی هەیـەو ئەمـە جێـی ئینکـار نیـە" دیسـانەوە نـاتوانین بڵـێین کـە هـەمو کردەوەیـەکی دوای لێکدانـەوەو بـەکارهێنانی ئـەقڵ‌و تـەگبیر، ئـەنجامی باشـی لێ پەیدا ئەبێ. هەروەکو بە پێچەوانەی ئەمانە ناشتوانین بڵێین کە هەمو کردەوەیەکی کوتوپڕو بێ لێکدانەوەی دور درێژ، ئەنجامەکەی خراپەو هەمو "بزێوی"یەك‌و "سەرچڵی"یەك ناگاتە سەرو هەر ژێر ئەکەوێ.

ئینجا لەبەر ئەمەیە کە تورکەکان لە ئەستەموڵ، دوای ئەمە، چارەیان نەما‌و کردەوەی ناشیرین‌و ناڕەوای عەسکەرەکانی سوێندخۆرەکان زێفی لێ سەندن‌و غەدرو ناهەقی کاربەدەستەکانیان کاری کردە مێشك‌و جەرگیان. گەیشتبونە پلەیەکی زیندەگانی زەلیلی ئەوتۆی کە ئیتر بۆ ڕزگاربون لەوە پەنایان ئەبردە بەر مردن. کاتی لێکدانەوەی دورو درێژیان نەبو، جڵەوی تەگبیر لەدەس دەرچوبو. خۆیان دابو بە دەم لافاوی حادیساتەوە. شکی تیا نیە کە ئەوانەی بەم جۆرە ئەجوڵێنەوە، و بەبێ لێکدانەوەیەکی مەنتقی ئەبزونەوەو ئەکەونە هەنگاو هاویشتن، کە هات‌و بە هەڵکەوت سەرکەوتن‌و ڕێگەیان بڕی، لە هەنگامەی ئازادی‌و سەربەخۆییدا بۆ هەمو کردەوە شێتانەکانی خۆیان تەفسیرێك ئەدۆزنەوەو ئەنجامی باشی هەمو کردەوەیەکیان ئەدەنە پاڵ فەلسەفە یا مەنتقێك، ئینجا نوسەرو بوێژەکان، و مێژونوسە دوڕوەکان ئەکەونە ستایش‌و سەناخوانی سەرکەوتوەکان‌و باسی نیشتمانپەروەری ئەوانە، کە تا دوێنێ بو بەبێ ئەقڵی‌و سەرچڵی ناویان ئەبردن‌و گەلێجاریش بە بێمروەتانە دوژمنایەتی میللەتەکەیان یا خیانەت‌و ناپاکیان ئەدانە پاڵ.

---

[٤] ڕوپێ وەرگرتن: توجیە

دوای بڕانەوەی شەڕی گەورەو ژێرکەوتنی هێزەکانی تورك و داگیرکرانی بەشە ماوەکانی وڵاتی (عوسمانی) لە لایەن لەشکرانی سوێندخۆرەکانەوە، لە دوای موتارەکەو بڕانەوەی شەڕ" بزوتنەوەی تورکەکان و لە سەرەوە دەسبەخۆ ئامادەکردنیان بۆ شەڕێکی تر لەگەڵ هەمو سوێندخۆرەکان، بە تاقی تەنیاو بێ یارمەتی دۆستێکی تایبەتی و جێی باوەڕ، لەم جۆرە بزوتنەوە شێتانەیە کە لە سەرەوە باسمان کردو لەگەڵ ئەقڵ و مەنتیقا ڕێناکەوێت. بەڵام زەلیلی و کوێرەوەری میللەت، سوك و سەلیمی لەشکرە ژێرکەوتوەکەی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتبوە بیناقاقە. لەبەرئەمە پەنایان بردە بەر مردن. ئینجا فریشتەی تالع، هیوا بڕاوەکانی بەئامانج گەیاند. ئەوسایە بزوتنەوەکەیان لە دونیادا بو بە داستان..

* * *

٣

## مستەفا کەمال لە "ئەنادوڵ"

وتمان کە لە دوای موتارەکە، خەڵقی ئەستەموڵ زۆر لە تەنگاویدا بون. لەبەر ئەمە کە بڕیاریان دا بە بزوتنەوە لە بزوتنەوە بەولاوە چارەیەکیان نەمابو. ئنجا خوێندەوارە منەوەرەکان و نیشتمانپەروەرەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بۆ بزوتنەوەکەیان "ئەنادۆڵ" بکەن بە ناوچەو شۆڕش لەوێوە هەڵگیرسێنن. ئەم فیکرەش لە چەند سەرێکەوە بەجێ بو. چونکە ئەستەموڵ لە لایەن لەشکری سوێندخۆرەکانەوە داگیرکرابو، شۆڕشی تیا نەئەکرا. بونی عەسکەری چەند دەوڵەتێکی دوژمن لە ئەستەموڵدا، سەفیرەکانی حکومەتە بێگانەکان و گەلێ (ئەقەلیات)ی غەیرە تورك، زەلیلی و بێهیوایی ئەو تورکە بێ چەك و بێدەسەڵاتانە کە لە ئەستەموڵدا بون هەر یەکە بەرهەڵستێکی گرنگ بو لە ڕێی سەرگرتنی ئەم بزوتنەوەیەدا. لەم دەوری بێ هیوایی و لێکدانەوە بێ سودەدا پزیسکێکی ناکاو دڵی نیشتمانپەروەرەکانی ڕون کردەوە. حکومەتی ئەستەموڵ، یەکێك لە زابتە خوێنگەرمەکانی هێنایە پێشەوە کە لە ژێرەوە هاوپەیمانیان بو، بیری لە

ڕزگارکردنی قەومەکەی ئەکردەوە لەژێر چنگی سوێندخۆرە دوژمنەکانی تورك. ئەم زابتە خوێنگەرمە نیشتمانپەروەرە، "مستەفا کەمال" بو. حکومەتی ئەستەموڵ بە هەڵە چو و مستەفا کەماڵی کرد بە "موفەتیشی گشتی" لەشکرەکانی تورك لە ئەنادۆڵ.

بە پێی ئەم "وەزیفە"یە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هەمو لەشکرەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە (ئەنادۆڵ) کەوتبوە ئەستۆی "مستەفا کەمال"ەوە. لەبەرئەوە دیارە کە زۆر بە دڵ و بە گیان بەڵێنی دا بچێتە ئەنادۆڵ و لە ١٥ی مایسی ١٩١٩ ئەستەموڵی بەجێهێشت و چوە سەر ئیشی خۆی°. هەر کە گەیشتە ئەنادۆڵ زابتەکان و گەورەکانی لەشکری تاقی کردەوە. بە درێژەوە لەگەڵ سەردارەکانیان کەوتە قسەو باس مەرامی دڵی خۆی تێگەیاندن. هەمویان بە خوێنێکی گەرم و گیانێکی پاك و خاوێنەوە نیشتمانپەرستی خۆیان بۆ دەرخست. وا دیار بو کە لەمانە گەلێکیان ئاواتەخوازی بزوتنەوەن و بەرەو پیری مردن ئەچن و مستەفا کەمالیش بە دڵ باوەڕی پێکردن.

لەبەرئەمە پێش هەمو شتێك بۆ پێشدەمگرتن و ڕاوەستاندنی لەشکری یۆنان، لەگەڵ "نورەدین پاشا" ڕێکەوت. دوای ئەمە چوە "ئەرزروم". زابتەکانی چاوپێکەوت، گفتوگۆی ڕێکخستن و ژیاندنەوەی لەشکرەکانی خۆیانی لەگەڵ کردن و بڕیار درا کە سەرلەنوێ مەشقی عەسکەری بە لەشکرەکانیان بکەن. بەڵام حکومەتی ئەستەموڵ کە لەژێر چاودێری موراقەبەی سوێندخۆرەکاندا بو لەم کردەوانە کەوتە ترسەوەو دەسبەجێ "مستەفا کەمال" داوا کرایەوە بۆ ئەستەموڵ. ئنجا مستەفا کەمال دوای گفتوگۆو بەستنی پەیمان لەگەڵ سەرکردەو

° لە پێش دەرچونی "مستەفا کەمال" لە ئەستەموڵ بە نۆ ڕۆژ، واتە لە ٦ی مایسی ١٩١٩، وەنیزەلۆسی سیاسی بەناوبانگی یۆنان، لە دوای گەلێك کۆشش و تەقەلا، گەورەکانی حکومەتە سوێندخۆرەکانی "ویلسن و لوئید جورج و کلیمانسۆ" ئیقناع کرد، کە لە "موئتەمەری ئاشتی"دا لە پاریس بڕیاری داگیرکردنی ئەزمیر بدەن لە لایەن لەشکری یۆنانەوە. لەسەر ئەمە لەشکری یۆنان لە ڕۆژی دەرچونی مستەفا کەمال لە ئەستەموڵ ١٥ مایس ١٩١٩، چوە ئەزمیرەوەو داگیری کرد. (سیرة مصطفى کمال و تاریخ الحرکة الترکیة الوطنیة).

گەورەکانی لەشکر، بڕیاری دا کە نەچێتەوە ئەستەموڵو بەرامبەر بە حکومەتی "خەلیفە" یاخی بو.

پاش یاخیبونی "مستەفا کەمال"، دوابەدوا لە ئەرزی ڕۆم (ئەرزروم)و سیواس، دو جار کۆمەڵ بەسترا. لەم کۆمەڵانەدا گەلێك لە ئەندامەکانی "مەجلیس مەبعوسانی" ئەستەمولّیش حازر بون. ئەمانە بڕیاریان دا کە حکومەتی ئەستەموڵ بە حکومەتێکی شەرعی نەناسن و لەبەرئەوەی کە ئەم حکومەتە لەژێر نوزی سوێندخۆرە دوژمنو بێگانەکاندایە لە ڕاست فەرمایشەکانیا سەرپێچی بکەن. بۆ ئەمەش بە پێویست زانرا کە لە ئەنادۆڵ سەرلەنوێ دەست بکرێت بە کۆکردنەوەی مەجلیسێکی تازەو هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خەڵقی ئەنادۆڵ بۆ ئەم مەجلیسە تازەیە (حوزەیران ١٩١٩).

لەولای تریشەوە هەر لەم سەردەمەدا لە ئەستەمولّیش بزوتنەوەیەکی زۆر بە سام ڕوی دا و حکومەتی ئەستەموڵ بە تەواوی کەوتە ئەندێشەوە. ئەو ئەندامانەی "مەجلیسی مەبعوسان" کە لە ئەستەمولّدا بون، هەولّیان زۆر خراپ ئەهاتە بەرچاو. لە وەزع، گەلێك بەترسو بەشك بون. لەبەرئەمە ئەوانیش بە پێویستیان زانی کە بیرێك لە دواڕۆژ بکەنەوەو ئەنجامی ولاّتەکەیان بخەنە بەرچاو. لە ٢٠ی کانونی دوەمی ١٩٢٠ کۆبونەوەو لە دوای "موزاکەرە"یەکی دورو درێژ لەژێر ناوی (میساقی میللی تورك) بڕیارێکیان دا و مەجلیسیان بلاّو کردەوە. بە پێی بەندی یەکەمی ئەم میساقە مێژوییە دەولّەتی عوسمانی دەستی لە هەمو ئەو جێگانە هەڵگرت کە بەشی زۆری دانیشتوەکانی "عارەب"ن و چۆنیەتی ئیدارەو بەڕێوەبردنی ئەم ولاّتانەی بۆ عەرەبەکان خۆیان ئەهێشتەوە.

لە بەندی ٣هەمی ئەم "میساق"ەشدا باسی قاعیدەو ئوسولّی ئیدارەیەکیان ئەکرد کە قەومە کەمەکانی (ئەقەلیات) لە ولاّتی تورکا ئەمێنێتەوە پێی ئەبەن بەڕێوە، بە شەرتێك کە لە ولاّتە بێگانەکاندا لە لایەن دەولّەتە غەیرە موسلّمانەکانەوە، موسلّمانەکانیش بە پێی ئەم قاعیدەو ئوسولّە ئیدارە بکرێن.

بەڵام لەم میساقەدا کوردو کوردستان ناوی نەبو و کرابو بەژێر لێوەوە. وا دیارە تورکەکان لە لایەن دین‌و زمان‌و ڕەوشت‌و تەقالیدەوە کوردو تورکیان بە یەك دائەناو تەفاوتێکیان لە بەینی ئەم دو قەومەدا نەئەبینی. هەرچی وەکو "ئەرمەن"ەکانە، تورك تەنیا لە وڵاتەکانی "قارس"و "باتوم"و "ئەردهان"دا، دانیان بە بونیان دا ئەنا، سەرەڕای ئەمەش وەکو باوەڕیان نەبێ بەوە کە ئەرمەنەکانی ئەم وڵاتەش بیانەوێ لە تورك جیا ببنەوە" لە بەندی پێنجەمی میساقەکەیاندا بە شەرتیان دائەنا کە لە دواڕۆژا لە ئەرمەنەکانی خۆیان بپرسرێت، کە ئایا مەیلی جیابونەوەیان لە تورك هەیە یا نە؟

ئەم کارەی "مەجلیسی مەبعوسانی" ئەستەمول لە لایەکەوە، بە گەرمی ئیشکردنی "مستەفا کەمال" لە ئەنادۆڵ‌و بڵاوبونەوەی ناوی‌و ڕۆژبەڕۆژ زیادبونی هێزو دەسەڵاتی لە لایەکی ترەوە، بە تەواوی حکومەتی خەلیفەی ئەستەمولی بێهێزو بێنرخ کردو ئەهالی وردەوردە ڕویان لەم حکومەتە وەرگێڕا، کە لە ژێر دەستێکی سوك‌و سەلیمی هێزی سوێندخۆرەکاندا بو لە ئەستەمول. هەمو شتێك وای دەرئەخست کە جوڵانەوەی "مستەفا کەمال" ببێ بە هۆی ژیانەوەی میللەتی تورك‌و لە هەمو لایەکەوە دەست بکەن بە جوڵانەوەو سەربەرزکردنەوەو لایەنگیری "مستەفا کەمال".

ئەم حاڵ‌و ڕەوشتە هەروەکو حکومەتی ئەستەمولی خستبوە ئەندێشەوەو سەرەتای بێهێزی‌و بەرەو لەناوچونی بو. هێزی سوێندخۆرەکانیش لە تەنگاوکردنی حکومەتی خەلیفەو هاندانی بۆ سەر "مستەفا کەمال" دوا نەئەکەوتن. ئەیانویست کە ئەستەمول، دەسبەجێ لەشکر بنێرێتە سەر "مستەفا کەمال"و تا ئاژاوەی پەرەی نەسەندوەو نەکەوتۆتە هەمو لایەك، بەهەر جۆرێك بێ "مستەفا کەمال" تەمێ بکا یا لەناوی بدا.

خۆیشیان واتە حکومەتەکانی سوێندخۆرەکان لەژێر کوماندەی ژەنەراڵ "ملن"دا هێزێکی تریان ناردە ئەستەمول‌و بە تەواوی خستیانە ژێر حوکمی عەسکەری‌و نفوزیانەوە (١٦ی مارتی ١٩٢٠). دوای ئەمە حکومەتی

"مـەدەنی"شـیان خسـتە ژێـر دەسـیانو بـە بەرچـاوی "خەلیفـە"وە لـە گـەورە گەورەكانی عەسكەریو مەدەنی "٦٦" كەسیان گرتو زۆریان لەمانە بە دیلی ناردە "مالتە". ئەوانەی كە لە ئەندامانی كۆمەڵی "ئیتیحادو تەرەقی"ی حزبی حكومەتی پێشوی ئەستەمولْ بونو لە دوای "موتارەكە"ش لە ئەستەمولْ مابونەوە لە یەكەم داگیركرانی پێشودا بە دیلی ڕەوانەی "مالتە" كرابون. ئنجا كە كاروانی دوەمی توركە دیلەكان گەیشتە مالتە، لەگەڵ ئەوانەی پێشو یەكیان گرتەوەو مەینەتی دیلیو كەساسییان نایە لاوەو كەمێك گەشانەوە.

## وەزارەتی "فەرید پاشای زاوا"و مستەفا كەمال

دوای ئەمە كە "ژەنەراڵ ملن" بە خۆیو لەشكریەوە هاتە ئەستەمولەوە، مەجلیسی مەبعوسانی عوسمانی لە ١٩ی مارتی ١٩٣٠دا بە ڕەسمی كۆبونەوەو بڕیاریان دا كە لەبەرئەوەی دیارە ماوەی ئیشكردنیان بۆ نەماوەتەوە مەجلیس بە یەكجاری بڵاو بكەنەوە. لە ئەندامانی ئەم مەجلیسە ئەوانەی نەكەوتنە چنگ هێزی سوێندخۆرەكانو دەرباز بون، ڕایان كردە ئەنادۆڵو خۆیان گەیاندە "مستەفا كەمال".

بەمجۆرە خوێن گەرمەكانو نیشتمانپەرستەكانی تورك هیوایەكی گەورەیان پەیا كردو چونە بارێكی ترەوە. "مستەفا كەمال"یش بەمە هێزی كەوتە زیادیو خوێنێكی تازە لە ڕەگەكانی لەشیا هاتە گەڕ. لەم كاتەدا لەناو حكومەتی ئەستەمولیشا كردەوەیەكی نیشتمانپەروەرانە ڕوی دا. "عەلی ڕەزا پاشا"ی سەدر ئەعزەم[٦] بەرامبەر بە كردەوەی سەربەخۆو نابەجێی هێزی سوێندخۆرەكان خۆی پێ نەگیراو بە چەشنێكی ئازایانەو پیاوانە هاتە پێشەوەو داوای لە خەلیفە كرد كە لە ڕیئاسەتی حكومەت ئازادی بكا. "سوڵتان وحیدەدین"ی خەلیفەی ئەو ڕۆژە كە بە تەواوی ڕیشی دابوە دەس سوێندخۆرەكان، دەسبەجێ تكاكەی "عەلی ڕەزا پاشا"ی قبوڵو لە ڕیئاسەت عەفوی كرد، (٣٠ نیسان ١٩٢٠). لە جێی ئەو داوا لە "فەرید پاشا"ی داماد كرا بۆ دامەزراندنی وەزارەتی تازە.

---

[٦] تا دواییهاتنی دەوری سەڵتەنەت لە توركیا، ڕەئیس وزەرا پێی ئەوترا (سەدر ئەعزەم).

بەم ڕەنگە لەژێر سەرەکوەزیری "فەرید"دا حکومەتێکی بێ خوێنو دوژمنی نیشتمانپەروەرەکان هاتە ناو کە بۆ هەمو فرمانێکی "وحیدەدین" ئامادە بێو هەرگیز نەتوانێ لە ئاستی سفارشەکانی هێزی سوێندخۆرەکاندا سەرپێچی بکا.

یەکەم کردەوەی "فەرید پاشا" ئەوەبو، کە لەشکرێك ڕێك بخا بۆ سەر "مستەفا کەمال". بەڵام فەرید ئەیویست کە ئەم کردەوەیە، بە "ناڕەوا" نەدرێتە قەڵەمو نەبێتە هۆی پروپاگەندە دەربارەی حکومەت لە لایەن ئەوانەوە کە لایەنگیری "مستەفا کەمال" ئەکەن یا ڕقیان لە سوێندخۆرەکانەو حکومەتی ئەستەموڵ بە (دەسنێژ)ی ئەوان ئەژمێرن. لەبەرئەمە "فتوا"ی بە شێخلئیسلامی وەزارەتی خۆی[٧] دەرهێناو بڵاوی کردەوە، کە بە پێی ئەم فتوایە تەمێکردنو لەناوبردنی "مستەفا کەمال" بە واجب دانرابو (١١ی نیسان ١٩٢٠)، ئنجا لەشکرەکە ڕەوانە کرایە ئەنادۆڵ.

لەملای تریشەوە حکومەتی ئەستەموڵ لەژێر سەرەکی "مستەفا پاشا"ی کوردا "مستەفا یامولکی" مەجلیسی عەسکەری دانا و لە پاشەملە دەسکرا بە موحاکەمەی مستەفا کەمالو نیشتمانپەروەرەکان. لە دو لاوە، واتە بە هێزو بە یاسا (قانون)ێك کە لە ژێر تەئسیری سیاسەتا بو، دەست کرا بە شکاندنی مەعنەویاتی نیشتمانپەرستەکانو ترساندنی چاویان. هێزی لەشکری خەلیفە لە ئەنادۆڵو (قانونی) دیوانی عورفی لە ئەستەموڵ هەردوکیان کەوتبونە تەقەلای کوژاندنەوەی ئەم ئاگرەو هەر دو هێزەکە بە چەكو بە پارەی سوێندخۆرەکان هاتبوە ناو، کەوتنە وێزەی ئەوانە کە بە سوکی ڕام نەئەبون یا سەریان لەبەر ناحەقیو غەدری ناڕەسەنەکانی نیشتمانو هێزی داگیرکەری بێگانەدا نەئەچەمانەوە. بە تایبەتی ئەوانەی کەوتنە بەردەسی "دیوانی عورفی"، کەس بە جەستەیان نەبێ. هەندێکیان هەر بە تەواوی لەناوبرانو لە ٢٠ی مایس ١٩٢٠ هەر

---

[٧] شێخلئیسلامی ئەو ڕۆژە "دری زادە عەبدوڵڵا ئەفەندی" بو.

ئـەم دیوانـە لـە پاشـەملە حـوکمی خنکانـدنی "مسـتەفا کـەمال"و گـەلێك لـە ناودارەکانی تری تورکی دا[٨].

*　*　*

[٨] وەکو "فوئاد پاشا"ی لیواو "قەرە واصف بەگ"ی میر ئالآو "مستەفا فەوزی پاشای فەریق"و "دکتۆر عەدنان"و "حسێن فەوزی"ی وەزیری بەحریەی پێشو.. (سیرة مصطفی کمال و الحرکة الترکیة الوطنیة في الاناضول).

## ٤

لەم کاتەدا ئەستەمولّ لە ڕوی ئەم سیاسەتو کردەوانەوە سامێکی گەورەی لیّ نیشتبوو خەلّقەکەی ماتەمینی دایگرتبون، "پەیمانی سەڤەر– Sevre"یش لە لایەن سویّندخۆرەکانەوە بە سانی دەولّەتە داماوەکانو لە شەڕا ژێرکەوتوەکانی تر، بە "حکومەتی عوسمانی"یش ئیمزا کرا (١٠ی ئەغستۆس ١٩٢٠). ئەم پەیمانە کە بڕبڕەی پشتی تورکیای پیّ شکا، لە لایەن سەربەخۆیی ولاّتی کوردو ئازادی قەومی کوردەوە سیّ بەندی تیّ خرابو، کە ئەمەش لە ئەنجامی تەقەلای "شەریف پاشا"ی سیاسی کوردەوە پێکهاتبو. چونکە شەریف پاشا، هەرچەند بە هۆی تەقەلای ئینگلیزەکانەوە لە لای هێزی فەرەنسزەکان لە سوریە، مەزبەتەی "شێخ مەحمود"و کوردەکانی عێراقی پیّ نەگەیشتبو و نوێنەرەکانی "شێخ مەحمود" لە حەلّەب مابونەوەو ڕێیان نەدرابو کە بچنە پاریسەوە، دیسانەوە کوردەکانی تورکیاو کۆمەلّە سیاسیەکانی کوردی ئەستەمولّ توانیبویان بە ناوی خۆیانو هەمو کوردەوە "وەکالەتنامە" بۆ "شەریف پاشا" بنێرنو بیکەن بە نوێنەری خۆیان لەلای "موئتەمەری ئاشتی".

ئنجا "شەریف پاشا" دەربارەی "داوا"کانیو "حقوقی"ی قەومی کوردەوە، بە مێژوی ٢٢ی مارتی ١٩١٩و لە ژێر ناوی ( Memorandum Sur Les revendications du peuple Kurde)دا "موزەکەرە= یادداشت"ێکی بە فەرەنسزی پێشکەشی "موئتەمەر" کرد. جگە لەمە لەم ڕێیەدا هەولّو تەقەلایەکی باشی دا کە بو بە هۆی ئەوە سیّ بەندەکەی باسی سەربەخۆیی کوردو کوردستان بخرێتە پەیمانی "سەڤەر"ەوە[9].

---

[9] ئەو سیّ بەندە کە لە لایەن ئیستقلالی کوردستانەوە خرابوە پەیمانی Sevreەوە، بەندەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ی بەشی سێهەمی پەیمانەکە بو و ئەمە کوردیەکەیەتی:

بەندی– ٦٢

کومیسیۆنێك کە لە ئەستەموڵ، لە سێ ئەندامو لە لایەن دەوڵەتەکانی بەریتانیا، فرانسەو ئیتالیاوە دانرابێت، لە دوا مێژوی بەجێهێنانی ئەم پەیمانە بە شەش مانگ موختارێتیەکی ناوچەیی (Local) ئامادە ئەکا بۆ ئەو جێگایانەی کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی "فورات"و "جنوبی غەربی" سنورێك کە لە دواییدا ئەکێشرێت بۆ ئەرمەنستانو شیمالی سنورێك کە تورکیا لە سوریەو "میزۆپۆتامیا" جیا ئەکاتەوەو نەژادی کوردی تیا زاڵ بێ، بە پێی "تەعلیمات"ێك کە لە بەندی "2,3-11-21"دا دراوە. لە کاتێکا کە لە لایەن هەندێ "مەسائیل"ەوە لە "ئارا"دا پێکهاتن سەرنەگرێت، ئەندامەکانی کومیسیۆن هەر یەکە ئەبێ دەنگ لە حکومەتی خۆی بگێڕرێتەوە. ئەم جۆرە پێکهاتنە پێویستە ڕێ بدا بە دەرخستنی ئەوە کە نەژادە کەمەکانی (ئەقلیات) "قەومیو مەزهەبی وەکو نەستوریەکان" (Les Assyor- Gbaldeense)و ئەوانی تر کە لەم هەرێمەدا ئەژین بە تەواوی دڵنیا بن کە لەژێر باڵی ئەمینیو پارێزگاریدا ئەبن. بۆ ئەم مەبەستە کومیسیونێك لە ئەندامانی بەریتانیاو فەرەنسەو ئیتالیاو ئێرانو کورد ئەگەڕێت بۆ پشکنینو "بڕیاردان"ی ڕاستکردنەوە، کە ئەگەر پێویست بو بکرێت لەو سنورانەدا کە بە پێی ئەم پەیمانە بۆ تورکیا دانراوەو ئەنوسێت بە سنوری "ئێران"ەوە.

"بەند-٦٣"

حکومەتی عوسمانی لەم سەعاتەوە گفت ئەدا کە لە مێژوی ڕاسپێری پێوتن بە خۆی، تا سێ مانگ بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو بڕیارانە بدا کە لە لایەن ئەو کومیسیۆنەوە ڕائەسپێررێت کە لە بەندی ٦٢ی سەرەوەدا باس کرا.

"بەند-٦٤"

ئەگەر لە ماوەی ساڵێك دوای مێژوی دەسپێکران بە بەجێهێنانی ئەم پەیمانە، لەو هەرێمانەدا کە لە (بەند-٦٢) ناو براوە، قەومی کورد موراجەعەت بەو (کۆمەڵی ئەقوام- عصبة الامم) بکەنو تێیان بگەیەنن کە بەشی زۆری کوردە دانیشتوەکانی ئەم هەرێمە ئەیانەوێت لە تورکیا جیا ببنەوەو سەربەخۆ (موستەقل) بنو لە حاڵێکا کە کۆمەڵی ئەقوام لەم باوەڕەدا بێ کە کوردەکان هەڵدەگرن سەربەخۆییان بدرێتێو ڕاسپێری ئەمە بکا. تورکیا هەر لە ئێستەوە بەڵێن ئەدا بەم ڕاسپێریەو بە دانی ئیستقلال بە قەومی کوردو بە دەسهەڵگرتن لە هەمو حقوقو (تەقالید- عنعنات)ێکی کە بەسەر ئەم هەرێمانەوە هەیەتی. ئەم هاتنەخوارەوەیەی حکومەتی عوسمانی لە حقوقو تەقالیدی خۆی بە دورو درێژی، لە "موزاکەرات- گفتوگۆ"ێکی تایبەتیداو لە بەینی هێزی سوێندخۆرەکانو تورکیادا باس ئەکرێت. دوای ئەم هاتنەخوارەوەیەش (تنازل) کە باسکرا، هیچ جۆرە بەرهەڵستەیەك ناخرێتە پێشەوە بەرامبەر بە مەیلی کوردەکانی ولایەتی

٥

ئەمە هەنگاوی گەورە بو کە بەرەو ئیستقلالو سەربەخۆیی کوردستان هاوێژرا. بەڵام داخەکەم کورد لەم هەلە هیچی دەس نەکەوت. چونکە گێژەڵۆکەی سیاسەتی ئەو ڕۆژە هەروەکو گەڵێ دەوڵەتی لە بناغەوە هەڵکەندو ڕوخاندنی لە دارو پەردوی ئەو دەوڵەتانەش بناغەی هەندێ حکومەتی تازەی دامەزراند.

بەڵام لەناو گێژەڵوکەیەکی وا توندو ناکاوا، خۆڕاگرتنو لە دارو پەردوی بیناکانی ئەڕوخا ئازایانەو بە گورجی بناغەی حکومەتێکی تازە دامەزراندن کارێکی سوك نەبو. بەڵکو ئەم کارە گرنگو ڕەنجاویە پێویستی بە چاوکراوەییو گورجیو ڕاپەڕینێکی ئازایانە بو، پیاوی ڕاستو فامیدەو زرنگو سیاسی نیشتمانپەروەری پێئەویست. ئەوانەی خەواڵو بونو زو چاویان نەکردەوە، ئەوانەی بە گورجی نەهاتنە دەسو هۆشیان نەهاتەوە بە بەرداو لە دەوروپشتی خۆیان نەڕوانی" نەیانزانی کە لە ناو تەپوتۆزی ئەو گێژەڵوکەیەدا چی ڕوئەدا؟ یا چاكو خراپە لەوێدا بەدی بکەن. لەبەرئەمە پێیان نەکرا خۆیان لە شەڕو لە خراپە بپارێزن. کاتێ کە گێژەڵوکەش نەماو بەسەرچو، ئەوان چاویان کردەوە، ڕوانیان کە ناونیشانی چاکە نەماوە، هەرچی شتێك باشو بە کەڵك بێ لە ناو وشیارەکانو چاوکراوەکاندا بەش کراوە، بۆ خەواڵوەکانو کەمتەرخەمەکانیش لە زنجیری دیلی بەولاوە شتێك نەماوە، ئەم زنجیرەش دوای ئەوە کە بە سوکیو ئاسانی کرایە ئەستۆیان هەر لەقەفرتێیەکی کردیان، زیاتر بو بە هۆی توندیو "گرێکوێرە"ی کەوتنی زنجیرەکەی گەردنیان و گەیشتە پلە (ڕادە)یەکی وا کە ئیتر جێی باوەڕ نەبێ، لە ئەستۆیان بێتە دەرەوە. یەکێ لەو قەومە خەواڵوو کەمتەرخەمو چارەڕەشانە، داخەکەم قەومی کورد بو.

---

موسلێ لە لایەن خستنی بەشی کوردستانی موسلێ بۆ سەر کوردستانی تورکیاو ئەو حکومەتی کوردە کە لێی دروست ئەکرێت..

*　　*　*

## ٦

"مســتەفا كــەمال"و نیشــتمانپەروەرەكانی تــورك بــە موعاهــەدەی ســەڤەر نەشـڵەژان و لـە هـاتنی لەشـكری خەلیفـەش نەسـڵەمینەوە. دامەزرانـدنی دیـوانی عـورفیو دارو فەلاقەكەشـی چـاوی لاوە خوێنگەرمـەكانی ئەسـتەمولّی نەشـكاندو نەیبەزاندن. ئەو هێزەش كە فەریـد پاشا ناردبویـە سـەر ئـەنادۆڵو لـەژێر سـەرەكی "ئەحمەد ئەنزاور پاشا"ی چەركەسدا بو، لە لایەن هێزەكانی "مستەفا كەمال"ەوە خراپ شكاو تەفرو تونا كرا. "فەرید پاشا"ش بە شكانی ئەم هێزە لـە كـەشوفش كـەوتو خـەڵقی ئـەنادۆڵی بـۆ هەڵنەگێڕرایـەوە. لەبەرئەمـە لـەلای سـوێندخۆرەكان نرخێكی نەماو لەچاو كـەوت. ئنجا هێزەكـانی ئیحتلال كەوتنـە سـەر سـەودایەكی تــر. بیریــان لــە بــەكارهێنانی سیاســەتێكی تــازە كــردەوە. "فەریــد پاشــا" دور خرایـەوەو لـە ژێـر سـەرەك وەزیـری "صـدارت" (تۆفیـق پاشـا)دا وەزارەتێكـی تـر دانـرا. ئەندامـەكانی ئـەم وەزارەتـە لـە پیـاوە نـاودارە هـێمنو لەسـەرخۆكانی ئـەو دەورە بون. لەم ڕوەوە لە هەردولا (ئەستەمولّو مستەفا كەمال) بـۆ ماوەیـەكی كـەم هیوای ڕێكەوتنو ئاشتی پەیا بو..

لێـرەدا "مسـتەفا كـەمال" لـە ئەنادۆڵـدا لەگـەڵ زیندوكردنـەوەو ڕێكخسـتنی هێزەكانی تورك بەجێ بێڵینو بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی كوردو كوردستان..

* * *

## ٧

پــەیمانی یــەكێتی لــە بــەینی ئەمارەتــەكانی كــوردو "ســوڵتان ســەلیم"ی عوسمانیو ئەنجامی ئەم یەكێتیە:

لە دوای ئەمە کە ئەمارەتەکانی کورد بە هۆی تەقەلا و کۆششێکی زۆری زانای کورد "ئیدریسی بەتلیسی"یەوە چونە ژێر فرمانی "سوڵتان سەلیم"ی یەکەم[١٠] و دوای ئەوە کە بە پێی "موعاهەدە"یەك کە بە تەگبیری "ئیدریسی بەتلیسی" لە بەینی "یاوز"و ئەمیرەکانی کوردا کرابو، بەڵێ لە دوای ئەمە کە کوردستان تەنیا لە سیاسەتی دەرەوەدا یەکیەتی لەگەڵ تورکدا قبوڵ کردبوو بە دەوڵەتی عوسمانیەوە نوسابو، هەمو ئەمیرەکانی کورد بە خۆیان و لەشکرەکانیانەوە لایەنی سوڵتان سەلیمیان گرت و لەگەڵ "ئیسماعیل سەفەوی" شای ئێران کەوتنە شەڕەوە. ئەمە بو بە هۆی سەرکەوتنی سەلیم لە شەڕی مەشهوری "چاڵدێران"و شکانی لەشکرەکانی "شا ئیسماعیل سەفەوی" بە جۆرێکی وا کە داستانی ئەم شەڕە گرنگ و سامناکە کە لە لاپەڕەکانی مێژوی عوسمانیدا جێیەکی تایبەت داگیر ئەکا و میللەتی تورك تا ئیمڕۆ شانازی پێوە ئەکەن.

لەو ڕۆژەوە، ئەو کوردانەی کە لە کارەساتە گرنگەکانی گێتیدا خاوەنی گەلێ تەجرەبەو "بیرەوەری"ن و توشی هەمو جۆرە تەنگ و چەڵەمەیەك هاتون و بارەها قۆرتی گەورەگەورەیان هاتوەتە ڕێ، خوێنیان ڕژاوە و خوێنیان ڕژاندوە، دەس لەناو دەسی برا تورکەکانیاندا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە ڕێی شان و شەرەفی "دەوڵەتی عوسمانی" لە خۆبەختکردن دوا نەکەوتون و سەری مویەك لاری و سەرپێچییان لێ دەرنەکەوت. بە ماڵ و بە چەك و بە خوێن یارمەتی تورکیان دا. هیچ گومانی تیا نیە کە لەو قەبرانەی کوژراوەکانی لەشکری عوسمانیدا کە لە ئەفریقا و عەرەبستان، یا لە ئەوروپا لە بەردەمی "بورج"و "بارو"ەکانی "ڤیانە"دا ناوبەناو بەرچاو ئەکەوێت، ئێسکی گەلێ لاوی کوردیش بوە بە ژێر خاکەوە. بەڵام تورکەکان ئەوەیان لەبیر چۆوە، کە قەومی کورد بەرلەوەی لەگەڵ تورکدا یەك بگرێتەوە تامی سەربەخۆیی و ئازادیی چەشتبو، بە خۆشی و سەربەستی ژیابو، نەیئەزانی کە "دیل"ی چیە؟ جگە لەمەش خاوێنی و دڵپاکی گەورەو

---

[١٠] لە سوڵتانەکانی عوسمانیەو کوڕی سوڵتان بایەزیدی دوەمە، پادشایەکی بە زەبرو زەنگ و خوێنڕێژ بو، لەبەر ئەمە بە "یاوز سوڵتان سەلیم" ناوی دەرکردبو.

تێگەیشتوانی کورد نەئەبوە هۆی ڕەزامەندی تورك و باوەڕکردنیان بە کورد. بەڵکو هەتا ئەمیرەکان زیاتر لە پێناوی ئەواندا خۆیان بەخت کرد و خوێنیان بۆ ڕشتن زیاتر لە چاویاندا سوك بون و زۆرتر بون بە ژێردەست و کەوتنە تەنگانەوە. لە جیاتی ئەمە کە بە چاوێکی ستایش بنوارنە ئەم ئەمیرانەو قەدریان بگرن، نرخێك بدەن بە برایەتیان" ڕێی پێگەیشتنیان لێ نەگرن و ماوەی بوژانەوەو پێشکەوتنی تەواویان بدەنێ. بەڵێ لە جیاتی ئەمانە کەوتنە دەستێوەردانی ئیدارەی ناوەکی ئەمارەتەکانیان و خەریکی ئەوە بون کە ناکۆکی بخەنە ناویانەوەو بیانکەن بە گژ یەکدا.

بۆ ئەم مەبەستەیان بە هەمو جۆرێك تێکۆشان، لە هیچ شتێك پارێزیان نەکرد. بە شورەییان نەزانی کە برا لە برا بەربدەن و کوڕ لە باوکی هەڵگێڕنەوە. لەناوبردنی ئەمارەتەکانی کورد، مەبەستی بەرو دوایان بو. لەبەرئەوە لەسەر سیاسەتی "ماکیاڤیلی" ڕۆیشتن و نرخیان نەدا بە هیچ دەستورێکی تر. ئەم سیاسەتە لە بنچینەدا لە زەمانی سوڵتان سلێمانی کوڕی "یاوز"ەوە دەسی پێکرد کە پێیان ئەوت "قانونی". ئەو سوڵتانە کە قەومی تورك خۆیانی پێوە هەڵئەکێشن و لە ڕیزی پادشا گەورەکاندا ئەیژمێرن، یەکێك بو لەوانە کە لە خوێنرژاندن چەشکەی وەرئەگرت. هەروەکو بە هاندانی ژنە بێگانەکەی و بە بیانوی ئەوە کە چاوی لە جێی باوکیەتی، کوڕی گەورەو خۆشەویستی خۆی و وەلی عەهدی سەڵتەنەتی عوسمانی بە بەرچاوی خۆیەوە بە "جەلاد"ەکان بە خنکاندن دا[١١]، هەر ڕۆژە بە جۆرێك فیتنەی ئەخستە ناو ئەمیرەکانی کوردەوە. لە ئەنجامی هەڵگیرساندنی هەمو فیتنەیەکدا ئەبو بە لایەنگیری ئەو ئەمیرە کە بێهێزو کەمدەسەڵات ئەهاتە بەرچاوی و بەمجۆرە یەکلەدوای یەك ئەمیرە گەورەو بەهێزەکانی ئەشکاندو ئەفەوتاندو ئەچوە خوێنی ناحەقی کوردە بێگوناهەکانەوە. کوردەکان بەمە تەمێخواردو نەئەبون و هۆشیان نەئەهاتەوە بە

---

[١١] قادینلر سلطنتی (ئەحمەد ڕەفیق).

بەردا. لەبەرئەمە سوڵتانەکانی دوای (قانون)یش توانیان لەسەر ئەم سیاسەتە بڕۆن و یەکەیەکە ئەمارەتەکانی کورد لەناو بدەن.

بە تایبەتی سوڵتان مەحمودی دوەم لەم سیاسەتەدا بە تەواوی شوڵی لێ هەڵکێشا و بە ئاشکرا کەوتە سەر بیری لەناوبردنی کوردەکانەوە، لەبەرئەمە لە دولاوە "بۆتان و ڕەواندز" لە ١٨٧٠ی میلاد هەڵسانە سەرپێ. بەڵام لە ئەنجامی ئەم دو شۆڕشە گەورەیەدا هەر لە ڕوی هەندێ ناپاکی ناوخۆی کوردەکانەوە ئەم دو ئەمارەتە گەورەو بەهێزەش بە تەواوی لەناو دران و لە ساڵی ١٨٤٧دا ئیتر هیچ ئەمارەتێکی کورد لە ناوا نەمابوو هەمو وڵاتی کوردستان ڕاستەوڕاست کەوتبوە ژێر حوکمی تورکەوە[١٢].

* * *

## ٨

لە دوای مێژوی باسکراو (١٨٤٧) تورکەکان دیسانەوە دەسیان هەڵنەگرتبوو بەبێ ئۆقرە بۆ لەناودانی عەقیدەو ئایین و زمان و تەقالیدو ڕەوشت و خوی چاکی کورد تێکۆشان و خەریکی فەوتاندنی بون. بەڵام ئەم سیاسەتە لە دواییداو لە هەنگامی پەیابونی "حزبی ئیتیحادو تەرەقی" ڕەنگێکی ئاشکراتری وەرگرت. چونکە ئەم حزبە سیاسەتی "تورانی" بۆ خۆی کردبو بە "ئاین"و بە پێی ئەم "بەرنامج"ە لە وڵاتی عوسمانیدا غەیرەتورکی بە خاوەنحەق نەئەناسی.

لەگەڵ ئەمەشدا کە هاتنە سەر حوکم لە پێشەوە خۆیان لە کوردەکان نزیک خستەوەو دورخراوەکانی زەمانی "عەبدولحەمید"یان گێڕایەوە تورکیاو ڕێیان دا کە لە ئەستەمول کۆمەڵێکی کوردی دابمەزرێنن. بەڵام -وەکو لە جێی خۆیدا باسی ئەکەین- ئەمە تا ماوەیەکی کەم دەوامی کردو دوای ئەوە کەوتنەوە سەودای پاکردنەوەی وڵات لەوانە کە لە نەژادی تورک نەبون. بە بیری خۆیان ئەیانویست دەوڵەتێکی تازە لە نەژادی خاوێنی تورک دروست بکەنەوەو وشەی

---

[١٢] القضية الكردية (دكتور بلەچ شيركۆ).

عوسمانی بەسەر زمانەوە نەیەڵن. ئنجا دوژمنایەتی بەینی کوردو تورك کە لە ڕوی سیاسەتی سوڵتانەکانی عوسمانیو لە دەوری "سلێمانی قانونی"یەوە دەس پێ ئەکا، لە ١٩٠٨ واتە لە دوای گەیشتنی کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی بە ناوچەی حوکمو هاتنی ئەندامە لاسارەکانی ئەم کۆمەڵە بۆ سەر کار، بە تەواوی کەوتە ڕوو سیاسەتی "تورانێتی" هەروەکو بو بە هۆی ناسازیو ناکۆکی بەینی تورکو هەمو قەومە غەیرەتورکەکانی تر، لە ئەنجامدا بو بە هۆی بێهێزیو لاوازی دەوڵەتی عوسمانی و تەفروتونابونو لەناوچونی گەورەو سەرکردەکانی کۆمەڵەکەش.

*    *    *

## ٩

## کوردستانی جنوب لە دوارۆژەکانی شەڕی گێتیی یەکەمدا

حکومەتی ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٤ واتە لە سەرەتای شەڕی گەورەدا لە جنوبی عێراقەوە دەستی کرد بە پەلاماردان بۆ سەر سنوری عێراقو لە ١٩١٥دا "بەسرە"و دوای ئەمە لە ١٩١٧دا ولایەتی "بەغدا"ی داگیر کرد. لە دوایەمین ساڵی ئەم شەڕەدا ئیتر پێی نابوە ولایەتی "موسڵ"ەوە. لەم دەورەدا لە ڕوی خراپەو زوڵمو کردەوەی ناڕەوای کاربەدەستەکانی حکومەتی عوسمانی و ناڕاستیو ناپاکی بەشی زۆربەی مەئمورەکانی عەسکەریو مەدەنیەوە خەڵق بە جارێ ڕویان لە حکومەت وەرگێڕابو. جگە لەمەش بە ناوی (ئیعاشە)ی لەشکرەوە هەرچی خواردەمەنیو ئازوقەی فەقیرو هەژار هەبو –بە تایبەتی هی دێهاتیو لادێییە بەسەزمانەکان بە بێ دواییهاتن و هەر ڕۆژە بە ناوێکەوە، واتە جارێ بە ناوی "موبایەعە"و گاهێك بە ناوی "ئیعانە"وە زەوتو تالاّن ئەکرا. بەشی زۆری ئەمانە ئەدزراو لەناو کاربەدەستو گەورە بێمروەتو ناپاکەکاندا بەش ئەکراو بەشێکی زۆر کەمی ئەگەیشتە عەمارەکانی میری کە ئەدرا بە عەسکەرەکانی لەشکر یا بە ژنو ماڵو منداڵی مەئمورەکانو ئەو زابتانە، کە خۆیان لە سنورەکاندا سنگیان ئەنا بە گوللەوە. دیارە ئەمەش کەڵکێکی ئەوتۆی نەئەگرتو

چە ئەهالیو چە عەسکەرەکانی لەشکر ڕۆژبەڕۆژ ئەکەوتنە حاڵێکی خراپترەوەو برسیترو ڕوتو قوتتر ئەبونو ئینسانی زۆر دڵڕەقیش بەزەیی پێیاندا ئەهاتەوە.

قینی تەبیعەتیش بو بە سەربار" لەم ساڵەدا کە بە هۆی شەڕەوە چاندنی تۆوی دەغلڵو دانو کاروباری فەلاحەتو جوتیاری بە دەس پڕوپیرێژنو پیرەمێردە بێهێزەکانەوە مابو، بارانیش چوە بەست و هەروەکو خەڵقەکە بە چاوپێکەوتنی یەك لەسەر یەکی دەردو بەڵا ڕاهاتبونو دڵیان ڕەق ببو، دڵی ڕەقی تەبیعەتیش نەئەهاتە جۆش و هیچ نەبێ بۆ ڕزگارکردنی هەژارە بێتاوانەکان لە برسێتیو نەخۆشی، فرمێسکێکی نەئەڕژاند. بە ڕادەیەك کەوا ئەهات بە بیرا ئەم کەونە دڵۆپە ئاوێکی تیا نەبێ.

بەم ڕەنگە بێڕەحمیو بەزەیی پیانەهاتنەوەی تەبیعەت بە فەقیرو هەژارا لە لایەكو ناپاکیو زەبروزەنگی کاربەدەستە خوانەناسەکان لە لایەکی ترەوە بون بە هۆی قاتو قڕییەکی بێ دادو ماڵ وێرانکەر. بە جۆرێك کە هۆقەیەك ئاردی تێکەڵو پڕ لە خاكوخۆڵ چوە "لیرە"یەك. بە قەدرایی چەند کانگێك بێجگە لە ئەوانەی کە دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار بون یا لە حکومەت مەواجبو ئازوقەیان وەرئەگرت ئەودوای ئەهالی کەوتنە سەغڵەتیو تەنگانەیەکی واوە کە ئیتر مەپرسە. بۆ خواردن، ئاردە برنج، مێژوی ڕەش، "تو"ی وشك تەواو بوو دەست نەئەکەوت.

ئینجا کەوتنە ئاردی بەڕو خواردن. "پەمودانە"ش، بو بە خواردنی دەوری هەرە نەگبەتیو لێقەوماوی فەقیرو هەژاری لیوای سلێمانی. دیارە کە ئەم حاڵە بو بە هۆی داهاتنی گەلێ جۆر نەخۆشی. لە کاتێکا کە خواردەمەنی بەڵکو هەتا نانی وشكو پاقلەی کوڵاویش ببو بە دەرمانو تەنیا خواپێداوەکان —ئەویش بە دەگمەن— دەسیان ئەکەوت، دەرمان، دەسیش بکەوتایە لەوانە نەبو بێتەوە بە بیرا یا چواری وا هەبوبێ کە بتوانی بیکرێت.

لەبەرئەمە هەمو نەخۆشیەك نامزەدی مردن بو. خۆزگە زوش ئەمردن و پێشئەوەی کە بن بە مەینەتی دونیا، لەبەر چاو پاك ئەبونەوە. بەڵام ئەم نەخۆشانە کە بەشی زۆربەیان هیچ دەردێکیان نەبو" لە ڕوی خواردنی خراپو

نەرمەی تۆپیوی هەندێ باڵندەو مریشكو كەڵەشێرەوە یا لەبەر خواردنی ئاردە بەڕو، یان توی وشكو پەمودانەوە، پێش مردنیان بە ماوەیەكی تەواو ڕەشو وشك ئەبونەوە، ئنجا دەموچاوو دەستو پێیان ئەئاوسا، و قژی سەرو ڕیشو سمێڵی چڵكنو ئاڵۆزاوی بە یەكاچویان بە ڕوی ئاوساوو چاوی بەقوڵاچویانا ئەهاتە خوارەوە. نەك نێرینە بەڵكو ژنە كەساسەكانو كچە جوانكیلەكانیش كە ڕوتو قوت مابونەوە، لەشیان بۆ دانەئەپۆشراو بە تەنگ شەرمەوە نەمابون. ئنجا سەرەتای زستان دەركەوت بەڵام زستانێكی سەختو بە پێچەوانەی فەسڵی دەغڵو دان زستانێكی ئێجگار ساردو سۆڵەو بە باران. ئیتر ئەوانەی كە خوا پارویەك نانیشی دابونێو بە كولەمەرگی سكیان تێرئەكرد، لەبەر هاوارو نوزەی بێهێزو دەنگی پاڕانەوەی ژنو منداڵو پیرەمێردە نەخۆشەكانی دەستو پێ ئاوساو، كە لەژێر بارانو ڕەشەباو سەرمای زەمهەریری شەوانی زستانا لە كۆڵانەكانەوە ئەهاتە بەرگوێ، ئارامی لێ ئەبڕاو بەبێ دەسەڵات دەسی ئەكرد بە گریان.

بەمەش هەر شوكور، بەڵام ڕۆژ نەبو كە شارێكی وەكو سلێمانی، لە برسا یا لەبەر نەخۆشی كە ئەویش هەر لە ڕوی برسیەتیەوە بو لە دە كەس كەمتری لێ بمرێت. ئەم ژمارەیە بەلای كەمیەوەیە، ئەگینا گەلێ ڕۆژی وا هەبو كە زیاتریشی لێ بمرێت. ئیتر شاردنەوەی "نەرمە"ی مردوەكان لە تەوانای بەلەدیەدا نەما. بە تایبەتی دوای ئەوەی كە لەبەر زۆری تێپەڕبونی نەرمەی[١٣] مردو بە كۆڵانەكاندا زراو زەندەقی زیندوەكان چو، ئنجا كاتی بەلادا نەچونو نەشاردنەوەی نەرمەی مردوەكان دەسی پێكرد. ئیتر پیاوم ئەویست كە ڕوبكاتە مزگەوتە ڕوخاوێك، بە چەپەرو لاكۆڵانێكدا تێپەڕێت، یا سەر بكا بە كەلاوەیەكاو چاو بە ژورێكی چۆڵو تاریكو بۆگەنا بگێڕێت. بێگومان لە هەمو هەنگاوێكدا نەرمەیەكی ڕوتو قوتو ئاوساو و شینهەڵگەڕاوی بەرچاو ئەكەوت كە بنیادەمی ئەترساندو ئەیسڵەماندەوە. چاونوقاندنو ڕاكردن لەم دیمەنە خەفەتپژێنەرانە كەڵكی

---

[١٣] نەرمە= لاشە= جەنازە.

نەئەگرت، بە خۆشاردنەوەو دورکەوتنەوە ڕزگاری لەم وێنە پڕ لە عیبرەتانە، کە کزەی لە جەرگ ئەهێناو دڵی هەڵئەقرچاند، چنگ نەئەکەوت.

ڕەوشتو خوی بەرز نەوی ببو، دڵسۆزیو داوێنپاکی لە بەشی زۆری خەڵق هەڵگیرابو. بە کورتی سروشتی پاك لە قاموسی بەشەرا نەمابو و سڕابۆوە. داوێنپیسیو کەمتەرخەمی لە ناموسدا، گەیشتبوە ڕادەیەکی وا قەت نەیبینی. هەر لەم دەورەدا لە ئێرانیشەوە پۆل پۆل خەڵق بە سواڵکردنو هەڵاتویی خۆیان ئەگەیاندە سلێمانیو لەمانە بەشێکیان بە فرۆشتنی لەشیان ئەچون بەڕێوەو تا ماوەیەکی تریش بە کولەمەرگی ژیان.

لە خەڵقی شارەکەش ئەوانەی کە دەوڵەمەند نەبون یا هۆی ژیانیان بە دەسەوە نەبو، یا لەوانە نەبون کە بێنە بازاڕی بێشەرمیو کاسبی بە لەشیانەوە بکەن، وردەوردە بە وێنەیەکی وا جگەربڕ توانەوەو بە ناخی عەرزا چونە خوارەوە کە هەرگیزاو هەرگیز لەبیر نەچێتەوە.

* * *

١٠

## نەتەوەی شێخ مەحمودو چەشنی ژیانی

شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی حەفیدی خوالێخۆشبو "کاك ئەحمەدی شێخ"ە. مێژوی ئەم خانەوادەیە بە تایبەتی لە دەوری حکومەتی "بابە"و نزیکەی ١٥٠ساڵ لەمەوبەربەرەوە دەست پێئەکات. کاك ئەحمەدی شێخ }ع{ کوڕی "شێخ مارفی نودێ"یە.

ئەم زاتە مورشیدو گەورەی تەریقەی قادری بو و بە خواناسیو خواپەرستیو پیاوچاکی ناوی دەرکردبو. لەبەرئەوە ئەهالی وڵاتی کوردستان بە چاوێکی حورمەتو پەرستشەوە تەماشایان ئەکردو زۆریان خۆش ئەویست. بە ڕادەیەك کە گەلێکیانو بە تایبەتی خەڵقی دێهاتو عەشیرەتەکان "کەشفو کەرامەت"ی ئەگێڕنەوەو سوێند بەسەری ئەخۆن. مەرقەدی "کاك ئەحمەد" کە لە شاری

سلێمانیەوە بوە بە زیارەتگای زۆربەی ئەهالی. لەبەر ئەمە نەتەوەی کاک ئەحمەد }ع{ لە مەقامی دینی باپیرە گەورەیان بەهرەیەکی گەورەیان وەرگرتوەو لە ڕیزی نەتەوە پیرۆزەکانا ئەژمێررێن. لەبەرئەمە لە کوردستاندا ناوو شۆرەتێکی گەورەو تەواویان پەیا کردوە..و ئەم خۆشەویستیو پەرستشە لە کاک ئەحمەدی شێخەوە بۆ کوڕو کوڕەزاکانی بە تایبەتی بۆ شێخ مستەفای نەقیبو شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود مابۆوە. بلیمەتی شێخ مەحمود هەر لە منداڵیەوە دەرکەوتبوو ناوبانگی بەناو دێهاتو عەشیرەتەکانی کوردا بڵاو ببۆوە. لەبەرئەوە کە لە بنچینەوە بە بزێویو گورجیو ئازایی هاتبوە پێشەوە لە ناوو شۆرەتی باپیریو نفوزی دینی خانەوادەکەی گەڵێ سودمەند ببو و گەیشتبوە پلەیەکی بەرزی سەرکردەیی. ئیتر بەرەبەرە هاتە ناوەوە، تا لە دونیای سیاسەتیشدا کەمو زۆر ناسراو ناوی هاتە سەر زمان. هێشتا لاوێکی تازە پێگەیشتو بو کە جارێك چو بە گژ عەشیرەتی گەورەی (جاف)و جارێکیش بە گژ عەشیرەتی هەرە دڕو ئازای"هەمەوەند"دا.

بە کورتی چە لە ڕوی ئازاییو لەشکرگێڕیو چە بە هۆی نفوزی دینی باو و باپیریەوە نفوزی دینیو دنیایی "شێخ مەحمود" تا ئەهات لە پەرەسەندنداو ئەستێرەی بەختی ڕۆژبەڕۆژ لە بڵندیو بەرزبونەوەدا بو.

جگە لەمەش "سوڵتان عەبدولحەمید"ی دوەمی عوسمانی بە پێی ڕەوشتو سیاسەتێك کە کردبوی بە پیشەو لە سەری ئەڕۆیشت "شێخ سەعید"ی حەفیدی کاك ئەحمەدی داواکردبوە ئەستەموڵ، شێخ سەعید جگە لە هەندێ خزمو کەسوکارو دەستەو دائیرە "شێخ مەحمود"ی کوڕیشی لەگەڵ خۆی بردبو. بەم چەشنە "شێخ مەحمود" لە دەوری مناڵیدا بەینێکیش میوانی پادشای عوسمانی ببو،و لە کۆشكو "سەرای سەڵتەنەت" یا چاوی بەسەر ژیانێکی بەرزی ئەرستۆکراتیو پڕ لە دەبدەبەدا هەڵێنابو.

"سوڵتان عەبدولحەمید" هەروەکو لە دورەوەو بە ناوو شۆرەتیا کاك ئەحمەدی خۆش ویستبو، وا دیارە کە بە چونی "شێخ سەعیدی حەفید" بۆ ئەستەموڵ

ئەوەنـدەی تـر کـەوتبوە سـەر بـیری نزیکخسـتنەوەی ئـەم خانەوادەیـە لـە خـۆی. لەبەرئەمـە پـێش گەڕانـەوەیان بـۆ سلێمانی هـەر یەکـە لـە دەسـتەو دائیرەی "شێخ سەعید"ی بە موچەو بەرات گەیاندبو. جگە لەمـەش شـفرەی موخابـەراتی "سـری" دابو بـە "شـێخ سـەعید" کـە لـە کاتی تەنگانـەو پێویسـتدا بتوانێت بـە تەلـەگراف موخابەرەی لەگەڵ بکا. ئەمـە گـەورەترین نەوازشـێك بـو کـە سـوڵتانێکی عوسمانی وەکـو "عەبدولحەمیـد" لەگـەڵ ڕەعیـەتێکی خـۆی کردبـوی. هـەروەکو بەڵگەیـەکی گەورە بو بۆ جێمەقامی بەرزی حەفیدی کاك ئەحمەد لە لای پادشا. لەبەرئەمـە ئـەو موتەسەریفو سەرەك لەشکرانە کە لە سلێمانی بون یا بۆی ئـەنێرران بێگومـان لـە قارو غـەزەبی شێخ سـەعید خۆیـان ئەپاراستو ئەکەوتنـە ژێـر نفوزیـەوە. هەنـدێك لەمانە ئەگەیشتنە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە بێ پرسو ڕای حەفید پەنجە نەکەن بە ئاوا.

ئنجـا شـکی تیـا نیـە کـە تـاقمی مـەئمورە بچـوکەکان ئـەبون بـە بازیچـەیەکی شێخانو بەشـی ڕەشـۆکی ئەهالی بۆ قازانجو مـەرامی کـاری خۆیـان بـەبێ موچـەو بەرات ئەچونە ڕیـزی نۆکەرو خزمەتکارانـەوە. بـەڵام دەسـتەی "توجـار"و ئاغاکـان دوژمنی ئەم خانەوادەیە بونو لە ژێرەوە "شیر"یان لێ ئەسون.

چرای بەختی کێ تا سەر بە گەشی ماوەتەوە؟ جێو مەقامی بـەرز هـەروەکو بـۆ عەبدولحەمید تاسەر نـەبو، بـەختی ئـەم خانەوادەیـەش کەوتـە کـزی. لـە تورکیـا کـە شۆڕشی ١٩٠٨ ڕوی داو لەشکری "مەحمود شەوکەت پاشا[١٤]" لـە "سـەلانیك"ەوە هاتە سەر سوڵتان عەبدولحەمیدو ئەستەموڵی گرت، عەبدولحەمیـد لەسـەر تـەختی پادشـایی لابـراو نێرڕایـە "سـەلانیك". ئنجـا کۆمـەڵی یـەکێتیو سـەرکەوتن هاتنـە سـەر ئـیشو حکومـەتیان گرتـە دەس. دوای ئەمـە بـۆ قـایمکردنی جێـی خۆیـان لـە هەمو لایەکی وڵاتی عوسمانیدا بە تایبەتی لەوانەی کە ناحـەزی دەسـتەو دائیرەی "عەبدولحەمید" بون، خەڵقیان کۆئەکردەوەو لقی کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی‌یان لێ دروسـت ئـەکرد. شـکی تیـا نیـە، کـە سـەرگرتنی ئـەم لقانـەی ئیتیحـادو تـەرەقی لـە

[١٤] تورکە شۆڕشگێڕەکان بەم لەشکرەیان ئەوت (حرکت أردوسی).

ولایەتە دورەکاندا، لە بێهێزکردن و تەفروتوناکردنی ئەوانەدا بو، کە سەر بە "عەبدولحەمید" بون.

لقی ئیتیحادو تەرەقی ی سلێمانیش کە بە تایبەتی لە ناحەزانی خانەوادەی "شێخ سەعید"، واتە لە توجارەکان و هەندێ لەو "زابت"انە هاتبوە ناو کە تازە لە "مەکتەبی حەربیە" دەرچوبون و مەیلی ئازادی و بەربەرەکانی خاوەن نفوزەکانیان ئەکرد. لەبەرئەمە لەگەڵ بەرەی شێخان کەوتنە دوژمنایەتی و دەسیان کرد بە هاندانی حکومەت لە عاستیانا. ئنجا زۆری پێ نەچو کە بە "کەین و بەین"ی لقی کۆمەڵ و ئەو کاربەدەستانەی کە لە کۆمەڵدا ئەندام بون، بیانویان بۆ دۆزینەوەو شێخ سەعیدی حەفیدو هەندێ کەسوکارو دەستەو دائیرەی لەگەڵ "شێخ مەحمود"ی قارەمانی ئەم باسە لەژێر چاودێری هێزێکی زۆربەی حکومەتیدا نێررانە موسڵ. لە موسڵ تا بەینێك بە ئاسودەیی رایانبوارد. لە هەمو کاتێکا بە هیوای ئەوە بون کە دەور بگۆڕرێت و بگەڕێنەوە سلێمانی. نەیانئەزانی کە بەختی شوم ڕۆژی ڕەشتری بۆ ئامادە کردون و جارێ گەلێ داماوی و مەینەتی تریان لە پێشەوەیە.

کاربەدەستەکانی ئیتیحادو تەرەقی لە موسڵ بۆ هەلێك ئەگەڕان کە بیکەن بە بیانو بۆ لەناوبردنی "شێخ سەعید". لەبەرئەمە لە سەرەتای هاتنیانەوە لەوە ئەکۆشان دڵی خەڵقی موسڵیان لێ کرمێ بکەن، وەکو ئەڵێن گەلێ شتی درۆو ناڕەواشیان بۆ هەڵئەبەستن و بەناو خەڵقا بڵاویان ئەکردەوە. شومی و سیا چارەیی خۆشیان ڕۆژی نەگبەتی لێ نزیك ئەخستنەوە. زۆری پێ نەچو دەربارەی ئەم غەریب و لێقەوماوانە لە شاری موسڵدا فیتنەیەکی گەورە هەڵگیرسا..

* * *

## ١١

## فیتنەی موسڵ

## و

## كوژرانی شێخ سەعیدی حەفیدو شێخ ئەحمەدی كوڕی

لـە سـاڵی ١٣٢٦ی هجـری (ڕێكـەوتی ١٩٠٨ی مـیلادی) ڕۆژی دوەمـی جـەژنی قوربـان[١٥]، شـێخ مـەحمودو شـێخ ئەحمـەدی بـرای‌و بـەها ئەفەنـدی[١٦] نـاوێكی هاوڕێیان لـە ماڵی "مستەفا بـەگی قائیمقامی عەسكەری" میوان ئـەبن. ماڵی ئـەم "مستەفا بـەگ"ە بەسـەر مەیـدانی "بـاب الطـوب"دا ئـەڕوانێت كـە لـەو دەورەدا بـە جەژنان ناوچەیەكی سـەیران‌و كۆبونـەوە ئـەبێت. لەبەرئەمـە كـە لـە ماڵی "مستەفا بـەگ" دێنـە دەرەوە بـەو مەیدانـەدا تێئەپـەڕن. بـە قسـە بـەها ئەفەنـدی سـەرخۆش ئـەبێ‌و تـوانج ئەگرێتـە ئافرەتێـك لـە سـەیركەرەكان. بـەڵام ئـافرەت دەس ئـەكا بـە هاوارو قیژە. لەسەر ئەمە هەندێ لە سەیركەرەكانی خەڵقی موسڵ لـە سـەری دێنـە جواب. لەگـەڵ "بـەها" لێیـان ئەبێتـە مشتومڕو ئەیانـەوێت بیكـوژن. ئنجا "شـێخ ئەحمـەد"و هاوڕێكانیشـی شـەڕیان ئـەبێ بـە "لـوت"ەوەو كـار ئەگاتـە خەنجـەرو دەمانچـە. چـەند كەسـێك لـەو نـاوەدا برینـدار ئـەبێت. ئـەهالی موسـڵ وردە وردە ئەوروژێن‌و شـوڵی لێ هەڵئـەبڕن‌و عەشاماتێكی زۆر لـە دەوری "شێخ ئەحمـەد"و هاوڕێكانی كۆئەبنەوەو تەنگاویان ئەكەن. لەم كاتەدا هەندێ جەندەرمەی كورد كـە لەو ناوەدا ئەبن فریایـان ئەكـەون. دەوریـەی "هێسـتر سـوار"یـش كـە زۆریـان كـورد ئەبن دێن بە سەرا.

شەڕ قورس ئەبێ‌و لە هەردولا گەلێ كـەس ئـەكوژرێت‌و برینـدار ئـەبێ. خەڵقەكـە بەمـــە زیـــاتر گـــڕ ئـــەگرن‌و بەشـــی زۆری ئـــەهالی دەس ئەدەنـــە ســـیلاح‌و دەوری جەندەرمـەكان ئـەدەن. كـە ئـەبێ بـە شـەڕ جەندەرمـەكان پـەنا ئەبەنـە بـەر سـەرا. بـۆ

---

[١٥] بە پێی وتەی مامۆستا "عەبدولمونعیم غولامی" كە لە "الضحایا الثلاث"دا ئەگێڕێتەوەو خۆی بـە دیـارەوە بـوە ئـەم كارەسـاتە لـە ڕۆژی دوەمـی جـەژنی قوربانـدا ڕوی داوەو دو ڕۆژ دەوامـی كردوە. تاهیر عمری لـە "مقدرات العراق السیاسیة"كەیدا ئـەڵێت كـە ئـەم هەڵلایـە ڕۆژی یەكـەمی جەژن ڕوی داوەو سێ شەو و سێ ڕۆژ دەوامی كردوە.

[١٦] بـەها ئەفەنـدی لـەو ڕۆژەدا لـە موسـڵ باشـكاتبی "ڕێـژی= ئینحصـار" ئـەبێ. كـوڕی عەبـدوڵڵا ئەفەندی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی خەڵقی "كفری"یە.

سبەینێ ئەهالی دەس هەڵناگرن‌و بە تفەنگەوە ڕوئەکەنە سەراو داوای جەندرمەکان لـە والی ئەکـەن کـە تۆڵـەیان لـێ بکەنـەوە. دیـارە کـە والی جەندەرمـەکان نـادا بـە دەستەوە. ئنجا داوای شێخ ئەحمەدو هاوڕێکانی لێ ئەکەن. ئەو وەختـە والی[١٧] لـە جیـاتی ئـەوە کـە تـەگبیرێك بکـا بـۆ کوژاندنـەوەی ئـەم ئـاگرەو نوانـدنی زەبـری حکومەت، بە خەڵقەکە ئەڵێت: *"ئەوان لێرە نین، بچن خۆتان بیاندۆزنەوە!"* . ئنجا عەشاماتەکە هەڵئەکوتنـە سـەر ماڵی "شـێخ سـەعید"[١٨] و دەوری ئـەدەن. والی لـەم ساتەدا جارێکی تریش نەوت ئەکا بەسەر ئاگرا. لە جیاتی تـەگبیری ئـەوە بکا کـە ئەم عەشاماتە بڵاو ببنەوەو فیتنـە تـا زوە بکوژێتـەوە، سـێ کـەس لـە ناودارەکـانی خەڵقی موسڵ هەڵئەبـژێرێت[١٩] و ئـەیاننێرێت بـە شـوێن "شـێخ سـەعید"و بە نـاوی پاراستنی لە "دەرەك" داوای ئەکاتە لای خۆی. شێخ سـەعید بەمانـە بـاوەڕ ئـەکاو لەگـەڵیان ڕوئەکاتـە سـەرای حکومـەت. بـە نـاوی پارێزگاریـەوە دەسـتەیەك عەسکەریشیان لە تەکا ئەبێ. لەگەڵ ئەمەشا کە ئەگەنـە بـەردەمی سـەرا بە ئـەمری "تابور ئاغاسی"[٢٠] دەرگای سەرا دائەخرێت‌و شێخ سەعید لـە دەرەوە ئەمێنێتـەوە.

---

[١٧] والی ی ئەو ڕۆژەی موسڵ "فەریق زەکی پاشا"ی خەڵقی حەڵەب ئەبێ، کە خۆشـی یـەکێك بوە لە ئەندامەکانی "حیزبی ئیتیحادو تەرەقی".

[١٨] "شێخ سەعید"و کوڕەکانی لە خانویەکی "محەمەد پاشای سابونچی" ئەبن لە جادەی سـەراو بەرامبـەر مەکتـەبی ئەعـدادی کـۆن کـە ئیمـڕۆ بـوە بـە "سـانەوی شـەرقیە"، بـەڵام دەس‌و پێوەندەکانیان لـە "خـان"ێکی نزیك بـە خانوەکەی "شێخ سەعید" ئەبن کە هـەر هـی "محەمەد پاشا" ئەبێ.

[١٩] ئەو سێ کەسە "ڕەشید ئەفەندی عومەری"و "شێخ ئیبراهیم ڕۆمی"و "عەلی ئەفەندی" ئیمامی مزگەوتی "نەبی شیت" ئەبن.

[٢٠] ئەو دەمە بە "قوماندانی تابور" واتە بە ئامر فەوجی (ژاندارمە= جەندەرمـە)یـان ئـەوت "طـابور آغاسي". ئەم تابور ئاغاسـیـیە لـە زابتـە جەندەرمـەکان دائـەنرا کـە ڕوتبـەی "بینباشـی= مقدم"ی هەبێ. لەو دەورەدا تابور ئاغاسی واجباتی مودیری پۆلیسـی ئـەم زەمانـەی ئـەبینی. ئنجا تـابور ئاغاسیی موسڵی ئەو ڕۆژە "تۆفیـق بـەگ"ی بـاوکی "ئەحمـەد بـەگ" ئـەبێ. "تۆفیـق بـەگ" لـەناو موسڵیەکاندا بە "دارەکە بێنە" مەشهورە. ئەحمەد بەگی کوڕی لە دەوری ئیحتیلالی "سلێمانی"دا بو بە "مودیری ناحیە"، دوای ئەوە بو بـە ئەنـدامی "مەجلیسـی تەئسیسـی"و لـە دوای ئەمانـەش

لەم کاتەدا یەکێك لە ناو عەشاماتەکەوە بەردێکی گەورە ئەکێشێت بە مێشکی شێخ سەعیداو ئەیکوژێت.

دوای ئەمەش چەند کەسێکی تر هەڵئەکەوتنە سەر تاقە پیاوەکەی شێخ کە لەگەڵی ئەبێ و قورئانی بۆ هەڵئەگرێت، ئەو بێگوناهەش بە خەنجەر دائەپاچن و ئەیکوژن. بەمەش هەرا نابڕێتەوە. عەشامات ئنجا بائەدەنەوە سەر ماڵی "شێخ سەعید". ئەوانەی لەوێ ئەبن شێرانە بەرەنگاری ئەم دڕندەو وەحشیانە ئەبن. بەڵام لە ئەنجامدا "شێخ ئەحمەد"یش ئەکوژرێت. دوای ئەمە ڕوئەکەنە ئەو "خان"ە کە پیاوەکانی شێخ سەعیدی لێ ئەبێ. دەرگای خان ئەشکێنن و ئەچنە ژورەوە هەچ پیاوێکی لێ ئەبێ ئەیانکوژن. بەها ئەفەندی مایەفیتنە هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم ئاشوبەیەوە خۆی شاردبۆوەو ڕزگار ببو.

بەڵام ئەوەی جێی لێکدانەوەیە، نەبونی باسی "شێخ مەحمود"ە. لەم هەمو کارەساتەدا چۆن ناوی لە ناودا نیە؟ من خۆم لێم بیستوە کە ئەو لەم کارەساتەدا نەبوە. بەڵام چۆن و لەبەر چی؟ مامۆستا غولامی لە "الضحایا"دا ئەڵێت: کە شێخ مەحمودیش لە ماڵی "مستەفا بەگ" بوە. بەڵام دوای ئەوە نە لە هەراکەی "باب الطوب" و هەرای بەر دەرگای سەرا کە باوکی تیا ئەکوژرێت و نە لە هەڵلای وروژمهێنانی عەشاماتەکە بۆ سەر ماڵی شێخ سەعیدو کوژرانی "شێخ ئەحمەد"ی برایدا ناوی "شێخ مەحمود" نیە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە وەکو خۆم لێم بیستبو لەم کارەساتەدا ئەوی تیا نەبوبێت. خاوەنی "مقدرات العراق السیاسیة" کە وا دیارە لە شێخەکانی زۆر بەقین بوەو بە تایبەتی دەربارەی "شێخ مەحمود" لە زماندرێژی خۆی نەپاراستوە، ئەو هەرزەکاریە کە لە "بەها"وە بەرامبەر بە ئافرەتێك ڕویداوە ئەیداتە پاڵ "شێخ مەحمود".

بەڵام دیارە کە کارێکی وا منالانە لە بلیمەتێکی وەکو شێخ مەحمودەوە زۆر دورە، ئەو شێخ مەحمودە کە هەر لە منالیەوە چاوی بڕیبوە گەورەیی و سەودای

---

دو جار بو بە موتەسەڕیف. ئێستە لە ئیشی حکومەتا نیەو لە بەغدا لە گەڕەکی "ئەعزەمیە" دائەنیشێت.

زەعامەتی لە کەللەدا بو. ئەوەش بخەینە لاوە. ئەی چۆن باوەڕ بکەین کە ئەوێك خۆی بوبێت بە هۆی ئاگری فیتنەیەك، باوك و براکانی لەناو ئەو ئاگرەدا بەجێ بێڵێت و خۆی بشارێتەوە؟ بەڵێ وەکو مامۆستا "غولامی" ئەڵێت جێی تێ ئەچێ کە شێخ مەحمود لە پێش هەڵلاکەی ماڵەوە چوبێتە ماڵی "خدر هەمەوەند"[٢١] و لە کاتی هەڵلاکەدا نەیتوانیبێت و یا نەیانهێشتبێت بگەڕێتەوە لای براکانی. بەلام هەرگیزاو هەرگیز ئەوە بە بیردا نایەت کە قارەمانێکی وەکو ئەو لە کاتی هەڵلاکەدا بۆ دەرکردنی سەری خۆی ڕایکردبێتە ماڵی "مەحمود خدر" و خۆی شاردبێتەوە[٢٢]، چونکە شێخ مەحمود لە هەمو دەورێکی ژیانیدا بە ئازایی ناوی ڕۆیشتوەو لە مەیدانی هەمو کارەساتەکاندا بە جوامێری و نەترس و نەبەز ناسراوە، بەلام ڕاستی هەرچیەك بێت ئەبێ بەم جۆرە وەحشیانەیە دواییهاتنی ئەم کارەساتە خوێنینە لە مێژوی شاری بەناوبانگی موسڵدا لاپەڕەیەکی ڕەش و هەرە چڵکنی وای داگیرکردوە، کە قەت لەبیر نەچێتەوە..

*　*　*

## ١٢

## گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی

دەنگی کوژرانی شێخ سەعیدی حەفیدو شێخ ئەحمەدی کوڕی لە موسڵ لە هەمو لایەکی عێراقداو بەڵکو لە سەراپای خاکی "عوسمانی"دا کارێکی ئێجگار بەسۆزی کردە سەر خەڵق و بە تایبەتی سەر خەڵقی سلێمانی و کەرکوك و

[٢١] ئەم "خدر هەمەوەند"ە کە مامۆستا "منعم" باس ئەکا ئەبێ "مەحمود خدری هەمەوەند" بێ کە لەو دەمەدا لە موسڵ بینباشی جەندەرمە بو.

[٢٢] بە وتەی "مامۆستا عەبدولمونعیم غولامی"، شێخ مەحمود لە کاتی وروژمهێنانی ئەهالی بۆ سەر ماڵی "شێخ سەعید"و کوشتنی "شێخ ئەحمەد"ی برای، لە ماڵی "خدر هەمەوەند" ئەبێ. دوای هەڵلاکە لەوێوە ئەچێتە ماڵی "حاجی محەمەد چەلەبی جادر"و ئەوان لە ماڵی خۆیانەوە ئەیگەیەننە "سەرای حکومەت". (کتێبی الضحایا الثلاث).

شارەکانی تری کوردستان. عەشایرو بە تایبەتی عەشیرەتی ئازاو بەجەرگی هەمەوەند خەریکی ئەوە بون کە شۆڕشێك بنێنەوە. لەبەر ئەمە حکومەتی موسڵ ترسی لیٚ نیشت و شێخ مەحمودو دائیرەکەی ڕاگیرکرد و نەیهێشت لە موسڵ بچنە دەرەوە. عەشایرەکە بەمەیان زانی ویستیان جاریٚ حکومەت هێمن بێتەوەو بە هۆی گەورەکانی کەرکوکەوە داوای بەردانی "شێخ مەحمود" و براکانیان کرد. وایان لە حکومەت گەیاند کە ئەگەر ئەمانە بەرنەدرێن و نەگەڕێنەوە سلێمانی، عەشایر هەڵئەکوتنە سەر موسڵ و تۆڵەی شێخ سەعید و شێخ ئەحمەد لە ئەهالی ئەکەنەوە. لەسەر ئەمە ولایەت بڕیاری دا بە بەردانی "شێخ مەحمود" و براکانی و ناردنەوەیان. لەو ڕۆژانەدا ئەهالی شارەکانی هەولێرو کەرکوك بە جاریٚ هاتبونە خرۆش. عەشایری دەوری کەرکوك و سلێمانی ئارامیان لیٚ هەڵگیرابو. ژن و پیاوو گەورەو بچوك لەم کارەساتە ئەدوان. باسی تر نەمابو.

کوژرانی "شەهیدی کورد" بەسەر هەمو زمانێکەوە بو. لە هەمو لایەك بوێژەکان بە کوردی و تورکی و فارسی گەلێك شیعری شین و لاوانەوەی زۆر بەکوڵ و تینیان هەڵبەستبو و قوتابیان و منالاّن لەبەریان کردبو و بە سۆزەوە بۆ یەکتریان ئەخوێندەوە. عەشایرو ئەهالی خەریکی خۆئامادەکردن بون، کە بچن بە پیر "شێخ مەحمود"ەوە. بە ڕاستی کارەساتی کەربەلا تازە ببۆوە. خەڵقی موسڵ ببون بە زەندیق. ئیتر یەکێك نەبو دانی خێریان پیا بنێت. کاتیٚ کە پەیامی نزیکبونەوەی شێخەکان لە کەرکوکدا بلاّو بۆوە، ئەو شەوە تا بەیانی زۆر کەس خەوی لیٚ نەکەوت. عەشایری دەوری کەرکوکیش ئۆقرەیان لیٚ بڕابو. ژن، پیاو، کوڕ، کچ، گەورەو منالّ، ئەفەندی، مەلا، شێخی تەریقەت، دەروێش، کاسبی ناوبازاڕ، مەئموری حکومەت، دەستە دەستە لە هاتوچودا بون. هەزاران بەیاخ و دەف ئامادە کرابو. خۆم لەو ڕۆژەدا لە کەرکوك قوتابی حوجرەی مەلا تەقی بوم. پێم نابوە ساڵی "دە"یەم. مامۆستاکەمان شاعیر بو. "مرثیە"یەکی دورو درێژی تورکی پیٚ لەبەر کردبوم. پێش گەشتنی شێخەکان بۆ هەزاران کەسم خوێندبۆوە. ئەو ڕۆژەی شێخ مەحمود گەیشتە کەرکوك سەرپاکی ئەهالی و زۆربەی عەشایر هەر لە

سفیدەی بەیانەوە بە پێیان‌و بە سواری کەوتنەڕی‌و تا ماوەیەکی چەند سەعاتی چون بە پیریانەوە. ئاوازی "الله أکبر!"و گرمەی تەپڵ‌و دەف تێکەڵ بە هاڕەی گریان‌و شیوەن بو.

بە ڕاستی دیمەنی ئەو دەشتە لەو ڕۆژەدا وێنەیەك بو لە مەحشەر. تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی‌و خانەقای سەید ئەحمەد ئەم میوانانەیان بەش کرد. "شێخ مەحمود" چوە تەکیەو شێخ قادری برای‌و ئەوانی تر لە خانەقا مانەوە. کە شێخ مەحمود گەیشتە کەرکوك عەشایر دوبارە خرۆشان‌و کەوتنەوە سەر بیری ئەوە، کە شۆڕشێك هەڵگیرسێنن. لەم حەلەدا ڕەشید پاشا کرا بە والیی موسڵ. لەوێ تەنیا ڕۆژێك مایەوەو خۆی گەیاندە کەرکوك. دڵی شێخ مەحمودی دایەوەو بە هێزێکی گەورەوە لەگەڵ خۆی بردیەوە سلێمانی.

هاتنی "ڕەشید پاشا" بۆ ئەو ڕۆژە بەکەڵك هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بە گەڕانەوەی بۆ موسڵ دەستی کرد بە گرتنی ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی شێخ سەعیددا هەبو و زۆری بە حەپس‌و بە خنکاندن مەحکوم کردن[٢٣]. دیسانەوە ناوبەناو گەلێ کارەساتی بچوك‌و گەورە ڕوی داو هەرێمی سلێمانی‌و کەرکوك لەو ڕۆژەوە لە شۆڕش‌و ئاشوب ڕزگاری هەر نەبو.

* * *

## دوای گەڕانەوەی "شێخ مەحمود" بۆ سلێمانی

دوای ئەمە، کە شێخان گەڕانەوە سلێمانی، بە ماوەیەکی کەم لە "کفری" باوکی بەها ئەفەندی کوژرا. ڕاسپێری ئەم کوشتنە ئەدرێتە پاڵ "شێخ مەحمود". لەسەر ئەوە لە پاشملە حوکمی سێ ساڵ حەپسی ئەدرێت بە سەرا. بەڵام "شێخ مەحمود" خۆی نادا بە دەستەوەو هەر لە دەوروپشتی سلێمانی‌و لە دێهاتەکانی

---

[٢٣] بۆ باسی کردەوەکانی "ڕەشید پاشا"و ناوی ئەوانە کە گرتنی یا بە حەپس یا بە خنکاندن حوکمی دان بۆ تێگەیشتنی ئەم باسە بە دورو درێژی ئەنجامی کردەوەکانی "ڕەشید پاشا" کتێبی "الضحایا الثلاث"ی مامۆستا عەبدولمونعیم قەلامی بخوێننەوە.

خۆیــا ئەمێنێتـــەوە. حکومـــەتیش بـــە ڕاســـتی شـــوێنی ناکـــەوێت و بـــەم خۆدەرنەخستنەیو نەهاتنی بۆ ناوشار چاوی لیٚ ئەپۆشیٚو لێی ئەگەڕێت. لەگەڵ ئەمەشـدا نفـوذی "شـێخ مـەحمود" ڕۆژبـەڕۆژ بـەرەو زیـادیو ئەسـتێرەی بـەختی سەرلەنویٚ لە سەرکەوتنو "بروز"دا بو. لەبەر ئەمە حکومەت وردەوردە شکی لیٚ پەیا ئەکردو ترسی ئەوەی لیٚ هەبو، کە بە هۆی عەشایرەوە کەینو بەینێك ڕێك بخاو تۆڵەی کارەساتی موسڵ بسێنێتەوە..

*　　*　*

## ١٣
## شەڕی گەورەی گێتیی یەکەم و شێخ مەحمود

وەکو ئەیزانین شەڕی گێتی یەکەم لە ڕێی وەلیعەهدی "ئاوستریا=نەمسەو مەجارستان"وە هەڵگیرسا. ئەم وەلیعەهدە کە خۆی و ژنەکەی بۆ زیارەت چوبونە سربستان- یوغوسلافیا لەوێ لە لایەن ئەوانەوە کوژرا، کە دوژمنی ئاوستریاو مەجارستان بون و بەربەرەکانی سیاسەتی ئەو دەوڵەتەیان ئەکرد لە سربستاندا.

ئنجا بە کوژرانی وەلیعەهد، حکومەتی ئەوستریاو مەجارستان لەگەڵ سربستان کەوتە شەڕەوە ١٩١٤وە ئەم شەڕە وردەوردە پەرەی سەندو نزیکەی هەمو دنیای گرتەوە. کە حکومەتی عوسمانی تێکەڵ بەم شەڕە بو، شەڕ کەوتە عێراقیشەوە کە بەشێك بو لە وڵاتی عوسمانی. ئینگلیزەکان لە بەسرەوە دەسیان پێکردو یەك لە دوای یەك عەمارە، کوت و بەغدا=بەغدادیان گرت و لە ساڵی ١٩١٨دا گەیشتنە کەرکوك. بەڵام پێش ئەوەی کە بگەنە سنوری لیوای کوت، سوارەی عەشایری کوردو عەرەب لە "شعیبە"دا یەك دو شەڕیان لەگەڵ ئینگلیزەکان کردبو. "شێخ مەحمود" لەم شەڕانەدا بە خۆی و لەشکرێکی هەزار سوارەی کوردەوە یارمەتی لەشکری تورکی دابو. "ڕەشید پاشا"ی خەڵقی سلێمانی کۆنە موتەسەڕیفی "منتفك"و چەند پیاوێکی ناوداری تری کورد لە شەڕی "شعیبە"دا کوژرابون. چە لەم شەڕانەداو چە لە شەڕی هێزەکانی تورك لەگەڵ ڕوسەکان لە دەوری پێنجوێندا شێخ مەحمود ئازایی خۆی نواندبو و ڕوسەکانی لە سنوری عێراق دور خستبۆوەو کردبونی بە دیوی ئێراندا.

بەم چەشنە لە دوا ڕۆژەکانی شەڕی گێتی یەکەمدا ناوبانگی "شێخ مەحمود" زۆر ڕۆیشتبو و گەلێ کەس ناسیبوی. بەڵام لەم شەڕی تورك و ڕوسەدا تورکەکان جارێکی تر شێخ مەحمودیان "زیز" کرد. سەرکردەی لەشکری تورك دوای ئەمە کە لە شەڕەکەدا بە یارمەتی "شێخ مەحمود"و هێزە عەشایرەکەی کورد سەرکەوتبو و ڕوسەکانی شکاندبو و تا ناو خاکی ئێران بەرەودوای نابون، بە

بیـانوی تالاَنـەوە کوردەکـانی گونابـار کـردو چـەند سـەرکۆمارێکی نـا بـە شەسـتتیرەوە. شـێخ مـەحمود لەسـەر ئەمـە چـو بـە گـژ سـەرکردەی لەشـکری تورکەکانداو بە خۆیو هێزەکانی کوردەوە گەڕایەوە سنوری سلێمانی. دوای ئەمە تورکەکانیش دوبارە توشی هەڵمەتی ڕوسەکان هاتنو خۆیان پیَ نەگیرا. ئیتر هەر ئەمە بوو سنوری عێراق لەم لایەوە بەبێ پاراستن مایەوە. کە "شێخ مەحمود" گەڕایـەوە سـنور، نەهاتـە سـلێمانی. لـە دێهاتـەکانی خۆیـداو لـە دەرەوەی شـار مایەوە.

ئەمە تورکەکانی خستبوە ئەندێشەوە، بەڵام لەو ڕۆژەدا زۆر بێهێز کەوتبونو نەیانئەویست دەرگای سەرئێشەیەکی تریش بۆ خۆیان بکەنەوە. لەولای تریشەوە لە ٧ی نیسانی ٩١٨ لەژێر سەرەکی ژەنەراڵ مارشاڵدا هێزێکی ئینگلیز گەیشتە کەرکوك. شێخ مەحمود لەگەڵ تورکەکان بە تەواوی تێك چوبو و هیوای هیچی پێیان نەمابو. لەبەرئەوە ویستی کە پێش گەیشتنی ئینگلیزەکان بە سلێمانی لە کاتو هەل کەڵك وەربگریو دوای ئەوە کە لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی ئەو دەمەی سلێمانیدا پێکهات، نامەیەکی بە دزیەوە نارده کەرکوك بۆ "ویلسن"و گەورەی هێزەکانی ئینگلیز. لەم نامەیەدا داوای ئەوەی لیَ ئەکرد کە بڕیار بدەن بە دامەزراندنی حکومەتێکی کورد لە ناوچەی سلێمانی لەگەڵ هەندێ قەولو بڕی ترو ئیمتیازات. خۆشی واتە شێخ مەحمود بڕیاری ئەوەی ئەدا کە بە ناوی ئینگلیزەکانەوەو لەژێر چاودێری ئەواندا سەرەکیی ئەم حکومەتە بکا.

"ویلسون" وەڵامی شێخ مەحمود ئەداتەوەو خەریك ئەبێ کە لەم لایەنەوە بەیانێك بڵاو بکاتەوە[٢٤]. لەم حەلەداو دوای بەجێهێشتنی کەرکوك بە چەند ڕۆژێك لەشکری تورك گەڕایەوە کەرکوك. باسی نامەکەی "شێخ مەحمود" کە بە هۆی یەکێك لە گەورەکانی خەڵقی کەرکوکەوە نێررابو، ئەگا بە سەرلەشکری تورکەکان. لەسەر ئەمە ڕاسپێری ئەدا بە "مستەفا بەگی" قائیمقامی عەسکەریو سەرکردەی

[٢٤] Loyalties Mesopotamia Voleume 11.1919-1920 A personal Historical Record. By Sir Arnold T. Wilson. M. P.

لەشکری تورك لە سلێمانی. مستەفا بەگ بە فێڵو بە بیانوی هەندێ باس و تەگبیرەوە "شێخ مەحمود"ی داوا کردە لای خۆیو دەسبەجێ گرتیو لەژێر چاودێری هێزێکی گەورەدا ناردیە کەرکوك. شێخ مەحمود لەوێ خرایە بەندیخانەوەو لە دوای موحاکەمەیەکی عەسکەری سەرزاریو لەسەر ڕاسپێری تایبەتی سەرلەشکری گشتی هەمو هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراق، بە خنکاندن مەحکوم کرا. بەڵام ئەمجارەش لە مردن ڕزگاری بو. چونکە تورکەکان لە پێش هەمو شتێکا لە خنکاندنی شێخ مەحمود دودڵ بون. بیریان لە دواڕۆژ، واتە لە ڕۆژی ڕەشو تەنگانە ئەکردەوە. هەرچەند کشانەوەی ئینگلیزیان لە کەرکوك ئەدایە پاڵ شکستی لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان لە جەبهەی فەرانسەو بە تەمای ئەوە بون کە لەشکرەکانی ئینگلیز وردە وردە نەك هەر لە کەرکوك، بەڵکو لە هەمو عێراق بکشێتەوە، دیسانەوە نەیانئەویست کە زۆر شوێن خەیاڵ بکەن و هەمو پێشهاتێك بنێن بەلاوە. لەوە ئەترسان کە چەرخ بە بارێکی ترا وەرگەڕێو خۆیان (واتە تورکەکان) جارێکی تریش بێئەوەی گەڕانەوەی لە دوا بێ، بکشێنەوەو لە عێراق بچنە دەرەوە.

ئنجا لە ڕۆژێکی وا ڕەشدا دور نەبو کە بە بیانوی تۆڵەسەندنەوەی خنکاندنی "شێخ مەحمود" عەشایری کورد شوێن لەشکری شکستەی تورك بکەونو شپرزەیان بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا لە تورکەکان بەدور نەبو، کە دوای هەندێ منجەمنجو هێنانو بردن، لە ناکاو "شێخ مەحمود" بخنکێنن. بەڵام بەخت یارمەتی داو عەلی ئیحسان پاشا کە تازە هاتبوە جێی خەلیل پاشاو ببو بە سەرلەشکری ئۆردوی شەشەم لە عێراق، کەوتە سەر بیری ئەوە، کە لە ڕۆژێکی وادا لە "شێخ مەحمود" ئیستفادە بکا. چونکە ئەم عەلی ئیحسان پاشایە کە یەکێك بو لە سەرلەشکرە گەورەو هەرە ناودارەکانی تورکو لە ئێراندا بەرامبەر بە ڕوسەکان چەند شەڕێکی گەلێ ئازایانەی کردبو، لە دەوری بێهێزیو شکستی لەشکرەکانی تورکدا نێررایە عێراق. لە سەری پێویست بو بە هۆشو بە سیاسەت بجوڵێتەوە. لەبەرئەمە لە موسڵەوە شێخ مەحمودی داوا کردە لای خۆی.

لەویٚ زۆر دڵنەوایی کردو ئاشتی کردەوە. مەبەستی ئەوە بو کە لەو ڕۆژەدا تا خۆی بە لەشکرەوە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان خەریك ئەبیٚ "شیٚخ مەحمود" لە هەریٚمی سلیٚمانیدا بە عەشایری کوردەوە تەنیشتی چرپی (خۆرهەلاَت) هیٚزەکانی تورك بپاریٚزیٚت و سلیٚمانی نەدا بە دەستەوە تاوەکو لە کاتی پیٚویستیشا بتوانیٚت بە خۆی و عەشایری کوردەوە یارمەتی لەشکرەکانی تورك بدا. لەبەرئەمە دوای میوانداریەکی باش و نەوازشیٚکی زۆرو خەلاَت و بەرات، کردی بە "قائیدی ملیس= سەرلەشکری مەدەنی" و بە ڕاسپیٚری و تەعلیماتیٚکەوە کە پیٚویست بیٚ ناردیەوە سلیٚمانی. بۆ ئەم کارەو ڕیٚکخستنی هیٚزی عەشایر، پیٚشەکی ٥٠٠٠ لیرەیەك ئاڵتونی عوسمانیشی دایە[٢٥]. جگە لەمە "عەلی ئیحسان" ئەمری دا بە سەرلەشکری تورك لە سلیٚمانی کە هەر چەك و سیلاحیٚك کە بتوانیت و بە "شیٚخ مەحمود" پیٚویست بیٚ بیداتیٚ. ئنجا دوای ئەمانە هەموی و لەسەر ئەم قەول و بڕە لەگەڵ "عەلی ئیحسان پاشا"، شیٚخ مەحمود لە تشرینی دوەمی ١٩١٨دا گەڕایەوە سلیٚمانی و دەسی کرد بە ڕیٚکخستنی ئەو کارانەی کە پیٚی سپیٚررابو.

## هاتنەوەی ئینگلیزەکان بۆ کەرکوك

جاری یەکەم کە ئینگلیزەکان هاتبونە کەرکوك و گرتبویان، شیٚخ مەحمود ئەوەی بە بیرا نەهاتبو کە جاریٚکی تر تورکەکان بگەڕیٚنەوە کەرکوك و بیگرنەوە. لەبەرئەوە وەکو لە سەرەوە وتبومان نامەیەکی ناردبو بۆ "ویلسن". لەم نامەیەدا جگە لە ئەوانەی کە باسمان کردبو ئەیوت: کوردەکان سەرکەوتنی ئینگلیزیان زۆر پیٚ خۆشەو هیوایان وایە کە لە حوکمی تورك ڕزگاریان ببیٚ و لە ژیٚر باڵی حکومەتی ئینگلیزا بحەسیٚنەوەو بە سانی عەرەبەکان بکەونە خۆشی و تکای ئەوەی لیٚکردن کە ئیتر بە هیچ کلۆجیٚك ڕیٚی ئەوە نەدەن کە تورکەکان بگەڕیٚنەوە ئەم ولاَتە. هەر لەو ڕۆژانەدا ڕەئیسەکانی هەمەوەندیش نامەیان بۆ ئینگلیزەکان نوسیبوو ئەیانوت کە ئامادەن بۆ یارمەتی لەشکری ئینگلیز لە ڕیٚی

[٢٥] تأريخ الوزارات العراقية. مامۆستا (عبدالرزاق حسني).

پێشکەشکردنی حەیوانات و دەغڵەوە. چونکە لەو حەلەدا بە ڕاستی گۆشت و نان باشترین دیاریەك بو کە ئاتاجی بن. بەڵام گەڕانەوەی تورکەکان بۆ کەرکوك بو بە هۆی تێکچونی هەمو شتێك. "شێخ مەحمود" وەکو گێڕامانەوە لە سلێمانی گیراو نێررایە کەرکوك. گەلێ لەوانەی کە لە ناردنی نامەکەی پێشودا هاوبیری بون خرانە بەندیخانەوە یا جەریمە کران. هەندێکیشیان ڕایان کردو سلێمانییان بەجێهێشت. هەمەوەندەکانیش لەو ڕۆژەوە لە ئینگلیزەکان هەڵگەڕانەوەو بون بە دوژمنیان و بەم چەشنە دوای گرتنی کەرکوك بە چەند ڕۆژێك گەڕانەوەی ئینگلیزەکان و کشانەوەی لەشکرەکانیان لەوێ، بو بە هۆی گەلێك خراپە بۆ خەڵقی ئەو ناوە. بە تایبەتی "شێخ مەحمود"و کوردەکان بەمە کە کەوتبونە داوێکی گەورەوە.

ئینگلیزەکان خۆشیان ئەو ناوو شورەتەی هەیانبو بەم کشانەوەیە دایان ناو بە چەشنی هەمەوەندەکان گەلێ کەسی تریشیان لێ هەڵگەڕایەوە. دەنگیش وابو کە لە جەبهەکانی تری شەڕا و بە تایبەتی لە فەرەنسە لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان بەرامبەر بە ئەڵمانەکان خراپ شکاون و کشاونەتەوە. لەبەرئەمە وا ئەهات بە بیرا کە لەشکری ئینگلیزیش لە عێراق بکشێتەوەو بچێتە جەبهەکانی تر. ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت بەم کشانەوەیە ناویان زڕاو لە کوردستان و عێراقدا نرخێکیان نەما. لەوەش کەوتنە ترسەوە کە لە هەمو لایەکەوە لێیان ڕاست ببنەوەو شۆڕش و ئاژاوەیەکی گەورەی گشتی بخەنە ناوەوە. لەبەرئەمە بڕیاریان دا کە خۆیان کۆ بکەنەوەو بۆ کڕینەوەی ناوو ئیعتباریان بە هەر جۆرێك بێ کەرکوك بگرنەوە. ئنجا لەم ڕۆژانەدا بو کە سوێندخۆرەکان (موتارەکە)یان بڵاو کردەوەو شەڕ وەستا. بەڵام هێزەکانی ئینگلیز لە کاتێکا کە لە جەبهەکانی ترا شەڕ وەستاو ترسیان نەمابو، لە جەبهەی عێراقدا ویستیان لە کات کەڵك وەرگرن و لە هەنگامەی موزاکەراتی ئاشتیدا لەشکرەکانیان لە جەبهەکانی شەڕا –بە تایبەتی لە ولایەتی موسڵدا– هەنگاوێك زیاتر لە پێشەوە بێ.

لەبەرئەمە هەڵیان کوتایە سەر کەرکوك و هەولێرو بێ شەڕ گرتنیان. لە دوای ئەمە دەسبەجێ دەسیان کرد بە کۆکردنەوەی ئەو دەغڵ و دان و مەڕو ماڵاتە، کە

لەشکرەکانی تورك کۆیان کردبۆوەو نەگەیشتبونە سەر خواردنی. "عەلی ئیحسان پاشـا" کـە بڵاوکرانـەوەی کوتـوپڕی موتارەکـەی نـەهاتبو بـە بـیرا، فەوجـە عەسکەرەکەی سلێمانی لەوێ هێشتبوەو نەیکێشابۆوە موسڵ. بەمە ئەو فەوجەی لە لەشکرەکەی خۆی پچڕاندبوو دوری خستبۆوە. چونکە بە تەمای ئەوە نەبو کە بەو زوانە ئینگلیزەکان بگەڕێنەوە کەرکوك و بیگرنەوە. لە سەرێکی تریشەوە بە هیوای "شێخ مەحمود" بوو کە لە لای خۆرهەڵات واتە لە لای سلێمانیەوەو بە هێزی عەشایر هەڕەشە لە هێزەکانی ئینگلیز بکاو ماوەیان نەدا بێنە پێشەوە. ئەگەر ئەمەیش نەکا یا پێی نەکرێت ئەوەندەی لێ ڕائەپەرمو کە ئەم تەنیشتەیان لێ بگرێت و سلێمانی لە گرتن بپارێزێت. بەمجۆرە ئەیویست کە تا ئەنجامی گـرتن و جێهێشـتنی یەکلەدوای‌یـەکی کـەرکوك لـە لایـەن هێزەکـانی تـورك و ئینگلیـزەوە دوایـی دێـت و وەزع لەسـەر قـەرارێك ئەوەسـتێت و بـە لایەکـدا سـاغ ئەبێتەوە، هەرێمی سلێمانی بە دەس تورکەوە بێت و دەس ئینگلیزەکان نەکەوێت. هـەر لـەم ڕۆژانـەدا بـو کـە بـە هیـوای تازەکردنـەوەی دۆسـتایەتی لەگـەڵ "شـێخ مەحمود" عینوانی "نەقیب"ی بۆ وەرگیراو بو بە "شێخ مەحمودی نەقیب"، بەڵام وەکو لەمەوبەر وتمان لە ناکاو و لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا "موتارەکە-هودنە" بڵاو کرایەوە. ئیتر "عەلی ئیحسان پاشا" چاری نەماو بە تەلەگراف ئەمری دا بـە موتەسـەڕیفی سـلێمانی کـە ئیدارەی لیواکـە بداتـە دەس "شـێخ مـەحمود"و خۆی بگەیەنێتە موسڵ.

"شـێخ مـەحمود" بـەمجۆرە بـو بـە موتەسـەڕیفی سـلێمانی و جـارێ بـە نـاوی حکومەتی عوسمانیەوە ئیدارەی گرتە دەست. موتەسەڕیفی تورکەکان لەو ڕۆژەدا لە سلێمانی "عەلی ڕەزا بەگ" ناوێکی خەڵقی "قۆنیە" بو. لەگەڵ ئەو پیاوانەی میری کە تورك و یا غەیرەکورد بون، سلێمانیان بەجێهێشت و چونە موسڵ. فەوجە عەسـکەرەکەی تـورك لـە ژێـر سـەرەکی سـاڵح بـەگی "تـابور ئاغاسـی"دا هەنـدێ جەندەرمـە هێشـتا لـە سـلێمانی بـون. بـەڵام کـە حـاڵ گەیشـتە ئـەم ڕادەیـە "شـێخ مەحمود" جارێکی تر دەسی لە تورکەکان شت و هیوای گەڕانەوەی پێیان نەما.

لەبەرئەمە دەسی لە ڕێکخستنی ئەو هێزە (هێزی میلیس) هەڵگرت و کەوتەوە سەر سەوداکەی پێشوی. ئەمجارەش بیری لەوە کردەوە کە بەرامبەر بە هەندێ قەول و بڕو ئیمتیازات، سلێمانی تەسلیم بە ئینگلیزەکان بکا، بەڵام نامەی ئەمجارەی بە عیززەت تۆپچی (عیززەتی فاتە) و بە ئەحمەد فائق (فایەقی تاپۆ)دا ڕاستەوڕاست ناردە کفری.

بەرامبەر بەو ئیمتیازاتە کە بۆ خۆی و بۆ کورد بە شەرتی دانابو، ئینگلیزەکانی داوا کردە سلێمانی. ئینگلیزەکان کە تەرتیباتی "عەلی ئیحسان پاشا" لەگەڵ شێخ مەحمود ئاگادار بون، ئەمەیان لێ ڕانەئەپەرمو و بە تەما نەبون کە تا کاتی خۆی نەبێت بێنە سلێمانیەوە. لەبەرئەوە ئەم نامەیەی "شێخ مەحمود"یان پێ خۆش بو و ناردیان بۆ (ویلسن). خۆیشیان وەڵامی (بەڵێن)یان بۆ ناردەوە و داوایان لێ کرد کە چاوەڕوانی ئەمری "ویلسن"ی حاکمی عام بکا..

## ١٤

## هاتنی مێجەر نوئێل بۆ سلێمانی

نامەی ئەمجارەی "شێخ مەحمود" لە لایەن ئینگلیزەکانی کفرییەوە نێررا بۆ "ویلسن"ی حاکمی عامی عێراق. لەبەرئەمە ناردی بە شوێن "میجەر نوئیل"دا کە یەکێك بو لە زابتە ئینگلیزەکانی شارەزا بە هەرێمی کوردستان. بە ڕاسپێری تایبەتی و بە ناوی خۆیەوە ناردی بۆ سلێمانی. نوئیل لەگەڵ هەیئەتێکی بچوك[٢٦] و بە ڕێی چیاکانی بەینی کفری و چەمچەماڵدا هاتە "داریکەلی"[٢٧] کاتێ باسی هاتنی "نوئیل" بۆ "داریکەلی" لە سلێمانی بڵاو بۆوە، ئەو فەوجە عەسکەرەی تورك کە لە

[٢٦] ئەم هەیئەتە من بزانم "میجەر نوئیل" و دوکتۆرێك و موهەندیسێك و چەند نەفەرێکی ئینگلیز بون، چێشتکەرێك و چەند خزمەتکارێکیشیان لە تەکا بو. بەڵام ئەڵێن کە "میجەر دانلیس"یشیان لەگەڵ بوە.

[٢٧] دێیەکی "شێخ مەحمود"ە لە ماوەی نیو سەعاتێکدا ئەکەوێتە لای ڕاستی تاسڵوجە لەسەر ڕێی چەمچەماڵ و سلێمانی.

سلێمانی مابۆوە هەر کوردێکی تیابو فەوجەکەیان بەجێهێشتو بەرگی کوردییان لەبەر کرد. ئەوانەی کە ئەشترسان خۆیان شاردەوە. تورکەکانو ئەوانی غەیرەکورد بون شڵەژابونو نەیانئەزانی چی بکەن.

"شێخ مەحمود" لە پیاوماقوڵە ناسراوەکانی هەمەجۆرەی ئەو دەورەی سلێمانی مەجلیسێکی لە ماڵی خۆیدا گرتو تێی گەیاندن کە هەیئەتێکی ئینگلیز بەڕێوەنو دێنە سلێمانی. لێی داواکردن کە لەناو خۆیاندا چەند کەسێك هەڵبـژێرن کە بچن بە پیریانەوە. دوای مشتومڕو مقۆمقۆیەکی کەم هەیئەت ڕێکخراو بە سواری وڵاخ چون بە پیر ئینگلیزەکانەوە. ئینگلیزەکان لە پێشەوە نەیانویست بێنە ناو سلێمانی. لە مانەوەی فەوجەکەی تورك لە سلێمانی مەترسییان هەبو. چونکە ئەوان هێزێکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهانیبو. بە تەما بون شێخ مەحمود لە داریکەلی بیانبینێ. بەڵام "شێخ مەحمود" کە هەیئەتەکەی ناردو دڵنیا کران، هاتنە سلێمانی..

## ١٥

## حوکمداری کوردستان

"میجەر نوئێل" کە بەم جۆرە بە ئاسانی و بەبێ دەنگو تەقە هاتە سلێمانی دەسبەجێو بە یارمەتی شێخ مەحمود دەسکرا بە ناردنی عەسکەرەکانی تورك بۆ لای "عەلی ئیحسان پاشا" لە موسڵ[٢٨] دوای ئەمە بە پێی ئەو ڕاسپێرییە کە لە "ویلسن"ی وەرگرتبو، "میجەر نوئێل" ڕۆژی یەکەمی تشرینی دوەمی ١٩١٨ لەبەر دەرگای سەرا کۆبونەوەیەکی گەورەی ڕێکخست کە عولەماو ئەشرافو ساداتو تاجرەکانو ڕەئیسەکانی عەشایرو لە هەمو دەستەکانی تری ئەهالی تیابو. بە ناوی نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیا لە عێراق (واتە بە ناوی حاکمی عام)و

---

٢٨ عەمارەکانی خواردەمەنیو ئازوقەو ئەو چەكو سیلاحانەی کە لە عەماردا بو یا بە دەس عەسکەرەکانەوە بو لە لایەن "شێخ مەحمود"ەوە لێیان وەرگیرا.

بە فارسی وتارێکی دورو درێژی خوێندەوە[٢٩] و هەر لەم وتارەدا بڵاوی کردەوە کە "شێخ مەحمود" لە لایەن حاکمی عامی عێراقەوە بە "حوکمداری کوردستان" ناسراوە.

نوئێل و لە پشت ئەوەوە "ویلسن"، ئەیانویست کە لە نفوزی "شێخ مەحمود" کەڵك وەرگرن و لەم هەرێمەدا هێزێکی عەسکەری نفوزی ئینگلیز جێگیر بێ و بە هۆی "شێخ مەحمود"ەوە سیاسەتی حکومەتی بریتانیا ببەن بەڕێوە.. هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە لە ماڵی "شێخ مەحمود" ئەهالی و گەورەکان کۆکرانەوە و "بەیعەت" بە "حوکمدار" کرا. خۆم (نوسەری ئەم یادداشتە) لەگەڵ ئەحمەد ئاغای کەرکوکی زادە لەم بەیعەتەدا حازر بوین. جگە لەمە بڕیار درا کە نوئێل لە شارەکانی تری کوردستانا (کوردستانی عێراق) دەس بکا بە تەشکیلات و بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ئەو شارانە لەگەڵ کوردستانی تازە چی پێویست بێ بیکا. مانگی ١٥٠٠٠ ڕوپیە مەواجب بۆ حوکمدار بڕایەوە[٣٠]. لە سلێمانیدا تەشکیلاتێکی وەکو تەشکیلاتەکەی پێشوی لیوا دامەزرا. "سەید عومەر"ی مامی شێخ مەحمود کرا بە موتەسەڕیف و حاجی سەید حەسەنی مامی دوەمی بو بە حاکم یا (ڕەئیسی شەرع). شێخ قادری برایشی بو بە "سەرداری لەشکر". "سەید عەلی بسم الله"ش بێبەش نەکرابو و بوبو بە قۆمیسەر. بەمجۆرە بەشی زۆربەی خزم و کەسوکاری

---

[٢٩] میجەر نوئێل فارسی و فەرنسزی زۆر باش ئەزانی. لە (ئێران)دا زۆر مابۆوە. (ویلسن) لەناو هەزاران لەو "زابت"انە کە لە ڕێی سیاسەتەوە خزمەتی بریتانیای گەورەیان کردبو لە "لەچمەن"و "سۆن"و "نوئێل" زۆر ڕەزامەندی پیشان ئەداو گەلێك ستایشیان ئەکا. ئەڵێت سەرگورشتە سامناکەکانی نوئێل "موخاتەرات و یا موجازەفاتی" کتێبێکی زۆر گەورە پڕ ئەکاتەوە و ئەڵێت: خۆزگە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەنوسرایەوە. بە لای "ویلسن"ەوە ئازایی و زرنگی و کارئازمودەیی ئەم سێ زابتە ئێجگار جێی سوپاسەو شارەزایی "لەچمەن" لە وڵاتی عەرەبدا (عێراق)و هی "سۆن" لە کوردستان و هی "نوئێل" لە خاکی ئێراندا وەکو یەك بەنرخ و بەکەڵك بوە بۆ بەریتانیای گەورە.

[٣٠] بە پێی واتەی هەندێ لە ئینگلیزەکان "شێخ مەحمود" کرابو بە نوێنەری (ممثل) هێزەکانی بەریتانیا لە کوردستان.

حوكمدارو دەستەو دائیرەی شێخان هەر یەكە بە جۆرێكو بە پێی حالْ، كارێكو یا مەواجبێكیان بۆ ڕێكخرابو و دامەزرابون.

"مێجەر نوئێل" خۆی ناوی "حاكمی سیاسی"ی لیْ نرا. لە بینای (مەكتەبی ئەعدادی) زەمانی توركەكاندا دائەنیشت. لە سنور بەدەر مەنگو هێمنو شارەزا بە ئادابو هەڵسانو دانیشتنی كوردەواری بو. بیْ ئەندازە حورمەتی حوكمداری ئەگرتو بۆ خۆی "كاتب"ێكی بچوكو یا خزمەكارێكیشی بەبیْ ئەمرو ڕەزامەندی شێخ مەحمود دانەئەنا. لەو دەورەدا سلێمانی خرۆشابو.

سوارەیەكی زۆربەی عەشایر، لادێییەكی زۆرو خەڵقی دەوروپشت، دێهاتییەكانی شێخ مەحمود دوابەدواو لە هەمو لایەكەوە ڕویان كردبوە ئەم شارە بچوكە. كۆڵانەكان، چایخانەكانو قەیسەریو بازاڕ، ماڵی گەورەكانی سلێمانیو دەوڵەمەندەكان "جمە"ی ئەهات. برنجو گەنمی عەماری میری كە لە توركەكان مابۆوە، هەر زەخیرەیەك كە لە عەماری دێهاتەكانی "شێخ مەحمود"دا هەبو ئەكرا بە پڵاوو چێشتو لە چێشتخانەی حوكمدارەوە ئەچوە ورگی ئەم عەشاماتەوە. لەولای تریشەوە میجەر نوئێل خەریكی چارەسازی گرانیو برسیەتی بو، پەیتا پەیتا عەمارەكانی كەركوك و لە بەغداوە شەكرو چاو ئاردی سپی ئەگەیاندە سلێمانی و بە خۆڕایی بەسەر فەقیرو هەژارو مەئمورەكاندا دابەشی ئەكرد. ئەم شتانە لەو كاتەدا لە سلێمانی قات بو و دەس نەئەكەوت. لەبەرئەوە هەرچی كە لە فەقیرو هەژارەكانو مەئمورەكان ئەمایەوە، بە هۆی ڕەئیسی شارەوە (بەلەدیە) ئەیخستە بازاڕەوەو بە نرخێكی كەم ئەفرۆشرا. بەم تەرحە خەڵقی شارو دێهاتەكان، فەقیرو هەژارو لێقەوماوەكان كەوتنە خۆشیو كەمێك بوژانەوە، "نوئێل" هەر بەمەوە نەوێستا، بەڵكو ڕوپیەو بانكنۆتو قەدەرێكی زۆر لیرەی توركی ئاڵتونیشی ڕژاندە سلێمانیو بەبیْ دەسپێوەلەرزین بەسەر ڕەئیس عەشیرەتەكانو دەستەو دائیرەی حوكمدارا بڵاوی كردەوە.

ئنجا مەپرسە، نۆكەرو خزمەتكار، كارەكەرانو دایەن، مامانو كەنیزەك سەریان بەرز كردەوەو خۆیان "گیڤ" كرد. هەر یەكە بە ناوێكەوە موچەو بەراتو

مەواجبیان بۆ بڕایەوە. نۆکەر بە خەنجەرو دەمانچەوە، دایەن و کەنیزەکان بە هارەی خشڵ هەیاسەو لاگیرەی زێڕینەوە کەوتنە کەشوفش. شەرواڵ و مرادخانی و چەفتەو مشکی سورمەو ئاوریشمی دەستەی شێخان و دەس و پێوەند، دیمەنێکی تری دابو بە سلێمانی. لە دوای دەوری ڕوت و قوتی و برسیەتیەکی جوانی و خۆشبەختی -هەرچەندە بەخیلی پێبردنیشی تیا هەبو- دیسانەوە جێی سوپاس بو. چونکە هیچ نەبێ یادی هەژارە ڕوت و قوت و شکهەڵاتوەکان و (تەرم)ە ئاوساو و شین هەڵگەڕاوەکانی مردوی ناو مزگەوت و کەلاوەو لاکۆڵانەکانی دوێنێی لەبیر ئەبردەوەو هیوای ژیانی تازە ئەکردەوە. بەڵام وەکو کورد ئەڵێت: دەستەو دایەرەی نەفام بەمە بەرەو یاخیبون ئەڕۆیشتن و لە وزە ئەچونە دەرەوە. حوکمداری کوردستانیش بە پێی هەوا ئەچو بەڕێوە. بە ڕۆژ لەگەڵ تاقمێك نۆکەرو دەستەو دایەرە ڕوی ئەکردە دەشتی کانێسکان و بە سەیرو گاڵتەو گەپەوە ڕایئەبوارد. بە هیوای ئەوە بو کە کات تاسەر بەم چەشنە بچێت بەڕێوە. خوا بە قودرەتی خۆی کوردستانی گەورەی بۆ دروست بکاو ئەویش (تاج)ی حوکمداری بنێتە سەر "سەر"!!.

*　*　*

## ١٦

## شێخ مەحمودو "کونفرانسی ئاشتی"

تەنیا شتێکی باش کە بۆ کوردستان کرا، ئەوە بو کە "شێخ مەحمود" مەزبەتەیەکی بە ئەهالی و عەشایری ئەم هەرێمە مۆر کرد، کە بە پێی ئەمە شەریف پاشای کوردی دانیشتوی پاریس کرا بە نوێنەری کوردەکان لە کونفرانسی ئاشتیدا بۆ داواکردنی حقوقی قەومی کورد. نوسین و ڕێکخستنی مەزبەتەکە لە پێشەوە لە ماڵی حوکمدار پێکهات. بێجگە لە حوکمدارو چەند ڕەئیس عەشیرەتێکی ناودار هەندێ لە خوێندەوارە تێگەیشتوەکان و "میجەر نوئێل" و ئینگلیزێکی تریش لەوێ بون کە داخەکەم ناوەکەیم نەنوسیوەو لە بیریشم

نەماوە. من خۆم نوسەری مەزبەتەو نامە تایبەتیەکە بوم کە نێررا بۆ "شەریف پاشا". ئەمانە بە ڕەشید کابان[٣١] و سەید ئەحمەدی بەرزنجی[٣٢]دا ڕەوانەی پاریس کرا. ئەمە کردەوەی سیاسی بەرو دوای "شێخ مەحمود" بو لە لای کونفرانسی ئاشتی بۆ کوردو کوردستان، بەڵام داخەکەم وەکو لە دواییدا باسی ئەکەین ئەمیش جێی خۆی نەگرتو ئەنجامێکی نەبەخشی. چونکە ئەم هەیئەتە نەیتوانی بچێتە پاریسو نامەو مەزبەتەکە بە "شەریف پاشا" نەگەیشت..

* * *

## ١٧

## لە دەوری یەکەمی حوکمداریی شێخ مەحمودا هەواڵی سلێمانی

"شێخ مەحمود" دوای ئەوەی کە بو بە حوکمداری کوردستان کەوتە وەستاوێکی گرنگەوە، لە کاروباری حکومەتدا کەم تەجرەبەو لە مەیدانی سیاسەتدا بێکەس بو. ئازایی و بێ ترسی و کەمتەرخەمی خۆشی لەو هۆیانە بون، کە بە هەڵەی بەرن. لەبەرئەمە ئەستێرەی بەختی زو ڕوی کردە کزی. چونکە ڕێو شوێنێك کە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری عەشایریدا لەسەری ڕۆیشتبو بۆ تەگبیرو ڕای ئیشی حکومەت بەکەڵك نەئەهات. ئەوانەی کە ئەیانتوانی لە حوکمدار نزیك ببنەوە لەم بابەتە بون: دەسو پێوەندی نەفامو نەخوێندەوار، دەوروپشتی

---

[٣١] ڕەشید زەکی کابان خەڵقی سلێمانییە. لە دەوری عوسمانیدا یوزباشیو لە مەکتەبی "ڕوشدیەی عەسکەری"دا مامۆستای ڕیازیاتمان بو. لەم دەوری دواییەدا منیش لەگەڵ مامۆستا ڕەشید زەکی لە "ئەعدادی موڵکی" مامۆستای زمانی فەرەنسزی بوم.

[٣٢] سەید ئەحمەدی بەرزنجەییش لە پێشدا لە مەکتەبی ئیبتیدائی موعەلیم بو. لەم دەورەدا ببو بە کاتبی تایبەتی شێخ مەحمود. لە دەوری حوکمداری دوەمی "شێخ مەحمود"دا بو بە مودیری ئەمنی گشتیو لە دوای ئەوە لە حکومەتی عێراقدا بو بە مودیر، دوای ئەوە بە قائیمقام، ئنجا لە ئیشی حکومەت دەرچو و کرا بە نائیبی سلێمانی.

چاوبرسی و دوای تالآن کەوتو، نۆکەری خەنجەرلەپشتو عەشایری تفەنگ لەشان. هەرچەند لە بەغداوە هەتا لە تورکیاوە هەندێ لە زابتە کوردەکان هاتبونەوە سلێمانی و لەو سەرو دەمەدا هەندێ خوێنەواری باشو نیشتمانپەروەر لەوێ بون و ئەیانویست کە دەسلەناودەس تێبکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن، بەلآم ڕێکەوتنی تاقمی دەوروپشتی حوکمدارو ئەمانەی تر نەئەگونجا و تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدارو تاقمی دوەمدا لە خەنجەرو دەمانچە دیوارێکی دروست کردبو.

ئەگەر حوکمدار خۆی بیویستایە، ئەم دیوارەی ئەڕوخاند و لە زابتەکان و منەوەرەکان نزیك ئەکەوتەوە. بەلآم وەکو وتبومان، نەترسان لە دواڕۆژو ئازایی و کەمتەرخەمی خۆی لە لایەکەوە، گرێیەکی نەقسی کە بەرامبەر بە زابتو منەوەر پەیای کردبو لە لایەکی ترەوە بەرهەڵستی ئەوە بو کە شەقێك لە دیواری خەنجەرو دەمانچەکە هەڵداو بیڕوخێنێ و خۆی بگەیەنێتە خوێنەوارە باشەکان. لەناو منەوەرەکان و زابتە کوردەکاندا بە ڕاستی هی باشو نیشتمانپەروەر هەبو و هەمویان لەوانە نەبون کە "شێخ مەحمود" لێیان بسڵەمێتەوە، بەلآم وەکو وتمان گرێیەکی نەفسی لەودیو دیواری خەنجەرو دەمانچەکەوە "شێخ مەحمود"ی ڕاگرتبوو وەستاندبوی و بەرهەڵستەتیەکی هەرە گرنگی نزیکبونەوەی بو لە زابتەکان. ئەمەش گرێیەکی تازە نەبو. بەڵکو لەو ڕۆژەدا پەیاببو کە لقی کۆمەڵی ئیتیحاد و تەرەقی لە سلێمانی دامەزرابو.

ئەو کۆمەڵە کە بەشی زۆربەی لەم چەشنە زابتانە بو کە ببون بە هۆی دەرپەڕاندنی نەوەی "کاك ئەحمەد" لە سلێمانی. ئەو دەرپەڕینە کە بە کوژرانی "شێخ سەعید"ی باوکی "شێخ مەحمود" و "شێخ ئەحمەد"ی برای، دوایی هاتبو و ببو بە هۆی نوشوستی و دەربەدەری و کەساسی و ماڵ وێرانییان.. دەسو پێوەندە نەفامەکان ئەمەیان چاك ئەزانی و بۆ مەرامی کارو قازانجی خۆیان باش کەڵکیان لێ وەرئەگرت. ساتێك لە هاندانی حوکمدار دوا نەئەکەوتن و بە وەستایی (منەوەر) و زابتەکانیان لەبەرچاو

ئەخستو سوك ئەكرد. عیزەتی فاتەو فایەقی تاپۆ كە توانیبویان لە "شێخ مەحمود" نزیك بكەونەوەو تا بەینێك "كاتم"ی ئەسراری بون، زو لێی جیابونەوەو لە ئینگلیزەكان نزیك كەوتنەوە، فایەق ئەیویست خزمەتی كورد بكا. زۆری تریش بەتەما بون كە تاسەر لەگەڵ شێخ مەحمود بنو بەبێ درۆ یارمەتی بدەن. بەڵام داخەكەم ئاواتەكان نەچوە سەر!!..

"میجەر نوئێل" بۆ ڕێكخستنی كاروباری شارەكانی ترو بڵاوكردنەوەی نفوزی شێخ مەحمود تا ڕەواندز چو و بۆ یەكخستنی ئەم شارانە لەگەڵ حكومەتی سلێمانی كوردستان تەقەلایەكی زۆری دا. بەڵام كە گەڕایەوە سلێمانی "شێخ مەحمود"ی لە وێنەیەكی تازەدا هاتە بەرچاو. وای بۆ دەركەوت كە لە هەوایەكی ترایەو خەریكە لە ڕێ لائەدا. لەگەڵ ئەمەیشدا نەیدایە ڕوی. ئینگلیزێكی زۆر شارەزا بە هەواڵی كورد بو. تا لە سلێمانی مایەوە، ماوەی بەدەركەوتنی كەمو كورتی نەدا. هەوڵی ئەوەی ئەدا كە چەوتی كرا ڕاستی بكاتەوە. مەبەستی بیانوگرتن نەبو. بەڵكو ئەیویست "شێخ مەحمود" پێبگەیەنێتو بۆ حوكمداری دوارۆژ بە ڕاستی ئامادەی بكا. زەمان بە دڵی نوئێل بچوایە بەڕێوە، شكم لەوەدا نیە كە بناغەی "كوردستانی گەورە"ی دائەمەزراند.. بە ئەمری شێخ مەحمود، من لە تەرجەمەدا یارمەتیم ئەدا[٣٣] و شەوان دەرسی كوردیم پێ ئەوت. لە دوای دەرس لەگەڵم ئەكەوتە باسی كوردستانەوە. هەر لەو ڕۆژەوە لە خەیاڵی گەشتێكدا بو بۆ كوردستانی توركیا. ئەیویست لە لایەن كوردە ناودارەكانی

---

[٣٣] وەكو وتبومان "نوئێل" كە هاتە سلێمانی لە دكتۆرێكو موهەندیسێك بەولاوە كەسی لەگەڵ نەبو. هەرچەند فارسی ئەزانی، بەڵام پێویستی بە كوردیزانێك هەبو كە زمانێكی بێگانەش بزانێ. لەبەر ئەوە كە لەو دەورەدا ئینگلیزیزان لە سلێمانیدا نەبو و من فەرنسزیم ئەزانی "شێخ مەحمود" ئەمری كرد كە من یارمەتی بدەم. جگە لە نوسینو تەرجەمە دەرسی كوردیشم پێ ئەوت.

تورکیاوە شارەزایی پەیا بکا. باسی "بەدرخانی"یەکان و کوڕەکانی "جەمیل پاشا"و بابانەکانی ئەستەموڵی ئەپرسی.

وەکو بۆم دەرئەکەوت ئەو لە من شارەزاتر بو. لەگەڵ ئەمەشا هەر ئەیپرسی. بەڵام لەم باسانە من سودم زیاتربو. لە دڵیا بو کە لەگەڵ خۆی بمبا بۆ تورکیا بۆئەوەی لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ، لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکان و گەورەکانیان بۆ داوای کورد تێبکۆشێت و بۆ حکومەتی کوردستانی "شێخ مەحمود" پشتیوان و لایەنگیر بدۆزێتەوە. لەبەرئەمە خۆی لە شێخ مەحمود زیز نەئەکرد و نەیئەویست دەسی لیّ بەر بدا.

بەم ڕەنگەو بەم سیاسەتە نەرم و زرنگانەیە، توانی تا ماوەیەکی باش کولونیل ویلسنی حاکمی عام لە "شێخ مەحمود" نەتۆرێنێ. من بزانم لە لایەن ئامانجەکانی خۆیەوە دەربارەی کوردستانی دواڕۆژ، بە دزییەوە تەقریریشی بۆ ئەنوسی. بەڵام شارەکانی وەکو کەرکوك و کفری و هەندێ لە ڕەئیسە کوردەکانی تر نەیانویست بێنە ژێر حوکمی "شێخ مەحمود"ەوە. ئەویش ئەمەی لە ئینگلیزەکان ئەناسی و باوەڕی پێیان نەمابو. بە کورتیەکەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز ڕێنەئەکەوت و متمانەی پێنەئەکردن. لەبەرئەمە تەقەلای نوئێل کەڵکی نەگرت و ناکۆکی کەوتە بەینی ویلسن و شێخ مەحمودەوە. ویلسن هەر لە بنچینەدا بە چاوێکی باش تەماشای "شێخ مەحمود"ی نەئەکرد و ئەیویست دوایی بە حوکمی بدا. ئنجا بڕیاری دا کە ڕاستەوڕاست دەس لە کاری حکومەتی سلێمانیەوە بدا. لەبەرئەمە نوئێلی بانگ کرد و لەژێر سەرەکیی خۆیدا –سەرەکی ویلسن– لەچەمەن و سۆن و گۆردەن واکەریشی کۆکردەوە و دوای گفتوگۆیەکی دورو درێژ، هەر بە ڕەزای خۆی، میجەر نوئیل لە موستەشاری شێخ مەحمود دەسی هەڵگرت و بڕیار درا کە "میجەر سۆن" لە جێی ئەو بکرێت بە موستەشار یا بە حاکمی سیاسی[٣٤] "نوئێل"یش بە ئامانجی خۆی گەیشت و

[٣٤] Loyalties Mesopotamia W-11.Arnold Wilson.

لـە لایـەن حکومـەتی بـەریتانیاوە واجبێکـی تـری پـێ سـپێررا و نێررایـە کوردستانی تورکیا..

*     *     *

## ١٨

## گەشتی مێجەر نوئێلو "فایەق"ی تاپۆ[٣٥] لە تورکیا

پێش ڕۆیشتنی "نوئێل" بۆ تورکیا بە مانگێك من نەخۆش کەوتبومو زۆر لە دەرەکدا بوم. نوئێل ڕایسپاردبو هەمو ڕۆژێك دو جار دوکتۆرە ئینگلیزەکە ئەهاتە لامو دەرمانی ئەدامێ یا دەرزی لێ ئەدام. لەبەرئەوە لەوانە نەبوم کە ئەم گەشتە لەگەڵ من بکا. ئنجا ڕۆژێکیان نوئێل خۆی دوکتۆرەکەی هێنایەماڵەوەو ڕایسپارد کە ئاگای لێم بێو باش چاوێریم بکا. دوای ئەوە فایەقی لەگەڵ خۆی هەڵگرتو بەڕێی ڕەواندزو موسڵدا چوە تورکیا. (شوبات ١٩١٩).

بەرنامەجی نوئێل وەك من ئەیزانم ئەمە بو، کە چاوی بە کوردەکانی تورکیاو بە تایبەتی بە گەورە نیشتمانپەروەرەکان بکەوێتو ئەوەیان بیر بخاتەوە، کە بەریتانیا لە تێکەڵبونی بە شەڕی گێتی مەبەسی ئەوە بوە کە قەومە بچوکە بێ دەسەڵاتو ژێردەستەکان، لەژێر چنگی دەوڵەتە بێگانەکانی گەورەو بەهێز دەربێنێو حەقی ژیانو قەومییان بداتە دەس خۆیان و ئەیویست کە لەگەڵ ئەو گەورە نیشتمانپەروەرانەی کوردا لە لایەن کوردستانەوە بدوێ، لە بیروباوەڕیان تێبگاو ئەگەر ڕێبکەوێ هەوڵ بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە بدرێتو بەرنامەجێك بۆ ئەم کارە ڕێك بخرێت. لەو حەلەدا زۆر جێگەی تورکیا، تەنانەت ئەستەموڵیش لە ژێر چنگی هێزی سوێندخۆرەکاندا بو. لەبەرئەمە نوئێلو فایەق بەبێ ترس چونە خاکی تورەکەوەو بە بەرچاوی خەڵقەوە کەوتبونە ناو کوردەکانەوە. لە لایەن کۆمەڵەکانی سیاسی کوردیشەوە "ئەمیر جەلادەت بەدرخان"و دو کوردی تریش گەیشتنە ئەو ناوەو لەگەڵ نوئێلو فایەق یەکیان

[٣٥] فایەقی تاپۆ "ئەحمەد فایەق بەگ"ە کە لە دەوری "عوسمانی"دا ئەندامی مەحکەمە بو لە سلێمانی. بەینێکیش لە بەغدا مودیری تاپۆ بو. کوڕی تۆفیق ئەفەندی خەڵقی سلێمانیو خوشکەزای حاجی ڕەشیدی "ڕێوی"یە. لەم دواییەدا ڕەئیس مەحکەمەی کەرکوك بو. چەند ساڵێك ئەبێ مردوە.

گرتـەوە. هـەر لـەم کاتـەدا کـە ئـەمان بـەناو کوردەکـانی "خـەرپوت=خرپـوط"و دیاربـەکرو ئـەو نـاوەدا ئەسـوڕانەوەو بـۆ کـوردو کوردسـتان گفتوگۆیـان ئـەکرد، "مستەفا کەمال"ی موفەتیشی گشتی لەشکرەکانی تورکیش لە لایەن حکومەتی خەلیفـەوە بـانگ کرایـەوە ئەسـتەموڵ. حکومـەتی خەلیفـە لـە ئەسـتەموڵ کـە "بازیچە"یـەك بـو بـە دەس هێزەکـانی سـوێندخۆرەکانەوە لـە هـەواڵی ئـەو ڕۆژەی ئەستەموڵ کەوتبوە ترسەوە.

مەجلیسی مەبعوسان بڵاوەی لـێ ئـەکردو لـە خەلیفە یـاخی ئـەبو، زابتـەکان و خوێنـدەوارە بـەرزەکان کەوتبونـە کـەین و بـەین و ڕایانئـەکردە ئـەنادۆڵ بـۆ لای "مسـتەفا کـەمال". سـەدری ئـەعزەم (صـدر أعظـم= ڕەئیسـی وزەرا) لـە عاسـت دەسـدرێژی و کردەوەکـانی هێـزی سـوێندخۆرەکانا لـە ئەسـتەموڵ، ئازانـە خـۆی ئەکێشـایەوە و ئیسـتیقالەی ئـەکرد. بـەڵام لـەولای تریشـەوە بـە ڕاسـپێری سـوێندخۆرەکان حکومـەتی ئەسـتەموڵ لـە ترسـی ئـەوە کـە شۆڕشـێك بنێتـەوە "مستەفا کەمالی" داوا ئەکردەوە "ناوچە"، لەشکری یۆنـان هەڵمەتی ئەبردە سەر "ئیزمیر"و داگیری ئەکردو بە تەمای ئەوە بو کە تا "ئەدەنە= اطنە"و "ئەنقەرە" نەوەسـتێت و بیانگرێـت. واتـە تورکیـا بـە ڕاسـتی لـە دەرەکـدا بـو و کـەوتبوە لەقەفرتێ! ئیتر دواڕۆژی وڵات و نامـەی بەختی میللـەتی تورك بە دەس "مستەفا کەمال"ەوە بو.

ئەگەر "مستەفا کەمال" لەوانە نەبوایە کە زۆران لەگەڵ چارەنوس ئەگرن و ملـی بـۆ قـەوماو بنەواندایـە" نەکردایـەو بگەڕایـەوە ئەسـتەموڵ، و ئـەنادۆڵی بـەجێ بهێشتایە، لەوانە بو بڵێین کە مێـژو نـاوی "ئەتاتورك"ی نەئەبیست و زۆر نـەبو کە لـە ئاسیای بچوکدا لـە جێـی "جمهوریـەتی تـورك"ی ئیمـڕۆ دەوڵـەتێکی گـەورەو سـەربەخۆی کـورد دابمـەزرێت و خـەیاڵاتی نوئێـل و نیشـتمانپەروەرەکانی کـورد بێتـەدی و تەقـەلاکانی کۆمەڵـە سیاسـیەکان کـوردو شـەریف پاشـا کـە لـە لای کونفرانسی ئاشتی درابو، بە فیڕۆ نەڕواو پەیمانی سەڤەر بچێتە سەر. ئەو حەلە دیارە کە مێژو بە چەشنێکی تر ئەنوسرا. دێت بە بیریشدا کە بڵێین ئەی تورك چی

لیٚ ئەهاتو بۆ چە لایەك ئەچون؟ بەلاٚم بۆچی ئەوەمان لەبیر ئەچیٚتەوە کە ئەوان لە خۆرهەلاٚتی دورەوە عەشیرەتیٚکی چوارسەد سواری بونو هەلاٚتبونو خۆیان هاویشتبوە ئەم ولاٚتەوە، وردە وردە ببون بە میراتخۆری "سەلجوقی"یەکانو جیٚنشینیان. ئنجا لە دوای حوکمیٚکی خویٚناوی ٦٠٠ سالٚی بۆچ نەئەکرا کە بکشیٚنەوە ناوچەیەکی بچوكو ئەمارەتیٚکی سەربەخۆیان بۆ دابمەزریٚنریٚت؟ ئەمارەتیٚکی وا کە بەشی ئەمیریٚکی وەکو "وەحیدەدین" بکاو سەرو زیادی بیٚ.

بەلاٚم بۆچی ئەمەندە شویٚن خەیالٚ بکەوین؟ با بگەڕیٚینەوە سەر ئەوەی کە بو واتە بگەڕیٚینەوە سەر واقعو حەقیقەت "مستەفا کەمال" سەری بۆ ئەمری خەلیفە نەچەماندەوەو نەگەڕایەوە ئەستەمولٚ. دەسی لە هەمو "ڕوتبەو نیشان"ەکانی هەلٚگرتو لە ئەنادۆلٚ مایەوە. بۆ ئەمە بەرامبەر بە خەلیفە سەرپیٚچی کرد، کە وەکو خەلیفە نەکەویٚتە ژیٚر چنگی هیٚزی سویٚندخۆرەکانەوە. بۆیە مایەوە کە بتوانیٚت بەربەرەکانی سویٚندخۆرەکان بکا. ڕیٚ لە لەشکرەکانی یۆنان بگریٚت. ولاٚتو بەئەنجام ئەستەمولٚیش لەژیٚر چنگی دوژمن بیٚنیٚتە دەرەوەو لە دیلیو زەلیلی ڕزگاری بکا. بەلٚیٚ بۆ ئەمە لە ئەنادۆلٚ مایەوە کە شەرەفی تورك بکڕیٚتەوەو ببیٚ بە قارەمانی ڕزگاری تورکیای تازە..

"مستەفا کەمال" ئەمەی بە شیٚتانە نەکردبو. چونکە لە ئەنادۆلٚدا خۆی بە تەنیا نەبو، هیٚزەکانی تورك لە دیاربەکر دەسبەجیٚ چوبونە ژیٚر فرمانیەوە، لەبەرئەوە ئەمری دا بە "کەنعان" بەگی سەرەکی ئەرکانی جەبهەی دیاربەکر بۆ گرتنی نوئیٚلو فایەقو هاوڕیٚکانیانو دەستەیەك سەربازیان شویٚن خرا. بەلاٚم بە یارمەتی کوردەکانی ئەو ناوە، ئەمانە لە دەرەك ڕزگاریان بو خۆیان گەیاندە حەلەبو لە دوای حەلەب چونە ئەستەمولٚ.

*　*　*

## ١٩
## سلێمانی دوای ڕۆیشتنی نوئێل

دوای ئەمە کە نوئێل چوە کوردستانی تورکیا وردەوردە ئینگلیزەکان دەستەو دائیرەیەکی هەمو جۆرەیان ڕژاندە سلێمانی. ئەمانە عەجەمو هندیو عەرەبو ئەفغانی، گاورو جولەکەو ئەرمەنی، بە کورتی ڕەگەزو تیرە نەمابو کە تیایانا نەبێ. دایەرەکان چە هی حاکمی سیاسی،چە هی عەسکەریو مالیو گومرگو ئەوانی تر هەر یەکە معاونو یا مشاورێکی ئینگلیزی چوە سەر. هندی مێزەر سپی، هندۆکی ڕیش هەڵبەسراوو لولدراو، سیکی ڕەشو قاچ باریك بە هەمو ژورەکاندا بلاو بونەوە. چاپی دەس (تایپڕایتەر) بە تەقو هوڕەوە کەوتەر کار. ئنجا لە لایەکەوە دەستەو دائیرەی تاقمی شێخانو خزمەکارانی خەنجەرو دەمانچە لە پشت، لەولای ترەوە لە (سەیز)ەوە بگرە تا فەڕاشو چێشتکەر، دەستەو دائیرەی ئینگلیزەکانو تەنانەت هی هندۆکە سمێڵ بابڕو ڕیش لولەکان" ئەوان بە چەكو سیلاحی نەفامیو عەشایەری ئەمان بە زمانی بەدو دوڕوییو لە پاشملە چاڵ بۆ هەڵکەندن، کەوتنە وێزەی خەڵقی سلێمانییەوە. لەمەش جێ داخ تر ئەوەبو کە هەندێ نارەسەنو پەسمایە لە ئەهلی شارەکەش ببون بە پۆلیسو نۆکەری ئینگلیزەکان و شانازییان بە جاسوسییەوە ئەکرد. میللەتی بەسەزمان کە هێشتا کارەساتی شەڕی گەورەو دەردی نەخۆشیو برسیەتی لەبەرچاو بو و لە بیری نەچوبۆوەو بە هیوای ئەوە بو کە بەینێك ئاسودە بێو بێ غەم بژی بەم جۆرە کەوتە حاڵێکەوە کە حەسرەت بۆ ڕۆژانی ڕابردوی بکێشێت.

من تازە لە نەخۆشی هەڵسابوم. ژنان ئەیانوت "ئەسپەك" داویەتە سەرم. هێزو تەواناى ئیشکردنم نەبو. بەرامبەر بەم وەزعەش زۆر بێ حەوسەڵە بوبوم. بڕیارم دا کە بچمە کەرکوك بۆ لای مامەکانم. گرینهاوسی وەکیلی نوئیلم چاو پێکەوت. وتی "کەپتەن بیل" ئەیەوێ بتبینێ. "کەپتەن بیل" معاونی حاکم بو و تازە هاتبوە سلێمانی. هێشتا نەمئەناسی. کە چومە لایو خۆم پێ ناسی، بە فەرەنسزی وتی:

ئەمەوێت فارسی بخوێنم. ئەبێ تۆ پێم بخوێنی دیار بو کە وەکو شارەزا قسەی لەگەڵ ئەکردم. بەڵام ویستم تێی بگەیەنم کە نەخۆشمو تەواناى ئەوەم نیە. زۆرم لەگەڵ خەریك بو، ئنجا بە ناچاری بڕیارم دا کە پێی بخوێنم. من وام ئەزانی کە فێری قسەکردنی ئەکەم. کەچی کتێبی "گلستان"ی لەبەردەمدا بو. ئەیویست (گلستان) بخوێنیت. ئەمە کارێکی بە ڕاستی گرنگ بو. سەعدی، "گلستان"ی بۆ ئەوانە نەنوسیبو کە تازە فێری فارسی ئەبن. بە فەرەنسزی یەکێکی وەکو منیش ئینگلیزێك چۆن تێی ئەگەیشت؟ ویستم بیری بیل بگۆڕمو لە ڕێی قسەکردنەوەو لە سەر تەریقەی بەرلیچ پێی بخوێنم. نەچو بە دڵیدا. ناچار یەك دو دێڕێکم لە گلستان پێ خوێند. هیوای ئەوەم نەبو کە "بیل"م ڕازی کردبێ. بەڵام دوای دەرسەکە زۆر کەیفی هەبو و بە گەرمەوە تکای دەرسی سبەینێی لێ کردم. بە ڕاستی ئەو ڕۆژە زۆر ماندو بوم. ئەوەندە هەیە کە ئەمزانی لە پێشەوە غەمی دەرسەکان بخۆمو ئامادەی بکەم بارم سوك ئەبێ. جگە لەمەش ئەمە کەڵکی خۆمی تیا هەبو. بە فەرەنسزی قسەم ئەکردو زیاتر پێی ڕائەهاتم. بیل فەرەنسزی زۆر باش ئەزانی بەڵام من کە لە مەکتەبی ئەعدادی موعەلیمی فەرەنسزی بوم هەرچەند لە خوێندنەوەو تێگەیشتنو گرامەردا خراپ نەبوم، بەڵام لە قسەکردندا ئەوەندەم پراتیك نەبو.

دوای ئەم دەرسە چومە ئەو ژورەی کە نوئێل بۆ منی دانابو. ڕوانیم پڕ بو لە هندۆك. ژورەکانی تریش هەر بەو جۆرە. ژێر پێپلیکانەکانی سەربازیش کورسیو مێزی لێ دانرابوو هندۆکێكو یا ئاسورییەکی هەر لێ بو. کەوابو جێی دانیشتنم نەبو. ڕاست چومە ماڵەوە. ئێوارە بە خزمەت "شێخ مەحمود" گەیشتمو ئەمانەم تێگەیاند. "سەید ئەحمەدی بەرزنجی" لە لا بو. وتی *زۆرباشە دەرسی پێ بڵێ. بەشکو بتوانێت بیکەی بە "خاکەناز"* [٣٦] ئەمە مانای ڕالێبونی "شێخ مەحمود" بو. بەڵام زۆری پێ نەچو لەم مامۆستایەتیە سارد بومەوە. چونکە دوای چەند ڕۆژێك

[٣٦] "سەید ئەحمەد" بۆ سوحبەت بە "بیل"ی ئەوت بێڵ. ئەمیش دیارە بە کوردی لەگەڵ (خاکەناز)دا خزمە.

دیاربو کە قوتابیەکەم بە چاوێکی تر تەماشام ئەکا. ئەیویست وەکو لەگەڵ هندۆکە قاچ باریکەکان لەگەڵم بجوڵێتەوە. چەند جارێك دڵی شکاندم. فیزێکی ئێجگار زلی هەبو. بە تەما بو منیش ڕابێنێت و نەرمم بکا. لەوە زیز ئەبو کە من وەکو هندۆك و ئاسوریەکان ناکەم، بەڵکو خۆم بە شتێك وە یا بە ئینسانێك ئەزانم. من جارێ خۆم گرتبوو چاوم لە هەندێ شتی ئەپۆشی. بۆ هەلێکی وا ئەگەڕام کە بەجێ بێت و هەڵبگرێت. ئەم هەلە ئەو هێنایە پێشەوە. ڕۆژێك دیسانەوە دەرسم پێ ئەوت "میرانی قادر بەگ" و "ڕەشید بەگ"ی برای و ڕەئیسەکانی تری خۆشناوەتی (شەقلاوە) کە هاتبونە لای "شێخ مەحمود"، سەری ئینگلیزەکانیشیان داو هاتنە لای "بیل". چاییان بۆ هات و خواردیانەوە. پیاڵەکانیان بە دەستەوە ما. جێگەیەك و یا مێزێك نەبو لەسەری دابنێن. چونکە لەو ڕۆژەدا هێشتا مێزو کورسی و ئەسبابی تەواو نەبو. فەڕاشەکەی "بیل"یش بە ئیشی بیل چوبوە دەرەوە. ئنجا قوتابی‌یەکەم ئەمری بە من کرد کە پیاڵەکانیان لێ وەرگرم. ئەگەر ئەو ئەمری نەکردایە لەوانە بو خۆم بە ناوی میوانداریەوە لە دەسیان وەرگرم و لە لایەکەوە دایان بنێم. بەڵام بە ئەمر پێم نەنگ بو ئەم کارە سوکە بەجێ بێنم. جگە لەوەش لە کردەوەی بیل دەمێك بو دڵشکاو بوم. لەبەرئەوە وەڵامم نەدایەوە و لە جێی خۆم نەجولامەوە. ئەمجارەیش پێی وتمەوە، دیسانەوە چرکەم نەکرد. وا دیار بو میوانەکان شتێك تێگەیشتن. ئاوڕیان دایەوە و پیاڵەکانیان لە پەنجەرەکەی پشت سەریانەوە دانا.

بەڵام بیل ڕەنگێکی هانی و ڕەنگێکی برد. من لەو خراپتر. هێشتا نەخۆشیم مابو. زۆریش پەست ببوم. باش بو میوانەکان زو هەڵسان و ڕۆیشتن. بیل، دوای چەند سانیەیەك پیشخواردنەوە و لێکدانەوە وتی: *بۆچی وەڵامت نەدامەوە؟* وتم *ئەتەوێت وەڵامی ڕاستت پێ بڵێم؟* وتی: *ئادەی.* وتم: *من دەرس بە تۆ ئەڵێم و تۆ قوتابی منی لەبەرئەوە تێناگەم چۆن ئەمرێکی وام پێ ئەکەی؟ کە وەڵامم نەدایەوە ئەبو بە وەڵامی بژمێری.* لە سەرو سیمای تێگەیشتم کە ئەم قسانەم کاری تێکردوە. بە هەلم ژمارد. ویستم بە تەواوی لەگەڵی بڕمەوە. ئنجا وتم: *ئەگەر ئەم*

*قسانەم بە حەق نازانی ئەبێ بە فەڕاشم دابنێیت. کەوابو تکام ئەمەیە لەم فەڕاشییە ئازادم بکەی.* لەسەر ئەم قسانەم تۆزێك وێستاو بێدەنگ بو، ئنجا لە ناکاو هەڵسایە سەر پێ و بە ڕویەکی خۆش و دەمێکی بە زەردەخەنەوە دەسی گوشیم. منیش سوپاسم کردو چومەماڵەوە. لە وەختێکا کە نوئێل لە سلێمانی بو من هەستم بە فیزو کیبری ئینگلیزەکان نەکردبو، چونکە ئەو زۆر دڵی ڕائەگرتم و بە چاوێکی بەرزو بەڕێزەوە تەماشای ئەکردم. چەند ڕۆژێك پاش ئەم ڕوداوە، بیل ناردی بە شوێنما و گەلێ دڵنەوایی کردم.

ئنجا پێی وتم کە ئەبێ بۆ گەشتێك لەناو عەشیرەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوکدا ئامادە بمو لەگەڵی بچم. لەبەرئەوە کە دوای خەریکبون و نەوازشێکی زۆر بەڵێنی چونم لەگەڵ دابو، ئەمجارە گەلێك دڵی ڕائەگرتم و ئەیویست کە هێمنم بکاتەوەو ڕابردوم لەبیر بچێتەوە. بە تەواوی بە چاوی هاوڕێیەکی بەڕێز لەگەڵم ئەجولایەوە. لەم گەشتەدا نەخشەیەکی تەقریبی هەرێمی عەشایرەکانی ئەکێشا و جێی ڕێی هەمو عەشیرەتێك و دێهاتەکانی لەسەر ئەم نەخشەیە دەرئەخست. ڕەگەزو بنچینەی ئەم عەشیرەتانە باوباپیرو کوڕو کوڕەزای گەورەکان و سەرکردەکانیان، خزمایەتی و کەسایەتی بەینی عەشیرەتێك و ئەوانی تر، ژمارەی سوارەو پیادەی هەر یەکە لەمانەی ئەپرسی و ئەیکۆڵیەوە. لە دوژمنایەتی و ناکۆکی، لە هۆی ئەم دوژمنایەتیە، لە پلەی نفوزی دەسڕۆیشتنی هەمو ئاغا و بەگ و سەرکۆمارێك، لە چۆنیەتی بەینی ئەمانەو "شێخ مەحمود" ئەگەڕاو زۆر بە وەستایانە لەسەر وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە ئەوێستاو باش ئەیکۆڵیەوە. تفەنگەکانی ئەپشکنین، لە چەشنیان و تازەو کۆنییان ورد ئەبۆوەو هەندێجار تاقیشی ئەکردنەوە.

لە جلوبەرگی ئاغاو نۆکەرەکان، لە هی منداڵیان ئەفکری و بۆی بلوایە سەیرێکی ناو ماڵ و تروتفاقی ئەکردن. سەرنجی ئەدایە ولاخی بەرزەیان و ماڵاتیان و پلەی هێزو دەسەڵاتی شەڕو چەشنی ژیان و ڕابواردنی کاتی ئاشتیانی، یەکە بە یەکە لای خۆی ئەنوسی. لە هەمو سەیرتر ئەوەبو کە بە چەشنە ئیستفتایەکی وەکو

یاری منالآن ئەوانەی کە بۆنی ناحەزی "شێخ مەحمود"ی لێ ئەکردن ئەبون بە ئاغا وەیا کوێخاو ڕەئیس. کەسێکیش بەرامبەر بەم یارییە منالآنەیە سەری بەرز نەئەکردەوەو دەنگی لێوە نەئەهات.

من لەم هەمو پرسینو کۆڵینەوەو چەنەکوتانەدا تەرجەمەم لەسەر بوو پێم برابو. لە هێزی چەنەو نەقەسی درێژی "بیل"، لە قسەی پڕوپوچو بێتامی لادێییو عەشایرەکان چەنەو مێشکم ماندو بێهێز ئەبو دڵم ئەگوشرا. لەگەڵ ئەمەیشا خۆم سڵ نەئەکردو لەم جۆرە پرسینەوەو لێکۆڵینەوانە مەیلی لە شت گەیشتنو تێوردبونەوەم تیا پەیا ئەبو. بیل جگە لە من کابرایەکی تری لەگەڵ خۆی هێنابو. بە قسە "کاتب"ی بو. بەڵام نەك شتێکی پێ بنوسرێت، بەڵکو نەمدی کە جارێك قسەیەکیشی لەگەڵ بکا. دوای بەینێك –هەرچەند باوەڕیشم نەکرد– وایان تێگەیاندم کە جاسوسی بوە بە سەرمەوە. لە پاش ئەم گەشتە دورو درێژە گەڕاینەوە سلێمانی. پێی ناوێت بڵێم کە ئەو کۆڵینەوەو ئیحصایە کە بیل کردبوی خەزنەیەکی زانیاری گەلێ بەنرخو بەکەڵك بو بۆ کاربەدەستی حکومەتێکی سیاسی..

*     *     *

## ٢٠

## شێخ مەحمود و دەستەو دائیرەی چییان ئەکرد؟

وەکو لە پێشەوە باسمان کردبو "شێخ مەحمود" هەروەکو بۆ داڕشتنی بناغەیەکی باشو بەهێز بۆ ئەم حکومەتە تازەیە تەقەلایەکی تەواوو بە کەڵکی نەئەدا" هیچ نەبێ بۆ پاراستنی جێو ناوچەی نەفسی خۆشی کردەوەیەکی ئەوتۆی دیار نەبو. نە تەشکیلاتێکی ئیداری ڕێکوپێك، نە دانانی نیزامێكو ڕێگەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت!.. لەبەرئەمە ئینگلیزەکان ئەو ناوچەو دائیرانە، کە پەیوەستی بە کاروبارو مەسڵەحەتی خۆیانەوە ڕاستەوڕاست بە کەیفی خۆیانو پێویستی مەسڵەحەت یان پیاوی خۆیان بە

سەرەوە دانابوو هەڵیان ئەسوڕاند. دەستەو دائیرەی حوکمداریش لەو شتانەدا کە ئینگلیز خۆیان تێنەئەگەیاندو یا لەو دائیرانەدا کە پیاوی خۆیان بە سەرەوە دانەنابو، بە هەوەسی خۆیان و پێویستی قازانج و یا مەرامیان، دەسدرێژییان ئەکرد. دیارە کە ئەمانیش لە لایەن ئینگلیزو کاربەدەستەکانی سەر بە ئینگلیزەکانەوە چاویان لێ ئەپۆشراو توشی هیچ جۆرە بەرهەڵستەتیەك نەئەبون.

حوکمدار خۆی بە خەڵات و بەرات چەند ڕئیسێکی عەشایری لە خۆی نزیك خستبۆوەو بە بڕینەوەی مەواجب بۆ چەند کەسێکی تر بە نفوزو ناودار، هەندێ دۆست و لایەنگیری پەیدا کردبو. وا بە تەمابو کە دۆستی و پەیوەستەگی ئەم ڕەئیسانە تاسەر بێ و کەڵکێکی لێ وەرگرێت. دوای بەینێك کە ئینگلیزەکان بە تەواوی دامەزران و جێی خۆیان گرت و شارەزایی تەواویان دەربارەی عەشایرو خەڵقی تری وڵاتەکە پەیدا کردو بە تایبەتی کە لە تەبیاتی "شێخ مەحمود" باش شارەزا بون و بۆیان دەرکەوت کە زۆر بە تەنگ دواڕۆژەوە نیەو هەر بۆ ئەو ڕۆژە ئەژی کە تیایەتی" جگە لەمانە هەمو، دوای ئەوە کە نوئێل ڕۆیشتە تورکیا و "شێخ مەحمود" لە ڕابەرو ڕێپیشاندەرێکی وەکو ئەو هێمن و بە هۆش و لایەنگیری خۆی دور کەوتەوەو لە ئیدارەو بەڕێوەبردنی کاروباردا کەموکورتیەکان دەرکەوت و دەنگی ناڕەزایی لەملاو ئەولا بەرز بۆوە، ئینگلیزەکان هاتنە سەر پاشو، چاوەڕوانی ئەوە بون کە چەپۆکێك بوەشێنن و دوایی بە حوکمی شێخ بدەن. "شێخ مەحمود"یش کە دەنگی ناڕەزایی مقۆمقۆی خەڵقی ئەبیستەوەو بە تایبەتی کە دەوروپشتە نەفامەکانی لە جیاتی ئەوە بۆ ڕاستکردنەوەی چەوتیەکان یارمەتی بدەن و لە ڕێی قازانجی خۆیان و گەورەکەیاندا، لە هەندێ دەسدرێژی و بەدزمانی خۆیان بکێشینەوە. ئەوەندەی تر شوڵیان لێ هەڵئەبڕی و ئەچون بە قینا و سەرەڕای ئەمەش بۆ دەمکوتکردنی خەڵقەکەو نواندنی هەیبەتی خۆیان (حوکمدار)یان هان ئەداو ئەبون بە هۆی زیادبونی شێواندن و ئاڵۆزاوی.

لە لایەکی تریشەوە ئینگلیزەکان لە "ڕو"دا لەژێر سەرەکی "شێخ قادر"ی برای حوکمدارو لە ڕاستیدا لەژێر چاودێری و فرمانی "میجەر دانلیس" خەریکی

ڕێکخستنی هێزێکی سوارەو پیادە بون. لەبەر ئەمە پێویستیان هەبو بە ژمارەیەکی زۆر لە زابتە کوردەکانو لەو کاتەدا بە چاكو خراپ هەر زابتێك لە سلێمانیدا بو وەریان ئەگرتە ئەم تەشکیلاتەوە. زابتەکان کە بە هۆی هاندانی دەوروپشتی خۆخۆرو دەسوپێوەندە لە دڵدا لە حوکمدار زویر بونو یا لێی دور کەوتبونەوە، ئەمەیان بە هەل زانیو بەشی زۆریان چونە تەشکیلاتەکەوە. واتە بون بە ژێر دەسی دانلیس! بەمجۆرە گەلێك لە زابتە خوێندەوارەکان لە ناوا نەمانو بەرچاوی نۆکەرو "کاسەلێس"ەکان پا بۆوە. جێی ئەمانە لە لای حوکمدار بە هەندێ بەقاڵو چەقالی[٣٧] ناو بازاڕ پڕ کرایەوە. جگە لەمەش ئەوانەی کە دەسمایەیەکی باشیان نەبو یا کاروکاسبیەکی سەربەخۆو ئازادیان بۆ هەڵنەئەسوڕاو یا لەبەر بێ بازاڕی دوکانەکانیان دائەخست، خەنجەرێکیان لە پشت ئەبەستو بەبێ ئەرك ئەچونە ڕیزی نۆکەرانەوە.

"تایەر ئەفەندی فەرخە" کە لە دەوری تورکەکاندا تەحسیلدار (جابی) بو لەو دەورەدا کرابو بە مودیری پۆلیس. ئەم کابرایە کە لە کوێرە خەتێك بەولاوە سەرمایەی زانیاری نەبو، (خوا لێی خۆش بێ) ئێجگار فیزێکی زلی هەبو و قین لە سکیش بو. لەبەرئەمە ئەویش بە قەدەر حاڵو لە ڕوی نەفامیەوە بۆ تێکدانی دەزگاو دوکانی حکومەتی "شێخ مەحمود" خەریك بو. خەڵقیش هێشتا ئەوەندە شارەزای ئینگلیز نەبوبون. لەبەرئەمە کاتی دەسوەشاندنی "میجەر سۆن" هاتبو. ئنجا وردەوردە دەستی کرد بە بیانوگرتنو دەسدرێژیو کەوتە تەگبیری بڵاوکردنەوەی دەستەودایەرەی حوکمدار!!.

*　*　*

---

[٣٧] من لێرەدا تکای لێبوردنی ئەوانە ئەکەم کە شانازی بە کاسی خۆیانەوە ئەکەنو بۆ پارویێك نانو یا بۆ فێزو دەسدرێژی خەنجەر لە پشت نابەستنو نۆکەری کەس ناکەن. ئەبێ بزانن کە من خۆم شانازی بەو خزمانەوە ئەکەم کە بەقاڵنو نینۆکێکی ئەمان بەو خزمانەم ناگۆڕمەوە کە لافی توجاریو گەورەیی لێ ئەدەنو یا پیاوی میریو بۆ قازانجێکی حەرامو ناحەقو یا بۆ یارمەتیەکی بێفەڕ هەزار مەرایی و.. لەبەر کاربەدەستێکی حکومەتدا ئەکەن.

## ٢١

## سەفەری من بۆ کۆیە لەگەڵ کەپتەن بیل

لەم دەورەدا بو کە "کەپتەن بیل" کرا بە حاکمی کۆیە. ئەمجارەش زۆرم لەگەڵ خەریکبو کە لەگەڵی بچم. منیش هەوڵم دا کە نەچم. بەڵام کەڵکی نەبو و لێم نەگەڕاو بە زمانی شیرین تەفرەی دام. ئنجا چومو پرسی "شێخ مەحمود"م کرد. دیارە، کە تەگەرەی تێنەداو بەڵکو پێی خۆش بو یەکێکی وەکو من کە سەر بە خۆی بومو متمانەی پێ ئەکردم لەگەڵ ئینگلیزەکان بم. بە تایبەتی منیش لە هیچ کاتێکا نەمئەویست لە خۆمەوە یا بێ پرسی "شێخ مەحمود" شتێك بکەم. چونکە خۆم بە یەکێك لە جێ باوەڕەکانی ئەو ئەزانیو حەزم بە سەرکەوتنی ئەکرد. ئنجا کە زانیم "شێخ مەحمود" پێی خۆشە لە مێژوی ٢٠ی شوباتی ١٩١٩ لە ڕودا بە (معاونی Assistant)و لە ڕاستیدا بە تەرجەمان (Drogman ) لەگەڵ بیل چومە کۆیە، ئەو زستانە ساردو سەرماو بارانو لیتەیەکی بێداد بو. بێوچان باران ئەباری. بە سواری وڵاخ لە سلێمانیەوە تا کۆیە نەفەسێك بێ باران نەبوینو ئاو بە لەشی خۆمانو وڵاخەکانمانا هەروەکو پلوسك ئەهاتە خوارەوە.. من کە لە بنچینەدا زۆر ساردو هێمن نەخوڵقاومو ڕەنگە درۆ نەکەم، کە بڵێم ئەوەندەش فێری مەراییو دوڕویی نەبوم، بە تایبەتی لەبەرئەوەی کە بۆ جاری یەکەم لەگەڵ ئینگلیزێکی زۆر هێمنو لەسەرخۆو شارەزا بە هەڵسانو دانیشتنی کوردەواریو عەشایری، واتە لەگەڵ یەکێکی جەنتلمانی وەکو نوئێل ئاشناییم پەیا کردبو، لە تڕوفیزی بیل زۆر پەست ئەبوم. نەمئەزانی "مێچگە مێچگە"ی لە بەرا بکەمو زمانم وەرنەئەسوڕا، کە وەکو خەڵقەکەی تر پێی بڵێم "ساحێب!" ئەمانە هەموی تەبیاتی ئەم ئینگلیزە ئیستیعماریەی توند ئەکردو بۆی بلوایە لە ئەستۆی ئەدام. کەچی وەکو کورد ئەڵێت: *"لێشم بوبو بە موی لوتو لێم نەئەبۆوە"* .

لەگەڵ ئەمەشدا بیل لەم سەفەرەدا لە چاو جارەکانی پێشو گەلێك گۆڕابو و باش ببو و تا ئەیتوانی ئەیویست دڵم ڕابگرێت. بەڵام جارجار مشتومڕێکمان هەر

ئـەبو و کـەمو زۆر سـاردی ئەکەوتـە بەینـەوە. بیـل لـە دوای هـەمو سـاردیەك یـا مشتومڕێك ئەیڕوانی من لە جیاتی ئەوەی عوزری بۆ بهێنمەوە وە یا لەو شتانەو کردەوانە لابدەم کە ئەوی پێ توڕە ئەبێ، وەکو من بە عەنقەست وام کردبێتو بۆ جیابونەوە لە بیانو بگەڕێم ئەوە کە ئەهات بە بیرا، "بیل"یش ڕێی جیابونەوەی نەئەدامو هەر جارە بە جۆرێك ئاشتی ئەکردمەوە. بەڵام من ئیتر لە ئەنجامی ئەم چەشنە هاوڕێیەتیە کەوتبومە ئەندێشەوەو ئەترسام کە جارێکیان بگاتە تینیو توشی داوێکم بکا. خواوڕاستان دوای گەیشتنمان بە کۆیە تا بەینێك زۆر دڵی ڕائەگرتمو بە تەواوی خاوی کردبومەوەو یا ئەو خاوبوبۆوە. منیش لەم دەورەدا تا توانیم خزمەتی خەڵقم کردو هەر بە هۆی "بیل"ەوە چاکەم بۆ گەلێ کەس بو. بەم تەرحە لەگەڵ هەندێ دۆستو پیاوانی بەنرخ، گەلێك خۆشم ڕابواردو لەلای ئەهالیو ئەو دو سێ ئینگلیزەش کە لە کۆیە بون بە قەدرو بەڕێز بوم.

بیل دوژمنی دانیشتنو وەستان بو. بێوچان ئیشی ئەکرد، وە یا بە سەرپشتی وڵاخەوە بو. بەناو هەمو دێهاتو عەشایرەکانی کۆیەو ڕانیەو ڕەواندزدا ئەسوڕایەوە. دیارە کە ئەبو منیشی لەگەڵ بم. ئەو هەر خەریکی پرسینو نوسی بو، من هەر خەریکی تەرجەمەو چەنەتەقاندن بوم. وەنەبێ ئیشی نوسینم نەبوبێ، بەڵکو دو چەندانەی قسەش نامەی ئەوم بۆ ئەمو ئەوو ڕەئیسەکانو هی خەڵقیشم بۆ بیل تەرجەمە ئەکرد. ئەو خۆی نامەکانی بە فەرەنسزی ئەنوسیو من بۆم ئەکرد بە کوردیو یا فارسی. ئەوانەی لە ئەهالیو عەشایریشەوە بۆی ئەهات ئەمگۆڕی بە فەرەنسزی. ئنجا وەرە سەیرانی ئەم نامەو عەریزە سەیر سەیرو عەجیبانە کە ئەتوانم بڵێم شتی ئەوتۆی تیا هەبو لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نەبێ. لەسەر ئەمانەوە ئنجا ئیشوکاری دائیرەو حکومەتی کۆیە. لەو ڕۆژەدا تەشکیلاتی ئیدارەی کۆیە لە تەشکیلاتی قەزای ئیمڕۆ ئەچو. بەڵام بە قائیمقامی قەزایان ئەوت "حاکمی شار". ناوی قازی "حاکمی شەرع"و هی مودیری شورتە (مودیری پۆلیس) بو. حاکمی شار معاونیشی هەبو کە پێیان ئەوت نائیبی حاکمی شار.

لەم تەشیکلاتە لە ئیدارەی کاروباری حکومەت زیاتر مەبەس بەشکردنی نفوزو مەنسەبی حکومەت بو لە بەینی خانەوادە ناودارەکاندا.

لە کۆیەش زیاتر لە خانوادەکانی تر خانوادەی "غفوری"و "حەوێزی" هەیە. ئنجا سەرەکی خانەوادەی "غفوری" کە "حەماغای" هەرە ناوداری دەوری خۆی بو کرابو بە حاکمی شار. "جەمیل ئاغای حەوێزی"ش بە نائیبی حاکم. مەلا ئەفەندی جەلی زادەش کە یەکێك بو لە زانا بەرزو ناودارەکانی ئەو دەورە، حاکمی شەرع (واتە قازی) بو.

فەتاح ئاغای عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی ڕەئیسی بەلەدیەو مەلا ئەحمەد ئاغا مودیری پۆلیسی‌یان بەرکەوتبو. "حەمەغای" خوالێخۆشبو کە لەو ڕۆژەدا پیرێکی بەساڵداچو بو لەبەر شوێنو مەقامی بەڕێزی ئەم ناوەی لێ نرابو. ئەگینا لەوانە نەبو کە لە ڕێی حکومەتەوە لە ناوو شۆرەتو یا لە قازانجو نفوز بگەڕێت. ناوو شۆرەتی خۆی بەسی بو. چاوی لە ماڵی دونیاشەوە نەبو. چونکە ئەوەندەی هەبو کە حاتەمیی پێوە ئەکردو خەرجی ڕۆژێکی دیوەخانەکەی لە مەعاشی مانگێکی "حاکمی شار!" پتر نەبوبێت کەمتر نەبو. لەولای تریشەوە تەشکیلاتی سیاسی ئینگلیزەکان هەمو کاروباری قەزاکەو هەرێمی کۆیەی گرتبوە ژێر چنگو بۆ ئیدارەی شارو یا "قەزا" شتێکی ئەوتۆ نەمابۆوە.

"جەمیل ئاغای حەوێزی"[٣٨] کە هێشتا نەچوبوە ساڵەوە لە کاروباری عەشایرو کوردەواریدا بە ڕاستی نائیبی "حەمەئاغا" بو. ڕەنجی نەئەخستە سەر شانی حەماغا. ڕانیەش لەو دەورەدا قەزا بو و قائیمقامی لێ دانرابو. بەڵام لە لایەنی ئیدارەی گشتیەوە بەسرابو بە حکومەتی سیاسیەوە لە کۆیە. کەچی لەگەڵ ئیدارەی شاردا هیچ پەیوەسەگی نەبوو قائیمقام لە ڕانیەدا یەکێك بو وەکو حاکمی شار لە کۆیە. لەبەرئەمە حکومەتی سیاسی کۆیە کاروبارێکی زۆری هەبو و باری گرانی ئەم هەمو کارە دوای "کەپتەن بیل"و

---

[٣٨] "جەمیل ئاغا" دوایی ببو بە ئەندامی مەجلیسی تەئسیسی ئینجا کە فەیسەڵی یەکەم بو بە مەلیکی عێراقی "جەمیل ئاغا"ش بو بە نائیب.

معاونە ئینگلیزەکەی ئەکەوتە سەرشانی من. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر سوپاسی ئەو هەڵکەوتە ئەکەم کە بۆم ڕێکەوتبو. چونکە لە زۆر لاوە کەڵکێکی تەواوم وەرئەگرت. ڕەنجی شەوو ڕۆژو تەقەلای بێسنور پوختو قالَی کردبوم. ئەو دەمە، دەورێکی تایبەتی بو لە ژیانما، کە لەناو لاپەڕەکانیا جارجارە چەند دێڕێکی عەنتیکەو "کۆمیک"یش هەڵئەکەوتو ئەمنوسیەوە: ڕۆژێك لەناو عەشایر لە دیوەخانی ڕەئیسێکدا میوان بوین. بیل قەندەکەی (پایپ) گرت بە دەمیەوە. شخارتە نەبو. ئاغا لە کورەی ئاگرەکەی بەردەمی پشکۆیەکی بە مەقاش هەڵگرتو بۆی ڕاگرت کە قەندەکەی دابگیرێنێت. بیل وتی Thank you/. ئاغا دەسی بردە پاشەوەو ڕوی کردە من، وتی: *ئەڵێ چی؟* وتم: *ئەڵێ سوپاست ئەکەم*. دوبارە ئاگرەکەی بۆ بردەوە پێشەوە. ئنجا بیل ڕوی تێکردم، وتی *کێس کیل دی*[٣٩]؟ "بیل"یشم تێگەیاند. بەڵام ئەم پرسینو وەڵامە وا بە سوکیو زو نەبڕایەوەو دوایی نەهات. بەڵکو چەند جارێك دوبارە کرایەوە تاوەکو من توانیم ڕێی بدۆزمەوەو لە پرسینەوەیان ڕزگارم بێ!..

### بیل غەزەبێکی خوا بو و لە کەس نەئەچو

من لەگەڵ بیل پێکەوە لە ژورێکا دائەنیشتم. ڕۆژێك کابرایەك کە زمانی ئینگلیزی ئەزانی بۆ ئیشێکی خۆی هاتە لای ڕاستەوڕاست ڕوی تێکردو بە ئینگلیزی دەسی کرد بە قسەکردن لەگەڵی. بەڵام بیل وەڵامی ئەوی نەدایەوە. بە منی وت کە پێی بڵێم قسە لەگەڵ من بکاو من لە بیل بگەیەنم. کە ئەمەم بە کابرا وت، پێی وتم: *تۆ ئینگلیزی نازانیو من خۆم کە ئینگلیزی بزانم، بۆچی ڕاستەوڕاست تێی نەگەیەنمو بە تۆ بڵێمو بۆی بکەی بە فەرەنسزی؟ بە چیش بزانم کە باشی تێئەگەیەنی؟* ئەم قسانەم لە (بیل) گەیاند. بەڵام خۆی وا تورە کرد کە کابرا واقی وڕما. بیل ئەیوت: *پێی بڵێ ئەو حەقی بەسەر ئەم قسانەوە*

---

[٣٩] Qu'est- ce Qu,il dit? کێس کیل دی؟ بە فرنسزی واتە "ئەڵێ چی؟".

*نیە. ئەوەی لەسەرە کە قسەی خۆی بە تۆ بڵێت. تۆ من تێبگەیەنی یا نە ئەوە من باشتری ئەزانم. ئەگەر وای ناوێت با بڕواو نەوێستێت لەبەرچاوم!* ئنجا کابرا بە ناچاری قسەکانی خۆی لە من گەیاندو من بۆم تەرجەمە کرد بە فەرەنسزی.

*  *  *

## ٢٢

## شکاندنی نفوزی شێخ مەحمود لەناو عەشایردا

نفوزی "شێخ مەحمود" لە سەرەتاوە هەر تایبەتی سلێمانی نەبو. لە کاتێکا کە "ویلسن" دوای گفتوگۆ لەگەڵ ڕەئیس عەشیرەتەکانو ناودارو ناسراوەکانی ئەهالی لە ١ی تشرینی دوەمی ١٩١٨ بە ناوی حکومەتی بەریتانیاوە "شێخ مەحمود"ی کردبو بە "حوکمدار"، جگە لە بەشێکی "جاف"ەکانو "بابەکر سەلیم ئاغا" لە پشدەر کە ئەوانیش هەر لە ژێرەوە دۆستی ڕاستەوڕاستی ئینگلیز بون، ئەو دوای خەڵقەکەو عەشایر بڕیارو بەڵێنی تەواویان دابو کە لەگەڵ "شێخ مەحمود" بە ڕاستی بجوڵێنەوەو لاری لە "فرمان"یا نەکەن و بە ناوی ٤٠ گەورەو ڕەئیسی کوردەوە لە سلێمانی مەزبەتەیەکیان پێشکەشی "کۆلۆنەل ویلسن"ی حاکمی عام کردبو. لەناو ئەم ڕەئیسانەدا گەلێك لە ڕەئیسەکانی ئێرانیش هەبو. ئەمانە لەژێر حوکمی "شێخ مەحمود" داوای یەکخستنی کوردستانی ئێرانو عێراقیان ئەکرد. چە ڕەئیسەکانی کوردی عێراقو چە هی ئێران هەر لە بنچینەوە دۆستی "شێخ مەحمود" بون. ئەمجارە بەم بۆنەیەوە پەیمانی دۆستایەتیو یەکێتییان لەگەڵ تازە کردبۆوە. لەبەرئەمە بەجێهێنانی ئەو سیاسەتە کە دوای بەینێکی کەم بە "سۆن" سپێررابو کارێکی ئەوەندە سوك نەبو. واتە "سۆن" کە لە ١٩١٩دا هاتە سلێمانیو دەسی کرد بە شەڕفرۆشتن بە "شێخ مەحمود"، تێگەیشت کەوا بە ئاسانی گرەوی لێ ناباتەوەو ئەسپەردەکانی "ویلسن"ی بە بەبێ

ڕەنجێکی گەورە بۆ ناچێتە سەر. بەڵکو لەم کارە گرنگەدا توشی گەلێ بەرهەڵست ئەبێ و قورتی گەورە گەورەی دێتە ڕێ!!.

## "شێخ ئەمین"ی سندۆلان

یەکەم تێکۆشانی ئینگلیزەکان بۆ شکاندنی نفوزی "شێخ مەحمود" لە ڕانیەوە دەسی پێکرد. تەقەلای ئینگلیزەکان لەم لایەنەوە هەرچەند بە ئەنجام گەیشت و مەبەسیان هاتەجێ، بەلام ئەمە زۆر بە گران کەوتە سەریان. هەمومان بە داخەوە ئەیزانین کە لە پێش داهاتنی مەجلیسەکانی "نیابی"و "ئەعیان" دا ئینگلیزە کاربەدەستەکان، گەورەو ڕەئیسەکانیان بە پارەو مەواجب و یا بە هەندێ شتی تری وەکو ئەمانە فریو ئەداو ئەیانکردن بە دۆست و لایەنگیری خۆیان. لەبەرئەمە لەگەڵ "شێخ مەحمود" تێك نەچوبون و متمانەیان پێ ئەکرد، پارەو خەلاتی زۆریان بەسەر خزم و دەسوپێوەندیا بلاو ئەکردەوە. بۆ هەندێکیشیان بە ناوی وەزیفەوە "مەواجب"یان بڕیبۆوە. "شێخ ئەمینی" سندولان کە بە خزمایەتی ئەگەیشتە "شێخ مەحمود" یەکێك بو لەمانە. کرابو بە قائیمقامی ڕانیەو مەواجبێکی گەورەی ئەدرایە. جگە لەمە بە ناوی ٢٠ پۆلیسەوە مانگی ٤٠٠ ڕوپیەی تریشی وەرئەگرت کە ئەبو هیچ نەبێ ئەمە بەسەر نۆکەرەکانی خۆیدا بەش بکا. بەلام "شێخ ئەمین" ئەمەی نەئەکردو پارەکەی بە هی خۆی دائەنا. لەگەڵ ئەمەیشدا مانگەو مانگ قائیمەی ٢٠ پۆلیسی ڕێك ئەخست و ئەیدا بە حکومەت.

ئینگلیزەکان دیارە کە ئەمەیان ئەزانی، بەلام خۆیان تێ نەئەگەیاندو چاویان لە زۆر شتی تری وا ئەپۆشی. ئنجا لە کاتێکدا کە هاتنە سەر ئەوە نفوزی "شێخ مەحمود" کەم بکەنەوە، بە بیانوی ئەم تەرحە شتانەوە کەوتنە وێزەی دەستەو دائیرەکەی و چاویان لە هەرچیەك پۆشیبو خستیانە ڕو. خەڵقیان لێ هان ئەدان و دوژمنیان لێ ڕاست ئەکردنەوە.

من لەگەڵ "بیل"دا بۆ تەحقیقات، چوبوینە ڕانیە. کەپتەن "بارکر" ناو معاونێکی ئینگلیزیشمان لەگەڵ بو. "شێخ ئەمین" خۆی پێش گەیشتنی ئێمە، ڕانیەی بەجێی هێشتبو و چوبوە "سندولان" کە دێیەکەی خۆی بو[٤٠]. لەبەرئەمە بیل ویستی لە هەل کەڵك وەرگرێت بۆ لابردنی "شێخ ئەمین" لە قائیمقامیەتی تەگبیرێك ڕێك بخا. ئنجا ئەم لابردنەی قائیمقام لەو ڕۆژەدا بە سوکی پێك نەئەهات. چونکە پێویستی فرمانی حوکمدار بو. ئێمە لە ڕانیە لەماڵی "فەتاح بەگ"[٤١] میوان بوین. دوای ئەمە نامە نوسرا بۆ هەمو ڕەئیس عەشیرەتەکانی قەزای ڕانیە. واتە بۆ ڕەئیسەکانی مەنگوڕو مامش و بڵباس و ئاکویان و پشدەرو ناودەشت و بەم ڕەنگە لە جێیەکی وەکو ڕانیەدا نزیکەی چوارسەد سوارێك کۆکرایەوە. "حەسەن ئاغای" کوڕی بایز پاشای بەناوبانگی ڕەئیسی مەنگوڕ، "غەفور خانی" ناودەشت و "مەمەندە سور"و "باڵوڵ ئاغا"و "سوارئاغا" لەناو ئەم ئاغایانەدا بون. "فەتاح بەگ"ی خانەخوێمان کە لەوانە بو بە لاچونی شێخ ئەمین خۆی بکەن بە قائیمقام، ئەوەندەی تر ببو بە "حەتەم"و میوانداریيەکی ئێجگار پوختەو چاوتێرانەی ئەکرد.

بیل ئەیویست ئەم ئاغا و ڕەئیسانە بڕیاری ئەوە بدەن کە شێخ ئەمین پیاوی قائیمقامی نیەو بۆ ئەم کارە دەس نادا و مەبەزتەیەك ڕێك بخەن و مۆری بکەن کە بە دەس "بیل"ەوە ببێت بە بەڵگەی ناڕەزایی ئەهالی و عەشایرەکە بۆ لابردنی شێخ ئەمین لە قائیمقامی. بەڵام ئەم مەزبەتەیە نەنوسراو لە ماوەی ئەم ٣ ڕۆژەدا "بیل"و "بارکر" هەر تەقەلایەکیان بۆ ئەم مەبەسە سەری نەگرت و شتێکیان بۆ نەکرا. گەرمترین بیانوگرو (سەرپێچیکەر) لە نوسینی ئەم مەزبەتەیەدا "غەفور خانی" ناودەشت بو. زۆر ئازایانە وەڵامی ئینگلیزەکانی

---

[٤٠] دێیەکە لە بەینی "میرزا ڕۆستەم"و "قەلادزە"یە. کەوتۆتە سەر ڕۆخی زێی کۆیە.

[٤١] "فەتاح بەگ" لاوێکی تازەپێگەیشوی خەڵقی سلێمانی بو و هاتبوە ئەو ناوە. دوایی بە وریایی و چاوتێری و میوانداری بو بە گەورەو یەکەپیاوی ڕانیەو باوی لە ئاغایانی پشدەر سەندبو. ئەم لاوە زرنگ و بە جەوهەرە دوای چەند ساڵێك بە هاندانی ئینگلیزەکان بەکوشت چو.

ئەدایــەوەو گیروگرفتــی ئەخســتە تێکۆشــین‌و تەقەلاکانیانــەوە. بــە زمــانێکی ڕاســت‌و ڕەوان‌و بــە ئســلوبێکی ئــاگرین ئەهاتــە جــواب‌و پێــی ئــەوتن: "ئێمــە سوێندخۆری شێخ مەحمودین‌و بە حوکمداری خۆمان ناسیوە. ئێوەش ئەمە ئەزانن‌و خۆتان ڕاتان لەسەر بوە لەبەرئەمە شێخ ئەمین چاك بێ یا خراپ، ئێمە نـاتوانین بڕیـاری لابردنـی بـدەین‌و بـۆ ئێمـە شـیرین نیـە کـە بـە مەزبەتـە داوای هەڵگرتنی بکەین. چونکە ئەم کارەمان ئەبێتە هۆی دڵگیری حوکمدار لـە ئێمـە. جگە لەمەش لە ڕاستیدا ئێمە هیچ خراپەیەکمان لە شێخ ئەمین نەدیوە. ئەگەر کارێکی خـراپ‌و نـاڕەوای کـردوە، ئێـوە حوکمـدار ئاگـادار بکـەن! لەوانەیـە کـە حوکمدار خۆی هەڵی بگرێت‌و کردەوەیەکی بێ جێ لە ئێمەوە ڕونەدا".

لەولای تریشەوە غەفور خان یەکە یەکە چاوی بە ڕەئیسەکانی تر ئەکەوت‌و بـە هـەمو هێزیـەوە هـەوڵی ئـەدا تـەفرە نـەخۆن‌و مەزبەتەکـە مـۆر نەکـەن. بـە ئاغاکـانی ئـەوت "نـەم ئـەگوت بـاوەڕ بـەم ئینگلیزانـە ناکرێـت‌و هەنـدەی پـێ ناچێت کە بۆ تێکدانی ئەم ئەساسە هـەوڵ ئـەدەن‌و دودڵـی‌و نـاکۆکی ئەخەنە ناومانـەوە. یەکلەدوای‌یـەك لـە باڵمـان ئـەدەن. ئـەوا قسـەکانم دەرکـەوت! وەرن مـەردی خـودا بـن بـا ئیسـباتی مەردایـەتی خـۆ بکـەین، تـاکو پێمـان نـەڵێن ئەو کوردانە قەول‌و شەرەفیان نیە. وەحشین‌و ئەحمەقن‌و تـەنیا بـۆ پـوڵ‌و قازانجی خۆیان تێدەکۆشن. وەرن با ڕوبەڕویان بوەستین‌و پشتی "شێخ مەحمود" بۆ ئەم کافرانە بەرنەدەین".

من، بۆ جاری یەکەم خۆم پێ نەگیرا‌و بە پێچەوانەی واجباتێك کە لەسەرم بو جوڵامەوە. واتە لەگەڵ ئەمەدا کە لە ویستاوێکی (وەزع) ناسکدا‌و لە ترس‌و دەرەکـەوە نزیـك بـوم، دیسـانەوە دەورێکـی وەکـو دەورەکـەی "غـەفور خـان"م تەمسـیل کـرد. لـە کاتێکـدا کـە "بیـل"و "بـارکر" لـە وەسـتانی ڕەئیسـەکان بەرامبـەر بـەم بـیرە تێگەیشـتن‌و بۆیـان دەرکـەوت کـە نایانـەوێت مەزبەتەکـە مۆرکـەن، ویسـتیان کـە بـە تـەنیا‌و یەکـە یەکـە ڕەئیسـەکان ببیـنن‌و گفتوگۆیـان لەگەڵ بکەن. لەمە مەبەسیان ئەوە بو کە هیچ نەبێ هەندێکیان تەفرە بدەن‌و

بەلای خۆیاندا ڕایانکێشن و بەم جۆرە دو بەرەکیەتی بخەنە ناویانەوە. بۆ ئەمەیش یارمەتیان لە من داوا کرد. ئەیانویست کە من لە پێشەوە هەندێکیان بە جیاجیا ببینیم و تێیان بگەیەنم کە ئەم ڕەوشتەیان بەرامبەر بە ئینگلیزەکان جوان نیەو ئەنجامی بۆ خۆیان خراپ ئەبێ و بەمجۆرە وایان لێ بکەم کە پێشئەوەی یەکە یەکە بچنە لای بیل کەم و زۆر لە بیری خۆیان بێنە خوارەوە. بەڵام من لەبەر هەرچیەك هەیە بە پێچەوانەی ئەمە جوڵامەوە وام لێکردن کە مل بۆ ئەم چاوپێکەوتنە جیاوازە نەدەن. داخەکەم لە دوای ئەم هەمو تەقەلا بێسودە، بیل توانی بە هۆی حاکمی سیاسیی سلێمانیەوە[٤٢] تەلەگرافێك بە شێخ مەحمود بنوسێت کە ڕەئیسەکان سەرپێچی نەکەن و بڕیاری لابردنی "شێخ ئەمین" بدەن، ئنجا دوای ئەمە بڵاوەیان لێکردو هەر کەسە گەڕایەوە جێی خۆی. دیارە لەوەشدا شك نیە کە کردەوەکەی من لە بیل نەشارڕابۆوەو پێیان گەیاندبو..

---

[٤٢] حاکمی سیاسی سلێمانی "میجەر سۆن" خۆی بو کە شکاندنی نفوزی شێخ مەحمودی پێ سپێررابو و "بیل"یش لەسەر ڕاسپێری ئەو (واتە ڕاسپێری سۆن) خەریکی لابردنی "شێخ ئەمین" بو.

## ٢٤

# وێنەیەکی تر لە کردەوەکانی ئینگلیز بۆ شکاندنی نفوزی شێخ مەحمود[١]

[١] سەرەتای بەشی دوهەم

دوێنێ بەشی یەکەمی ئەم "یادداشت"ە لەچاپ دەرچو. ئیمڕۆ بەشی دوەمی ئەخەمە ژێر چاپەوە. ئەمەوێت باسەکان یەکلەدوایەك و بە زنجیرە بگاتە خوێنەرە بەڕێزەکان. واتە ماوە نەکەوێتە بەینی بەشێك و ئەوی ترەوە. چونکە هەندێ بەرهەڵست نەبوایە هەمو بەشەکانم بە جارێك لەچاپ ئەدا. بەڵام ئەمە نەگونجا. کەوابو هەوڵی ئەوە ئەدەم کە ماوە نەکەوێتە بەینیانەوەو دوابەدواو بە زنجیرە لەچاپ بدرێن. ئنجا لێرەدا تکای ئەوەم هەیە کە خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان هەروەکو فێری لێبوردن و چاوپۆشینیان کردوم، ئەمجارە ئەوەندەش لێم ڕاوەستن تاوەکو لێ ئەبمەوە. زو حوکم بەسەر بیروباوەڕو ئیتیجاهمدا نەدەن. چونکە بە نوسینەوەی بەرگی دوەمی "شیعرو ئەدەبیاتی کوردی" وام بۆ دەرکەوت کە هەندێ لەوانەی باسم کردبون زۆر بەدڵیان نەبو. ئەوان مافیان بە دەسەوەیە. هەمو کەسێك دڵی بە ستایشی زیادلەسنور خۆش ئەبێ. بەڵام من لام وایە کە ستایشێکی بەو جۆرە، خزمی "تانوت"ە. ئەوەش لەوێ بێ کە باسکراوەکان کوڕو کەسی خۆمن. لەبەرئەمە ستایشی زیاد ئەبو بە هۆی خۆهەڵکێشان!. ئنجا بێینەوە سەرباس: لەم یادداشتەدا. دیسانەوە بە پێی جێ و شوێن لە ڕەخنە لام نەداوە. بەڵام ئەوەم لەبەر چاوە کە هەمو خوێنەرەکان لە یەك "زاویە"وە لەم ڕەخنانە ورد نابنەوە. بۆیە تا توانیومە هەوڵم داوە کە خوێنەرە بەڕێزەکان لە زاویەیەکدا کۆ بکەمەوەو یا بیانخەمە ویستاوێکەوە کە لە زاویەی عیبرەت وەرگرتنەوە بڕواننە ڕەخنەکان. جگە لەمەش لە سنوری ئەدەب و زمانپاکی نەچومە دەرەوە. چونکە مەبەس ئەوە نیە کەموکورتی ئەمو ئەو بخرێتە ڕو. بەڵکو ئەبێ لەوە بگەڕێین کە هۆی بەسەرهاتەکانمان بزانین و دەردەکانی کۆمەڵایەتیمان لێ ون نەبێ و نەشارێتەوە! تکای ئەوەش دوبارە ئەکەمەوە کە لە هەڵەکانی خۆشم ببورن و باش بزانن کە لافی ئەوانە لێ نادەم کەوا ئەزانن بە هەڵە ناچن.

..ئیتر یەزدان لەگەڵ ڕاستەکان و پشتیوانی قەومی کورد بێ!.

بەغدا

بستان الخس

١/١٧/٤٦٩

ڕەفیق حیلمی

کەپتـەن بیـل بـە هـەمو مانـای وشـە ئینگلیزیـەکی ئیسـتعماری بـو و هـەروەکو لەمەوپێش باسمان کردبو تۆندە تەبیاتی و بێڕەزایی لە ئەندازە چوبوە دەرەوە. کە لـە ڕانیـە گەڕاینـەوە دەسـبەجێ داوای "ئەحمـەد نـوری" کـرد کـە لـەو ڕۆژەدا موفەتیشـی پۆسـتەو تەلـەگراف بـو و لـە بەغـداوە بـۆ تـەفتیش هـاتبوە کۆیـە. پێشـئەوەی بچینە ڕانیـە هاتبوشـە لای بیـلو سـەری لـێ دابـو. نـاردم بـە شـوێن "ئەحمـەد ئەفەنـدی"دا، بـەڵام نەمئـەزانی بیـل بۆچـی داوای ئـەکا؟ ئەوەنـدەی پـێ نەچـو "ئەحمـەد نـوری" پەیدابو. ویسـتم کـە خـوڵقی بکـەم دابنیشـێت. بـەڵام بیـل ماوەی ئەوەی نەدا. هەتا وەڵامی سەڵاوەکەشی نەدایەوە.

پێـی وتم: *"لێـی بپرسـە کـە ئێمـە چوبوینە ڕانیـەو لێـرە نـەبوین تەلـەگرافی بـۆ شـێخ مـەحمود نوسـیوە؟"* کە لـە ئەحمـەد نوریم پرسـی وتـی: *"بەڵـی نوسـیمە!"*. منیش بە "بیل"م وت. ئەوسایە بیل، بە لەهجەیەکی زۆر بێمانـەوە ڕوی تێکـردو وتـی: *"مانـای چـی کـە مـن لێـرە حـاکم بم، تـۆ بـۆ ئیشوکـارێکی ئێـرە بـۆ "شـێخ مەحمود" ئەنوسی؟ ئەتەوێ "شێخ مەحمود" تۆ بکا بە قائیمقام؟ "شێخ مـەحمود" کێیە؟ و چۆن ئەتوانێت دەس بۆ ئیدارەی ئێرە درێژ بکا؟"*.

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا ئەحمەد نوری وتی: *"ئێمە شێخ مەحمودمان نـەکرد بە حوکمدار، ئێوە خۆتان کردتانو داواتـان لـێ کـردین کـە بـە حوکمـداری خۆمـانی بناسین. ئێستە ئەگەر بیرتـان گۆڕیـەوەو پەشـیمان بونـەوە مـافی (حـەقی) گلـەییتان لە ئێمە نیە! من بیستم کە ڕانیـە بـێ قائیمقـام ماوەتـەوە، ئنجا لەبەرئـەوە کـە شـێخ مەحمود ڕەفیقی مناڵیمە، ویستم خۆمی بیر بخەمەوە کە ئەگەر بتوانێت مـن بکـا بـە قائیمقام. ئنجا ئەگەر ئەمە شتێکی خراپـی تیـا هەیـە وا پەشـیمان بومـەوە"*. دیـارە کە ئەم وشانە شتێکی وای تیا نیە کە ببێتـە هـۆی توندبونو تـوڕەیی. کەچـی بیـل لە باتی ئەوەی سارد بێتـەوەو لـە سـەری نـەڕوا، بـە هـەمو هێزیـەوە دەسـی کـرد بـە شـێڕاندنو پێـی وت: *"ئـەبێ هـەر ئێسـتە لـە کۆیـە بچـیتە دەرەوە، و تـا موسـڵ ڕانەوەستی!"* ئەحمەد نوری وتی: *باشە ئەڕۆم!* بیل وتی: *ئەبێ هەر ئێستە لێرەوە*

١٩٥٦/٩/٦

*بکەویتە ڕێ!* کە ئەحمەد نوری وتی: *خۆ ئەبێ وڵاخێك پەیدا بکەم.* ئنجا (بیل) بە هەمو هێزیەوە قیڕاندنی وتی: *"ئەم لاقانەت بۆچیە؟ ئەبی بە پێ بڕۆی!* بەڵام من بێئەوەی بیل ئاگای لێ بێ وام کرد کە ئەحمەد نوری بە شێنەیی و لەسەرخۆ کاروباری ڕێك بخاو بگەڕێتەوە بەغدا. ئەم تەرزە کردەوانەی بیل زۆر کاری کردە سەر من و بە هەمو جۆرێك ئەمویست ڕۆژێك زوتر لێی جیا بمەوە. لەبەرئەمە دوای چەند ڕۆژێك کە ویستی من بە قائیمقامی بچمە ڕانیە، بە "نەء!" وەڵامم دایەوە: "سەعید فەوزی" کە بە "باشکاتب" ناوی دەرکردوە ئاگای لەمە هەیە. هەتا بیل وتی: *کەپتەن بارکر ئەکەین بە حاکمی سیاسی ڕانیەو لە هەڵسوڕاندنی کاروبارا یارمەتیت ئەداو نایەڵیت کە توشی گێرەو کێشە ببیت.* وتم: *من ترسم لەوە نیە کە ئەم کارەم پێ نەکرێت. بەڵام دڵم بە (وەزیفە)وە نیەو ئەگەر ئەتەوێت سوپاست بکەم ئیزنم بدە با بگەڕێمەوە سلێمانی.* ئیتر وەڵامی نەدامەوەو بێدەنگ بو.

* * *

## ٢٥

## دەرکەوتنی سەرەتای شۆڕشی شێخ مەحمود

"شێخ مەحمود" لە هەواڵ گەیشتبو و لە ئینگلیزەکان سارد ببۆوە. ئیتر هیوای هیچی پێیان نەمابو. لەبەرئەمە ئەویش لە ژێرەوە خەریکی ئەو ڕەئیسانە بو کە ئەیتوانی لەگەڵیان ڕێکەوێت. لەولای تریشەوە ئەوانەی متمانەی پێ ئەکردن بە دزیەوە ئەیناردن بۆ ئەملاو ئەولای عێراق. نەبزی گەورەکان و ڕەئیسەکانی تاقی ئەکردەوە. لە ناحەزەکانی ئینگلیز ئەگەڕا. ئەیویست بزانێت کە بیری خەڵقی شارەکانی تر چۆنە بەرامبەر بە ئینگلیز. حاکمەکانی ئینگلیز لە هەمو لایەکدا دوژمنیان بۆ خۆیان پەیا کردبو. هەر ساتە نە ساتێك یەکێکیان ئەکوژرا. لە ڕوی دەستەو دایەرەی خراپ و نەخوێندەوارو جاسوسانی بێ غیرەت و بێ شەرەفەوە هەر کەسێکی تۆزێك فامیدەو تێگەیشتو و کەم و زۆر خوێنگەرم و

خاوەن غیرەت هەبو، هەموویان لە حکومەت هەڵگێڕابۆوە. ئەم داخ لە دڵانە لە هەمو لایەك بەبێ ترس و لێکدانەوەی دواڕۆژ کەوتبونە سەرو پۆتەڵاکی ئینگلیز.

لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا بە دزیەوە "کۆمەڵ" ڕێك خرابو و ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبون و پەرەسەندنا بو. گەلێك لەوانەی کە پێیان خۆش بو تورك لە عێراق دەرچوبون و وایان ئەزانی کە ئینگلیزەکان ڕزگارکەری قەومە بچوکە بێدەسەڵاتەکانن لەژێر چنگی دەوڵەتە گەورەکان و بۆئەوە هاتون کە ئاسایش بخەنە وڵاتەوەو برسیەتی نەیەڵن، ڕاستی و ماف (حەق) بڵاو بکەنەوە" وردەوردە بیریان گۆڕیبو و بایان دابۆوە. واتە ببونەوە بە "تورك خوا"[٢]. و بە هەمو جۆرێك پڕوپاگەندەیان بۆ تورك ئەکرد. ئەمە گەیشتبوە ڕادەیەکی وا کە ئیتر زۆر کەس نەیانئەوێرا باسی کوردایەتی بکەن. چونکە لە لایەنی تورکخواکانەوە بە ئینگلیز ئەدرانە قەڵەم. یا بە خائین و جاسوس دائەنران.

"مێجەر سۆن"ی حاکمی تازەی سلێمانی کە ماوەیەك پێش شەڕی گەورە بە خۆگۆڕین و بەرگی "خەفیە"وە هاتبوە کوردستان[٣] و بە یەکێك لە هەرە شارەزاکانی هەواڵی کوردستان ئەژمێررا، -داخەکەم- لە ڕوی فیزو ترزڵی خۆی و مەرایی و دوڕویی زۆربەی خەڵقەوە وردەوردە جڵەوی حوکمی لەدەس دەرئەچو و لە

---

[٢] کۆڵۆنێل ویلسن خۆی ئەڵێت: *"تورکەکان* (مەبەسی ویلسن لەو تورکانەیە کە لەژێر سەرەکی ئوزدەمیر واتە "عەلی شەفیق بەگی" چەرکەسی میسریدا هاتبونە ڕەواندز) *وایان ئەبردە مێشکی کوردەکانەوە کە ئینگلیزو مەئمورەکانی ئینگلیز بە چەشنی ڕوسەکان لەگەڵیان ئەجوڵێنەوە و بە دەردێکیان ئەبەن کە لە دواڕۆژا دەس و پێی (عەرەب)ەکان و (کلدانی)یەکان ماچ بکەن.* ئنجا لە دوای ئەمەوە ئەڵێت (ویلسن ئەڵێت): *داخەکەم کردەوەی (زابت)ە ئینگلیزەکانیش لەو ڕۆژانەدا و سیاسەتێك کە لە سەری ئەڕۆیشتن وای لە کوردەکان کردبو کە ئەم واتانەی تورك بە ڕاست بزانن.*
**Loyalties Mesopotamia 1917-1920 P. 131.**

[٣] "مێجەرسۆن" لەم گەشتی کوردستانەدا زۆرتر لە سلێمانی و هەڵەبجەدا مابۆوە. زمانی کوردی بە تەواوی فێر ببو. جگە لە کتێبەکەی **To Mesopotania and Kurdistan in Disguise**، کتێبێکی قەواعدی (گرامەر) کوردیشی نوسیبۆوە. ویلسن وەکو لە بەشی یەکەمی ئەم یادداشتەدا باسمان کردبو، زۆر سەنای مێجەرسۆن ئەکاو ئەڵێت لە "فقە"ی "مەزهەبی شیعە"دا شارەزایی تەواوی بوە.

دەسوەشاندن و حەپس و جەریمەکردن بەولاوە ڕێگەیەکی ئیدارەی بۆ نەمابۆوە. لەبەرئەمە گەلێ کەسی کردبو بە دوژمنی خۆی، وەکی تریش بە بۆنەی جادەکردنەوەو ڕێگا دروستکردن، ژمارەیەکی زۆر کوردو عەرەب و عەجەمی لەژێر دەسی عەزیز خان ناوێکی "فەیلی"دا کۆکردبۆوەو بە ناوی "موهەندیس"و "موراقبی کرێکار"ەوە خستبونیە هەر چوارلای شاری سلێمانی. "عەزیز خان" کە نەخوێندەوارێکی تڕزل و توش بو، چاوی بەری عەرزی نەئەبینی و لە دوای سۆن هەر خۆی حساب بو!..

لە ناو موراقیبەکانیشا هی وای تیابو کە ناوی خۆی بە زەحمەت ئەنوسی. ئەمانە ڕێگەکانیان ڕاست ئەکردەوەو ڕێکیان ئەخست و یا لەسەر جۆگەو شیوو ئاوەڕۆی کەندو کۆسپی شاخەکاندا پردیان دروست ئەکرد. لەم ڕێگایانەدا دراوێکی ئێجگار زۆر خەرج کرا. بەڵام بەشی زۆربەی ئەم دراوە کە بە لێشاو لە سندوقی میری دەرئەچو لە ڕێی وەکیلەکانیەوە ئەچوە خزمەت "عەزیز خان"و لەوێشەوە بەرەو ژور ئەبۆوە. وەکو ئەمانبیستەوە ئەچوە گیرفانی "میجەر سۆن"ی حاکمی بێ شەریکی هەرێمی سلێمانی. سۆن بەمەشەوە نەئەوەستا. لەوە ئەچو کە بیەوێت کردەوەکانی لە خەڵق بشارێتەوە. لەبەرئەوە لە تێگەیشتوەکان و نیشتمانپەروەرەکان ببو بە قەرەقوش و بە چەشنی ئیدارەی ئەو لە میسر (مصر) سلێمانی ئەبرد بەڕێوە[٤].

---

[٤] ڕۆژ نەبو لەسەر تەرسی وڵاخ چەند لادێییەك جەریمە نەکرێت. کە سۆن بە بازاڕا بڕۆیشتایە ئەبو خاوەن دوکان و کڕیارەکان بە جارێ ڕاست بنەوە لە "سڵاو"یا بوەستن. ڕێبوار خۆی لاداو ڕێی بۆ چۆڵ کا. پۆلیسێك لەرزێکی لێ بهاتایەو یا جاسوسێك نەخۆش بکەوتایە، بە گەورەو بچوکەوە ئەبو بچنەماڵەکەی هەواڵی بپرسن و دوعای خێری بۆ بکەن.. حەییوم ئەفەندی جولەکە بە منالی لەگەڵ من قوتابی بو. کوڕی کابرایەکی حەماڵی گومرك و یا خەرار درو بو. لەم دەورەدا ببو بە قۆمیسەری ناوچە "مەئموری مەرکەز". جارێکیان توشی لەرزوتا هات. گەورەو بچوکی سلێمانی پۆل پۆل ڕێی گەڕەکی جولەکانیان ئەدایە بەر بۆ هەواڵ پرسینی. ڕۆژێکیان من و "ماجد مستەفا"ش بۆ سەیر چوین و لە ڕێگە توشی گەلێك لەو پیاوانە هاتین کە خۆیان زۆر بە زل ئەزانی و لە تاو "حەییوم ئەفەندی" قەراریان نەبوو ئاگایان لە خۆیان نەمابو!..

خەڵق شکی تیا نیە کە لە ڕودا دەنگیان نەئەکردو لێویان بەرلێو نەئەنا. بەڵام لە تاقمی دوڕو و مونافیقەکان بەولاوە کەس نەمابو کە لەم حاڵە وەڕس نەبێ. شاری سلێمانی لە ژێرەوە وەکو مەنجەڵی سەر ئاگر قوڵپی ئەدا. لەبەرئەمە کە سۆن کەوتە شەڕفرۆشتن بە "شێخ مەحمود"و ویستی سەری پێ نەوی نێت، "شێخ مەحمود" توانی بە گورجی بێتە دەس و شۆڕشێك بنێتەوە!!..

* * *

## ٢٦

## چونی من بۆ ڕەواندز لەگەڵ بیل

من لە گەشتێکی هەولێردا لەبەرچاوی یەك دو حاکمی تری ئینگلیز لەگەڵ "بیل" خراپ تێك چوبومو بەرامبەر بەم حاکمە بەفیزە هەندێ قسەی ڕەقم کردبو. لەبەرئەمە کەوتبومە ئەندێشەوەو دوای گەڕانەوەم بۆ کوێە نەچوبومە دائیرە. بۆ سبەینێ بیل ناردی بە شوێنما. کە چومە لای تکای ئەوەم لێ ئەکرد کە ئیتر لێم خۆش بێت و ئیزنم بدا بگەڕێمەوە سلێمانی. بەڵام بیل زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ وەڵامی دامەوە. وتی: *"من زۆری پێ ناچێت عێراق بەجێ بێڵم و ئەگەڕێمەوە لەندەن. لەبەرئەوە نامەوێت لەم دواییەدا بە زویری لێم جیا بیتەوە. سبەینێش ئەبێ بچمە ڕەواندز. کراوم بە وەکیلی حاکمی ئەوێ. نزیکەی ١٥ ڕۆژێکم پێ ئەچێت. ئەمجارەش لەگەڵم وەرە. ئنجا کە گەڕاینەوەو هات و پێت خۆش بو پێکەوە تا بەغداش ئەچین. لەوێ چەند ڕۆژێك لەسەر حسابی من (واتە حسابی بیل) ڕائەبوێریت و ئەحەسێیتەوە. دوای ئەوە من ئەگەڕێمەوە لەندەن. تۆش ئەوساکە خۆت چونت ویست وا بکە!"* لە دوای ئەم قسانە وەرگەڕایەوەو وتی: *"بەڵام نامەوێت کە جارێکی تر قسەم لەگەڵ کردیت وەکو لە هەولێر کردت و*

*وەلامم بدەیتەوە°."* دوای چەند ڕۆژێك بە یەکەوە چوینە ڕەواندز. لە ڕێگە لە "باتاس" لامان داو لای "عەبدوڵلا پاشا"ی باوکی "سەعید بەگ"ی باوکی "ئیسماعیل بەگ" میوان بوینو شەوێکی خۆشمان لەژێر خێوەتە نایابەکەیا ڕابوارد. "ئیسماعیل بەگ" لەو دەمەدا تازە پێئەگەیشتو ئەو شەوە لە باتاس بە هۆی "یەحیا موخلس بەگ"ەوە یەکتریمان ناسی.

"ئیسماعیل بەگ" پیاوی لە پێشەوە ناردبو و لە ڕەواندز لە ماڵی خۆیا جێگەی بۆ ڕێك خستبوم، لەو ڕۆژەدا لە گەلی عەلی بەگەوەو بە بەر تاڤگە شیرینەکەی بێخاڵدا ئەچوینە ڕەواندز لە بەردەمی ئەم تاڤگەیەدا ماوەی سەعاتێك حەساینەوەو نانمان خوارد. ئەو شیعرانەی کە لەژێر ناوی (وطن= نیشتمان)و بە تورکی نوسیومەتەوە زادەی ئیلهامی ئەو تاڤگە سیحراویو دڵڕفێنەیە.

دوای گەیشتنمان بە ڕەواندز ئەوەندەی پێنەچوبو بەیانیەك تازە گەیشتبومە دائیرە. فنجانێك قاوەم لە بەردەما بو، هێشتا نەمخواردبۆوە کە بیل هاتە ژورەوە، هەر لە پشت ئەوەوە بلاوکەرەوەی بەرید، تەلەگرافێکی هێناو دایە دەستی. بە خوێندنەوەی تەلەگرافەکە ڕەنگی بزڕکاو کەمێك کەوتە لێکدانەوە. دوایی ڕویکردە منو وتی:

*تۆ شارەزای عەشیرەتی (دزڵێ) هەی؟* وتم: *نە!* ئنجا تەلەگرافەکەی بۆ درێژ کردم. ئەم تەلگرافە بە ئینگلیزی نوسرابو. بەلام من ئەوەندەم ئینگلیزی ئەزانی کە تەلگرافێکی وا تێبگەم. ئەمە کوردیەکەی بو: *"دوێنێ عەشیرەتی دزڵی بە بیانوی زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخەوە هاتنە سلێمانی. حکومەت ویستی ڕێگەیان نەدا، بەلام بە زۆر هاتنە شارەوە. ئینگلیزەکان گیراون. فیکری "شێخ مەحمود" نازانرێت. مەندوبی سامی ئەم بەیانییە بە فڕۆکە تا نزیك سلێمانی چوەو بۆ*

---

° وەکو لە سەرەوە باسم کردبو لە هەولێر لەبەرچاوی حاکمەکانی هەولێرو موسڵ لەسەر قسەیەکی بێفەڕ دەمار گرتمیو لە وەلامدا وتم: *چاوت بکەرەوە! من خزمەکاری باوکت نیم!*
**Ouverz Les Yeux! Je Ne suis pas serviteur de votre pere!.**

***شۆڕشــگێڕەکان بەیاننامــەیکی خســتۆتە خــوارەوەو داوای چــاوپێکەوتنی لــێ کردون. لە ئەنجامی ئاگادارتان ئەکەین" ..***

٢٧

## شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمودو ئەنجامی

لە کاتێکا کە ئینگلیزەکان لە هەمو لایەکدا بۆ شکاندنی نفوزو دەسەلاّتی شێخ مەحمود خەریك بون‌و بە پارەو خەلاّت‌و دەم شیرین کردن‌و تەفرەدان، دەستەو دائیرەیان بۆ خۆیان پەیا ئەکردو هەتا بۆ ئەوە تێئەکۆشان کە لەناو لایەنگیرەکانی "شێخ مەحمود" ئەوانەی بتوانن لێی دور بخەنەوەو لێی هەڵگێڕنەوە" لەولای ترەوە "شێخ مەحمود"یش لەگەڵ هەندێ ئاغاو ڕەئیس‌و سەرکارو کوێخاو بەڵکو لەگەڵ تاقمێك لە زابتان‌و منەوەرەکانیش خەریك بو و لە بەستنی گرێی ڕێکەوتن لەگەڵیان دوا نەکەوتبو. "کەریم بەگ فەتاح بەگ"ی ڕەئیسی "هەمەوەند"و "عەباسی مەحمود ئاغا"ی ڕەئیسی پشتدەرو "مەحمود خان"ی گەورەی دزڵی لەناو سوێندخۆرەکانی شێخ مەحمودا بون. ناڕەوایی زۆری شارەکانی (عێراق)و زۆربەی عەشایر لە ئینگلیز، هێزی ئەدا بە دڵی حوکمدارو لەم کاتەدا هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردەکانی (گۆیان) بە تەواوی "شێخ مەحمود"ی خستە سەر بیری هەڵگیرساندنی شۆڕش[٦].

لەبەر ئەمە بە دزییەوە ڕایسپارد کە "مەحمود خانی دزڵی" بە بیانوی زیارەتی "کاك ئەحمەد"ەوە بێتە سلێمانی‌و بیگرێت. مەحمود خان بە ٣٠٠ کەسێکی

---

[٦] گۆیان ناوی عەشیرەتێکی کوردە لە زاخۆ. ئەم عەشیرەتە زۆر زاڵ بون بەسەر ئەو عیسایی‌یانەدا کە لەناویانا ئەژیان‌و هەروەکو دیل (عەبد) ئەیانکڕین‌و ئەیانفرۆشتن. "کەپتان بعسن"ی حاکمی سیاسی زاخۆ بۆ هاندانی قەشەکانی ئەو ناوە ویستی ناکۆکی بخاتە ناو ڕەئیسەکانی ئەم عەشیرەتە ئازایەوە کە بتوانێت عیسایی‌یەکان لەژێر حوکمیان بێنێتە دەرەوە. لە تۆڵەی ئەمەدا لە ٤ی نیسانی ١٩١٩ لە نزیك دێی "بیجۆ" کە لە "بللو" وە ئەچو بۆ "مەرگە" توشی بون‌و کوشتیان‌و بەم ڕەنگە شۆڕشێکی چەند مانگییان نایەوە. ئەمە یەکەم هەڵمەتی کوردی عێراق بو بۆ سەر حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیزو بو بە هۆی ئەوەی کە لە هەمو لایەکی عێراقەوەو بە تایبەتی لە کوردستاندا ئەوانەی لە ئینگلیز ناڕەزا بون‌و قورساییان کەوتبوە سەر شەرمیان لە ئینگلیز نەمێنێت‌و یەکە یەکە لێیان ڕاست بنەوەو بیانکوژن‌و یا شۆڕش بنێنەوە.

چەکدارەوەو لە ٢١ی مایس هاتە سلێمانیو گرتی. تا "مەحمود خان" نزیك شار ئەبێتەوە مێجەر سۆن لە شتێك ئاگادار نابێت. لەبەر ئەمە کە لە ناکاو بە هاتنی (مەحمود خان) ئەزانێت تەنگاو ئەبێو ئەیەوێت بەو هێزە کە لە ژێر فرمانی "دانلیس"دایە ڕێیان لێ بگرێتو ماوەیان نەدا بێنە ناو شارەوە (٢٣ مایس). هێزەکەی دانلیس ٢٠٠٠ پیادەو ٤٠٠ سوار بون. بەڵام لە دوای چەند تەقەیەكو کوژرانی ڕەشید ئەفەندی ملازم (ڕەشیدی عاسیە خان)و دو زابت صفی، ئینگلیز شکانو بڵاوەیان لێ کردو بەشی زۆربەی ئەفەرەکانی تر کە کورد بون لەگەڵ هێزەکەی مەحمود خان بون بە یەك. مێجەر دانلیس خۆشی بەدیل گیرا. ئنجا "مەحمود خان" بە خۆیو هێزەکەیەوە هاتە ناو شارەوەو گرتی. هەر لەم ڕۆژەدا کاروانێکی عەسکەری کە چەكو سیلاحێکی زۆریان پێ بو و لە کەرکوکەوە ئەهاتنە سلێمانی لە لایەن کوردەکانەوە شپرزە کرانو ڕوت کرانەوە. پێش ئەوەی کە "مەحمود خان" بگاتە ناوشار، سۆن داوای لە شێخ مەحمود کرد کە سلێمانی لە لەشکرەکەی مەحمود خان بپارێزێتو نەیەڵێت بێنە شارەوە، بەڵام "شێخ مەحمود" وتی: *نەکراوە بە عادەت ڕێ لەوانە بگیرێت کە دێن بۆ زیارەتی کاك ئەحمەد*. دوای گیرانی سلێمانی لە لایەن کوردەکانەوە "شێخ مەحمود بە بیانوی پارێزگارییان لە دەسدرێژی کوردەکان، ئینگلیزەکانی کۆکردەوەو لە "دەبۆ"کەی توند کردن.

سۆن، پێش گەیشتنی مەحمود خان بۆ ناو شار "گرینهاوس"ی کرد بە وەکیلو خۆی بە سەیارە گەیاندە کەرکوك (٢١ی مایس ١٩١٩). پێش ئەم هەرایە خەتی کەرکوك بڕابو. لەبەرئەمە هەواڵی شۆڕشو گرتنی سلێمانی لە ڕێی هەڵەبجەو خانەقینەوەو دوای دو ڕۆژ ئەگاتە بەغدا. ویلسن بە فڕۆکە هاتە سلێمانیو بەسەر دەبۆکەوە گەڕاو مەنشورێکیشی بۆ شێخ مەحمود خستە خوارەوە. لەم مەنشورەدا داوای ئەوەی لێ ئەکرد کە بۆ چاوپێکەوتنی ویلسنو گفتوگۆ بچێتە بەغدا. شێخ مەحمود بە واستەی ئینگلیزەکانەوە کە لە دەبۆکە گیرابون، هەندێ شەرتی دانا بۆ ئەم چاوپێکەوتنە کە دەسی نەدا بۆ ویلسن. دوای

ئەمە ویلسن چوە هەڵەبجە. حاکمی ئەویش لە لایەن "هەورامی"یەکانەوە گیرابو. ویلسن نەیتوانی یارمەتی ئەم حاکمە بدا. بەڵام دوای بەینێك بە یارمەتی "خانم"ی وەسمان پاشاوە لە دیلی ڕزگاری بو و خۆی گەیاندە خانەقین. "خانم"یش لە پاداشتی ئەم خزمەتەدا بو بە "خان بەهادر".

شێخ مەحمود کە ئیدارەی سلێمانی بە تەواوی گرتە دەس، جگە لە هێزەکەی "مەحمود خانی دزڵی" بەشێکی زۆری عەشایرو هەمو پۆلیسەکانی سلێمانیو هێزە مەشق دیتوەکانی (نیزامی مودەڕەب) میجەر دانلیس چونە ژێر فرمانیەوە. ئینگلیزەکانی کەرکوکو میجەرسۆن لە ئەندێشەدا بون. لەبەرئەمە بە پەلەپەلو بۆ بەربەستدانەوەی ئەم شۆڕشە ئەمر درا بە گەورەی ئینگلیزەکان لە کەرکوك کە هەر هێزێك لەوێدا هەیە لە ژێر پاراستنی تانك (دەبابە)و فرۆکەدا بنێرێتە چەمچەماڵ. جگە لەمە هەر لە کەرکوکدا دەسکرا بە کۆکردنەوەی هێزێکی گەورەترو ڕێکوپێکتر ئەو هێزەی کە نێررایە چەمچەماڵ بە پێچەوانەی ئەمرێك کە وەری گرتبو، بێئەوەی کە چاوەڕوانی هێزەکانی تر بکا کە لە کەرکوکەوە ئەنێررێتو لەبەرئەوە کە بە سوك دێتە بەرچاوی بێوچان هەڵمەت ئەباتە سەر هێزەکەی شێخ مەحمودو لە تاسڵوجەدا بە یەکا ئەچن[٧]. هێزەکەی "شێخ مەحمود" زۆر بە سوکی هێزی ئینگلیزەکان شپرزەو تەفرو تونا ئەکەن و تا دەربەندی بازیان پێش ئەکەون. دوای ئەمە لە دەربەند ئەکەونە قایمکاریو دامەزران. ئینگلیزەکانی کەرکوك لەم ئەنجامە کەوتنە ترسێکی گەورەوە. چونکە ئەیانزانی کە شکستێکی بەم جۆرەی هێزی ئینگلیز بەرامبەر بە هێزی "شێخ مەحمود" ئەبێتە هۆی زۆرانی شۆڕەتیانو سەربەرزکردنەوەی گەلێك لە کوردەکان. ئەوەش لەوێ بێ کە دەنگ وا بڵاو ئەکرایەوە ئیتر ئینگلیزەکان لەوەدان دەس لە کوردستان هەڵگرنو لێی بچنە دەرەوە.

لەم کاتانەشدا وەك لەمەوبەر باسمان کردبو گەلێ لە عەشایرەکانی کورد لە حکومەتی ئێران یاخی بونو بڕیاریان دا بە یەکخستنی کوردەکانی ئێرانو

[٧] لە کتێبی Loyahes Mesopotamiaی ویلسن.

عێراق و دامەزراندنی کوردستانی گەورە لەژێر حوکمی "شێخ مەحمود". ئەویش زانرابو کە حکومەتی بەریتانیا لە دوای موتارەکە بە ماوەیەکی کەم، واتە لەم ڕۆژانەدا نەیئەویست هێزەکانی لە ناوچەکانی شەڕ کشاونەتەوە دوبارە بیانگێڕێتەوە هەندێ ناوچەی شەڕی تازە. چونکە ئەمە چ لە لایەن سیاسەت و چ لە لایەنی ئابوری‌یەوە لەگەڵ مەسڵەحەتی دەوڵەت ڕێك نەئەکەوت و یەکی نەئەگرتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا شکی تیا نیە کە بۆ کڕینەوەی ناو و شۆرەتی بەریتانیای گەورە پێویست بو لە کوردستان و عێراقدا شتێك هەر بکەن و هێزو نفوزی خۆیان بنوێنن. لەوە ئەترسان کە خۆگرتن و هێمنی بۆیان ببێتە هۆی پەشیمانی و پەرەسەندنی شۆڕش. لەبەرئەمە کەوتنە خۆیان و لەگەڵ ئەم هەمو بەرهەڵستانە کە لە ڕێیانا بو، قائیدی گشتی ئینگلیز لە عێراق ئەمری دا بە "ژەنەراڵ فرایزەر" کە زۆر بە پەلە "فیرقەی هەژدەمینی" لەشکری ئینگلیز لە موسڵەوە بگەیەنێتە بەرامبەر "شێخ مەحمود" و ساتێ زوتر هێزی دەوڵەتی بەریتانیا بە کوردەکان بنوێنێت. لەولای تریشەوە بۆ پێشگرتن و بەرهەڵستی ڕاستبونەوەی کوردەکانی خانەقین و کفری و سنوری ئێران لەو ناوەو ڕێگەپێنەدانیان بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ هێزەکانی "شێخ مەحمود"، فرقەیەك عەسکەری پیادەشیان لەژێر سەرکردەیی "کۆلۆنیل بۆدی" ناردە دەوری خانەقین[٨].

دەربەند درابۆ ئەڵێت: دوای گیرانی سلێمانی و دانلیس و زابتە ئینگلیزەکانی تر لە سلێمانی و هەڵەبجەو پێشئەوەی کە بەغدا دەسبکا بە ڕێکخستنی هێزە گەورەکان و ناردنی بۆ سەر شێخ مەحمود، لە کەرکوکەوە لە ٢٣ی مایس (کۆلۆنیل بریدجس Bredjes d.d.o) بە هێزێکی گەڕۆکەوە کە دو (ڕەعیلی میرزا قادر) (سەرتیپە)یەك لە فەوجی "مهربانەس" و دو دەبابە لە لایەکەوەو "کەپتەن لۆنگریك"ی معاونی حاکمی سیاسی کەرکوك بە خۆی و "لیڤی"یەکانیەوە لە لایەکی ترەوە گەیشتنە تاسڵوجە. ئەمانە بەیانی ڕۆژی ٢٥ی مانگ لە لایەن هێزی

---

[٨] ئەمە وەکو ویلسن (لە بەرگی دوەمی کتێبەکەیا J. Mesopotamia) ئەیگێڕێتەوە.

کوردەکانەوە دەورە دران. بەڵام "لیڤی"یەکانی "لۆنگریک" کە هەمو کورد بون خۆیان هاویشتە ناو هێزی کوردەکانەوەو لەگەڵیان بون بە یەك. ئنجا "کۆڵۆنیل بردیجس" بە ڕەنجێکی زۆرو زەرەرو شەپرزەیەکی تاڵو سەخت، کشایەوە دەربەندی بازیان. دو دەبابەشی لێ بەجێما بۆ کوردەکان. تا ئەم کاتە دەنگی شۆڕش گەیشتە ناوچەی هێزەکانی ئینگلیز لە "بێجی". لێرەشەوە مەفرەزەیەك عەسکەرو ١٦ شەستتیری "لویس" لەژێر فرمانی "کۆڵۆنیل کندی"، بە سواری ئۆتۆمبیلو زۆر بە پەلە نێررا بە هاواری "بریدجس"ەوە. بە یارمەتی ئەم هێزەو لەژێر پاراستنی ئاگری شەستتیرا هێزەکەی "بریدجس" توانی کە بە سواری ئوتومبیل خۆی ڕزگارکاو لە دەربەندەوە ڕابکاتە چەمچەماڵ. لەگەڵ ئەمەشا دو تانکی دەبابەی تریان بەجێما بە نەفەرەکانیەوە[٩] بە دیل گیران. گەلێکیشیان کوژراوو بریندار لێکەوت. جگە لە بەشێکی زۆربەی چەكو سیلاحیان کە بۆیان دەرنەچو، ئەویش بۆ کوردەکان مایەوە و یا شکاو لەناوچو. ملازم "پۆل" لە کەتیبەی ٣٢ی مزراقدار لەناو کوژراوەکانو "کەپتەن جیشۆلم"و "ملازم دیکسن" لەناو بریندارەکانا بون. لە زابت صەفو ئەفراد (جندی)ی ئینگلیزیش ٨ کوژراوو ١٢ بریندارو ١٤ فەوتاو هەبو. تۆمسنو دو نەفەری تریش دوای شەڕێکی ئازایانە بە خۆیانو شەستتیرو ڕەشاشەکانیانەوە کەس نەیزانی لە چ لایەکەوە بون بە ژێر خاکەوە.

بریدجس لە چەمچەماڵ خەریکی ئەوە بو عەسکەرە تەفرو توناکەی کۆبکاتەوە. لەم کاتەدا لە کەرکوکەوە بە ئوتومۆبیل کاروانێکی تر گەیشتە چەمچەماڵ. ئەم کاروانە هێزە تازەکەی ئینگلیز بو کە لەژێر سەرەکی -قیادە- تومسن Tomson هاتبو. بریدجس نێررایەوە کەرکوكو هێزەکەی لەگەڵ هێزی تومسن کرا بە یەكو خرانە ژێر سەرەکی "کولۆنیل مان – Man" کە ئەویش بە مەفرەزەیەکی شەستتیرەوە تازە گەیشتبوە چەمچەماڵ.

---

[٩] نەفەرەکانی بەسەر تانقەکانەوە بون.

"شێخ مەحمود" فرمانی دا بە شێخ قادری برای کە دەسبەجێ بە خۆیو بە ٥٠٠ سواری کوردەوە بچێتە "بنە" کە ئەکەوێتە ٤ میل ئەولای باکوری چەمچەماڵ. ئەم هێزەی "شێخ قادر" بۆ ئەوە بو کە ڕێی هاتوچۆی بەینی چەمچەماڵو کەرکوك ببڕێتو پشتی ئەو هێزانە بگرێت کە لە چەمچەماڵەوە ڕوئەکاتە دەربەندی بازیان. شێخ مەحمود خۆشی لە دەربەندا کەوتە خۆئامادەکردنو هەڵکەندنی "سوپەر" بۆ لەشکرەکەی. هێزەکەی ئینگلیز، لە چەمچەماڵ لە لایەن لەشکری کوردەوە گەمارۆ درابو.

لە ٢٠ی مایس کاروانێکی چەكو خواردەمەنی لەژێر چاودێریو پاراستنی هێزێکی ئینگلیزا ویستی بگاتە فریای گەمارۆدراوکانی چەمچەماڵ. بەلاّم لە ماوەی ٢٤ میل بەولای کەرکوکەوەو لەناو شاخەکانا توشی هەڵمەتی کوردەکان هاتو هەمویان تالاّنو سەرئەنگرێ کران. هێزێکی لەژێر سەرەکی "میجەر فەرزر"، ١٧ میل لەملای کەرکوکەوە لە نزیك قەرەهەنجیر لە لایەن هێزی "مەحمود خانی دزلێ"یەوە ٣ ڕۆژ گەمارۆ دران. ئەم هێزەی "فەرزر" بەرابەرێکی بە ڕاستی ئازانەی کرد بەلاّم لە ئەنجامدا توشی گەلێ دەردیسەریو ڕەنج هاتو کوشتارێکی زۆری دا. لەم کاتەدا فڕۆکەکانی ئینگلیز "بنە"یان دایە بەر "نارنجەك- بۆمبا"و چەند کەسێکیان لە کوردەکان کوشت. شێخ مەحمود بۆ پشکنینی دەوروپشت قۆڵێکی کەشافەی تا نزیك کەرکوك نارد. ئینگلیزەکان ئەترسان کە ئەو عەشایرەی تا ئەم کاتە تێکەڵ بە شۆڕش نەببون لەگەڵ هێزەکانی "شێخ مەحمود" ڕێکەونو ببن بە یەك. باوەڕیان بەوەش نەبو کە جافەکان تا سەر لە "شێخ مەحمود" دور بمێننەوە.

بە ڕاستی ئیتر ئینگلیزەکان کەوتبونە "دەرەك"ەوە. لەبەرئەمە ئەمر درا بە ژەنەراڵ فریزەر کە بە فیرقەی هەژدەهەمەوە بگاتە کۆڕی شەڕ. لەولای تریشەوە جەنراڵ ساندەرس لە هەولێرو ئاڵتون کۆپریەوە تا کەرکوكو چەمچەماڵ چاودێری ڕێگەکانی پێ سپێررابو. جگە لەمەش ئەبو مەشق بە لەشکرەکانی کەرکوكو فێری شەڕی ناو شاخەکانیان بکا. لەم حەلەدا "شێخ مەحمود" بە

خۆی و هێزەکانیەوە لە دەربەندی بازیاندا کە لە خۆرهەڵاتی چەمچەماڵەوە ١٢ میل دورەو یەکێکە لە دەربەندە مێژوییەکانی ڕیزە شاخەکانی قەرەداغ، چاوەڕوانی لەشکرەکەی ئینگلیزی ئەکرد. جەنرال فرایزەریش هێزەکانی لە چەمچەماڵدا کۆکردبۆوەو لە ١٧ی حوزەیران خۆی ئامادە کردبو کە پەلاماری هێزەکانی شێخ مەحمود بدا. دەربەندی بازیان کە لەشکری هەردولا خۆیان ئامادە کردبو، لەوێدا هەڵمەت بەرنە سەر یەکتری –ڕێگەیەکی تاقانەی تێپەڕبونە لەم ڕیزە شاخانەوە. ئەم شاخانە، چەشنی زنجیرە دیوارێکی بەردەڵانیە کە لە ڕوی زەریاوە ٤٠٠٠ پێ و لە "بنکە–قاعدە"ی دەربەندەکەوە ١٠٠٠ پێ بەرزە.

لە زەمانی کۆنا پێشی دەربەندی بازیان بە دیوارێکی بەرد چنرابو و تەنیا دەرگایەك خرابوە ئەم دیوارەوە. ئیمرۆش ئەو دیوارە نەماوە، بەڵام جێگەکەی دیارە. لەم دەربەندەوە کە بە لەشکری شێخ مەحود تەنرابۆوەو گیرابو، تێپەڕین بۆ لەشکرەکەی ئینگلیز، شتێکی ئاسان نەبو. "شێخ مەحمود"یش ئەوەی بە بیرا نەئەهات کە لە لایەکی ترەوە بتوانن لە دەربەندەوە تێپەڕن و هەڵمەتیان بەرنە سەر. چونکە لە زەمانی ئاسوریەکانەوە تا ئەو ڕۆژە هەر لەشکرێکی دوژمن ڕوی کردبێتە ئەم وڵاتە (واتە وڵاتی کوردستان– زامۆئا)، تا لە شەڕی ئەم دەربەندە "دەربەندی بازیان– بابیت" سەرنەکەوتبێ نەیتوانیوە پێ بنێتە ئەودیوی شاخەکانەوە. بەڵام بە ڕابەریی موشیری حەمەی سلێمان یەکێك لە ڕەئیسە بەگزادەکانی هەمەوەند کە ساردیو ناکۆکی لەگەڵ "شێخ مەحمود" هەبو، بەشێك لە لەشکرەکەی ئینگلیز بەیانیەك پێش هەتاو کەوتن و لە ڕێگەیەکەوە کە بە بیری کەسا نەهاتبێ، لەلای ڕاستی دەربەندەوە بە شاخەکانا سەرکەوت. لە سفیدەی بەیانا و لە کاتێکا کە شێخ مەحمود لەبەردەمی دەربەندەوە بە تەمابو هەڵمەت بەرنە سەری، لە پشتەوە دەورەیان دا.

ئنجا لەشکرەکەی بەردەمی دەربەند لەمدیوەوەو بە تۆپ و شەستتیر تاوی دایە سەر دەربەندو بەمجۆرە "شێخ مەحمود" و لەشکرەکەی کەوتنە بەینی دو ئاگرەوە. ئەوانەی لە ڕێگەی شاخەکانەوە چوبونە ئەودیوی دەربەند لەشکرێکی لە

هەمو تیرەی تێکەڵ بون. جگە لە سیكو گورگە، بەشێکیشیان لەوانە بون کە پێیان ئـەڵێن کـاجنیس. ئەمانـەی دوایـی لـە مەغۆڵـەکانی "بورمـا"ن و بـە شیروەشـاندن شۆرەتیان سەندوە.

بەرامبەر بە لەشکرێکی وا زۆربەو پڕ بە چەکی ئینگلیز، "شێخ مەحمود"ی قارەمان بە لەشکرێکی بچوکی کوردەوە –کە چەکی تازەیان دو سێ شەست تیری کۆنی ئەڵمانی بو –وەکو شێر وەستاو شەڕێکی بە ڕاستی ئازانەی کرد، بەڵام ئاگری تۆپە گەورەکانی ئینگلیز زۆر بەتین بو و لەژێر پاراستنی ئاگری بێئەمانی ئەم تۆپانەدا لەشکرەکەیان گەیشتە ناو جەرگی دەربەند. ئیتر دو لەشکر، کوردو ئینگلیـز تـەواو لـە یـەکتر نزیـك بونـەوە. مـاوەی شـەڕی چـەکی ئـاگرین نـەمابو. دەستەویەخە چون بە یەکا.

گورگە بە کێردە تیژو درێژەکانیان کۆکریس و کاجنیسەکانی نەوەی مەغۆل بە شیرە پان و قورسەکانیان، کوردەکانیش بە خەنجەری سوك و تیژو بە جەوهەرەوە کەوتنە قەڵاچۆی یەکتری. ئنجا داخەکەم –لەم کاتەدا کە لە خاکی کوردستانا کارەساتی کەربەلا تازە ئەکرایەوە، "شێخ مەحمود"ی قارەمانی کورد لە دو لاوە برینـدار کـراو لـە ئەسپەکەی کەوتـە خـوارەوە. ئیتر بەمـە لەشـکری کـورد جڵـەوی تەگبیری لەدەس دەرچو و شپرزە بو و لەشکری سیك و گورگە بەسەر کوردا زاڵ بو. لـە لەشـکری کـورد ٤٨ کـوژراوو ژمارەیـەکی زۆر بریـندار لـەو نـاوەدا کـەوتبو. ئەوانەی بەدیلیش گیران ١٢٠ کەسێك ئەبون.

"حـاجی سـەید حەسـەن"ی مـامی شـێخ مـەحمودو تایـەری فەرخـە (تـاهیر ئەفەنـدی مـودیری پۆلیسـی شـێخ مـەحمود) لـەناو کوژراوەکانـا بـون.. "حەمـەی نێرگەلـە"ی پیاومـاقوڵی شـێخ وایزانـی کـە شـێخ مـەحمود کـوژراوە. لەبەرئەمـە سواری ئەسپەکەی شێخ بو و ڕایکردو بەمجۆرە لە "دیلی"ی ڕزگاری بو. "شێخ مـەحمود" دوای بریـنـداری کشـایەوە ژێـر بـەردێ و لەوێـدا لێـی کـەوت[١٠].

[١٠] ئەم بەردە تا ئیمڕۆ ماوەو ئەوانەی لە دەربەندەوە بۆ دیوی تاسڵوجە تێئەپەڕن تۆزێك لەلای ڕاستی ڕێگەکەوە ئەو بەردە ئەبینن کە پێی ئەڵێن بەردەکەی "شێخ مەحمود".

ئینگلیزەکان و دیسانەوە بە هۆی موشیر ئاغاوە شێخ مەحمودیان ناسیەوە[١١] و خستیانە سەیارەیەکەوە، ئنجا لەژێر پارێزگاری هێزێکی گەورەدا دەسبەجێ ناردیانە بەغدا.

ژەنەراڵ فرایزەر دوای ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کە بە بیریا نەهاتبو، کەوتە غەمی ئینگلیزە گیراوەکانی سلێمانی و بۆ دەرهێنانیان لە بەندیخانە بە پەلە هێزێکی سواری خستە ڕێ. ئەم هێزە پێش گەیشتنی باسی شکستی "شێخ مەحمود" خۆی گەیاندە سلێمانی و ئینگلیزەکانی لە بەند دەرهانی. ئەم گیراوانە نزیکەی ١٠ هەفتە دو مانگ و نیو لە بەندیخانەی سلێمانیدا مابونەوە[١٢].

* * *

## ٢٨

## لە کاتی شەڕی (دەربەند)دا، هەواڵی ڕەواندز

کە دەنگی شۆڕشی "شێخ مەحمود" لە ڕەواندزو لەناو عەشایرا بڵاو بۆوە، گەلێ کەس پێی خۆش بو. بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ئینگلیزەکان ناڕەزا بون و لە کردەوەی دەس و پێوەندەکانیان وەڕز بوبون. ئیتر هەرچیت ئەبینی چەکی لە خۆی ئەداو لە ڕودا خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. خۆ دێهاتی و عەشایرەکە باسی هەر

[١١] (کردەوەی "موشیر" کارەساتی "دەرەبندی تەرمۆپیل" ئەخاتەوە یاد)، من کە ئەم باسەم نوسیبۆوە، هەرئەوەندە "تەعلیق"م لەسەر "موشیر ئاغا" دابو. بەڵام کە ئەم ڕاپۆرەم خوێندەوە تەعلیقە جوانەکەی "حسێن فەوزی بەگی" موقەدەم (دوایی بو بە حسێن فەوزی پاشای ڕەئیسی ئەرکانی جەیشی عێراق) کەوتە بەرچاوم، وا لە ژێرەوە ئەینوسم: ئەڵێن کە لەشکری ئێران ئەچێتە سەر یونانستان و لە "تەساليا" ئەگاتە بەردەمی دەربەندی تەرمۆپیل، لە "ئوینداس"ی قارەمانی ئەسپارتە بە ٣٠٠ کەسەوە دێت و ڕێی پێئەگرێت گوێ ناداتە هەڕەشەو گوڕەشەی "شای ئێران". بەڵام "ئەفیالت– Afialt"ی ئەسپارتەیی ڕێی پیشانی لەشکری ئێران داو لە دەربەندەکە کردنی بەودیوا.

[١٢] ڕاپۆری باسکراو لە ١٩٢٦دا لە ژمارە ٢ی ساڵی ٣، گۆڤاری عەسکەری وەزارەتی دیفاعی عێراق بڵاو کرابۆوە.

ناکرێت، ئەوەی دو پیاوی هەبو ئەیکرد بە چوار، چەکی پێ هەڵئەگرتن و شانازی پێوە ئەکردن. زۆر لەمانە ئۆقرەیان لێ هەڵگیرابو. بە تەمابون شۆڕشەکەی "شێخ مەحمود" پەرە بسێنێت، بتەنێتەوە، بگاتە ئەمدیوی "زێ". چاوەڕێ بون کە لەشکری شێخ مەحمود نزیک بکەوێتەوەو بەری "کۆیە" بگرێتەوە تاوەکو ئەمانیش لە عاستی خۆیانەوە ڕاست بنەوە، دەس بدەنە چەک و شۆڕشێ بگێڕن. هەر لەبەر ئەم مەبەسەش زۆریان لەمانە باسی سەیر سەیریان هەڵ ئەبەست و بڵاویان ئەکردەوە. شتی ئەوتۆیان ڕێك ئەخست کە ئینسان سەری تیا سوڕئەما. هەرچی کارەسات و ڕوداوی ڕاست و درۆ هەیە یا بیسراوە، ئەوەندەی تریشیان لە خۆیانەوە ئەنایە سەرو ئەیانگێڕایەوە. بە قسەی ئەوان ئەمانە هەموی لەو ڕۆژەدا لە "تاسلۆجە"، یا لە دەربەندی بازیان لە بەینی هێزەکانی ئینگلیزو شێخ مەحمودا ڕوی ئەداو ئەهاتە دی، مێژو، کارەساتە گرنگەکانی "پلۆپۆتەز"و "تەرمۆپیل"ی دوبارە ئەکردەوە. بەڵام ئەوەش جێی ئینکار نیە کە ئەم ئەفسانەو خەرافاتە کارێکی بەتینیشی هەبوو تەزویەکی خۆش و گەرمی ئەهێنا بە گیانی کوردەکانا. ترو فیزی جاسوسەکانی ئینگلیزو کردەوەی بێشەرمانەی دەستەو دائیرەکەشیان خەڵقی ئەوەندە ڕەنجاندبو کە لە ڕێی نەفەسێك ئازادی و ماوەیەك ژیانی سەربەخۆییدا، ئەنجام چی ئەبێ ببێ خۆیان بهاونە ئاگرەوە.

بۆ ئەم حاڵە وەنەبێ هاندەری مادییش نەبێ. عەماری حکومەت لە ڕەواندز هەمو تەرحە زەخیرەیەکی تیا هەبو. تاڵانی عەمبارێکی وا لەو ڕۆژەدا بۆ دێهاتی و عەشایر شتێکی کەم نەبو. نەفسی شاری ڕەواندز تەنیا دو ئینگلیزی لێ بو. "بیل"و ملازمێکی معاونی. هێزی ئینگلیز لە کوردە بەکرێگیراوەکان پێکهاتبو ١٥٠ تا ٢٠٠ نەفەرێك ئەبو کە ئەمە لە ژێر سەرەکی "نوری باویل" ئاغا دابو. بە ڕۆژ معاونەکەی "بیل" مەشقی پێ ئەکردن. کات بەرەو هاوین ئەچو لەبەر ئەمە ڕەواندز لەم حەلەدا "جمە"ی ئەهات، پڕ بو لەو عەشایرەی کە ڕویان کردبوە کوێستانەکانی تورکیا و ئێران. زۆری ئاغاکانی ئەم عەشایرە کۆچ و باریان ڕەوانە کردبو خۆیان بە "سەڵتی"و بە چەن تفەنگچیەکەوە مابونەوە. شکی تیا نەبو کە

چاوەڕێی ئەنجامی هەراکەی "شێخ مەحمود" بون. خامی سپیو شەکری بلوری عەمارەکەی میریو فیشەكو جەباخانەی عەسکەرەکان "پی٢"ی بەستبونەوە. بیل لە وەستاوێکی ئێجگار گرنگو سامناکدا بو. بە وەستایی بزوتەوە، لە ماوەی دو ڕۆژا پڕ بە گونیەك بانکنۆتی گەیاندە ڕەواندز. لەسەر دەسی خۆمدا ئەم لێشاوە ڕوپیەیەی بەسەر ئەوانەدا بڵاو کردەوە کە لە ڕەواندز چاوەڕوانی تالآن بون. بەمە تالآنی لەبیربردنەوەو چاوبەرەوژێری کردن[١٣]. ئنجا دوای ئەمە کە ئەوان بەرودوا ڕەواندزیان بەجیٚ هێشتو ڕوەو کوێستان ڕۆیشتن، بیل پیاوە ناسراوەکانی ڕەواندزی لە ماڵی خۆیا کۆکردەوەو ویستی لە لایەن بیروباوەڕیانەوە بەرامبەر بە "شێخ مەحمود"و شۆڕشەکەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکا. مەبەسی ئەوە بو بزانێت کە ئەگەر هاتو دەستەیەك لە هێزەکانی شێخ مەحمود لە زێی کویە بپەڕێتەوە یا بێتو شێخ مەحمود جواب بۆ عەشایری ڕەواندز بنێرێتو داوای یارمەتی یا تێکەڵبون بە شۆڕشەکەیان لیٚ بکا بە قسەی ئەکەنو شوێنی ئەکەون یان نە؟

جگە لەمەش لێی پرسین کە ئاخۆ بە لای ئەوانەوە ئەم کارەی شێخ مەحمود یاخیبونە لە ئینگلیز، کارێکی ڕاستو باشو بەجێیە یان نەء؟و لەوە گەیشتون کە مەبەسی تەماعەو کەڵکی تایبەتی خۆیو بەس. باویل ئاغای یەکە دەمڕاستو قسەلەڕوی ڕەواندز[١٤] کە لەگەڵ نەخوێندەواریو نەشارەزایی بە شارستانیەتی، لە هەواڵی دونیای تەماعدا زۆر زرنگو وریا بو بە جۆرێکی وا کە بۆ کەسێکی خۆی

---

[١٣] ئەوی جێی سەیرو عیبرەتە ئەوەیە کە ئەم ڕەئیسو سەرەکانەی بانگ ئەکرد وای تێئەگەیاندن کە بە پێی سەرو ژمارەی پیاوو سواری چەکدار مەواجبیان بۆ ئەبڕێتەوەو یا قەرزو سلفەیان ئەداتیٚ. ئنجا یەکێکیان لەوانە نەبون کە دواڕۆژ لێك بدەنەوەو هەرچییان بۆ ئەوساتە بە مایەی قازانجو وەرگرتنی مەواجبو یا سلفەی زیاتر ئەزانیٚ بێئەوەی قەترەیەك ئاوی شەرمو حەیا بە ناوچەوانیانا بێتە خوارەوە ئەیانوتو دەفتەری حسابیان مۆر ئەکردو ئەچونە دەرەوە.

[١٤] باویل ئاغا لە پیاوە ناسراوە دەمڕاستەکانی ڕەواندزو باوکی نوری ئەفەندی (نوری باویل)ی ڕەئیسی هێزەکەی ڕەواندز بو. ئەم بنەماڵەیە لە بنچینەوە دوژمنی بنەماڵەی ئیسماعیل بەگو سەعید بەگی باوکی ئیسماعیل بەگ بونو هەردوکیان (ئیسماعیل بەگو سەعید بەگ) بە دەستی ئەم بنەماڵەیەو نوری باویل کوژران. باویل ئاغا داخەکەم هەندیٚ چاکەشی بە سەرمەوە هەبو.

بناسێت‌و یا نرخی وشە بزانێت ڕەوا نەبێت هاتە جواب‌و هەندێ قسەی پڕوپوچی هەڵڕشت. من لە باتی ئەوە کە ئەم وشە بێتامانە بۆ بیل تەرجەمە بکەم بە ناوی ئەوەی کە کوردێك بوم‌و بە لامەوە وشەکانی ئەو لە سنوری چونەدەرەوەیەکی ئێجگار ناشایستە بو نەك تەنیا بەرامبەر بە "شێخ مەحمود" بەڵکو بەرامبەر بە هەمو قەومی کورد، خۆم پێ نەگیراو زۆر بە توندی ڕوم تێکردو جوان شتمەوە. بیل بە توندی‌و توڕەیی منا تێگەیشت کە وشەکانی باویل ئاغا لایەنگیری "شێخ مەحمود"ی تیا نیەو زۆرباش بە مەرامی خۆیەتی. لەبەر ئەمەو بۆ هاندانی باویل ئاغاو ڕەئیسەکانی تر ئەویش خۆی لە من توڕە کردو پێی وتم: *"من تۆم بۆ تەرجەمانی هێناوەتە ناو ئەم مەجلیسە، نەك بۆ خۆتێکەڵاوکردن‌و شەڕ. یا لایەنگیری ئەم‌و ئەو. ئەبێ هەرچی ئەڵێن بەبێ زیادو کەم لە منی بگەیەنی. ئنجا پێم بڵێ! بزانم باویل ئاغا وتی چی؟"* من وەڵامی (بیل)م نەدایەوەو هەڵسامە سەرپێ. ڕوم کردە باویل ئاغاو ئەوانی ترو بە پێی تێگەیشتن‌و بیروباوەڕی ئەو ڕۆژەی خۆم چیم بە باش ئەزانی زۆر بێ توێکڵ‌و ئازانە پێم وتن‌و لە مەجلیسەکە هاتمە دەرەوە.

لێرەدا مەردایەتی‌و جوامێری "غەفور خان"ی "یەندزە"م بیر کەوتەوە کە لە ڕانیە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان نواندبوی. ئەویش وەکو باویل ئاغا ڕەئیسێکی کورد بو. بەڵام داخەکەم باویل ئاغا ئازایی‌و جوامێری خۆی لە سوکی "شێخ مەحمودا" ئەبینی. هەرچی وەکو "غەفور خان" بو لەو باوەڕەدا بو کە سوکی شێخ مەحمود مایەی سوکی هەمو گەورەکانی کوردە. باوەڕی بەوە نەبو کە ئەو ئینگلیزەی بە سوکی تەماشای شێخ مەحمود بکا بتوانێت بە چاوێکی بەڕێز بڕوانێتە گەورەیەکی تر. من کە لە ماڵی حاکمی سیاسی ڕەواندز واتە لە ماڵی بیل لە باویل ئاغا توڕە بوم‌و هاتمە دەرەوە ئیتر ئەو ڕۆژە نەگەڕامەوە دایەرە. سبەینێش لە چون خۆم دواخست تاوەکو بیل خۆی ناردی بە شوێنما. کە چوم ڕوانیم بیل ڕوی خۆشەو ئەوەی پێوە دیار نیە کە لێم توڕە بێ‌و یا شتێکی لە دڵدا مابێ! دوای ڕۆژباش‌و خواردنەوەی قاوە ڕوی تێکردم‌و وتی: *"من لە کردەوەکەی*

*دوێنێـی تـۆ نـەرەنجاوم. ئـەزانم تـۆ حـەقت بـە دەسـتەو ئـەبێ وا بیـت. سـبەینێش ئەچمە (هەولێر) چاوم بە "سەید تەها"* [15] *بکەوێت، ئەمەوێت تۆیشم لەگەڵ بی بۆ ئەم گفتوگۆیە"* . من بێئەوەی بیانویەك بێنمەوە ڕاستەوڕاست پێم وت کە بۆ هیچ لایەك ناچمو ئەمەوێت ئیتر بەس بێتو ئیزنم بدەی کە بگەڕێمەوە سلێمانی. دوای ئەمانەش وتم *ئەگەر بێتو ئەمجارە ئیزنم نەدەی بڕیارم داوە کە بەبێ ئیزنی تۆ بگەڕێمەوە.* لەسەر ئەمە بێدەنگ بو و نقەی لە خۆی بڕی. بۆ سبەینێ مەعاشی ئەو مانگەو چەند ڕوپێیەك تا کەرکوك خەرجی ڕێگەی بۆ دانامو خۆی چوە هەولێر..

لەوەدا شکم نیە کە خوێنەرە خۆشەویستەکانم لە کردەوەکانی من، بە تایبەتی لەوەدا سەریان سوڕ ئەمێنێ کە ئینگلیزێکی (ئیستعماری)ی وەکو (بیل) چۆنو لەبەرچی تا ئەم ڕادەیە لە هەڵەشەیی و سەرکێشی من چاوی ئەپۆشی و هەمو جارێکیش خۆی ئاشتی ئەکردمەوە. بەڵام ئەمەوێت عەرزیان بکەم کە جارێ لە پێش هەمو شتێکا ئەوانەی تا ئێستە باسم کردو گێڕامەوە نەك زیادیم پێوە نابێ بەڵکو لەبەر هەندێ هۆی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی تۆزێکم لە پانی و درێژییان قارس کردوەو بەشێکم لە تانوپۆیان پچڕیوەتەوە. ئنجا بیل لەگەڵ ئەمەشا بۆچی لە یەخەم نەئەبۆوەو لەگەڵ توڕەیی و کەم گورچوییەی خۆی چۆن ئەو هەمو لاساریو مانگرتنو هەڵەشەیی و ناهەمواریانەی منی ئەخواردەوەو لەبیر خۆی ئەبردەوەو یا لە ڕودا چاوی لێ ئەپۆشی؟ ئەمە هەرچەند بەلای منیشەوە سەیر بو و تێی نەئەگەیشتم، بەڵکو گەلێ جار ئەکەوتمە ترسەوەو وام ئەزانی کە ئیتر لەوانە نیە لێم ببورێو تۆڵەم لێ ئەکاتەوە دیسانەوە ئەگەر بە هەڵە نەچوبم بۆ ئەم نەفەسدرێژیو لێبوردنو چاوپۆشینە هەندێ هۆم بە بیرا دێ کە ئەگەر بە تەواویش وا نەبێ ڕەنگە بەشێکی "لە ڕاستی" هەر تیابێ. من هەر لە یەکەم

[15] "سەید تەها"ی شەمدینان. دوای شەڕی شێخ مەحمودو نێررانی بۆ دەرەوەی عێراق بەینێك کرا بە حاکمی ڕەواندز. لە کاتی شۆڕشەکەی "شێخ مەحمودا" بە تەمای ئەوە بو کە بیکەن بە حاکمی کوردستان.

ڕۆژەوە نەمویستبو لەگەڵ ئینگلیزەکان ئیش بکەم، وەك خەڵقەکەی تر بۆ وەزیفە عەریزەم نەدابو و ناوی خۆم لە دەفتەری داواکەرانی ئیشدا نەنوسی بو. کە نوئیل بە نامەیەك داوای کردمە دیوانەکەی خۆی و پێی وتم منیش وەکو مەئمورەکانی تر ئیشێك یا وەزیفەیەك وەرگرم، لەبەرچاوی عیزەت و فایەق بە "نەء" وەڵامم دایەوە. بۆ یارمەتی تا ماوەیەکی کەمیش تا "شێخ مەحمود" ئەمری پێ نەکردم ملم نەدا، ئەویش بەبێ مەعاش. دوایی کە دەس کرایەوە بە تەشکیلاتی مەکتەبەکان بە هۆی ئەوەی کە من لە دەوری تورکەکانا مامۆستای زمانی فەرەنسزی و وەکیلی مودیری مەکتەبی ئەعدادی بوم، لەسەر داوای خۆم کرام بە مامۆستای "ڕیازیات"[١٦]، بەڵام وەکو لە پێشا باسم کردبو لە کاروباری دائیرەو ئیشی تەرجەمەدا یارمەتی نوئیلم ئەدا. دوایی دەرسی کوردیم پێ ئەوت تا نەخۆش کەوتم و ئەویش چوە کوردستانی تورکیا.

ئنجا دوای نەخۆشیەکەم بوم بە مامۆستای فارسی کەپتەن بیل و ئیتر لە یەخەم نەبۆوە. جگە لەمانە بیل ئەوەندە تورەو تڕزڵ بو دەماری پیاوەتیشی هەبو. لە کاتی هێمنی و شێنەییدا ڕوی خۆش ئەبوو مەیلی چاکەی ئەبزوت. ڕەوشتی ئازانەی لاخۆش بو. چارەی پیاوی دوڕوی نەئەویست. ئەیویست بە چاوی گەورە تەماشای بکرێت، بەڵام نەك بە موونافیقی و دوڕویی و درۆ. بەڵکو لەکاتی دڵەوەو لە ڕوی خۆشەویستیەوەو لە حاڵێکا کە هەست بەوە بکا بە ڕاستی بە گەورەی ئەزانێت. کە لاساریی لە من ئەبینی ئەیبردەوە سەر سافیلکەیی و کەم تەجرەبەیی. وەکی تریش بە لاوێکی ڕاست و بێ ڕیا و زرنگ هاتبومە بەرچاوی. هیوای ئەوەی لێ ئەکردم کە دوای هەندێ تەجرەبەو مەشقێکی سیاسی یارمەتێدەرێکی باشم لێ بهێنێتە ناو و بە کەڵکی خۆی و حکومەتی ئەو ڕۆژە بێم. چونکە لەو ڕۆژەدا نەك خوێنەواری باش و تەواو هەتا خوێنەواری وەکو منیش کەم بو. لەبەرئەوە بە

---

[١٦] لە زەمانی تورکەکانا لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی دوامینی ئەعدادی زمانی فەرەنسزی ئەخوێنرا. کە ئینگلیزەکان هاتن ئەعدادی نەما، کرا بە ئیبتیدائی و لە جیاتی فەرەنسزی دیسان هەر لە پۆلی یەکەمەوە دەسکرا بە خوێندنی ئینگلیزی.

زۆری مەزانن، کە دەسخستنی یەکێکی وەکو من بە لایانەوە مەبەس نەبوبێ. جگە لەمانە هەموی، من ئەتوانم بڵێم کە سروشتو ڕەوشتم لەوانە بو کە هەمو کوردێکی ئەو دەورە بە چاوێکی خۆشەویستیو بەڕێز تەماشام بکەن، چونکە هەرچی دەورێکی "بیل" هەیە ئەو کاتە بە لامەوە سوك ئەبو، کە یارمەتی لێقەوماوێکی کوردم پێ ئەدا. جاری وا هەبو ڕاستەوڕاست چاکەم بە خۆی ئەکرد. گەلێجاریش هەر بە هۆی ئەوە کە نزیك بە "بیل" بوم نفوزی خۆم ئەخستە کارەوەو ئەمو ئەوم بە ئامانج ئەگەیاند. ئەم کردەوانەشم -کە لە دوای جیابونەوەم لە بیل بە ماوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت لە لایەن "بیل"ەوە لەژێر "تێبین"دا بوە-. بەبێ ئەوەی کە بۆ خۆم قازانجێکم لێ دەسکەوتبێو یا بە تەمای پاداشتێك بم، یەکێك بوە لەو هۆیانە کە نرخی منی لای بیل زیاد کردوەو چاوی لە گەلێك کەمو کورتی ترم پۆشیوە.. ئنجا بە کورتی بە ڕەوشتو خوی بە وێلو کردەوەی پیاوانە توانیبوم وا لە بیل بکەم کە بە چاوێکی باشو بەڕێز تەماشام بکاو لەبەر ئەمە بو کە تا بە تەواوی هیوای ڕێکەوتنی لێ نەبڕیمو ڕەنجێکی زۆری بێسودی لەگەڵ نەدام دەسی هەڵنەگرتو لێم نەبۆوە..

## لەم شۆڕشەدا بەهەڵەچونی "شێخ مەحمود"

"شێخ مەحمود" لەم شۆڕشەدا ئازانە هاتبوە دەس بەجەرگیو قارەمانیی خۆی دەرخستبو. بەڵام داخەکەم لە تەگبیرو ڕادا یارمەتیدەری باشو دڵسۆزی نەبو و یا ئەوانەی بە "تەگبیرکەر"ی دائەنان بە هەڵەیان ئەبرد. "ڕێ"شی تێ ئەچێت کە لەبەر شپرزەییو بە بیری کات لەدەسنەدان، بە "پەلە" کەوتبێتە شەڕەوە. سەرکەوتنی هێزی شێخ مەحمود لە "تاسلوجە"و تەفروتونا بونی هێزە "سوك"ەکەی ئینگلیزیش بەو گورجیەی کە باسمان کرد لەوانە بو کە ببێتە هۆی بە هەڵەچونو کەمتەرخەمی لە لایەن لێکدانەوەی ئەنجامی دواڕۆژو بیرکردنەوەیەکی تەواو دەربارەی ڕوبەڕو-وەستان لەگەڵ لەشکرێکی زۆربەی نیزامیو ئاشنا بە "فنون"ی شەڕ.

ئەگینا بهاتایە کە دوای شکانی هێزە بچوکەکەی ئینگلیز لە تاسڵوجە، شێخ مەحمود لە جیاتی ئەوە کە هێزەکانی خۆی هەمو لە دەربەند دابمەزرێنێت و چاوەڕوانی هێزی گەورەو پڕ چەکی ئینگلیز بکا کە کەوتبوە ڕێ، دەسبەجێ ئەو هێزەی لای خۆی بکردایە بە چەند بەشێکەوەو هەر یەکە لەم بەشانەی لەژێر سەرەکی زابتێکی نیشتمانپەروەری کوردو چاودێری و یارمەتی یەکێك لە ڕەئیس عەشیرەتەکانی وەکو "کەریم بەگی فەتاح بەگ"و یا "مەحمود خانی دزڵی"دا بناردایە هەرێمێك لە هەرێمەکانی عەشایری کە ئەم ڕەئیسە شارەزای بو و یا تێکەڵی لەگەڵیا هەبو، بە تایبەتی –ئەگەر دوای ئەوە کە هێزێکی هەڵبژاردەو تێکەڵ لە چەند عەشیرەتێك و بەشێك لە عەسکەرە نیزامی یەکەی لەژێر سەرەکی دو–سێ زابتی ئازاو چەند ڕەئیسێکی عەشایردا لە زێی کۆیە بپەڕاندایەوەو ئنجا خۆشی بە دوای هێزەکەیەوە بکشایەتەوە شاخەکانی سورداش و بە شەڕی چەتە ئینگلیزەکانی شپرزەو ماندو بکردایە، دور نەبو کە شۆڕشەکەی بە ئاسانی بتەنێتەوەو پەرە بسێنێت و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئاگرەکەی هەمو کوردستانی عێراق بگرێتەوە. چونکە ئەو حاڵەی کە لە ڕەواندزدا ئەبینرا لە هەمو کوردستاندا هەبو. کەسێکی ئەوتۆ نەمابو کە لە ئینگلیزەکان دڵگیر نەبێ یا حەز بە نوشوستییان نەکا. بەڵام دیارە کە چەند خەفیەو موناففقێك و پولپەرست و وڵاتفرۆشە ناڕەسەنەکان لەم ژمارەیەدا نین و نەمانهێناونەتە ڕیزەوە..

## ٢٩

## دوای ڕۆیشتنی بیل بۆ هەولێر

## من و ڕەواندز

دوای ڕۆیشتنی بیل بۆ هەولێر، من لە ڕەواندزا وەکو دەسبەسەر مابومەوەو لە ماڵ نەئەهاتمە دەرەوە. "سەید تەها" لەم کاتەدا تەواو لە ڕودا بو. دەنگ وابو کە ئینگلیزەکان بیکەن بە جێنشینی شێخ مەحمود. بیل بۆ ئەوە چوبوە لای کە لەگەڵ ئینگلیزەکانی هەولێر گفتوگۆو تەگبیری بەربەرەکانی شێخ مەحمودی پێ بکەن و

له نفوزی "سەید تەها" بۆ سەرنەکەوتنی شێخ مەحمودو سەرنەگرتنی تەقەلای شۆڕشنانەوەی لە بەری کۆیەو هەولێرو ڕەواندز کەڵك وەربگرن. من کە لە دەورووپشتی خۆم ڕوانی، دیم کە حاڵی کورد بەرەو خراپە ئەڕواو سیاسەتی ئینگلیز لە سەرگرتن‌و سەرکەوتنایە. ڕەئیس‌و ئاغاکانی لە ڕەواندز بون‌و ئەوانەی کە بەرەو کوێستان ئەچون‌و لەوێ مابونەوە، هەموویان بە پارەو فیشەك‌و هەندێ دیاری‌و خەڵات دەمشیرین کرابون‌و یا مەواجبیان بۆ بڕابۆوە. هێزەکەی میری ڕەواندز لەژێر سەرەکی "نوری باویل" لەگەڵ ئینگلیزەکان بو. لە هەولێریش جارێ بە ناوی "سەید تەها"وە کە بە تەمای حوکمداری بو و ئەوەندەی تر نفوزی پەیا کردبو و ببو بە جێی هیوای دواڕۆژو جارێ بە ناوی مەندوبی سامی‌یەوە بەیاننامەیەکی (مەنشور) کوردی‌و یا فارسیان بڵاو ئەکردەوە. بەمجۆرە پڕوپاگەندەو سیاسەتەو بە چەند کۆبونەوەیەك لە بەینی ئینگلیزەکان‌و سەید تەها لە لایەکەوەو لە بەینی سەید تەهاو ڕەئیسەکان‌و ئاغاکانی کوردا لە لایەکی ترەوە، ئەوانەی بە بەرتیل‌و دەمشیرینکردن چاریان نەکرابو، بە هەڕەشەی بێدەنگ‌و تەنگاوکردن بیریان پێ گۆڕابو و ڕویان پێ وەرگێڕرابو. لەبەر ئەمەو بە تایبەتی لە شاری هەولێرو بەشێکی شاری کەرکوك پڕوپاگەندەیەکی تەواو دەربارەی "شێخ مەحمود" دەسی پێکردبو.

ئنجا هەروەکو ئەستێرەی بەختی شێخ مەحمود ڕوی کردبوە کزی‌و لوتی لاوانی وڵاتپەروەر هاتبوە نەویبون، منیش لە عاستی خۆمەوە کەوتبومە گێژاوێکی بێبنی لێکدانەوەو سەعاتی دەرەکم دەسی کردبو بە لێدان! خانوەکەم لەناو باخێکا کەوتبوە دەرەوەی خۆراوای شاری ڕەواندزو بە تاقی تەنیا منی تیابوم. لەو ڕۆژانەدا بە ناوی پاسەوانی‌و خزمەتەوە "نوری باویل" نەفەرێکی بە تفەنگەوە بۆ ناردبوم. شەوان ئەهاتە ژورەکەم‌و ڕاست‌و درۆ هەندێ باس‌و هەواڵی شەڕی شێخ مەحمودو دەنگ‌و باسی ناوبازاڕو خەڵقی شارەکەی بۆ ئەگێڕامەوە. بە قسەی ئەو شێخ مەحمود ڕو لە سەرکەوتن‌و پێشکەوتن بو. لە ڕاستیشدا شێخ مەحمود یەك دو جار هەڵمەتی بردبوە سەر هێزەکانی پێشەوەی ئینگلیزو لە

دەرەوەی شەقامی گشتیو لاڕێوە دەستە سوارێکی تا سنوری کەرکوك ناردبو و هەواڵی لەشکری ئینگلیزی تاقی کردبۆوە. نەفەرەکەی کە "نوری باویل" بۆی ناردبوم بە لامەوە جێی باوەڕ نەبو و من شکم لێ ئەکرد. بەڵام ئەو خۆی زۆر بە کوردخواو لایەنگیری شێخ مەحمود پیشان ئەداو بە دڵ خزنەتی ئەکردم. دیوی دەرەوەی باش ئەهاتە بەرچاو و پیاوانە لەگەڵم ئەجوڵایەوە. وردە وردە لەگەڵی ڕاهاتبومو خەریك بوم متمانەی پێ بکەم. لەگەڵ ئەمەشا کە شەوێکیان پێی وتم ئامادەیە بە خۆیو تفەنگەکەیەوە هەڵێتو و لە ڕێی چیاکانەوە بمگەیەنێتە لەشکرەکەی شێخ مەحمود باوەڕم پێ نەکرد. لەوە ئەترسام ئەمە فێڵێکی ڕێکخراو بێ لە لایەن نوری باویلو معاونە ئینگلیزەکەوە بۆ تێگەیشتن لە بیری منو یا بۆ لەناودانم لە چیاکانا!..

## گیرانم لە ڕەواندزو ڕەوانەکرانم بۆ بەندیخانەی کۆیە

من خۆم بۆ هەلێك ئەگەڕام کە بتوانم بەبێ قۆرتو بەرهەڵست بگەڕێمەوە سلێمانی. چونکە ئەو ڕۆژە کە هێزەکانی ئینگلیزو شێخ مەحمود لە بەینی ڕێگەی کەرکوكو سلێمانیدا خەریکی بەیەکاچون بون لەو ڕێگەیەوە نەمئەتوانی بگەڕێمەوەو ئینگلیزەکانیش ئەمەیان نەئەهێشت. لە لاڕێشەوە واتە بە چیاکانا گەڕانەوەم پێویستی بە یارمەتی هەندێ کەس بو کە ئەمیش دوای نەرمکرانی ڕەئیسەکانی ڕەواندزو سەرەك عەشیرەتەکان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە شتێکی سوكو ئاسان نەبو. وەکو وتبوم لە نەفەرەکەی "نوری باویل"یش دڵنیا نەبوم. بەڵام بەیانی ئەو شەوە کە نەفەرەکە بیری ڕاکردنی تاقی کردبومەوە معاونەکەی "بیل" بە ناوی پارێزگاریەوە چوار سوار عەسکەری "لیڤی" ناردو ئەمری پێکردم کە لەگەڵیان بگەڕێمەوە کۆیە. ئەو ڕۆژەی گەیشتینە کۆیە شەو لە ماڵی خۆما نوستم. چونکە لەوێ خانوەکەم چۆڵ نەکردبو و نۆکەرێکو "شەفیق"ی برام کە لە تورکیا زابت بو و بە سەردان هاتبۆوە لە کۆیە چاوەڕێیان ئەکردم. بەیانی هێشتا شەبەقی نەدابو لە دەرگا درا. نۆکەرەکە دەرگای کردەوە. من خەواڵو بوم کە

عەریفێکی ئینگلیزو پۆلیسێك هاتن‌و لەناو جێ هانیمیانە دەرەوە دوای خۆگۆڕین بردمیانە سەرا. هێشتا کەس نەهاتبوە سەرا.

بەندیخانە لەو ڕۆژەدا لەناو "سەرا"کە بو. ئینگلیزەکەی لەگەڵم بو دەرگای بەندیخانەکەی بە "وەردیان" کردەوەو منیان خستە ژورەوە. ئەوانەی کە لەوێ گیرابون ئەیانناسیم‌و چاکەم بۆ هەندێکیان ببو. بە جارێ ڕاست بونەوەو بە حەپەساوی‌و بە چاوێکی ڕێزەوە "بەرەوپیری"یان کردم. بە وێنەی دەرویش‌و مورید کە لە دەوری مورشیدیان ئەناڵێن، دەوریان دام‌و کش‌و مات دانیشتن. من کەوتمە خۆش‌و چۆنی لەگەڵیان‌و بە ڕویەکی خۆش‌و دەمێکی بە خەندەوە کەوتمە گفتوگۆو دڵخۆشی دانەوەیان‌و نەمهێشت دڵتەنگ بن‌و ماتەمینی دایان بگرێت.

وەکی تریش هەوڵی ئەوەم دا کە لە "کەپتەن ڕاندەل"ی حاکمی سیاسی هۆی گیرانم بزانم، بەڵام کەڵکێکی نەبو. بۆ "حەماغا"ی حاکمی شارو جەمیل ئاغای نائبی حاکم یەك دو کاغەزم نوسی‌و داوام لێکردن کە لە "ڕاندەل" بپرسن‌و هیچ نەبێ بزانن بۆچی خراومەتە بەندیخانەوە سودێکی نەبەخشی‌و وەڵامێکیان نەدامەوە.. ئەوەش دیار نەبو کە ئینگلزیەکان بەتەما بن شتێکم لێ بپرسن‌و یا بمخەنە ژێر "موحاکەمە"وە. بەڵام داخەکەم لەناو ئەم هاوڕێ تازانەدا تەنیا چەن سەعاتێك مامەوە. دوای ئەوە کە "ڕاندەل"ی حاکمی سیاسی هاتە سەراو پێی زانی کە خراومەتە بەندیخانەی گونابارە "عادی"یەکانەوە دەسبەجێ ئەمری دا ژورێکیان بۆ چۆڵ کردم‌و بە ناوی "گوناباری سیاسی"یەوە بە تەنیا خرامە ئەو ژورەوە. کە ڕوانیم، گیراوەکانی بەندیخانە ئەوەندەی بە گیرانم خەفەتیان خواردبو ئەوەندەش بە جیابونەوەم لەوان پێی تێك چون‌و خەفەتبارو پەست بون. وا دیار بو کە ئەوان نیازیان وابو ئەم هەلە لەدەس نەدەن‌و تا لە ناویانا بمێنمەوە بەهەر جۆرێکی بۆیان بکرێت‌و بلوێت‌و دڵم ڕابگرن‌و بملاوێننەوە. ئنجا پەستی ئەوە بون کە ئەم هەلەیان لە دەس ئەچوو جیابونەوەم لەوان لەم پیاوەتی‌و خزمەتە بێبەشی ئەکردن. ڕەنگە باوەڕ نەفەرمون کە ئەم جۆرە لێکدانەوەیەو بیری چاکەو پیاوەتیە لە پۆلی گونابارە عادی‌یەکانا هەبێ‌و یا هەستی پێ بکەن. بەڵام من لەوەدا گومانم

نیە کە ئەو هەستو بیرو باوەڕە پیرۆزانە کە لە کۆمەڵە (مجتمع) بەرزەکانا وردە وردە ئەشارێتەوە لەم چەشنە کۆمەڵانەو جێگە تاریکانەداو لە دڵو گیانی ئەم جۆرە مەخلوقە دواکەوتو گونابارانەدا هێشتا ماوەو ئەبینرێت. لەبەرئەمە ئەگەر ڕاستتان ئەوێت من لەگەڵ ئەوەشا کە لە تاریکیو بۆگەنی ئەو بەندیخانە تەنگو ناخۆشەدا، لە تەنیشت ئەو گیراوە چڵکنو ئەسپێونە بەسەزمانانەدا لەوانە نەبو بتوانم بخوێنمەوەو یا بنوسمو یا بە دڵی خۆم بخۆمو بخۆمەوەو یا حەلێکی بێدەنگو بێ قرەم دەسکەوێت کە تیا بنومو کەمێك بحەسێمەوە، دیسانەوە لە کانگای دەرونما هەستم بەوە کرد کە لە هەندێ هاودەمو هاوڕێی گیانی جیا ئەکرێمەوە کە بە هەستێکی پاكو بێ غەشی ئینسانی وەحشەتی بەندیخانەکەیان لەبیر ئەبردمەوە!!..

*   *   *

## ٣٠

کـە گواسـتمەوە ژورە تایبەتیەکـە کابرایـەکیان هێنـاو لەبـەر ژورەکـەما ڕایانوەستاند. ئەمە پاسەوانم بو و بە ڕۆژانە گیرابو. هێشتا کورتەكو دەرپێی نەگۆڕیبو. چونکە لەو ڕۆژەدا هەرای ئینگلیزو شێخ مەحمود لە دەربەندا نەبڕابۆوەو بە گەرمی دەوامی ئەکرد. لەبەر ئەمە هەرچی پۆلیسێك کە لە شاری کۆیە بو نێررابونە سەر بوارەکانی زێ کە بەرهەڵستی پەڕینەوەی هێزەکانی "شێخ مەحمود" بکەنو ماوەی ئەوە نەدەن کە شۆڕش بکەوێتە دیوی هەرێمی کۆیە. ئنجا بۆ کاروباری دایەرەکانی حکومەتو پارێزگاری ناوشار، لە بێ ئیشەکانی ئەهالی هەندێ کەسیان بە کرێ گرتبو. پاسەوانەکەی من یەکێك بو لەوانە. تفەنگێکی کۆنو چوار فیشەكو چەند قەوانێکی هەڵگرتبو. ئەوەشیان پێ سپاردبو کە ڕێگەی کەس نەدا بێتە لامو یا قسەم لەگەڵ بکا. واتە یاسای ئیختلاتیان لێ کردبوم. بەڵام کابرا لە یاسای ئیختیلات تێنەگەیشتبو. وای زانیبو کە ئەبێ لە ژورەکەی خۆما لەگەڵ وەردیانی بەندیخانەکەش، هەتا لەگەڵ

پاسەوانەکە خۆی نابێ قسە بکەم. من ئاگام لەمە نەبو. لەبەرئەوە بێ پەروا داوام لە وەردیانەکە کرد بنێرێتە ماڵەوە بۆ دەستێك پێخەف (نوێن)و تاقمی چاو جگەرەو هەندێ کتێبو کاغەز. کابرای پاسەوان وتی: "ئەفەندی قسە مەکە!" کە وتم بۆچی؟ وتی: پێت ئەڵێم قسە مەکە! من پێکەنیمو ڕوم کردە وەردیانەکە کە قسەکەم تەواو کەم. ئەوسا بە لولەی تفەنگەکەی نایە سەر سنگم وتی: لەوە زیاتر قسە بکەی ئەمرم پێیە بتکوژم! ئەو حەلە نقەم لە خۆم بڕیو لە ژورە چۆڵو هۆڵەکەدا دەسم کرد بە هاتوچۆ. وەردیانە ڕیشسپیەکی وریاو کاردیدە بو چوبوە لای مەلا ئەحمەد ئاغای مودیری پۆلیس. نەفەرێکی زیرەكو مەشق پێکراوی میری هانیو کابرای کرێگرتەیان دەس پێوەناو لە دەرەك ڕزگارم بو. ئەو شتانەش کە پێویستم بو بۆم هاتو جارێ پاڵێکم لێدایەوە.

دوای چەند ڕۆژێك لە ڕوی نەجولانەوەو بێهەتاویو ڕتوبەتی ژورەکەمو لەبەر خەمباریو سەغڵەتیو دڵتەنگی کەمێك بێتاقەت ببومو هەستم بە نەخۆشی ئەکرد. لەبەرئەوە نامەیەکم بۆ ڕاندەل نوسیو داوای پزیشکێکم لێ کرد. دو ڕۆژ چاوەڕوانی دکتۆر بوم بەلام هیچ دیار نەبو.

من لە ماوەی ئەم گیرانەما کە شەڕی "شێخ مەحمود"و ئینگلیز جارێ لە دەربەند بە توندیو گەرمی دەوامی ئەکرد هەر ساتە بە جۆرێك لەگەڵم ئەجولانەوەو هەردەمە چەشنە کردەوەیەکم ئەبینی. ڕۆژی وا ئەبو پاسەوانەکەم چاوی ئەپۆشیو هەندێ دۆستو هاوڕێ ئەهاتنە لامو لەبەر دەرگاکەوە خۆشو چلۆنییان لەگەڵ ئەکردمو هەندێ باسو هەواڵیان بە پەلەپەلو یا بە ڕموز تێئەگەیاندم. جاری واش ئەبو کە بە دو ڕۆژ کەسێکم نەئەبینی، پاسەوانەکەیان ئەگۆڕیمو یا یەك دوانێکیان لێ زیاد ئەکرد. بۆ دەس بە ئاوگەیاندن کەسم لەگەڵ نەئەهات. کەچی هەندێجار ڕایانئەگرتم تا سێ چوار نەفەریان بە تفەنگەوە ئامادە ئەکردو ئەیان ناردە دەورو پشتی ئاودەسخانەکان. ئیتر وای لێهاتبو کە بە ڕەوشتی پاسەوانو پۆلیسەکانما ئەمزانی لە دەرەوەو ناو بازاریش چ باسە؟ واتە بە پێی هێمنی پۆلیسەکانو یا توندیو توشییان لەگەڵم، بۆم دەرئەکەوت کە ئەو

ڕۆژە باسی سەرکەوتنی هێزەکانی ئینگلیز لە ناوایە یا هی "شێخ مەحمود". هەر ڕۆژێك دەنگی شکستی هێزی ئینگلیز لەناوا بوایە من ئەکەوتمە خۆشیەوە. لە چاو پۆلیسو پاسەوانەکانا بەرز ئەبومەوە. بە دەورما ئەهاتن. چاو قاوەیان بۆ ئەهێنام. ڕێی هاتوچۆی پرسیاریان ئەدا. چاویان لە کردەوەکانم ئەپۆشی. شەوان ڕێی "گۆرانیبێژ"یان ئەدا کە ئەهاتنە لامو گۆرانییان ئەوت. لە حەوشی سەرادا کورسی دائەنراو مەجلیس ئەگیراو ئەبو بە بەزمو هەرا.

بە پێچەوانەی ئەمە کە هەواڵی شکستی هێزەکانی "شێخ مەحمود"یش لە ناوا بوایە ئەو پاسەوانە ڕوخۆشانە دور ئەکەوتنەوەو یا دور ئەخرانەوەو هەندێ پۆلیسو پاسەوانی وام لێ پەیا ئەبو کە لە ڕوی گرژو تروفیزی کەرانە بەولاوە شتێکیان نەئەزانی. ئەمانە خۆیان گیڤ ئەکردو لێم ئەبون بە "عەنتەر". بەم چەشنە هەر خۆشیو دڵشادیەك کە ڕۆژێ لەوەپێش دیبومو ڕامبواردبو لە بن دانیان دەرئەهێنامو لە بیریان ئەبردمەوە.

دەنگ وابو کە ئەو فیرقە عەسکەرەی بە پەلەپەل داواکرابو[17] لەگەڵ "جەنرال فرایزەر" لە کەرکوکەوە پەیتاپەیتا ڕوی کردبوە ناوچەی شەڕو لە "١٨ی حوزەیرانی ١٩١٨" گەیشتبونە بەردەمی لەشکرەکانی "شێخ مەحمود". خەڵقی کویە بەشی زۆریان حەزیان بە سەرکەوتنی شێخ مەحمود ئەکرد. بە تایبەتی لاوەکانو کاسبی ناو بازاڕو بەشی ڕەشۆکی. بەڵام دەستەی لاوەکانو خوێنەوارەکان هەر بە جارێ گریان لێ ئەبۆوەو کارەبایەکی نیشتمانپەروەری ڕەگەکانی لەشیانی هێنابوە لەرینەوە. دەنگی سەرکەوتنی لەشکری "شێخ مەحمود"و هەواڵی قارەمانی پاڵەوانی کوردیان بۆ یەکتر ئەگێڕایەوەو شانازییان پێوە ئەکرد. بە کورتی خەڵق هاتبونە سەرپێ! ترسیان لە جاسوسو خەفیە نەمابو. شەوان پاش بانگی شێوان هەندێ کەس ئەهاتنە لام. وەکو لە سەرەوە باسم کردبو لە حەوشی "سەرا"کەدا جێگەیان ڕائەخست، کورسییان دائەناو

---

[17] فیرقەی هەژدەمینی ئینگلیز لە موسڵەوە داواکرابو کە بچێتە سەر"شێخ مەحمود"، بەڵام لەناو خەڵقا دەنگ وابو کە ئەم فیرقەیە لە هندستانەوە نێرراوە..

ئەڵقەمان ئەبەست. هەندێ شەو پاسەوانەكانیش چاویان ئەپۆشیو گۆرانیبێژی دەنگخۆش ئەهاتنو بەزمیان بۆ ئەگرتین. بەڵام داخەكەم ئەم بەزمو خۆشیە تاسەر نەبو!..

*   *   *

## ٣١

"سدیق ئەفەندی" ناو كابرایەكی هندی هەبو. ئەمە لای ئینگلیزەكان موحاسب بو. من بە پیاوێكی زۆر بێ غیرەتو پەسمایەم ئەهاتە بەرچاو. هەتا بە جاسوسم ئەزانیو لەبەر ئەمە زۆر بە چاوێكی سوك تەماشام ئەكرد. پێش ئەوە كە بچمە ڕەواندز جارجار لە دایەرە ئەهاتە لامو یا لە دیواخانەكانا توشی ئەبوم ڕوم نەئەدایەو خۆم تێنەئەگەیاند. بەڵام لە بەرۆكم نەئەبۆوەو بە جۆرێكی وەستایانە باسی ئینگلیزەكانی ئەهێنایە پێشەوەو دەماری ئەگرتم. منیش لەگەڵ ئەوەدا كە ئەمزانی بۆ ئەوە ئەگەڕێت لە بیروباوەڕی من بگا دیسانەوە خۆم پێنەئەگیراو ئەوەی جاسوسێك بۆی ئەگەڕێت پێشكەشم ئەكرد. جگە لەمە سدیق ئەفەندی خۆشیم بێبەش نەئەكردو چیم پێ ڕەوا ئەبینی ئەمكرد بە سەرباری. ئەو خۆی بە زۆڵە ئینگلیزێك دائەناو بەرامبەر بە خەڵق تڕوفیزێكی ئێجگار زلی هەبوو بە لای لوتەوە قسەی لەگەڵ ئەكردن. لەبەر ئەمە هەرچەند لە ڕودا نەیئەوێرا نقە بكاو بە تەواوی سەركوێرو شپرزەم كردبو، بەڵام لە دڵا زۆرم لێ پڕ بو و بۆ هەلێك ئەگەڕا كە وەكو مار پێمەوە داو تۆڵەم لێ بسێنێتەوە.

لە كاتێكا كە من بە هۆی هاتوچۆی لاوەكانی كۆیەوە شەوان لە حەوشی سەرا بە بەزمو گۆرانیو "لاوكو قەتار"ەوە ڕامئەبوارد ڕۆژێك لە پڕا قەدەغەی هاتوچۆم لێ كرایەوەو چوار پاسەوانی تازەی تفەنگبەدەسم بە سەرەوە دانراو لەو ڕۆژەوە بۆ دەس بە ئاوگەیاندنیش بە تەنیا ڕێیان نەئەدامو بە دیارمەوە ئەوەستان. ئیتر كەس لێی نەئەپرسیمەوەو هاتوچۆكەر پێیان بڕیو چاوم بە كەس نەئەكەوت. ئێوارەیەك پێش تەواوبونی دەوامی دایەرەكان بە چەند دەقیقەیەك "سدیق

ئەفەندی" دەرکەوت و دوای هەواڵپرسین وتی: *"زۆرم پێ ئەوتی کە دەربارەی ئینگلیز زمانت بپارێزە. چونکە بێ ڕەزان و ئەمانیان بۆ نیە"*[١٨]. *بەڵام بە قسەت نەئەکردم. ئەوا توش بویت"*. وتم چیم کردوە کە توش بم؟

وتی: *"ئاوا ئاگات لە خۆتە؟ دیارە نازانی کە دوای گەڕانەوەت، لە (ڕەواندز گەڵ کردەوەی بێچێ و خیانەت و ناپاکی تۆیان بۆ دەرکەوتوە. لەبەرئەمە نازانم کارت بە چی ئەگا و دواڕۆژت چۆن ئەبێ؟ خوا بکا هەر "ئیعدام نەکرێیت!"*. ئەمەی وت و ئیتر نەوەستا وەکو لە شتێك بترسێت بە گورجی لێم دور کەوتەوە..

بە ڕاستی لەم قسانە کەوتمە ئەندێشەیەکی گەورەوە. نامەیەکی "حاجی نەوڕەس ئەفەندی"م هاتەوە بە بیرا کە پێش چەند ڕۆژێك لە ڕەواندزەوە بۆی ناردبوم. لە ناو پیاوە ناودارەکانی ڕەواندز یەکەمین کەس کە ببو بە دۆست و ئاشنام و بە زرنگی و وریایی، خۆی لە من هێنابوە پێشەوە. ئەم کابرایە لە پیاوەکانی میری دەوری عوسمانی بو. دیواخانێکی کراوە و بە نان و قاوەی هەبوو لەگەڵ کاربەدەست حکومەتی هەمو دەورێکا وەکو یەك دۆستایەتی ئەگرت و زۆرباش ئەچو بەڕێوە. لەبەرئەوە یەکێك بو لە ناسراوەکانی دەوری خۆی و جێگەی هیوای لێقەوماوان و پەنای ئەوانە بو، کە ئیشیان ئەکەوتە لای کاربەدەستەکانی میری. لەگەڵ ئەمەشا کە چوبوە ساڵەوە دیسانەوە بە چەشنی لاوێکی هەرزەکار بەگوڕ بو. ئەیزانی چۆن ئەژی. قازانجی خۆی لە هەمو دەورێکا پاراستبو و لە کاربەدەستەکانی دەوری عوسمانی و دوای ئەوان، هی ئینگلیزەکان و بەینێکیش هینی تورکەکانی دەوری مستەفا کەمال نزیك کەوتبۆوە. کە لە ڕەواندز بۆ ماوەیەکی کەم "عەلی شەفیق" بەگی میسری بە تاقمێك عەسکەری تورکەوە هاتبوە ڕەواندزو لەژێر ناوی "ئوزدەمیر پاشا!"دا لەو ناوەدا بە ناوی مستەفا کەمالەوە دەسی کرد بە هەڵسوڕاندنی کاروباری حکومەت و پڕوپاگەندە بۆ تورکەکان.

---

[١٨] سدیق ئەفەندی لەگەڵ من بە فارسی قسەی ئەکرد.

"حاجی نەوڕەس ئەفەندی" لەوێش خۆی نزیك خستبۆوەو ببو بە کلیلی ئەقڵی. منیش کە لەگەڵ "کەپتەن بیل" چومە ڕەواندز زۆر خۆی تێهەڵئەسوەو گەلێ جار خواوناخوا نانم لەسەر سفرەو سینی ئەوا خواردبو. ئەویش لە دۆستایەتی من کەڵکی وەرئەگرت و لە لای کەپتەن بیل هەندێجار کاروباریم ڕاپەڕاندبو. لە جێبەجێکردنی ئیشوکاری میوان و ئەم و ئەویشا یارمەتیم ئەداو مافم بە سەریەوە هەبو. لەبەر ئەمە کە هاتمەوە کۆیەو لە بەندیخانەدا بوم نامەیەکم لێ وەرگرتبو. لە نامەکەیدا ئەیوت: *"دوای ڕۆیشتنت بۆ کۆیە معاونی حاکمی سیاسی کەوتە پرسین و کۆڵینەوە. چەند ناکەسێکی سپڵە زمانیان بە خراپە لە تۆ خستە کار. چا بو کە معاون لە منیشی پرسی و بیریم گۆڕی. بە هۆی کوڕەکانیشمەوە لەگەڵ خزم و دۆستان وامان کرد کە ئەوانیش زمان بگۆڕن و هەر بەم تەرحە نەماهێشت کەسی تریش لە چاکە بەولاوە شتێکت دەربارە بڵێت"*.

من لە ڕاستیدا کە ئەم نامەیەم وەرگرتبو ئەوەندە نرخم نەدابو بە قسەکانی حاجی نەوڕەس و لێی ورد نەبوبومەوە. وام ئەزانی کە تەنیا بیل خۆی لێم زیزەو ئەیەوێت عەزیەتم بدا. واتە لە نامەکەی حاجی نەوڕەس وام بە بیرا هاتبو کە ئەیەوێت بڵێم کابرایەکی بەوەفایەو مافی چاکەم ئەداتەوە. بەڵام قسەکانی میستەر سدیق بو بە هۆی ئەوەی کە بیر لە نامەکەی حاجی نەوڕەس بکەمەوە. جارێك ئەموت باشە ئەوا ئەو ئەڵێت بیری معاونم گۆڕی و نەمهێشت لە لایەکی تریشەوە لە چاکە بەولاوە شتێك بڵێن. ئەی ئەمەی سدیق ئەفەندی چیە؟ و کامیان ڕاست ئەکەن؟ تۆ بڵێی حاجی نەوڕەس بە تەواوی ئاگای لە باسەکە نەبێ و شتێکی وام بۆ ڕێکخرابێ کە مەترسی لە ئەنجامی بکرێت؟ بەمجۆرە پێچ و دو، هێنان و بردن و بە لێکدانەوەی دورو درێژو بیرکردنەوە لە هەزاران قسەو باسی ڕابردوو بە هەستان و دانیشتنی تا ئەو ساتەم ئەمویست کە لە لایەن گوناباری و یا بێ گوناهی خۆمەوە لەسەر بڕیارێك بوەستم، بەڵام سودێکی نەبوو هەر بیرێکی ئەمکردەوە پێشئەوەی بیگەیەنم بە ئەنجامێك بە بیرو خەیاڵێکی تازە پەردەیەکی ئەهات بە سەراو لە بیرم ئەچۆوە یا لێم ئەشێواو تێکەڵ بە بیرە تازەکە ئەبو.

دنیا بەرەبەرە تاریك ئەبو و شەو داهات. دڵم ئەوەندەی تر گیرابو. دوای خەیاڵاتێکی دورو درێژو پەرش‌و بڵاو ئەو شەوە بە برسێتی لەناو جێگەکەما ڕاکشام‌و نازانم چۆن‌و کەی خەوم لێ کەوتبو. نزیك بەیان خەبەرم بۆوەو دوبارە کەوتمەوە زەریای بێ بنی خەیاڵاتەوە. ڕابوردوم وەکو شریتێکی سینەما هاتەوە بەرچاو. سلێمانی، خزمان، دۆست‌و ناسیاوان، ماڵ‌و ژنەکەم (ئەوسایە هیشتا مناڵم نەبو) هەمو شتێکم دوابەدوای یەك، بە تیژی‌و لە پشت پەردەیەکی تەمەوە بە بەرچاوا ئەهات‌و ئەڕۆیشت. دەربارەی گەلێ کەس کەوتمە شکەوە. زۆر لە دۆستەکانم وەکو دوژمن هاتە بەرچاو. پەریم لێ بو بە جنۆکەو مەلائیکەم لێ بو بە شەیتان. دارو بەردم کرد بە جاسوس، باوەڕم بە چاکەو بە ڕاستی‌و بە خێر نەما. هەمو شتێك لە چاوما بو بە خراپە، بە شەڕ! و هەمو کەسێکم لێ بو بە مایەی فیتنەو هەوێنی فەسادی. لاوێکی کەم تەجرەبە بوم. لە مردن ئەوەندە باکم نەبو. خەفەتی ئەوەم ئەخوارد کە دونیا بە شەڕو خراپ داگیر کرابێ. لەوە دڵتەنگ ئەبوم‌و ماتەمینی ئەیگرتم کە ئەوانەی بە سوکم ئەهاتنە بەرچاو بتوانن سەرکەون‌و بە فەوتاندنی من بڕوا بە هەستی خۆیان بکەن‌و لەشکری شەڕو خراپەیان پێ بەهێز ببێ!..

ئنجا کە تاریکی شەو بەسەر چو و سپێدەی بەیان گێتی ڕون کردەوە ئەو کتێبەی لە تەنیشت جێگەکەمەوە بو گرتم بە دەسەوەو لە سەر گازی پشت کەوتمەوە خوێندنەوە. کتێبەکە تورکی بو. سەعید فەوزی‌ی شاعیری خەڵقی سلێمانی‌و مودیری "ڕێژی=ئینحسار"ی کۆیە لەگەڵ چەند کتێبێکی تری تورکی بۆی ناردبومە بەندیخانەکەم. حەکایەتێکی دورو درێژ بو. باسی کەشتی (سەفینە)یەکی ئەکرد کە لە ئەنجامی گێژاوو گەرداوێکی زەریادا نوقوم بوبو. بەسەرهاتی دوای نوقومبونی کەشتیەکەو هەواڵی چەند نەفەرێك لە سوارەکانی کە بەسەر کەشتیەکەوە ئەگێڕایەوە. ئەمانە کە بە دیمەن ڕزگاریان ببو ڕۆژەها بەسەر پارچە تەختەیەکەوە لەگەڵ بەخت زۆرانیان گرتبو. دەردی برسیەتی‌و تینوەتیان کێشابو. بە برینداری‌و نەخۆشی لەژێر لێزمەی تۆف‌و بارانی بەهارا

تەقەلای ئەوەیان دابو کە خۆیان بگرن، ئەو پارچە تەختەیە بەرنەدەنو نەکەونە زەریاکەوە. بەرامبەر بە زیندەوەرو دوڕندەکانی زەریا بە دەسو بە قاچ، بە دانو بە نینۆك بەرەبەرەکانێیان کردبو و هەزاران قۆرتو بەدبەختیو تەنگو چەڵەمەیان هاتبوە ڕێ.. من پێش ئەو شەوە ناخۆشە بەشێکی زۆری ئەم کتێبەم خوێندبۆوە.. بەڵام دو ڕۆژ بو لە تەنیشت جێگەکەمەوە دامنابو و بۆم نەکرابو تەواوی بکەم. ئەوا ئەم بەیانیە دەسم کردبۆوە بە خوێندنەوەی. نازانم ئەنجامی کابراکانی سەر ئەم پارچە تەختەیە بەچی ئەگات؟ لەگەڵ ئەمەشا ئەنجامی خۆم بەست بە ئەنجامی ئەوانەوە.

وتم ئەگەر بێتو ئەمانە لەم زەریایەدا لە دوای ئەم هەمو کارەساتە هەزار چەشنو گرنگە ڕزگاریان ببێو بگەڕێنەوە دونیای ژیانو خۆشی، دور نیە منیش لەم ڕۆژە تاڵو ناخۆشەو لەم بێ هیوایيو دەرەكو ئازارە ڕزگار ببم. زۆر بێ ورەو خەمبارو پەشۆکاو بوم. ئەبەد ئەوەندە بێ ئۆقرەییم بە خۆمەوە نەدیوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵم ئەدا کە کتێبەکە بخوێنمەوەو تێی بگەم. ئەنجامی ئەو بەسەزمانانەی سەر پارچە تەختەکە بزانم. چونکە ئەنجامەکەی ئەوان بە لامەوە ئەنجامی خۆم بو و ئەو ئەنجامەم کردبو بە "فاڵ"ی بەختم.. دیارە کە ئەمتوانی ڕاستەوڕاست دوایی حەکایەتەکە بخوێنمەوەو لە ئەنجام بگەم. بەڵام وام پێ خۆش ئەهات کە لە وێنەیەکی تەبیعیدا بگەمە ئەو ئەنجامە. لە دوای سەبرو خۆگرتن، واتە لە دوای ڕەنجی خوێندنەوەی هەمو کتێبەکە فاڵی بەختم دەرکەوێو بیدۆزمەوە. وتبوم کە لەسەر گازی پشت ڕاکشابومو ئەمخوێندەوە. ئنجا سەرم کەوتبوە لای دەرگای ژورەکەم. واتە لە پشتی سەرمەوە چاوم لە حەوشی سەرا بو. جارجار بە بێ مەبەس ئەمڕوانیە ناو حەوشەکە.. ئەوە چیە؟ بەم بەیانییە زوە ئەو ئینگلیزە تەپلەبەسەرە کێیەو چی ئەکا لە سەرا؟ ئەو پۆلیسەی لەگەڵیەتی چیە؟ لەم کاتەدا کە کەس نەهاتوەتە سەرا، یاساوڵەکانیش (نۆبەچی) هێشتا لە خەوان، ئەوان لە چی ئەگەڕێن؟ ئەوا ڕویان کردە ژورەکەی منیش. ئاخۆ بۆ لای من دێنو یا ئەچن بە لای بەندیخانەکەی تەنیشت

ژورەکەمەوە؟ تەواو نزیك بونەوە. بەخوا ڕاست ڕوەو ژورەکەی من هاتن. یاخوا خێر بێ! ئەوا بە ژور سەرمەوە وەستان! با هەڵسم بزانم چیان ئەوێت؟

دڵم دەسی کرد بە گورپەگورپ و ڕەنگم سور هەڵگەڕا. خۆم هەستم بەوە ئەکرد کە خوێن وروژمی بردە سەرو مێشکم. لەشم گەرم داگیرسا. هەناسەم سوارو دەنگم گرببو. ئیتر لە نەخۆشێك جیا نەئەکرامەوە. کابرای ئینگلیز دوای ڕۆژباشێکی ساردو سڕ وتی: *"ئا سنگت بکەرەوە!"* سنگم لە خۆیەوە کرابۆوە. چونکە هاوین بو و تاقە فانیلەیەکی تەنکم لەبەرا بو. سەماعەکەی نا بە سنگمەوە، دوای ئەوە بە پشتم و ناو شانمەوە. من لەم کاتەدا دوبارە بیری سلێمانیم کردەوە. وتم ئاخۆ ژن و کەسوکارەکەم ئەزانن ئێستە من لە کام لاو لە چیدام؟ ئایا ئەزانن کەوا ئەمبەنە پای قەنارە؟.. چونکە من ئەمزانی کە پیشەی ئینگلیز وایە لە پێش شەبەقا گونابار ئەخنکێنن. لە پێش خنکاندنیشا ئەبێ پزیشك (تەبیب) گونابار ببینێ و لە ساغ و سەلیمی و هەواڵی بەدەنی تێبگا. چونکە من لەژێر تەئسیری ئەو وشانەدا کە لە "میستەر سدیق"م بیستبو و یا لە نامەکەی "حاجی نەوڕەس ئەفەندی"دا خوێندبومەوە" لە زیادکرانی پاسەوانەکانم و لە پێبڕینی هاتوچۆکەران، سەرەڕای ئەمانە هەموی بە هۆی خەیاڵاتی تێکەڵ و پێکەڵی شەوو نەنوستن و لە ڕوی بێهۆشی و گێژو وێژی و لێکدانەوەی زۆرو زەبەندە، لەو وشانە کە ترس و ئەندێشەیەکی گەورەو کوتوپڕی خستبوە دڵمەوەو دابومی بە دەم لافاوێکی خەیاڵاتی ڕەش و ناخۆش و هیوابڕەوە مانام لە هاتنی ئەم پزیشکە (دکتور) بەو جۆرە لێکدابۆوە.. ئەوەم لە بیر نەبو کە پێش چەند ڕۆژێك خۆم بە نامەیەك لە "ڕاندەل"ی حاکمی سیاسی داوای پزیشکم کردبو و ئەمە لەسەر ئەو نامەیەو بە ئەمری ڕاندەل بۆ تەماشاکردن و دەرمان کردنم هاتبو. واتە من بە خوت و خۆڕایی کەوتبومە زەریایەکی بێ سنوری ئەندێشەوە.

دکتۆرەکە هەندێ دەرمانی بۆ نوسیم و یەك دو جۆرە خواردنی تایبەتی بۆ دانام. جگە لەمانە ڕێی دا کە کتێب و کاغەزو قەڵەم و ئەو شتانەی کە بە دزیەوە بۆم ئەهات لێم قەدەغە نەکرێت. ڕاشی سپارد کە لەبەر ڕتوبەت لە عەردی نەنوم و

قەرەوێڵەیەکم بۆ دابنێن. دوای ئەمە ئیتر تا بەینێك کەوتمە ئاسودەییەوەو سەرم ڕەحەت بو و زۆری کاتم بە خوێندنەوەو نوسینەوە ئەبردە سەر.. لەو ڕۆژانەدا من زۆر شتم بە تورکی ئەنوسی. چونکە لە دەوری عوسمانی‌دا ئێمە بە تورکی ئەمانخوێند. منیش بە تایبەتی لە زمانی تورکیدا لە پێشکەوتوەکانی قوتابیانی پۆلەکەی خۆم بوم. ئەو ڕۆژە دوای ڕۆیشتنی دکتۆرە ئینگلیزەکە لە ژێر تەئسیرێکی مەعنەوی لە ستایشی یەزداندا قەسیدەیەکی تورکیم دانابو کە "مسودە"کەی لەسەر کاغەزە بۆرو ئەستورەکانی دەوری ئینگلیز نوسراوە، لەگەڵ هەندێ شیعرو نوسینی تر هێشتا لەناو کاغەزەکانی ئەو دەمەدا لە لامە. قەسیدەکەش لەگەڵ بەشێك لە شیعرە تورکیەکانم لە ساڵی ١٩٢٤ لەژێر ناوی "شعرلرم!" لە چاپخانەی "نەجاح" لە بەغدا لەچاپ دراوە..[١٩]

## ٣٢

## عەبدوڵلا ئاغای حاجی تایەر ئاغای حەوێزی

عەبدوڵلا (عبدالله)غا یەکێك بو لە پیاوە ناودارەکانی کۆیە لە نەوەی "حەوێزی"یەکان‌و باوکی فەتاح ئاغایە کە لەو ڕۆژەدا ڕەئیسی شار (بەلەدیە) بو. عەبدوڵلاغا تورکەکانی خۆش ئەویست. وەکی تریش سەر بە شێخ مەحمود بو.

ئینگلیزەکان چارەیان نەئەویست دەمڕاست‌و کەمێکیش بزێوو زماندرێژ بو. لەگەڵ ئاغاکانی کۆیە هەمویان، تەنانەت لەگەڵ خزمەکانی خۆشی ناکۆك بو. بەڵام لەگەڵ منا دۆستایەتی‌و هاتوچۆی هەبو. دەنگی ئەوە کە ڕێی تێ ئەچێ من ئیعدام بکرێم بەوێش گەیشتبو. لەبەر ئەمە بیستم کە بڕیاری دەربازکردنی داوم. هەرچەند بە تەواوی بۆم دەرنەکەوت کە ئەمە ڕاستە یا درۆ، بەڵام ئەوەندە ئەزانم

[١٩] دوایەمین (بەیت)ی ئەو (قەسیدە) تورکیە ئەمەیە:
اولما سەیدی فکرمی تحدیدە باعث محبسم؟
شمدی تا عرش مجیدە بلکە چیقشدی سسم!

كە كارێكی وا لە عەبدوللاغاوە دور نەبو. چونكە ئازاو سەرچڵ‌و دڵ بە گۆبەندەوە بو. شەوی دوای هاتنی دوكتۆرە ئینگلیزەكە، بە دزیەوە پیاوی عەبدوڵلاغا هات وتی:

لە نیوەشەودا ولاخ‌و سوارم بۆ دێتە ئێر دیواری سەرا. پۆلیسەكانیش تەمێ كراون كە چاوم لێ بپۆشن تا خۆم بگەیەنمە لای سوارەكان‌و لەگەڵیان بڕۆم‌و ئەوان ئەمبەنە لای شێخ مەحمود. من ئەم تەگبیرەم بەدڵ نەبو. چونكە لە سەرێكەوە ئەوەندە ترسم نەمابو و تا ماوەیەك ئەمین ببومەوە. لە سەرێكی تریشەوە باوەڕم بە كەس نەمابو. ئەوەندەی كە پێش توشبونم خۆشباوەڕو بێترس بوم دوای توشی داوبونم كەمباوەڕو دڵپیس‌و ئاڵۆزاوم لێ پەیا ببو. چ جای ئەوە كە لە حاڵێكا ئەمە ڕاستیش بێ من لەوەدا شكم هەبو كە سەربگرێت. ئەم بێباوەڕی‌و ملنەدانەی من خێریشی تیابو. ئەگینا بێت‌و شەوێك پێشتر ڕێی وام بخرایەتە بەر لەوانە بو كە ئاگریش بێ، خۆمی تێ فڕێ بدەم. چونكە وانەكانی میستەر سدیق وای پەشۆكاندبوم كە نەمئەزانی چی بكەم. بەلام بە هاتنی دوكتۆرە ئینگلیزەكە بەو ڕەوشتەیان لەگەڵم لە دوای ئەم هاتنە هاتبومەوە سەر خۆم‌و هیوای ڕزگاریم تازە ببۆوە.. وەلامی پیاوەكەی عەبدوڵلائاغام دایەوەو تكام لێكرد كە لەم بیرە واز بێنن. پێم وتم كە من ئەم كارە بە باش نازانم‌و هۆیەكی وا نابینم كە پێویست بە ڕاكردن‌و خۆشاردنەوە بكا. لەوەدا دڵنیام كە شتێكی وام نەكردوەو لێم دەرنەكەوتوە كە ببێتە هۆی ترسی عەبدوڵلاغاو دۆستانی تر..

ڕۆژم بە ئەنگوست ئەژماردو چاوەڕوانی پێشكەوتنی شێخ مەحمودو پەڕینەوەی هێزەكانی بوم بۆ ئەمبەری "زێ" واتە بۆ دیوی كۆیە. وام ئەزانی كە تا شێخ مەحمود بە تەواوی سەرنەكەوێت‌و شۆڕش هەرێمی كۆیەو هەرێمەكانی تر هەموی نەگرێتەوەو ئینگلیز ولاتی كوردستان بەجێ نەیەڵن من هەر لە بەندیخانەدا ئەمێنمەوە یا لە ڕێكا لەناو ئەدرێم. نەمئەزانی كە لەمەدا بە هەڵەچوم‌و ڕزگاری من –داخەكەم– بەسراوە بە گیرۆدەیی شێخ مەحمودەوە. لەبەرئەمە كە بەیانی ڕۆژی دوامین هەینی مانگی حوزەیرانی ١٩١٩ جارچی لە

بـازاڕی کۆیـە جـاڕی داو کوژانـەوەو بڕانـەوەی شۆڕشـی شـێخ مـەحمود بـڵاو کرایەوەو ئەم پەیامە کوشندەو جگەربڕە بە من گەیشت گێتی بە جاریٚ لەبەرچاوم تاریك بو و لە دو سەرەوە ماتەمینی دایگرتم. گرفتاری قارەمانی کوردو فەوتانی خۆم!.. ئنجا ڕۆژی دوەمی ئەم جاڕدانە واتە بەیانی ڕۆژی شەمە حاکمی سیاسی کۆیە لە سەرا کۆڕی مەجلیسی بەستو بەشێکی زۆربەی خەڵقی شارەکە پوڵ پوڵ بۆ چاو ڕونیو پیرۆزیادی ڕاندەل ڕویان کردە سەرا. من لەبەر خۆمەوە ئەگریامو بـۆ ئـەنجامی ڕەشـی حوکمـداری کوردسـتانو بـۆ کەساسـیو سیاچـارەیی خـۆم فرمێسکی گەرمم ئەڕژاند. بۆ ئەو ڕۆژە ئەنجامی شێخ مەحمود ئەنجامی کوردو کوردستان بو. لەم لایەشەوە کۆستکەوتوی لێقەوماوی قەومی کورد بوم. بەڵام چـیم لـەدەس ئـەهات؟! هـەر ئـەوەم پـیٚ کـرا کـە دەرگـای ژورەکـەم داخـەمو تـا زەماوەندی سەرنگونی لەشکری کورد تەواو بو لەسەر لەپ بۆی بکەومو گوێکانم بئاخنم..

*　　*　　*

## ٣٣

## بەربونم لە بەندیخانە

هەرچەند تا لە بەندیخانەدا بوم ڕێی ئەوەیان ئەدا کە خواردنم بۆ بێتو چاو قاوەیان بۆ لیٚ ئەنام. کاغەزو کتێبو شتی ترم بۆ ئەهاتو جارجارە لە ژورێکی تایبەتیدا ئاویان بۆ دائەنامو خۆم ئەششتو بەرگم ئەگۆڕی. بەڵام ڕێی ئەوەیان نەئەدا کە تاقمی تەراشو یا دەلاك بێتە بەندیخانەکەمەوە. لەبەرئەوە ئەو ماوەیە کە لەویٚ مامەوە تەراشی گوێزانم نەئەکرد. بەڵام لە دوای گیرانی شێخ مەحمود بە برینداریو ڕەوانەکرانی بۆ بەغداو لە کاتێکا کە من هیوای بەربونو ڕزگاریم نەمابو محەمەد ئەفەندی کەرکوکی کاتبی تایبەتی ڕاندەل هاتە لامو موژدەی دامیٚ کە حاکمی سیاسیو معاونەکەیو حاکمی شار، کۆبونەوەو خەریکی ئەوەن کە بڕیاری بەردانی من بدەن. جگە لەمە ناردیو دەلاکێکیان هێناو بە پارەی ئەو

محەمـەد ئەفەنـدی سـەرو ڕیشـیان تاشـیم. دوای ئەمـە ناسـیاوان ڕویـان کـردە بەندیخانەکـە. پـۆل پـۆل ئـەهاتن‌و مـوژدەی بـەربونیان ئـەدامێ‌و چـاو ڕونیـان لـێ ئەکردم. ئەوەندەی پێ نەچو "کەپتەن ڕاندل" ناردی بە شـوێنما. تـەلگرافێکی بیـل کە بۆ ئەو نوسرابو و پەندو نەسیحەتی بۆ من تیابو بۆی خوێندمـەوەو هەنـدێکم بەسەرا هات. ئنجا پێی وتم ئەتوانی بچیتە ماڵی خۆت.. ئەوەشتان بیر خەمـەوە کـە مـن شـەوی پێشـوتر لـە کاتێکـا دوا لاپـەڕەکانی حەکایەتەکـەم ئەخوێنـدەوە، لـە ڕزگـاربونی کابراکـانی سـەر پارچـە تەختەکـەی نـاو زەریـا و لـە گەڕانـەوەیان بـۆ دونیـای ژیـان‌و خۆشـی‌و لـە گەیشـتنەوەیان بـە مـاڵ‌و منداڵیـان بـە سـاغی‌و شـادی زەردەخەنەیەکی ناهومێدی لێوەکانی قڵیشـاندبومەوەو بەزەییم بـە خـۆما هـاتبۆوە کە ئەنجامی ڕەشی خۆم بە ئەنجامی ئەو بەئامانج گەیشتوانەوە بەستبو.

*　　*　　*

## ٣٤

## موحاکەمەی شێخ مەحمود لە بەغدا

## و

## نێررانی بۆ ئەندامان

مـن هەرچـەند لـە بەندیخانـە دەرچـوم بـەڵام لـە بەنـد ڕزگـارم نـەبو و ڕێـی ئـەوەم نەدرا کە بگەڕێمەوە سلێمانی‌و یا کەرکوك. ماوەی دو مـانگ زیـاتر لـە کۆیـە لـەژێر تێبینـی موراقەبـە حکومـەتا مامـەوە. لـەم حەڵـەدا "شـێخ مـەحمود" لـە بەغـدا برینەکانی دەرمان ئەکراو لەگەڵ شێخ "حەمە غـەریب"ی زاوایـا لـە بەندیخانـەو یـا لــە نەخۆشــخانە چــاوەڕوانی موحاکەمــە بــو. لــەولای تریشــەوە زابتــە کــوردە بـەدیلگیراوەکانی وەکـو قـادر ئەفەنـدی قـەرەداخی و عیزەتـی تۆپچـی و قالـەی ئایشەخان و ڕەشید جەودەت و ڕەشیدی غەفور و ئەدهەم ئەفەندی و عەلی یـاوەری ساڵەح سلێمانی و گـەلێکی تـر لـە بەندیخانـەی بەغدا فێـری "خشـتی کـاڵ بـڕین" ئەکران. لێرەدا پێویستە بڵێین کـە ئەوانـەی لـە بابـەت ئـەم زابتـە کوردانـەوە هەنـدێ

درۆ و دەلەسەیان هەڵئەبەستو باسی دودڵیو ناڕاستیو ناپاکی ئەمانەیان ئەکرد بەرامبەر بە "شێخ مەحمود"، خۆیان ناڕاستو ناپاك بونو مەبەسیان پەلاویکردنی ناوی زابتەکان بو و بە تایبەتی مەبەسیان ئەوە بو کە دوبەرەکێتی بخەنە ناوەوەو یەکێتی کورد بپسێننو گرەو لە "شێخ مەحمود" بەرنەوە. بە وشەیەکی ڕاستو بێ گرێ لە ڕوی مونافیقیو یا لە ڕوی نەفامیەوە خزمەتی ئینگلیزو سەرکەوتنی هێزەکانی ئینگلیزیان ئەکرد. ئەگینا ئەبو بزانن کە ئەم زابتانە لەژێر هیچ زۆرێکا شەڕیان بۆ شێخ مەحمود نەئەکردو بەرامبەر بە لەشکری ئینگلیز نەوەستابون. ئەگەر وا نەبوایە دوای ئەوە کە بەدیل گیران نەئەخرانە بەندیخانەی بەغداوەو لەوێ ڕۆژی هەزاران خشتی کاڵیان پێ نەئەبڕرا. با بڵێین لە پێشەوە بە ناچاریو لەبەر هەندێ هۆو شوێن، شێخ مەحمود کەوتبونو چوبونە کۆڕی شەڕەوە، بەڵام لە کاتێکا کە هێزە گەورەکانی ئینگلیز گەیشتبوە بەرامبەر "شێخ مەحمود" ئەوان بە ئاسانی ئەیانتوانی لێی جیابنەوەو بە خۆیانو هێزەکەیانەوە ڕوبکەنە لەشکری ئینگلیزو لەگەڵیان ببن بە یەك. یا لە ناوچەی شەڕ بچنە دەرەوەو بدەنە کێوەکانو شەڕی چەتە بکەنو تا لێیان ئەبورن خۆیان نەدەن بە دەسەوە.. ئەوە جێی گومان نیە کە لە هەمو کاتێکاو لە ناو هەمو کۆمەڵێکا مرۆڤی ناڕاستو ناپاك هەیەو لە هەمو قەومێکا هی وا هەڵکەوتوە کە لە عاستی قەومی خۆیو نیشتمانیا دودڵیو ناپاکی کردبێ، بەڵام من لەوەدا شکم نیە کە ئەو زابتانەی لەگەڵ "شێخ مەحمود" بون هەمویان بە تایبەتی لەو ڕۆژەدا بە خوێنێکی گەرمو بیرو باوەڕێکی پاکی نیشتمانپەروەرانەوە خۆیان خستبوە ئاگری شەڕەوەو هەر ڕەنجو ئازارێکی سەخت کە توشی ببونو ئەو تاڵیو ناخۆشیە کە لە بەندیخانەکەی بەغدایا چەشتبویان تۆڵەیەکی گیانی نیشتمانپەروەریان بو!..

بۆ موحاکەمەی شێخ مەحمودو شێخ حەمە غەریب، لە بەغدا مەحکەمەیەکی عەسکەری واتە "دیوانی عورفی" دانرا. حاکمەکانی ئەم دیوانە هەمویان ئینگلیز بون. حوکمداری کورد ئەم شتانەی درابوە پاڵ:

١-ڕاستبونەوەی بە چەك بەرامبەر بە بەریتانیای گەورەو ڕژاندنی خوێنێکی زۆرو بونە هۆی زەرەرێکی زۆربە.

٢-داگرتنی بەیاخی بەریتانیای گەورەو دڕاندنی و لە جێی ئەو هەڵکردنی بەیاخی کوردستان!.

"شێخ مەحمود" لە پێش هەمو شتێکا ڕەخنەی لەوە گرتبو کە هەیئەتی ئەم مەحکەمەیە یا ئەم "دیوانە عورفی"یە هەموی لە ئینگلیز، واتە لە دوژمنە خاوەن داواکانی ڕێکخراوە. جگە لەمەش ملی نەدا کە بە "ڕەوان" واتە مەحامی بگرێت کە بەرامبەر بە مەحکەمە قسەی بۆ بکا و لە سەری بکاتەوە. چونکە نەیئەویست کە بەم جۆرە دان بە مافی مەحکەمەدا بنێ بۆ ئەم موحاکەمەیە. خۆی بە گونابار دانەئەنا. بەرامبەر بە کردەوەی ئینگلیزو بێ قەولیان‌و لە ڕێی پاراستنی وڵات‌و سەندنەوەی حەقی شەرعی کوردا ڕاست بونەوەو بەگژ ئینگلیزاچونی لەسەر خۆی بە واجب ئەژماردو لەم خوێن ڕژاندنانەدا نەك خۆی، بەڵکو ئینگلیزەکانی بە موجرم‌و گونابار ئەزانی..

بەڵام دیوانی عورفی ئەمانەی نەبیست‌و بە ڕاست‌و درۆ "شێخ مەحمود"ی موحاکەمە کردو حوکمی دا بە خنکاندنی. لە سلێمانی‌یەوە یا بە ناوی شایەت تاقمێك لە پیاوە ناسراوەکان ڕێك خرابو و بە زۆر یا بە خواهش لەم موحاکەمەیەدا حازر بون. ئەمانە کە لەگەڵ "کەپتەن بۆند"ی حاکمی سیاسی چەمچەماڵ نێرابونەوە بەغدا، ناوەکانیان لە خوارەوەیە:

١-حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکی.

٢-عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف.

٣-شێخ نەجیبی قەرەداغ.

٤-عەونی ئەفەندی یوزباشی کوڕی (حاجی گورون).

٥-حەمەد بەگی قادر پاشا.

٦-حاجی ئاغای حەسەن ئاغا.

٧-میرزا فەرەجی حاجی شەریف.

"شـێخ مـەحمود" لـە دوای ئـەم هـەمو کارەسـاتە گـرنگو سـامناکەش ورەی بەرنـەدابو و نەپەشـۆکابو. برینـداریو بـەدیلگیرانو "دیـوانی عـورفی"ی ئینگلیـز نەیشڵەژاندبو و بە وێنـەی پڵنگێکی نـاو قەفەس لە هەڵمـەتبردنو چەپۆکداهێنان ئەگەڕا. بەرامبەر بە دیوانی عورفی ڕەوشتو گفتوگۆی بیّ گریّو ئازانە، لە عاست شایەتەکانا سروشتی مەردانەو دلێرانە بو، لە نیگاکانیا بەرامبەر بە شایەتەکان وا ئەخوێنرایـەوە کـە نرخێکیـان ناداتـیّو بـە سـوك دێنـە بەرچـاوی. داخـی ئـەوەی ئـەخوارد کـە لـە لای بێگانـە کـورد شـایەتی لـیّ بـدا. ماتـەمنیی ئـەوە گرتبـوی کـە کۆتەو زنجیری ئینگلیـز پـەکی خستبو و نەیئـەتوانی بیانپلیشـێنێتەوە! لەبەرئەمە کە دیوان، حوکمی خنکاندنی دا بە سەرا بە زەردەخەنەیەکەوە تێی ڕوانین کە پڕ بو لە مانا!و ستەم!..

بـەریتانیای گـەورە! ئـەم حوکمـە گرانـەی لەبـەر دو هـۆ دابـو بەسـەر "شـێخ مـەحمود". یەکـەم بـۆ نوانـدنی (هەیبـەت)و گـەورەیی بـەریتانیا. دوەم بـۆ ئـەوە کـە هـاتو حوکمەکـەی دیـوانی عورفییـان گـۆڕی بـە گرتنـی "شـێخ مـەحمود" لـە بەندیخانەداو یا بە ناردنی بۆ دەرەوەی عێراق، ئەمە بکەن بە بەڵگەیەکی لێبوردنی خۆیـانو چاوپۆشـینیان بەرامبـەر بـە گونابـاران. هەنـدێکیش ئـەیانوت ڕێـی تـیّ ئەچێت کـە ئینگلیزەکـان ئـەوەیان لەبـەر چـاو بـو بـیّ کـە کوردەکـان بەرامبـەر بـە دیلـەکانی دەبـو پیاوانـە جوڵابونـەوەو نـەك ئـەوەی کـارێکی ناشایستـەیان دەربـارە بکـەنو یـا عەزیـەتیان بـدەن، بـەڵکو لـە لایـەن خـواردنو جـیّو ڕێـوە بـە وێنـەی (دیل)ەکانی حکومەتێکی شارستانی لەگەڵیان جوڵابونەوەو ماوەی بیّ "وێڵ"یو کردەوەی ناڕەوایان نەدابو[٢٠]. هەرچەند ئەم هۆیانە لەوانەیە کە بێت بە بیرا، بەڵام

[٢٠] ئەو ئینگلیزانە کە دوای گرتنی سلێمانی بە هێزەکەی "مەحمود خانی دزڵی" لـە "دەبـۆ"کـەدا گیرابون بە ئەمری "شێخ مەحمود" چاوێرییەکی باشیان ئەکرا، جگە لەمە بەهۆی ئەوە کە "شێخ قادری" حەفید" سوپاسالاری لەشکری کوردو هاوڕێی "دانلیس" بـو لـە ماڵی خۆیانـەوەو بـە ئـەمری "حەپسـەخانی ڕەحمـەتی" گـەلێجار نـانو خـواردنێکی زۆرو پوختـەو تایبـەتی بـۆ ئینگلیزەکان ئەنێرایە دەبۆو پێخـەفی پاكو خاوێنو هـەر شتێکی تـر کە پێویستیان بـو لێیان درێغو یا قەدەغە نەئەکرا..

ئەوە بە بیری کەسا نەهاتبو کە "شێخ مەحمود" بۆ ڕۆژی خۆی ئەبێ بمێنێت. چونکە ئینگلیز وا بە ئاسانی هیوایان لێ نەئەبڕی. بە تەما بون کە ئەمجارەش بە گژیانا چو، نۆرەیەکی تر هەر بێتە سەر (ڕێ)و بۆ سیاسەتی خۆیان لەم وڵاتەدا کەڵکی لێ وەرگرن. لەبەرئەمە لەندەن پەنجەی بۆ حوکمەکەی "دیوانی عەسکەری" درێژ کرد. لە پێشەوە گۆڕی بە (بەندی) دە ساڵ. دوای ئەوە لەگەڵ "شیح حەمە غەریب" زاوایا ناردیە جەزیرەی ئەندامان (Andaman).

ویلسونی حاکمی عام لەم کاتە گرنگەشا بە شوێن "شێخ مەحمود"ەوە بو. ئەیویست کە دوایی بە ژیانی بداو لەناوی بەرێ. بەرهەڵستی ئەو بو کە حکومەتی بەریتانیا لە شێخ مەحمود ببورێتو بە دورخستنەوەی لە عێراق لێی بگەڕێ. ئەوە کە میجەرسونی زۆر بە دڵ چوبو و بە حاکمێکی بێهاوتای دائەنا بە هیچ کلۆجێك چارەی شێخ مەحمودی نەئەویستو بەتەما بو لەم هەلەدا بیفەوتێنێ. بەڵام کە حکومەتی بەریتانیا وەکو وتمان لەبەر گەلێ مەبەس بڕیاری دا بە هێشتنەوەی شێخ مەحمودو دیوانی عەسکەری حوکمەکەی خنکاندنی گۆڕی بە دورخستنەوەی لە عێراق" ویلسون بە ڕەسمی ڕەخنەی لەمە گرتو وتی: "مانەوەی شێخ مەحمود بە زیندویی هیوایەکە بۆ دۆستەکانیو ترسێکی گەورەیە بۆ دوژمنەکانی. ئەوان (دۆستەکانی) بە هیوای گەڕانەوە، لە کردەوەی خۆیان لانادەن، ئەمانی تریش (دوژمنەکانی) لە ترسی گەڕانەوەی شێخ مەحمود ئۆقرە ناگرنو ناسرەون. بە کورتیەکەی تا شێخ مەحمود زیندو بێ ئاسایش ناکەوێتە کوردستانەوە" بەڵام لەگەڵ ئەم دوژمنایەتییە پڕ لە قینە (ویلسن) دانیشی ئەنا بە ئازاییو نەبەزی شێخ مەحموداو بە زمانێکی سەناخوانی باسی غیرەتی قەومیو گیانی بەرزی نیشتمانی ئەم قارەمانە کوردە ئەکاو ئەڵێت: *"لە نەخۆشخانەی بەغدا چومە لای، بە وێنەیەکی ئێجگار بە کوڵو تینو ئازانە ئەیوت* (واتا شێخ مەحمود ئەیوت): *نەك مەحکەمەی عەسکەری ئینگلیز، بەڵکو هیچ مەحکەمەیەك خاوەن حەق نیە کە موحاکەمەی بکا. چونکە ئەو بە پێی حەقێکی شەرعی کە لە لایەن دەوڵەتە سوێندخۆرەکانەوە دانی پیا نراوەو ناسراوە، شەڕی لەگەڵ ئینگلیز*

*کردوەو لە ڕێی کوردو کوردستانا خۆی بەخت کردوەو ئەیکا"*. دوای ئەمەش هەر ویلیسن ئەڵێ: *"شێخ مەحمود دوانزە مادەکەی (ئەبێ چوارده بێ) ویلسونی ڕەئیس جمهوری ئەمریکای بیرخستمەوەو بۆی خوێندمەوە. ئنجا بازیبەندەکەی قۆڵی کردەوەو لەناو ئەوەدا بەرگێکی قورئانی دەرهێناو پیشانی دام کە تەرجەمەکەی کوردی مادەکانی ویلسون‌و تەرجەمەی بەیانەکەی ئینگلیزی‌و فەرەنسزی تیا نوسرابو کە لە لایەن حقوقی قەومە بچوکەکانەوە بە یەکەوەو لە ١٩١٨دا بڵاو کرابۆوە."*[٢١]

ئەم قسانەی ویلسونی حاکمی عێراقی عام کە دوژمنێکی بێڕەزاو بێئامانی شێخ مەحود بو، گەواهێکی هەرە گەورەیەو بەسە بۆ دەمکوتکردنی هەندێ لەوانەی کە لە ڕوی کین‌و یا نەفامی‌و نەشارەزاییەوە قسەی پڕوپوچیان بڵاو ئەکردەوە لە بابەت شۆڕشەکانی کوردەوە یا وایان ئەزانی کە شێخ مەحمود کوتەکێك بو بە دەس ئینگلیزەوە.

ئینگلیزەکان دوای گرتنی شێخ مەحمودو ناردنی بۆ بەغدا هێزێکی سوارییان لە سلێمانیدا داناو تا بەینێك خەریکی گرتنی ئەو ڕەئیسانە بو کە شوێن شێخ مەحمود کەوتبون‌و گەلێکیشیان جەریمە کردن. پاش ئەمە دائیرەی مەندوبی سامی لە بەغداو لایەنی عەسکەری زۆریان هەوڵ دا بۆ کردنەوەی ڕێگەی خانەقین‌و کۆیەو کەرکوك‌و ڕاکێشانی خەتی ئاسن بۆ وڵاتەکانی کورد. بەڵام کورتی ماوەی ئابوری‌و بێهێزی ئەو ڕۆژەی دەوڵەتی بەریتانیا بەرهەڵستێکی گەورە بو بۆ پێکنەهاتنی ئەم مەبەسە. بەشێکی گەورەی ئەم کارە هەتا ئیمڕۆش دوا کەوتوەو بە ئەنجام نەگەیشتوە..

من لە کویە لەم ڕۆژانەدا ڕێیان دام کە بگەڕێمەوە سلێمانی. ئەو ڕۆژەی گەیشتمە (کەرکوك) ئەوانەی کە بۆ شایەتی دەربارەی "شێخ مەحمود" چوبونە بەغدا گەڕانەوەو لەوێ توشیان بوم. هەلێکی زۆرباش بو. چومە لای حاجی "مەلا

---

[٢١] Mesopotamia 1917-1920.

سەعیدی" خزمەو بە هۆی ئەوەوە لەگەڵ کۆمەڵێ لە شایەتەکان –بێ ئەوەی پرس بە کەپتەن بۆند بکەین گەڕامەوە سلێمانی.

لە ڕێگەی کەرکوك –سلێمانی لە قەرەهەنجیرەوە تا تەینالْ ناوبەناو پێ‌وشوێنی شەڕ بەرچاو ئەکەوت. لە دەربەندی بازیانیشەوە تا نزیك شاری سلێمانی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکان خێوەت‌و بارەگای لێ هەڵدرابو و دەشت‌ودەر بە لەشکری ئینگلیز واتە بە هندی‌و سیك‌و گورگە تەنرابو..

* * *

## ٣٥

## لەشکری یۆنان تاو ئەداتە سەر خاکی تورك

وەکو لەمەوپێش باسمان کردبو[٢٢] حکومەتی یۆنان بە هۆی تێکۆشانی "وەنیزە لۆس"ی سەرەکوەزیرەوە بڕیاری بە دەوڵەتە سوێندخۆرەکان دەرهێنابو بۆ داگیرکردنی خاکی تورك‌و لەبەرئەمە دەسی کرد بە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی لەشکرەکانی‌و لە ١٥ی مایس–١٩١٩دا ئەزمیری داگیر کرد. ئنجا خەریکی خۆئامادەکردن بو کە تاو بداتە سەر شارەکانی تر. لەشکری تورك تازە لە شەڕی گشتی دەرچوبو. لە هەمو سەرێکەوە برسی‌و ماندو و بێهێز کەوتبو. هەستی بە گەلێك کەموکورتی‌و ناتەواوی ئەکرد. لە ڕێی ئەوەدا نەبو کە لە ڕوی لەشکرێکی تازەو ڕێکوپێکدا بوەستێت. بە تایبەتی کە لەشکرێك پڕ چەك بێ‌و مەشقی کردبێ. لەشکری یۆنان کە بۆ شەڕێکی گەورەو داگیرکردنی وڵاتی قەومێکی ئازاو شەڕکەری وەکو تورك پێکەوە نرابو بە چەکی تەواو چەکپۆش کرابو و مەشقێکی تەواوی چاوپێکەوتبو. لەبەرئەمە حکومەتی یۆنان‌و بە تایبەتی "وەنیزە لۆس"ی سەرەکوەزیر ئەم بڕیارە بێجێ‌و ناڕەوایەی سوێندخۆرەکانی ئەو ڕۆژەی بە هەلێکی هەڵکەوتو ژماردبو و کەوتبوە سەودای داگیرکردنی وڵاتی دوژمنی دیرێکی واتە وڵاتی تورك!.

---

[٢٢] بڕوانەرە داوێنی لاپەڕەکانی ئەوەڵی بەشی یەکەمی ئەم بەرگە.

لەبەرئەمە "نورەدین پاشا" کە تا ماوەیەك بەرهەڵستی ئەم لەشکرەی یۆنانی پیێ سپێررابو هەندێ هێزی گورج و سوکەڵەی ڕێکخست و لەژێر سەرەکی چەند زابتێکی لاوی خوێنگەرم و نیشتمانپەروەرداو بە شەڕی چەتە ماوەیەکی باش بەرەبەرەکانی لەشکرە گەورەو بەهێزەکەی یۆنانی کردو ڕێی لێ بردنە بەست. "مستەفا کەمال" لەم کاتەدا لەگەڵ هاوڕێکانی پێکەوە شەو و ڕۆژ لە تەقەلای ئەوەدا بون کە لەشکرەکانی تورك سەرلەنوێ ڕێك بخەنەوە، مەشقیان پێ بکەن، کەموکورتییان نەیەڵن و گیانێکی تازەیان بکەنەوە بە بەرا. واتە لەوە ئەکۆشان کە ئەم لەشکرە برسی و ڕوت و ماندوە زیندو بکەنەوە. یۆنانیەکان بەمەیان ئەزانی. لەبەرئەوە ئەیانویست تا زوەو پێشئەوەی تورکەکان بکەونە خۆیان و لەشکرەکانیان کۆبکەنەوە بگەنە ناوچەی وڵاتی تورك و شپرزەیان بکەن و ماوەی سەربەرزکردنەوەیان نەدەن.

ئنجا لەم ڕۆژانەدا کە "شێخ مەحمود" لەگەڵ لەشکری ئینگلیز لە دەربەندی بازیاندا بەیەکا چوبون لەولاوە یۆنانیەکان لە "بەسارابیا"وە لەشکرێکی تری زوربەیان گەیاندە ئەزمیر. جگە لەمە بڕیاریان دا بە کۆکردنەوەی ١٢٥ هەزار نەفەری تازەو فێرکردنی چەکبازییان بە مەبەسی داگیرکردنی ئەو دوای شارەکان کە بە دەس تورکەوە مابو. لە کاتێکا کە لە "ئەنادۆڵ= ئاسیای بچوك"دا هەواڵ بەم جۆرە بو لە ناوچەی ئەستەمولدا دەوڵەتە سوێندخۆرەکان وەکو بەرلەمە وتبومان "پەیمانی سەڤەر Sevre"یان لە ١٠ی مانگی ئەغستۆس (١٩٢٠ ئاب) بە حکومەتی "فەرید پاشای زاوا" ئیمزا کرد[٢٣]. ئەم پەیمانە کە بەندەکانی دەربارەی دامەزراندنی کوردستانی گەورەو سەربەخۆی میللەتی ئەرمەنی تێخرابو –ئەگەر سەری بگرتایە– بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی تورکی پێ ئەشکاو لەوەدا نەئەما جارێکی تر زیندو بێتەوەو سەری بەرز کاتەوە. بەلام "مستەفا کەمال"و

[٢٣] ئەم پەیمانە لە ١١ی مایسی ١٩٢٠دا بلاو کرابۆوە لە ١٠ی ئەغستۆسی ١٩٢٠ بە نوێنەرەکانی حکومەتی تورکی ئەستەمول واتە بە "هادی پاشا"ی فەریق و سەرەکی دەستەی ئەرکانی حەرب و "ڕەشاد خالس بەگ"ی موستەشاری خارجیەو بە "ڕەزا تۆفیق بەگ"ی شاعیرو فەیلەسوفی تورك ئیمزا کرا..

هاوپەیمانەکانی خاوەنی میساقی میللی هەر وەك بەرامبەر بە لەشکری یۆنان دەسیان کردبو بە خۆئامادەکردن، ئەو لەشکرەشیان بە تەواوی شێواندو تەفروتونا کرد کە لە ئەستەمولْ لە لایەن خەلیفەوە نێررابوە سەریان. پەیمانی سەڤەری ناوبراویش و ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە لە لایەن نوێنەرەکانی حکومەتی ئەستەموڵەوە تاقمی کەمالیەکانی نەپەشۆکاندو لە کردەوەی خۆیانی نەخست. واتە لە رێکخستنی لەشکرەکانی تورك لە ئەنادۆڵ دوانەکەوتن و سارد نەبونەوە. شکانی لەشکرەکەی خەلیفە لە لایەن هێزەکانی "مستەفا کەمال"ەوە بو بە هۆی کەوتنی وەزارەتی "فەرید پاشا".

"وەنیزە لوس"ی سەرەکوەزیری یۆنان کە یەکێك بو لە سیاسیە بلیمەتەکانی ئەو دەورەی ئەوروپا و دوژمنی هەرە گەورەی میللەتی تورك، دەسوبرد کەوتە وێزەی گەورەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان و داوای ئەوەی لێ کردن کە تا شۆڕشی "مستەفا کەمال" بە تەواوی پەرەی نەسەندوەو نەگەیشتوە تەپڵەیەکی دەرەك، ڕێ بدەن بە پێشکەوتنی هێزەکانی یۆنان، بە داگیرکردنی ئەو شارانەی کە ئەکەوێتە سەر ڕێگە ئاسنەکانی "ئەزمیر" و "ئەفیون قەرە حەسار".

لەم لاشەوە لەشکرەکانی مستەفا کەمال دوای شکاندنی هێزەکەی ئەنزاور پاشا واتە هێزی خەلیفە، بەرەبەرە لە زیندوبونەوەدا بو و نزیك بە شاری ئەستەمولْ کەوتبۆوە. لەبەرئەمە گەورەکانی سوێندخۆرەکان لە عاست "وەنیزە لۆس"دا نەرم بون و بەڵێنیان دایە کە بەرهەڵستی نەکەن. ئینگلیزەکان لەمە زیاتر چونە پێشەوەو بە پارەو بە چەك یارمەتیشیان دا. بەڵام وەکو لە دواییدا باسی ئەکەین لەشکری یۆنان ئەم کارە گرنگەی پێ نەبرایە سەر. ئەو خەوە خۆشەی کە بینیبوی نەهاتە دی و بە ئامانجی خۆی و سوێندخۆرەکان کە لە پشتەوە هانیان ئەدا نەگەیشت. لەبەرئەمە گەورەکانی سوێندخۆرەکان وردە وردە ڕویان لە حکومەتی "خەلیفە" وەرگێڕاو پشتیان تێ کرد. لەولای تریشەوە هیوایان ئەوەندە بە هێزەکانی یۆنان نەما و هاتبونە سەر ئەوەی کە بیر لە ئەنجامی لەشکرە

یاخیـەکانی تـورکی ئـەنادۆڵ بکەنـەوەو بـە ناچـاری تـا ماوەیـەکیش ڕویـان کـردە "مستەفا کەمال"ی دوژمنیان و دەسی دۆسایەتییان بۆ درێژ کرد.

*  *  *

## ٣٦

## کەوتنی وەزارتی "وەنیزە لوس" لە یۆنان و سەرکەوتنی کەمالیەکانی تورکیا لە دونیای سیاسەتا:

لەو سەرودەمەدا کە "وەنیزە لوس" لە ڕێکخستنی تەگبیری داگیرکردنی خاکی تورکـا بـو لـە "یۆنانسـتان"دا ئاژاوەیـەك پـەیا بـو. ئەلەکسـەندەر= ئەسـکەندەری مەلیکی یۆنـان مرد. لـە هەڵبـژاردنی ئینتیخاباتی تازەدا حزبـی مـەلیك قوستـەنتین سـەرکەوت و وەزارەتـی "وەنیـزە لـۆس" کورسـی حکومـەتی بـەجێ هێشـت. ئـیتر هـەوای سیاسـەتیش گـۆڕاو ئـەو ڕێ و شـوێن و سیاسـەتە کـە "وەنیـزە لـۆس" لـە سـەری ئەڕۆیشـت بـاوی نـەما. چ ئـەم کارەسـتانەی سـەرەوەو چ ڕێنەکـەوتنی گـەورەکانی سـوێندخۆرەکان لەسـەر سیاسـەتێکی تایبـەتی و بـێ فڕوفێـڵ لـەناو خۆیانا بو بە هۆی ئەوەی کە سەرەکوەزیری فەرەنسەو وەزیـری دەرەوەی ئیتالیا بچنە لەنـدەن و لەگـەڵ لوئیـد جـۆرجی سـەرەکوەزیری بـەریتانیا بکەونـە گفتوگـۆو باسـی هەڵوەشـاندنەوەی پـەیمانی سـەڤەرو دواییـدان بـە (مەسـەلەی خـۆراوا= المسئلة الشرقية). لۆئید جۆرج کە بە دوژمنایەتی تورك نـاوی دەرکردبو نرخێکـی نـەدا بـە قسـەکانی ئـەم دو وەزیـرەو داوای لێکـردن کـە مـاوەی بـدەن تـا ئـاژاوەی ناوەکی حکومەتی یۆنان بەسەر ئەچێ و ئەنجامی دەرئەکەوێت. دیارە کە لەمـەش مەبەسـی کـات دەسخسـتن و بەجێنـەهێنانی بیرەکـەیان بـو. سـەرەڕای ئەمـە بـە پێچەوانەی ئامانجی فەرەنسەو ئیتالیا، بە سەرکەوتنی حزبەکەی لە هەڵبژاردندا قوستەنتینی مەلیکی پێشوی یۆنان هاتـەوە سـەر تـەخت و کاری یەکـەمی ئـەوە بـو کـە بڕیـاری دا لەسـەر پـێ و شـوێنی (وینـزە لـوس) بـڕواو بەربـەرەکانی لەگـەڵ کەمالیەکانا بکا!..

*  *  *

لەشکری مەلیك قوستەنتینیش بەرامبەر بە لەشکرەکانی مستەفا کەمال خۆی ڕانەگرت و شکاو گەڕایەوە دەورو پشتی بورسە. ئەوسا کە جارێك لە پاریس و جارێکیشیان لە لەندەن و دوابەدوای‌یەك دو کۆبونەوە کرا. کۆبونەوەی لەندەن لە ٢١ی شوبات ١٩٢١ لە کۆشکە دێریکییەکەی سەن جەیمسداو لەژێر سەرۆکی "لۆئید جۆرج"ی سەرەکوەزیری بەرتیانیادا بو. لەم کۆبونەوەیەدا نوێنەری مستەفا کەمال لەگەڵ نوێنەری حکومەتی ئەستەموڵ بە یەکەوە دانیشتن. دەربارەی پەیمانی سەڤەرو خواستەکانی تورك و یۆنانەوە دورو درێژ باس و گفتوگۆ کرا[٢٤]، بەلاّم ئەمیش ئەنجامێکی نەبو. حکومەتی یۆنان بڕیاری دا کە لەسەر شەڕ بڕوا و دەسی کردەوە بە خۆکۆکردنەوە..

دەستەی نوێنەرەکانی مستەفا کەمال واتە نوێنەرەکانی حکومەتی ئەنقەرە لەژێر سەرەکی بەکر سامی بەگی وەزیری دەرەوەدا چوبونە لەندەن. ئەمانە هەر لەوێ چ بە دزیەوەو چ بە ئاشکرا لەگەڵ نوێنەرەکانی فەرەنسە کەوتبونە گفتوگۆی ڕێکەوتن و کەم و زۆر لە یەك نزیك ببونەوە. "بەکر سامی" لە فەرەنسزەکانا هەستی بە نەرمی و لاگیری خۆیان کردبو و هیوای ڕێکەوتنی تەواوی پێیان هەبو و ئەگەر بە واتەکانی یەکێك لە نوێنەرەکانی تورك باوەڕ بکرێت، هەر لە لەندەن لەگەڵ فەرەنسزەکانا گەلاڵەی پەیمانێکی دوبەدویان کردبو. لەبەرئەمە کە لە لەندەن گەڕانەوە جارێ چونە پاریس. مەبەسیان ئەوە بو کە پیش ئەوەی بچنەوە ولاّتی خۆیان نەبزی حکومەتی فەرەنسە تاقی بکەنەوەو ئەگەر بۆیان کرا لەگەڵیان ڕێکەون.

*  *  *

وەکو وتمان تورکەکانی ئەنقەرە لەم چونەیان بۆ پاریس هیوای ڕێکەوتن و بەستنی پەیمانێکی ئاشتیان ئەکردو بەتەما بون کە بە ئاشتی و بەبێ شەڕ "کلیکیا" بە فەرەنسزەکان چۆڵ بکەن. کە گەیشتنە پاریس زۆر بە گەرمەوە بەرەو

---

[٢٤] لە جێی خۆیا بە درێژی باسی ئەم گفتوگۆیە ئەکەین.

پیری کران‌و بۆ ڕێ پیشاندان‌و شارەزایی "کۆلۆنەل موگان" ناوێکیان خرایە تەك. ئەم کابرایە زۆر بە دڵ ڕابەری ئەکردن‌و بە هۆی ئەوەی "بەکر سامی" بەگ‌و هاوڕێکانی لە سیاسی‌و عەسکەرە گەورەکانی فەرەنسە زۆر کەسیان چاوپێکەوت‌و لە لایەن بیری خۆیانەوە گفتوگۆیان لەگەڵ کردن. لە دوای ئەمە هەلی ئەوەشیان دەسکەوت کە وەزیری دەرەوەی فەرەنسە ببینن‌و دەربارەی "کلیکیا"و چۆڵکردنی لە لایەن لەشکرەکانی فەرنسەوە بە ئاشتی‌و بێ شەڕو بەهەر جۆرێك کە حکومەتی فەرەنسە بە باشی بزانێت گفتوگۆی لەگەڵا بکەن. لەم چاوپێکەوتنەدا بەکر سامی‌و هاوڕێکانی لەتەك "بریان"ی وەزیری دەرەوەی فەرەنسە لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێکەوتن:

١–وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسە بە تەلگراف "مەندوبی سامی" فەرەنسە لە سوریە ئاگادار بکا لەوەی کە لەگەڵ تورکەکانی ئەنقەرە نزیك بە یەك بونەوەو ڕێکەوتون.

٢–لە پەیمانی ئەم ڕێکەوتنەدا ئەو جێگانە دەربخرێت کە فەرەنسە بەڵێنی دانەوەی ئەدا بە تورك‌و لە ماوەی مانگێکدا لە لایەن هێزەکانی فەرەنسەوە چۆڵ ئەکرێت بۆ ئەوەی کە هێزەکانی "مستەفا کەمال" بچێتەوە ناوی.

٣–دوای ئەمانە تورکەکان لە لایەنی خۆیانەوە دەس ئەکەن بە بەجێهێنانی ئەو مەرجانە شەرت کە بەشێکە لەو بەندانەی لەگەڵ فەرەنسزەکان لەسەری ڕێکەوتون. فەرەنسزەکان لەسەر ئەم بڕیارە بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە "کلیکیا" ڕێڕەویەکیان (خطە) داناو لەمە مەندوبی سامی فەرەنسەیان لە سوریە ئاگادار کرد. بەکر سامی بەگیش بە تەلەگراف ئاگایی دا بە حکومەتی ئەنقەرە. بەڵام ئەنقەرە[25] بە شفرە وەڵامی دایەوە. لەم شفرەیەدا ئەیوت: یۆنانەکان بۆ شەڕ خۆیان ئامادە ئەکەن‌و لە بەکر سامی داوای ئەکرد ئەم باسە بخاتە بەرچاوی

---

[25] شفرە ئەو تەلەگرافەیە کە لە جیاتی پیت بە ژمارە ئەنوسرێت، ئەم ژمارانە بە نهێنی پیتەکانی بەرامبەری دائەنرێت بۆ ئەمە کە هەر ئەوانەی ئەینوسن‌و ئەوی بۆی ئەنوسرێت بتوانێت لەگەڵ پیتەکان بەرابەری بکاو مانای بزانێت.

فەرەنسزەکانو بەم هۆیەوە هەوڵ بدا کە لە بابەت هەندێ چەكو فیشەكو یارمەتی ترەوە بۆ لەشکرە تازەکانی کەمالیەکان بەندێك بخرێتە ئەو پەیمانەوە کە لەسەری ڕێك ئەکەون جگە لەمە هەر لەو تەلگرافە شفرەیەدا ئەنقەرە بەکر سامی لەوە ئاگاداری ئەکرد کە "گوتاریس"ی وەزیری جەنگی یۆنان چۆتە لەندەنو تەقەلای ئەوە ئەدا کە بۆ لەشکرەکانی یۆنان چەكو سیلاحی تازە وەرگرێت. ئەو لەشکرانە کە تازە ڕێکخرابو و بۆئەوە خۆی ئامادە ئەکرد کە سەرلەنوێ هەڵمەت بەرێتەوە سەر خاکی تورکەکان.

بە واتەی شفرەکەو بە پێی ئەو زانیارییە کە بە ئەنقەرە گەیشتبو، لەندەنیش بۆ ئەمە بەڵێنی دابو بە یۆنان. لەمەش وا دەرئەکەوێت کە هێزە چەتەکانی مستەفا کەمال هەروەکو بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان شەڕی ئەکردو ڕێی پێشکەوتنی لێ ئەبردنە بەست لە لایەکی تریشەوە لە تورکیاو بەرامبەر بە هێزەکانی فەرەنسە لە هەڵمەت بردنو پەلاماردان نەکەوتبوو تەنگی بەوانیش هەڵچنیبو.

لەسەر ئەم تەلەگرافە ئەنقەرە "بەکر سامی"و هاوڕێکانی دوبارە ئەچنەوە لای "موسیو بریان– Brecellamt" ی وەزیری دەرەوەی فەرەنسەو لە لایەن ڕاسپێریەکانی ئەنقەرەوە ئەکەونە گفتوگۆ. بەڵام لەم ڕێیەدا توشی گەلێ گیروگرفتو قۆرت ئەبن. بریان ئەم خواستانەی ئەنقەرەی زۆر بە گرنگ دێتە بەرچاو. بە لای "بریان"ەوە لەو ڕۆژەدا فەرەنسە بە هیچ کلۆجێك لە تەوانایا نابێ کە چەك بە لەشکری "مستەفا کەمال" بدا یا بفرۆشێ.. "بەکر سامی" ڕێگەی ڕزگار بون لەم قۆترە ئەدۆزێتەوە. بە "بریان" ئەڵێت: ***"لە ئێوەمان ناوێت چەکمان بۆ بنێرنو یا پێمان بفرۆشن. بەڵکو ئەمانەوێت ئەو لەشکرانەی لە "کلیکیا" یان ئەکشێنە دواوە چەکەکانیان بەجێی بێڵنو بەبێ چەك بکشێنەوە. واتە ڕێی ئەوە بدەن کە تورکەکان بە سوکە شەڕێکی وەکو گاڵتە ڕوتیان بکەنەوە"***. چونکە سوێندخۆرەکانی تری فەرەنسە نەیانئەویست تورکەکان "چەك"یان دەسکەوێو ئەبو ئەم مەبەسە بە فێڵ ببرێتە سەر! لەسەر ئەمە بریان داوای یەك دو ڕۆژ مۆڵەتی کرد. بەکر سامیو بریان لەسەر ئەوە ڕێکەوتبون کە هاتو حکومەتی فەرەنسە

بڕیاری بەجێهێشتنی چەکەکانی دا لە کلیکیا، لە کاتی کشانەوەی لەشکرەکانیان لەشکری "مستەفا کەمال" شوێنیان بکەوێتو لە دوزای شەڕێکی درۆو ڕێکخراو فەرەنسزەکان ئەو چەکەی پێیان بێت بیدەن بە دەسەوەو بە چەشنی هەڵاتو لە سنوری کلیکیا بچنە دەرەوەو خۆیان بگەیەننە ڕۆخەکانی زەریای سپی واتە بۆ لای کەشتییەکانی فەرەنسە.

تورکەکان ڕۆژی دوەم بۆ دوا وەڵامی فەرەنسە چونەوە لای بریان. پێی وتن کە دوای دو ڕۆژی تر واتە لە ٢٤ی مارت ١٩٢١دا ڕەئیسی جەمهور خۆی ئامادە ئەبێ کە چاوی بە بەکر سامیو هاوڕێکانی بکەوێو گفتوگۆیان لەگەڵ بکا. لەو ڕۆژەدا تورکەکان بە ڕابەری "کۆڵۆنیل موگان" چونە "سەرای ئەلیزە". لە دەرگای دەرەوەی ئەم سەرایەدا یاوەرەکانی ڕەئیس بەرەو پیریان کردنو گەیاندیاننە ژوری چاوەڕێ. ئەودەمە تورکەکان هێشتا کڵاوی میریان نەگۆڕیبو و فێستیان لەسەر ئەکرد. بە پێی ڕەوشتی فەرەنگ پێش ئەوەی بچنە ژوری "سەرەك جمهور" فێستەکانیان پێ داکەندن. تورکەکان کە بە تەمای ئەوە بون لەم چاوپێکەوتنە کەڵکێك وەرگرنو بە ئامانجی خۆیان بگەن بە "نەنگی"یان دانەنا کە سەر ڕوت کەنو بەو جۆرە بچنە ژورەوە. بەڵام لە هەنگاوی یەکەما بۆیان دەرکەوت کە سەرەك جمهور لەو بیرەدا نیە دڵ بدا بە خواستەکانیانو ملی ڕێکەوتن بدا. لە ناوەڕاستی ژورەکەیا بە پێوە ڕاوەستابو و چاوەڕوانی ئەکردن کە ئەمە بەڵگەی کەمتەرخەمیو بەکەمتەماشاکردن بو بەرامبەر بە تورکەکان. جگە لەمە کە سەرەك–میواندار پێشکەشی سەرەك جمهوریان ئەکا بە ساردێکەوەو بە گرژی دەسیان ئەگوشێتو بە فیز نواندنێکەوە ئەگەڕێتەوە جێگەکەی خۆی. ئەو شوێنەی تورکەکانی لێ ئەوەستن نزیکەی پێنج مەتر لە کورسی سەرەك جمهورەوە دور ئەبێ. هەر لەو شوێنە ئەمینەوەو بانگیان ناکاتە پێشەوە. دوای ئەمە کە سەرتاپا خوار چاوێکی بە مانایان پیا ئەگێڕێتو لێیان ورد ئەبێتەوە ئەوسا داوایان لێ ئەکا کە دانیشن. بەمەش دڵی ئاو ناخواتەوە ئنجا ڕویان تێئەکاو ئەڵێ: *"زۆر شتێکی سەیرە کە ئێوە بە هیوای ڕێکەوتن لەگەڵمان هاتونە*

*ئێره. کەچی کە لەگەڵتان ڕێکەوتین و بڕوامان پێکردن و فرمانمان دا بە کشانەوەی هێزەکانمان لە (کلیکیا)" هێزەکانی ئێوەو یا چەتەکانتان تازە کەوتونە هەڵمەت بردن بۆ سەر لەشکرەکانمان و تا ئەم سەعاتە گوللەیان پێوە ئەنێن! ئەمەتا پەیمانی ئێوە؟ بە ڕاستی ئەمە کارێکی زۆر ناڕەوایەو جێی داخە!"*، "بەکر سامی" لە وەڵامدا ئەڵێ: *لەبەر تێکچونی ڕێگەوبان و پچڕان و یا نەبونی تەلگراف لە هەندێ شوێن و بە تایبەتی لە ڕوی شێواوی و ئاژاوەی ئەو ناوانە بە هۆی شەڕی چەتەوە لەم سەروەدەمەدا لەوانەیە کە حکومەتی تورك بۆی نەکرابێت کە ئاگایی ڕێکەوتنی ئێمە بە هەمو ئەوانە بگەیەنێت کە ئەبێ شەڕ بوەستێنن! بەڵام ئەوا ئێمە خۆمان* "واتە بەکر سامی و هاوڕێکانی" *ئەگەڕێینەوە بۆ (ئەنقەرە)و ئەوی پێویست بێ بۆ ئەم مەبەسە جێبەجێی ئەکەین*[٢٦].

"میلران"ی سەرەك جمهور واتەکانی "بەکر سامی" ئەبڕێت و پێی ئەڵێت *"ئەم وشە بێکەڵکانە چ سودێکی هەیە؟ ئێمە لامان وایە کە ئەنقەرە لە پەیمانەکانی بەینی ئێمە ئاگادارە. بەڵام نایەوێت کە ئەو مەرجانەی لەسەر تورکە بەجێی بێنێت. کە ئەمەش تا ئێستە نەبوە بە دەستورو ئێمەش چاوی لێ ناپۆشین!"*. لەم بابەتەوە زۆر قسە ئەکرێت و گفتوگۆ درێژ ئەبێتەوە. "میلران" لە بەرزەوە ئەفڕێت و لە پشتی لوتەوە تورکەکان ئەدوێنێ! بەڵام ئەوان بۆ مەرامی کاری خۆیان و گەیشتن بە ئامانج چاو لەم فیزو خۆنواندنە ئەپۆشن و بە خوێنساردی لەگەڵی ئەجوڵێنەوە. لە دوای هەمو شتێك "بەکر سامی" ڕو ئەکاتە میلران و ئەڵێت: *"ئەم پەیمانی ڕێکەوتنە هەر وەکو بۆ تورك بە کەڵکەو میللەتی تورکی پێ ئاشت ئەکرێتەوە بۆ فەرەنسزەکانیش ئەوەندە بەکەڵکە. لەبەرئەمە وا ئەزانین کە ئەبێ ئێوەش و حکومەتی فەرەنسە پێتان خۆش بێ کە سەربگرێت! ئەوەش*

---

[٢٦] ئەم ڕازو گلەیی و فێڵ و فەرەجە کە لە وشەو کردەوەکانی "میلران" و "بەکر سامی"یا ئەبینرێت بە لای ئێمەوە هەر لە پێویستی ڕێکەوتنەکە خۆیەتی و هەر لە پێشەوە لەسەر ئەوە یەکیان گرتبو کە بە جۆرێکی وا تەمسیلی چەکەکانیان بدەن بە دەس تورکەوەو بەرامبەر بە یۆنانەکانی کوتەکی دەسی ئینگلیز بەهێزیان بکەن. ر. ح.

*دوبارە ئەکەمەوە کە دواکەوتنی بەجێهێنانی مەرجەکانی ئەم پەیمانە لە لایەن حکومەتی تورکەوە بەڵگەی بێباوەڕی نیە لە عاست پەیمانداو ناڕاستی ئێمە ناگەیەنێ! بەڵکو ئەمە ئەبێ لە ڕوی شتێکەوە بێ کە ئێمە لەم ساتەدا نازانین چیە؟ لەگەڵ ئەمەشا لە ئێمەوە ئاشکرایەو ئەبی خاوەن فەخامەتیش باوەڕ بکا کە هەمو مەرجەکانی ئەم پەیمانە لە لایەن حکومەتی تورکەوە ئیمڕۆش نەهاتبێتە جێ سبەینێ هەر دێتە جێ! ئنجا بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە بە فەخامەتتان بڵێم: "حکومەتی ئەنقەرە هیوای ئەوەتان لێ ئەکا کە فرمان بدەن بە هێزەکانی کلیکیا کە لەم گەڕانەوەیەدا بۆ سوریە چەکەکانیان بەجێ بێڵنو بیدەن بە دەسەوە!"* .

سەرەك جمهور وا دەرئەکەوێ کە ئەم وشانەی بەدڵ نەبێ. چونکە لەم باسە لائەداو ئەکەوێتە باسێکی ترەوە. ئیتر تورکەکان بۆ ئەو ساتە هیوا ئەبڕنو خاو ئەبنەوە. سەرەك جمهور هەست بەمە ئەکاو بۆئەوەی دوایی بە گفتوگۆ بدا ڕاس ئەبێتەوە سەرپێ. "بەکر سامی"و هاوڕێکانیشی هەڵئەستنە پێیانو بێئەوەی شتێك بڵێن دەسی میلران ئەگوشنو بە ڕویەکی ترشەوە ئەچنە دەرەوە..

* * *

## ئەنجامی تەقەلای بەکر سامیو ڕێکەوتنی لەگەڵ فرەنسەو ئیتالیا

کۆڵۆنەل مۆگان لە دەرەوە چاوەڕوانی بەکر سامیو هاوڕێکانی بو. بە ڕوی گرژیانا بۆی دەرکەوت کە لە لای سەرەك جمهور بە مەرام نەگەیشتون. لەبەرئەمە دەسی کرد بە دڵنەوایییانو بردیە مێشکیانەوە کە بەشی زۆری ناودارەکانی فەرەنسەو عەسکەرە گەورەکانی لاگیری ئەوانن و ئەیانەوێت یارمەتی تورك بدەن. وای لێ کردن کە هیوا نەبڕنو لەسەر کۆشش و تەقەلای خۆیان بڕۆن. جگە لەمە لەگەڵیان چوە لای گەلێك لە پیاوەکانی سیاسیو گەورەکانی عەسکەری فەرەنسەو ناسیاوی پێ کردن. چە بە هۆی ئەم پیاوە ناسراوانەوە کە کاریان لە سیاسەتی فەرەنسە ئەکردو چە بە ڕابەریو یارمەتی بە ڕاستی کۆڵۆنەل موگانەوە- خاوەن

دەسمایە گەورەکان و ئیستعماریەکانی لێ دەرچێ کە دوژمنی خوێنینی تورکی کەمالی بون– توانییان ئەو دوای گەورەکانی شارستانی و عەسکەری حکومەتی فەرەنسە و بە تایبەتی حزبی ئیشتراکی بکەن بەلاگیری خۆیان و بەم چەشنە تەقەلاو خوێنساردی و نەبەزینە حکومەتی فرەنسەیان بۆ هاتە سەر ڕێ و بە مەرامی حکومەتی (ئەنقەرە) گرێی ڕێکەوتنیان لەگەڵ بەست. ئنجا دوای ئەوە کە هەشت ڕۆژ لە پاریس مابونەوە فەرەنسەیان بەجێهێشت و چونە ئیتالیا. (٣ نیسان ١٩٢١).

*     *     *

ئەمان، واتە بەکر سامی و هاوڕێکانی لە ئیتالیا توشی گیروگرفت نەبون. کۆنت سفۆرزای وەزیری دەرەوەی ئیتالیا هەر لە کۆبونەوەکەی لەندەن و پاریسدا لەگەڵ تورکەکان وەکو دۆست جوڵابۆوە و یارمەتی دابون. لەبەرئەمە بەکر سامی و هاوڕێکانی دوای ئەوە کە گرێی ڕێکەوتنیان لەگەڵ فەرەنسە بەست، هاتبونە ئیتالیا و هیوایان ئەوە بو کە لەگەڵیان ڕێکەون و وەجبەیەك چەك و فیشەك لەمانیش وەرگرن یا بکڕن. کۆنت سفورزا بە پێچەوانەی فەرەنسە زۆر بە ئاسانی لەگەڵیان ڕێکەوت و بڕیاری دا کە هەر چەکێك بە لەشکرە تازەکانی تورك پێویست بێ پێیان بفرۆشرێت. بەم جۆرە تاقمی بەکر سامی لە فەرەنسە و ئیتالیادا بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و بەم کەڵکە گەورانە کە لە خوارەوەدا ئەیژمێرین بناغەی تورکیای تازەیان بەهێز کرد:

١–جیابونەوەی فەرەنسە و ئیتالیا لە سیاسەتی ئینگلیز کە دەربارەی تورك و یۆنان لەسەری ئەڕۆیشتن.

٢–دەرچونی لەشکرەکانی فەرەنسە لە چەند ولایەتێکی داگیرکراوی تورك و بەجێهێشتنی ئەم ولایەتانە بۆ لەشکرەکانی مستەفا کەمال.

٣–بەجێهێشتنی چەکەکانی لەشکری فەرەنسە لە کلیکیا بۆ لەشکری مستەفا کەمال بەبێ پول و پارە.

٤-یارمەتی سیاسی و ئەدەبی ئیتالیا بۆ تورکیای تازەو فرۆشتنی چەکی جەنگی بە حکومەتی مستەفا کەمال[٢٧].

لە سروشتدا کەڵکی هەرە گەورەی دو ڕێکەوتنەکانی سەرەوە بۆ تورکەکان ئەمەیە کە تا ئەو ڕۆژە بەشێکی زۆری هێزەکانی مستەفا کەمال لە "کلیکیا" و "ئەنتالیا= انطالیا" بەرامبەر بە هێزەکانی فەرەنسەو ئیتالیا دانرابو و لەم ناوەدا شەڕی ئەکرد. لەبەرئەوە بەردەمی هێزەکانی یۆنان لەشکرێکی ئەوتۆی تورکی لێ نەبو و لەم کاتەدا ڕێکەوتنی تورك و فەرەنسەو تورك و ئیتالیا سەری نەگرتایە لەوانەبو کە لەشکرەکانی یۆنان بەبێ ئەرکێکی گەورە پێشکەوێ و بگاتە ئەو شارانەی کە بریارو بەڵێنی گرتنی دابو. بەڵام بە کشانەوەی لەشکرەکانی فەرەنسەو ئیتالیا، مستەفا کەمال توانی لەشکرەکانی خۆی لەم دو لایە بکێشێتەوەو هەمو قورساییەکەی بخاتە سەر لەشکری یۆنان و بە هۆی گوێزانەوەی ئەم لەشکرانەی تورك بۆ لای خۆراوا کە چەکە تازەکانی لەشکری فەرەنسەو ئیتالیای بە دەسەوە بو یۆنانەکان یەکلەدوای‌یەك لە شەڕی دوەمی "این اونو" و لە شەڕەکانی سەکاریا و دوملو پینارد ا توشی شکستێکی گەورە هاتن و کوشتارێکی زۆریان لێ کراو دیلێکی زۆریان لێ گیرا. ئەوانەش کە لە کوشتن و یا لە دیلی ڕزگاریان بو بە وێنەیەکی سەرگەردان تەفروتونا بون و یا لە خاکی تورك کرانە دەرەوەو فڕێدرانە زەریای سپیەوە!..

*　*　*

## ٣٧

## باسی مەسەلەی کورد لە ئەستەمول

---

[٢٧] بەشێکی ئەم باسەی سەرەوە لە خاتراتی مستەفا کەمالەدین پاشای سەفیری تورك لە "بەرلین" کورت کراوەتەوە.

لە بەشی یەکەمدا وتبومان کە شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان بە ڕەشید زەکی کابان و سەید ئەحمەدی بەرزنجی‌دا نامەیەك و مەزبەتەیەکی نارد بۆ شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەڵقی سلێمانی دانیشتوی پاریس، بۆئەوەی کە لە کۆبونەوەی موئتەمەری ئاشتی‌دا بە ناوی قەومی کوردەوە داوای حقوق و سەربەخۆیی بکا. بەڵام وەکو هەر لەو لاپەڕەیەدا باسمان کردبو ئەم نامەو مەزبەتەیە نەگەیشتە پاریس و بەهۆی ئینگلیزەکانەوە ڕەشید زەکی و سەید ئەحمەد ڕێی پاریسیان نەدراو لە حەڵەب مانەوە. ئنجا کە شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمود لە سلێمانی‌دا هەڵگیرسا و لە ئەنجامدا شێخ مەحمود لە دەربەند بە بریندارى بەدیل گیراو نێررایە بەغداو لەوێ لە لایەن دیوانی عەسکەریی ئینگلیزەکانەوە حوکمی دراو نێررایە ئەندامان، نێرراوەکانی شێخ مەحمود لە حەلەبەوە گەڕانەوە عێراق و بەمجۆرە چ شێخ مەحمودو حکومەتەکەی و چ کوردەکانی عێراق لە لایەن پێشخستنی مەسەلەی کوردەوە شتێکیان بۆ نەکرابوو بەشدار نەببون.

بەڵام کوردەکانی تورکیا و بە تایبەتی کۆمەڵەکانی سیاسی کورد لە ئەستەموڵ کەوتبونە تێکۆشانێکی بێوچان و تەقەلایەکی بەتین. لەگەڵ بڕانەوەی شەڕ (موتارەکە)وە دەرچونی گەورەکانی کۆمەڵەی یەکێتی سەرکەوتن لە ئەستەموڵ و ڕاکردنیان بۆ دەرەوەی خاکی عوسمانی ئەم کۆمەڵانە بە ئاشکراو بەبێ ترس هاتنە مەیدان و بە ڕەسمی داوای حقوقی کوردیان خستە پێشەوە.

ویلسنی سەرەك جمهوری ئەمەریکا لەو ڕۆژنەدا ١٤ بەندەکەی خۆی بڵاو کردبۆوە کە بە پێی ئەم دەستورو بەڵگەیە (وەسیقە) هەمو قەومێك مافی داواکردنی سەربەخۆیی پێ درابو. لەبەرئەمە سیاسیە گەورەکانی کوردیش پاڵیان دابو بە دەستورەکانی ویلسنەوەو داوای سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی قەومی کوردیان ئەکرد. بۆ ئەم داوایە زۆر تێکۆشان و لە لای گەورەکانی سوێندخۆرەکان گەلێ تەقەلایان دا. حکومەتی ئەو ڕۆژەی (ئەستەموڵ) کەوتبوە ویستاوێکی گرنگەوەو ئەنجامێکی سامناکی لە پێشەوە بو. لەوە ئەترسا کە کوردستان و

ئەرمەنستانی لیٚ جیا بێتەوە واتە بە جاریٚ پوچ بێتەوەو هیچی بە دەستەوە نەمێنیٚ. ئاگاداری ئەوە بو کە کۆمەڵەکانی سیاسی کورد پەرەی سەندوەو لە زۆربەی ولایەتەکانی خۆراواو شارە گەورەکانی کوردا بڵاو بۆتەوە. بۆیە کە ویستی بە سیاسەتو بە هێمنی لەگەڵ کوردەکان بجوڵێتەوەو یا بیانخلافێنیٚ! هەر لەم سەرودەمەدا "کلیمانسۆ"ی سەرەك جمهوری فرەنسە بەیانێك= وتاری بڵاو کردەوە.

ئەمە بە تەواوی تورکەکانی پەشۆکاندو بناغەی دەوڵەتی بە چەشنی بومەلەرزە هێنایە لەرینەوە. لەم وتارەدا کلیمانسۆ بە ناوی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانی ئەوروپاوە ئەیوت: *"حکومەتی تورك دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی لە بارا نیە کە بتوانێت میللەتێك بەرێوە بەرێت. لەبەرئەوە متمانەی پیٚ ناکرێتو نابیٚ قەومێك کە تورك نەبیٚو تا ئیمڕۆ لەژێر جەوری تورکو ستەمی تورکا ژیاوە، دوبارە ئیمڕۆ بخرێتەوە ژێر حوکمی"*. لەبەرئەمە حکومەتی ئەستەموڵ کەوتە ترسێکی گەورەوەو ویستی لە کوردەکان نزیك بکەوێتەوەو ماوەیان نەدا کە دوی ئەم واتانە یا دەستورەکەی ویلسن بکەون. بۆئەوەی لە گەورەکانی سوێندخۆرەکان دوریان بخاتەوەو هەلیان لە کیس بدا بە پەلە "لیژنەیەکی وەزاری" دامەزراند کە لەگەڵ کوردەکان بکەوێتە باسی مەسەلەی کوردەوە.

ئەم لیژنەیە کۆڵینەوەی مەسەلەی کوردی پیٚ سپێررا. ئەبو لەو شتانە بگەڕێت کە بوە بە هۆی ناڕەزایی قەومی کورد. بیر لەوە بکاتەوە -کە بەو شەرتە لەناو یەکێتی عوسمانیدا بمێنێتەوە- چەشنە ئیدارەیەك بخاتە بەرچاوی حکومەت کە ئەبێتە هۆی ڕەزامەندی کورد. لەگەڵ نوێنەرەکانی کۆمەڵەکانی سیاسی کورد باسی ئەوە بکەن کە بۆ کوردو کوردستان چی بە باشو بەکەڵك بیٚ بکرێت. بۆ ئەوە تێبکۆشن کە کوردو تورك یەك بخەنەوەو بۆ ئەو هۆیانە بگەڕێن کە بناغەی ئەم یەکێتیە دابمەزرێننەوەو بەهێزی بکەن. لە لایەکی تریشەوە چە حکومەتی تورکو چە غەزەتەکانی ئەو ڕۆژەی ئەستەموڵ بە پێی سروشتی ڕۆژی ڕەش کەوتبونە باسی یەکێتی ئەم دو قەومە. یەکێتی تورك لەگەڵ "برا!" کوردەکانیان.

لە چاکیو قازانجی یەکێتی ئەکردو خاکی عوسمانیان بە هی ئەم دو برایە دائەنا. دوژمنی ئەم وڵاتەیان بە دوژمنی هەردولا ئەژمارد. لە پاراستنی ئەم خاکە پیرۆزەدا کوردیش وەکو تورك بەشدار بو. دینی ئیسلامو شەرەفی ناوی خۆشەویستی عوسمانی –کە لەم دو قەومە واتە لە کوردو تورك هاتۆتە ناو– وەکو تورك ئەکەوتە سەرشانی کوردیش!..".

شکی تیا نیە کە ئەم پڕوپاگەندەیەو ئەم هەوڵو تەقەلایە لە لایەن حکومەتو غەزەتەکانەوە گەلێ کەڵکی بۆ تورك هەبو و کارێکی باشی ئەکردە سەر زۆربەی کوردەکان. بەڵام نیشتمانپەروەرەکانی کوردو کۆمەڵەکانی سیاسی لەوانە نەبون کە بەم واتانە تەفرە بخۆنو لە ڕێی ئازادی کورددا لە تەقەلاکەیان دوا بکەون. ئەمانە چاوەڕوانی ئەنجامی کۆبونەوەو گفتوگۆکانی لیژنە وەزاریەکەیان ئەکرد. لیژنە لەژێر سەرەکی برایم ئەفەندی حەیدەری شیخ الاسلامدا بو و ئەمزین عالی بەدرخانو مراد بەدرخانو شێخ عەول قادری ئەندامی مەجلیسی پیرەکان ئەندامی لیژنە بون[٢٨]. ئەمانە لە دیوانی مەجلیسی وزەرا (لە بابی عالی) چەند جارێك کۆبونەوەو لە ئەنجامدا بڕیاری ئەوەیان دا:

١–بە سەربەخۆیی (ئیستقلالی زاتی) کوردستان بە شەرتێك کە لە ناو یەکێتی (جامعە) عوسمانیدا بمێنێتەوە.

٢–دەس بە گەڵاڵەکردنی تەرتیباتێك بکرێت کە پێویستە بۆ بەجێهێنانی بڵاوکردنەوەی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان.

لەم کاتەدا وەزارەتی عوسمانی گۆڕاو "فەرید پاشای زاوا" بو بە سەرەکوەزیر. فەرید پاشا بڕیاری لیژنەکەی نەهێنایە جێو چاوی لێ نوقاند.

[٢٨] ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری شێخولئیسلامی عوسمانی خەڵقی هەولێر لەو ڕۆژەدا لە ئەستەموڵ وەکیلی سەدر ئەعزەم=ڕەئیسی وزەراش بو. ئەمیر ئەمین عالی بەدرخان (باوکی ئەمیر جەلادەتو دکتۆر کامەرانو دکتۆر سورەیا)و شێخ عەبدولقادری ئەندامی مەجلیسی ئەعیانی ئەستەموڵ بە ناوی نوێنەری "کۆمەڵی تەعالی کوردستان"ەوە لە لیژنەکەدا کرابون بە ئەندام.

لەسەر ئەمە نیشتمانپەروەرەکانو کۆمەڵەکانی سیاسی کورد دوبارە ڕویان کردەوە موئتەمەری ئاشتی. هەر سێ کۆمەڵ پێکەوە[٢٩] شەریف پاشا یان هەڵبـژارد بە نوێنەری تایبەتی بۆ داواکردنی سەربەخۆیی کوردستانو ئازادی قەومی کورد. شەریف پاشا داوای کوردی بە بیرخەرەوەیەکی فەرەنسزی[٣٠] پێشکەشی موئتەمەری ئاشتی کرد. بەم چەشنەو بە هۆی تێکۆشانو تەقەلایەکی بەنرخی شەریف پاشای نیشتمانپەروەری کوردەوە سێ بەندەکەی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان خرایە پەیمانی سەڤەر= Saevreەوەو لە دواییدا ئەم پەیمانە لە وەزارەتی "فەرید پاشای زاوا"دا بە نوێنەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئیمزا کرا.

* * *

## ٣٨

## مستەفا کەمالو کوردەکان

هێشتا مستەفا کەمال لە ئاسیای بچوک (ئەنادۆڵ) بە تەواوی جێگیر نەببو کە حکومەتی ئەستەموڵ بە هاندانی سوێندخۆرەکان هەر ساتە بە جۆرێك تەنگاوی ئەکرد. چە لە ئەستەموڵو چە لە ئەنادۆڵ هاوڕێکانیو لایەنگیرەکانی لێ هان ئەداو یا هەڵی ئەگێڕانەوە بۆ لەناوبردنو فەوتاندنی. تەماعی ئەنایە بەر ئەوانەی کە لەگەڵی بونو تێکەڵ بە شۆڕشەکە بون. بە تەماعو دەمشیرینکردن بۆی هەڵنەگەڕایەوەو بە هەڕەشەو ترساندن خەریکی ئەبو و هەزاران کۆسپو بەرهەڵستی ئەهێنایە ڕێی. لەبەر ئەمە مستەفا کەمال لە وێستاوێکی گرنگا بوو ئەنجامێکی سامناکی لە پێشەوە بو. بەڵام لەوە گەیشتبو ئاتاجی یارمەتی کوردەکانە. بێتو قەومی کوردی لەگەڵ نەبێ لە ئاسیای بچوکا جێگەی نابێتەوە. چونکە ئەیزانی کە یارمەتی کورد بۆ ئەو یارمەتی هەر شەش ولایەتەکانی

[٢٩] "کۆمەڵی تەعالی کوردستان"و "کۆمەڵی تەشکیلاتی ئیجتیماعیە"و "کۆمەڵی ئیستقلالی کوردستان".

[٣٠] Memorandum Sur les Revendications du Peuple Kurde.

خوراواو یارمەتی ئەم شەش ولایەتەش یارمەتی ئاسیای بچوکە. ئەوەندە هەبو کە لەو ڕۆژەدا یارمەتی کوردی بە ئاسانی دەس نەئەکەوت. ئەوەشی بە بیرا ئەهات کە کوردەکان ڕوبکەنە ئاسۆیەکی تر! بیر لە کوردستانی سەربەخۆ بکەنەوەو هێزی چەکی کورد بۆئەو ئامانجە پیرۆزە بخەنە کارەوە.

پەیمانی سەڤەر هێشتا لە ناوا بو. بەیانەکەی کلیمانسو، قەومەکانی ژێردەستی تورکی هوشیار کردبۆوە. بەندەکانی ویلسن ببو بە سەنەدی دەستی ئەوانە کە تەقەلای ڕزگارییان ئەداو بۆ ئازادی تێئەکۆشان. بە تایبەتی قەومی کورد لە پێش هەمو قەومەکانی ترەوە لە ڕێی سەربەخۆییو ئازادیا خوێنی ڕژابوو ڕژاندبو. چەشکەی سەربەخۆیی ئیستقلال لە پێش تورکا چەشتبو. جگە لەمانە، لەو ڕۆژەدا کە "مستەفا کەمال" کەوتبوە تەقەلای ڕزگاری تورك، حکومەتی ئەستەمولْ دەرگای سەربەخۆیی بۆ کورد کردبۆوەو لەگەڵ کۆمەڵەکانی سیاسی کورد بۆ چەشنە ئیدارەیەك گفتوگۆ ئەکرا کە دڵنەوایی کوردی تیا بێو ڕێی جیابونەوەیان لێ بگرێت! چونکە ئەوە جێی گومان نەبو کە ئەگەر کورد دەسی بدایەتە چەك، جیابونەوەو سەربەخۆیی کوردستانی بە گێتیدا بڵاو بکردایەتەوە "مستەفا کەمال" ئەم مستەفا کەمالە نەئەبوو لەشکری یۆنان بەو چەشنە فرێ نەئەدرایە زەریاوە!.. هاوڕێکانی خۆی هەر دەمە بە هۆیەك، لە ترساو لەبەر بەخیلی پێبردن، لە ڕوی هەڕەشەی حکومەتی خەلیفەوە یان لە ئەنجامی فڕوفێڵی سوێندخۆرەکان لە "مستەفا کەمال" ڕاست ئەبونەوە، پەڵپیان لێ ئەگرت، بیانویان ئەدۆزیەوەو داوای ئەوەیان لێ ئەکرد کە سەر بۆ حکومەتی ئەستەمولْ دابنەوێتو ملی لە ئاستی فرمانی خەلیفەدا بچەمێنێتەوە! ئیتر لەوەدا نەمابو کە بەخیلی پێ ببرێت. کەوتبوە گەرداوێکی ئەوتۆ کە مرۆڤ بەزەیی پیا بێتەوە. سەری لێشێوابو و کەوتبوە گرنگترین دەرەکەوە. لەبەر هەمو ئەمانە بو کە بیری لە دۆستایەتی کوردەکان کردەوە. لەمە بەولاوە چارەیەکی تری نەبو. لە ناوجەرگی وڵاتی کوردا دەسی دابوە ئەم کارە. سەری نابوە بنباخەڵی. لە وڵاتی قەومی کوردا بۆ ڕزگاری تورك سەری بەرز ئەکردەوە. کوردەکان کە پەیمانی

سەربەخۆیی کوردستانیان بە دەستەوە بو، دور نەبو کە ئەم سەرە پان بکەنەوەو بیکەن بە بەڵگەی زیندوبونەوەی قەومی کورد! بەڵام کوردەکانی ئەنادۆڵ وایان نەکردو بە واتەکانی "مستەفا کەمال" تەفرەیان خوارد. "مستەفا کەمال"یش بە دەستوری حکومەتی ئەستەموڵ لە پێشا دەمی لە دینەوە ئەدا. خۆی لە کوردە دیندارەکان نزیك ئەخستەوە. بۆ خەلیفەی دەسبەسەری موڵسمانەکان ئەگریا.

لە ڕێی پاراستنی وڵاتی شەریکایەتی تورك‌و کورد، بۆ ڕزگاری خەلیفەی بەسەزمان‌و بێدەسەڵات لەژێر چنگی سوێندخۆرەکان‌و لە پەنجەی فەرەنگ ئەپاڕایەوە. کوردی بە برای تورك‌و ڕاستترین موسڵمان دائەنا. وای ئەبردە مێشکیانەوە کە سەربەخۆیی کورد مافێکی خۆیانە. بەڵام ئەیوت پێویستە جارێ ئەو وڵاتە لە داگیرکەران بپارێزن. کوردو تورك پێکەوە ڕێی دوژمنی لێ بگرن‌و ڕزگاری بکەن. دوای ئەوە بیر لە ڕێکەوتنی دو برا بکەنەوەو یا وڵات لە ناو خۆیانا بەش بکەن. بەڵکو لەمە زیاتریش ئەچوە پێشەوەو ئەیوت دوای دەرکردنی یۆنانەکان لە خاکی تورك کوردستانێکی وا دائەمەزرێنێت کە ببێتە هۆی برایەتی‌و یەکێتی نەمر بۆ هەردو قەومەکە. واتە بۆ کوردو تورك. بەمجۆرە کوردەکان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دەسیان نایە ناو دەسی "مستەفا کەمال"ەوەو لە شەڕەکانی ئیستقلالدا هیچ نەما بۆی نەکەن. بە موڵك‌و بە گیان تەقەلای ڕزگاریی تورکیان دا.

برسیەتیان کێشا. ڕوت‌و قوت مانەوە. لە ڕێی ڕزگاری وڵاتی شەریکایەتی دو برا کوردو تورك خوێنی لاوەکانیان ڕژاند. لە زۆری شەڕەکانی ئازادی‌و ئیستقلال‌و بەرامبەر لەشکرەکانی یۆنان ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوە شەڕیان ئەکردو ئەوانەی کە بوبون بە پێشداری لەشکرەکانی تورك‌و چونە ئەزمیرەوە دەستەی سوارە چوست‌و چالەکەکانی کورد بو!.. ئەو دەمە کوردەکان ئەوەیان بە بیرا نەهاتبو و باوەڕیان نەئەکرد کە سەرکەوتنی "مستەفا کەمال" دوایی بە ژیانی قەومی کورد ئەدا. نەئەچوە مێشکیانەوە کە تورکەکان لە دواڕۆژا برایەتی‌و جوامێری کوردیان لەبیر ئەچێتەوەو بەڵکو بە چاوی دوژمن تەماشایان ئەکەن. بەڵێ ئەوە بە بیری کوردەکانی ئەو ڕۆژەدا نەئەهات کە تورکەکان لە دوای ڕزگاری

لە دوژمن‌و لە ڕۆژی ئازادی‌و کامەرانیا بائەدەنەوە سەر برا کوردەکانیان‌و بۆ خنکاندن‌و لەناوبردنیان لە بیانو ئەگەڕێن. چونکە کردەوەی وا لە شیمەی کورد نیەو باوەڕ ناکا کە ئەمە لە "شیمە"ی قەومێکی تریش بێ!..

لە جزمی یەکەما وتبومان کە نوئیل لەگەڵ ئەحمەد فایەقی خەڵقی سلێمانی چوبوە کوردستانی تورکیا بۆ ئەوەی کە گەورەکانی کوردو نیشتمانپەروەرەکان ببینێ‌و لەگەڵ ئەوانا بۆ دامەزراندنی بناغەی کوردستانی گەورە تێبکۆشێت. بەڵام بزوتنەوەی "مستەفا کەمال" لەو ڕۆژانەدا بو بە بەرهەڵسەتی ئەم کارە. هێزەکانی تورك کەوتنە شوێن "نوئێل"و "فایەق". لەبەرئەمە نەیانتوانی هیچ بکەن‌و بە یارمەتی هەندێ سەرەك عەشیرەتی کورد خۆیان دەرباز کردو گەیشتنە حەلەب‌و لەوێوە چونە ئەستەمولْ. ئەمە وەکو من ئەمزانی بەم چەشنە بو. بەڵام لە دواییا لە هەندێ نوسراودا چاوم پێکەوت کە ئەڵێ: نوئیل بۆئەوە چوبوە کوردستان، کە پەندی کوردەکان دابدا. بەسەریانا بێت. ڕێی سەرچڵی‌و هەڵەشەییان نەداو داوایان لێ بکا کە خۆیان بگرن‌و لە شەڕ لابدەن‌و بەوە باوەڕیان ببێ کە سوێندخۆرەکان لە موئتەمەری ئاشتی‌دا بەندەکانی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان ئەخەنە پێشچاو و بۆ دەسخستنی حەقی کورد چییان پێ بکرێت ئەیکەن! چونکە هەر وەکو گەورەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان، "نوئیل"یش لەو باوەڕەدا بو کە دوای ئیمزاکردنی پەیمانی سەڤەر لە لایەن نوێنەرەکانی تورکەوە ئیتر جوان‌و بەجێ نییە کە کوردەکان سەرچڵی بکەن‌و یا ڕێگەی شەڕو خراپە بگرن‌و بە گژ تورکا بچن. واتە بە لایانەوە وابو کە مەسەلەی کورد بڕاوەتەوە، لەبەرئەمە لەسەر کوردەکان پێویستە کە دوای ئاژاوە نەکەن‌و ستاتوکۆ[٣١] بپارێزن. چاوەڕوانی ئەوەین کە حکومەتی عوسمانی پێویستە پەیمانی سەڤەر بەجێ بێنێ.

---

[٣١] ویستاوی کات= الوضع الراهن.

تەنانەت گەورەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانیش لە ئەستەموڵ لەم لاپەنەوە کەوتبونە ئامۆژگاری نوێنەرەکانی کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردو نەیانئەویست کە لەو ڕۆژەدا ماوەی بزوتنەوەو شۆڕشنانەوەی کوردەکان بدەن. تاوەکو ئەمە نەبێتە هۆی دواخستنی تورکەکان لە بەجێهێنانی ئەو بەندانە کە دەربارەی سەربەخۆیی کورد خرابوە پەیمانەکەوە سەڤەر. ئەمەش ئەوەی ئەگەیاند کە هەروەکو کوردەکان بەتەما بون کە دوای برانەوەی شەڕی سەربەخۆیی[٣٢] لەگەڵ برا تورکەکانیان ڕێکەون و پێکەوە بژین واتە دوی خەیاڵ کەوتبون و تەفرەیان خواردبو، سوێندخۆرەکانیش و بە تایبەتی گەورەکانی ئینگلیز، بەوە باوەڕیان نەکردبو کە ڕۆژێکی وایان لە پێشەوە بێ بە ناچاری دەسبەرداری دۆستەکانی ئەستەموڵ بن و دەسی دۆستایەتی و ڕێکەوتن بۆ مستەفا کەمال درێژ بکەن. بەڵام مستەفا کەمال سەرکەوت و داوای یەکەمی لە دوای ئەم سەرکەوتنە پوچکردنەوەو دڕاندنی پەیمانی سەڤەر بو!..

* * *

## ٣٩

## هەندێ هۆی تایبەتی سەرکەوتنی "مستەفا کەمال"

مستەفا کەمال لە شۆڕشی ئازادی و ئیستقلالی تورکا گەلێ کۆسپ و بەرهەڵستی هاتە ڕێ و توشی گەلێ قۆرت و تەنگوچەڵەمە بو. کەوتە ژێر ئەرکێکی ئێجگار قورسەوەو ساتەهای زۆر گرنگ و سامناکی ڕابوارد. لە کاتەکانی پێش سەرکەوتنی لەشکری تورك لە شەڕی "سەکاریا"، ئەوەندەی نەمابو کە ڕەشمەی

---

[٣٢] تاقمی مستەفا کەمال شەڕەکانی خۆیان کە لەگەڵ هەندێ لە سوێندخۆرەکان و یۆنان کردبویان بە شەڕی ڕزگاری و یا شەڕی ئیتسقلال، ناو ئەنا.

کاری لە دەس دەرچێ و هاوڕێکانی لێی جیا ببنەوە. بەڵکو زۆر کەمی مابو بەخت لەگەڵی بو و یارمەتی دا.

*لە کاتی هیوابڕان و لێقەومانا ئەوەندەی تر بەجەرگ هاتە پێشەوە و دەریخست کە ڕۆڵەی ڕۆژانی ڕەش و کارەساتە. جگە لەمە لە بەختی ئەوا سوێندخۆرەکانیش لەناو خۆیانا ڕێنەئەکەوتن و سیاسەتیان یەکی نەئەگرتەوە. ئینگلیزەکان یۆنانیان بۆ سەر تورك هان ئەدا. لەشکریان بۆ ڕێك ئەخستن. بە چەك و پارە یارمەتییان ئەدان. فەرەنسە و ئیتالیا گرێی پەیمانی یەکێتی و پێکهاتنیان لەگەڵ تورك ئەبەست. لەولای تریشەوە کوردەکان هەر لەم کاتەدا چاویان لە کوردستانی سەربەخۆ ئەنوقاند و ئەکەوتنە خەیاڵی برایەتی کورد و تورکەوە و شەڕی ڕزگاری وڵاتی مستەفا کەمال! لە ئەنجامدا ئینگلیزیش کە دوژمنی تاك و تەنیای تورکی کەمالی بو هیوای بە یۆنان نەما و پشتی تێکرد و سەری لە عاستی بوەدا (واقع) چەماندەوە.. ئنجا دەنگی ڕاگرتنی یەکسانی[٣٣] دەسی پێکرد و سیاسەتی ژیاندنەوەی دەوڵەتێکی بەهێزی تورك کەوتەوە سەر زمان!!. بەڵام گەورەترین یارمەتی بەخت بۆ تورك و مستەفا کەمال، کەوتنی حکومەتی "چار" بو. هەر لەم سەرودەمەدا شۆڕشی گەورەی ڕوسیە بەئەنجام گەیشت و شۆڕشگێڕەکانی "بۆلشەفیك" هاتنە سەر حوکم و بەمجۆرە دوژمنی هەرە گەورە و دێریکی تورکیا "ڕوسیەی چار" بە ئەژنۆدا هات و لە شانۆی سیاسەتی گێتی تا ئەبەد کرایە دەرەوە. بۆلشەوێکەکان لە تورکە شۆڕشگێڕەکانی ئەنادۆڵ نزیك کەوتنەوە و بە پێچەوانەی حکومەتەکانی دەوری "چار"ەکان دەسی یارمەتییان بۆ تورك و مستەفا کەمال درێژکرد. ئەمەش یەکێك بو لەو هۆیانەی کە بە تایبەتی چاوی ئینگلیزەکان بکاتەوە. ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە تورك و ڕوس ڕێبکەون و مستەفا کەمال خۆی بهاوێتە باوەشی بۆلشەفیکەوە.*

لەشکرەکانی یۆنان لە بەرامبەر تورکەکانا خۆی نەئەگرت و بەرەو زەریا ئەگەڕایەوە. حکومەتی ئەستەموڵ سست و لاواز و دەسەپاچە کەوتبو. چرای

---

[٣٣] تأمینی موازنت.

سەڵتەنەت و خەلافەت لە کوژانەوەدا بو. فەرەنسەو ئیتالیا کە لە شەڕا شەریکی ئینگلیزو دوژمنی تورك بون لەو ڕۆژەدا لە مستەفا کەمال ئەچونە پێشەوەو ئەویان (فەرەنسە) لە قینی قوستەنتینیی مەلیکی تازەو ئەمیان (ئیتالیا) لە داخی ئینگلیز یارمەتی تورکیان ئەدا. ڕوسیەی تازەش سەرباری هەموان لە تورکیای تازە نزیك ئەکەوتەوەو دەسی ئەخستە ناو دەسی مستەفا کەمال. ئیتر ئینگلیز بڵێن چی؟ چاو لەم هەمو هۆیانە چۆن بپۆشن و شت بکەنە بوە (واقع)و حەقیقەت؟ لەبەرئەمە لەسەر شێوەی خۆیان دەسبەجێ بایان دایەوەو دەسیان بۆ مستەفا کەمال درێژ کرد. بەڵام مەبەسی ئینگلیزەکان لەگەڵ هی ئەوانی تر جیاواز بو. ئەمان بۆ ئەوە دەسیان درێژ ئەکرد کە لە باوەشی ڕوسەکانی بهێننە دەرەوە!.. چونکە مستەفا کەمال گەیشتە ڕادەیەك کە ڕەگەزی مەغۆلی بخاتەوە یادی تورك و بیری خۆرهەڵاتیەتی بخاتە مێشکیانەوەو بەم جۆرە لە ڕوس نزیك بکەوێتەوە. تەنانەت ئەڵێن بیری لەوەش ئەکردەوە کە دینی بودا بکا بە دینی تورك، لەگەڵ ئەمەشا هەمو شتێك بە مەرامی مستەفا کەمال ئەهاتە پێشەوە.

حکومەتی کورد، لە عێراقا، کە دڕکێکی تیژو کوشندە بو لە ژێر پێی مستەفا کەمال، بە لەشکری ئینگلیز لە ژێر پێی کێشرایەوەو شێخ مەحمودی حوکمداری کورد لە لایەن هێزی ئینگلیزەوە بە دیل گیراو نێررایە وڵاتانی دوری بێگانە! کوردەکانی تورکیاش خۆیان هەلیان لە دەس دابو و لایەنی مستەفا کەمالیان گرتبو. لەبەرئەمە تەقەلای ناوبەناوی نیشتمانپەروەرەکان و نوێنەرەکان و نوێنەرەکانی کۆمەڵە پەرش و بڵاوکراوەکانی کوردیش بێسود مایەوەو سەری نەگرت.. ئیتر نۆرەی پوچکردنەوەی پەیمانی سەڤەر بو. گەورەکانی سوێندخۆرەکان لە لۆزان کۆبونەوە. ویستیان لەسەر بناغەیەکی تر ڕێبکەون و باسی پەیمانێکی تازە بخەنە پێشەوە. بەڵام ئەمجارە نوێنەری مستەفا کەمال واتە عیسمەت پاشای قارەمانی شەڕەکانی "ئینونو" بەرامبەریان دانیشتبو و بۆ ئەوە هاتبو کە تێیان بگەیەنێت میللەتی تورك ماوەو نەمردوە. زیندو بۆتەوەو داوای بەری "غەزا" گەورەکەی و نرخی ئەو خوێنە ئەکا کە لە ڕێی ڕزگاری وڵاتەکەیا

ڕژاندبوی[٣٤]. نوێنەری ئەمجارەی تورك لە عاستی گەورەکانی سوێندخۆرەکانا سەری نەئەچەماندەوە. وەکو نوێنەری حکومەتی خەلیفە تەماشای دەمو کاوێژی ئەوانی نەئەکرد. چونکە عیسمەت بە پشتیوانی بێگانە نەچوبوە سەرشانی قەومەکەی. یەکێك بو لە یاخیە چەتونەکانی هاوڕێی مستەفا کەمال. لە ناوچەی شەڕا بەرامبەر بە دوژمنی وڵاتەکەی سەرکەوتبو. قارەمانی ڕزگاری نیشتمانەکەی بو. بە خواستی میللەتەکەی گەیشتبوە بەرزترین پلە. لەبەرئەمە بە سانی سەرەکی قەومێکی ئازادو سەربەخۆو نوێنەری دەوڵەتێکی تازەو زیندو ڕوی تێئەکردن و بۆ مافەکانی تورك بەپێی میساقی میللی تەقەلای سەرکەوتنی ئەدا!!

سوێندخۆرەکان کە بۆ فەوتاندنی تاقمی "مستەفا کەمال" هیچ نەمابو نەیکەن، نەیانئەویست ئەم هەلەیان لە کیس بچێت. ئەبو عیسمەت پاشا دەسبەتاڵ نەگەڕێتەوە تا "مستەفا کەمال" ڕونەکاتەوە ڕوسەکان و فریویان بۆ نەخوا. لەبەرئەمانە هەموی بڕیاریان دا کە بە پەیمانی لۆزان دەمی عیسمەت پاشا شیرین بکەن و ئەمجارەش تورکەکان بکشێنەوە باوەشی خۆیان!..[٣٥]

---

[٣٤] لە جێی خۆیا بە درێژی باسی پەیمانی لۆزان ئەکەین. (ڕ. ح).

[٣٥] **شێخ مەحمود مرد!**

بەڵی ئەو کەسە کە نزیکەی ٦٠ ساڵ لە کوردستانا لە درێژی و پانی وڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، لە عێراقاو بەڵکو لە هەمو خۆراوای ناوەڕاستا ناوی ئەزرنگایەوە، شەوی سێشەممەی ڕێکەوتی ١٩٥٦/١٠/٩ لە بەرە بەیانا، لە نەخۆشخانەی حەیدەر لە بەغدا ڕەوانی پاکی بە یەزدانی گەورە سپاردو هەر ئەو ڕۆژە تەرمە پیرۆزەکەی برایەوە سلێمانی.

باسی ئەوە کە ئەم تەرمە پیرۆزو بەهادارە لە بەغداوە چۆن بەڕێ خراو لە سلێمانی بە چە جۆرێك بەرەو پیری کرا، لەوانە نیە کە بە نوسین بگێڕێتەوە. چونکە ئەمە پێویستی بە ڕەشکردنەوەی کتێبێکە، ئەوەندە ئەڵێین کە هەرچەند هەمو گیاندارێك ئەبێ بمرێت. بەڵام جێی داخی هەرە گەورەمان ئەوەیە کە مردن لە کاتێکی ناخۆش و ناهەموارا چاوی بە "شێخ مەحمود" قوچاند.

داخی ئەوە لە دڵ دەرناچێ کە شێخ مەحمود لە کاتی هاتنە خوارەوە لە پلەی بەرزی و گەورەیی و لە دوای دابەزین لە ئەسپی شاسواری توشی پەنجەی ئەجەل بو. لە کاتێکا کە نوشوستی یەخەگیری ببوو لە ئێمەی نزیك خستبۆوە چاوی فرمێسکاوی لێك ناو لەم دونیا بێوەفایە چوە دەرەوە! لەکاتێکا مرد کە خۆی بە بچوك ئەهاتە بەرچاو. بەڵام نەیئەزانی کە نوشوستی ئەوی

بەرز كردبۆوە. بە هاتنە خوارەوە، لە خەڵق! نزیك كەوتبۆوەو گەورەیی بێ ئالآیشی لەوانەوە دەركەوتبو.

داخی من بۆ ئەوەیە كە ئەم بەشی یادداشتە دوایی بە ڕەحمەتچونی ئەو تەواو بو! واتە نەگەیشت كە حەقیقەتی خۆی لە یادداشتدا بخوێنێتەوە!!..

ڕەفیق حیلمی

سێشەمە

١٩٥٦/١٠/٩

٤ ڕەبیعی ئەوەڵ ١٣٧٦

## ٤٠
# دوایین شەڕی تورك‌و یۆنان و سەركەوتنی توركەكان[١]

[١] سەرەتای بەشی یەكەمی بەرگی دووەم

لە كاتێكا دەسم كرد بە لەچاپدانی ئەم بەرگەی یادداشت، كارەساتی نابەجێ‌و خوێنینی میسر لە هەمو گێتیا وەكو گرمەی هەورەتریشقەیەكی لەپڕو ناكاو دەنگی دایەوە. ئینگلیز بە پێی سروشتی دێریكیان دیسانەوە كەوتنە پلیشاندنەوەی خەڵق‌و بە بیانوی پاراستنی مەصالحی بەریتانیاوە لەگەڵ دەوڵەتی "گەورە!"ی فەرەنسەو كۆمەڵەی دزو جەردەكانی جولەكە پێكەوە دەسی جەورو ناحەقیان بۆ نەتەوەی ئازاو بە شەرەفی میسر درێژ كرد. من ئەمویست كە لەم یادداشتەدا كەمێك لە كردەوەكانی ئینگلیز بەرامبەر بە كورد بدوێم. بەڵام دیارە كە بەمە لە سەدا یەكی ئەوەم پێ دەرنەئەخرا كە ئەم هەڵمەتە ناحەق‌و لەناكاوە خستیە بەرچاوی نەتەوەكانی دونیا. ئانتونی ئیدنی سەرەكوەزیری بەریتانیای گەورە! بەم كردەوە بێجێیە جارێكی تر برینەكانی هەمو نەتەوەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی كولاندەوەو هەمو ئەو هۆیانەی بزواند كە ترسی هەڵگیرساندنی شەڕی سێیەكی گێتی لێ ئەكرا. بەمە لە پێش هەمو شتێكا بەریتانیاو نەتەوەی ئینگلیز ئنجا نەتەوەكانی تری گێتی خستە دەرەكەوە. كانگای نوری شارستانیەتی، قیبلەی زانستی‌و ئەدەب واتە میسری خۆشەویست‌و پێشەوای نەتەوەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دایە بەر شێلكی تۆپ‌و نارنجۆك. لە خوا نەترسا. لە دەوڵەتە گەورەكان‌و نەتەوە یەكگرتوكان‌و تەنانەت لە قیژەو زریكەكانی نەتەوەكەی خۆی واتە لە ئینگلیزیش شەرمی نەكرد. دەریخست كە ڕەوانێكی پاك‌و یا ڕەوانی هەر نیە. ئەگەر ئەو گیانە بەرزە نەبوایە كە زۆربەی دانیشتوەكانی ئینگلیز لە لەندەن دەریانبڕی‌و "ئیدن"ی دەعبا‌و ئاگركەرەوەی شەڕیان پێ ڕسوا كرد، ئەمانوت كە ئەم نەتەوەیە مافی بە ژیانەوە نەماوەو ئەبێ ناوی لە لاپەڕەی كتێبی گێتییا نەمێنێ‌و بسڕێتەوە. لەوەشا شكم نییە كە ئیدن بە شەپازللەی زەمان هۆشی دێتەوە بە بەراو مێژو مانای بێ ڕەوانی‌و زوڵمی تێئەگەیەنێ‌و تۆڵەی لێ ئەكاتەوە، واتە لە ئەنجاما ڕاستی‌و حەق هەر سەرئەكەوێ!!.

بەغدا
بستان الخس ٤٦٩/ ١/١٧
تلفون: ٨٥٤٢٥
ڕەفیق حیلمی

وەنیزە لۆس ی سەرەکوەزیری یۆنان یەکێك بو لە هەرە بلیمەتەکانی زەمانی خۆی. ئەوەندەی کە بۆ زیندوکردنەوەی ڕابوردوی بەورشەی[٢] یۆنانستانی کۆنو دێریك، تەقەلای ئەدا ئەوەندەش دوژمنی بێئامانی تورکو چاوی لە داگیرکردنی ئەزمیرو هەندێ لە شارەکانی تری تورکیاوە بو کە بەشێکی زۆربەی دانیشوەکانی ڕۆمی (واتە یۆنانی) بونو یا مەیلی حکومەتی یۆنانیان هەبو. جگە لەمە بە هۆی وریاییو زرنگی خۆیەوە لە دونیای سیاسەتا لە لای گەورە سوێندخۆرەکانی دەوری خۆیا جێگەیەکی بەرزی پەیا کردبو و بە یەکێك لە سیاسیە بلیمەتەکانی ئەو زەمانە ئەناسرا. لەبەر ئەمە لە کاتێکا هاتە سەرکارو بو بە سەرەکوەزیری یۆنان توانی کە بەریتانیا بکا بە پشتیوانی یۆنانو یارمەتی چەكو دراوی لێ وەرگرێو بە جۆرێ کە لە بەرگی یەکەما باسمان کردبو بەو لەشکرەوە کە بە دراوو چەکی ئینگلیز پێکهاتبو بچێتە شاری ئەزمیرەوەو بیگرێت ئنجا لە دوای ئەمەو لە کاتێکا کە لەوەدا بو پەلامار بداتە سەر شارەکانی تری تورك، "ئەلەکزەندەر= ئەسکەندەر"ی مەلیکی یۆنان مردو قوستەنتینی دوژمنی[٣] وەنیزە لۆس گەڕایەوە سەر تەخت. ئنجا وەنیزە لۆس لە وەزارەت دور کەوتەوە.

فەرەنسزەکان کە چارەی قوستەنتینیان نەئەویستو سیاسەتی بەریتانیایان بەدڵ نەبو لە تورکەکان نزیك کەوتنەوەو لەگەڵیان ڕێکەوتنو لە "کلیکیا" کشانەوە. جگە لەمە وەکو لە پێشا باسمان کردبو لەم کشانەوەیەدا چەکی لەشکرەکانی خۆشیان بۆ تورکەکان بەجێ هێشتبو. ئەمانەو گەلێ شتی تر لە ئەنجامدا بو بە هۆی ئەوەی کە ئینگلیزەکانیش دەس لە یۆنان هەڵگرنو بە لای تورکا با بدەنەوە. بەڵام وەکو گومان ئەبرا بە هاتنی قوستەنتین بۆ سەر تەختو

---

١٩٥٦/١١/١٢

[٢] بە ورشە= لامع.

[٣] وەنیزە لۆس ببو بە هۆی هاتنی ئەسکەندەر بۆ سەر تەختی یۆنانو جێنشینی قوستەنتین. بەڵام مەیمونێکی هار ئەسکەندەری گەستو بەمە مرد. لە هەڵبژاردنی تازەشا لاگیرەکانی قوستەنتین سەرکەوتنو قوستەنتین گەڕایەوە سەرتەخت.

بادانەوەی ئینگلیز بە لای تورکا یۆنانیەکان لە داوای خۆیان نەکەوتن و دەستیان هەڵنەگرت. نزیکەی ساڵێك بەسەر شەڕی "سەکاریا"دا تێپەڕیبو کە یۆنانیەکان ئەمجارە لەژێر بەیاخی قوستەنتینیدا کۆبونەوەو کەوتنەوە سەودای پەلاماردانەوە بۆ سەر خاکی تورك.

حکومەتی بەریتانیا ویستی بۆ ڕێکخستنی بەینی تورك و یۆنان بکەوێتە بەینەوە. بەڵام ئەمە سەری نەگرت. لەشکری یۆنان لە دیوی باڵکانەوە گەیشتە نزیك ئەدرنەو کەوتە هێرشهێنان بۆ سەر ئەستەمولْ. فەرەنسەو ئیتالیا وایان لە ئینگلیز گەیاند کە ئیتر چاو لە یۆنان ناپۆشن و بە هێزی لەشکرەکانیان ئەیانگێڕنە دواوە. لەم لایشەوە "مستەفا کەمال" هەوڵی ئەوەی ئەدا کە بە خۆشی و ئاشتی لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێکەوێت و لە حکومەتی یۆنان دوریان بخاتەوە. بەڵام کەڵکی نەبو. جگە لەمەش نێراوەکەی[٤] لە لەندەن بە سوکی تەماشای کراو توشی کەمقەدری هات..

ئیتر "مستەفا کەمال" چاری نەما.. یا مردن یا سەرکەوتن!.. لەشکری یۆنان کە دوای شەڕی سەکاریا و شکستە گەورەکەی گەڕابۆوە دەوروپشتی ئافیۆن قەرەحەسارو لەژێر سەرەکی جەنرال پاپۆلاسدا لەو ناوە گیرسابۆوە خەریکی خۆکۆکردنەوە بو. "مستەفا کەمال" لەم کاتەدا بو کە ئیتر دەسی لە ئینگلیزەکان شُشت. (ئەستەمولْ)یش لە لایەن لەشکری یۆنانەوە کەوتبوە ژێر ترسەوە. لەبەرئەمە بەیانی ٢٦ی ئاغستۆسی (ئاب-١٩٢٢) واتە ساڵێکی تەواو لە دوای شەڕی سەکاریا لە ناکاوا هێزەکانی تورك پەلاماری لەشکری یۆنانیان داو لە ئافیۆن قەرە حەساردا تۆپەکانیان لێ خستنە کار. لەشکری یۆنان خراپ شپرزە بوو سەری لێ شێوا. لەشکری تورك چوە ناو لەشکرەکەی یۆنانەوەو کردی بە دو بەشەوە. ژمارەیەکی زۆربەی لێ کوشتن و گەلێکی لێ بەدیل گرتن. "ژەنەراڵ تریکوپیس"ی سەرەك لەشکری یۆنان لەناو بەدیلگیراوەکانا بو. ئەوانەی کە بەدیل نەگیرابون و یا لە مردن و کوژران ڕزگاریان ببو کەس بە جەستەیان نەبێ. تا

---

[٤] نێرراو" مبعوث یا مرخص.

گەیشتنە قەراغ زەریای سپی و خۆیان هاویشتە کەشتیەکانی یۆنانەوە، بارەها مردنیان بە چاوی خۆیان چاو پێکەوت و بە مەرەیەك چون کە مەگەر هەر خوا بیزانێت.

لە ٩ی ئەیلول ١٩٢٢ لەشکری سەرکەوتوی تورك گەیشتە بەردەمی ئەزمیرو گرتی. بەمجۆرە شەڕی تورك و یۆنان بڕایەوەو دوایی هات.. بەڵام کردەوەی تورك لە دوای شەڕ، ئەمجارەش ناوی زڕاندن. واتە دوای ئەوە کە لەشکریان چوە شاری ئەزمیرەوە بە چەند ڕۆژێك ئەو گەڕەکانەی کە غەیرە تورکی تیا دائەنیشت، ئاگری تێ بەربو. حکومەتی "مستەفا کەمال" زۆری پاکانە کرد. بەڵام سودێکی نەبەخشی. واتە قەومی تورك و حکومەتی کەمالیەکانی لە تانوت و لۆمەی دونیا ڕزگاری نەبو!.. دوای گێڕانەوەی ئیزمیر لەشکری مستەفا کەمال ڕوی کردە ئەستەموڵ. سوێندخۆرەکان کەوتنەوە تەقەلای ڕێگرتن لەم لەشکرە. لەگەڵ ئەمەشا لە هەردو لاوە هەوڵی ڕێکەوتن درا. بەڵام ئەمجارەش یەکنەکەوتنی سیاسەتی فەرەنسەو ئیتالیا لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیز سودی مستەفا کەمالی تیابو. لە ئەنجامی کارا ئینگلیز سەری چەماندەوەو بە هەڕەشەکانی "لوئید جۆرج"ی سەرەك وەزیری بەریتانیا فەرەنسەو ئیتالیا نەترسان و بایان نەدایەوە. بە هاندانی لۆئید جۆرج دونیاش لە مستەفا کەمال هەڵنەستایە سەرپێ! ئنجا دەرگای ئەستەموڵ بۆ لەشکرەکانی تورك کرایەوە. دوای ئەمە لە ڕێگەی مستەفا کەمالا تەنیا کۆسپێك مابو. سەڵتەنەت و خەلافەت. مستەفا کەمال ئیتر بیری لەوە ئەکردەوە کە ئەم دو کۆسپە گەورەیە لابەرێت و بە بێخی خانەوادەی سوڵتانەکانی عوسمانیدا بچێتە خوارەوە[٥].

بۆ ئەم کارە گرنگەش لە پێشەوە ئەبو پشو بداو ماندوی بحەسێتەوە. چونکە لە ناوچەی (سیاسەت)یشا وەکو ناوچەی شەڕ پێویست بو سەر بکەوێت. ئەبو جارێ بیر لە موئتەمەری لۆزان بکاتەوەو تەگبیری ئەوە ڕێبخا کە لە پەیمانی

---

[٥] سیرة مصطفى کمال والحرکات الوطنیة فی ترکیا.

ئەمجارەدا خەوەکانی خۆیو هاوڕێکانی بێتە دی، میساقی میللی سەر بگرێو دەوڵەتی تورکیای تازە بە دونیا بناسرێت!..

ئینگلیزەکان وا بە ئاسانی لە تورك نەئەگەڕان. لە هەمو کاتێکا بەرهەڵسەتیەکیان ئەهێنایە ڕێیان. ئەمجارە داوای ئەوەیان کرد کە ئەستەمولیش نوێنەر بنێرێتە موئتەمەر. دەستەی مستەفا کەمال سەرپێچیان کردو بەمە ڕازی نەبون. ئنجا "مەجلیسی گەورەی نیشتمانی" کۆبۆوەو دوای مقۆمقۆو دوانێکی درێژو گرنگ بڕیاری دا بە لابردنی سەڵتەنەت. لە ١٧ی تشرینی ١٩٤٢ وحیدەدین لە تەخت هاتە خوارەوەو بە خۆیو دەسو پێوەندەکانیەوە ئەستەمولی بەجێهێشت. عەبدولمەجید کرا بە خەلیفەو کارێکی نەما بەسەر سەڵتەنەتەوە واتە بەسەر حوکمەوە. بەمجۆرە مەیدان تەنیا بۆ دەستەی مستەفا کەمال مایەوەو نوێنەری حکومەتی ئەنقەرە لەژێر سەرەکیی عیسمەت پاشای قارەمانی "ئین ئونو"دا چوە لۆزان. بەڵام ئەم موئتەمەرە کە جاری یەکەم لە ٢٠ی تشرینی دوەمدا کۆبۆوەو سەری نەگرتو هیچی پێ نەکرا. دوای تەقەلایەکی زۆرو گفتوگۆیەکی ٣ مانگی "کرزن"ی سەرەکی موئتەمەر[٦] لەگەڵ عیسمەت پاشا تێکچو و خۆی لێ تورە کرد. ئنجا بە هەڕەشەوە گەڕایەوە لەندەن. لەسەر ئەمە عیسمەت پاشا ش لۆزان ی بەجێهێشتو گەڕایەوە ئەنقەرە.

* * *

## ٤١

## دوای ڕەوانەکرانی شێخ مەحمود بۆ هندستان
## هەواڵی کوردستانی عێراق:

ئینگلیزەکان کە بە پێی ڕەوشتی کارەسات وا دەرئەکەوت کە بە هەمو جۆرێك ئەیانویست بەرهەڵستی مستەفا کەمال بکەنو ڕێی سەرکەوتنی نەدەن، لەو

[٦] سەرەکی موئتەمەری یەکەمی لۆزان "کرزن"ی وەزیری بەریتانیا بو.

تەگبیرانەدا کە بۆ ئەم مەبەسە ئەیانکردو یا بە دەسیانەوە بو، کە بیکەن زۆر بە سستی ئەجولانەوە. لەبەرئەمە لەگەڵ کردەوەیانا توشی کۆسپو تەگەرە هاتنو زۆری مەبەسەکانیان نەچوە سەر. یەکێك لەو مەبەسانەی ئینگلیز لەو ڕۆژەدا بە قسە مەسەلەی دامەزراندنی کوردستان بو. کەچی هەر خۆیان زیاتر لە هەمو کەسێك تەگەرەیان لەم کارە ئەداو کۆسپە گەورەو گرنگەکان زۆرتر لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ئەخرایە ڕێی نیشتمانپەروەرەکانی کورد[٧]. چونکە مەبەسی ئەوان دامەزراندنی کوردستانێك بو کە خۆیان ئەیانویست.

ئەگینا شۆڕشی شێخ مەحمود نەئەبو ببێتە هۆی دەسهەڵگرتن لە مەسەلەی کوردستان. "شێخ مەحمود" لەبەر هەر مەبەسێك هەبێ شۆڕشی نایەوەو بە گژ ئینگلیزا چو. بەڵام لە ئەنجاما بەدیل گیراو نێرایە هندستان. دوای ئەو حوکمەتی کورد بۆچی نەمێنێو یا بە وێنەیەکی باشتر نەیەتەوە ناو؟ حکومەت بۆ "شێخ مەحمود" کرابو یا بۆ قەومی کورد؟.. لە کورتی بیبڕینەوە ئیتر تا شێخ مەحمود لە هندستان بو ئینگلیز باسی کوردستانیان نەکردەوە. واتە ئەوان کوردستانی بێ شێخ مەحمودیان نەئەویست. بەڵام شێخ مەحمود لە ئیمتیحانی جاری یەکەما دەرنەچوبوو کەوتبو. بە تەمای ئەوە بون کە لە هندستان دەرسەکانی ڕەوان بکاو کە گەڕایەوە کوردستان، ئەو دەورە بەجێ بێنێ کە بۆ ئینگلیز دەس بدا..

ئینگلیزەکان دەسیان لە کوردستان هەڵگرتبو، بەڵام "شێخ مەحمود"یان پێویست بو. لەبەر ئەمە کوردستان بیانو وەسیلە بو نەك مەبەس (غایە). دیارە کە شێخ مەحمود بەبێ کوردستانێك بەکەڵکیان نەئەهات. ئنجا لە کاتێکا کە هەواڵی کوردستان لە دوای شێخ مەحمود گەیشتە جۆرێك پشێویو ئاژاوەی ئەوتۆ کە بە ئینگلیزەکان چار نەکرێو دانەمرکێتەوە "شێخ مەحمود" یان جارێکی تر هێنایەوە عێراقو کردیانەوە بە حوکمداری کوردستان. بەڵام وەکو لە جێی خۆیا

---

[٧] لە جێی خۆیا لە ژێر عینوانی: ئینگلیزەکان لە ئەنجامدا بۆچ پشتیان کردە "شێخ مەحمود"و لەبەر چی دەسیان لە مەسەلەی کوردستان هەڵگرت؟ باسی ئەم سیاسەتە تازەیەتان بۆ ئەکەین (ر. حیلمی).

باسی ئەکەین شێخ مەحمود لەوانە نەبو کە خزمەتی مەبەسی ئینگلیز بکا. بەڵکو ئەو بەتەما بو لە کات کەڵك وەرگرێ و کوردستانی ئازادو سەربەخۆ بە ئینگلیز دروست بکا. لەبەرئەمە لە ئەنجاما ڕێنەکەوتن. هەندێ هۆی واش هاتە پێشەوە کە ئێجگار ڕو بە ئینگلیز وەربگێڕێت و بیخاتە سەر ڕێی سیاسەتێکی تازە..

* * *

## ٤٢

## شۆڕشی کوردەکانی عێراق

## لە

## عەمادیەو عەقرە

بەوەی کە "شێخ مەحمود" نێررایە هندستان هەرا نەبڕایەوەو قەومی کورد بۆ دواڕۆژی کوردستان دەسی لە تێکۆشان و تەقەلا هەڵنەگرتبو. بەڵام کە ئینگلیزەکان گەڕانەوە سلێمانی و مێجەر سۆن بە مەرامی خۆی گەیشت و ئەو بەرنامەجەی لە لایەن کوڵونەل ویلسەن ی حاکمی عامی عێراقەوە پێی سپێررابو، دوای خوێنڕژاندنێکی زۆر لە دو لاوە "کوردو ئینگلیز" لە ڕودا هاتە جێ و سۆن بو بە حاکمی بێ شەریکی هەرێمی سلێمانی، بیری دواڕۆژی نەکردەوەو لەگەڵ ئەوەدا کە یەکێك بو لە دوژمنە هەرە بە"کین"ەکانی تورك، بە هیچ کلۆجێك ڕێی جولانەوەی ئەوانەشی نەئەدا کە کوردی بەڕاستی بون و بۆ کوردستان تێئەکۆشان.

بەشی زۆری حاکمەکانی سیاسی لە هەمو لایەك هونەری گەورەیان دابوە سەر فیزو دەعیەی لەتام بەدەرو توڕەیی و تونە تەبیاتیان کردبو بە دەستوری ئیدارە. هەر یەکەیان خۆی لە ئەهالی کردبو بە فیرعەونێك و ئیلهامی ئیدارەی لە حوکمی قەرەقوش و حەکایەتەکانی ئەم وەزیرە کۆنەی میسر (مصر) وەرئەگرت. لەبەر ئەمە ناڕەزایی خەڵق لە ئیدارەی ئینگلیزو دەس و پێوەندەکانیان —کە لە هەندێ

پەسمایەو بێگانە پەرست هەڵیان بژاردبون– گەیشتبوە ئەندازەیەکی وا کە ئیتر بەرەو دەرەك ئەچو. لە هەمو لایەکەوە ئاژاوە دەسی پێ کردبو.

لە مانگی تەموز لە عەمادیە لەژێر سەرەکی حاجی شەعبان ئاغادا شۆڕشێك هەڵگیرسا. جگە لە خەڵقی عەمادیە ئەهالی "بەرواری بالا" و پۆلیسەکانی عەمادیەیش تێکەڵ بەم ئاژاوەیە بون و چونە سەر شۆڕشگێڕەکان. بە شەو دایان بەسەر ماڵی "کەپتەن ویل"ی حاکمی سیاسیا و لەگەڵ "ماکدۆنالد"ی مودیری پۆلیس هەردوکیان کوشتن (١٥ی تەموزی ١٩١٩). بەڵام بە تەقەلای "لچمن"ی حاکمی سیاسی موسڵ[٨] "حاجی عەبدولەتیف ئاغا" کە یەکێك بو لە شۆڕشگێڕەکان، عەمادیە کەوتەوە دەس ئینگلیزەکان، بەڵام شۆڕشەکە بە تەواوی دوایی نەهات. بەڵکو هەندێ لە شۆڕشگێڕەکان دایانە شاخ و کێوەکانی پشت عەمادیەو ناوبەناو لەگەڵ هێزەکانی حکومەتا بە یەکا ئەچون.

ئەم جۆرە هەراو شۆڕش و بگرەو بەردەیە چاوی بە ئەهالی کردەوەو خەڵق ئەوەندە ترسیان لە ئینگلیزەکان نەمابو و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هەل ئەگەڕان. لچمن لە موسڵ گوێزرایەوە. کەپتەن "بیل"[٩] لە جێی ئەو کرا بە حاکمی موسڵ. بیل لەگەڵ سکۆت ی معاونی لە قەزای عەقرە گەشتێکی ناو کوردەکانیان کرد. لە ٤ی تشرینی دوەمدا بۆ چاوپێکەوتنی فارس ئاغا چونە زێبار. لەناو عەشایری ئەم قەزایە کە سورچی و زێباری و بارزانی لێ بو و زێباری و بارزانی دوژمنی یەکن.

---

[٨] لچمن سەرەکی ئەو لەشکرانەی ئینگلیز بو کە لە شەڕی گەورەی یەکەمی گێتیا لە دوای شەڕ برانەوە (هودنە یا موتارەکە) لەسەر گرتنی موسڵ، لەگەڵ عەلی ئیحسان پاشای ژەنەراڵی تورك لێیان بو بە شەڕو عەلی ئیحسان ملی نەدا موسڵی بۆ چۆڵ کات لە ئەستەموڵەوە ئەمری حکومەتی عوسمانی بۆ هات. ئنجا ئەم "لچمن"ە دوای داگیرکرانی عێراق و برانەوەی شەڕ بو بە حاکمی سیاسی موسڵ. نزیکەی ساڵێك کە لەوێ مایەوە توشی گەلێ دەردیسەری و گێچەڵ بو بە دەس کوردەکانەوە. دوایی گوێزرایەوە "زوبەع" و شێخ خومەیسی کوڕی شێخ زاریەوە لە ١٢ی ئەغستۆسی ١٩٢٠ لە بەینی بەغداو فەلوجە لە جێیەکا کوژرا کە پێی ئەڵێن "خان النقطة".

[٩] ئەم کەپتەن "بیل"ە کە دوایی بو بە کولونەل، ئەو "کەپتەن بیل"ە نیە کە لە کۆیەو ڕەواندز حاکمی سیاسی و لە سلێمانی معاونی حاکم بو و لە "بەندیخانە"ی کۆیە منی حەپس کرد.

لەبەرئەمە چونی بیلْ بۆ لای فارس ئاغای زێباری، بارزانیەکانی خستە شکەوەو لە کاتی گەڕانەوەیا بۆ عەقرە ڕێگەیان پیْ گرت. بیلو سکۆتی معاونی کوژران (٤ی تشرینی دوەمی ١٩١٩). دوای ئەمە بارزانییەکان بە ٣٠٠ سوارێکەوە تاویان دایە سەر عەقرەو بە ئینگلیزیان چۆڵ کردو گرتیان لە پاش کوژرانی بیل، نوڵدر ناوێك کرا بە حاکمی موسڵ. ئنجا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دەس کرا بە ڕێکخستنی هێزێکی تایبەتی بۆ سەر عەقرە، بەلاّم شۆڕشگێڕەکان پێش ئەوە کە ئەم هێزە بێتە ناو و ڕو بکاتە ئەوان لە خۆیانەوە عەقرەیان بەجێهێشتو دایانە شاخەکان.

لە هیچ لایەکی کوردستانا هەواڵ لەمە چاتر نەبو. لە هەمو جێیەکا ناڕەزایی هەبو و ئیدارەی حاکمە سیاسیەکان کەسی لە دەوری ئینگلیزا نەهێشتبۆوە. بە لای ئەم حاکمانەوە وابو کە پەسمایەکانو خەفیەکان چی ئەڵێن ڕاستەو ئەبیْ بە ڕابەری ئەوان بچن بەڕێوەو وڵات ئیدارە بکەن. هەرێمی سلێمانی یەکێك بو لەو جێگانەی کە لە ئیدارەی ئینگلیز بێزار بو. سۆن کە زمانی کوردی زۆر باش ئەزانیو شارەزای سروشتو خوی کوردەکان بو، ئەهات بە بیرا کە لە ئیدارەی سلێمانیدا توشی ئەرك نەبیْو ئەم هەرێمە لەو جۆرە شۆڕشانە بپارێزێت کە لە ناوچەکانی ترا ڕوی ئەدا –داخەکەم– لەگەڵ ئەمەشا کە لە شێخ مەحمودو نفوزی ڕزگار ببو دیسانەوە لە ڕوی فیزو غروری خۆیەوە ئەویش جڵەوی ئیدارەی لە دەس دەرچو. ئیتر هەواڵ وای ئەگەیاند کە ئەم هەرێمەش بەرەو شۆڕشێکی گەورە بچێتو بۆ جاری دوەم گرنگترین ئاژاوە بکەوێتە ناوەوە..

سۆن هەرچەند ڕێگەکانی ڕێك ئەخستو هەندیْ ڕێگەو بانی تازەی ئەکردەوە، بەلاّم بە بیانوی ئەم ڕێگانەوە پارەیەکی زۆریشی ڕشتە ناوەوە کە وەکو لەمەوپێش باسمان کردبو و ئەگەر ئەوانەی ئەمان بیستەوە ڕاست بیْ، بەشی زۆربەی ئەو پارانە لە ڕێی هەندیْ چاودێریکەرەکانو بە هۆی "عەزیز خان"ەوە ئەچوە باخەڵی خۆیەوە. لەگەڵ ئەوەشا سۆن یەکەم کەسە کە فرمانی دا لە سلێمانی بە کوردی ڕۆژنامە دەربچێت. ڕۆژنامەی پێشکەوتن یادگاری سۆن ەو

زمانی کوردی بە هۆی ئەم ڕۆژنامە تاقانەیەوە لە سلێمانیدا هاتە نوسینو خوێندنەوە[١٠] و هەر بە هاندانی سۆن هەندێ لە نوسەرەکانی ئەو ڕۆژەی سلێمانی کەوتبونە سەر بیرو مەیلی نوسینی کوردی پەتی. تەنانەت سۆن بۆ ئەمە پاداشتێکیشی دانابو و ئەوانەی کە نزیکەی لاپەڕەیەکیان لە هەر باسێك بە کوردی پەتی ئەنوسیەوە لە ٢٠ەوە تا ٣٠ ڕوپیە پاداشتی پێ ئەبەخشین. بەڵام هەندێ لەوانە کە لە پێشکەوتندا ئەیاننوسی لەوانە نەبون کە بە هەناوێکی نیشتمان هاتبنە کایەوەو لە نوسین مەبەسیان گیانی وڵاتپەرستیو کوردایەتی بڵاوکردنەوە بێ. بەڵکو زیاتر چاویان لە خۆبردنە پێشەوە لە سۆنو گەیشتن بو بەو پاداشتە سوكو بێ نرخە بو.

ئەمانە ئەیانویست کە سۆن لە خەڵق بکەن بە خوا!و یا هیچ نەبێ "بت"ێکی لێ دروست بکەن. سەرەڕای ئەمەش بە هۆی "پێشکەوتن"ەوە توانجی پیسو بێشەرمانەیان ئەگرتە ئەوانەی کە ئینگلیزیان نەئەپەرستو یا بە کوردایەتی خۆیانەوە ئەنازینو چاویان لە پێشکەوتنی کوردەوە بو. کینی زۆرتری سۆنو دەسوپێوەندە بێفەڕەکانی لەوانە بو کە تورکخوا بونو ڕەواندزیان کردبو بە قیبلە. واتە قینیان لەوانە بو کە چاویان بڕیبوە ئوزدەمیر پاشا!و گەڕانەوەی تورکی کەمالی بۆ کوردستانو عێراق. لەبەرئەمە هیچ ژمارەیەکی پێشکەوتن نەبو کە بە توانجی ناشیرین واتە بێفەڕو پڕو پوچەکانی ئەو جۆرە نوسەرە خوێن بۆگەنو پەسمایانە ڕەش نەکرێتەوە.

جێگەی داخ ئەوەیە کە هەر لە پێشکەوتن دا هەندێ باسی جوانو وتار یا وێژەی بەنرخیش بڵاو ئەکرایەوە، گەلێ کەس نەیان ئەخوێندەوە. چونکە بە چاوێکی سوك ئەیانڕوانیە ڕۆژنامەکە. جگە لەمە ئەوانەی کە بەم دەستورە ئەجوڵانەوەو پێشکەوتن یان کردبو بە هۆی تانوت لێدانو پلارگرتن لەو،

---

[١٠] لە زەمانی تورکا زمانی میری خوێندن، تورکی بو. بەڵام لە حوجرە لای مەلاکان خوێندن بە زمانی فارسی بو. لەناو بازرگانو تاجرەکانو بەشی زۆری خەڵقیشا بە فارسی نوسینو شیعردانان باو بو.

دوژمنیان بۆ سۆن زۆر ئەکردو خەڵقی لە تورك خواکانو ناحەزەکانی ئینگلیز نزیك ئەخستەوە. ئنجا جێی شك نیە کە ئەمەیان لە ڕوی کینو بوغزو نەفامیەوە بو. بەڵام سۆن خۆی بۆچی لەمە بێدەنگ کردبو و چۆن چاوی لەو نەفامانە ئەپۆشی، ئەوە کەس تێی نەگەیشت.

ئنجا لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەو لە ڕوی زەبرو زۆرێکی عەنتەرانەوە کە ئەینواند سۆن پتر لە حاکمە سیاسیەکانی تری ئینگلیز بو بە هۆی پەیابونی فیتنەو ئاژاوە لە کوردستانا. ئاگری شۆڕشی دوەم دەسی کردبو بە پڕیشکدانو گەشانەوە. لەبەرئەمە بیر لە دامەزراندنی مەجلیسێك کرایەوە کە لە ئیدارەی هەرێمی سلێمانیدا یارمەتیدەری حاکمی سیاسی بێ. بەڵام نە ئەم مەجلیسە کە لەژێر سەرەکی حاکما لە ١٢ ئەندام پێکهاتبو[١١] و نە گوێزانەوەی سۆن لە سلێمانی نەبو بە هۆی چارەسازی ئاژاوەو کوژانەوەی ئاگری شۆڕش.

[١١] مەجلیسی ئیدارەی هەرێمی سلێمانی لە ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢دا لە شاری سلێمانی دامەزرا. لەم مەجلیسەدا حەماغای ئەوڕەحمان ئاغاو عەبدولفەتاح چەلەبیو جەمال عیرفانو حاجی برایم ئاغا ئەندامانی هەڵبژێرراوی شار. ئەحمەد موختاری قازیو سدیق مەزهەری سەرەکی مەحکەمەو ساڵح پاشاو "کەپتەن هوڵت"ی معاونی حاکمی سیاسی ئەندامانی تەبیعی شار بون. جگە لەمانە ئەمین ئاغای ڕەشید ئاغای هەمەوەند بە ناوی چەمچەماڵەوەو حەمە ساڵح بەگی حەمە عەلی بەگ بە ناوی شارباژێڕەوە، حامید بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشای جاف بە ناوی هەڵەبجەوەو هەمزاغای ئەولاغا بە ناوی ڕانیەوە ئەندامی هەڵبژێراوی ئەم مەجلیسە بون. لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامەکانا ئەهالی شاری سلێمانی، چەند کەسێکیان هەڵبژاردو بە مەزبەتەی جیاجیا ناوەکانیان دا بە حاکمی سیاسی. ناوی منیش (نوسەری ئەم یادداشتە) لەناو ئەوانەدا بو و دەنگەکانی بۆ من درابو لە هی ئەوانی کە زیاتر بو. بەڵام پێش دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە جەمال عیرفان کە خۆشی یەکێك بو لە هەڵبژێراوەکان یەك دو جار هاتە لامو لە زمانی حاکمی سیاسیەوە داوای لێ کردم کە خۆم بکێشمەوەو مەزبەتەکەم وەرگرمەوە. هەروەکو بە ناوی خۆیشیەوە گەلێ خەریك بو کە تێم بگەیەنێ لەگەڵ ئینگلیزەکانا هەڵناکەمو خزمەتی وڵاتەکەم پێ ناکرێت. دوای ئەمە "کەپتەن هوڵت" ناردی بە شوێنماو بە تکایەکی تێکەڵ بە نەرمە هەڕەشە ویستی پەشیمانم بکاتەوەو بە بیانوی ئەوەی کە لە ڕێی تەدریسەوە خزمەتم لا باشترە- داوای لێ کردم کە مەزبەتەکە وەرگرمەوە هەر کەڵکی نەبو. کەچی دوای ئەم باسە بە دو ڕۆژ لە نامەیەکی ڕەسمی کە

له خزمان‌و قه‌وم‌و قیله‌ی شێخ مه‌حمود، له ئه‌هالی‌و ناوداره‌کانی سلێمانی‌و ده‌ره‌وه به هۆی لاوه نیشتمانپه‌روه‌ره‌کانه‌وه دوابه‌دوا کۆمه‌ڵانی نهێنی دائه‌مه‌زرا. خه‌فیه‌کانی سۆن یش له کارا بون. تا به هه‌زار فڕو فێڵ‌و ده‌مشیرینکردن‌و ده‌سخه‌ڕۆکردن هه‌ندێکیان له‌م کۆمه‌ڵه نهێنیانه هه‌ڵئه‌گێڕایه‌وه‌و ئه‌بونه هۆی تێکچونی کۆمه‌ڵه‌یه‌ك، یه‌کێکی تری به‌هێزترو نهێنیتر ئه‌هاته ناو. له‌م کاتانه وابو که هاتنی ئوزده‌میر له هه‌مو باکوری عێراقا ده‌نگی دایه‌وه..

* * *

## ٤٣

## هاتنی ئوزده‌میر پاشا! بۆ ڕه‌واندز

که‌مالیه‌کان بۆ پڕوپاگه‌نده‌و بۆ هه‌ڵگێڕانه‌وه‌ی عه‌شیره‌ته کورده‌کانی باکوری عێراق له ئینگلیز له‌ژێر سه‌ره‌کی "عه‌لی شه‌فیق" ناو میرئالایه‌کی[١٢] میلیس[١٣] دا که له ڕه‌گه‌زی چه‌رکه‌سه‌کانی میسر بو، تاقمێك عه‌سکه‌ریان نارده ڕه‌واندز (حوزه‌یران ٩٢٢). ئه‌م تاقمه نه‌ك له مه‌فره‌زه‌یه‌کی عه‌سکه‌ری، به‌ڵکو زۆرتر له چه‌ته‌یه‌ك ئه‌چو. له چوار پێنج زابت‌و چه‌ند نه‌فه‌رێکی تورك به‌ولاوه ئه‌وانی تری ئه‌م چه‌ته‌یه هه‌مو کورد بون. له خه‌ڵقی که‌رکوك‌و هه‌ولێریش هه‌ندێکیان له‌وانه له‌گه‌ڵ بو که به توركی قسه‌یان ئه‌کردو نه‌یانئه‌زانی کوردن یا وایان به جوان ئه‌زانی که ببن به تورك. عه‌لی شه‌فیق خۆی ناونابو ئوزده‌میر پاشا![١٤] تاقمی مسته‌فا که‌مال به

---

به ئیمزای معاونی حاکمی سیاسی (واته به ئیمزای که‌پته‌ن هوڵت خۆی) بۆم هات ئه‌یوت: *"له‌به‌رئه‌وه که له‌وه‌دا گومانمان نیه که له ڕێگه‌ی ده‌رس وتنه‌وه به لاوان‌و قوتابیانی وڵات خزمه‌تتان پێ خۆشه‌و به خزمه‌تێکی تری ناگۆڕنه‌وه ئه‌و مه‌زبه‌ته‌یه که ئێوه‌ی پێ هه‌ڵبژێرابون بۆ ئه‌ندامی مه‌جلیسی ئیداره، به‌کارمان نه‌هێناو پوچمان کرده‌وه.."* .

[١٢] میرئالا: کۆڵۆنه‌ل.

[١٣] میلیس: ئه‌هلی.

[١٤] ئوزده‌میر: خۆێی ئاسن که به کوردی شتێکه وه‌ك "ڕۆبیته‌ن" یا گیانپۆلا.

سەرزاری دانی بە ئوزدەمیردا نەئەناو لە چاوی میری‌یا بە چەتەیەکی یاخی‌و سەربەخۆ ئەدرایە قەڵەم، بەڵام ئەو بە هۆی لاگیری کوردەوە بەبێ پەروا لەو ناوەدا حوکمی ئەکردو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بو بە ئەمیری بێ فەرمانی ناوچەی ڕەواندزو عەشایری دەوروپشت‌و گەلێك لە عەشیرەتەکانی کرد بە لاگیری خۆی‌و تورکە کەمالیەکان‌و نفوزێکی گەورەی لەو ناوەدا پەیاکرد. قەزاکانی ڕەواندزو کۆیەو ڕانیەو بە هۆی "عەباسی مەحمود ئاغا"و بەشی زۆری پشتدەر بە ئەمری ئەو ئەچو بەڕێوە. لە دوای کوژرانی کەپتەن بۆندی حاکمی سیاسی چەمچەماڵ[١٥]، کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرەك عەشیرەتی هەمەوەندیش کە بەینێك بو لە ئینگلیزەکان یاخی ببو و تەنگی بە هێزەکانیان هەڵچنیبو چوە لای ئوزدەمیرو ئەمە وەکو لە جێی خۆیا باسی ئەکەین بە جارێك بو بە هۆی پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئوزدەمیرو زیادی ئاژاوە لە کوردستانا.

عەلی شەفیق‌و یا ئوزدەمیر بە ڕاستی زیرەك‌و خوێندەوارێکی وریا بو. تەبیات‌و سروشتی کوردەکانی ئەزانی‌و لە دەستوری عەشایردا ئاگاداری هەبو. کابرایەکی بالاّ نزیك بە کەڵەگەت‌و جوان و بە شەوکەوت بو. بە بەرگی عەسکەریەوە بە وێنەیەکی مومتازی زابتی تورك‌و بە دوان‌و گفتوگۆی ئەدیبانە یا بە چەشنێکی خوێندەوارە بەرزەکان ئەهاتە بەرچاو..

لە سیاسەتی هەڵسوڕاندنی عەشایرا گەلێ لە حاکمەکانی سیاسی ئینگلیز باشتر سەرکەوتبو.. تەبیات‌و میزاجی سەرەك عەشیرەتەکان تێگەیشتبو و زۆری ئەو سەرەکانەی کردبو بە ئەموستیلەی دەستی. جگە لە ئەمانەش لە یارمەتی ئەهالی‌و عەشایری ئەو ناوەدا چە بە چەك‌و جبەخانەو چە بە ئازوقەو پارە لە ئینگلزیەکانی تێپەڕاندبو. وەنەبێ کە سەرچاوەی ئەم چەك‌و ئازوقەو پارەیە لە

---

[١٥] ئەو کەپتەن بۆند هیە کە هەیئەتی شایەتەکانی بردبو بۆ بەغدا کە لە دیوانی عورفی ئینگلیزەکانا شایەتی لە شێخ مەحمود بدەن. کەریم بەگ، ئەم "بۆند"ەو زابتێکی تری ئینگلیزو غەفوری خەجێی خەڵقی سلێمانی پیاوی بۆند ی لە ڕۆژێکا کوشت‌و چوە لای ئوزدەمیر لە ڕەواندز.

لایەن هێزەکانی مستەفا کەمالەوە هەڵقولابێ. بەڵکو بەشی هەرە زۆربەی ئەمانە هەر لە ناوچەی دەسەلاتی ئوزدەمیر خۆی جێبەجێ ئەکرا. هونەری ئوزدەمیر لەوەدا بو کە لەو یارمەتیە کەمەی لە لایەن مستەفا کەمالەوە بۆی ئەهات، جۆرە ئیدارەیەکی وای هێنابوە ناو کە چوار ئەوەندەی تریشی لە ناوچەی حوکمی خۆیا پێکەوە ئەناو جگە لە بەرگو خواردنو کردنی چەتەکەی لەگەڵی بون ژیانێکی باشی بۆ ئەوانەش جێبەجێ ئەکرد کە لە دەس ئینگلیزەکان هەڵئەهاتنو ئەچونە لای. لەسەر ئەمەشەوە خەلاتو بەراتی لێ ئەدا بەمو بەو و بە هاتوچۆکەرەکان. بە کورتی لە ئیدارەیەکا کە بۆ ئەو ڕۆژە بەکار ئەهات وێنەی نەبو..

ناحەزانی ئینگلیز، ئەو کوردانەی کە سۆن ڕقی لێیان ئەبۆوە، لەگەڵ ئەوانەی کە تورکیان خۆش ئەویست "جلخوارەکان!" ڕەواندزیان کردبو بە پەناو بە هێلانەی هیوا. لەمانە هەندێکیشیان بە تەواوی بون بە خزمەکاری ئوزدەمیرو بۆ جێبەجێکردنی مەبەسی تورکەکان کەوتنە هاتوچۆ. بە نهێنیو یا ئاشکرا ئەهاتنە سلێمانیو کۆیەو ڕانیەو هەولێرو کەرکوك، بەناو عەشایرا ئەگەڕانو ئەچونەوە ڕەواندز نامەو بەیانو ڕاسپێری ئوزدەمیریان بەم خەڵقەوە ئەگرو باسو هەواڵی شارەکانو عەشایریان بۆ ئوزدەمیر ئەبردەوە. ئەو باسانەی کە ئەم هاتوچۆکەرانە ئەیانگێڕایەوە، ئەو شتانەی ئوزدەمیر بە زمانو یا بە نوسین ڕای ئەسپارد وای لە تورك خواکانو ناحەزەکانی ئینگلیز کردبو کە ئاگریان لێ ئەبۆوە. وەکی تریش لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لەم هەلی ئاژاوەیە کەوتبونە سەما. هەر ڕۆژە کۆمەڵێکیان دائەمەزراند. ئەم کۆمەلانە هەرچەند لەسەر بناغەیەکی باشو بەهێز دانەئەمەزرا بەلام بۆ پڕوپاگەندەو بەربەرەکانی ئیدارەی ئینگلیز بە تایبەتی لە کاتێکی وەکو ئەو سەرو دەمەدا تینێکی گەورەی هەبو. بەشی زۆری لاو و خوێندەوارەکان، گەلێك لە ئەهالیو خەڵقی شارەکان، بەشێکی عەشایر کەوتبونە وێزەی ئینگلیزو بۆ گێڕانی شۆڕش لە بیانو ئەگەڕان. خەڵقی لەو ڕۆژەدا وەکو ئیمڕۆ نەبون. بۆ تەماعی دونیا، بۆ وەزیفەی میریو بۆ پارویەك نان ئەم تەقەلایە کە ئێستە ئەبینرێ نەبو. ژیان بەم چەشنە گرنگ نەببو. مەعنەویات بەهێز بو.

مادە وەکو ئیمڕۆ نرخی پەیا نەکردبو. لاوەکان بەم تەرحەی ئێستە لوتیان بۆ نان‌و بۆ ژیان دانەهێشتبو. مل بەم جۆرە شۆڕو گەردن بەسانی گۆچان کەچ نەئەکرا. ئەوی خۆی ئەناسی لە ڕوزەردی‌و دڵپیسی شەرمی ئەکردو تەریق ئەبۆوە. لەو ڕۆژەدا ئاوی ڕو بەم جۆرە کە ئەیبینین نەتکابو. تەنانەت گەلێ کەس شەرمیان ئەکرد بچنە سەرای حکومەت. ڕویان نەئەهات بچنە ڕیزی پیاوەکانی میریەوە. یەکێك زۆر بە ناچاری نەبێ سەری بە دائیرەکاندا نەئەکرد. ئەوانەی ئەچون زۆریان یا شکاتلێکراو یا بوختانپێکراو بون. ئەگەر لەم بابەتە نەبونایە یا کاربەدەستی میری‌و یا دەس‌و پێوەندو خەفیەکانی ئەمانە بون. بە دەگمەن ڕێئەکەوت کە یەکێك هەوڵ بۆ کارێکی میری بداو یا بۆ وەزیفە لەم‌و لەو بپاڕێتەوە. وا ئەبو کە حاکمی سیاسی بنێرێت بە شوێن لاوێکی دەس سپی‌و پێش ئیش‌و کاراو بیەوێت کارێکی بداتێ. لەگەڵ ئەمەشا زۆر لەوانە نەئەچونە خزمەتی حکومەتەوە. چونکە ئەمەیان بە نەنگ ئەزانی. بە تایبەتی ئەوانەی کە لە کۆمەڵێکی نهێنیدا بونایە بە هیچ کلۆجێك خۆیان لە حکومەت نزیك نەئەخستەوەو لە لۆمەو تانوتی هاوڕێکانیان، لە شك پەیاکردن‌و دڵ گۆڕینیان ئەترسان. بە کورتی خەڵقی ئەو ڕۆژە هێشتا خاو و سادەو ڕاست‌و بێغەش بون.

پەسمایەکان‌و جاسوسەکانیش کە یا خەفیەو جاسوس بون‌و یا خزمەتی ئینگلیزیان ئەکرد زۆر کەم‌و لە هەمو کەسێکەوە دیار بون‌و ناسرابون. ئەو جۆرە بێفەڕانەش لەگەڵ ئەوەدا کە بە پێی ئەو ڕۆژە کەم‌و زۆر کەوتبونە خۆشیەوەو بە ژیانێکی بە دڵ‌و هەوای خۆیان گەیشتبون‌و لەوانە بون کە بە ئاسانی بێ ئەرك خەڵقی توشی گێچەڵ بکەن، دیسانەوە هەستیان بەوە کردبو کە لای گەورەو بچوك قەدرێکیان نیەو ئێجگار بە سوك تەماشایان ئەکرێت. ئەوانە کە خۆیان بە پیاو ئەزانی سلاویان لەو تەرحە سوك‌و سەلیمانە نەئەکردو سلاویان نەئەسەندنەوە. جاسوسەکانی ئەو ڕۆژە وەکو هی ئیمڕۆ نەبون‌و باوەڕ ناکەم کە لە وێنەی تەشکیلاتێکی تایبەتی بۆ دۆزینەوەو دەرخستنی کۆمەڵە نهێنییەکان‌و کردەوە سیاسییە گرنگەکان خرابنە ژێر نیزامێکەوە. وابزانم تەنیا خەریکی

درۆهەڵبەستن‌و بوختـان پێکـردن بـون بەوانـەی کـە خۆیـان ڕقیـان لـێ ئـەبۆوەو یـا کاربەدەسـتەکان چـارەیان نەئەویسـتن. زۆری ئـەم جاسوسـانە نەخوێنـدەوارو لـە تـاقمی خزمــەتکارو مەیتــەرو دەس‌و پێوەنـد بـون. فەرمانبـەرو پـۆلیس لـەناو ئەمانەدا لە پۆلی بەرێزەکان ئەژمێراو شانازییان بە ناوچەی خۆیانەوە ئەکرد. خۆ نوسەری تایبەتی‌و تەرجومانەکانی ئینگلیزەکان هەر باسیان ناکرێت. هەندێکیان خۆی بە حاکم ئەزانی‌و بۆ ئەوە جێگەکەی بپارێزێ‌و لە دەسی نەدا ئامادەی هەمو خزمـەتێك بو. لـەناو ئـەم پۆلـەو هەندێ لـە مـەئمورە بچوکەکانی تـری ئیدارەدا کـە ئینگلیزەکـان لـە هـەمو جێگەیـەکی عێراقـا پێکیانـەوە نـابون، هـی واشـیان تیـا هەڵکەوت کە بە زرنگی‌و وریایی خۆیان لەو دەورە پیس‌و بۆگەنەوە بگوێزنەوە دەورێکی ترو لە بەرگ‌و وێنەیەکی تازەدا ناوچەیەکی وا بگرن کە لە خەویشا بە بیریانا نەئەهات..

ئنجا لـە لایەکـەوە لـە ڕوی ئـەم جـۆرە دەسـوپێوەندەو سیاسـەتی ناهـەمواری ئینگلیـز، لـە لایـەکی تریشـەوە بـە هـۆی ئـەو پڕوپاگەنـدە بـەتین‌و بـەهێزەوە کـە لـە ساڵەکانی ١٩٢١-١٩٢٢دا لە لایەن ئوزدەمیرو تاقمەکەیەوە ئەکرا لە هەمو لایـەکی کوردستانی عێراقا ئاسودەیی نەماو ئاسایش تێك چو. نیشتمانپەروەرەکان زۆر داخلەدڵ بون‌و بە گەرمی لە ئینگلیزەکان ئەدوان. هەرچی خراپەکارو چوختی‌و جـەردەش هەیـە یـاخی بـون‌و سـەریان بـەرز کـردەوە. زۆر لەوانـەش کـە دانویـان پێکـەوە نەئـەکولا لـە عاسـت ئینگلیـزو حکومـەتا بـون بـە یـەك. زۆردارو خـاوەن تفەنگەکان ئـەم حاڵـەیان بـە هـەل ئـەزانی. کـە کـار بـە مـەرامی ئـەوان نەڕۆیشـتایە بەڕێوەو دەسیان ئەدایە تفەنگ جەردەو یاخیەکان دەسبەجێ شوێنیان ئەکەوتن. دەستەی خوێنـدەوارو نیشـتمانپەروەرەکانیش لـە ژێـرەوە هانیـان ئـەدان‌و ئاگریـان خۆش ئەکرد. لەبەرئەمە حکومەت بە تـەواوی شێوابو. بـەڵام قـەت ئـەوەش بـە بیرا نەئەهات کە پیاوە باشەکان بکرێن بە لاگیری حکومەت. چونکە ئیدارە بە دەس ئینگلیزی کەللەڕەق‌و مەغرورو دەسوپێوەندەی پەسمایەو ناڕەسەنەوە بو.

مەحمود خانی قارەمانی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمود دوبارە سەری بەرز کردبـۆوە. کـەریم بـەگی فـەتاح بـەگی سـەرەك عەشـیرەتی ئـازای هەمەوەنـد لـە ناوچـەکانی چەمچـەماڵو سـەنگاو و قەرەداغـدا کـە چـەند مانگێـك لەشـکرەکانی حکومەتی ئەم ناوچانەی خەریك کردبو لە ئەنجاما دو زابتـی ئینگلیـزی کوشـتو چوە لای ئوزدەمیر. لە "عەمادیە"و "عەقرە"، لە "گەلی مەزورکە"و "سوارەتوکە"و "بامـــەڕنی"و "بیرەکـــەپرە" گـــەورەکانی کـــورد یەکلەدوای‌یـــەك شۆڕشـــیان هەڵئەگیرسـاندو هـەر ڕۆژە لـە لایـەك حـاکمێکی ئینگلیـزو یـا چـەند زابتێکیـان ئەکوشت.. لەم هەمو بگرەو بەردەو شۆڕشـەو ئـاژاوەو کارەسـاتە خوێناویـە بۆمـان دەرئەکـەوێت کـە لـە ساڵەکانی ٩١٩ وە تـا ٩٢١و ٩٢٢ لـە کاتێکـا مسـتەفا کـەمالو لەشکری تورك لە تورکیادا بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان کەوتبوە شەڕی مردنو ژیانـەوەو بەربـەرەکانی سیاسـەتو فێـڵو فەرەجـەکانی حکومـەتی ئەسـتەموڵو گـەورەکانی هێـزی یـەکگرتوی سـوێندخۆرەکانی ئـەکرد، لـە کوردسـتانی عێراقـا کوردەکان ساتێ نەوەستابونو بەبێ وچان لە کارا بونو بەگژ ئینگلیزا ئەچون. لە ناو شارەکانیشا، لە دێهاتو لەناو ئەو عەشیرەتانەدا کە سەرپێچییان نەئەکردو هـەللایان نەئەنایـەوە دیسـانەوە بـاس باسـی ئـەم شۆڕشـانەو یـا باسـی هـەللای مستەفا کەمالو شەڕی لەشکرەکانی تورکو یۆنان بو لە ئەنەدۆڵ!..

من لەو دەمەدا لە دوای بەربونم لە بەندیخانەی کۆیە گەڕابومـەوە سلێمانیو بە یارمەتی کەرکوکی زادە ئەحمەد ئاغای خزممەوە لە قەیسەریی نـەقیب دوکـانێکی عـەتاریم دانـابو و کاسبیم ئـەکرد. "ماجـد مسـتەفا"ی هـاوڕێی مەکتـەبمو تۆفیـق وەهبی[١٦] و هەندێ لـە زابتـە کوردەکـانی تـر تـازە لـە ئەسـتەمولْ هاتبونـەوە. شـەوان لەگەڵ ئەوانا کۆ ئەبوینەوە.

---

[١٦] ماجید مستەفاو تۆفیق وەهبی لە حکومـەتی عێراقـا بـاش سـەرکەوتنو هـەردوکیان بـون بە موتەسەڕیفو وەزیر. ئێستا ماجید بە توجارەتەوە خەریکەو تۆفیق وەهبی ئەندامە لە مەجلیسی پیرەکانا (مەجلیسی ئەعیان).

زۆری کۆبونەکانمان لە ماڵی تۆفیق وەهبی ڕێئەکەوت. چونکە ئەو لەو ڕۆژەدا ماڵ‌و ژنی نەبو و لە خانوەکەی "ڕەشید مەستی" خاڵی بە تەنیا دائەنیشت. شەوانی دورو درێژی زستانمان بە سکاڵا و باس‌و هەواڵی ئەو ڕۆژەو بە خواردنەوەو بەزم‌و سازندەیی ئەبردە سەر. لەناومانا هەر تۆفیق وەهبی کاربەدەستی میری بو. لە دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانی بە ماوەیەکی کەم کرابو بە قائیمقامی ڕانیە. دوای ئەوە کرا بە "ئامری لیوا" لە سلێمانی. بەڵام ئەوەندە نەچوە سەر ئیش‌و زۆری کاتی خۆی لە ماڵەوە ڕائەبوارد. زۆر سارد‌و بێدەنگ‌و کەم دەوام ئەبینرا. لەبەرئەمە ئێمەش هەلمان دەسکەوتبو و نزیکەی هەمو شەوەکانمان لای ئەو ئەبردە سەر. کوڕێکی ئێرانی زۆر زرنگ‌و وریا لە فەوجەکەی "لیوی"دا موحاسیب بو. ئەویش هاتوچۆی ئەکردین، ناوی "سلێمان خان" بو. بە زمانی لوس‌و سوحبەتی خۆش هەمو ڕفیقەکانی کردبو بە برای خۆی. لەویشەوە فێری قسەکردن بوین بە فارسی. ئەو فێری کوردی نەئەبو یا نەیئەویست بە کوردی لەگەڵمان بدوێت. لەگەڵ ئەمەشا هەرچیمان بە کوردی ئەوت زۆرباش تێی ئەگەیشت. بەڵام بە فارسی وەڵامی ئەدایەوە. لای منالانی کۆڵانەکانیش خۆی خۆشەویست کردبو.

کە دەرئەکەوت هەمو شوێنی ئەکەوتن‌و ئەیاندواند. پتر لە ڕەفیقەکانی تر دۆستی من بو و ئەیدواندم. من لە دڵا لێی بە شك بوم. وەکو ئەوانی تر باوەڕم پێ نەبو. ئەحمەدی عەزیز ئاغا کە بە نوکتەی خۆش‌و قسەزان ناسراوە، ئەو وەختە مامۆستای مەکتەب بو. برایەکی سلێمان خان لە تارانەوە بۆ سەردان هاتبوە لای. ناوی داود خان بو. ئەحمەد بۆ گاڵتە وتی *ئەم ناوانە هی ئەسباتی بەنی ئیسرائیلەو ئەبێ سلێمان خان جولەکە بێ!* هەمو پێکەنین. لەگەڵ ئەمەشا من کەوتمە لێکدانەوە. دوای چەند ساڵێك ئەمانەم لەبیر چوبۆوە. لە بەغدا یەکێك کە لە تاران گەڕابۆوە توشم هات. باسی سلێمان خانم لێ پرسی. وتی بە ڕاست ئەزانی کە سلێمان خان جولەکە بو؟!.. کەوابو ئەو سلێمان خانە کە چەند ساڵێك

لەناو ئێمەدا بە دۆستێکی موسڵمان ناسرابو و ژنێکی موسڵمانی کوردی هێنابو ئەگەر بە واتەی کابراکەی لە تارانەوە ئەگەڕایەوە باوەڕ بکرێت جولەکە بو!..

*　　*　　*

## ٤٥

مێجەر سۆن لەم کۆبونەوانەو بەزمو ڕەزمەی ئێمە زۆر قینی ئەبۆوە. هەندێ شەو یەکێك لەوانەی کە شکیان لێ ئەکرا لە گەرمەی بەزمو خواردنەوەداو لە درەنگوەختا ئەیکرد بە ژوراو سەربەستی ئەو جۆرە ساتانەو چاوقایمی کاتی مەستیمانی بە هەل ئەژماردو بە خەیاڵی شەو و کەمتەرخەمی چیمان لە دەم ئەترازا لە ڕەوانی پاك!ی خۆشی شتێکی ئەخستە سەرو ئەیبردەوە بۆ خەفیەکانی سۆن. بەڵام ئەو لەگەڵ ئەمەشا کە لە ئێمە بە کێن بو و چارەی نەئەویستین دیسانەوە بە مەرامی دڵی ئەو خەفیانەی نەئەکردو لێمان ئەبورد. یا بە پێویستی نەئەزانی کە پەلە بکاو هەڵی ئەگرت بۆ کاتی خۆی. ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئێمە دەمدرێژیمان ئەکردو زیاد ئەڕۆیشتین. بە تایبەتی لە نیوەشەو بەولاوەو لە کاتێکا کە سەرمان گەرم ئەبو بە جارێ شوڵمان لێ هەڵئەبڕی‌و لە شیرازە ئەچوینە دەرەوە. خەفیەکان بەوە شەقیان ئەبرد کە زو زو ڕانەئەکێشراینە ناوچەی پۆلیس‌و داخی دڵی خۆیان پێ نەئەڕشتین. ئەم خەفیانە زۆرتر لە من‌و ماجید مستەفاو مەحمود جەودەت ی خوالێخۆشبو بەداخ بون. لەبەر ئەمە سۆن ئەیویست ئێمە ئاقڵ بکا. بەڵام بۆ هەڵێ ئەگەڕا. یەك دو جاریش بیانویان پێ گرتین‌و چوینە پۆلیسخانە. بەڵام تێیان هەڵنەدابن. چونکە ئەیانزانی کە لەناو خەڵقا خۆشەویستین‌و ناوێکی باشمان هەیە. ئەوانەش کە ئەچوینە لایان بێگانە نەبون‌و کەم‌و زۆر شەرمیان لێ ئەکردین.

سۆن کەم دەرئەکەوت‌و بەمە ئەیویست سامێك بە خۆی پەیا بکا. کە دەریش ئەکەوت‌و یا بە بازاڕا ئەڕۆیشت ئەبو خەڵقەکە بە جارێ هەستنە سەر پێ‌و ڕێبوار کڕنوشی بۆ بکا.. من‌و ماجید شەو و ڕۆژ پێکەوە بوین‌و زۆر کەم لە یەك جیا ئەبوینەوە. هەمو کاتێك ئەوەمان لە یادا بو کە خۆمان لە سۆن بپارێزین. کە لە دورەوە بەدیمان ئەکرد ڕێگەمان ئەگۆڕی‌و خۆمان لێ لائەدا. چونکە نەمانئەویست کڕنوشی بۆ بکەین. لەوەش ئەترساین کە لێمان نەبورێ‌و تەرنێکمان پێ بدا. بەڵام

ڕۆژێك لوتمان بو بە لوتیەوە. لە دەشتی "ئەحمەدی عیساغا" گەڕۆکەکەی (سەیارە) وەستابو. پیاوەکەی خەریکی بو بیخاتەوە کار. خۆشی بە دیاریەوە چاوەڕوان بو. لە ناکاو خۆمان لەبەر دەمیا چاوپێکەوت. ناچارماینەوە تێپەرین. بەڵام سڵاومان بۆ نەکرد. نەمانئەزانی کە حسابی ئەمەشمان لەگەڵ ئەکا. سۆن لە حەمە درێژی[١٧] پیاوی خوڕی، وتی *ئەوانە بانگ کە!* "حەماغا" ڕوی کردە ئێمەو وتی: *ئا وەرن! جەنابی حاکم ئێوە داوا ئەکا*. من ویستم بچمە پێشەوە. بەڵام ماجید نەیهێشتە بەر منو خۆی چوە بەردەمی.. سۆن وتی: *بۆچی سڵاو ناکەن؟* ماجید وتی: *بۆچ سڵاو بکەین؟*.. وتی: *من ناناسن؟*. ماجید وتی: *بەڵێ! ئەتناسین جەنابت مێجەر سۆن ی حاکمیت*. وتی: *کەوابو چۆن سڵاو ناکەنو تێئەپەڕن؟* ماجید *وتی هەر کاتێك هاتین بۆ کارێكو یا عەریزەیەکمان دا بۆ (وەزیفە)یەك بۆمان مەکە*. ئنجا وەرگەڕایەوە بۆ لای منو ملی ڕێگەمان گرت. سۆن ئیتر دەنگی نەکرد. لە ماجیدم پرسی کە بۆچی نەیهێشت من لە سۆن بچمە پێشەوە؟ وتی: *تۆ تورەی، ترسام بە هێمنیو شێنەیی وەڵامی نەدەیتەوە*. ماجید لەو دەورەدا لاوێکی خوێنگەرمو هەڵەشە بو و لەناو نیشتمانپەروەرەکانا بە ئەنگوست پیشان ئەدرا..

دوای بەینێك سۆن لە لاوەکان بە تەواوی پەست ببو! حاجی ئاغای حەسەن ئاغای "تفەنگچی باشی" لەو دەورەدا مودیری پۆلیسو ماك برایت ناو چاوەشێکی ئینگلیز مودیری ئیستخبارات‌و یا گەورەی پۆلیس بو. سۆنو ماك برایت خۆیان لە حاجی ئاغا تۆراند. ئەویش بە قسە ئیستقالەی داو دەسی لە مودیری هەڵگرت‌و بەرگی گۆڕی.. پیاوێکی کەم زانست‌و سادە بو. هەر ئەو ڕۆژە هاتە لای منو دەسی کرد بە سکاڵای خۆیو جنێودان بە سۆن. ئەوەی لە بیر

---

[١٧] حەمە درێژ کە لە زەمانی حوکمی مێجەر سۆن ببو بە "حەماغا" لە پێشا پیاوی ماڵی "حاجی حەسەن ئەفەندی" بو. کە سۆن بە خۆگۆڕینو بەرگی "خەفیە"وە هاتبوە کوردستان حەمەی ناسیبو و لەگەڵ ئەو پێکەوە کاسبی سەرپێییان کردبو و بە هەندێ دێهات‌و ناو عەشایرا گەڕابون.

نەمابو کە تا ئەو ڕۆژە چاوی هەڵنەئەبڕی تەماشای ئێمە بکا. من خۆم لێ هەڵە کردو وام بردە مێشکەوە کە پێم ناخۆشە لە مودیری دەرچوە. بۆ ئەمەش کە باوەڕ بکا پێم وت ئێمە ئەزانین ئەگەر ئەو مودیر نەبوایە سۆن‌و ماك برایت زۆریان عەزیەت ئەدایین‌و توشی گێچەڵیان ئەکردین. ئنجا تکای ئەوەم لێکرد کە هەوڵێ بداو بگەڕێتەوە جێگەکەی خۆی! نەك پیاوێکی بێڕەوان (بێویجدان) بێتە ئەو شوێنە. ڕەنگە بە تەواوی بە واتەکانم باوەڕی نەکردبێ. بەڵام ئیتر لەمن گەڕاو کە توشم ئەبو سڵاوی ئەکردو تێئەپەڕی.. دوای ئەو ئنجا مستەفا حاجی برایم ئاغا کە ئەو سەرو دەمە قۆمیسەر یا موفەوەزی پۆلیس بو خۆی گۆڕی. بەڵام ئەو بە دزیەوە بە منی وت: *کە ئاگامان لە خۆمان بێ کراوە بە (خەفیە)*[18]..

ئەم دەورەش بەسەرچو. حاجی ئاغاو مستەفای حاجی برایم ئاغا گەڕانەوە بەرگی پۆلیسی. بەینێکیش عەونی حاجی گدرون ی کۆنە زابتی عوسمانی کرا بە مودیری پۆلیس. مێجەر سۆن ئیتر خۆی پێ نەئەگیرا. ئەوڕەحمان سەعید[19] و دوای ئەو ماجید مستەفای گرت‌و خستنیە بەندیخانەوە. عەونی پیاوێکی خراپ نەبو. دوای ئەمانە کە ئەیزانی سۆن خەریکە یەکێکمان بگرێت بە دزیەوە خەبەری ئەداینێ. تۆفیق وەهبی لەم ڕۆژانەدا چوە بەغداو لەوێ لە جەیش ی عیراقا بو بە زابت. ڕۆژێك من لە دوکان بوم کە ئەحمەد ئاغای کەرکوکی زادە ناردی بە شوێنما. وتی: *عەونی ئەڵی نۆرەی گیرانی تۆ و ڕەفیق هاتوە.* وتم: *ئنجا ئەڵێی چی؟* وتی: *وڵاخ ئامادە کراوە، ساتێکی تر نان ئەخۆین‌و ئەچینە بەغدا.* پاش نیوەڕۆ بو کە خۆمان ئامادە کردبو. من‌و ئەحمەد ئاغاو ئەحمەدی سەعەی فەتاح بە سواری وڵاخ‌و بە ڕێی سەگرمەدا ڕومان کردە بەغدا،. شەو لەسەر ڕێ لامان داو ماوەی سەعاتێك بە پەلەو لەناو درکەلانێکا سەرخەوێکمان شکاند. جڵەوی وڵاخەکانمان بە دەسمانەوە بەستبو. لە نیوەشەودا دوبارە ڕێمان گرتەبەر. لەگەڵ

---

[18] خەفیە واتە سری‌و یا جاسوس.

[19] ئەوڕەحمان سەعید لە زەمانی عوسمانیا زابت بو. لە دەوری حکومەتی عێراقا لە حقوق دەرچو، بو بە قائیمقام. دوای ئەوە بە حاکم‌و ئیمرۆ سەرەکی مەحکەمەیە لە کەرکوك.

هەتاوکەوتن لە بێستانەکانی گوێ چەمی داوێنی شاخەکەی ئیمام شاسوار "شوتی"مان کڕیو خواردمان، ئنجا چوینە ناو شاری کفریەوە. شەمەنەفەر لەو ڕۆژەدا تا کنگریان هەبو. لەوێ دوای تاقەکردنی ولاخەکانمان لە ماڵی عەباس ناوێکی کاروانچی ئاشنای ئەحمەد ئاغا، بە شەمەندەفەر چوینە بەغدا.

لیرەدا بە تێهەڵکێش باسێکی کۆنی زەمانی عوسمانیم کەوتەوە یاد. باوکم لە کفری زابتی ڕەدیف بو. من ئەو وەختە لە مەکتەبی ئیبتیدائی ئەمخوێند. برایەکی بچوکم هەبو ناوی جەمیل بو. هێشتا بە بەر مەمکەوە بو. بەلام زۆر ئێسك سوكو جوان بو و من ئێجگار خۆشم ئەویست. توشی نەخۆشی باژەڵە هات. لەو وەختەشا باوکم بۆ سەندنی "دەیەك"ی بڕشتی[٢٠] ئەملاکی سەنیە چوبوە دەرەوە. لای دوکتۆری نەئەزانی. زۆرتر پڕو پیریژنان دەرمانی نەخۆشیان ئەکرد. شێخو مەلا نوشتەیان بۆ ئەنوسینو دۆعایان بە سەرا ئەخوێندن. دەلاك بە نەشتەرە پیسو چڵکنو ژەنگاوییەکانیان دومەڵو برینەکانی ئەمو ئەویان هەڵئەدڕیو کێم یان پێ ئەکرد. کەس نەیئەزانی کە کانگرەن چیەو بە چی ئەڵێن؟. بە گازە زلو ئەستورە ئاسنەکانیان کە بە زۆر بە دەمی زەلامێکیانا ئەبردە ناوەوە ددانە خرێکانی ساغ و سەلیمی خەڵقیان بە بێ بەنجو بە پێوە لە ڕیشە ئەهێنایە دەرێ. هەندێ جار شەوو ڕۆژێك خوێنی نەئەوەستایەوە. چونکە ناوی "نەزیف" لەو ڕۆژەدا لە ناو ئێمەمانانا نەبیسرابو.

ئنجا جەمیلی کۆرپەو بەسەزمانو بێتاوان لە ناوچەیەکی دواکەوتوی وەکو ئەو ڕۆژەی کفریو لە باوەشی دایکێکی نەخوێندەوارا توشی نەخۆشیەك ببو کە لەو دەورەدا پێیان ئەوت باژەڵە. پورە ڕەحمە خوشکە بێوەژنەکەی دایکم کە هەمومان باجی ڕەحمەمان پێ ئەوت گەورەی ماڵو سەرسپیو ڕابەرمان بو. هەرچەند جەمیل لەتاو ئازاری ڕانو ئەژنۆکانی ئەیزریکاند باجی ڕەحمە ئەیگرتە باوەشی. منیش شوێنی ئەکەوتم بۆ ماڵی یا دوکانی دەلاکێكو بەو نەشتەرە کە

---

[٢٠] دەیەکی بڕشت: عوشری حاصلات= ئەعشار" ئەملاکی سەنیە: ئەرازیو ئەملاکی سوڵتان عەبدولحەمید.

باسم بۆ کردن ئەو جێگە ئازارەی کە ئاوسابو بە لای کەمەوە نزیکەی پەنجە توتەیەکی لێ هەڵئەدڕی. ئەم عەمەلیاتە کە نەمانئەزانی جنایەتێکە ئەیکەن چەند ڕۆژێك دوبارە کرایەوە. هەمو جارێ تا ئەگەیشتینە ماڵەوە تەنیشتەکانی برینی نەشتەرەکە ئەوەندەی تر ئەئاوسا و بۆ ڕۆژی دوەم دەمی برینکەش بە کێمی زەردو شین دائەپۆشرا.. وەخت هاوین بو لە سەربان ئەنوستین. شەوێك لە نزیك بەیانا لە دەنگی گریانی دایکمو باجی ڕەحمە لە خەو خەبەرم بۆوە. جەمیل مردبو..!

دراوسێکانو ئاشناکان کۆبونەوە. تا ناردیان یەکێك بێتو جەمیل بشوا، موبارەك ئەفەندی خەڵقی کفری ڕەفیقی زۆر دڵسۆزی باوکم کە پیاوێکی ناودارو بەڕێزی کفری بو[21] خۆی هاتو جەمیلی شۆشتو کفنی کرد. نەمانئەزانی لەو ڕۆژەدا باوکم لە کام دێیە. لەبەرئەوە هەرچەند گەلێك دۆستو شوناسمان لێ کۆبۆوە، بەڵام –داخەکەم– باوکی جەمیل لە بەڕێخستنی مەیتەکەیا دیار نەبو. گۆڕستانەکەی کفری ئەکەوتە داوێنی ئیمام شاسوارەوە. قەدپاڵی شاخەکەش تاكو توك قەبری لێ بو کە ئەمانە تا ئەگاتە گومەزەکەی ئیمام شاسوار سەرەوژور ئەبوەوە.. دایکم ئافرەتێکی نوێژکەرو بەدین بو. ویستی کە جەمیلی جوانەمەرگ بخەینە ژێر باڵی چاوێری ئیمامەوە. لەبەرئەوە لەناو قەدی شاخەکەو نزیك مەرقەدەکەی ئیمام شاسوار جەمیلمان خستە خاکەوە (٣٢٤ی ڕۆمی).

کە باوکم گەڕایەوە کفری من لەگەڵی چومە زیارەتی قەبرە بچکۆلەکەی جەمیل. تا ئەو ڕۆژە نەمئەزانی کە عەسکەر ئەگری. بەڵام کە فرمێسکە گەرمەکانم دی چۆن بە چاوەکانی باوکما ئەهاتە خوارەوە باوەڕم کرد کە عەسکەریش کە کزەی جەرگی کەوتە ژێر خاکەوە، خۆی پێ ناگیرێو ئەگری..!

* * *

[21] موبارەك ئەفەندی برا گەورەی مستەفا ڕێژیو باوکی مەدحەتی مودیری تەحریراتی ئیمڕۆی سلێمانی بو.

## ٤٦
## سەید تەها ی شەمدینان
## و
## مەسەلەی کورد

ئینگلیزەکان دوای ناردنی شێخ مەحمود بۆ هندستانو لە کاتێکا کە جڵەوی ئیدارە خەریك بو لە دەس حاکمە سیاسیەکان دەرئەچو کەوتنە سەر ئەوەی کە ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ کورد ڕێك بخەنو بەمجۆرە دوایی بە ئاژاوەو شۆڕش بدەن. لەم حەلەدا هەستیان بەوەش کرد کە کوردەکانی دەوری هەولێرو موسڵ ترسیان لە ئاسوریەکان هەیەو وایان چۆتە مێشکەوە کە ئینگلیزەکان بە تەمان لەو ناوەدا حکومەتێکیان بۆ دروست بکەن. لەبەرئەمە هۆی هەندێ لە شۆڕشەکانیان ئەبردەوە سەر مەسەلەی ئاسوریەکانو بۆ جاری دوەم[٢٢] لەگەڵ سەید تەهای شەمدینان کەوتنەوە گفتوگۆ. سەید تەها ئەمجارە هەندێ داوای (مەتالیب) هەبو و ئەمەی لە بەغدا بە ڕەسمی پێشکەش بە کاربەدەستەکانی ئینگلیز کرد. بە پێی قسەی خاوەنی کتێبەکەی "عراق و عصبة الامم" داواکانی سەید تەها ئەمە بو:

١-لەژێر چاودێری بەریتانیادا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەك پارچە، بەو مەرجەی کە کوردستانی ئێرانی تیابێ.

٢-بڵاوکردنەوەی لێخۆشبونێکی گشتی "عەفوی عمومی" بە بەیانێکی ڕەسمی.

٣-دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی باسکراو لەسەر بناغەیەکی لامەرکەزیی فراوان (واسع) واتە لەسەر ئەساسی جەمهوری.

---

[٢٢] ئەم کتێبە L Iraq et La Societe des nation بە فەرەنسزییەو بەشێکی ئەم کتێبە لە بابەت مەسەلەی کوردەوەیەو من لەژێر ناوی "خولاسەی مەسەلەی کورد"دا کردومە بە کوردی (ڕەفیق حیلمی).

٤-دڵنیاکردنی کوردەکان بە گفتێک (وەعد) لە لایەن کاربەدەستەکانی ئینگلیزەوەو نوسینی پەیمانێك لە بابەت هێمنی ئەرمەنیەکان و ئاسوریەکانەوەو و نەبزوتنەوەیان بەرامبەر بەم دەوڵەتە تازەیەی کورد.

٥-ئەو یارمەتییانە کە دەوڵەتی بەریتانیا بەخشیویەو یا ئەیبەخشێت بە عێراق بە دەوڵەتی کوردیش ببەخشرێت.

لە بەندی چوارەمی داواکانی سەید تەها وا دەرئەکەوێت کە دواڕۆژی کوردی لێکداوەتەوەو مەترسی لەوە کردوە کە ئینگلیزەکان ڕۆژێك بێت ئەرمەنی یا ئاسوریەکان هان بدەن و بیانکەن بە چەقڵ لە ڕێی ژیانەوەی قەومی کوردو حکومەتی کورد. بەڵام مەندوبی سامی بەریتانیای گەورە لە عێراق، بەرامبەر بە داواکەی سەید تەها وەڵامی هەر ئەمە بو: *"لەوەدا دڵنیا بن کە هەر داواو خواهشتێکی میللەتی کورد هەیەتی و پێشکەشی موئتەمەری ئاشتی کراوە، هەموی لە لایەن موئتەمەرەوە ئەخرێتە بەرچاو و زۆر باش تەماشای ئەکرێت. وا زانراوە کە لە موئتەمەری ئاشتیا، لەلایەن داوای کوردەوە بە پێی حەق و عەدالەت ئەوی بە باش زانرابێ بڕیاری لەسەر دراوە"*[٢٣].

لەسەر ئەم وەڵامەی مەندوبی سامی دیارە کە سەید تەهاش هیچی بۆ نەکرا. ئنجا سستی ئینگلیز لە هەنگاو هاوێشتنێکا و دواکەوتنیان لە بەجێهێنانی بەندەکانی پەیمانی سەڤەر کە لە بابەت مەسەلەی کوردەوە بو تەئسیرێکی زۆر کردە سەر کوردستان و لەبەر ئەمەی کە پێش سەرکەوتنی هێزەکانی مستەفا کەمال بەسەر هێزەکانی (یۆنان)دا بڕیارێکی ڕاست و گورج و بێ فێڵ نەدراو بە پێی سێ بەندەکەی پەیمانی سەڤەر لە کوردستانی جەنوبا بناغەی سیاسەتێکی "بەکەڵك" دانەڕێژراو دەوڵەتی کورد نەهاتە ناو" دوای سەرکەوتنی (مستەفا کەمال)و شکستی لەشکرەکانی یۆنان شتێك نەکراو مەسەلەی کورد وەکو لە جێی خۆیا باسی ئەکەین لە ئەنجامی تەقەلای "مستەفا کەمال"و لە ڕوی هەندێ هۆی ترەوە لەگەڵ دڕاندنی پەیمانی سەڤەر کرا بەژێر لێوەوەو لەبیر چۆوە..

[٢٣] لێرەدا وا دیارە کە مەبەسی مەندوبی سامی ئیشارەتکردنە بۆ پەیمانی سەڤەر.

*        *     *

## ٤٧

# لە سەرنەگرتنی مەسەلەی کوردا، کوردەکان خۆیان بەشدارن

مەسـەلەی کـوردو سـەربەخۆیی کوردسـتان هـەر لـە ڕوی سسـتی و فڕوفێڵـی ئینگلیزەوە بەم ئەنجامە نەگەیشت. لەمەدا کوردەکان خۆشیان بەشدارن و ئەتوانم بڵێم کە تانوتی گەورەتر ئەبێ لە کوردەکان خۆیان بگیرێ. چونکە جارێ کۆمەڵە سیاسیەکانی کورد کە ناوچەیان لە ئەستەمولّ بو لەگەڵ ئەمەشا کە بەشێکی ئەندامە ناودارەکانی خەڵقی سلێمانی بون ئەوەیان بە بیرا نەهاتبو کە بە ناوی کۆمەڵەکانەوە ئەمانە بنێرنە سلێمانی بۆ یارمەتی شێخ مەحمودو ڕێکخستنی کاروباری ئەو حکومەتە کوردە کە بە ڕاستو درۆ هاتبوە ناو. لە کاتێکا کە ئەچونە ئاسیای بچوك و تەقەلای بێسودی کوردایەتیان ئەدا، بۆ بلاوکردنەوەی بیری دامەزراندنی کوردستان تێئەکۆشان و خۆیان ئەخستە دەرەکەوە، ڕویان نەئەکردە هەرێمی سلێمانی و هەوڵی ئەوەیان نەئەدا کە لە شێخ مەحمود کەڵك وەرگرن و حکومەتەکەی لە دەسکاری ناڕاستو نەفامەکان بپارێزن. بناغەی بەهێز بکەن تا نەڕوخێ و بژی. بە کورتی لەم لایەنەوە هەلێکی ئێجگار هەڵکەوتوی گەورەیان لەکیس داو کەڵکیان وەرنەگرت لەوەی کە لە کوردستانی عێراقا ماوەیەکی هەرە گەورە بە دەستەوە بو تەقەلای تیا بدرێ بۆ مەسەلەی کورد.

ئەوانەش کە لە تورکیا بون و بە تایبەتی سەرەك عەشیرەتەکان و ناودارەکان وەك لە موئتەمەری "ئەرز ڕۆم"دا بینرابو بە چەشنی تورکە نیشتمانپەروەرەکان و بەڵکو لەوان زیاترو بە ڕاستتر پشتی مستەفا کەمالیان گرتبو و بڕیاریان دابو بە شەڕی "خۆ؟.." واتە شەڕی ڕزگاری "ولاتی شەریکایەتی کوردو تورك!"، واتە شەڕی "ئیستقلال!". ئەو شەڕەی کە ئەنجامەکەی –داخەکەم– مەحکەمەی ئیستقلالی لێ پەیابو کە لاوەکان و گەورە ناودارەکانی کوردی بە کۆمەڵ ئەخنکاندو یا ئەینان بە نیشانی تفەنگو شەستتیرەوە.

ئەگەر بهاتایەو پێش سەرکەوتنی مستەفا کەمال کۆمەڵە سیاسیەکانی کورد دووربینییان بکردایەو هەندێ لە ئەندامە وریاکانی خۆیان بناردایە لای "شێخ مەحمود"و بە پێی بەرنامەیەکی سیاسی و قەومی بزوتنەوەکانی کورد لە عێراق و تورکیا یەك بخرایەو پێکەوە لەسەر ئەو بەرنامەیە بڕۆشتنایە زۆر جێگەی باوەڕ بو کە مەسەلەی کورد ڕەنگێکی تری وەربگرتایەو ئەنجامی "شێخ مەحمود"یش بەو جۆرە نەئەبو کە چاومان پێکەوت. بەڵام کۆمەڵەکانی کورد وایان نەکردو هەر هەوڵ و تەقەلایەکیان لەدەس هات لە ئەستەموڵ لەگەڵ گەورەی سوێندخۆرەکان بەکاریان هێناو یا لە ناوچەی ئاسیای بچوکا ئەناذۆڵ خۆیان پێوە ماندو کرد. سوێندخۆرەکانیش یا ئینگلیزەکان بەینێك بە حکومەتی بێهێزو دەسەلاتی خەلیفەوە لە ئەستەموڵ خۆیان خەڵافاند. دوای ئەوەش ماوەیەك هیوایان بەست بە ئەنجامی شەڕەکانی یۆنان و تورکەوە.

بەڵام هەر وەکو یۆنان هیچی بۆ نەکرا و "مستەفا کەمال" بەرەو سەرکەوتن ئەچو، "شێخ مەحمود"یش بە مەرامی ئینگلیز نەچو بەڕێوەو بە گژ تورکا نەچو. لەم کاتەدا عەرەبەکانی عێراقیش ڕاست بونەوەو ١٩٢٠دا بەرامبەر بە ئینگلیز گرنگترین شۆڕشیان نایەوە. لەبەرئەمە خەڵق چە کوردو چە عەرەب ببون بە تورك خوا. چونکە ئەویش جارێ شەڕی لەگەڵ یونانەکانی دەسنێژی ئینگلیز ئەکرد.

بەخت زۆری یارمەتی "مستەفا کەمال"ی ئەدا. فەرەنسەو ئیتالیا کە دۆستی ڕۆژی شەڕی ئینگلیز بون لەو ڕۆژەدا ببون بە لاگیری "مستەفا کەمال". لە دونیای سیاسەتاو لە موئتەمەرەکانا یارمەتی تورکیان ئەدا. حکومەتی ئەستەموڵ کە دۆستی ئینگلیزو دوژمنی مستەفا کەمال بو، بەرامبەر بە مستەفا کەمال خۆی پێ نەگیراو کەوت. سوڵتان وەحیدەدینی دوامین خەلیفەی عوسمانی لە عەرش هاتە خوارەوەو ناوچەی سەڵتەنەتی بەجێ هێشت بۆ "مستەفا کەمال". ڕوسە "شورەوی"یەکان لە مستەفا کەمال نزیك کەوتبونەوەو بە پارەو بە چەك یارمەتی لەشکرەکانی تورکیان ئەدا. ئەوەندەی نەمابو کە "مستەفا کەمال" ببێ بە (بوڵشەویك)و خۆی بهاوێتە باوەشی ڕوسەوە.

لە عاست ئەم هەمو كارەساتەدا ئینگلیز چارەی نەماو سەریان لە بەرامبەر واقعدا چەماندەوە. دەسی دۆسایەتیان بۆ دوژمنی دوێنێیان درێژ كردو لەگەڵ "مستەفا كەمال" كەوتنە بازاڕی "ڕێكەوتن"ەوە. بەینێك تورك داوای موسڵیان كرد. ئینگلیزەكانیش بە دامەزراندنی حكومەتی كورد لە عێراقا هەڕەشەیان لیّ كردن. لە ئەنجامی كارا لە ژێرەوە پێكهاتن و ڕێكەوتن. تورك وازی لە (موسڵ) هێنا. ئینگلیزیش دەستیان لە كوردستان و یا لە شێخ مەحمود هەڵگرت و ئەم دەورەش بەسەر چو و بڕایەوە..

## گەڕانەوەی مستەفا پاشای یامولکی لە ئەستەمولەوە بۆ سلێمانی

پێش ڕێكەوتنی تورك و ئینگلیزو بڕانەوەی مەسەلەی موسڵ ئینگلیزەكان لە عێراقا گەلیّ درۆیان لەگەڵ "شێخ مەحمود" كردو "تەڕن"ی گەورە گەورەیان بە كورد دا. لەگەڵ ئەمەشا ئەو كارەی كە لە وەختی خۆیا كۆمەڵەكانی كورد لە ئەستەموڵ ئەبو بیری لیّ بكەنەوەو بیكەن بەینێك ئینگلیزەكان بیریان لیّ كردەوەو كەوتنە سەودای تاقیكردنەوەی، بەڵام كەی و لە پاش چی؟..

"مستەفا كەمال" لە ئاسیای بچوكا ڕەگی داكوتابو و لەشكرەكانی یۆنانی بەرەو زەریا ئەبردە دواوە. وحیدەدینی دواین خەلیفەی عوسمانی تەختی سەڵتەنەتی لە ژێرا لەق ببو. لاگیرەكانی سەڵتەنەت و چڵكاوخۆرەكانی بێگانەكان بە لوتی نەوی و سەری شۆڕەوە كونە مشكیان لیّ ببو بە كۆشك و سەرا. "مستەفا پاشا" بە خنكاندنی و بە دارو فەلاقەی دیوانی عورفی "نمرە-١" لە ئەستەموڵ نیشتمانپەروەرەكانی توركی پیّ تەمێ نەكرابو و كۆڵی دابو. لە كوردستانی عێراقا "شێخ مەحمود"ی حوكمدار بەدیل گیرابوو نێررابوە هندستان، خەڵق بۆ ڕزگاربون لە حوكمی ئینگلیزو لە جەوری دەس و پێوەندە سوك و بیّ شەرمەكانیان دەسیان ئەدایە هەمو دوژمنێكی ئینگلیزو پەنایان ئەبردە بەر شەیتان!. ئنجا مستەفا پاشای سەرلێشێواو تاوی ئەدایە خۆی و بە هیوای بزاوتی كوردەكان و

نانـەوەی شۆڕشـێك لـە كوردسـتانا دوای كـلآوی بـابردو كـەوتبو و بـە هەڵـەداوان گەڕابۆوە سلێمانی..

*  *  *

## ٤٨

## عێراق لەژێر ئینتدابدا[٢٤]

دوای ئەمــە كــە شــەڕی گــەورەی یەكــەم (١٩١-١٩١٨) بڕایــەوە ســوێندخۆرە سەركەوتوەكان كەوتنە ئەوەی كە ئەو جێگەو وڵاتانەی لە دەوڵەتە ژێركەوتوەكان داگیریان كردوە، چۆنی بەش بكەن؟ چونكە بەشكردنی دوای شەڕەكانی زەمانی كــۆن بــە ئاســانی پێــك نەئــەهات. میللەتــە ســەركەوتوەكانیش ئــیتر وەكــو ژێركـەوتوەكان لـە وشـەكانی فـەتح و ئیسـتیعمار بێـزرا بـون. بـە تایبـەتی زانـا بەرزەكانی دونیا بێئـەوەی كـە بیر لـە حكومەتـەكانی خۆیـان بكەنـەوەو ئـەوە بێننـە بـەر چـاو كـە ئـەوانیش خـاوەن موسـتەعمەرەن، لـە ئیسـتعمار كەوتبونـە تەقـەو لـە جەورو ستەمی دەوڵەتی گەورەكان بەرامبەر بە قەومە بچوكەكانی ژێردەستیان بە تەوسەوە ئەدوان. دەربارەی سیاسەتی ئیستیعمار دەنگیان هەڵبڕیبو و بە نوسین و بە زمان بۆ دواییدان بە ئیستیعمار لە تێكۆشیندا بون. لە ئەنجامی ئەم تێكۆشین و تەقەلایەدا وشەكانی مزی داگیركردن[٢٥] و ئیستیعمارو هـەمو ئـەو وشـانەی كـە بـەم مانایـە بێت و یـا لەمانـە بچێت بـە نـاخۆش و ناپەسـەند ئەهاتـە بـەرگوێ و نەئەچوە دڵـەوە. لەبەرئەمـە هـەر لـە كـاتی شـەڕی گێتیـا گـەورەكانی سـوێندخۆرەكان و بـە تایبـەتی "ویلسـەن" و "لۆئید جورج" لـە جێـی خۆیـا و لـە كاتێكا كـە مـاوەی قسـە ئەبو لەو سیاسەتە تازەیە ئەدوان كە دوای بڕانەوەی شەڕ بە تـەمان لـە وڵاتـە داگیر كراوەكانا لە سەری بڕۆن. وایان لـە دونیـا ئەگەیانـد كـە بیر لـەوە ناكەنـەوە كـە ئـەو

---

[٢٤] بە كورتی لە كتێبی "نظام الانتداب"ی مامۆستا مەجید خدوری وەرگیراوە.

[٢٥] مزی داگیركردن= ماف و یا حەقی فەتح، ئیستلاحێكی سیاسیەو بەوە ئەڵێن كە دەوڵەتێك بە شەڕ وڵاتێك و یا جێگەیەكی داگیر كرد، ئەبێ بە هی خۆی.

جۆره وڵاتانه بخەنه سەر وڵاتی خۆیانو یا وڵاتی دەوڵەته سەرکەوتوەکانو بیانکەن به "موستەعمەره". به قسەی خۆیان بیریان له دانانی جۆره ڕێگەیەکی وا ئەکردەوه که بۆ ژیانی سیاسی وڵات داگیرکراوەکان باشو بەکەڵك بێ! به کورتی ئەیانوت: لەو وڵاتانەدا که داگیر ئەکرێ چەشنی ژیانی سیاسیو جۆری ئیدارەی حکومەت بۆ خەڵقەکه خۆی ئەهێڵنەوه. له لایەکی تریشەوه زۆر له گەورەکانی دەوڵەته شەڕکەرەکانو ئەوانەی که گیانی ئیستیعماریان زاڵ بو بەسەر خرەدو زانستییانا به هیچ کلۆجێك لەوانه نەبون که مل بدەنو بیانەوێت له حەقی فەتح واته له حەقی داگیرکردن ببورنو یا له بەری ئەو خوێنه دەس هەڵگرن که له شەڕاو بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتانه ڕژاوه. بەڵام گرنگی هەر لێرەدا نەبو. چونکه بڕیار درا که ئەو وڵاتانه بخەنه سەر وڵاتەکانی خۆیان. ئەی چۆنی بەش بکەن؟ ئەو وڵاتانه که پیتو بەرەکەتو گەنجو سامانی هەمویان وەکو یەك نیه. له لایەن ماوەی تێگەیشتنو پێگەیشتنەوه هەریەکه له پلەیەکدان. ڕابردویان له یەك ناچێت. چاوکراوەیی خەڵقەکانیانو بەشوەرگرتیان له شارستانیەتی له ئەندازەیەکدا نیه. کامی بدەن به کێ؟و به چه جۆرێك هەریەکه لەمانه ئیداره بکەن؟.. خۆبەخۆ ئەیانپرسی: تۆ بڵێی بتوانین ئەمانه هەمویان "به جۆره ئیداره"یەك ببەین بەڕێوه؟و به یەك چاو تەماشا بکرێن؟..

لەبەرئەمه که له موئتەمەری ئاشتی "پاریس" کۆبونەوه گرنگترینی ئەو شتانەی که گفتوگۆی لەسەر ئەکرا باسی موستەعمەرەکانی ئەڵمانو ئەو خاکانه بو که له ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیا کرابۆوەو داگیر کرابو. بەیانێك که له پێش موئتەمەری ئاشتیا دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی قەومەکانەوه عصبة الامم له لایەن "ژەنەراڵ سمەتس"ی بەناوبانگەوه بڵاو کرابۆوه زۆر چوبو به دڵی گەورەکانی موئتەمەراو پەسەندیان کردبو. لەژێر چاودێری کۆمەڵەی قەومەکانا نیزامی ئینتیداب له پێش هەمو کەسێکا به بیری سمەتسدا هاتبو و خستبویه بەرچاو. ١٤ بەندەکەی ویلسەنیش که له لایەن حقوقی قەومه بێدەسەڵاتەکانو وڵاته داگیرکراوەکانەوه بڵاوی کردبۆوه، لەژێر "ئیلهام"ی بەیانەکەی "سمەتس"دا هاتبوه ناو.

ئنجا موئتەمەری ئاشتی بەراوردێکی زۆری لە بەینی ئەو تەسریحاتە کە لە کاتی شەڕا لە دەمی لۆئید جۆرج و ویلسەن ئەبیسراو لە بەینی بیروباوەڕی گەورەکانی تری دەوڵەتە سەرکەوتوەکانا کرد، لەولای تریشەوە لەو بیروباوەڕانە ورد بۆوە کە زانا بەرزە خوێنپاكو ئازادیخواکانو دۆستەکانی ئینسانیەت ئەیان دا بە گوێی هەمو گێتیا. جگە لەمانە ریسالەکەی سمەتس و ١٤-بەندەکەی ویلسەنی سەرەك جەمهوری ئەو ڕۆژەی ئەمەریکاشی ئەخستە بەرچاو و بە وردی ئەیکۆڵیەوە. لە دوای هەمو ئەم وردبونەوەو کۆڵینەوەیە موئتەمەر بڕیاری دا بە دانانی سێ جۆر ئنتیداب کە ناویان نرا ئینتیدابەکانی پلە "أ،ب،ج". لەمانە دەرەجە "أ" بۆ ئەو وڵاتانە دانرا کە لە پلەیەکی[٢٦] ئەوتۆدان بتوانرێت لە ماوەیەکی کەما سەربەخۆییان پێ ببەخشرێت. وەکو ئەو وڵاتانەی عارەب کە لە دوڵەتی عوسمانی جیاکرابونەوە.

پلەکانی "ب، ج"یش بۆ وڵاتەکانی ئەفەریقاو جەزیرەکانی خۆرهەڵاتی دور دانرا بو کە لە پێش شەڕی گەورەدا لە ژێر ئیستیعماری ئەڵەمانیادا بون. ئنجا بەشکردنی ئینتیدابی پلە "أ" لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٠ لە سان ریمۆ دا جێبەجێ کراو بە پێی ئەم بەشکردنە سوریەو لوبنان درا بە فەرەنسەو عێراقو شەرقی ئەردەنو فەلەستینیش بە بەریتانیا. کە ئەمەش ئەوەی لێ بکرێتە دەرەوە کە کەمێك توشی ئاڵوگۆڕ هاتبو دیسانەوە چەشنێکی تری هەر ئەو بەشکردنە بو کە پێش ئەم موئتەمەرە بە ماوەیەکی زۆرو لە ساڵی ١٩١٦دا ئینگلیزو فەرەنسە لە ژێرەوەو بە پێی پەیمانی نهێنی سایکس- بیکۆ لەسەری ڕێکەوتبون.

لەبەر ئەمە نیزامی ئینتیداب هەرچەند بە هەستێکی ئازادیو ئینسانیو لە ئەنجامی بەراوردی گەلێ بیروباوەڕی زانایانو گەورەی خاوەن نیازە باشەکانو ئازادی پەرستەکان پێکهاتبو. بەڵام بێتو لە ئەنجامەکەی ورد بینەوە ئەبینین کە دەوڵەتەکانی ئەم ئینتیدابەیان پێ سپێررا، ئەوەیان بە بیرا نەهاتبو کە بە هیچ کلۆجێك دەس لەو وڵاتانە هەڵگرن. بەڵکو لەو نیازەدا بون کە تا دونیا دونیا بێ

[٢٦] پلە= دەرەجە= مستەوا (مستوى).

تیا بمێننــەوەو تـا دڵۆپێـك خوێنیـان تیـا مابێتـەوە بیمـژن. ئەگـەر وانـەبێ ئـەو سەربەخۆییە کە ئەڵێن دەس وڵاتەکانی عێراق و سوریەو ئەردەن و لوبنـان کـەوتوە، پێویستی بەم هەمو زەردو خوردو شۆڕش و خوێنڕژانە بۆچ ئەکرد؟ و یا لەبەرچی بۆ ئینتیـداب ماوەیـەکی وا دانەئەنرا کـە خـاوەنی ئینتیـداب بـۆ پێگەیانـدنی ئـەو وڵاتـە کـە ئەخرێتـە ژێـر ئینتیدابـەوە لـە ڕێگەیـەکی ڕاسـت و ڕەوانـەوە بـڕواو بـێ فڕوفێڵ یارمەتی بدا، پێشی بخا، دەس بداتە ژێر باڵی و پێی بگەیـەنێ؟ جگـە لەمـە ئـەتوانین بڵـێین کـە دوای بڕانـەوەی ئینتیـداب و تەنانـەت بـەوەش کـە دەوڵەتـە گەورەکان دانیان نا بە سەربەخۆیی ی هەندێ لەو وڵاتانەی کە لەژێر ئینتیدابا بـون دیسـانەوە هـەرا نەبڕایـەوە. ڕاسـتی و ناڕاسـتی ئەمـەش پێویسـتە بـە ورد بونـەوەو کۆڵینەوەیەکی کەم لە وێستاوی (وضع) و هەواڵی ئەو وڵاتانە لە دوای گەیشتنیان بە سەربەخۆیی و چەشنی پەیوەندییان بە دەوڵەتە گەورە خاوەن ئینیتدابەکەوە.

لـەوەدا گومـان نیـە کـە وردبونەوەیـەکی بـەم جـۆرە بۆمـان دەرئـەخا کـە نیزامـی ئینتیـداب ڕوکەشـێکی (مظهـر) تـازەی ڕواڵـەتی ئیسـتیعمارە کـە لـە وێنەیـەکی تایبەتی یا بۆ یەکخستن لە بەینی مەبەسی ئیستیعماری کۆن و مەبەسە بە حەقی بڕیاردان بۆ ژیانی سیاسی دواڕۆژی قەومە بچوك و ژێردەستەکان و بە بەخشینی ئـازادی بـە خـەڵقی وڵاتـە داگیرکراوەکـان و موسـتەعمەرەکان ڕازێنرابـۆوە. واتـە مەبەسەکە خرابوە جۆرە بەرگێکەوەو بەو بیرە جوان و باشانە ڕوکەش کرابو کە خەڵقی ئەوروپا لە زانا گەورە ئازادی خواکان ئەیان بیستەوە. "فیصـل"ی یەکـەمی دامەزرێنەری وڵاتی عێراق لە وتارێکی سیاسی یا کە لە ١٩٣١ خوێندبویـەوە لـەم لایەنەوە چەند وشەیەکی هەیە کە بە تەواوی ڕاستی واتـەکانی سـەرەوە دەرئـەخا. مەلیك فەیسەڵی یەکەمی خوالێخۆشبو ئەڵێت: ".. وشـەی ئیسـتیعمار لەبەرچاوی قەومە سەرکەوتوەکان و ژێرکەوتوەکان بە یەك ساڵ ڕەش ببو! و بە بیری ئـەوە کـە لەلایەکەوە بە ناو، دان بە مافی ئەو وڵاتانەدا بنرێت کە لـە تورکیا بچڕاون و جیا کراونەوەو لە لایەکی تریشەوە مەبەسەکان و (مەبدەئی) داگیرکردن[27] ببرێتـە سـەرو

[27] مەبدەئی داگیرکردن= حق فتح.

جێبەجێ بکرێت ئەم ڕێگە تازەیە دۆزرایەوە کە ناوی نراوە ئینتیداب! مەبەس هەر ئەوەیە لە لایەکەوە (حەقی فەتح) کە لە پێشا بە حەقێکی شەرعی دائەنرا بخرێتە ژێر پەردەیەکەوە. لەولای تریشەوە هیوایەك بێت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی قەومە وڵات داگیرکراوەکان و دڵی پێخۆش بکەن.. ئنجا لەسەر ئەمانەیە کە سیاسیەکانی عێراق و نیشتمانپەروەرەکان بۆ ڕزگاربون لە نیزامی ئینتیداب ڕێگەی شۆڕشیان گرت. ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەگەر تەبیاتی (طبیعت) نیزامی ئینتیداب ڕێی نەدایە بە وەرگرتنی سەربەخۆیی ئەم جۆرە وڵاتانە دەوڵەتی بەریتانیا لە عاست شۆڕشی عێراقیەکانا بە ئاسانی سەری نەئەچەماندەوە و بە بیانوی کوژاندنەوەی ئەم شۆڕشە ملی نەئەدا بە بەخشینی سەربەخۆیی بە عێراق. بەڵکو لە پێناوی کوژاندنەوەی شۆڕشەکە و نەدانی ئەم سەربەخۆییە هەمو ڕەنج و ئەرکێکیان ئەگرتە سەرشان و لە بەختکردنی سەرو ماڵ بە هیچ جۆرێ دوا نەکەوتن و یەك و دویان نەئەکرد..

* * *

## ٤٩

## بە کورتی باسی شۆڕشەکانی کورد و عەرەب لە عێراق

## ١٩١٩-١٩٢٢

دوای جیاکرانەوەی عێراق لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکرانی لە لایەن لەشکرەکانی ئینگلیزەوە لە باکورو جەنوبی[٢٨] ئەم وڵاتەدا کورد و عەرەب لە ١٩١٩وە تا ١٩٢٢ بە بێ وچان شۆڕشیان نایەوە، شەڕیان کرد. کوژران و کوشتیان. خرانە بەندیخانەکانەوە. بێ نان و بێ ئاو مانەوە. دارکاری کران. نەخۆش کەوتن و مردن. بەڵام لە ڕێی سەربەخۆیی و ژیانی بەڕێزو شەرەفا لە بەختکردنی هەمو ئەو شتانەی کە لە دەسەڵاتا بێ دریغییان نەکرد و دوا نەکەوتن.

---

[٢٨] وشەی نیوەڕۆ لە باتی جەنوب یا جنوب بە لامەوە زۆر پەسەند نیە.

ئەمەش كاری ڕێكەوت‌و هەڵكەوت نەبو. بەڵكو كوردو عەرەب چییان ئەكرد دەسی كۆمەڵەكانی تیا بو. مێژوی تایبەتی شۆڕشەكانی كوردو یا هی بەشێكی زۆری ئەم شۆڕشانە نەنوسراوەتەوە. ئەگەر نوسراو، یا بێت‌و نوسرابێتەوە كە كەوتە ڕو كردەوەی كۆمەڵە سیاسیەكان یا كۆمەڵە نهێنیەكانی كوردو تەقەلایان لە ڕێی كوردو كوردستانا دەرئەكەوێ‌و ئەزانرێ. ئێمە لێرەدا لە لایەن كوردەوە بێ ئەوەی باسی هۆیەكانی بكەین‌و تەنیا لەو شۆڕشانە ئەدوێین كە لە عێراقا ئەیان نایەوە. بەلأم شۆڕشەكانی عەرەب لە عێراقا لە كتێبی نهێنی‌و لاپەڕە شاراوەكانا نەماوەتەوە. هەموی بە زیادەوە نوسراوەو بڵاو كراوەتەوە. لەبەر ئەمە بەرهەڵستەتێك لەوەدا نابینین كە ماوەی نەشاطو یا تەقەلاو كۆششی كۆمەڵە نهێنیەكان‌و نیشتمانپەروەرەكانی عەرەبی عێراق لە نانەوەی ئەم شۆڕشانەو لە گێڕانی بزوتنەوەو ئاژاوەكانا بە كورتی دوبارە بكەینەوەو بیگێڕینەوە.

"كۆلۆنەل لەچمەن"ی سەرلەشكری ئینگلیز دوای بڕانەوەی شەڕی گەورە لەگەڵ تورك‌و بلأوكرانەوەی موتارەكە= هودنە لە ٣١ی تەشرینی یەكەمی ١٩١٨ چوە ناوشاری موسڵ‌و عەلی ئیحسان پاشای سەرەك لەشكری شەشەمی تورك‌و لەشكرەكەی لە ٥ی تەشرینی دوەما،و نوری بەگی نائیبی والی موسڵیش لە ١٣ی هەر ئەو مانگەدا موسڵیان بەجێهێشت.

ئنجا "لەچمەن" بو بە حاكمی بێ شەریكی ئەم هەرێمە. بەلأم زۆری پێ نەچو كە لە هەمو لایەكەوە شۆڕش‌و ئاژاوە دەسی پێكرد. لە هەرێمی زاخۆ عەشایری گۆیان ڕاست بونەوەو لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٩، "كەپتەن بیرسن" كوژرا. لەژێر سەرەكی جەمیل ئاغاو عەبدی ئاغادا عەشایری سەندی‌و لە سەرەكی سادقی برایم ئاغادا (سادق پەڕۆ) عەشایری گەلی و عەشایری كۆچەری قشورە ش تێكەڵ بە شۆڕش بون..

دوای ئەمە لە عەمادیە لە ١٥ی تەموزی ١٩١٩ حاجی شەعبان ئاغا، یەكێ لە ڕەئیسە ناودارەكانی كورد شۆڕشێكی تری نایەوە. لەم شەڕەدا —وەكو لە پێشا

باسمان کردبو– "کەپتەن ویلی" حاکمی سیاسیو "ماکدۆناڵد"ی مودیری پۆلیس لەگەڵ "ترۆب" ناو چاوەشێکی ئینگلیزو گەلێکی تر کوژران.

لە ٨و ٩ی مانگی ئەغستۆس (ئابی ١٩١٩) هەر ئەم شۆڕشگێڕانەی عەمادیە لەژێر سەرەکی حاجی ڕەشید بەگا لە "گەلی مەزورکە" چون بە گژ لەشکرێکی زۆربەی ئینگلیزاو لیوایەکیان بە تەواوی لەناو دا. ئەم شکستەی ئینگلیز لە شکستەکانی تری نەئەچوو باسی سەرکەوتنی ئەمجارەی لەشکرە ئازاکانی کورد لە هەمو لایەکی وڵاتا دەنگی دایەوە.

دوای ئەمەش هەمو یەك (هەینی) بە سەرانە ڕۆیشتبو کە کوردەکانی دۆسکی لەژێر سەرەکی تایەر ئاغا دا هەڵمەتیان بردە سەر ئینگلیزو لە سوارەتوکەدا شەڕێکی قورسیان لەگەڵ کردن. سادق ئاغا (سادق پەڕۆ)و سلێمان ئاغا (سلێمان قەتێ) لەم شەڕەشا بونو یارمەتی تایەر ئاغاو عەشایری کوردی دۆسکی یان دا.. دوای شەڕی سوارەتوکە لە قەڵای شەعبانیەو دۆڵی مەلا عارەبدا[29] کوردەکان شەڕێکی تریان لەگەڵ ئینگلیزەکان کردو بە تفەنگ فڕۆکەیەکیان لێ خستنە خوارەوە.

جگە لەمانە لە مانگی ئابی ١٩١٩دا شێخ ڕەئوفی نەقشبەندی چو بە گژ ئینگلیزا. بەڵام ئەمجارە ئینگلیزەکان بەسەر کوردا زاڵ بو. شێخ بەهادینو شێخ عەلادینی باوکی شێخ ڕەئوفیان گرتو لەگەڵ هەندێ خزمو کەسو کاریانا ڕەوانەیان کردنە موسڵ. شێخ بەهادینو هەندێ لە خزمەکانی لەوێوە نێررانە بەغدا، بەڵام ئەوانی تر خرانە بەندیخانەی موسڵەوەو لەوێ مانەوە.

ئەم بگرەو بەردەو هەرایە نزیکەی ساڵێکی پێ چو. ئنجا لەچمەن لە موسڵ گوێزرایەوەو کرا بە حاکمی سیاسی دلێم[30].. دوای لەچمەن ئنجا کۆلۆنەل بیل بو

---

[29] ئەم جێگانە لە قەزای زاخۆ بەر ناحیەی گەلی ئەکەون.

[30] لە پێشا لە بەرگی یەکەمدا وتبومان کە ویلسەنی حاکمی گشتی عێراق لەناو زابتە ئینگلیزەکانا کە کرابون بە حاکمی سیاسی شارەکانی عێراق لە سیانیان واتە لە سۆنو نوئێلو لەچمەن زۆر بە گەرمەوە باس ئەکاو بە وریاترین حاکمی شارەزا بە زمانو سروشتو ڕەوشتو

بە حاکمی موسڵ. ئەم حاکمە زۆری پێ نەچو واتە لە دوای ٢٣ ڕۆژ، لە ٤ی تەشرینی دوەمی ١٩١٩ لەگەڵ کەپتەن سکوتی حاکمی (عەقرە) پێکەوە نزیک بیرەکەپرە بە دەسی زێبارییەکان کوژرا[٣١]. دوای ئەمە لە سەرەکی شێخ ئەحمەدی بەناوبانگا بەرزانییەکانیش تێکەڵ بەم شۆڕشە بون و لەگەڵ ئەوەدا کە دوژمنی عەشایری زێبارو فارس ئاغای سەرەکی زێبارییەکانن لە پێناوی ڕزگاری وڵاتی کوردا ئەمجارە لەگەڵیان بون بە یەك و هەمو پێکەوە چونە سەر عەقرەو گرتیان (١٤ تەشرینی دوەمی ١٩١٩). لەم شەڕەدا بەشێکی حامیەکەی عەقرە کوژراو هەرچی لە عەمارەکانی میریا بو تالان کرا.. دوای بیل "کۆڵۆنەل نوڵوەر" بو بە حاکمی سیاسی موسڵ. لە کاتی حوکمی نوڵدەر یشا لە خۆرهەڵاتی عەقرە، واتە لە دەشتی حەریرو لە باتاس لەژێر سەرەکی "شێخ ڕەقیب"دا عەشایری سورچی

خوی ئەهلی عێراقیان ئەداتە قەڵەم. تەنانەت گەلێ بە سوپاسەوە باسی کردەوە باسی باشیەکان و خزمەتە بەنرخەکانیان ئەکا کە لە کوردستانی عێراق و عێراقی عارەبا کردویانە. بەڵام ئێمە تێناگەین کە مەبەسی ویلسەن لە کردەوەی باش چیەو ئەو خزمەتە بەنرخانەی وا ئەزانێ سۆن و لەچمەن لەناو کوردو عارەبا لە وڵاتی عێراق و لە ڕێی قازانجی دەوڵەتی بەریتانیا کردویانە کامەیە؟..

[٣١] لەم باسەدا کە لە "الضحایا" وەرمانگرتوە، لە هەندێ جێگەدا زانستی ئێمە لە لایەن هەواڵی شۆڕشەکانی کوردی موسڵەوە لەگەڵ واتەکانی مامۆستا "مونعیم غولامی" یەك ناگرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا کە کتێبی "مقدرات العراق السیاسیە" لەم هەواڵانەدا ڕاستی واتەکانی ئێمە دەرئەخا. من دیسانەوە لەو باوەڕەدام کە مامۆستا غولامی زیاتر لە من و خاوەنی "مقدرات" شارەزای هەرێمی موسڵەو لە شۆڕشەکانی ئەو هەرێمەدا لە سەرێکی تریشەوە لە هەردولامان ئاگادارترە. چونکە سەرچاوەی هەواڵەکانی ئەو گومانی تیا نیە کە مامۆستا ڕەئوف غولامی باوەڕپێکراوی لقی "کۆمەڵی عەلەم"و "عەهد"ە لە موسڵ کە جگە لەمەش یەکێکە لە نوسەرەکانی ئەو دەورە کە کارەساتەکانی سیاسی و مێژوی شۆڕشەکانی هەرێمی موسڵ و "دیر الزور"ی نوسیوەتەوە. "ڕەفیق حیلمی".

لەگـەڵ عەشـیرەتی سـۆران پێکـەوەو لـە تشـرینی دوەمـی ١٩١٩دا چـون بـە گـژ ئینگلیزا[٣٢].

ئەگـەر ئـاوڕێکیش بدەینـەوە لـە هـەرێمی سـلێمانی و قـەرەداغ و چەمچـەماڵ و هـەورامان و هەڵەبجـەو ناوچـەکانی ڕانیـەو پشـدەرو ڕەوانـدز، ئـەبینین کـە کـوردی عێراق لە پێش هـاتنی ئینگیـزەوە بـۆ ئـەم وڵاتـەو دوای هاتنیـان و داگیرکردنـی، لـە ئاژاوەنانەوەو بـەرپاکردنی شۆڕشـی یەکلەدوای‌یەکا بون و چە لـە ڕوی یـاخیبون و هەڵگەڕانـەوە لـە عاسـت جـەوری حکومـەت و کاربەدەسـتەکان و چـە بـە نـاوی کوردایەتی و داوای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانەوە بێئەوەی یارمـەتی لـە هـیچ قەومێك یا دەوڵەتێك ببینن و یا وەرگرن چون بە گژ لەشکرەکانی تورك و ئینگلیـزاو لەم ڕێیەدا وەکو لەمەوبەر باسمان کردبو کوشتارێکی زۆریان کردو یـا لێیـان کـراو خوێنێکی ئێجگار زۆربەیان ڕژاند[٣٣].

---

[٣٢] بە پێی واتەی مامۆستا "عەبدولمونعیم غولامی" لە کتێبی (الضحایا الثلاث) ئەم شۆڕشـانەی سەرەوە کە هەموی لە لایەن کوردەکانی هەرێمی موسڵەوەو لەژێر سەرەکی ڕەئیسـەکان و سـەرەك عەشیرەتەکانی کورد کراوەو تاقە عارەبێکی تیا نەبوە گەلێکی بە هاندان و بە پەنجـەی "کۆمەڵە نهێنی"یەکانی "عەلەم"و "عەهد" ڕێکخراوەو ڕوی داوە. "عەلەم" یەکەم کۆمەڵی سیاسی نهێنیە کە لە ساڵی ١٩١٤ لە موسڵ ڕێکخراوە. دوایی و لە ٢٤ی مایسی ١٩١٩دا لەسـەر بڕیـاری ناوچـەی گشتی کۆمەڵ لە دیمەشق ناوی نرا کۆمەڵی عەهد، لە پێشا بەرنامەی ئەم کۆمەڵە بەندێکی تیا بو کە بە بێ ئەو بەندە کۆمەڵ یارمەتی فەنی دەوڵەتی بەریتانیای قبوڵ کردبو. بەڵام لەگەڵ بڕیـاری گـۆڕینی نـاوی کۆمـەڵ لـە "عەلـەم"ەوە بـۆ "عەهـد"، ئـەم بەنـدەش لـە بەرنامەکـەی کۆمـەڵ لابـراو سـڕایەوە. مامۆسـتا "رؤوف الغلامی" ئـامۆزای نوسـەری "الضـحایا" لـە سـاڵی ١٩٣٤ کـە مـن لـە ئەعـدادی موسـڵ مامۆسـتای ڕیازیـات بـوم لـە یـەکێك لـە مەردەسـەکانی "متەوەسـتە"ی موسـڵ مامۆستای عەرەبی بو و ئاشناییم لەگەڵ پەیا کردبو. مامۆستا ڕەئوف لـە پێشـا بـە نـاوی "نـادب الحق"ەوە باوەڕپێکراوی لقی کۆمەڵی "عەلەم" بو لە موسڵ و دوای ئەوە بـە نـاوی "مەنسـور"ەوە هەر لە موسڵ بە باوەڕپێکراوی کۆمەڵی "العهد" دانرایەوە..

[٣٣] بە پێـی واتـەی مامۆسـتا "مونعیم غولامی"، لـە شۆڕشـەکانی کوردی موسڵدا لـە زەمـانی لەچمەن و بیل و نوڵدر لە ئینگلیزەکان و هێزەکانیان جگە لە زابتەکان و حاکمە گەورەکانی کە لـە سـەرەوە باسمان کردبون و جگە لە هەزاران فەوتاو و بریندار، نزیکەی دو هەزار عەسکەرێکیشیان لێ کوژرابو..

وەکو لە سەرەوە بۆمان دەرئەکەوێت هەمو ئەو ئاژاوەو شۆڕشانەی کوردەکانی موسڵ لە ساڵی ١٩١٩دا نرابۆوە. لەم ساڵەدا عەرەبەکان جگە لە ئاژاوەی دێری زۆر (دیرالزور) بزوتنەوەیەکی وایان لێ نەبینرابو. ڕەمەزان شلاش یەکێك لە سەرکردەکانی عەرەب لە ١١ی کانونی یەکەمی ١٩١٩دا بە ڕاسپێری و هاندانی کۆمەڵەی عەهدی عێراقی لە سوریە بە هێزێکەوە هەڵیکوتایە سەر شاری "دێری زۆر" و ئینگلیزەکانی لێ کردە دەرەوە. نیشتمانپەروەرەکانی عێراق دوای ئەمەو دانرانی مەولود موخلیس (مولود موخلیس پاشا) بە حاکمی عەسکەری دێری زۆر، کاتیان بە هەل زانی و هەرێمی دێر یان کرد بە ناوچەی بزوتنەوەی شۆڕشەکان و نیشتمانیەکان بەرامبەر بە ئینگلیز. دوای ئەمە لە هەرێمی جەزیرەو دێری لە چەند جێگەیەکا عەرەب و ئینگلیز بە گژ یەکا چون و لە هەردو لاوە گەلێ کەس کوژرا[٣٤].

جگە لەمە لە هەرێمی دلێم و لە دوای کوشتنی لەچمەن ی حاکمی سیاسی لە ساڵی ١٩٢٠دا شێخ داری (ضاری) سەرەك عەشایری بەناوبانگی "زوبەع" شۆڕشێکی گەورەی نایەوەو ئەو شۆڕشە کە نزیکەی یەك مانگ و نیو نەکوژابۆوە لەسەر ئینگلیزەکان زۆر بە گران وەستا. ئەم کارەساتەی دلێم بێگومان ئەنجامێکی

---

[٣٤] هەندێ زابت و سەرەك عەشیرەتی عەرەب لەسەر ڕێی "شرقات–موسڵ"دا ئاژاوەیان نایەوەو لە ٢٤ی مایسی ١٩٢٠دا "فەهدی کوڕی بەتیخ" ناو بە هێزێکەوە هەڵی کوتایە سەر عەین دبس و قەتاری سوتاند. لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠دا "محەمەد عەلی حاجی حسێن"ی زابتی ژەندەرمە لە تەلەعفەر کەپتەن ستیوارت–ی قائدی ژەندەرمەی کوشت و دوای ئەمە لە لایەن ئەو هێزەوە کە لەگەڵ "جەمیل مەدفەعی"یەوە هاتە تەلەعفەرەوە "کەپتەن بارلۆ"ی حاکمی تەلەعفەرو گەلێ کەسی تریش کوژرا، هەروەکو چەند سەیارەیەکی عەسکەری کەوتە دەس شۆڕشگێڕەکان و هەر عەسکەرێکی ئینگلیزی و هندی تیابو لەگەڵ سێ زابتی گەورەی ئینگلیز کوژران و لەناو چون. لە تەموزی ١٩٢٠یشا لە نزیك "گەیارە" لە شوێنێکا کە پێی ئەڵێن "جرناف"و لەژێر سەرەکی "جەمیل محەمەدی خەلیل ئەفەندی" ناوا کە یەکێك بو لەوانەی لە شەڕی تەلەعفەرا ناوی دەرکردبو جارێکی تریش چون بەگژ ئینگلیزەکانا و ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شەڕێکی قورس کرا. ئنجا عەرەبەکان کشانەوە هەرێمی "جەزیرە". (الضحایا– مامۆستا مونعیم غولامی).

ئەو شۆڕشە گرنگە بو کە لە فوراتی ناوەڕاستدا لە ڕومیسە (رمیثە)و لە مێژوی ٣٠ حوزەیرانی ١٩٢٠ زۆر بە گەرمی دەسپێکردبو و لە هەمو فوراتی ناوەڕاستا پەرەی سەندبو تا گەیشتبوە هەرێمی ئیدارەی لەچمەن لە دلێم..

* * *

## لە ١٩٢٠دا

## شۆڕشی گەورەی عەرەبەکانی عێراق

## "مجتهد"ەکانی شیعەو کۆمەڵە سیاسیەکان

یەکــەم کۆمەڵــەی سیاســی عــەرەب لــە عێراقــا کۆمەڵــەی پارێزگــارانی سـەربەخۆیی[٣٥]یـە. ئـەم حزبـە لـە دوامـین ڕۆژەکـانی شـوباتی ١٩١٩ لـە بەغـدا بـە دزیـەوە دامـەزرا. هەنـدێ لـە ئەندامـەکانی ئـەم کۆمەڵـە لـە پێشـەوە لەگـەڵ لقـی کۆمەڵـەی العهـد لـە بەغـدا ناسـیاویان پـەیاکردبو و بـۆ یەکگرتنـەوەو پێکـەوە تێکۆشـان لـە ڕێـی ولاّتـا ڕێکـەوتبون. بـەلاّم لـە دواییـا ئەندامـەکانی حەرەسـی ئیسـتیقلال بۆیـان دەرکـەوت کـە لقـی کۆمەڵـەی "العهد" لـەو بـاوەڕەدان کـە دوای وەرگرتنـی سـەربەخۆیی ئـەبێ عێـراق لـەژێر چـاودێری بـەریتانیای گـەورەدا بـێ و یارمــەتی لــێ وەرگرێــت. لەســەر ئەمــە ناســازی کەوتــە بەینیانــەوەو تێکچــون. ئیسـتیقلالیەکان خۆشـیان هەرچـەند لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـون کـە پێویسـتە لـە دەوڵـەتێکی گـەورەی بێگانـە یارمـەت وەرگرن، بـەلاّم لـە بـەریتانیا قینیـان ئـەبۆوەو بیریان لە یارمەتی دەوڵەتێکی تر ئەکردەوە. لە کۆمەڵەی حەرەسـی ئیسـتیقلالدا لـە کوردە ناودارەکانیش هەندێ ئەندام هەبو. ئەم کۆمەڵـەو یا حزبـە بۆیـە دانرابو کـە لــەژێر حــوکمی یــەکێك لــە کوڕەکــانی مــەلیك حســێندا بــۆ ســەربەخۆیی عێــراق تێبکۆشێت.

ناوچـەی کۆمەڵـەی العهـد لـەو کاتـەدا لـە سـوریە بـو. کـە بـە نـاکۆکی بـەینی ئیستیقلالیەکانی بەغداو لقی "العهـد"یـان زانـی، لـە سوریەوە دو ئەنـدامیان نـاردە عێراق و ڕێکیان خستنەوە[٣٦] هاتنی ئەم دو ئەندامە بۆ عێـراق کـەوتبوە ئـەو ڕۆژانـە

[٣٥] کۆمەڵەی پارێزگارانی سەربەخۆیی= "حزب حرس الاستقلال".

[٣٦] لقی کۆمەڵەی العهد لە موسڵ کە لـە پێشـەوە نـاوی "عەلـەم" بـو دوایـی لەسـەر ئـەم ڕێکەوتنـە لەگەڵ ئیستیقلالیەکان و لابردنی باسی وەرگرتنـی یارمـەتی لە بـەریتانیا و چاودێری حکومـەتی سەربەخۆی عێراق لە بەرنامەکەی کۆمەڵە، ناوی گۆڕا بە "العهد".

کە شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکان لە شەڕا بو. بە گەڕانەوەی ئەندامەکان بۆ سوریە (العهد و استقلال)، دوبارە تێکچونەوە. بەلام لە دوای پێنج مانگێك جارێکی تر تەقەلا دراو ڕێکخرانەوە. حەرەسی ئیستیقلال هاتبوە کزیو سستیو بەم یەکگرتنەوەیە لەگەڵ حزبی عەهد بوژایەوە. لەم ڕۆژانەدا مستەفا کەمال لە تورکیا لەگەڵ لەشکری یۆنان لە گەرمەی شەڕا بو و لەشکری تورك بەرەو سەرکەوتن ئەڕۆیشت. لە عێراقا ئەهالی لە کردەوەکانی ئینگلیز بە تەواوی بێزرا بون‌و بۆ بزوتنەوەو نانەوەی شۆڕشێك لە هەل ئەگەڕان. گەلێك لە زاناو گەورەکانی شیعەو تەنانەت لە "مجتهد"ەکانیش هاتنە کۆمەڵەوە. بە هۆی ئەمانەوە کۆمەڵە زۆر پەرەی سەندو گەلێ بەهێز بو. لە شارەکانی کازمیەو نەجەف‌و کەربەلاو حللە لقی بۆ کرایەوەو لە ماوەیەکی کەما هەمو شارەکانی جنوب‌و عەشایری ئەو ناوە هاتبونە ژێر ئەمری کۆمەڵەوە. ئیتر بەبێ ترس‌و بە ئاشکرا لە هەمو شوێنێك، لە کۆڵان‌و بازاڕا، لە دیوەخانەکان‌و مەجلیسەکانا، بێ پەروا لە خراپەی ئینگلیز ئەدوان، خەڵقیان هان ئەداو لێیان هەڵئەگێڕانەوە. جگە لەمەش کەوتبونە ویزەی جاسوسەکان‌و موناففقەکان. تانوتیان لێ ئەدان، هەڕەشەیان لێ ئەکردن، کردەوەکانیان ئەدانەوە بە چاوا. شەرمیان لێ نەئەکردن‌و ماوەیان نەئەدان کە ئەگەر ڕاستیش بێ باسی هێزو دەسەلاتی ئینگلیز بکەن‌و یان بە چاکە ناویان بەرن. بە کورتی ئەوانەی بە لاگیری ئینگلیزیان دائەنان ناوچەی کۆمەلایەتییان[٣٧] چی ئەبو ببێ سوك‌و سەلیمیان کردبون‌و ماوەیان نەئەدان کە فزەیان لێوە بێ. بە ئەنجام نوێنەرەکانی کۆمەڵەی حەرەسی ئیستیقلال‌و "العهد" لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٠ لە ماڵی حەمدی پاشای بابان[٣٨] کۆبونەوەو بۆ

---

[٣٧] ناوچەی کۆمەلایەتی= مرکز اجتماعی.

[٣٨] حەمدی پاشا یەکێك بو لە ناودارەکانی کوردی بەبە. لە زەمانی عوسمانیا "موفەتیشی عەدلیە" بو. کە لە عێراق بۆ جاری یەکەم حکومەتی نیشتیمانی دامەزرا داوای لێ کرا ببێ بە "وەزیری عەدلیە". بەلام نەیکردو تا مرد نەچوە ژێر ئەرکی خزمەتی حکومەتی عێراقەوە. حەمدی بەگی بابان خزمی حەمدی پاشایەو بەینێك لە بەغدا لە گەڕەکی "حەیدەرخانە" لە ماڵی حەمدی پاشا پێکەوە دائەنیشتن.

نانــەوەی شۆڕشــێکی گــەورە کەوتنــە باســەوە. لــەم کۆبونەوەیــەدا بێجگــە لــە ناودارەکانی شیعە لـە بەغدا وەکـو "سـەی محەمـەدی سـەدر"و " جەعفـەری ئـەبو تممـەن"، گەلێکیش لـە نوێنـەرە تێرراوەکانی شارەکانو بە تایبـەتی هـی نەجـەف هەبو.

لــەناو خۆیانــا بڕیاریــان لەســەر ئــەوەدا کــە —نوێنــەرەکانی دەرەوەی بەغــدا ناوچـەی دینـیو سیاسـییان بخەنـە کـارەوەو بـۆ وریاکردنـەوەی عەشـیرەتەکانی جنــوبو ڕاســتکردنەوەیان بەرامبــەر ئینگلیــز تێبکۆشــن. هینــەکانی بەغــداش وریاکردنــەوەی شارســتانیەکانو ئــەهالییان گرتــە خۆیــانو بــۆ ئــەم مەبەســە لــە مزگەوتــەکانی بەغــدا بــە نــاوی خوێندنــەوەی مــەولود خــەڵق کۆئەبونــەوەو کۆئەکرانـەوە. ئەمانـە بـە وتـاری نیشـتمانیو وێـژەی میللـیو سیاسـی ئەهێنرانـە جۆشو وریا ئەکرانەوە، لە حوکمی ئینگلیـزا ژیانی دیلییان ئەخرایە بەرچاو. لە ڕێــی ڕزگــاریو ســەربەخۆیی عێراقــا و بــۆ ئــازادی میللــەتی عێــراق داوای ڕاسـتبونەوەو ڕژانـدنی خوێنیـان لـێ ئـەکرا. کۆبونـەوەی گـەورەو یەکـەم لـە دواڕۆژەکـانی مـانگی حـوزەیرانی ١٩٢٠ی ڕێکـەوتی شـەوی شەشـەمی مـانگی ڕەمەزانی ١٣٣٨ی هیجری لە مزگەوتی حەیدەرخانەدا کرا. "عیسا عەبدولقادر"ی کـاتبی ئـەوقاف[٣٩] لـەم کۆبونـەوە مێژوییـنـەدا قەسیدەیەکی نیشـتمانی ئێجگـار بـە تینــی خوێنــدەوە. بــەم قەســیدەیە نوێژکــەرەکانی مزگــەوتو ئەوانــەی لــەوێ کۆببونەوە هاتنە خرۆش. دەنگی بژی بژیو ئاوازی بڕوخـێ ئیستیعمار لە هەمو دەمێــك بــەرز بــۆوە. ئەوانــەی لــە مزگەوتەکــە بــون گیــانی نیشــتمانییان کەوتــە بزوتنەوە. هەریەکە بون بە "عیسا"یەك.. لە دەرەوە، لەناوماڵو منداڵیانا دەستیان

[٣٩] "عیسـا عەبـدولقادر" لـەو ڕۆژەدا ئـەوقافی بەغـدا کـاتبێکی بچـوك بـو. ئیمـڕۆ هـەر لـەو تـاقی گشتیی بەغدا "موفەتیشی عام"ە. ویستم کە وێنەکەی لەم "یادداشت"ەدا هـەبێ. چەند کەسێك لە هاوڕێکانم داوایـان لـێ کرد. دوایی خۆشم چومە لایو هـەوڵم دا کـە وێنەیـەکی خـۆیم بداتێ. سوێندی خوارد کە وێنەی نیەو تێی گەیاندم کە "مامۆستا مەهدی بەسیر"یش کتێبی "القضیة العراقیـة"ی نوسـیوەتەوە داوای وێنـەی لـێ کردوە، بـەڵام وێنـەی بـۆ نـەگرتوەو نایـەوێت وێنـەی بخرێتە کتێبەوە.

کرد بە قسەوباسی نیشتمان، لەناو خەڵقی گەڕەکا، لە چایخانەکانا، لە جێگەی کارو ژوری دائیرەدا کەوتنە دوان لە ئینگلیز، لە جەورو لە خراپەی ئینگلیز. هەر چیت ئەبینی ئەیوت: بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی پایەداربێ یەکێتی. بڕمێ ئینگلیز. بڕوخێ ئیستعمار.. عیسا عەبدولقادری کاتبی بچوکی ئەوقاف ئاگرێکی گەورەی نابۆوە. ئەو لە وەزیفەکەی دەرکرا، گرتیان‌و ناردیانە بەسرە. بەڵام لە جێی ئەو هەزاران عیسا هاتنە مەیدان. "عیسا عەبدولقادر" لە ئەوقاف دەرکراو خرایە بەندیخانەوە، بەڵام لە هەمو عێراقا ناسراوی‌و ناوی پەیا کرد. بو بە یەکێك لە نیشتمانپەروەرەکان! عیسا کاتبێکی بچوك بو. بەڵام لە سەعاتێکا بو بە نیشتمانپەروەرێکی گەورە خۆی بەدیل گیراو نێرایە بەسرە، بەڵام بەمە "دیلی"ی قەومەکەی خستە بەرچاو و ڕێی غەزای بۆ ڕون کردنەوە. بە وێژەیەکی نیشتمانی[٤٠] کردنەوەی دەرگای ئازادی بە دیلەکان پیشان دا!.. ئەم قەسیدە

---

[٤٠] وێژە نیشتمانییەکەی "عیسا عەبدولقادر":

الا هبّوا رفاقی واستفیقوا    وکونوا کلّکم متعاضدینا
فذا یوم التعاضد والتآخي    ویوم تکاتف المتفرقینا
فإنا ان سکتنا الیوم قومی    ولم نهض ندم مستعبدینا
فماهذا وما في الدین ماقد    یؤدی للبقاء مشتتینا
فما الزیدی خالف اهل نجد    ولا الشیعیّ للسنيّ دینا
فکل قائل ویقول ما مِن    اله غیر رب العالمینا
وکل یعرف المختار طه    رسولا للخلائق اجمعینا
وکلهم یولی البیت وجهاً    ویتلو الکل قرآنا مبینا
بنی النهرین لاتجدی القوافی    ولم تنفع فهبوا مسرعینا
فإما ان یموت الکلّ منا    وإما ان نعیش محررینا
"وموت العز خیر من حیاة"    لنا فیها نعیش محقَّرینا
وهل یاخیر خلق الله اصلاً    یلیق بقائنا مستضعفینا؟
فنحن العرب اهل للمعالی    وسنة ربنا من قبل فینا
اذا بلغ الفطام لنا رضیع    تخرُّ له الجبابر ساجدینا
وبعد اقول للجاسوس منا    تجسس ماستطعت الحاضرینا

نیشتمانییه بەرزە عیسا عەبدولقادری گەیاندە پایەیەکی نیشتمانی بەرزو بە ڕیزی عەرەب. ئەو ئاوەی کە عیسا لە حەوشی مزگەوتەکەی حەیدەرخانەدا ڕشتی ئەوانی تر پێیان لێ خشاندو نیشتمانپەروەری بو بە پیشەی گەلێك لە لاوەکانی تر..

حکومەتی ئیحتیلال (واتە حکومەتی ئینگلیز لە عێراق) تا بەینێك لەم کردەوانە ئەوەندە خۆی سڵ نەکردو بەرامبەر بە خەڵقەکە بە توندی نەجولایەوە. بەلام دوایی کار گەیشتە ئەندازەیەك کە لە مەسەلەی کۆبونەوەی مزگەوتانو خوێندنی وێژەی نیشتمانیا نەما. بە هۆی موجتەهیدەکانی شیعەوە عەشایریش ڕاست بونەوەو ئیتر شۆڕش بە چەك دەسی پێکردبو. لەبەر ئەمە ئینگلیزەکان کەوتنە خۆیان. ڕۆژێ لە ناکاوا بە هێزی پڕ چەکەوە دەوری ماڵەکانی هەندێ لە ئەندامە ناودارەکانی کۆمەڵەیان داو چەند کەسێکیان لێ گرتن.

ئەمانەیان بەبێ ڕاگرتن ڕەوانەی هەنجام کرد. بەلام هەندێك لە ئەندامەکان خۆیان نەدا بە دەستەوە. چونکە گەلێك لەو "لاو"ە نیشتمانپەروەرانە کە لە کۆمەڵەدا ئەندام بون لەگەڵ خەڵقی گەڕەك چون بە دەنگیانەوەو بە چەك بەرامبەر بە هێزەکانی حکومەت وەستان. بەمجۆرەو دوای شەڕێکی قورسی ناو کۆلان یوسف سویدی[٤١] و "سەی محەمەد سەدر" نەگیرانو دەرباز بونو خۆیان گەیاندە ناو شۆڕشگێڕەکانی هەرێمی فورات.

لەو رۆژەدا شاری بەغدا شێوابو. بازاڕو دوکان داخرا. من لە بەغدا بومو بەیانی ئەو ڕۆژە لەگەڵ کەریمی حاجی ئەولای حەمە کەرکوکیو "فایەق"ی تاپۆو "ڕەفیق"ی مەحامی برای فایەقو چەند لاوێکی تری کوردا چوبوینە ماڵی مستەفا بەگی کۆنە قائیمقام. ئەم کابرایە کورد بو و زۆریی تەمەنی خۆی لە بەسرە لەگەڵ

---

وبلّغ من ترید فقد بنینا لاستقلالنا الاسس المتینا!

[٤١] کەریم بەگ برا بچوکی حاجی مەلا سەعیدو ئەحمەد ئاغای کەرکوکی زادە بو. لە حقوقی ئەستەموڵ دەرچوبو. لەو وەختەدا مەحامی "ئەوکات" بو. دوایی بو بە ڕەئیسی مەحکەمە. لە سلێمانی ئەمری خوای بەجێ هێنا.

"تالیب پاشا"ی نەقیب ڕابواردبو. یەکێك بو لەو کوردانە کە ئەمانبیستەوە لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکانی عەرەب بۆ سەربەخۆیی عێراق تێئەکۆشێت. لەو ڕۆژەشا خەریکی ئەوە بون کە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردو عەرەب لە یەك نزیك بخەنەوە. من بە تەواوی لە نیازی هاوڕێکان ئاگادار نەبومو لە مەبەسیان باش تێنەگەیشتبوم. لەگەڵ ئەمەشا متمانەم بە کەریمو فایەق زۆر بو و سڵم لێ نەئەکردنەوە. جگە لەمە ئەشمویست لە بەرنامەی کردەوەکان بگەمو ئەگەر بە باشی بزانم تێکەڵیان ببم. لەبەرئەمە ملم دابو و لەگەڵیان چوبوم. ماڵی مستەفا بەگ لە تەپەی کورد (تپه الكرد) بو. ئێمە لەوێ ئاگامان لە هەراکەی ناو شار نەبو. لە دیواخانەکەی مستەفا بەگ لەگەڵ لاوە عەرەبەکان بۆ ئەم مەبەسە کۆببوینەوەو چاوەڕوانی مستەفا بەگمان ئەکرد. هێشتا لە دائیرەی حەرەم نەهاتبوە دەرەوە. چەند جارێك لە پیاوەکانیمان پرسی. هەر ئەیانوت هاکا هات! بەڵام مستەفا بەگ هەر پەیا نەبو. دوای بەینێکی زۆر من ئارامم لێ هەڵگیرابو کە هاوڕێکان هەستانە سەرپێ. وام زانی "مستەفا بەگ" هات. کەچی هەمو ڕویان کردە کۆڵان. منیش لەگەڵیان چومە دەرەوە. خەریك بوم لە سوپاسی ئەم میوانداریەدا هەندێ شەکر بشکێنمو چەند کلۆیەك بنێرم بۆ "مستەفا بەگ". بەڵام تەقەی تفەنگو دەمانچەیەکی لە دور هاتە گوێم. هاوڕێکانیش وتیان هەرایە لەناو شار. دەس کرا بە گرتنی نیشتمانپەروەرەکان. تومەز "مستەفا بەگ" ئەمەی بیستبو و ئێمەی خلافاندبو. چونکە لە خۆی بە شك بو و ڕایکردبو..

کە گەیشتینە شەقامە گەورەکەی "خەلیل پاشا"[٤٢] هەر خەڵق بو ڕایئەکرد. بەشی زۆربەی دوکانو بازاڕ داخرابو ئەوانەش کە مابو یەكو دو پەلەپەل دایان ئەخست. گرمەی تەقوهۆڕ لەوبەری دیجلەو لەلای "کەرخ"ەوە ئەهات. پردەکەیان

---

[٤٢] ئەم شەقامە کە ئێستە پێی ئەڵێن "شارع رشيد" لە زەمانی حکومەتی عوسمانی لە لایەن خەلیل پاشای قائدی لەشکری شەشەمی تورکو والی عێراقەوە کرابۆوەو پێیان ئەوت جادەی خەلیل پاشا.

لابـرد بـو[٤٣] و هاتوچـۆ بڕابـو. دوای ئـەوە کـە تەقـە نـەما و پردەکـەیان بەسـتەوەو هاتوچۆ دەسی پێکردەوە بە گیراوەکانمان زانی. شێخ ئەحمەدی "شێخ داود" کە دوایی کرا بە وەزیری ئەوقاف لەناو ئەم گیراوانەدا بـو و ناردیانـە هندستان. بـەڵام جگە لە سویدی‌و سەدر کە بە ئاشکراو بە شەڕ دەرباز بون‌و چونە هـەرێمی فورات گەلێکی تریش لە ئەندامەکان خۆیان شاردەوەو نەکەوتنە دەس حکومەت. لەبەر ئەمـە شـۆڕش تـا هـات زیـاتر کڵپـەی ئەسـەندو هـەمو هـەرێمی فـوراتی گرتـەوە. کوردەکـان ئـەمجارەش هەسـتانە سـەرپێ. "بـرایم خـان"ی دەلـۆ لـە هـەرێمی "کفری"یا شۆڕشێکی نایەوەو شاری کفری گرت.

"سالۆمین"ی حاکمی سیاسی کفری لەم هەرایەدا کوژراو لەناو چو ولاخـەکانی من‌و ئەحمەد ئاغای کەرکوکی‌و ئەحمەدی سەعەی فەتاح کە لە کفری لە ماڵی عەباسی کاروانچی تاقەمان کردبو بەر تاڵان کەوت. شاری بەغدا وەکو مەنجەڵی سەر ئاگر ئەکولا. ڕۆژ نەبو خەڵقێکی زۆر نەگرن. یا وەجبەیەك عەرەبی ڕوت‌و قوت لە دەورو پشتەوە بە ناوی "دیل" نەهێننە بەغداو بۆ چاوترساندن بەناو بازاڕا نەیانبەنە بەندیخانە. زۆری ئەم دیلانە وەکو ئەمانبیست لە شەڕا نەئەگیران‌و لە شۆڕشگێڕەکان نەبون. لەملاو ئەولاو هەر یەکە لەبەر مەرامێك بیانویان پێ ئەگیراو کۆئەکرانەوە. شۆڕشگێڕەکان ئازانەو گیانفیدایانە شەڕیان ئەکرد. بەڵام حکومەت یا ئینگلیز تۆڵەی ئەوانی لە "دیل"ەکان ئەکردەوەو داخی دڵی خۆی بەوان ئەڕشت کە لەژێر دەستیانا بون‌و لە شارەکانا نەمانەوە. چونکە ئەیانزانی کە خەڵقەکە لە ژێرەوە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان یەکن‌و زۆری شارەکان بە یارمەتی ئەوان ئەکەوتە دەس شۆڕشگێڕەکان. ڕۆژنامەی الاستقلال لەو دەورەدا یەکەمین ڕۆژنامەی نیشتمانی بو لە بەغداو زۆر ئازانە باسی شۆڕشەکەو کردەوەکانی نیشتمانپەروەرەکانی ئەنوسی. خەڵقی هان ئەداو ئاگری شۆڕشی خۆش ئەکرد.

[٤٣] پردەکەی ئەوسا لە دارو تەختە بوو ئەبەسترا بە دو یەکانەوە کە وەکو کۆڵەکە ڕایان ئەگرت.

عەبدولغەفور بەدری خاوەنی الاستقلال‌و قاسم عەلەوی نوسەری ئەم ڕۆژنامە[٤٤]یە لە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی عەرەبی عێراق بون. ئەوانیش بە هۆی ڕۆژنامەکەیانەوە ئەهالی‌و بە تایبەتی لاوەکانی بەغدایان هانیبوە جۆش. بەیانیان کە الاستقلال دەرئەچو و فرۆشیارەکانی بە دەنگێکی بەرزو ئاوازێکی تایبەتی بە کۆڵان‌و بازاڕاو بە ڕاکردن جاڕیان بۆ ئەدا لەبەر لێشاوی کڕیارو هێرشی لاوان سەریان لێ ئەشێواو نەئەپەرژانە سەر بڵاوکردنەوەی‌و وەرگرتنی پارەکەی. کڕیارەکان خۆیان ئەیانفڕاندو پارەکەیان بۆ بەجێ ئەهێشتن. الاستقلال هەر بە باسەکانی شۆڕشی عێراقەوە نەئەوەستا. تورکەکانی ئەنادۆڵیش کە بەرامبەر بە یۆنان‌و یا بەرامبەر بە لەشکرە کرێگرتەکەی ئینگلیز شەڕیان ئەکرد لەگەڵ شورەوییەکانی ئەو ڕۆژەی عێراقا بە شەریکی ئەژمێران. ئەوە لەبیر چوبۆوە کە لە شەڕی گەورەی گێتیا شانبەشانی ئینگلیز لە حیجازو سوریەدا چوبون بە گژ تورکا. (الاستقلال)ی عەرەب لەو ڕۆژەدا لە باسی غەزای تورك بە چەشنێکی وا ئەدوا کە تین بدا بە گیانی نیشتمانی لاوەکانی عێراق‌و ئاگری شۆڕشەکەی پێ خۆش کا.. لەولای تریشەوە بە ڕاسپێری کۆمەڵە نهێنی‌و سیاسیەکان لاوە نیشتمانپەروەرەکان ئێوارانی ڕەمەزان لە مزگەوتی حەیدەرخانە کۆئەبونەوەو لە کاتێکا کە عەشایر لە هەرێمەکانی فورات‌و دیالەو کفری بە چەکەوە هەڵیان ئەکوتایە سەر شارەکان‌و بۆ سەر لەشکرەکانی ئینگلیز ئەمان لەو مزگەوتەدا بە وتارو وێژەی نیشتمانی ئەهالیان ئەهێنایە جۆش‌و گڕیان تێ بەرئەدان. شێخ مەهدی بەسیر بوێژی نیشتمانپەروەری ئەو دەورەو سەرەك (خەتیب)ی ئاگرینی

[٤٤] قاسم ئەلعەلەوی لە زەمانی عوسمانیا لە ئەعدادی عەسکەری یەکەمی پۆلی خۆی بو. لەوێوە یەکتریمان ئەناسی. کە پۆلی ئەوان چونە ئەستەمول پۆلی ئێمە بوین بە دوامین پۆلی ئەعدادی عەسکەری لە بەغدا. قاسم لە ئەستەمول لە حەربیە نەمایەوەو چوە مەکتەبی هەندەسەی مولکیە. بەڵام دوایی هاتەوە عێراق‌و لە بەغدا (حقوق)ی تەواو کردو ئەوکات تا ئێستە لە حکومەتی عێراقا وەزیفەی نەبینیوە..

(مینبەر)ی کۆبونەوەکانی مزگەوتەکەی حەیدەرخانە بو[٤٥]. لە ئەنجاما ئینگلیزەکان لە توانایانا نەماو خۆیان پێ نەگیرا. لە شوباتی ١٩٢١دا بڕیاریان دا بە داخستنی الاستقلالو عەبدولغەفور بەدریو قاسم عەلەوی، سەرنوسەری ڕۆژنامەکەیان خستە بەندیخانەوەو بەم چەشنە دەنگە دلێرە تاقانەو نیشتمانپەروەرەکەی شۆڕشی گەورەی ١٩٢٠ کپ کراو خنکا!..

من لەو ڕۆژانەدا هێشتا لە بەغدا بوم. هەندێ ئێواران ئەچومە حەیدەرخانەو لە کۆبونەوەکانا ئەبوم. هەمو ئێوارەیەك ژنو پیاوو گەورەو بچوك هەزاران کەس ئەڕژانە حەوشەکەی مزگەوتەوە. مەهدی بەسیر بە مێزەرو جوبەوەو دەس لە دەسی تەها بەدریا[٤٦] ئەهاتە سەر مینبەرێك کە لە ناوەڕاستی حەوشەکە بۆ ئەم مەبەسە دائەنراو دەسی ئەکرد بە خوێندنەوەی شیعرەکانی. بەڵام چۆن شیعرێك؟! هەموی ئاگر! بەیتی وای هەبو کە سێ چوار کەڕەت پێیان ئەگێڕایەوە. خوێندنەوەکەی مەهدی بەسیر چەشنە تەمسیلێکیشی تیابو. مەسەلا کە ئەینەڕاندو ئەیوت:

و متى بحبك للمشانق ارتقى؟ کی ترتقی بعدی عروس علاکا!"

---

[٤٥] "شێخ مەهدی بەسیر" لە ساڵی ١٣١٣ی هیجری لە حلە لەدایك بوە. لە ساڵی ١٩٢٠ی میلادی هاتۆتە بەغداو لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکانا تێکەڵ بە سیاسەت بوەو بۆ سەربەخۆیی عێراق تێکۆشاوە. هەر لەو ساڵەدا لە کاتی شۆڕشە گەورەکەی عێراق مێزەری ئەبەست بە سەرەوەو جبەی لەبەر ئەکردو بەم بەرگەوە ئەچوە سەر مینبەرەکەی ناوەڕاستی حەوشی مزگەوتو بە شیعرە نیشتمانیە بەرزو بەکوڵەکانی کلپەی لە ئاگری شۆڕشەکە هەڵئەسان. لەبەرئەوە کە نابینایە بە دەستوری عەرەب بۆ ڕێزداری (حورمەت) پێی ئەڵێن بەسیر (واتە چاوساغ یا بینا). پیاوێکی کورتەباڵای تۆزێ تێکسمڕاوو دەمو چاو ئاوڵاویە. لە کاتی شۆڕشەکەدا ئینگلیزەکان لە بەغدا گرتیانو دوای ئەوەش ناردیانە (هەنجام). بەڵام کە حکومەتی نیشتمانی عێراق دامەزرا نێررایە فەرەنسەو لە پاریس لە ئادابا دوکتۆرای وەرگرت. ئێستە لە (دار المعلمین عالیه) لە بەغدا ئوستازی ئەدەبی عەرەبیە. فەرەنسزی باش ئەزانێ و بوێژێکی بەرزە لە زمانی عەرەبیا..

[٤٦] تەها بەدری برای خوالێخۆشبو عەبدولغەفور بەدری، خاوەنی ڕۆژنامەی (الاستقلال)ە. سەردەمێك موحاسبی وەزارەتی مەعاریف بو. دکتۆرە لەمیعە بەدری کچی تەها بەدرییە.

سەری هەڵئەبڕی، دەسی بۆ ملی خۆی ئەبردو پەلەکانی بۆ ئاسمان درێژ ئەکرد" لە تۆ وابو کە سێدارەکەی بۆ هەڵخراوەو ملی پیا ئەکا.. تاو تاوەو هەندێ جاریش لە دوای هەمو بەیتێکەوەو بە پێی جێگەو مانای شیعرەکان دەنگی بژی! بژی!و یا گرمەی بڕمێ! بڕوخێ!و شەقەی چەپڵەی دورو درێژو بەتینی هەزاران ژنو پیاو و لاو و منداڵ گوێی ئینسانی کەڕ ئەکرد. من لە عاست ئەم تابلۆی حەماسەتو نیشتمانپەروەرییەدا ئەهاتمە کوڵو یادی بەسەرهاتی قەومی کوردم ئەکردەوە. لە وڵاتی دوری بێگانەدا دیلی شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستانم بیر ئەکەوتەوەو موچڕکم بە لەشا ئەهات. جاری واش ئەبو کە وەکو خوالێخۆشبو "تایەر بەگ"ی[٤٧] وەسمان پاشای جاف ئەڵێت:

"ناچارە ئەگەر وەربگەڕێ پردی تەحەممول"

"(سیروان)ی سروشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا"

توانام لێ ئەبڕاو بێئەوە دەسەڵاتم هەبێ فرمێسکی گەرم بە چاوەکانما ئەهاتە خوارەوە. هەمو کەس لە ماوەی ژیانا زۆرجار گریاوە. بەڵام گریان تا گریان فەرقی هەیەو بە پێی کارەسات ئەگۆڕێ. من لە ژیانما سێ جارو لە سێ شوێنا زۆر بە دڵ گریاومو فرمێسکی بە ڕاستی گەرمو بە کوڵم ڕژاندوە. لە ئەستەموڵ پێش ئەوە کە حکومەتی عوسمانی بچێتە شەڕی گێتیەوە لە بەردمی "ئابدە"کەی[٤٨] مەیدانی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد، بە هۆی لابردنی قانونی جیاوازی بێگانەکانەوە (ئیمتیازاتی ئەجنەبیە= Capitielations)[٤٩].. ڕۆژی ٢٨ی ئاغستوسی ١٣٣٠ ڕۆمی "مەتینغ"ێکی[٥٠] گەورە ڕێکخرا. لەو ڕۆژەدا لەگەڵ عەبدوڵڵا حامی

---

[٤٧] تایەر بەگ برا گەورەی ئەحمەد موختار بەگ بو کە لەناو شاعیرەکانی کوردو لە بەرگی یەکەمی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)یا باسمان کردوە. تایەر بەگیش بوێژێکی تەڕو بەسۆزی کوردی بو. زمانی فەرەنسزیشی ئەزانی. کە مێجەر سۆن بە بەرگی خەفیەوە هاتبوە ماڵی وەسمان پاشا، تایەر بەگی ناسیبو و لە کتێبەکەیا باسی زرنگیو زیرەکی کردوە.

[٤٨] ئابدە: مەسەلە، قوللە.

[٤٩] تورکەکان بە ئیمتیازاتی ئەجنەبیەیان ئەوت Capitulations.

[٥٠] بە ئیجتیماع یا کۆبونەوەیان ئەوت (مەتینغ) کە لە (Meeting) ئینگلیزی وەرگیراوە.

یوزباشـــی کـــوڕی عـــەزیزی لاوەی خـــزمم چـــوبوینە ئـــەو مەیدانـــە. لاوێکـــی نیشـــتمانپەروەری تـــورك وتـــارێکی ئێجگـــار بـــەرزو بـــەتینی خوێنـــدەوەو زۆری خەڵقەکەی هانیە گریان. من لەناو ئەوانەدا بومو قوڵپەی گریانم لە کانگای دڵمەوە سەرئەکەوت..

جـاری دوەم لـە ١٩٢٠ لـە مزگـەوتی حەیدەرخانـە لـە بەغـدا لـە تەنیشـت مینبەرەکەی مەهدی بەسیرەوە ئاگام لە هەست بڕابو و بە خەیاڵ سەرکەوتبومە ئاسۆیەکی بێ سنوری ڕۆحانی. فرمێسکێکی گەرمو بەکوڵ بەر چاوەکانی لێڵ کردبوم ئنجا تك تك بە سەر سنگو بەرۆکما ئەڕژایە خوارەوە. چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژی حەشر بو! پیاوم ئەویست کە لەو ساتانەدا مێژوی تیا دروست ئەکرا، لە عاست شیعرە بەرزەکانی ئاگرینو نیشتمانی ئەم بلیمەتە کوێرەدا توانای لێ نەبڕێ، پردی تەحەمول بەرگەی هوروژمو هاژەی سیروانی فرمێسکی بگرێو وەرنەگەڕێ[51].. لە ساڵی ١٩٢٢دا کە شێخ مەحمودی حوکمداری کورد لە هندستان گەڕایەوە سلێمانی، ئەو ڕۆژەش گریانەکەی من گریانێکی هەرە ڕاستەقینەی خۆشیو شادی بو..

لە کاتێکا کە لە حەوشی مزگەوتەکەی حەیدەرخانەدا ئەم حەشرو حەلەلاو ڕۆمەڵ غەزایە بو، عەسکەرو پۆلیسی ئینگلیز لە شەقامەکەی بەردەمی مزگەوتەکەدا[52] بە چەکەوە ئەهاتنو ئەچونو ئامادە بون کە ئەگەر پزیسکە ئاگرێکیان بەرچاو کەوت بە هەڵمەتی یەکەم بیکوژێننەوە. بەڵام خەڵق نەك لەمانە بترسنو خۆیان لە شەڕ بپارێزن، بەڵکو خۆنواندنی پۆلیسو نهێنییەکان کە

---

[51] هەندێ بەیت لە قەسیدەی (لبّیك ایها الوطن)ی مامۆستا محەمەد مەهدی بەسیر:

| | |
|---|---|
| هب لي بربّك ميتة تختارها | يا موطني أولست من أبناكا |
| كم أورثتك يد السياسة علة | فاشرب دمي وأظن فيه شفاكا |
| واحمل وساما فوق صدرك من دمي | ماكان احلاه اذا حلا كا |

ولئن مزجت دمي بدمعك سائلا فلقد وفيت وما عدمت وفاكا
قد كان حجرك ماحييت يضمني فاذا قتلت فقد سكنت حشاكا

[52] شەقامی ڕەشیدو شا شەقامی کۆنی خەلیل پاشا.

زۆریـان ناسـرابون ئـەبو بـە هـۆی هەڵچـون‌و گڕگرتنـی خـەڵقی نـاو مزگەوتەکـەو هاتوچۆکەرەکان.

*        *    *

٥٠

## حەمدی بەگی بابان

لە کاتێکا لە کوردستان و لە عێراقا هەواڵ بەمجۆرە بو و خەڵق بە چەشنی مەنجەڵی سەرئاگر قوڵپیان ئەدا ئینگلیزەکان بە بیری ئەوە کە بیکەن بە جێنشینی شێخ مەحمود، خۆیان لە حەمدی بەگی بابان نزیك خستەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە لە تاقیکردنەوەی شێخ مەحمود ئەنجامێکی وایان دەس نەکەوتبو کە لە حکومەتێکی نیشتمان ڕوکەشی کوردی بە هیوای کەڵکێك بن و تا ئەو ڕۆژە لەو باوەڕەدا بون کە دورخرانەوەی شێخ مەحمود لە کوردستان و ئیدارەی قەرەقوشی چەند حاکمێکی وەکو میجەرسۆن لەوانەیە سەر بە کوردەکان بنەوێنێ، دەمکوتیان بکا و لە پەلوپۆیان بخا دیسانەوە کە بۆیان دەرکەوت لە باوەڕەکەیانا بە هەڵە چون و مەسەلەی کورد بە دورخستنەوەی شێخ مەحمود لە وڵات نەبڕاوەتەوە و لەوانە نیە کە ببڕێتەوە و بە تایبەتی کە چاویان بە ئەنجامی ئیدارەی سۆن کەوت و ئاگری شۆڕش هەمو لایەکی کوردستانی گرتەوە" سەرەڕای ئەمانەش کە شۆڕشی کەمالیەکان لە تورکیا و شۆڕشی گەورەی عەرەب لە عێراقا پەرەی سەند و سیاسەتی ئینگلیز ڕویکردە "نابوتی"" بە ناچاری وازیان لە سەرپێچی هێنا و جارێکی تریش کەوتنەوە سەر بیری دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ کورد. بەڵام بە تەما نەبون کە دوبارە شێخ مەحمود تاقی بکەنەوە. سەید تەهاش لە یەك دو هەلاکە دەسیان بۆ بردبو بە ئاسانی نەهاتبو بە دەنگیانەوە. چەند مەرجێکی پێش ڕێکەوتن خستبو. واتە بۆ کورد داوای هەندێ "حقوق"ی کردبو. لەبەرئەوە بۆ یەکێك ئەگەڕان کە لە قەومەکەی زیاتر بە تەنگ خۆیەوە بێ. لەوانە ئەگەڕان کە بە یارمەتی بێگانە دوی دەسخستنەوەی حەقێکی مێژویین کەوتبێ. چاوی لە زیندوکردنەوەی "کیان"ێکی خانەوادەیی بێ. بۆ ئەمەش ئەو ڕۆژە کەسێکی لە حەمدی بەگی بابان باشتریان نەهاتە بەرچاو و بەلای ئەوانەوە نێچیرێکی وەکو حەمدی بەگ بە دەگمەن هەڵئەکەوت. هەرێمی سلێمانی بە هۆی کردەوەی

"سـۆن"ەوە بـەرەو شـۆڕش ئەچـو. ئـوزدەمیر لـە ڕەوانـدز ئیـدارەی ئینگلیــزی شڵەژاندبو. لە بەغداش و لە هەرێمی فورات هـەواڵ بـەو جۆرە بو کە باسمان کرد. لەبەرئەمە حەمدی بەگ ببو بە جێگەی هیوای ئینگلیزەکان و ناوی کەوتبوە سەر زمـان. چـونکە لـە خانـەوادەی بابـان "جـەلال و جـەمال و ئەحمـەد موختـار" لـەو دەورەدا ئەوەندە دەرنەکەوتبون و لە ڕیزی حەمدی بەگدا نەبون. حەمدی پاشا کە بە تەمەن لە حەمدی بـەگ گـەورەتر بـو، هـەروەکو دڵـی بـە دونیـاوە نـەمابو زۆریـش خـۆی لـە کـورد نزیـك نەئەخسـتەوە. تەنانـەت پشـتیوانی سیاسـیەکانی عـەرەبی ئەکرد و لەگەڵ شورەوییە نیشتمانیەکانی ئەوانا ببو بە یەك. لەبەرئەمە بە تایبەتی لە خانەوادەی بەبە (بابان) تەنیا حەمدی بەگ بە دەسەوە هەبو. من لەو دەورەدا لە بەغدا بوم. حەمدی بەگم نەدیبوو نەمئەناسی. بەڵام ناوم بیستبو و لەوە ئاگادار بوم کە خۆی لە کوردەکان نزیك ئەخاتەوە. بە تایبـەتی لەوانـەوە کە لـە سیاسەتی کوردایەتیا کەم و زۆر دەسیان هەبو.

تۆفیـق وەهبـی، عیـزەت تۆپچـی (عیزەتـی فاتـە) و ئـەوڕەحمان سـەعیدو عـەلی سەقاو سەید ئەحمەدی بەرزنجی کاتمی ئەسرارو یا ئەمینداری شێخ مەحمودو یـەکێك لـەو دوانـە کـە لـە وەختـی خۆیـا لـە لایـەن شێخ مەحمودەوە نێررابـوە لای شـەریف پاشـا لـەناو ئـەو کـوردە ناسـراوانەدا بـون کـە لـە حەمـدی بـەگ نزیـك کەوتبونەوە. وەکو ئـەیانوت و هەندێ لـە خۆشیان پێیـان لـێ ئەنا، مانگانەشـی بـۆ بڕیبونەوە. لەو ڕۆژەدا ئەوان لێقەوماو و دەسکورت بون. حەمدی بەگیش هەیبو و لە ژیان و ڕابواردنا لاسایی پرەنسێکی (ئەمیر) ئەکردەوە. ئینگلیزەکانیش خۆیان لێ نزیك خستبۆوە و کەوتبوە سەر سەودای حوکمداری. ئیتر بێئـەوە دەسـی پێـوە بلـەرزێ ئەیبەخشـی. یـەکێك لەوانـە کـە بـە دڵ حەمـدی بـەگی ئەویسـت و حـەزی بـە سـەرکەوتنی ئـەکرد سـەید ئەحمـەدی بـەرزنجی بـو. لای مـن زۆر بـاس و ستایشـی ئـەکرد. منـیش لـە پێشـا ئەوەنـدە دڵـم نەئەدایـە واتـەکانی سـەید ئەحمـەد. دوایـی تێگەیشتم کە ئەیەوێت لە حەمدی بەگ نزیکم بخاتەوە. چەند جارێك بە ساردەوە وەڵامـم دایـەوە و نەمویسـت بچـم بـۆ لای حەمـدی بـەگ. بـەڵام کـە چـوم و چـاوم بـە

حەمـدی بـەگ کـەوت بـە ئینسـانێکی بـەرزو بـەنرخم هاتـە بەرچـاو. لەبەرئـەوە سوپاسی سەی ئەحمەدم کرد بۆ ئەم ناسیاوە تازەیە کە دەسی خستم..

حەمدی بەگ لە خانەوادەی بابان‌و نەوەی محەمەد پاشای خدێوە. لەو ڕۆژەدا تەمەنی لە دەوری پەنجا ئەبو. پیاوێکی سورو سپی تێکسمڕاوی بالاّ ناوەندی نزیك بە کورتی ڕو خۆش‌و دەم بە زەردەخەنەو تا بڵێی بە تەربیەو قسەخۆش‌و ڕاستگۆو میوان پەرست بو، بەلاّم پابەندی تەقلیدو ژیانی (ئەرستۆکرات)ی بو و خۆی لەم پێوەندانە بۆ ڕزگار نەئەکرا. جگە لەم دڵی ناسك‌و تۆرینۆك‌و کەمێکیش توندە–تەبیات بو. لە هەستان‌و دانیشتن‌و وێنەی ژیانا وەکو لە پێشەوە وتمان لاسایی ئەمیرێکی ئەکردەوە. ئەو وەختە من نەمئەزانی تا چ ماوەیەکی خوێندوەو لە چ مەکتەبێك دەرچوە. بەلاّم زانیاری گشتی باش ئەهاتە بەرچاوم. لە دواییشا لە جەلال بەگی بابان تێگەیشتم کە لە موڵکیەی شاهانەی ئەستەموڵ دەرچوە. لە ژیانی کۆمەلاّیەتیا ئەشیا بکرێ بە میسال. شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی‌و فەرەنسزی بو. لەگەڵ من‌و هاوڕێکانی ترا بە تورکی قسەی ئەکرد. داخەکەم کوردی نەئەزانی‌و کەمی تێئەگەیشت. چونکە لە ئەستەموڵ هاتبوە دونیاو زۆری تەمەنی لەوێ ڕابواردبو. نە لە تورکیاو نە لە عێراقا نەچۆتە ژێر ئەرکی خزمەتی حکومەتەوە.

لە دوای چەند هات‌وچۆیەك ئاشنایەتیم لەگەڵ حەمدی بەگ پێشکەوت. وا دیار بو کە چوبوم بە دڵیا. لەبەرئەمە لە هاوڕێکانی کە زیاتر ڕوی ئەدامێ. جاروبار لە ئوتێل ڕۆیال زیافەتی بۆ ئەکردم. ئوتێل ڕۆیاڵ ئیستە نەماوە. لە نزیك مسگەرەکان (سوق الصفافير) لە جێگەی سینەمای هاوینی قاهیرەی ئیمڕۆدا بو. لەو ڕۆژەدا ئەو ئوتێلە یەکەمین ئوتێل بو لە بەغدا. ئینگلیزەکان‌و پیاوە گەورەکان لەوێ نانیان ئەخوارد. سینەماشی لێ هەبو. حەمدی بەگ زۆرتر بیرەی ئەخواردەوە. لەم چەشنە دانیشتنانەدا زیاتر باسی سیاسەت، واتە باسی کوردو بە هۆی منەوە بە قسەی خۆی ئەیویست لە هەواڵی هەرێمی سلێمانی‌و کوردەواری تێبگاو شارەزا بێ.. خۆی وەکو تێگەیشتبوم‌و بۆی ئەگێڕامەوە

جاربەجار ئەچوە لای ئینگلیزەکانو یا بۆ لای مەندوبی سامیو جارجاریش ئەوان ئەهاتنە لای. هەندێجاریش نامەیان لە بەینا ئاڵوگۆڕ ئەکرا. کە ئاشنایەتیمان پێشکەوت، متمانەی پیٚ ئەکردمو ئەو نامانەی بۆی ئەهات لەگەڵ وەڵامەکانیا بۆی ئەخوێندمەوەو ئەم جێگانەی تێی نەئەگەیشتم بە تورکی تێی ئەگەیاندم. بەمانەدا بۆم دەرکەوتبو کە خەریکن لە کوردستانا دەورێکی پێهەڵسوڕێنن. بەڵام لەژێر چ ناوێکاو بە چ جورێك؟ ئەوە هێشتا دیار نەبو. چونکە جاریٚ خرابوە ژێر تیشکی زەرەبینی سیاسەتەوەو تاقی ئەکرایەوە. بەڵام داخەکەم لە ئیمتیحانا دەرنەچو. ئەویش لە ڕیزو لە حساب کرایە دەرەوە. چونکە سیاسەتی بە پێچو دەورەی ئینگلیز بە لای ڕاستییا نەئەچو. ئەوان ئەیانویست لە زەمان کەڵك وەرگرن، لەبەرئەمە پەلەیان نەبو. بە پێی سروشتی سیاسی خۆیان بە خوێن ساردیو سستی ئەچون بەڕێوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوان زەمان بە سەعات بەڵکو بە دەقیقە ئەگۆڕا. زۆر بە خێرا تێپەڕ ئەبو. هەر کاریٚ بخرایە سبەینیٚ کاتی بەسەرئەچو. ئیتر بەکەڵك نەئەهاتو سەری نەئەگرت..

پێشئەوەی کە حەمدی بەگ لە ئیمتیحان بکەویٚو لە حسابی ئینگلیز بکرێتە دەرەوە من ویستم بگەڕێمەوە سلێمانی. چونکە شۆڕشی کوردەکانی دەوری کفریو هەرای برایمخانی دەلۆ بەئەنجام گەیشتبو و ڕێی بەغدا-کەرکوك کرابۆوە. منیش هەر پولو پارەیەکم پیٚ هەبو، خەرجم کردبو. لە ئەحمەدئاغای کەرکوکی زادە بە "کۆمپیالە" هەزار ڕوپیەم بە قەرز وەرگرتبو و ئەویشم دابو بە هەندیٚ شتومەکی عەتاری بۆ دوکانەکەم. چومە لای حەمدی بەگ بۆ دۆعاخوازی. بەڵام ویستی کە یەك دو سەعاتێك پێکەوە ڕابوێرین و دەعوەتی کردمە ئوتێل ڕویاڵ. لە هاوینا گەرمای بەغدا بەناوبانگە، بەڵام لە ئوتێلەکەدا جێگەکەمان فێنك بو و بە دەم خواردنەوەی بیرەی ساردەوە دو سیٚ سەعاتێکمان بە قسەی دواڕۆژەوە بردەسەر.

دۆستایەتی منی بە دڵ بوو بە تەواوی متمانەی پێکردبوم. بە هیوای ئەوە بو کە زۆری پێنەچیٚ لەگەڵ ئینگلیزیەکان ڕێکەوێتو بۆ کوردستان چەشنە

ئیدارەیەکیان پێ دابمەزرێنێت. بە باسی چەك و سیلاح و تۆپ و تفەنگ و باسی تەشکیلاتی عەسکەریا وا دەرئەکەوت کە دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد پێویست بو بە هێزێکی شەڕکەرو بزوتنەوەیەکی دەسوبرد. لەبەرئەمە حەمدی بەگ ئەیویست لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد نزیك بێتەوە. بیانناسێ و بیناسن. تاوەکو یارمەتی بدەن و بە پشتیوانی ئەوان بچێتە ژێر ئەم بارەوە. تا ئەو ڕۆژە حەمدی بەگ سلێمانی نەدیبو. زمانی کوردی نەئەزانی و لە کاروباری میریا شارەزایی نەبو. لە کوردەکان کەسی وای نەئەناسی. بە کورتی پێویستی بە دەوروپشت هەبو و ئەیویست کۆمەڵێکی ببێ. بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی وا بە قسەی خۆی لەناو هەموانا منی هەڵبژاردبو. وای دەرئەخست. کە زۆرتر هیوای بە من بێ و کە هاتە سلێمانی بە پرس و ڕای من بچێت بەڕێوە. من هەرچەند ئەوەندە خۆشباوەڕ نەبوم و هیوام بەوە نەمابو کە ئینگلیزەکان ڕاستی لەگەڵ بکەن واتە بەتەمای ئەوە نەبوم کە ماوەی سەربەخۆیی بە کورد بدرێ، دیسانەوە لە عاست بەیاناتی حەمدی بەگدا سەرپێچیم نەکرد و قسەم دا کە تێبکۆشم و بۆ ئەم مەبەسە کۆمەڵەیەك دابمەزرێنم. ئیتر کات درەنگ ببو. نزیك بە ئێوارە کەوتبوینەوە. ئەبو بچمە ئێستگەی شەمەنەفەر. لەم کاتەدا حەمدی بەگ دەسی کرد بە گیرفانی پێشەوەی شەرواڵەکەیا (پانتۆڵ) و سێ بانکنۆتی سەد ڕوپیەیی دەرهێنا و بۆی ڕاگرتم. وتی: "بەینێکی زۆرە کە لەسەر ویستی من لە بەغدا ماویتەوە و پارەیەکی زۆرت خەرج کردوە. لەبەر ئەوە تکام وایە کە ئەم پارەیەم لێ وەرگری بۆ مەسرەفی ڕێگە. ناشڵێم کە هەر بۆ خۆت! ئەگەر لە دواڕۆژا پارەت بو بمدەرەوە.." من دەسم بۆ پارەکە درێژ نەکرد. ڕەنگم سور هەڵگەڕا. زۆرم قسە بە دڵ هات. بەڵام حەمدی بەگم خۆش ئەویست و زۆرم لەلا بەڕێز بو. لەبەرئەوە نەمویست بیڕەنجێنم و دڵی بشکێنم. بە کەم بڕیمەوە. وتم: لە سای ئێوەوە پارەم هەیە و لە ئەحمەدئاغا قەرزم کردوە. چونکە لەگەڵ ئەحمەد ئاغا پەیوەستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیم نیە. ئەگەر لەگەڵ جەنابیشتاندا بومایە نەك بە قەرز هەرواش لێم وەرئەگرتن.. زۆر بە شەرمەوە ئەم قسانەم کردبو. لەبەرئەوە وای بە بیرا هاتبو ئەبێ زۆرم لێ بکا کە

وەریگرم. پارەکەی لەبەر دەمما داناو وتی: "ئەم قسانەی پێ ناوێت. ئێمە ئێسە بوین بە برا. نابێ شتی وا لێك بدەیتەوە"و دوای ئەمە خەریك بو هەستێتە سەر پێ. ئەو وەختە من گورجو لە پێش ئەوا هەستامە پێیانو بانگی سفرەچیەکەم کرد کە پارەی خواردنو خواردنەوەکەمانی بدەمێ. ئەمجارە ئەو سور بۆوەو بانکنوتەکانی خستەوە گیرفانیو بە تەوسێکەوە تێی ڕوانیم. لەبەرئەوە کە مەسرەفی ئوتێلەکەی دا، دەنگم نەکرد. جگە لە ئەمەش قەڵەمێکی پاندانی جوانی تایبەتی خۆی هەبو بە دیاری پێی بەخشیم، ئەویشم بە سوپاسەوە لێ وەرگرت، ئنجا دەسم گوشیو دوای ئەوە کە قسەم دایە ڕاسپێریەکانی بەجێ بێنمو بە ڕاستیو بە دڵ لەگەڵی بجوڵێمەوە لێێ جیا بومەوە..

* * *

## ٥١

شۆڕشی مستەفا کەمال لە تورکیا بەرەو سەرکەوتن ئەچو و لە عێراقا شۆڕشی عەرەبەکان کڵپەی سەندبو. لە کوردستانیشا هەرچەند شێخ مەحمود بەدیل گیرابو و ڕەوانەی هندستان کرابو، بەڵام کوردەکانی عێراق کۆڵیان نەدابو و دەسیان هەڵنەگرتبو. حکومەتی ئینگلیز لە ئاست ڕەخنەو لۆمەی شەعبەکەیا واقی وڕمابو، وەڵامی پێ نەئەدرایەوە. شەعبی ئینگلیزی تازە لە شەڕی گەورەی گێتی هاتبوە دەرەوە. برسیو ماندو و بێهێز کەوتبو. بە تەرکەن نەیئەویست کە دەرگای شەڕێکی تری بۆ بکرێتەوەو یا بخرێتە ژێر باری پێویستی کوژاندنەوەی شۆڕشێکی گشتیو گەورەوە. بە تەمای ئەوە بو کە حکومەت "حکومەتی ئینگلیز" تا ماوەیەکی زۆر بحەسێتەوەو شەعبەکەش بحەسێنێتەوە، بەینێك خۆی لە قەرەی شەڕو شۆڕش نەداو میللەت توشی ڕەنجو ئەرکو کەشمەکەش نەکا. لەبەرئەمە حکومەتی ئینگلیز ئەگەر بۆی بلوایەو سەری بگرتایە بە سێ مەبەس مەسەلەی کوردستانی زیندو ئەکردەوە:

*١- دامەزراندنی کوردەکانو دورخستنەوەیان لە شۆڕش.*

*٢-دەرکردنی ئوزدەمیرو ئەو چەند تورکەی لە ڕەواندز بون بە هۆی هێزێکی کوردەوە لەبەر هەندێ تێبینی سیاسی.*

*٣-بە ناوی حکومەتی کوردستانەوەو لەسەر حسابی کورد بڕینەوەی (مەسەلەی موسڵ)و هێشتنەوەی ئەم وڵاتە پڕ لە نەوت و بە پیتە لەژێر نفوزی ئینگلیزا.*

*ئەگەر کەمێك لەم سێ مەبەسە ورد بینەوە ئەبینین کە ئەمانە لە هەمو سەرێکەوە بەسراون بە یەکەوەو یەکێکیان بە سوکیو ئاسانی لەوی تریان جیا ناکرێتەوە.*

**کوردەکان کە لە پێش عەرەبەکانی عێراقا حکومەتێکی کوردی نیشتمانیان دامەزراندبو و بەینێك بە سەربەخۆیی ژیابون، جارێکی تر بە ئاسانی نەئەچونە ژێر حوکمی بێگانەوە، لەبەرئەمە مانەوەیان لەو حاڵەدا کە تیابون و یا تێی کەوتبون بەرەو یەکێك لەم دو ئەنجامەی ئەبردن:**

**١-یەکبون لەگەڵ ئوزدەمیرو تورکەکان.**

**٢-لە ڕێی سەربەخۆیی کوردستانا ڕاست بونەوەو بەرپاکردنی شۆڕشێکی گشتی. ئەمانەش هەردوکیان پێچەوانەی مەبەس و ئامانجی ئینگلیزو بەرهەڵستیەکی گەورە بون لە ڕێی سیاسەتی بەریتانیادا. ئنجا بەرپەرچدانەوەی ئەنجامێکی وا، لە دامەزراندنی حکومەتی کوردا ئەبینرا. ئەگەر بەرنامەیەك کە بۆ ئەم کارە دانرابو سەری بگرتایەو کوردستان بهاتایەوە ناو، سیاسەتی ئەو ڕۆژەی ئینگلیزو هەنگاوێکی بۆ پێشەوە ئەهاویشت و ئیمڕۆ دەوری کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەندیا بە جۆرێکی تر ئەبو..**

* * *

٥٢

تورکەکان جارێ دەستیان لە موسڵ هەڵنەگرتبو. بە لای ئەوانەوە موسڵ وەکو "ئەلزاس لۆرەن" بو لە چاو فەرەنسزەکانا. چونکە هەمو ئەیزانین کە لە کاتی موتارەکەدا سلیمانیو موسڵ بە دەس تورکەوە بو. عەلی ئیحسان پاشای سەرەك لەشکری عوسمانی لە موسڵ نەچوبوە دەرەوە. بە تەمای ئەوە بو کە موسڵ لە دوای شەڕ بە دەس تورکەوە بمێنێ. ئنجا لەبەرئەمە کە لەچمەن ویستی بچێتە موسڵەوە عەلی ئیحسان سەرپێچی کردو نەیدا بە دەستەوە. بەلام کە لە ئەستەموڵەوە بە تەلگراف فرمانی پێ کرا، موسڵی بەجێهێشتو ئینگلیزەکان بە بێ شەڕ چونە شارەوە. سلێمانیش بە هۆی شێخ مەحمودەوە بەبێ شەڕ ئینگلیزی تێهاتبو. لەبەرئەمە ئەیانوت کە دوای شکستی لەشکری یۆنان بەرامبەر بە تورك، یەکێك لە داواکانی مستەفا کەمال سەندنەوەی ولایەتی موسڵ ئەبێ. هاتنی ئوزدەمیریش بۆ ڕەواندز لەبەر ئەم مەبەسەو بە درێژایی شەڕی تورکو یۆنان لە ئەنادۆڵ، ئەو (واتە ئوزدەمیر) لە کوردستانی موسڵدا خەریکی بلاوکردنەوەی ئەم "بیر"ە بو. هەر لەبەرئەمەش بە لامانەوە وا نیە کە سستی ئینگلیزەکانو دوایی نەدانیان بە مەسەلەی کوردستان تەنیا کەڵکی بە تورك ئەگەیاندو لە پێش ئەوەدا کە هەلێکی گەورە بە قەومی کورد بدۆڕێنێ حکومەتی بەریتانیای بۆ ماوەیەك ئەخستە گێرەو کێشەو لەوانە بو کە لە گەڵێ کاتی گرنگا ببێ بە هۆی بە ئەژنۆدا هاتنی ئینگلیز بەرامبەر بە مستەفا کەمال.

ئنجا بۆ ئەمە کە نەکەوتە "وێستاو"ێکی بەم جۆرەوەو بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان کەوتنەوە تەقەلاو ئەمجارە لە جێی شێخ مەحمود، حەمدی بەگیان هێنایە پێشەوە. بەلام لە بەینی حەمدی بەگو شێخ مەحمودا فەرقێکی گەورە هەبو. شێخ مەحمود بە ڕاستی زەعیمێکی کورد بو و لە کوردستانا ناسرابو. خاوەنی مێژویەکی پڕ لە کارەسات، لەناو عەشایری کوردا خاوەنی جێگەو مەقامێکی بەرزی دینیو دونیایی بو. هەزاران دەسوپێوەندو

مسکێن‌و لادێیی سوێندیان بەسەری ئەخواردو باوەڕیان بە پیرۆزی خانەوادەی کاك ئەحمەد هەبو. جگە لەمە شێخ مەحمود بە زمانی کوردی قسەی ئەکردو لە ڕێی پاراستنی کوردستانی عێراقا بەرامبەر بە ڕوسەکان شەڕی کردبو و خوێنی ڕژاندبو. و لە گەلێ کارەساتا بە ئازایی‌و شاسواری ناوی دەرکردبو. لەبەر ئەمانە، شێخ مەحمود بە ڕاستی یەکێك بو لە قارەمانە هەرە ناودارەکانی کوردستان.

هەرچی وەکو حەمدی بەگ بو لەگەڵ ئەوەشا کە لە خانەوادەیەکی مێژوینی وەکو بابان‌و خوێندەوارێکی بەرزی شارستانی بو، دیسانەوە زۆر بە کەڵکی کوردستانی ئەو ڕۆژە نەئەهات. لە پێش هەمو شتێکا زمانی میللی نەئەزانی. شارەزای وڵاتەکەی باو و باپیری خۆی نەبو. جگە لەمانە پیاوی سواری‌و شەڕو لەشکرگێڕی نەبو. ئەو بە شەکرلەمە بەخێو کرابو و لە ئاوریشم‌و لۆکەدا ئەنوست. بە چەند زمانێکی خوراوایی قسەی ئەکرد، بەڵام لەگەڵ لادێییەکی کورداو یا لەگەڵ سەرەك عەشیرەتێکا تەرجەمانی پێئەویست. ئەمیرێکی سالۆن‌و بە هەمو مانای وشە جەنتلمەن بو. بەڵام لەوانە نەبو کە بێنی ئەمیرێکی لەشکرگێڕ. ئەگەر کوردستانێك هەبوایە حەمدی بەگ بە یارمەتی ئینگلیز پێی هەڵئەسوڕا، بەڵام ئەو کوردستانە بە حەمدی بەگ دروست نەئەکرا. چونکە حەمدی بەگ بە هۆی زمان نەزانین‌و چاوپێنەکەوتنی وڵاتەکەو نەشارەزایی لە هەواڵی کورد، یەکێك بو لاڵ‌و کوێرو کەڕ. لەگەڵ ئەم هەمو بەرهەڵستانەدا چارە نەبو و بە هیوای خزمەتی مەسەلەی کورد بڕیارم دا کە بۆ حەمدی بەگ لەگەڵ لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردا هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بدەم لەسەر پەیمانێکی دابوم بە گەیشتنەوەم بۆ سلێمانی دەسم کرد بە تێکۆشین.

من بەشبەحاڵی خۆم لەو بیرەدا بوم کە ئەمە کارێکی ئاسان نیەو زۆرتر لەوانەیە کە ڕەنجێکمی بێسود بەولاوە ئەنجامێك نەبەخشێ. بەڵام ڕەوشتی ئینگلیزەکان وای ئەگەیاند کە جارێکی تر قەت ئاوڕ لە شێخ مەحمود نەدەنەوە. هەر من لەم باوەڕەدا نەبوم. لەو ڕۆژەدا ئەوانەی کە نزیك بە شێخ مەحمود بون ئەتوانم بڵێم هەمویان لە نەقسی ئەم باوەڕەدا بون. لەبەرئەمە

ویستمان کە خۆشەویستی شێخ مەحمود نەکەین بە بەرهەڵستی خزمەتی مەسەلەی کوردو لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکانا کەوتینەوە کار. لە ماوەیەکی کەما کۆمەڵە هاتە ناو. زۆری پێ نەچو زۆربەی لاوە نیشتمانپەروەرەکان، ئاغا، ئەفەندی، شێخو مەلا، بەگزادەکانی بابانو کاسبی ناوبازاڕ هەتا ئەگاتە سەرەکی عەشایرە ناودارەکانی وەکو پشدەرو جافو هەورامانو هەمەوەندو جەباری هاتنە کۆمەڵەوە. جێی ئینکار نیە کە لە پەرەسەندنی کۆمەڵەو هاتنی شێخانو سەیدەکانی بەرزنجەو قەرەداغو سەنگاو و سەرگەڵو و عەسکەرو ڕەئیسەکانی هەمەوەندو جافو پشدەرو هەورامانو جەباریا ماجید مستەفاو خوالێخۆشبو مەحمود جەودەتو سەی عەبدوڵڵای حاجی سەی حەسەن، بەشێکی گەورەو دەسێکی درێژیان هەبو. ئەم کۆمەڵە کۆمەڵەیەکی سیاسی نەبو و هێشتا تەشکیلاتێکی ڕێکوپێکو بە ڕێوشوێنی تیا نەکرابو. چونکە لە پێش هەمو شتێکا مەبەسمان یەکخستنی کوردەکانو بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتیو گیانی نیشتمانی بو لەناو ئەندامە یەکگرتوەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا. بەڵام تەنیا بۆ ئیدارەی کۆمەڵەو بۆ ڕێپیشاندان بە ئەندامەکان دەستەیەك لە لاوە بەکارو نیشتمانپەروەرەکان کە لە ٧ ئەندام پێکهاتبو، بە بێوچان خەریکبون. دوای دامەزراندنی کۆمەڵەکە بەمجۆرە بە ماوەیەك وردەوردە لەگەڵ هاوڕێکانا کەوتینە باسی ڕێکخستنی تەشکیلاتێکی تایبەتیو دامەزراندنی لق لە هەمو هەرێمێکدا کە چەند سەرەك عەشیرەتێکی لە کۆمەڵەدایەو یا بەشێکی خەڵقەکەی هاتونە کۆمەڵەوە. لەسەر ئەمە مەسەلەی سەرەکی کۆمەڵە هاتە پێشەوە. بە پێی کردەوەو تەقەلاکانم بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە، زۆری هاوڕێکان لەو باوەڕەدا بون کە من سەرۆکی کۆمەڵەمو یا پێویستە من ببم بە سەرۆك. بەڵام تێمگەیاندن کە من بیرم لەمە نەکردوەتەوەو وتم: ئەبێ لە لاوە سەرۆکێك هەڵبژێرین کە نەبێتە هۆی چەندو چونو تێکچون لەناو خۆمانا. ئنجا وتیان ئێستە شێخ مەحمودمان پێویست بو. وتم: ڕاستە بەڵام دەسمان بە شێخ مەحمود چۆن ئەگا؟ دوای گفتوگۆیەکی

تەواو و لە دوای گێڕانی چاو بە کونوقوژبنی کوردستانا و بیرکردنەوە لە گەورەکانی کوردو هەڵسەنگاندنی زروف و شەخسیەتی هەر یەکە لەمانە، من هەوڵم دا کە بیری هاوڕێکان لەسەر ناوی حەمدی بەگدا بوەستێنم. لەمەدا توشی ئەرکێکی زۆریش نەبوم. ماجد مستەفای دۆست و هاوپۆلی مەکتەبم[٥٣] کە یەکێك بو لە ئەندامە خوێنگەرمەکانی کۆمەڵە، بە درێژایی وەخت و لە هەمو کردەوەکانما لەگەڵ من بو. لەسەر واتەی ئەو بڕیارمان دا کە جارێکی تریش و لە ماڵی خوالێخۆشبو عەزمی بەگی باباندا، کۆبینەوە و لە لایەن سەرۆکی کۆمەڵ و حەمدی بەگەوە بە شێنەیی گفتوگۆ بکەین و بڕیارێکی لەسەر بدەن[٥٤].

ڕەفیق حیلمی

بەغدا

١٩٥٦/١٢/١٨

*     *     *

[٥٣] کە من و ئەحمەد ئاغا چوبوینە بەغدا، ئەوڕەحمان سەعیدو ماجیدو مەحمود جەودەتی ڕەحمەتی لە بەندیخانەدا بون. بەڵام کە گەڕامەوە سلێمانی ئەوان بەردرابون و لە دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا وەکو لە سەرەوە باسم کرد بە تایبەتی ماجیدو مەحمود زۆر بە گەرمی یارمەتییان ئەدام و لە پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵەدا دەستێکی درێژیان هەبو..

[٥٤] ماجید کە لە ئەستەمۆڵەوە بە "نامزەدی" نێررایە "ئەیاستە فانوس" من لە ئەستەمۆڵ بوم و ئەم وێنەیەی لەوێوە بۆ ناردبوم ١٣٣٠ڕۆمی.

# کوردستانی عێراق و
# شۆڕشەکانی شێخ مەحمود[1]

## کۆبونەوەمان لە ماڵی عەزمی بەگی بابان

---

[1] **سەرەتای بەرگی دوەم بەشی دوەم:**
لە سەرەتای بەشی پێشوی ئەم یادداشتەدا وتبوم: لەوەدا شکم نیە، کە "ئیدن" بەر شەپازلەی زەمان ئەکەویْو هۆشی دێتەوە بە بەرا. ئیمڕۆ کە بەشی چوارەمی (بەشی دوەمی بەرگی دوەم) یادداشت ئەخەمە ژێر چاپەوە، لەم وێنە کاریکاتۆریە باشترم بە بیرا نەهات کە بیکەم بە سەرەتا، سەرەتایەك کە پێویستی بە توێ (شەرح) کردنو درێژەپێدان نیە. سەرەتایەکی بێ زمانو بێدەنگ، بەڵام پڕ ماناو عیبرەت بەخش! تەنیا ئەوەندە هەیە کە باوەڕ ناکەم ببێتە هۆی کپکردنی دەنگی ئەوانەی کە ئینگلیز بە نەبەزو بە خوای سیاسەت! دائەنێن!..

١/١٧/٤٩٦

بستان الخس

ڕەفیق حیلمی
بەغدا ١٩٥٧/١/١٥

**نامەی کراوە بۆ هەندێ لە ڕەخنەگرە بەڕێزەکان:**
١–لە بەشی یەکەمی بەرگی دوەما هاتنە خوارەوەی سوڵتان وەحیدەدینی عوسمانی بە ١٩٤٢ دانراوە. دیارە کە ئەمە هەڵەیە، بەڵام لە کاتی ڕاستکردنەوەی چەوتەکانا بەرچاوم نەکەوتوە. دوایی مامۆستا سەجادی بەرچاوی خستمو فەرموی ئەبێ ١٩٢٤ بێ. من سوپاسی تێوردبونەوەکەی ئەکەم. بەڵام وەکو مامۆستاش فەرموی ڕاستەکەی ٩٢٤ نیە ٩٢٢ه.
٢–لە بەشی دوەمی بەرگی یەکەما ئەو زابتەی لە شەڕی (گۆیژە)دا کوژرابو بە ڕەشید عاسی خان م دانابو. دوایی کاك عارف سەعید (ڕەئیس عارف یا عارفەسور)، کە خۆی لەو شەڕەدا بوە، پێی وتم کە ڕەشیدی عاسیە خان نەبو، حسەینی حاجی مەلا محەمەدی عەتار بو، من لە کاتی ئەم شەڕەدا لە ڕەواندز بومو ئەم باسەم چۆن پێ گەیشتبێ وام نوسیوە. ئنجا چونکە مەبەس نوسینەوەی مێژو نیە نوسینەوەی یادداشتە لەم جۆرە شتانەدا کە نرخێکی ئەوتۆی نیە ئەوەندە قوڵم نەخوێندۆتەوەو نەمکۆڵیوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشا بڕیارم دابو بە ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە. وا ئێستە لە کەرکوکەوە نامەیەکیشم لە ڕەئیس کاك ئەحمەد فەهمی جوانڕۆییەوە بۆ هاتوەو ئەویش ئەڵێ لە دەربەندی بازیان، لە شەڕەکەی شێخ مەحمودا (ڕەحمەتی خوای لێبێ)، خۆی لەوێ بوەو ڕەشیدی عاسیە خان، لە بەردەمی ئەوا (لە بەردەمی ئەحمەد فەهمی)دا کوژراوە[1]. کەوابو حسەینی مەلا محەمەد لە شەڕی گۆیژەو ڕەشیدی عاسیە خان لە شەڕی دەربەندا کوژراون. سوپاسی کاك عارفو کاك فەهمی ئەکەین کە ئەمەیان بۆ ڕاست کردینەوە.

ڕەفیق حیلمی

ڕۆژی دوایی نانی نیوەڕۆمان لە ماڵی عەزمی بەگی باباندا بۆ کرابو. عەزمی بەگی خوالێخۆشبو هەرچەند یەکێك بو لە ئەندامە بەڕێزەکانی کۆمەڵەو زۆر خاوەن عەزمو جێیێ متمانە بو، دیسانەوەو لەسەر تکای خۆی نەخرابوە ناو دەستەی ئەو ئەندامانەوە کە کۆمەڵەیان ئەبرد بەڕێوە. بەڵام لە هەمو کاتێکا پرسی پێئەکراو لە بیروباوەڕو تەگبیرو ڕای کەڵکمان وەرئەگرتو ئەویش لەم لایەنەوە درێغی نەئەکردو بە گیانو بە دڵ لە یارمەتی دوا نەئەکەوت. هەر ئەو ڕۆژە لە ماڵی عەزمی بەگ بڕیارمان دا کە لە حەمدی بەگ نزیك بکەوینەوەو بە ناوی کۆمەڵەوە نامەیەکی بۆ بنوسین. لەم نامەیەدا ئەمانوت: کۆمەڵەی سەربەخۆیی (استقلال) لەبەرئەوە کە جەنابتان بە ئەمیرێکی کورد ئەزانێو لەم ڕۆژەدا یەکێکی لە ئێوە باشتری بە بیرا نەهاتوە کە خۆی لێ نزیك بخاتەوەو جێگەی سەرۆکی فەخری پێ ببەخشرێ، بڕیار درا کە تکاتان لێ بکا ئەم سەرۆکیە قبوڵ بفەرمونو لە حاڵێکا هاتو قبوڵتان فەرمو، داواتان لێ ئەکا کە لە بارەی حقوقی کوردەوە بکەونە کارەوەو بە تایبەتی بیری نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا بخەنەوە کە سەرکەوتنی سیاسەتی بەریتانیا لە عێراقاو بە تایبەتی لە کوردستانا بۆ ئیمڕۆ بەسراوە بە ئاوڕدانەوەیان لە کوردو بە دامەزراندنی حکومەتی کوردستانەوە. بەرامبەر بەمە کە حەمدی بەگ ئەم ئەرکە سیاسیە بگرێتە سەر شانیو لە ڕێی خزمەتی کوردا ئەم هەنگاوە باوێژێت، دەستەی بەڕێوەبەری (هەیئەی ئیدارە) کۆمەڵە ئەچوە ژێر پەیمانی ڕێکەوتن لەگەڵ حەمدی بەگداو بەڵێنی ئەدایە کە پەیوەندی تەواوی لەگەڵدا پەیا بکاو بۆ دانانی بەرنامەیەك کە ڕەوشتی سیاسی کۆمەڵەو حەمدی بەگ یەك بخا بە جۆرێ کە ئەو بیەوێتو لە جێگەیەکا کە خۆی بە باشی بزانێت ئامادەیە کە بە ناوی کۆمەڵەوە نوێنەرێ بنێرێتو گفتوگۆی لەگەڵدا بکا..

جگە لەمە هەر لە نامەکەدا ئەوەشی بۆ نوسرا، کە ئەگەر بێتو حکومەتی ئینگلیز لەمە زیاتر گوێ لە هاواری قەومی کورد بئاخنێو چاوی لە هەواڵی کوردستان بنوقێنێ. دور نیە کە بە هۆی پڕوپاگەندەی ئوزدەمیرو تورکەکانی

ڕەواندزەوە ناڕەزایی بەشی زۆربەی خەڵق لە ئیدارەی ئینگلیز شۆڕشی دوەمی کورد دەسپێبکاو جێی شك نیە کوردەکانی عێراق کە کەوتونەتە بەینی دو شۆڕشەوە، شۆڕشی مستەفا کەمال و شۆڕشی عێراق، بە هۆی پڕوپاگەندەی بەهێزی ئوزدەمیرو ناحەزەکانی ئینگلیز لەناو کوردو عەرەبا لەوانەن کە زۆر بە ئاسانی و بەبێ ئەرك هەڵسنە سەرپێ و بە زۆری چەك حەقی شەرعی قەومی خۆیان دەسبخەن!..

لێرەدا بۆ تێگەیاندنی خوێنەرە بەڕێزەکان لە ماوەی تێگەیشتن و جۆری لێکدانەوەی هەندێ کەس قسەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە: ئێمە لە هەمو گفتوگۆیەك بوبوینەوەو نامەکەشمان نوسیبو کە لە ناکاوا یەکێك لەوانە کە لەگەڵ کۆمەڵەدا پەیوەستیەکی کەمی هەبو، کردی بە ژورا. ئەوەندەی ئەزانی کە بۆ باسی کوردایەتی کۆبوینەوە. بە هەناسەی سواریا دیار بو کە بە هەڵەداوان هاتبو. بە پەلەپەل و پچڕ پچڕ قسەکانی ئەکرد. وتی تکاتان لێ ئەکەم کارێکی وا مەکەن بۆ سبەی ڕۆژ خراپەی لێ پەیا بێ. چونکە ئاگاتان لە دونیا نیە لەوانەن خۆتان بە قەڵبەیەکا بدەن! ئەمەی وت و لە گیرفانی ژمارەیەکی لە "ڕۆژنامەی نەجمە"[٢] دەرهێنا. ئنجا ئەموستی نایە سەر باسێك لە ڕۆژنامەکەداو وتی فەرمو بیخوێننەوە! دەستەیەکی ٥٠ نەفەری عەسکەری تورك هاتونە (سەقز) بۆ کڕینی دەغڵ بۆ لەشکری خۆیان لە تورکیا.. ئەمە باسەکە بو جەنابی میر ئەم باسە گرنگەی لە ڕۆژنامەی نەجمەدا خوێندبوەوە بۆیە هەناسەی سوار ببو. بە هەڵەداوان خۆی کردبو لە ژورا کە ئەمە بە ئێمە بڵێت. و لە هەواڵی دونیامان ئاگادار بکا. بەڵی بۆیە هاتبو کە بزانین ئەوا تورك سەرەتایان گەیشتوەتە سەقزو زۆریان نەماوە بگەنە لای ئێمەش. لەبەرئەوە ئەبێ ئیتر باسی کوردو کوردستان بخەینە لاوەو چاو ببڕینە ڕێ، کە تورکەکان نزیك کەوتنەوە بچین بە پیریانەوە!!..

هەر جەنابی میر! لەم فیکرەدا نەبو. بەڵکو لە کاتێکا کە ئێمە خەریکی دامەزراندنی "کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان" بوین، هەندێ کەس، تەنانەت

---

[٢] نەجمە جەریدەیەکی تورکی بو کە لەو دەورەدا لە کەرکوك دەرئەچو.

زۆریش لەوانە کە لە پێشا زابتی تورك بون، بەشێك لە موچەخۆرەکانی میری (مەئمور) دەوری عوسمانی، پڕوپاگەندەیان دەربارەی ئێمە ئەکردو تەقەلایان بۆ تورك ئەدا. لەمانە هەندێکیشیان ڕاستەوڕاستو یا بە هۆی دەسوپێوەندو کەسوکاریانەوە لە بەینی سلێمانیو ڕەواندز، ڕێگەی هاتوچۆیان گرتبوە بەرو دەنگوباسی شارەکانیان بە ئوزدەمیر ئەگەیاندو هەر ئەم جۆرە کەسانە دوابەدوا بەرنامەی بە تورکی نوسراوی ڕاسپێریەکانو تەعلیماتی تایبەتی ئوزدەمیریان ئەهێنایە سلێمانیو ڕانیەو کۆیەو هەولێرو کەرکوكو بڵاویان ئەکردەوە..

ئەم تەعلیماتە بە تورکی لە چاپدراوانەی ئوزدەمیر بە لای تورك دۆستەکانەوە لەگەڵ ئایەتو حەدیسدا چەپی نەبو. ئنجا میر! یەکێك بو لەوانە. لەگەڵ ئەمەشا چونکە لە سەرێکەوە بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ عەزمی بەگی خوالێخۆش بو و پەیوەستییەکی تایبەتی لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی هەبو، بە بیری ئەوەش کە لە تورکدۆستەکان دوربخرێتەوەو وردەوردە بەلای کوردایەتی ڕاستەوڕاست پاڵپێوەبنرێت جارێ هەر بە ناو کرابو بە ئەندام. بەڵام ئەو خۆی ئەوەندە مەیلی ئەمەی نەئەنواندو زۆر لە کۆمەڵە نزیك نەئەکەوتەوە. لەبەرئەمە کۆمەڵەش لە کاروباری نهێنیا ئاگاداری نەئەکرد.

تەنانەت بۆ کۆبونەوەکانی گشتی کۆمەڵەش نەئەهاتو پرسی پێ نەئەکرا. لەبەرئەمە مەبەس لە کۆبونەوەکەی ئەو ڕۆژەمان چیە نەیزانیو بێ ئەوە ئاگادار بکرێ نامەکە بۆ شەو بە ئەندامێکی کۆمەڵەدا بۆ حەمدی بەگ ڕەوانە کرایە بەغدا..

*　　*　　*

## ٥٣

## هاتنی حەمدی بەگ بۆ سلێمانی

زۆری پێنەچو بیستمان کە حەمدی بەگ بە ناوی گەڕانەوە دێتە سلێمانی. وەکو هیوامان لێ ئەکرد وا دەرنەچو و بە تایبەتی ئێمەی ئاگادار نەکرد. تەنانەت وەڵامی نامەکەشی بۆ نەنوسینەوە. بەمەدا بۆمان دەرکەوت کە هاتە سلێمانی ناتوانین بەو جۆرە کە پێویستە نزیکی بکەینەوە. وا دیاربو کە ئینگلیزەکان بەرنامەیان بۆ دانابو و ماوەیەیان نەئەدا بە دڵی خۆی بچێت بەڕێوەو یا لەوانە نزیك بکەوێتەوە کە متمانەیان پێ ئەکا. لەبەرئەمە کە هاتە سلێمانی نەچوە ماڵی عەزمی بەگی خزمی. بە تەگیری مێجەر سۆنی حاکمی سیاسی کرا بە میوانی ماڵی ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا. مەبەسیش ئەوڕەحمان ئاغا نەبو. لە ڕاستیا خرابوە ژێر چاودێری ڕەزا بەگی زاوای ئەوڕەحمان ئاغاوە کە لەو ڕۆژەدا حاکمی شاری سلێمانی و نزیکترین متمانەپێکراوی سۆن بو. لەبەرئەمە ئەوانەی ئەچونە لای حەمدی بەگ تەنیا خۆش و چلۆنییان لەگەڵ ئەکرد. وەکو میوانێکی ڕەسمی بێئەوەی لەگەڵی بکەونە گفتوگۆو باس و هەواڵێکەوە ئەهاتنە دەرەوە. ئەم حاڵە زۆر جێگەی داخی من و هاوڕێکانم بو. لەگەڵ ئەوەشا بە ناچاری لەگەڵ یەك دو کەسی ترا چوم و سەرم لێ دا. بە ڕموزو ئیشارەت ویستی ئەوەمان تێ بگەیەنێت کە دەسبەسەرەو کەوتۆتە داوەوە. بەڵام من بەمە دڵم ئاوی نەئەخواردەوە. چاوەڕێ بوم کە ئیشارەتێکی کۆبونەوە بکا. وا پیشان بدا کە ئەیەوێت چاوی بە ئێمە بکەوێت. زۆر بە داخەوە ئەڵێم کە هیچی دیار نەبو. بە ڕادەیەك کە باوەڕم نەئەکرد بەرامبەر بە حەمدی بەگی بابان دانیشتبم. ئنجا بیرم لەو ڕەنج و ئەرکە زۆرە کردەوە کە هیوایەکی گەورەم بە ئەنجامی هەبو. تێگەیشتین کە مێجەر سۆن دەسی خۆی وەشاندوەو لە پێشەوە کاری بە مەرامی خۆی ڕێکخستوە.

واتە لەگەڵ مەندوبی سامییا لەسەر ئەوە ڕێکەوتوە کە حەمدی بەگ لە سلێمانی بەبێ ئیشارەتی سۆن نابێ پەنجە بە ئاوا بکا. حەمدی بەگ بەهەر

مەبەسێك هەیە لە پێشەوە ویستی لەم ئیمتیحانە گرنگەدا سەرکەوێت و نقەی لە خۆی بڕی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشا وەکو لە پێشا وتبومان لە ئەنجاما هەر نەیبردە سەرو لە ئیمتیحانا دەرنەچو. سۆن هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە حەمدی بەگی بە دڵا نەچوبو. فیزی زلی ئەو لەگەڵ شەخسیەتی حەمدی بەگ یەکی نەئەگرتەوەو ڕێنەئەکەوت. چونکە حەمدی بەگ چەند بە ئەدەب بو ئەوەندەش نرخی خۆی ئەزانی و لەوانە نەبو بە چاوی بچوك تەماشای بکرێت. سۆنیش لە هەمو شتێ زیاتر قینی لەمە ئەبۆوە.

شکی تیا نیە کە حەمدی بەگ لەسەر ئیشارەی مەندوبی سامی لە بەغداوە هاتبوە سلێمانی. خەڵات و بەراتیشی لەگەڵ خۆی هانیبو. بە چەشنی ئەمیرێك ئەم خەڵات و بەراتە کە ئەیانوت سەعات و دوربین و دەمانچەو هەندێ شتی بە نرخی ترە بەسەر هەندێ لە ڕەئیس عەشیرەتەکان و پیاوانی ناودارا کە بێگوکان هەمویان لە دۆستەکانی حکومەت و متمانەپێکراوەکانی سۆن بون، بەش کرا. لەم گەشتەی حەمدی بەگدا ئەوەی کە جێی وتن بێ گەشتەکەی لای بەکر ئاغای سەلیم ئاغا، ڕەئیسی بەناوبانگی عەشیرەتی پشدەر بو. حەمدی بەگ لەم گەشتەدا یەکێك لە زابتە کوردەکانی خزمی واتە نوری بەگی حەمەد بەگی بابانی لەگەڵ خۆی بردبو. بابەکراغا لە ڕەئیسە دەسەڵاتدارەکانی پشدەرو لە کاروبارو سیاسەتی عەشایەرییا لەوانە ئەژمێرێت کە ئەزانن چۆن ئەجوڵێنەوە. لەگەڵ عەباس ئاغای مەحوداغای ئامۆزایا کە لەناو ڕەئیسەکانی پشدەرا یەکێك بو لە دۆستەکانی هاوپەیمانی شێخ مەحمود، ناکۆکی و ساردیەکی ڕواڵەت هەبو. بەڵام لەسەر ڕەوشتی عەشایری پشدەر، ئەم ساردیە قەت نەئەبوە هۆی ئەوە کە یەکێکیان لە ڕوی ئەوی تریانا بوەستێ. بە تایبەتی بابەکراغا لەگەڵ ئەمەشا کە تا ئیمڕۆ لایەنی ئینگلیزی بەرنەداوە لە ڕوی زرنگی و دانایی و فامیدەیی خۆیەوە لە چاو هەمو ڕەئیسەکانا و عەباس ئاغاشا مەقامی برا گەورەیی ڕاگرتوەو بە چاوێکی بەڕێزەوە تەماشای کراوە.. ئەوەش ئەبێ بزانین کە زۆر لە سەرەك عەشیرەتەکان و خانەوادە ناودارەکان لەناو خۆیانا و لە ژێرەوە لەسەر ئەوە ڕێ ئەکەون کە لە

عاست حکومەتا بن بە دو بەشەوە" واتە کە هەندێکیان لە حکومەت هەڵگەڕانەوە، هەندێکی تریان لە حکومەت نزیك ئەکەونەوە ولایەتی حکومەت ئەگرن و بەمجۆرە عەشیرەت و خانەوادەکەیان لە کاتی سەرکەوتنی حکومەتا لە شەڕو زیان ئەپارێزن. ئەم ڕەوشت و سیاسەتە لەناو هەمو عەشایرو خانەوادەکانا بینراوەو ئەبینرێت. تەنانەت شێخ قادری حەفیدیش برای شێخ مەحمود لە دوای هەندێ تەجروبە لەسەر ئەم دەستورە ئەڕۆیشت. ئەیویست کە ناحەزەکانی شێخ مەحمود بە دۆستی خۆیانی بزانن و بەمجۆرە خراپەو شەڕەیان بۆ برا گەورەکەی کەم بکاتەوەو لە کاتی تەنگانەدا بتوانێت بە کەڵکێکی بێت..

حەمدی بەگ لە گەشتی هەرێمی سلێمانی –شکی تیا نیە– کە بە دڵی خۆی نەگەڕایەوە. لە ترسی خەفیەکانی سۆن لە "کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان" نزیك نەکەوتەوەو وای زانیبو کە سۆن بەمە دڵنیا ئەبێ و لێی ئەگەڕێ. بەڵام سۆن وا بە ئاسانی هەڵنەئەخەڵەتاو هەمو شتێك وای دەرئەخست کە لە لای مەندوبی سامی دانی خێری پیا نەنابو. واتە نە کۆمەڵەی دەس کەوت و نە سۆنی پێ دڵنیا کرا. ئنجا لەبەرئەمە کە گەڕایەوە بەغدا دەنگی کز بو و کردەوەیەکی سیاسی لێ دەرنەکەوت. ئینگلیزەکانی بەغدا ڕویان لێ وەرگێڕابو و لەگەڵ حەمدی بەگ لە لایەن کوردستانەوە دەرگای باس و گفتوگۆیان داخستبو. لە ڕاستیا شتێکی ئەوتۆ نەبو کە ئینگلیزەکان لە حەمدی بەگ بتۆرێنێ و لە ڕوداو بە ئاشکرا لە گەشتی کوردستانی حەمدی بەگدا کردەوەیەکی وا ڕوی نەدابو کە بەمجۆرە ساردیان بکاتەوە. بەڵام جارێکی تر کە هاتمەوە بەغدا ئەمبیستەوە کە ساردی بەینی حەمدی بەگ و ئینگلیزەکان بە هۆی تورکەکانەوەیە. عیزەت تۆپچی (خوا لێی خۆش بێت) یەکێك لەوانە کە زۆر هاتوچۆی حەمدی بەگی ئەکرد، بۆی گێڕامەوە کە ئوزدەمیر پاشا! لەم کاتانەدا نامەیەکی بۆ حەمدی بەگ ناردوەو لەوەدا بۆی نوسیوە: *"ولایەتی موسڵ بە ئەنجام هەر ئەدرێتەوە بە تورك و یا بە زۆری چەك ئەسێنرێتەوە لەبەرئەمە ئینگلیزەکان خەریکی ئەوەن کە کوردەکان بدەن بە دەم ئاگرەوە. ئەبێ کوردەکان بزانن کە مەسەلەی کوردستان فێڵێکی*

*ئینگلیزەو بۆ یەکێکی وەکو حەمدی بەگ شیرین نیە ببێ بە کوتەکی دەستی ئینگلیزو یا بۆ تەماعی دونیا کە هیچ ئاقاجی پێی نیە فریویان بۆ بخوا..»* و هەر بە پێی قسەی عیزەت حەمدی بەگ بە نامەکەی ئوزدەمیر هەڵخەڵەتابو و بە نامەیەك وەڵامی دابۆوەو لەو نامەیەدا لە خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە تورك‌و پێویستی برایەتی قەومی کوردو تورك دوابو.. ئینگلیزەکان کە بەتەما بون بە هۆی کوردەوە ئوزدەمیرو تورکەکان لە هەرێمی ڕەواندز بکەنە دەرەوەو هەر بەم مەبەسە ئەیانویست حکومەتی کورد لە عێراقا زیندو بکەنەوە، دیارە کە ئەگەر ئەمە ڕاست بێ لە ناچاری ڕویان لە حەمدی بەگ وەرگێڕاوەو پشتیان تێکردوە. کە عیزەت ئەمەی بۆ گێڕامەوە من شتێکم بە بیرا هات. وتم نامەکەی ئوزدەمیر فێڵێکمی ئینگلیزەکان خۆیانەو بۆ تاقیکردنەوەی حەمدی بەگ ڕێکیان خستوە یا ئەو نامەیە ڕاستە، ئوزدەمیر نوسیویەو حەمدی بەگیش بەو جۆرە کە ئەیانوت وەڵامی داوەتەوە" بەڵام ئوزدەمیر کە لە فێڵبازیو مەکرا لە ئینگلیزەکان کەمتر نەبو بۆ تێکدانی بەرنامەکەی سیاسەتی ئینگلیز دەربارەی حەمدی بەگ‌و بۆ لەبەرچاوخستنی لە لای مەندوبی سامی وەڵامەکەی حەمدی بەگی بە هەر جۆرێك هەیە گەیاندۆتەوە دەس مێجەرسۆن. ئەگەر وا نەبێ پێویستە بڵێین کە یەکێك لەو کوردانەی حەمدی بەگ لە خۆی نزیك خستبونەوە ئاگای لە نامەکە بوەو ناڕاستیو خیانەتی دەربارە کردوە..

بە کورتی حەمدی بەگیش بە ئەنجام لە کایە کرایە دەرەوەو دوای ئەوەش دەسکرا بە پەلپ پێگرتنیو هەر موڵکێکی لە عێراقا هەیبو –بە جۆرێ کە ئەم یادداشتە جێی باسکردنی نییە– لێی داگیر کراو خۆشی سەری خۆی هەڵگرت‌و لە عێراق چوە دەرەوە[٣] ئینگلیزەکانیش بەمجۆرە لە لایەن مەسەلەی کوردو دامەزراندنی حکومەتی کوردستانەوە ئەمجارەش بە منجەمنج جوڵانەوە، هەلێکی تری گەورەیان لە دەس دا!..

---

[٣] دور نیە کە لە هەڵکەوتێکا بە درێژی باسی داگیرکرانی موڵکەکانیو لە عێراق چونە دەرەوەیو ژیانی سەخت‌و تاڵی ناچاری حەمدی بەگتان لە لەندەن بۆ بگێڕڕێتەوە.

*    *    *

## ٥٤

کۆمەڵـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە عاسـت ئـەم ئەنجامـەی حەمـدی بـەگ و پڕوپاگەنـدەی بـەهێزی ئـوزدەمیرو دەسـتەو دائیرەیـا کـەوتبوە ئێسـتگەیەکی گرنگەوەو سەری لیَ شێوابو. جڵەوی ئەوانـەی شۆڕشێکی بە چەکیان پیَ ئەکرا وردەوردە ئەکەوتە دەس ئوزدەمیرەوە. دەستەی نیشتمانپەروەرە خوێندەوارەکان بـە تـەعبیری ئـەو ڕۆژە منـەوەرەکان لـە ڕاسـت بێقـەراری سیاسـەتی ئینگلیـزو پروپاگەندەی تورکا لە چاوەڕێکردنی هەل بەولاوە هیچیان بۆ نەمابۆوە. ئوزدەمیر لە کورد ببو بە "شێخ الاسلام!" وای بردبوە مێشکی زۆربەی عەشایرو خەڵقی دێهاتـەوە کـە کوردسـتان مادەیـەکی زەهراویـە بـە دەس ئینگلیـزەوە. بـۆ نـاکۆکی پـەیاکردن خراوەتـە سـەر زمـانی موسـڵمانە سـافیلکەکانەوە. کـوردو تـورك بـرای یـەکترین، دینو ئاینیـان، قیبلـەیان باوەڕیـان بە قورئان یـەکی خسـتون. ساڵەهای ساڵ لە ژێر یـەك ئاڵا پێکـەوەو لـە خـاکی ئەم وڵاتـەدا ژیاونو خاوەنی مێژویـەکی هـاولاتین.. ئـەو وڵاتـە کـە زۆری پێناچـێت ئـەبێ بگەڕێتـەوە باوەشـی دایکـی نیشـتمانی گـەورە، واتـە باوەشـی تـورك!. بـەختیش تـا ماوەیـەکی زۆر لەگـەڵ ئوزدەمیر بو. سۆن بەینێك بو بە ناوی ماندوحەسانەوەو یا بە یەکجاری سلێمانی بەجیَ هێشتبو.

لـە ئـەیلولی ٩٢٢ شـدا لەشکری مستەفا کـەمال بەرامبـەر بـە لەشکری یۆنـان بـە تەواوی سەرکەوت. بەمە ناوی ئوزدەمیر لە کوردستانی عێراقا ئەوەنـدەی تـر بـڵاو بۆوەو دوای شەڕەکەی کوردو ئینگلیز لە نزیك دەربەندی ڕانیە، ماوەی دەسـەڵاتی تـا ئـەم شـارە (ڕانیـە)و تـا دەوری قـەڵادزەو زۆربـەی عەشـیرەتی پشـدەر، پـەرەی سـەند. تەنانـەت گەیشـتە ڕادەیـەکی وا کـە دەنـگ هـەبو بـە یارمـەتی کـەریم بـەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو عەباس مەحمود ئاغاو دەستەیەك لە عەشیرەتی پشدەر تاو بداتە سەر سلێمانی.

* * *

## ٥٥

# شەڕی کوردو ئینگلیز لە دەربەندی ڕانیە

من وەکو لە دوای ئەم باسە ئەیگێڕمەوە لە ١٩٢١دا چومە کەرکوك‌و نزیکەی پێنج مانگێك لە مارتی ١٩٢١وە تا ئاغستۆسی ٩٢١ لەوێ ماوە. هەرێمی سلێمانی تا ڕەواندز بەرەو ئاژاوە ئەچو و سەرەتای ئاشوب‌و شۆڕشێکی گەورە خۆی دەرخستبو. کاتێ کە گەڕامەوە سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشا کە لەناو شارا هەواڵ بە دڵی ئینگلیزەکان بو، هەواڵی دەرەوەو عەشایر –بە تایبەتی لە هەرێمەکانی سەنگاو و چەمچەماڵ‌و ڕەواندزو ڕانیە– تا ئەهات زیاتر ئەوروژاو گەردەلولی شۆڕش زیاتر هەڵی ئەکرد.

تۆپی هەمەوەندەکان‌و بەشێکی پشتدەر لە حکومەت یاخی بون. کەریمی فەتاح بەگی ڕەئیسی هەمەوەند دوای کوشتنی کەپتەن بۆندو کەپتەن ماکن خۆی هاویشتبوە باوەشی ئوزدەمیرەوەو لەو ناوەدا ئاگری ئەنایەوە. ئینگلیزەکان ویستیان ئەم ئاگرە بکوژێننەوەو هێزە کرێگرتەکەی سلێمانییان "لیوی" ناردە سەریان. بەلاّم زو بیریان کەوتەوە کە ئەم هێزە بەرگەی کوردەکان ناگرێ. لەبەرئەوە دوابەدوای ئەوان لە عەسکەری سیك‌و هندۆ لەشکرێکی تریان نارد بە هاواریانەوە. هەردو هێزەکەی ئینگلیز لە نزیك دەربەندی ڕانیە لەژێر سەرەکی کەریم بەگ‌و عەباس مەحمود ئاغاو غەفور خانی ناودەشتا، توشی بێچوە شێرەکانی کورد هاتن (٢٣ی ئەغستۆسی ٩٢٢). من کە بەینێك بو گەڕابومەوە سلێمانی چەند ڕۆژێك پێش شەڕەکەی ڕانیە، بە سەردانی مامەکانم چوبومەوە کەرکوك. لەوێ دەنگی شکستە گرنگەکەی لەشکری ئینگلیزم بیستەوە. "لیوی"یەکان‌و عەسکەرە هندییەکان لە لایەن سوارە سوکەڵەو ئازاکانی پشدەرو هەمەوەندەوە خراپ شپرزە کران‌و چەقینە قوڕو چڵپاوی ناو مەرەزەکەی دەشتی ڕانیەوە. دوایی بە پەلەپڕۆسکێ‌و لەژێر پارێزگاری فڕۆکەکانی ئینگلیزاو بە

ئەرکێکی زۆر، ئنجا سەریان دەرکردبوو لە دیلی خۆیان پێ ڕزگار کرابو (١ی ئەیلولی ٩٢٢).

لە دوای ئەم شکستە گەورەیە ئینگلیزەکان ئیتر چارەیان نەمابو. لە نیوەڕۆ جنوب و باکوری عێراقا بڵێسەی ئاگری شۆڕش بەرز ئەبۆوەو پەرەی ئەسەند. حکومەتی بەریتانیا لەو ساڵەدا لە ئێستگەیەکی گرنگا وەستابو. لە ناو وڵاتی بەریتانیا خۆیدا کاروبار باش نەئەڕۆیشت. مەسەلەی شێواوی ئابوری بەرهەڵسەتیەکی گرنگ و گەورە بو لە پێش دەمی کاربەدەستەکانا. خەڵق (شەعب) لە شەڕ خۆی ئەپاراست، چونکە لەژێر باری پێویست و تەکالیفی شەڕا پشتی نوشتابۆوەو هێزی هەڵگرتنی ئەم بارە قورسەی نەمابو. ڕۆژنامەکانی لەندەن دەربارەی وەزارەت و کاربەدەستان بە دەنگێکی بەرزو بەهێزەوە ئەیانقیژاندو هەڕەشەیان ئەکرد. وەزارەتی ئینگلیز لە عاست ئەم هەڵمەتانەو کارەساتی گرنگی کاتدا، سەری لێشێوابو و گێژبوبو.

## موئتەمەری ئینگلیزەکان لە قاهیرەو باسی مەسەلەی کوردو عەرەب

چەرچڵ تازە هاتبوە وەزارەتی موستەعمەراتەوە. بۆ گفتوگۆ لە دەربارەی کاروباری وڵاتەکانی عەرەب و عێراق بەینێك لەوەبەر لە ساڵی ١٩٢١، مەندوبە سامییەکانی وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لە قاهیرە کۆکردبوەوە. لەم کۆبونەوەیەدا کە لە ژێر سەرەکی چەرچڵ خۆی کرابو لەناو باسەکانی ترا باسی کوردی عێراقیش هاتبوە پێشەوە. بە بۆنەی بڕیاردان بە دانانی حکومەتێکی نیشتمان بۆ عەرەبەکانی عێراق کە ببێتە هۆی دامرکانەوەی شۆڕش، لەوەش دوابون کە لە بیری شۆڕشگێڕەکانی کوردیش بگەن و بزانن کە ئەگەر لەگەڵ عەرەبەکانا پێکەوە لکان یان ڕێنەکەوێت لێیان (واتە لە عەرەب) جیا بکەنەوەو بۆ کوردیش بڕیاری حوکمێکی تایبەتی بدەن.. ئەمانە هەمو ئەوەی ئەگەیاند کە حکومەتی بەریتانیا هاتبوە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا بە هێزی چەك ئەم وڵاتە (وڵاتی عەرەب و کورد)ی بۆ ئیدارە ناکرێ. ئەوەش لەوێ بێ کە هێزەکانی لە

کزیدا، هەواڵی ئابوری وڵاتەکەی خۆی لە "وەستاو"ێکی جێی داخ و لێکدانەوەدا، خەڵقەکەی بەریتانیا لە حاڵێکی پەرێشان و ناخۆشا بو و کردەوەکانی حکومەت و سیاسەتەکەی دەرەوەی نەئەسەلماند. لەبەر ئەمانە ئینگلیزەکان لە قاهیرە بڕیاریان دابو کە لە عاست شۆڕشگێڕەکانا هەر بە هەڕەشەی هێزو بەکارهێنانی چەك نەجولێنەوە.. دوای ئەم موئتەمەرە بە ماوەیەك فەیسەڵی یەکەم وەکو لە جێی خۆیا بە درێژی باسی ئەکەین کرا بە مەلیکی عێراق (٢٣ی ئەغستۆس ٩٢١). بەڵام کوردەکانی هەرێمی سلێمانی و زۆربەی کوردەکانی شارەکانی تریش لە هەڵبژاردنی مەلیکدا دەنگیان نەدابو. لەبەر ئەمەو هەمو ئەو هۆیانە کە لە سەرەوە هۆنیمانەوە لە کاتێکا کە لە نیوەڕۆی (جنوب)ی عێراق و لە بەغدا، بە بیانوی داوای لابردنی ئینتیدابەوە، عەرەبەکان خەریکی نانەوەی شۆڕش بون و بە بۆنەی جەژنی یەکەمی "تاج لەسەرنان"ی فەیسەڵی یەکەمەوە "کەوکس" کە چوبوە (قەسر= بەڵاط ٢٣ی ئەغستۆسی ٩٢٢) دەربارەی خۆی و حکومەتی بەریتانیا لە لایەن هەندێ لەوانەوە کە لە دەوروپشتی و حەوشی "بەڵاط"دا وەستابون هەندێ قسەی سوکی لە بەردەما کرا، هەواڵ گەیشتە ڕادەیەکی گرنگ و جێی دەرەك.

لەسەر ئەمە کەوکس بە بیانوی نەخۆشی لە ناکاوی مەلیکەوە[٤] حوکمی گرتە چنگی خۆی و دەسی کرد بە داخستنی ڕۆژنامەکان و بە گرتنی نیشتمانپەروەرەکانی عەرەب و ناردنیان بۆ دەرەوەی عێراق. لە کاتێکا ئەمە هەواڵی بەغداو دەرەوەی بەغدا بو لە هەرێمەکانی خۆرهەڵات و باکوری عێراق، واتە لە کوردستانا وەکو باسمان کرد هەواڵ لەمە باشتر نەبو. ئەگەر لە مێژوی ٢٣ی ئەغستۆسی ٩٢٢ ورد بینەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە لە ڕانیە شکستی لەشکرەکانی ئینگلیز بەر ئەو ڕۆژە ئەکەوێ کە لە بەغدا کەوکس دەمار گرتبوی! ڕەوشت زۆر خراپی ئەنواندو ئیتر چارە نەمابو و پێویست بو کە تا زوە مەسەلەی

---

[٤] باسی هەرای ڕۆژی جەژنی یەکەمی "تاج لەسەرنان"ی مەلیك و ئەوانەی "کەوکس"ی مەندوبی سامییان تورە کردبو لەگەڵ کردەوەکانی "کەوکس"، لە دوای نەخۆشی لە ناکاوی مەلیك، لە جێی خۆیا بە درێژەوە بۆتان ئەگێڕینەوە..

کوردسـتانی عێـراق بـە ئـەنجامێك بگەیـەنرێت! کـەوکس لـەو نامەیـەدا کـە دوای مردنی میس بیل[٥] بۆ دایکەکەی نوسیبو، لەگەڵ بەسـەرهات و کارەساتەکانا کە لە کاتێکا خۆی مەندوبی سامی بو ڕوی داوەو بۆ چارەکردن لـە ژێریـی میس بیل و ئەقڵ و تەگبیری کەڵکی وەرگرتوە، ئەگێڕێتـەوەو ئـەڵێ: *"دوای شکستـی لەشکری "لیـوی" و "هنـدی" یەکـەمان لـە نزیـك ڕانیـە، بڕیارمـان دا بـە کێشـانەوەی هـەمو ئینگلیزەکان لە سلێمانیەوە بۆ بەغدا"* . لە دوای ئەمەوە باسی ئەوە ئەکا کە ئەمانە چۆن بە فڕۆکەکانی ئینگلیز لە ماوەی تاقە ڕۆژێکا بێئەوەی بشڵەژێن یا دوابکەون بـە جـۆرێکی ماهیرانـە! گوێزرانـەوە بەغـداو ئەمـە بـە کـارێکی زۆر گـرنگ و جێـی سوپاس و شانازی ئەژمێررێ بۆ هێزی فڕۆکەو بـۆ فڕۆکەوانـە بـەکارو بەخرنـەکانی ئینگلیز[٦]. لێرەدا ئێمـە شیعرێکی گـەپاوی (هـەزەلی) شـاعیرێکی عـەرەب هاتـەوە بـە بیرمانا کە ئەڵێ:

ففي الهيجاء ما جرَّبت نفسي

ولكن في الهزيمة كالغزالِ

با لە باسەکەمان لا نەدەین. حکومـەتی مـەلیك فەیسـەڵی یەکـەمیش لـەو کاتـەدا لەوانـە نـەبو کـە بەربەسـتدانەوەی شـۆڕشـی کـورد بگرێتـە ئەسـتۆی. لەبەرئـەوە

---

[٥] میس بیـل لـە ١٩١٦ هـەتا ١٩٢٦ لـە بەغدا بـە نـاوی "سکرتێرەی کاروبـاری خۆرهـەڵات"ەوە لـە دائیرەی "مەنـدوبی سـامی عێـراق" لـە بەغدا لەگەڵ سێر پەرسـی کـەوکس و سێر هـانری دۆبس خزمەتی کردو لە ١٩٢٦دا لە بەغدا مرد. پێش ١٩١٦ش بـەینێکی زۆر لـە دەشت و بیابانـەکانی "جزيـرة العـرب"، لـە نەجدو لـە سـوریەو لـە عێـراق گەشـتێکی دورو درێـژی کردبـو و شـارەزای هەواڵی هەمو وڵاتی عەرەب بو. زۆری لە گەورەکان و سەرەك عەشیرەتەکان ئەناسی. لەبەرئەوە لە دائیرەکـانی "ئیسـتعلاماتی" بـەریتانیا لـە بەسـرەو دوای ئـەوەش لـە دائیرەی مەنـدوبی سـامی لـە بەغدا لـە ڕوی شـارەزایی و وریـایی خـۆی و ئاگـاداری لـە هـەواڵ و لـە پیـاوان، مـاوەی ١٠ سـاڵ یارمەتی گەورەی کەوکس و هانری دۆبس ی داو بە مانایەکی تر خزمـەتی سیاسـەتی بـەریتانیا و وڵاتەکەی خۆی کرد.

[٦] نامەی باسکراوی کەوکس لە کتێبی "صـفحة مـن تـاريخ العـراق الحـديث"دا لـە لایـەن مامۆسـتا "بشیرو فرجۆ" وە کراوە بە عەرەبی.

سلێمانی بە جارێ بێ حکومەتو لە ڕەواندزەوە تا سلێمانی باکورو خۆرهەڵاتی عێراق[٧]. کەوتە دەرەکەوەو لەژێر هەڕەشەی هەڵمەتی دەستەی ئوزدەمیرو ئەو لەشکرە کوردەدا مایەوە کە دوژمنی ئیدارەی ئینگلیز بون. بەڵام گەورە ناودارەکانی ئەو ڕۆژەی سلێمانی بە ڕاستی پیاوانە هاتنە پێشەوەو دەسبەجێ لە مەکتەبەکەی ئەعدادی زەمانی عوسمانیا کۆبونەوەو بە ناوی مەجلیسی میللییەوە لەژێر سەرەکی شێخ قادری حەفیددا هەیئەتێکیان هەڵبژراد کە تا ئاسۆی سیاسەت ڕون ئەبێتەوەو حکومەتێکی شەرعی کوردو خاوەن دەسەڵات دائەمەزرێ لە لایەکەوە شارەکە لە ئاشوبو ئاژاوە بپارێزێتو کاروباری خەڵق ببا بەڕێوە لە لایەکیشەوە بەرهەڵستی ئەوە بکا کە هێزەکانی تورك یا عەشایری کورد بە هەڵە نەچنو هەڵمەت بەرنە سەر سلێمانی!..

* * *

## ٥٦

## ئەنجامی کۆمەڵەی سەربەخۆیی

کۆمەڵە –لە ڕاستیا– کە تەنیا بەڕێوەبەرەکانی هەیئەتی ئیدارەو ئەوانەی لە شارا بون بە ڕێکوپێکیو بە دەوام یەکتریان ئەبینیو یا کۆئەبونەوە" چونکە لەسەر بنجێکی بەهێز دانەکوترابو و بەرنامەیەکی نوسراوەی نەبو لە سەری بڕواو

---

[٧] بەم بۆنەیەوە ئەمەوێ لێرەدا وەڵامی ئەو برا کوردە بدەمەوە کە بێ ئەوەی ناونیشانی خۆی بدا نامەیەکی بۆ نوسیبومو لەو نامەیەدا فەرموبوی کە کوردستانم ناو ناوە شیمالی عێراق کە ئەمە ڕاست نیەو هەر برا کوردەکەمان ئەڵێ: چونکە کوردستان تا کێوەکانی حەمرینو بەم لاتریشەوە درێژ ئەبێتەوە.. وەڵامی من بۆ برا خۆشەویستە دڵسۆزەکەمان هەر ئەوەندەیە: کوردستان تا بناری بەغداش بێ مانای ئەوەیە کە کەوتوەتە شیمالی عێراقەوە. هەروەها کە وتمان تورکیا کەوتوەتە شیمالی عێراقەوە مەبەسمان ئەوەیە کە لە سنوری شیمالی عێراقە، نەك مەبەسمان ئەوە بێ کە تورکیا لە شیمالی عێراقە. هەروەکو ئەتوانم بڵێم ئەو تەعبیرەش ئەوەندەی تەعبیرەکەی ئێمە ڕاست نییە. چونکە تورکیا لە ڕاستیا نەکەوتوەتە شیمالی عێراقەوە؟ نازانم حاڵیبون ئەڵێم چی؟

باوەڕ پێکراوێکی گشتیو یا سەرۆکێکی بە وەزنو سەنگینی بۆ دانەنرابو، واتە هێشتا تەنیا هەر گەلاڵە کرابو و بە نیزامو بەرنامەیەکی پوختو هەڵسەنگێنراو نەئەبرا بەڕێوە" جگە لەمەش لەبەرئەوەی کە ئەو حەوت ئەندامەی کۆمەڵەیان بەڕێوە ئەبرد، جارێ تەنیا بیریان لەوە ئەکردەوە کە منەوەرەکانی ئەو دەورەو ئەهالیو ئەمانەش لەگەڵ سەرەك عەشیرەتەکانی دوژمنو ناحەزی ئینگلیز لەیەك نزیك بخەنەوەو بەمجۆرە هەستی قەومی لەناو هەمو دەستەو هۆزو پولێکی شاریو دێهاتیو عەشایرا بڵاو بکەنەوەو لەمانە "گەل"ێکی خاوەن هەستی قەومیو بیرو باوەڕێکی پوختو یەك جۆرو بێ توێکڵ بێننە ناوەوە" بەڵێ لەبەر ئەوە کە دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە بەتەما بون دوای ناسینی هەمو ئەوانە کە لە شارەکانو دێهاتو لەناو عەشایەرنو دوژمن بە ئینگلیزەکانو چارەیان ناوێو دوای هەڵسەنگاندنو تاقیکردنەوەیانو بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەکی بەتینو بەهێز بە ناویانا دەربارەی مەسەلەی کورد بۆ ژیاندنەوەی هەستی قەومیو شعورێکی گشتیی کوردایەتی یەکیان بخەنو ئنجا ئەوانە کە جێی متمانە بنو هیوای کەڵکیان لێ بکرێ بیانگرنە ژێر ئالاّی کۆمەڵەوەو بەرنامەی سیاسی کردەوەی کۆمەلاّیەتییان بۆ دابنێن.

واتە لەبەر ئەمە کە لە کاتی گەلاّڵەکردنی کۆمەڵەدا بێئەوەی گیروگرفتی تیا بکەینو لە چەند چۆن بنواڕین ئەندامانی دواڕۆژی کۆمەڵەمان هەڵبژاردبو. ئەمانە لە وێنەیەکی گشتیا لە کەسانێ بون کە پلەی زانیاریو تێگەیشتنیان، بیروباوەڕیان، هیواو ئامانج، تەمەنو ناونیشانو ناوچەی کۆمەلاّیەتییان — بەکورتی— هیچ شتێکیان یەك نەبو و جیاوازیو (تەفاوت)ی زۆرو یا کەمیان لە بەینا هەبو. بەڕێوەبردنی کۆمەڵەیەکی وا لە کاتێکا جولاّنەوەو ڕاستبونەوەی گشتی یا کردەوەیەکی گرنگی قەومیو سیاسی پێویست بێ کارێکی ئاسان نەبو. لەبەر ئەمەو بە تایبەتی چونکە لە پێشەوە مشور نەخورابو و ئەنجامی بێ سەرۆکیو متمانە پێکراوێکی گشتی بە بیرا نەهاتبو هەر بەوە کە حەمدی بەگ لە کایە کرایە دەرەوەو شکستێکی خەیاڵ وروژمی هێناو بە جارێ دەستەی

بەڕێوەبەری کۆمەڵەی سارد کردەوە. بە هیوای سەرۆکیی حەمدی بەگ هەروەکو لە لایەن نیزامی بەڕێوەبردنەوە کەمتەرخەمی کرابو مشوری متمانەپێکراوێکی گشتیو یا دانانی سەرۆکیش بە بیرا نەهاتبو.

ئنجا کە دەس لە حەمدی بەگ شۆرا ئەوە نەهات بە بیرا کە هەیئەت لەناو خۆیا زەعیمێك دروست بکا. تازە کاتی ئەوە بەسەر چوبو! بیر لە دۆزینەوەی گەورەیەك لە لاوە –با بۆماوەیەکی کەمیش بێ– ڕوی بە ئێمە وەرگێڕابو و لە واقعی چوبوینە دەرەوە. دوای خەیاڵ کەوتبوینو بە تەقالیدەوە نوسابوین. ئەوەمان لێك نەدایەوە کە کۆمەڵەو یا هەئیەتی ئیدارە ئەیتوانی زەعیم دروست بکاو زەعیمێك کە لەناو خۆیا هەڵئەقوڵا زیاتر جێی هیواو شایستەی پەرستنو متمانەیە!.. بەڵێ ڕاست بو کە کۆمەڵە ئاتاجی یەکێکی وەکو حەمدی بەگ بو و ئەگەر سەری بگرتایەو ئەو جێی سەرۆکی کۆمەڵەی پڕ کردایەتەوە لەوانە بو کۆمەڵە لەژێر باڵیا کۆ ببێتەوەو لە ناوچەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسیا لەناونیشانی حەمدی بەگ، سودێکی دەسکەوێ. بەڵام ئەمە ڕێنەکەوتو لەناو ئەندامە وریاو خوێنگەرمەکانیشا بیر لە دانانی سەرۆکێك نەکرایەوە. لەمەشا تا ماوەیەك حەقیان بە دەس بو. چونکە –داخەکەم– ئەوانە کە بە لای دەستەی نیشتمانپەروەرەکانەوە بە کەڵکی هەڵسوڕاندنی کۆمەڵە ئەهاتنو جێی هیواو متمانە بون لە ناوچەی عەشایرا ئەوەندە نەناسرابون. ناوچەیەکی کۆمەڵایەتی گشتیان پەیا نەکردبو.

ئنجا هەمو ئەیزانین کە تەنانەت ئیمڕۆش زۆربەی خەڵق لە وڵاتەکەمانا – با پوچو بێکەڵك یا نەخوێندەوارو نەفام هەڵخەڵەتێنەریش بێ– بە ناونیشانی میریو یا خانەوادەیی فریو ئەخۆنو زیاتر شوێن ئەو جۆرە کەسانە ئەکەونو ئەگەر باشەکانی ئەم پۆلە پیاوانە لێم ببورن ئەڵێم کە ئەچنە ژێر داوی فڕوفێڵیانەوەو بە تەڵەیانەوە ئەبن. بەڵێ لە ڕوی ئەم باوەڕە سافیلکانەیەوە کە زۆربەی خەڵق –بە تایبەتی لەو ڕۆژەدا– لە سەری بونو لەبەر ئەوە کە ئێمە بە هیوای سەرۆکی کوردێکی میرزادەی وەکو حەمدی بەگ بوینو لە ناکاوا لەکیسمان چوبو، و ئەگەر ڕاستان ئەوێ لە ڕوی ئەوەی کە هەر من بم ئەنانیەت

لەناو کوردا مۆدەیەکی کۆنەو یەکێکە لەو هۆیانەی کە لە زۆری ئەو هەلانەدا بۆمان هەڵکەوتوە بوە بە بەرهەڵەستی گەیشتنمان بە ئامانج و دورکەوتنەوەمان لە سەرکەوتن، ئەو ڕۆژەش بو بە هۆی سەرلێشێوانی بەڕێوەبەرەکانی کۆمەڵەو ساردبونەوەیان. لەوانەش نەبون کە چارەسازی ئەو ساردیە بکەن و ڕێی ئەوە بدۆزنەوە کە لەسەر بناغەیەکی تازەو بەرنامەیەکی باشتر بکەونەوە کار. بەم ڕەنگە بناغەی کۆمەڵە کە هەر لە پێشا زۆر باش دانەڕێژرابو، سەهۆڵی ئەم ساردیە بە جارێ هەڵی تەکاند. ئەوانەی خەڵقی دەرەوە لێمان تەکینەوە. هینەکانی شاریش وردە وردە لە یەك دور ئەکەوتنەوە. هەندێکیشیان –دوای پرسێکی ڕواڵەت بە یەکتری و وەرگرتنی بەڵێنی ڕەزامەندی هاوڕێکان– لە ڕوی ناچاری و بە هیوای خزمەتێکی کەم و زۆرەوە لە کاروباری میری یا دامەزران..

مەحمود جەودەتی خوالێخۆشبو بۆ ماوەیەکی کەم کرا بە موهەندیسی بەلەدیەو هەواڵی دا کە پاکوتەمیزی بخاتە شارەکەوەو کۆڵانەکان ڕاست بکاتەوە. بەڵام لە شەڕە شەقی بێ سودو دوایی واز لە خزمەتهێنان بەولاوە شتێکی پێ نەکرا. ماجدیش یەك دو جار بانگ کرایە سەراو ویستیان بیخەنە ئیشێکەوە بەڵام سەری نەگرت. تۆفیق وەهبی هەرچەند لە کۆمەڵەدا نەبو دیسانەوە لەبەر ئەوەی کە دۆستێکی زاناو بەنرخی هەموان بو و بە تایبەتی بە هۆی گیانی دیموکراتی خۆیەوە خۆشەویستی سەرپاکی لاوەکان بو. من بزانم هەر لەبەرئەمە ئەویش ڕەوانە کرایە بەغدا.

دوایی بیستمانەوە کە لەوێ کراوەتەوە بە زابت و گەڕاوەتەوە جەیش. هەرچەند حەقیشم نەبو، بەڵام ئەو ڕۆژە ئەم کارەم بۆ تۆفیق وەهبی بە کەم و بە ناشایستە زانیبو. لەبەرئەوە لە نامەیەکا کە بۆم ناردبو، تانوتم لێداو زۆرم لۆمە کرد. بەینێك لێم زیز بو، بەڵام دوایی ئاشتمان بۆوە.

* * *

٥٧

## تەلەگرافێك لە كەركوكەوە"

## ئەوەندەی نەمابو ببم بە وەكیلی ئەحمەد ئاغا، دواجار بە "كاتب"ی

لەم ڕۆژانەدا من لە كەركوكەوە لە شوكری عەبدولئەحەد تەلگرافێكم وەرگرت. ئەیوت: *"نازری مەعاریف وا لە كەركوك. تۆی داوا كردوە. بێ وەستان وەرە. چاوەڕوانتە"*. من شوكریم بە منالّی ئەناسی. بەلاّم سەرو سەختم لەگەلّیا نەبو. لە دیانەكانی گەڕەكی قەلاّیە لە كەركوك. لە كاتێكا من لە بەغدا لە ئەعدادی عەسكەری عوسمانی ئەمخوێند ئەو لە كەركوك لە قوتابخانەی سولّتانی بو. لە وچانێكی هاوینا و لە گەڕانەوەما بۆ سلێمانی لە كەركوك چاوم پێكەوتبو و ناسیبوم. كە ئینگلیزەكان هاتبونە كەركوك كردبویان بە مودیری مەكتەب. لەبەر ئەوە دیاربو نازر[٨] منی بۆ ئەوە ئەوێ بمكا بە موعەلیم. لەو وەختەدا موعەلیم وا بە ئاسانی چنگ نەئەكەوت. بەلاّم چۆن و كێ منی دابو بە دەمەوە؟ چونكە من ئافرۆز كرابوم و لە دائیرەكانی میریا ڕێی هاتوچۆم نەبو. لە كاروباری میریا دامەزرانم بە یەكێكی وەكو شوكری پێك نەئەهات. لەبەرئەمە هاوڕێكانم وای بۆچون كە ئەمە بۆ دورخستنەوەی من لە سلێمانی ڕێكخرابێ. منیش بەرەو نابوتی (ئیفلاس) ئەچوم. هەرچی پول و پارەم هەبو خەرجم كردبو. تەنانەت خشلّەكانی خێزانەكەشم فرۆشتبو، واتە ژیانێكی سەخت و تالّم ڕائەبوارد. ئەحمەد ئاغای كەركوكی زادە بە ڕاستی یارمەتی ئەدام. تەنانەت كە مستەفای مامی لە بەغدا مرد و كاروباری توجارەتیان بێ وەكیل مایەوە ویستی من بكا بە وەكیل. قالەی برازای قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید، دوای ئەمە من جوابم دا لەسەر ڕاسپێری من بو بە وەكیل. بەینێكیش ئەحمەد ئاغا ویستی حساباتی سلێمانیم بداتە دەس. لە بریتی ئەمەش ئامادە بو كە زۆر كەلّكم بگرێ. لەبەر ناو

---

[٨] نازر كە بە دەستوری توركەكان پێیان ئەوت ناظر واتە وەزیر. ئەم "فارل"ە دواجار كرا بە نازری مەعاریفی فەلەستین كە ئەو وەختە ڕاستەو ڕاست لەژێر ئیدارەی ئینگلیزا بو..

و ناتۆرەی خەڵقی سلێمانی ئەمەشم نەکرد. لەوە ئەترسام ناوم بنێن "کاتبەکەی ئەحەڕەش"[٩] هەروەکو تا مرد بە عەبدوڵڵا ئەفەنییان ئەوت کاتبەکەی ئەحمەدی حاجی کەریم!..

## ویستمان خوێندنخانە[١٠] بکەینەوە

پێش تەلگرافەکەی شوکری بە ماوەیەکی کەم ڕۆژێ لە لای میرزا تۆفیقی خوالێخۆشبو دانیشتبوین. لەگەڵ هاوڕێکانا بیرمان لە خوێندنخانەیەك کردەوە. لە کتێبەکانی مێژوی بێگانەکانا خوێندوتانەتەوە کە هەندێ پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی بە ڕاستی، دەسیان لە جێگەو ناوچەی بەرزیان هەڵگرتوەو بۆ پێگەیاندنی منالانی قەومەکەیان قوتابخانەی تایبەتیان داناوە. ئێمە لەو ڕۆژەدا لاسایی نیشتمانپەروەرەکانمان ئەکردەوە، بەلام بۆمان نەئەکرا قوتابخانەیەك بکەینەوە لەگەڵ ئەمەشا ویستمان شتێك هەر بکەین. بۆ ئەوەو لە لایەکەوە بژین و بخلافێین. لە لایەکیشەوە ببین بە هۆی ڕاهێنانی لاوەکان لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاوکردنەوەی زانستی و شارەزایی لە مێژو و لە ئەدەب. ئەم بیرە سەری بگرتایەو بهاتایە دی بۆ ئەو ڕۆژە لە مەیدانی خزمەتی ولاتا هەنگاوێکی گەورە بو ئەهاوێژرا. تۆفیق قەزازی ڕەحمەتی بەدڵ هانی داین و بەڵێنی ئەوەی دا کە دوکانەکانی لای چاخانەکەی حسە کەر[١١]مان سەرلەنوێ و بە وێنەیەك کە بۆ ئەم مەبەسە دەس بدا بۆ دروست بکاتەوە. لەم کاتەدا مەحمود گورج ڕاستبوەوە، وتی ڕاوەستن بچم ئیستعفا بکەم. کە وتمان لەبەر چی؟ وتی ئەی ئێوە نالێن خوێندنخانە بکەینەوە؟ لەسەر ئەمە دەسمان کرد بە پێکەنین. بە ڕەحمەت بێ مەحمود جەودەت

---

[٩] ئەحمەد ئاغا شۆرەتی ئەحە ڕەشی هەیە کە لەبەر ئەسمەری پێستی و بە دەستوری سلێمانی کە ناو لە هەمو کەسێك ئەنێن بەویش ئەڵێن ئەحە ڕەش.

[١٠] خوێندنخانە بە مانای قیرائەتخانە واتە بە مانای جێگەی خوێندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب، نەك بە مانای دەرسخانەو یا قوتابخانە.

[١١] حسە کەر (وەستا حسەینی چایچی) برای وەستا مارفی خەیاتی کەواو سەڵتە بو و ئەم دو برایە قسەی نەستەق و پیاوناس و زماندرێژی ناسرابون.

زۆر عەنتیکەو قسەخۆش‌و بزێو بو. بە هەڵەش نەچوبو. چونکە –داخەکەم– ئەم بیرەشمان سەری نەگرت‌و نەهاتە دی!..

ڕۆژێکیش لەگەڵ عەزیزی حاجی ساڵحی برازای ئەحمەد ئاغا کە زۆر ڕەفیقێکی خۆشەویستم بو لە خانەکەی ئەوانەوە ئەچوینەماڵەوە. لە عاستی حەوزەکەی بەلەدیە کە مەحمود دروستی کردبو توشی کەپتەن بیلی ئاشنای کۆن هاتین. بیل دوای ئەوە کە چوبوە لەندەن بە ماوەیەکی کەم، دوبارە گەڕابۆوە عێراق‌و چەند مانگێك بو لە سلێمانی حاکمی سیاسی ناوچە بو. من قەت نەچوبومە لای خۆم نیشان نەدابو. لەبەرئەوە ویستم خۆمی لێ هەڵە بکەم‌و تێپەڕم. بەڵام ئەو بەردەمی لێ گرتم. ئیتر چارم نەما و خۆش‌و چلۆنیم لەگەڵ کرد. دوای گلەیی ئەوەی کە نەچومەتە لای، هەواڵی ڕابواردنی لێپرسیم. پێم وت کە بە کاسبیەوە خەریکم. وتی *من بزانم کاسبی بە تۆ ناکرێت. لەبەرئەوە وەرە لام بۆ دائیرەو هەر کارێکی تۆ بتەوێت ئامادەم بۆت بکەم.* لە وەڵاما پێم وت: *سوپاست ئەکەم کارم زۆر باش ئەڕوا بەڕێوەو پێویستم بە هیچ جۆرە یارمەتیەك نیە.*

وا دیار بو کە لەم وەڵامەم دڵگیر بو. چونکە لە دوای ئەوە وەکو لە ناکاوا بیری کەوتبێتەوەو وتی: *بە ڕاست هەواڵی یوسف بەگی ئاشنات ئەزانی؟* وتم *نا*، ئەو وتی *داخەکەم مرد!* یوسف بەگ نەك هەر ئاشنا، بەڵکو دۆستێکی گەلێ بەڕێزو بەنرخم بو، خۆی لە خانەوادەی پاشاکوێرەی ڕەواندزو خزمی لەعلی خانی خێزانی سەعید بەگی عەبدوڵڵا پاشا و دایکی خوالێخۆشبو ئیسماعیل بەگ بو. پیاوێکی ئازاو بەجەرگ بو و ئینگلیزەکانی خۆش نەئەویست. یوسف بەگ وەکو بیل وتی نەمردبو، بەڵکو بە جۆرێکی بێڕەحمانەی نهێنی‌و ئەسراراوی لەناو برابو. لەبەرئەوە بیل –ئەگەر بە هەڵە نەچوبم– لە بەرامبەر عینادو سەرکەشی منا بە مەبەسێکی تایبەتی‌و بوغزاوی ئەمەی بیری من ئەخستەوە!..

*　*　*

## له كەركوك كرام بە مامۆستای قوتابخانەی زەفەر[١٢]:

لە لایەن ئەو تەلەگرافەی کە لە کەرکوکەوە بۆم هاتبو بیری هاوڕێکانمو بە تایبەتی بیری ماجید و مەحمودم پرسی. هەردوکیان زۆر بە گەرمەوە پێیان وتم لێی نەوەستمو ئەم هەلە لە دەس نەدەم. ئەو وەختە ڕێی سلێمانی- کەرکوك، هێشتا قیرتاو نەکرابو و تەنانەت بە تەواوی ڕێکیش نەخرابو. لەبەرئەوە ئۆتۆمۆبیل چنگ هەمو کەسێك نەئەکەوت و زۆری خەڵق بە سواری وڵاخ هاتوچۆیان ئەکرد. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ ئەو دەمە لە سلێمانی بو. چومە لای، بە منالی لە مەکتەبی ئەعدادی موڵکی سلێمانی پێکەوە قوتابی بوین. تۆفیق بەگی باوکیشی بەڕەحمەت بێ، لە ئۆردو (لەشکر)ی عوسمانیا هاوڕێی باوکم بو لە هەرێمی "پەسوە"دا ماوەیەك پێکەوە ڕایانبواردبو. داوای وڵاخێکم لە ئەحمەد بەگ کرد، دەسبەجێ ناردی وڵاخێکیان هانیو لەگەڵ پیاوێکی خۆیا ڕەوانەی کردم. جارێ چومە لای ڕەشید جەودەت کە لەو ڕۆژەدا موهەندیسی ڕێگە بو و نزیك تاسڵوجە خێوەتی هەڵدابو.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ وڵاخێکم لە کاك ڕەشید سەندو هینەکەی ئەحمەد بەگم ناردەوە. ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە گەیشتمە چەمچەماڵ. سەعیدی چەلەبی لەوێ مودیری ماڵو شێخ محەمەدی بەرزنجی[١٣] قازی بو. شەوێك لە خزمەت ئەوانا زۆر خۆشمان ڕابواردو لە نیکتە جوانەکانی جەنابی قازی بە ڕاستی لەزەتمان وەرگرت. بۆ سبەینێ چەلەبی "فەتحوڵڵا کەرکوکی" لەگەڵ ناردمو چومە کەرکوك. نازر لەوێ نەمابو و چوبوە موسڵ. بەڵام شوکری ڕاسپاردبو کە بە گەیشتنم بۆ کەرکوك دەس بکەم بە دەرس وتنەوەو لەمە "فارڵ" بە تەلگراف ئاگادار بکا. من بەمجۆرە هەر ئەو ڕۆژە لە قوتابخانەی زەفەردا (ظفر) بوم بە مامۆستای ڕیازیاتو

[١٢] "زەفەر" یادگاری سەرکەوتنی ئینگلیز بو لە شەڕی یەکەمی گشتیا.

[١٣] برا گەورەی سەید ئەحمەدی بەرزنجیە کە بە سەفارەتیی خوالێخۆشبو شێخ مەحمود نێررابوە پاریس. شێخ محەمەدی قازی بە قازیە گۆجە ناوی دەرکردوە.

زمانی تورکی و بێوچان چومە پۆلەکانەوەو دەسم کرد بە دەرس وتنەوە. فارڵ لە موسڵەوە بە تەلگراف وەڵامی دایەوەو ئەمری دانانم بە ماموستایی وەرگرت (١٩٢١/٣/١٦). لەو دەمەدا لە کەرکوك بێجگە لە "ظفر" قوتابخانەیەکی تریش هەبو. پێیان ئەوت مەدرەسەی عیلمییە. مەلا قادری ئیمامی بەناوبانگ مودیری ئەم مەدرەسەیە بو.

ئەم مەلایە کە دوایی بوش بە مودیری ئەوقاف، دۆستی ئینگلیزەکان، بەڵام بە ڕاستی پیاوێکی ژیرو داناو تێگەیشتو بو. لەبەرئەوە ئەم مەدرەسەیە کە لە لایەن ئەوقافەوە کرابۆوەو لە چاو ئەو ڕۆژەدا خوێندنخانەیەکی گەورەو لەبەرچاو بو، خرابوە ژێر ئیدارەی مەلا قادرەوە. عیلمیە لە پێشا لە بینای مەکتەبەکەی ڕوشدیەی زەمانی عوسمانیا بو، کە پێش شەڕی گەورەدا کرابو بە سوڵتانی. ئەم بینایە ئەکەوتە قەراغ ڕوباری خاسەوە، بە بەری سەراداو دەرگای دەرەوەی مەکتەبەکە ئەیڕوانیە ئەو شەقامەی کە بە هۆی پردە کۆنەکەوە هەڵئەچو بە قەڵادا..

زەفەر یا ظەفەر لە دوای گرتنی کەرکوك بە یادی سەرکەوتنی ئینگلیز لە شەڕا کرابۆوە. جگە لە شوکری عەبدوڵئەحەدی مودیر، ئەوانەی کە لەو ڕۆژەدا لەوێ ماموستا بون، ڕەشید عاکف هورمزیو سالح قازیو یا سالح بۆلشەویکی کوڕی قازیە ڕەشەی بەناوبانگ، سەعدوڵلای کوڕی موفتی دەروێش ئەفەنیو ئەوڕەحمانی مەلا مەحمەدی مەزناوەیی زاناو عەلامەی کوردو شەوکەتی عەبدوڵلا ئەفەنی مامو سەید هادیو چەند کەسێکی تر بون. لەمانە ئەوڕەحمانی مەلا مەحمود هەر ئەو ساڵە بە ڕەحمەتی خوا چو. بە ڕاستی لە ژیریو زیرەکیا بلیمەتێك بو بۆ خۆی! مەکتەبەکەمان لە خانەقای سەید ئەحمەدا کرابۆوە. خەڵقو بە تایبەتی کوردەکانی کەرکوك، ئەمەیان بەبێ حورمەتیەك دائەنا بۆ سەید ئەحمەدو بۆ خانەقا. چونکە بە جوانیان نەئەزانی مەکتەبێك کە یادگاری سەرکەوتنی دەوڵەتێکی ناموسڵمانە لە خانەقادا بکرێتەوە. لەم ڕوەوە تانوتیان لە مەلا قادرو ئەوانە ئەدا کە لەو دەمەدا نزیك بە ئینگلزیەکان بون.. مەکتەبەکەمان

ئیبتیدائی بو و نزیکەی ٣٠٠ قوتابییەکمان هەبو. لەو دەمەدا مەکتەب بە وێنەیەکی سەخت ئەبرا بەڕێوە. ماموٚستا لەگەڵ خوٚی قەمچی یا شوڵێکی ئەبردە پوٚلەوەو لە قوتابی پیٚ ئەدا، وڕێگەی پێگەیاندنی تازە واتە "تەربیەی حەدیسە" هێشتا سەری بە عێراقدا نەکردبو.

* * *

## ٥٨

## ڕوٚژنامەی نەجمە (نەجمە= ئەستێرە):

لەو دەورەدا لە کەرکوك بە ناوی نەجمەوەو بە زمانی تورکی ڕوٚژنامەیەکی بچوك دەرئەچو. ئەم ڕوٚژنامەیە لە لایەن حکومەتی داگیرکەرەوە ئیحتیلال بوٚ بڵاوکردنەوەی ئیعلانی تاپوٚو دائیرەکانی ترو هەندیٚ بەیانو تەبلیغاتی حکومەت دەرئەهات. جگە لەمە هەندیٚ باسو هەواڵی ئەملاو ئەولاو جارجارەش هەندیٚ شیعرو یا وتاری کورتو بێفەڕی تورکی تیا ئەنوسرا. لە ماموٚستاکانیش بەولاوە بە دەگمەن هەڵئەکەوت کە کەسێکی تر لە ڕوٚژنامەکەدا شتێك بنوسێت. لەبەرئەمە ڕوٚژنامەی نەجمەیان خستبوە ژێر چاودێری شوکری مودیری مەکتەبەکەمانەوە. شکی تیا نیە کە شوکری جێی متمانەی حکومەت بوو لە ئەمری ئەوان نەئەچوە دەرەوە.

لە ڕوٚژنامەی نەجمەش پارەیەکی باشی دەس ئەکەوت. لەبەرئەمە دەسی بوٚ نەئەدا کە بیکا بە جێی بڵاوکردنەوەی چەشنە وتاریٚ کە بوٚنی سیاسەتی لیٚ بیٚ. من هەرچوٚنیٚ بو خوٚم تێوە داو بوٚ جاری یەکەم شیعرێکی تورکیم تیا بڵاو کردەوە. زوٚر لە هاوڕێکانم پێیان خوٚش بو. تەنانەت ماجید لە سلێمانیەوە نامەیەکی ستایشی بوٚ نوسیم. منیش لە سەری ڕوٚیشتمو جارجارە شیعرو یا وتارێکم تیا بڵاو ئەکردەوە.. ڕوٚژنامەکە کەوتە ڕەواج. شوکری دواڕوٚژی نەهاتبوە بەرچاو و ستایشەکەی خەڵقی بەلاوە خوٚش بو. چونکە ئیتر نەجمەی بە ڕوٚژنامەی

خـۆی دائـەنا. تـا ئـەو ڕۆژە لـە نەجمـەدا سـەروتار[١٤] نەئەنوسـرا. بـەڵام ئـیتر مـن نەمئەهێشت کە هیچ ژمارەیەکی بێ سەروتار دەرچێت. باس و هـەواڵی ئـەو دەورە هــەر هــی شــەڕەکەی تــورك و یۆنــان بــو. کــەرکوك ســرەوتنی نــەبو. لــەوێ نیشـتمانپەروەر ئـەوە بـو کـە باسـی سـەرکەوتنی لەشـکری مسـتەفا کـەمال بکـا، ئەوانـەی ڕقیـان لـە ئینگلیـز بـو لـە شکسـتی لەشـکری یۆنـان ئـەدوان و بەمـە دەردی دڵیان ساڕێژ ئـەکرد. بـە ڕاسـتی دۆسـتەکانی ئینگلیـز زۆر کـەم بون و ئەمانـەش لـە ناو خەڵقا بە چاوێکی سوك تەماشایان ئەکرا.

ڕۆژنامەکانی ئەستەموڵ سەرچاوەی باس و هەواڵی ئـەو ڕۆژە بـو. ئەوانـەش کـە بە عەرەبی و بە ئینگلیزی دەرئەچو و ئەهاتە کەرکوك پڕ بو لە باسی تورك و شـەڕی کەمالیەکان. من خـۆم لـە بەغداوە ڕۆژنامـە فەرەنسـزیەکان و بـە تایبـەتی ڕۆژنامـەی تان م بۆ ئەهات. لەبەرئەوە باش ئاگام لـە هـەواڵی تورکـەکان و شـەڕەکانی ئـەنادۆڵ هەبو. هەرچەند لە دڵدا ئەمزانی کە سـەرکەوتنی تـورك قازانجی بـۆ کـورد تیـا نیـە، وەکی تـریش بـاوەڕم بـەوە نـەبو کـە کوردسـتان لـە ئـەنجامی سـەرکەوتنی لەشـکری یۆنان لەدایك ببێ. ئەو هەمو هەوڵانـە کـە لـە دەس درابـو، ئـەو سسـتی و ساردیـەی کــە بەرامبــەر بــە کــورد لــە سیاســەتی ئینگلیــزا ئــەبینرا. کــردەوە نــاڕەوا و ناشایستەکانی سۆن و حاکمەکانی سیاسـی تـری ئینگلیـزو گـەلێ شـتی تـر منـی وا لێکردبو کە بڵێم مەسـەلەی کوردسـتان مەبەسـی تـەواوی ئینگلیـز نیـە. جگـە لەمـە دەمــاری خۆرهــەڵاتی، موســڵمانی، ئاشــنایەتی گیــانی و دێــرینیم لەگــەڵ تــورك، خوێندنم لە تورکیا و شارەزایم لـە زمـانی تـورکی، سـەردەمێ ژیـانم لـە ئەسـتەموڵ، وردبونــەوەم لــە سروشــتی ڕۆمییــەکان[١٥] و لــە بــنج و بنــاوانی ڕەوشــت و خۆیــان تێگەیشتنم هەمو لەوانە بو –کە قازانجی کورد و مەسەلەی کوردستانی لـێ بکرێتـە

---

[١٤] سەروتار: المقال الافتتاحی و بە تورکی (باش مقالە).

[١٥] ڕۆمی یا ڕومییەکانی ئەستەموڵ کە لە دەوری قوتابیەتی ئێمەدا زۆریان لە ئەستەموڵ ئـەژیان و کاسـبییان ئـەکرد، هـەمو خۆیـان بـە یۆنـانی دائـەنا و دوای شـەڕی گـەورە بـە جـارێ چـونەوە یۆنانستان.

دەرەوە– بۆ هیچ مەبەسێکی تر نینۆکی تورك بە باوکی یۆنان نەگۆڕمەوە. ئەو ڕۆژە وەکو گەلێ کەسی تر منیش بە هەڵە چوبوم. هەڵمەتبردنی یۆنانم بۆ سەر تورك بە شەڕفرۆشتن، بە پەلپ پێگرتن‌و بە زوڵم ئەزانی. لە چاو منا تورکەکان قەومێکی ئازاو جوامێرو خاوەن ڕابوردویەکی پڕ لە ورشەو فەڕ بون. بەلای منەوە تورك ئەو میللەتە خۆرهەلاتییە گەورەو موسڵمانە بو کە لەگەڵ کورداو بەڵکو لەگەڵ هەمو قەومەکانی تری خۆرهەلاتا مێژویەکی دورو درێژی دۆستایەتی‌و پەیوەستیەکی دینی‌و نەژادی‌و تێکەلاوییەتی خوێنی هەبو. ئەوەم ئەهاتەوە بە بیرا کە ئێمە –کوردەکان –با هەندێ لاپەڕەی خوێناویشی تیا هەبێ، ساڵەهای ساڵ لەژێر یەك ئالا، ئالای خۆشەویستی عوسمانییا پێکەوە ژیابوین‌و هەروەکو "دکتۆر شوکری سەکیان" ئەڵی لەسەر سنورەکانی تورکیا بەرامبەر بە قەومەکانی دنیا شەڕمان کردبو و بە سەریانا زاڵ ببوین" تامی سەرکەوتنمان چەشتبو و خۆهەڵکێشان بە مانەوە غەڕاو سەرمەستی کردبوین. بە کورتی لەگەڵ تورکا مێژویەکی دورو درێژمان هەبو. یۆنان هەرچەند خاوەنی ڕابوردویەکی پڕ فەڕ بو، بەلام ئەو ڕابوردوە بۆ یۆنانی ئیمڕۆ نەئەهاتە ژمارەوە. بەڵکو ئەوە بە ڕابردوی یۆنانی کۆن ئەژمێرێ، بە ناوی یۆنانێکی ئەساتیرییەوە دێت بە بیرا، ئەو یۆنانە کە لەگەڵ یۆنانی تازەدا لە خەیاڵ‌و ئەفسانە هەزاران پەردەیان لە بەینایە. چونکە یۆنانی تازە لە ولایەتێکی ژێردەستی دوێنێی عوسمانی" یۆنانیەکان لە هاوقەومێکی زەلیل‌و سەرنەوی ڕۆمییەکانی ئەستەموڵ بەولاوە شتێکی تر نەبون. ئەو ڕۆژە بە هاندانی ئینگلیزو بە چەك‌و سیلاحی دەوڵەتێکی بێگانە کە بە دوژمنایەتی قەومەکانی ڕۆژهەلات‌و خوێنمژینی موسڵمانەکان شۆرەتی ڕۆیشتوە ئەیویست شکستی لەشکرەکانی تورك لە شەڕی گەورەدا بە هەل بژمێرێت‌و ئەودوای خاکی تورك داگیر ئەکا. بەڵکو بە تەمای ئەوە بو، کە حوکمی قەیسەرەکانی ڕۆمانی خۆرهەلات لە ئەستەموڵ زیندو بکاتەوە. ئەمانە بە بیری منا ئەهات‌و لەژێر تینی ئەم خەیالانەدا من لە کارەساتەکانی ئەو دەورە ورد ئەبومەوە. خوێنی خۆرهەلاتێکی موسڵمان لە ڕەگەکانی لەشما ئەگەڕا. یۆنانەکانم ئەفوغزاند.

قینم له ئینگلیز بو. هەمو خەڵقەکەی ئەو ڕۆژە ببون بە تورك خوا. وەکو فارس ئەڵێ:

نه از حب علیست

نه از بغض عمرست!

منیش و لەگەڵ منا زۆر کەسی تر نەك لە خۆشەویستی تورك، بەڵکو لە ناخۆشەویستی یۆنان و یا لە قینی ئینگیز داوای سەرکەوتنی مستەفا کەمالمان ئەکرد. ئەوانەی ئەمەیان نەئەکرد لە قاموسی ئەو ڕۆژەدا بە خائین ناویان نەبردنایە بە ئینگلیزخوا ئەدرانە قەڵەم. لەبەرئەمە وتارەکانی منیش هەوای تورکی لێ ئەداو دەنگی تورکی لێوە ئەهات.

لە وتارێکا ئەموت: *"ئەو ڕۆژە دور نیە کە لەشکری یۆنان لە بەرامبەر دلێرانی تورکا بەرەو دوا بگەڕێتەوەو پێش ئەوە خۆی بگەیەنێتە کەشتیەکانی یۆنان لەسەر ڕۆخی دەریا، لە ئیزمیر لەشکری مستەفا کەمال بگاتە سەری و بە نوکی "سونگی" تورك بڕژێنرێتە زەریاوە!.."* ئینگلزەکان بە ڕاستی سەیرن و هەناسەیان دریژە. من کە موعەلیمێك بوم و لە خۆمەوە تێهەڵقوتابوم و ڕۆژنامەکەی حکومەتم گرتبوە دەس، لەناو ئەو ڕۆژنامەیەدا دەربارەی حکومەت ئەدوام. ڕەخنەم لێ ئەگرت. ستایشی تورك و زەمی یۆنانم ئەکرد. ئەو یۆنانە کە بە چەك و پارەی ئینگلیز خەریکی لەناوبردنی تورك بو، لەوە ئەگەڕا کە بە بێخی تورکا بچێتە خوارەوەو ناوی لە خەریتەی گێتیا نەهێڵێت. لەگەڵ ئەمەشا ماوەیەکی زۆر نقەیان لێوە نەهات. جارێکیش لە وتارێکا وەنیزە لوس (داهیە)ی ئەو ڕۆژم بە سەرسەری دائەنا.. تانوتم لە سیاسەتی ئینگلیز ئەدا. بەڵام ئیتر وردە وردە نوسینەکانم کاری کردبو. خەڵق بەرەبەرە چاویان ئەکرایەوە. زمانیان پژابو. زماندرێژییان ئەکرد. پەروایان نەمابو. بە ئاشکرا ستایشی تورکەکانیان ئەکردو جنێویان بە یۆنان ئەدا. ناوی من بە تایبەتی بە هۆی نەجمەوە لە هەمو باکورا دەنگی دابۆوە. لە دیواخانەکانا باس باسی ڕۆژنامەی نەجمەو وتارە بەتینەکانی ڕەفیق حیلمی بو. شوکری مودیر ڕۆژێکیان بانگی کردمە ماڵی خۆیان. ئەو شەوە

تا درەنگ بە خواردنەوەو قسەی خۆشەوە ڕامانبوارد. ئنجا باسی ڕۆژنامەکەی نەجمەی کردەوە.

بە قسەی ئەو حاکمی سیاسی زۆری گلەیی لە ڕەوشتی تازەی نەجمە بو و ئەیویست منی لێ دور بخرێمەوە. لە لایەکی تریشەوە وتی *لەبەرئەوەی کە تورکی باش ئەزانی و ئەنوسی ئەگەر بێت و وشەی ئەوە بدەی کە بە پێچەوانەی مەرام و سیاسەتی ئینگلیزەکان نەجولێیتەوەو بە جۆرێکی کە بۆت دائەنێن نەجمە ببەی بەڕێوە ئەوا ئەیانەوێ* (ئینگلیزەکان ئەیانەوێ) *هەر تۆ بەسەر ڕۆژنامەکەوە بی و جگە لەمەش مەواجبێکی قەڵەویشت بۆ ئەبڕنەوە.* من لە وەڵامی شوکریا وتم *ئەگەر وا نەکەم چی ئەبێ؟* وتی *لە پێش هەمو شتێکا تۆ دەرئەکەن و دوای ئەوە لەبەر ئەم هەڵەیە کە کردومە و ڕێی تۆم داوە بە نوسین ڕۆژنامەکەشم لێ ئەسێننەوە..* وتم *هەر ئەمەندە؟* وتی *من ئەڵێم ئەمەندە! بەڵام دور نیە کە لەمە زیاتریش بکەن.* وتم *وەکو چی؟*

وتی *وەکو ئەوەی کە لە مەکتەب دەرت کەن و لە عێراقیشت بکەنە دەرەوەو ڕەوانەی هندستانت بکەن..* شوکری گەرم ببو. وەکو بەڕوی لە دەما تەقیبێ هەڵی ئەڕشت. بەڵام من هەر لەسەرخۆ و بە ساردییەکەوە وەڵام ئەدایەوە تا گەیشتە باسی ناردنم بۆ هندستان. ئەوساکە وتم: *"گەشتێکی هندستان بە خۆرایی!"* .

شوکری تێگەیشت کە وشەکانی کەڵك ناگرێ و لە دڵی منا جێی نابێتەوە. لەبەرئەوە بڕییەوە. بۆ دو سبەی بە نامەیەکی ڕەسمی میللەری موفەتیشی ئیداری ڕێی نوسینیان لە من گرت. دوای ئەمە کەسێکی ئەوتۆش لە نەجمەدا نەیئەنوسی. چونکە ئەوی ئەنوسرا ئەبو بچێتە لای کابرایەکی هندی بەردەسی میللەر. ئەم کابرایە کە ناوی خۆی نابو مودیری تەحریرات و بە تڕ گۆیژەی ئەکێڵا ئەبو نوسینەکان ببینێ و ئیمزای موبارەکی لەسەر دابنێ.. چونکە ئیمزای مودیر! نەبوایە نەئەخرایە چاپەوە!..

دوای چەند ڕۆژێکیش بە تەلگراف ئەمری گۆڕانم وەرگرت. کرابوم بە مامۆستای قوتابخانەی نمونەی سەعادەت لە سلێمانی (٢٠ی ئەغستۆسی ئاب

١٩٢١). محەمەد بەشقە ئەو ڕۆژە بە ناوی موفەتیشی مەعاریفەوە لە کەرکوك نوێنەری نازر بو. پێم وت ناچم. ویستی تێم بگەیەنێ کە بچم باشە. بەڵام بە قسەم نەکرد. ڕۆژی دوەم لە بەغداوە تەلگرافێکی ترم بۆ هاتو لە وەزیفە دەرکرام.

* * *

## ٥٩

## بە هەڵە چوبوم

ئینکاری ناکەم من لەوەدا کە لەسەر تورکم ئەکردەوە بە هەڵە چوبوم. بەڵام لەناو کوردا هەر من بەهەڵە نەچوبوم. ئێمە کە لە عێراقا بوین ئاگای تەواومان لە کوردەکانی تورکیاو تەنانەت ئاگامان لە نیشتمانپەروەرەکانیان نەبو. وەکو لە پێشا وتبومان کۆمەڵەکانی سیاسی کوردی ئەستەموڵ، عێراق و کوردەکانی عێراقیان نەخستبوە ژمارەوەو یا هیچ نەبێ نوێنەرێکی خۆیان تا لای شێخ مەحمودیش نەناردبو. لەبەرئەمە بە کوژانەوەی شۆڕشی شێخ مەحمودو ڕەوانەکرانی بۆ هندستان و دوای ئەوەی کە تەقەلاکانی سەی تەهاو ئینگلیزو یا ئینگلیز لەگەڵ حەمدی بەگ بە هیچ دەرچو و سەری نەگرت –خەڵقی تر چییان بە بیرا ئەهات نایزانم– بەڵام بە لای منەوە بۆ ئەو ڕۆژە مەسەلەی کورد لە عێراقا بڕابۆوە.

لە تورکیاشا ئەوەی کە ئێمە ئاگامان لێ بو کوردی ولایەتەکانی ڕۆژهەڵات[١٦] لەگەڵ مستەفا کەمال چوبونە ژێر پەیمانەوەو بە پێی میساقی میللی بۆ پاراستنی نیشتمانی شەریکایەتی کوردو تورك! شانبەشانی لەشکری مستەفا کەمال و لە خەتەکانی پێشەوەی شەڕا هەڵمەتیان ئەبردە سەر لەشکری یۆنان. حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمۆڵدا کە بازیچەیەك بو بە دەس سەرکردەکانی لەشکری داگیرکەرانەوە بە تەواوی کز ببو و دەسەڵاتی هیچی نەمابو. لەبەرئەمە

---

[١٦] ولایاتی شەرقیە.

کۆمەڵـەکانی سیاسـی کـورد کـە لـەوێ بـون تـازە بـە هیـوای حکومـەتی ئەسـتەموڵ نـەمابون و کـەڵکێکیان لـێ دەس نەئەکـەوت. لـەولای تریشـەوە مسـتەفا کـەمال هەروەکو –بەهەر جۆرێك بێ– سوارەکانی کوردی ناردبوە خەتەکانی پێشەوەی شەڕ، هەزاران تەلەگرافیشی بۆ کوردی شارەکان ئەنوسی و ئەیناردە کۆنفرانسی ئاشتی و بەمە شەریف پاشای نوێنەری کۆمەڵەکانی کوردی بە درۆ ئەخستەوە. ئەو نوسەرە بێگانەیە کە مستەفا کەمالی بە گورگە بۆر[١٧] ناو نابو بە هەڵە نەچوبو.

گورگـەبۆر هـەروەکو لـە ناوچـەی شـەڕی سـەربەخۆیی ولآتـا یـاری بـە کەللـەی دوژمن ئـەکرد لـە ناوچـەی سیاسـەتیش تـوانی کـە یـاری بـە ئـەقڵی کـورد بکـا. لـە هەڵبژاردنی تازەی مەبعوسانا سێیەکی نائیبـەکانی لـە کـورد هەڵبـژارد و ئەمانـە لـە مەجلیسـی گـەورەی میللەتـدا لـە ئەنقـەرە تەمسـیلی کوردیـان ئـەکرد. ئـیتر چیـان ئەویسـت؟ بـەم سیاسـەتە ژیرانەیـە، مسـتەفا کـەمال گـرەوی بـردەوە و بـۆ ئـەو ڕۆژە کوردەکـانی فریـو داو ژیـری کردنـەوە و هـەر بـەم سیاسـەتەش بـو کـە تـوانی دوای ئـەوە کوردەکـان لـە خـۆی نزیـك بخاتـەوە و لـە تەقـەلا بـۆ کوردسـتان دوایـان بخـا و سـاردیان بکاتـەوە، دەوڵەتـە سوێندخۆرەکانیشـی لـە مەسـەلەی کـورد پەشـیمان کردەوە و بە هۆی کەڕ[١٨]ێکی وەکو عیسمەت پاشاوە "این اونو" پـەیمانی سـەڤەری پێ هەڵوەشاندنەوە.. ئەوەش لەوێ بێ کە وەکو ئەمانبیستەوە مستەفا کـەمال وای بردبوە مێشکی کوردەکانی تورکیاوە کە دوای بڕانەوەی شەڕی تورك و یۆنان هـاتو گـەورەکانی کـورد ئیدارەیـەکی تایبـەتی و سـەربەخۆیی کوردسـتان بـۆ ژیـانی برایانەی کورد و تورك بە باشتر بزانن بۆ خۆیان، بە هیچ کلۆجێك تەگەرە نەهێنێتـە ڕێیان و ڕێی سەربەخۆییان لێ نەگرێ..

* * *

[١٧] گورگە بۆر: بوز قورت، الذئب الاغبر.

[١٨] کەڕ: گوێگران، اطرش.

## ٦٠

ئەو ڕۆژە کە لە وەزیفە دەرکرام، تۆفیق ئەفەندی مامی گەورەم هاتە لام و دڵی دامەوە. لەو دەمەدا پارەشی هەبو. وتی بە تەنگەوە مەبە. تۆ بۆ وەزیفە دەس نادەی. کاغەزت بۆ ئەنوسم. بچۆو لە بەغدا تا ٣٠٠٠ ڕوپیە وەرگرەو شتومەکی پێ بکڕەو دوکانێ دابنێ! دوای چەند ڕۆژێك چومە بەغداو خەریکی ئەوە بوم هەندێ شتومەك بکڕم. حەمدی بەگ ڕۆژێکیان هات بە شوێنماو بردمی بۆ ئوتێل. لەوێ بە دەم قاوەخواردنەوەوە باسی نوسینەکانی ڕۆژنامەی نەجمەی هانیە پێشەوە، لەوە زیز بو کە لەسەر تورکم کردۆتەوە. کە بیری خۆم عەرز کرد نەچو بە دڵیا. منیش هەندێ شتم لەو پرسی. لەوە ڕەنجاو بێ ئەوە کە هیچ بڵی هەستایە سەرپێ. تێگەیشتم کە سەخت بوە. زۆر بە ئەدەبەوە لێی جیا بومەوەو ئیتر ساردی کەوتە بەینمانەوە. دوای چەند ساڵێك لە لەندەنەوە بە سەردان هاتبۆوە. لەلای دکتۆر شوکری سەکبان توشی بوم. سەروڕیشی بوبو بە کلوی بەفر. بە ڕاستی داخم خوارد. قەت نەمئەویست کە کوردێکی بەنرخی وەکو حەمدی بەگ لە کزیا ببینم.

ئێوارەیەکیان لەسەر پردەکەی (مۆد) توشی فارڵ بوم. لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەیا چاوەڕێ بو ڕێی بۆ بکرێتەوە. من تێپەڕ بومو سڵاوم بۆ نەکرد. وامزانی کە نەیناسیمەوە. چونکە تەنیا جارێك منی دیبو. ئەوەش کە دوای دامەزرانم بە مامۆستایی جارێکی تر بە تەفتیش هاتبوە کەرکوك، محەمەد بەشقە ناردی بە شوێنما. چومو لە ژورەکەی ئەوا چاوم پێکەوت. بە تورکی قسەی لەگەڵ کردم. بەڵام شێوەی قسەکردنی وا نەبو کە بە ئاسانی تێی بگەم. پایپەکەشی بە لچەوە بو، لەبەرئەوە وشەکانی باش دەرنەئەکەوت. سەلیم حەسون[١٩]ی لەگەڵ بو. بە فارڵ

[١٩] سەلیم حەسون لە دیانەکانی موسڵ بو. ئەو ڕۆژە موفەتیشی مەعاریف بو لە بەغداو لە گەڕانەکانی فارڵ ی نازرا لەگەڵی ئەبو. نازر زۆر متمانەی پێ ئەکرد.. لە زمانەکانی فەرەنسزیو عەرەبیا زۆر شارەزابو. کە لە تەفتیش جیا بۆوە ڕۆژنامەی (العالم العربی) دەرئەهێنا، کە لەو

ی وت "بە فەرەنسزی" قسەم لەگەڵ بکا. فارڵ دوای ئەمە بە فەرەنسزی لەگەڵم دوا. لێی پرسیم کە لە مەکتەب چی ئەڵێمەوە؟ وتم حساب‌و هەندەسەو زمانی تورکی. تەبەقێ کاغەزی هەڵگرت‌و هەندێ شتی لێ نوسی، دوایی دایە دەس من. دو پرسیاری بە فەرەنسزی نوسیبو. یەکێکیان لە بابەت (تەناسبی مورەکەب‌و یا تێکەڵ)ەوە، ئەوی تریشیان لە بابەت خێرایی (سورعەت)ەوە بو، هەر بە فەرەنسزی وەڵامەکانم بۆ نوسییەوە. وا دیار بو کە بە دڵی بو. وتی: پێویستە تۆ هەر موعەلیمی بکەی.. ئەمە یەکتری بینینی ئێمە بو.

بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە کە من لەسەر پردی "مۆد" توشی فارڵ بوم، ڕەمزی کەرکوکی موعەلیم چوبوە لای، لەو هەواڵی منی پرسیبو. بە ڕەمزی وتبو کە دوێنێ دیومەو ئەمەوێ بێتە لام لە دائیرە چاوم پێ بکەوێ. ڕەمزی ئێوارە لە بازاڕی کۆنەفرۆشەکان (سوق الهرج) لای دوکاندارێکی کورد منی دۆزیەوە. پێی وتم کە فارڵ ئەیەوێ بچمە لای. وتم پێی بڵێ چاوم پێ نەکەوت‌و منیش نەچومە لای..

"سلێمان خان"ی کە لەمەوبەر باسمان کردبو بۆ سەردانی کەسوکاری چوبوە تاران. لەو ڕۆژانەدا گەڕابۆوە لە بەغدا توشم هات. وتی *دوێنێ لای فارڵ بوم. هەواڵی تۆی لێ پرسیم‌و لەوم زانی کە تۆ* (واتە من نوسەر) *لە بەغدای. تکای لێ کردم کە بە تۆ بڵێم بچی چاوت پێ بکەوێت.* بەویشم وت *ناچم*. وتی *لەبەر چی؟* ئەوساکە باسی خۆم‌و دەرکرانم لە وەزیفەو هۆی هاتنم بۆ بەغدا بۆ سلێمان خان گێڕایەوە.

سلێمان خان وتی *ئنجا کە کارت پێی نەبێ باشتر. دەستوری پیاوانە ئەوەیە کە بچیتە لای‌و هات‌و باسی کاری یا وەزیفەیەکی لەگەڵ کردی بڵێ نامەوێ‌و سوپاست ئەکەم.* قسەکانی سلێمان خانم لای بەجێ بو. سبەینێ چومە لای فارڵ زۆر بە شیرینی بەرەو پیری کردم. دوایی وتی: *من لەسەر داواکردنی ئیدارەی*

---

دەورەدا باشترین ڕۆژنامەی عەرەبی بو لە بەغدا. نوسینەکانی‌و سەروتارەکانی گەواهێکی تەواوی شارەزایی بو لە ئەدەب‌و لە سیاسەتدا. لەگەڵ منا کەمێك ناسیاوی هەبو..

*کەرکوك تۆم گۆڕی بۆ سلێمانی. بۆچی نەچوی؟* بەسەر دەمما هات، وتم *لە ماڵەوە نەخۆشم هەبو پێم نەکرا* بچم. کەمێ بێدەنگ بو دوایی وتی: *جێی داخە کە لە کاتێکا ئەبو یارمەتی بدرێی لە وەزیفە دەرکراوی.* وتم *جێی داخ نیە سوپاستان ئەکەم.* ماوەیەکی باش دایناm. هەرچیم وت کەڵکی نەبو. ئەیویست دامنێتەوە بە ماموستا. وشەکانی زۆر جوان‌و پیاوانە بو. لە نازرێکی ئینگلیز بەرامبەر بە موعەلیمێکی دەرکراوی وەکو من هیوای ئەوە نەئەکرا. شەرم گرتمی‌و بەڵێنم دا کە بچم بۆ سلێمانی. ئەو دەمە داوای لیستە (قائیمە)یەکی کردو پیشانی دام. هی ماموستاکانی کەرکوك بو کە (پلە=دەربەجە)یان بەرز کرابۆوە. یەکەم ناو هی من بو. وتی: *ئەبی تۆ ماموستا بی واتە خزمەتی زانستی قەومەکەت بکەی..* من لەناو دڵی فارڵ شارەزا نەبوم. ئەشیانوت کە کابرایەکی وشك‌و ئیستعماریە. بەڵام ئەوەی لێم دیوە ئەیگێڕمەوە، زۆر جاری تریش ئەم باسەم لە جێی خۆیا گێڕاوەتەوە..

فارڵ هەر بەمەوە نەوەستا. ماموستا "بەشقە"[20] ئەو ڕۆژە لە بەغداو ئەو ساتە لە مەعاریف بو. داوای کرد، کە هات پێی وت *تۆ کەی ئەگەڕێیتەوە؟* وتی *سبەینێ.* ئنجا لە منی پرسی‌و وتی *ئەگەر ئەتوانی لەگەڵی بگەڕێیتەوە ئەوا بە ئۆتۆمۆبیلی ئەو تا کەرکوك ئەچی.* لە بەغداوە بۆ کەرکوك ئۆتۆمۆبیل هەر چنگ نەئەکەوت. بشبوایە زۆر بە گران ڕێ ئەکەوت. لەبەر ئەوە هەرچەند کەوتمە پەلەپەلیش وام بە باش زانی لەگەڵ بەشقە بگەڕێمەوە. دەرچونم لە وەزیفە ماوەی ٢١ ڕۆژی پێ چوبو. بۆئەوەی شتێکی وام لە کیس نەچێ لە بەغداوە تا کەرکوك‌و لەوێوە تا سلێمانی کرێ گوێزانەوەی خستمە خۆڕایی‌و بە هۆی کاك بەشقەوە قائیمەیەکی سەفەری تەواوم بۆ کراو وەرمگرت..

*　　*　　*

[20] ماموستا محەمەد بەشقە لە بەغدا لە وەزارەتی داخلیە مودیری لەچاپدراوەکانە بە زمانی بێگانە (مودیری مەتبوعاتی ئەجنەبیە) کورد نیە نەیناسێ. ئینسانێکی زرنگ‌و کارشوناس‌و خاوەن تەربیەو ئەدەبە.

## ٦١

# لاپەڕەیەکی تر لە شۆڕشی عەرەبەکانی عێراق

ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە سەر شۆڕشی عەرەبەکان و چاوێکی دوبارە بە لاپەڕە ٨٢ی بەشی ٣ی ئەم یادداشتەدا بخشێنین، بیرمان ئەکەوێتەوە کە لە باسی شۆڕشی ١٩٢٠ی عەرەبەکانا تا مزگەوتی حەیدەرخانە هاتبوین و لەوێ بە ناوی خوێندنەوەی مەولودەوە ئەو کۆبونەوە گەورانەمان دێتەوە بەرچاو کە شێخ مەهدی بەسیر، بە شیعرە نیشتمانی و ئاگرینی خۆمی هانی ئەدان و ئەیهێنانە خۆش. لەناو لافاوی ئەم حەشاماتەدا کە لە هوروژمی خەڵقی بەغدا پەیا ئەبو، گەورە و بچوك، ژن و پیاو، کرێکارو ئاغا، خوێندەوارو نەخوێندەوار بە کورتی لە هەمو پۆل و دەستەیێ ئینسانی تیا ئەبینرا کە کڵاوەکانی سەریان نەبێ جێی تریان کەم و یا بە دەگمەن دەرئەکەوت. فێستی سورو مێزەری سپی و یا سەوز، کەشیدەی زەرد و جامانەی شین و یا ڕەش و سپی، عەگاڵی سورمە و یا ڕەشماری[٢١]، مشکی و چەفتەی خۆمانە و جافی، سەری ڕوت، تەپلەی هەورامی و تەقیلەی عەجەم و یا خودەی عەرەبی ئیتر لە کڵاو و سەرپۆشی چەشنا و چەشن و هەمەڕەنگ بە وێنەی کەف و کوڕی ڕوی زەریا شەپۆلی ئەداو بە ڕاستی نیگارێکی سەیرو جێی تەماشای ئەهێنایە ناو. ئەم حەشاماتە کە حەوشە گەورەکەی مزگەوت و سەربانەکانی و سەر دیوارو دەوری گومەزەکان تا ئەگاتە ملیوانەی منارەکانی بە چەشنێکی وا ئەتەنیەوە جێ پێیەکی تری لێ نەبێتەوە. لە عاست گڕی شیعرەکانی مەهدی بەسیری و شەقەی چەپڵەڕێزانی بە کوڵی هەزاران ژن و پیاو و منداڵ، ئینسان بە ڕاستی خۆی بۆ نەئەگیراو فرمێسکی گەرم بە چاوەکانیا ئەهاتە خوارەوە..

*　　*　　*

---

[٢١] ڕەشماری: وەکو ماری ڕەش.

لێرەدا –پێش ئەوەی کە ڕاستەوڕاست بکەوینە باسی دوا لاپەڕەکانی ئەم شۆڕە گەورەیەو ئەنجامەکەی بخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان" تکای ئەوەیان لێ ئەکەین کە چیکڵدانەیان فراوان بێ و بۆ ماوەیەکی کەم ئۆقرە بگرن کە جارێ لە لایەن تێکەڵاییەتی و یەکتری ناسینی بەینی ئینگلیزو عێراقەوە لە زەمانی کۆنەوە تا شەڕی یەکەمی گەورە سەر ڕشتەیی عەرز بکەین:

ئینگلیزەکان بۆ جاری یەکەم لە ساڵەکانی ١٦٣٥-١٦٣٩دا بە هاتنیان بۆ بەسرە عێراقیان ناسیبو و لێی نزیك کەوتبونەوە[٢٢] دورکەوتنەوەی "پۆرتگال و یا پرتقاڵ"ی یەکان لە عێراق هەلێکی گەورە بو بۆ ئینگلیزەکان و نزیك کەوتنەوەیان لە عێراق. بە هۆی ئەو ڕوپێ-دان و یارمەتیەوە کە دیبویان توانییان کە لە ١٦٤٣دا ناوچەیەکی بازرگانی بۆ خۆیان دابمەزرێنن. دوای ئەمە ناوچەی بازرگانی بەندەر عەباسیش لە ساڵی ١٦٤٥دا گواستیەوە عێراق.

بەڵام هۆلاندییەکان هەر لەو ساڵەدا کەلوپەلێکی زۆری بازرگانیان ڕشتە عێراقەوەو کەوتنە ڕقەبەری لەگەڵ بازرگانیەتی ئینگلیزو زەرەرێکی گەورەیان پێگەیاند. جگە لەمە پاشا[٢٣]ی عوسمانیشیان لێ هان دان کە فەرمانی دا بە داخستنی عەمارەکانی تاجرەکانی ئینگلیز. بەڵام ئەمە نەبوە هۆی دواخستنی ئینگلیزەکان لە ناردنی یەکلەدوای یەکی کەشتیەکانی بازرگانییان بۆ بەسرە. کە عەلی پاشای والی بەغدا[٢٤] لە ساڵی ١٧٦٣دا چوە بەسرەو ئەو کردەوە خراپانەی قەبیلەکانی کەعبی بیستەوە کە لە دەوری بەسرە ڕوی ئەدا لەگەڵ وەکیلی شەریکەی ئینگلیزا ڕێکەوت کە بەو شەرتە کەشتیەکانی شەریکە یارمەتی هێزەکانی والی بدا بۆ تەمێکردنی قەبیلەکانی کەعب، والیش لە کاروباری شەریکەدا یارمەتی ئەوان بداو چی بۆ شەریکە باش و پێویست بێ بۆیان بکا.

---

[٢٢] ئەم باسە بە کورتی لە کتێبی (علی طریق الهند) وەرگیراوە.

[٢٣] لەو دەورەدا بە والی بەسرەیان ئەوت پاشا یا پاشای بەسرە بۆ کورتکردنەوە.

[٢٤] بە والی بەغداشیان ئەوت والی عێراق، کە ئەم والیە والیەکانی موسڵ و بەسرەی لەژێر دەسا بو.

لەسەر ئەمە وەکیلی شەریکە چەند کەشتییەکی نارد بۆ والی، بەڵام عەرەبەکان هەڵمەتیان بردە سەر ئەم کەشتییانەو تێکیان داو سێ کەشتیشیان بە دیل گرت. حکومەتی بەمبە (بۆمبای) کە بەمەی زانی ئەستەمولێکی لە شەش کەشتی ڕێکخراوی بۆ تەمێکردنی قەبیلەکان ناردە عێراق (١٧٦٦).

والی بەغدا عومەر پاشا بو. ئەویش هێزێکی حکومەتی لەگەڵ مەحمود ئاغای کەهیە لە بەغداوە ڕەوانە کرد کە لەگەڵ هێزەکانی بەمبە پێکەوە بچنە سەر کەعب. عەرەبەکان بەسەر ئەمانەشا زاڵ بون و دو کەشتی ئینگلیزو نۆ کەشتی والی بەغدا[25] یان نوقمی زەریا کرد. جگە لەمە پشتی ئەو هێزانەشیان گرتبو کە لە کەشتیەکانەوە نێررابونە سەر عەرەبەکان و ڕێی گەڕانەوەیان لە کەشتییەکان بردبوە بەست. لەگەڵ ئەمەشا ئەم یارمەتیە لە شەریکەوە بۆ هێزەکانی والی بوە هۆی پێشکەوتنی دۆستایەتی بەینی والی و شەریکە. ئیتر ماوەی کاروباری جەنگ و کەڵکوەرگرتنی کاری توجارەتی ئینگلیز لە عێراقا تا هات زیادی کردو بڵاوتر بۆوە. لەبەرئەمە شەریکە بە پێویستی زانی کە لە عێراقا وەکیلێك دابنێت. لە پێشا کابرایەکی ئەرمەنی کرد بە وکیل. دوای بەینێك ئەم کابرایە گۆڕاو ئینگلیزێکی لە جێ دانرا. ئەم شەریکەیە شتومەکی مەعدەن و والای[26] خوری ئەهێنایە عێراق و بە والای ئاوریشمی فارسی ئەیگۆڕیەوە. سلیمان پاشای گەورە، کە بە هۆی تەقەلا و کۆششی شەریکەوە کرابو بە والی، هەر سێ ولایەتەکە[27] ببو بە گەورەترین یارمەتیدەری شەریکە. لە بریتی ئەم یارمەتیە والیش هەر پارەیەکی پێویست بوایە لە شەریکەوە پێشکەشی ئەکرا. ئەو پارانەش کە ئەیناردە ئەستەمولێ ناردنەکەی لە لایەن شەریکەوە جێبەجێ ئەکرا. جگە لەمانە کە بۆ لەشکرەکانی پاشا چەك و سیلاح و یا بۆ فێرکردنی مەشق بە عەسکەری مامۆستا پێویست ئەبو، شەریکە هەموی لە ئینگلتەرەوە بۆ ئەهانی. بەمجۆرە لە دوا

---

[25] کەشتیی والی بەغدا مانای کەشتی حکومەتی تورکە.

[26] والا: قوماش، مەنسوجات.

[27] هەر سێ ولایەتەکە بەسرەو بەغداو موسڵ واتە هەمو عێراق بو کە پێیان ئەوت ئەیالەت.

ساڵەکانی چەرخی هەژدەما ماوەی دە ساڵاتێ شەریکە گەیشتە پلەیەك کە پۆستەو ئەمانەتەکانی بە ڕێی کاروانا بنێرێتە شارەکانی ڕۆخی زەریای سپی..

هەروەکو عێراق، ئەهالی وڵاتەکانی قەراغ خەلیجی عەرەبیش[٢٨] بە کشانەوەی پورتگالیەکان لەم ڕۆخانە[٢٩] ئینگلزەکانیان لێ نزیك کەوتبۆوەو ببون بە ئاشنا. وا دەرئەکەوت کە شەریکە (شەریکەی ئینگلیز) خۆی لا ئەدا لەوە کە لەگەڵ عەرەبەکان بکەوێتە شەڕەوە. بەوەدا کە وەختێ شای ئێران داوای یارمەتی لە شەریکە کرد بۆ ئەوەی کە بچێتە سەر عومان، شەریکە یارمەتی نەدا. بەڵام بە کشانەوەی پورتگالیەکان ئەهالی ئەم ڕۆخانە هێزیان پەیا کردو وایان لێهات کە بتوانن بەرهەڵستی قازانجەکانی ئینگلیزو ئێران‌و هۆڵاندەییەکان بکەن‌و تەگەرە لە کاروباریان بدەن. چەند جارێك پەلاماری کەشتییە بازرگانییەکانیان دان‌و چەند کەشتیەکی شەریکەی ئینگلیزەکانیان گرت‌و تالاًنیان کرد. لەگەڵ ئەوەشا کە شەریکە لە لایەن دەستدرێژیەکانی ئەم قەبیلانەوە گەلێ تەقریری وەرگرتبو، "حاکمی مەدراس"یش دەربارەی کردەوەکانیان لە سنوری وڵاتەکەیا شەریکەی ئاگادار کردبو. بەڵام بە هیچ کلۆجێك شەریکە خۆی لە قەبیلەکان نەئەگەیاندو دەسی بۆ درێژ نەئەکردن‌و چاوی لێ ئەپۆشین. تا هاتنی نادر-شا بۆ سەر تەختی ئێران، هەواڵ بەمجۆرە مایەوە. نادر-شا ئارام‌و ئاسایشی ئەم ڕۆخانەی لا پێویست بو. لەبەر ئەوە مەسقەت[٣٠] و بەحرەینی هێنایە ژێر فرمانی خۆیەوەو بۆ ماوەیەك دایمرکاندنەوە. بەڵام دوای بەینێك ئەحمەدی کوڕی سەعید ناوێك پەیا بو و مەسقەتی لەژێر چنگی ئێران دەرهێناو خستیە ژێر فرمانی[٣١] خۆی. دوای ئەحمەد، سەی سوڵتانی کوڕی بو بە جێنشین. لەم وەختەدا ناپلیۆن بە هەمو جۆرێ خەریکی ئەوە بو کە لەگەڵ ئەو حکومەت‌و ئەمارەتانە ڕێکەوێ کە کەوتبونە

---

[٢٨] خەلیجی عەرەب= خەلیجی فارس‌و یا وەکو تورکەکان ناویان لێنابو (بصرە کورفزی).

[٢٩] ڕۆخ: قەراغ، ساحل.

[٣٠] مەسقەت: مسقط.

[٣١] فرمان: ئەمر، فەرمان یا حوکم.

سەر ڕێی هندستان. یەکێك لەوانە کە بە دزییەوە نامەی لەگەڵ ناپلیۆن ئاڵوگۆڕ ئەکرد، سەی سوڵتانی حاکمی مەسقەت بو. ناپلیۆن چاوی لە هندستانەوە بوو ڕێی بۆ ئەوە پا ئەکردەوە کە لە هەلێکا پەلاماری هند بدا و لە چنگی ئینگلیزەکانی بێنێتە دەرێ. حکومەتی هند بەمەی زانی و دەسبەجێ داوای لە وەکیلی خۆی کرد کە لە بوشەهر دائەنیشت بچێتە مەسقەت و لەگەڵ سەی سوڵتان هەوڵ بدا بۆ بەستنی پەیمانێك[٣٢] کە بە پێی ئەوە لە مەسقەتدا بەرهەڵستی دەسەلاتی نفوزی فەرەنسزەکان بکەن.

ئەم تەقەلایە سەری گرت و لە بەینی حکومەتی هند و سەی سوڵتاندا پەیمان مۆر کرا. لە لایەن هندەوە میرزا محەمەد وەکیلی حکومەتی هند پەیمانەکەی مۆر کرد و ئەمە یەکەم پەیمان بو کە لە بەینی ئینگلیز و سوڵتانی مەسقەتا ئەکرا. بە پێی ئەم پەیمانە سوڵتان بەڵێنی بە ئینگلیز ئەدا کە فەرەنسزەکان لە مەسقەت دور بخاتەوە و تا ئینگلیز و فەرەنسە لە شەڕا بن مەسقەت بەندەرەکانی[٣٣] خۆی لە ڕوی کەشتییەکانی فەرەنسەدا دابخا. جگە لەمە هەر لە پەیمانەکەدا بڕیار درابو کە لە مەسقەتدا، مەئمورێکی ئینگلیز دابنرێت کە لە کاروباری حکومەتا یارمەتی سوڵتان بداو یا سوڵتان بە پرس و ڕای ئەو بەڕێوە بڕوا.

دوای بەینێ بۆ حکومەتی هند دەرکەوت کە لە بەینی مەسقەت و فەرەنسزەکانا هاتوچۆکەری نهێنی هەیە و نامە ئاڵوگۆڕ ئەکرێ. ئەمجارە هند کەپتەن ماڵکۆلنی ناردە لای سوڵتان و لە شاری هورمز یەکتریان چاوپێکەوت ١٨٠٠م. ماڵکۆلن هەڕەشەی لە سوڵتان کرد و پێی وت کە هند لە "سورات"ەوە تا کەلکەتە (کلکتە) هەمو بەندەرەکانی خۆی لە ڕوی کەشتیەکانی بازرگانی مەسقەت و هاتوچۆکەرانیا دائەخا. لە عاست ئەم هەڕەشەیەدا سوڵتانی مەسقەت ناچار ما و پەیمانێکی تری تازەی بۆ ماڵکۆلن ئیمزا کرد و بە پێی ئەم پەیمانە بەڵێنی دا بە دانانی وەکیلێکی سیاسی ئینگلیز لە مەسقەتا. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئینگلیزەکان دەسیان کرد بە

[٣٢] پەیمان: ئیتفاق یا مەعاهدە.

[٣٣] بەندەر: میناء، ئەسکەلە.

بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا. بە هەمو ڕۆخەکانی خەلیجاو بۆ بچوکترین بیانو ئەگەڕان کە بیکەن بە هۆی هەڵمەتبردن لە زەریاوە بۆ سەر قەبیلەکان و بۆئەوە کە دەسیان بەسەرا بکێشن. یەکەمجار لە ١٨٠٥دا خۆیان دا بە قەبیلەی ئەلجەواسم دا کە لە ناو قەبیلەکانی ئەو ناوەدا (واتە لە مەنتیقەی موحایدە[٣٤]) لە هەمو ئەوانی دیکە بەهێزتر بون.

ئینجا بە بەستنی پەیمانی عەقدی ئیتفاق و موعاهەدەیەک لە دوای یەک، وردەوردە خستنیە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆیەوەو ئەو هێزو دەسەڵاتەی جارانی پێ نەهیشتن. یەکەم پەیمان لەگەڵ ئەم قەبیلانە لە ١٨٠٦دا بو. بە پێی ئەم پەیمانە بەڵێنی ئەوەی لێ وەرگرتن، کە ئاڵای شەریکە بە چاوێکی بەڕێزەوە تەماشا بکرێ. توخنی ئەو کەشتییانە نەکەون کە ئاڵای شەریکەی هەڵدابێ. دەس بۆ ئەو کەسانە درێژ نەکەن کە لەو جۆرە کەشتییانەدان و یا پەیوەستییان پێوەیە... بەڵام قەبیلەکان دوای ئەم پەیمانەش لە کردەوەکانی خۆیان نەئەکەوتن. تەنانەت جارێکیان هەڵمەتیشیان بردە سەر بەحرەین و عەسکەرەکانی حکومەتی عەممانیان لەوێ دەرپەڕاند. ئەم عەسکەرانە ئەوانە بون کە لە پێش بەینێکا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە نێررابون و عەممانیان گرتبو. بەڵام لەسەر ئەمە، شەریکە ئەمجارە هێزێکی تری گەورەی نارده سەریان و ڕەئسولخەیمە کە ناوچەیەکی قایمی ئەمانە بو وێرانی کردو نزیکەی ١٠٠ دانە کەشتییانی سوتاند. ئنجا چاریان نەماو دوبارە پەیمانێکی تازەیان لەگەڵ ئینگلزیەکان ئیمزا کرد (١٨٢٠). بە پێی پەیمانی ئەمجارە قەبیلەکانی ئەو ناوە هەنگاوی یەکەمیان هاویشتە باوەشی ئینگلیزەوەو بە تەواوی کەوتنە ژێر چاوێری بریتانیاوە. هەر لەو کاتانەدا بەریتانیا پەیمانێکی تری لە چەشنی ئەم پەیمانەی لەگەڵ بەحرەینیش جێبەجێ کرد..

* * *

[٣٤] ناوچەیەکی سێکوچکەیی هەیە کە لە ژێر حوکمی حکومەت و یا ئەمارەتێکا نیەو پێی ئەڵێن مەنتیقەی موحایدە، واتە بێ تەرەف و یا بێ دەخڵە.

## ٦٢

## دەزگاکانی[٣٥] سیاسیی ئینگلیز لە عێراقدا

دوای ئەوە کە ئینگلیزەکان لە ڕۆخەکانی خەلیجدا جێگیر بونو لە ڕێی پەیمانەکانەوە لەگەڵ گەورەکانی ئەم ناوە لە لایەن کاروباری بازرگانی خۆیانەوە دڵنیا بونو ترسیان نەما، وردە وردە دەسیان کرد بە وەرگێڕانی ئەم دەزگا بازرگانییانە بۆ سەر بارێکی سیاسی. لە ١٨١٢دا وەکالەتی بازرگانی بوشەهریان کرد بە وەکالەتێکی سیاسی. لە ساڵی ١٨٢٢دا لە وەکالەتەکانی هەمو ناوچەکانی تریشا ئەم گۆڕانە جێبەجێ کرا. وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا تا ئەم مێژوە[٣٦] واتە سەرەتای قەرنی نۆزدەهەم، شتێکی ئەوتۆی بە کەڵکی دەربارەی ئەم ناوچەیە نەئەزانیو لە هەواڵی خەلیجو ئێرانو وڵاتەکانی دەوری خەلیج ئەوەندە شارەزا نەبو. بەڵام لە مێژوی ناوبراو بەدواوە لەو جێگانەوە بە هۆی وەکیلەکانەوە لە هەمو بابەتێکو هەمو جۆرێك ڕاپۆرتی دورو درێژی بۆ ئەچو و لە وردو بچوك، بێکەڵكو بەکەڵك، لە هەمو باسو هەواڵێك ئاگادار ئەکرا. تا وای لێهات کە ناچار ما (واتە وەزارەتی دەرەوە) بۆ تەماشاکردنی کاروباری ئەم ناوچانە لقێکی تایبەتی بکاتەوەو لە هەمو جۆرێ پیاوی خەبیرو شارەزا بە گەڵێ لە کاروکردەوەکانی تیا دابمەزرێنێ. لە پێشا وەکیلەکانی بەغداو بەسرەو بوشەهرو مەسقەت لە لایەن حکومەتی موقاتەعەیەکی بچوکی وەکو بەمباوە دائەنران. بەڵام لەم مێژوە بەولاوە حکومەتی هند، دانانی وەکیلەکانی گرتە ژێر دەس خۆی.

سیاسەتی بەریتانیا لە عێراقیشا لەسەر ئەم پێو شوێنە ئەڕۆیشت. وەکیلەکانی شەریکە خۆیان لە والیەکان نزیك ئەخستەوەو دۆستایەتییان لەگەڵ بەهێز ئەکرد. والییەکان لە لایەکەوە پێویستیان هەبو بە چەكو سیلاح بۆ

---

[٣٥] دەزگای سیاسی یا موئەسەسەی سیاسی.

[٣٦] مێژو: تاریخ.

لەشکرەکانیان" لە لایەکیشەوە ئاتاجی ئەوە بو کە شەریکە دەسەلاٌت‌و نفوزی بۆ بەهێزکردنی جێگەو ناوچەیان لای حکومەتی ئەستەمولٌ بەکار بێنێ‌و لە دەسیسەی ناحەزەکان‌و ئەوانە کە چاو ئەبڕنە جێگەکانیان بیانپارێزێ. شەریکەش ئەمەی لا خۆش بوو کەڵکی لێ وەرئەگرت‌و ئەم پێویستانەی ئەکرد بە هۆی نزیکبونەوە لە والی‌و بەئەنجام لەم ڕێیەوە نفوزو دەسەلاٌتی تا ئەهات زیاد ئەبو و هەر کاروبارو قازانجێکی شەریکە هەبوایە بە سوکی جێبەجێی ئەکردو ئەیبردە سەر. تا وابو کە دەسەلاٌتی شەریکە لە شارەکانەوە گەیشتە ناو عەشایرو ناو دێهاتیەکانی. والیش لەمە چاوی ئەپۆشی‌و گوێی لێ کەڕ ئەکرد..

لە کاتێکا حکومەتی بەریتانیا هەستی بەوە کرد کە ناپلیۆن کەوتۆتە سەر بیری پەلاماردان بۆ سەر هند –وەکو لە پێشەوە وتبومان– بەغدای کرد بە ناوچەی موقیم[٣٧]ێکی سیاسی تاسەر[٣٨] و لە ١٨٠٢دا پلەی (دەرەجە) ئەم موقیمەیان کرد بە کۆنسول‌و بەم تەرحە بەغدا بو بە ناوچەی دەسەلاٌتی (نفوز) بریتانیا لەم هەرێمەدا. لە ساڵی ١٨٠٨دا میستەر کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ[٣٩] کرا بە کۆنسول لە بەغدا. ئەم کابرا ئینگلیزە پیاوێکی وریاو تێگەیشتو بو. لە ماوەی ١٣ ساڵا کە لە بەغدا ڕایبوارد توانی بە زرنگی‌و زیرەکی خۆی دەسەلاٌت‌و نفوزی (شابەندەری) ئەوەندەی تر زیاد بکاو شابەندەرخانە ئەوەندە بەرز کاتەوەو بیخاتە بەرچاو تا بو بە ناوچەیەکی کۆبونەوەی پیاوە بەڕێزەکان‌و ناودارکانی بەغدا. شابەندەرخانەی کردبو بە جێگەی ڕابواردنی خاوەن مەنسەبەکانی حکومەت‌و یەکتری بینینی سیاسییەکان. جگە لەمە لە کونسولخانەدا میوان ڕائەگیراو لەملاو ئەولاوە

---

[٣٧] موقیم یا (مقیم= دانیشتو). لێرەدا بە مانای جۆرە نوێنەر (ممثل)و یا شابەندەرێك "کۆنسول" هاتوە.

[٣٨] تاسەر: دائیمی‌و یا بەردەوام یا بۆ هەموکات‌و وەختێك.

[٣٩] میستەر ڕیچ ئەوەیە کە لە ساڵی ١٨٢٠دا لە دەوری مەحمود پاشای ئەمیری باباندا گەشتێکی ئەمارەتی سلێمانی‌و کوردستانی کردوەو کتێبێکی دەربارەی گەشتەکەی نوسیوەتەوە.

ناسیارو هاتوچۆکەرانی زانیارو بەناوبانگ ڕویان تیّ ئەکردو بەمجۆرە کردبویان بە جێی کۆڵینەوەو پشکنینی شتی مێژوینی کۆن[٤٠]. بەلاّم ئەمە زۆری دەوام نەکردو پەرەسەندنو بڵاوبونەوەی نفوزو دەسەلاّتی کۆنسولخانە بەمجۆرە بو بە هۆی ناڕەزایی داود پاشای والیو لەگەڵ کۆنسولدا ناکۆکیان کەوتە بەینەوە. لەسەر ئەمە داود پاشا هەرچی حقوقو ئیمتیازاتێکی درابو بەوانە کە بێگانە واتە ئەوروپایی بون هەموی لیّ وەرگرتنەوەو پوچی کردەوە. سەرەڕای ئەمە کۆدەی[٤١] گومرگیشی لەسەر کوتاڵو شتومەکی تری بازرگانی ئینگلزیەکان دو چەندانە[٤٢] کرد. گریّو قۆرتێکی زۆری هێنایە ڕێی کۆنسولو بەرهەڵستی هەمو کاروباری کۆنسولخانەی ئەکرد تا وای لێهات کۆنسول داوای ئەوە بکا کە بەغدا بەجیّ بێڵێت. پاشا ئەمەشی بە کۆنسول ڕەوانە نەبینی. بەڵکو دوای ئاڵوگۆڕی نوسینو موخابەرەیەکی دورو درێژ لە بەینی هندو بەغداو ئەستەمولّ ئنجا ڕێی دا کە کۆنسول لە بەغدا بچێتە دەرەوە[٤٣].. بەلاّم بەر لە ڕۆیشتنی داود پاشا لە بەغدا

[٤٠] شتی مێژویی کۆن: الاثار التاريخية القديمة، عاديات =عەنتیکە.

[٤١] کۆدە: (ویرگو بە تورکی) یا ڕەسمی گومرك.

[٤٢] دو چەندانە: دوقاتو یا موزاعەف (مضاعف).

[٤٣] کوردو داود پاشای وەزیرو والی بەغدا: داود پاشا لە ساڵی ١٨١٦ی میلادی بە ڕوتبەی وەزارەتەوە کرا بە والی بەغدا، واتە عێراق (بەغداو بەسرەو شارەزور) پێش ئەوە لە بەغداو لە زەمانی سەعید پاشای والیا دەفتەردار بو. دوایی لەگەڵ سەعید پاشا تێکچو. لەسەر ئەمە شکی لە خۆی پەیاکردو ترسی لیّ نیشتو بە ئەنجام ڕۆژیّ بە دزیەوە بەغدای بەجێهێشت. نەیئەزانی ڕو بکاتە کویّ؟ لەم حەلەدا نامەیەکی لە سلێمانیەوە لە مەحمود پاشای بابان وەرگرتو چوە سلێمانی. مەحمود پاشا، جوان بەرەو پیری کردو کردی بە میوانی خۆی. هەندیّ لە ئەمیرەکانی تریش وەکو سلێمان پاشای بابان (ئەمیری پێشوی کۆیەو حەریر) لە دەوری کۆبونەوەو بە یارمەتی مەحمود پاشا بە هەمو لایەك کۆمەکی کراو بە ناوی کوردی بابانو کەرکوکەوە نامەیەك ڕێکخراو ڕەوانەی ئەستەمولّ کرا. لەم نامەیەدا لەبەر بێکەڵکیو بیّ ئیدارەیی، سەعید پاشا داوای دانانی داود ئەکا بە والیو ئەم نامەیە بە پیاوی تایبەتیا نێررابو. دوای چل ڕۆژ مانەوەی داود لە سلێمانی مەحمود پاشا ئۆقرەی نەگرت بە خۆیو هەمو لەشکری بابانەوەو لەگەڵ سلێمانی ئامۆزای داودی هەڵگرتو ڕێی کەرکوکی گرتەبەر. ئەیویست بچێتە بەغداو بە زۆری

هـەواڵ گـۆڕاو دەسـەڵاتی ئینگلیـز دەسـی پێکـردەوە. بـەڵکو لـە جـاران گـەلێ زیـاتر نفوزیان پێشکەوتو پەرەی سەند. والییەکانی دوای داود پاشا لـەوە ئەترسـان کـە کۆنسول لێیان بنوسێت بۆ ئەستەمولو باسو هـەواڵی عێـراقو کردەوەکانیـان لـە حکومەتی "پادشا" بگەیەنێ. چونکە لەوەدا شکیان نەبو کە کۆنسـول ئاگـادارە لـە بەرتیل وەرگرتنیانو لەوەی کە شوێن قازانجو دەسکەوتنی خۆیان کەوتون، لە بێ دەسەڵاتیو بێکارییان لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ولایـەتا، لـە لاگیری ئەوانـەدا کـە کەڵکیان لێ وەرئەگرن بە کورتی لـە هـەمو شـتێکا کـە سـەرنجت بدایـەتێ نیشـانەی خراپـەو نـاڕەوایی و فەسـادی بـو. بـە ڕادەیـەك کـە ئیتر هـەواڵی عێـراقو کاروبـاری ولایەت ببو بە جێی داخو لێکدانەوەیەکی ڕاستی.

شێخەکانی قەبیلەکانیش بۆیان دەرکەوتبو کە والییەکان لە کۆنسول ئەترسنو سڵی لێ ئەکەن. ئەیانزانی کە کۆنسول ئەتوانێ یارمەتیان بـداو لـە شـەڕو غـەزەبی

---

هێزی کورد داود بکا بە والی. لە نزیك کەرکوك لە ئاشە سورە (قرمـزی دەگرمـەن) نامـەی پادشـای ئەسـتـەمولٚ گەیشـتو مـۆژدەی دانرانـی داود بـە والیـەتی، کوردەکـانی گەشـاندەوە. هێشـتا نەگەیشتبونە کەرکوك، لە دێی تۆخماخلو "طوقماقلو" بە نامەیەکی تـرەوە ڕوتبـەی وەزارەتیشـی بۆ هات. بەڵام سەعید پاشا بەینێك ڕێی داود پاشای نەدا کە بچێتە ناو شارەوە، بەڵکو دوای شـەڕو شۆڕشـێکی زۆر داود پاشا بـە یارمـەتی مـەحمود پاشـاو کوردەکـان ئنجـا چـوە بەغـداو کاروبـاری وەزارەتو والیـەتی گرتـە دەس. داود پاشـا لـە والیـە بەناوبانگـەکانی عێـراقو وەزیـرە داناو بەکارەکانی ئەو دەورەیە. لە عێراقا گەلێ کردەوەی باشو بە کەڵکی هەیە. مزگەوتی داودیە یەکێکـە لـە یادگارەکـانی داود پاشـا ئێسـتە پێـی ئـەڵێن مزگـەوتی حەیدەرخانـە (١٢٤٦ی هـ= ١٨٢٧میلادی). بەڵام دوای ڕۆژەکانی ئەمیش وەکو دەستوری ئەو زەمانـە بـە سـەختیو بـە تـاڵی تێپـەڕی. نەخۆشـی تـاعونو هەڵسـانی ئـاوی دیجلـە قـڕی خسـتە نـاو ئـەهالی. هەنـدێ هـۆی کۆمەلایـەتیو سیاسی بناغـەی حوکمی داود پاشـای هەڵتەکانـد. بـە ئـەنجام ئەسـتەمولٚ ویسـتی داود پاشا دور خاتەوە. عەلی ڕەزا پاشای والی حەلەب کرا بە سەرعەسکەرو بە هێزێکـی گـەورەوە نێررایە سەری. ئەمیش وەکو سەعید پاشا زۆری تەقەلا داو کەڵکی نەبو. لە حوکم دور خرایـەوە. بەڵام وەکو سەعید پاشای چارەڕەش نەکوژرا. لە هەندێ جێگەی تر بەینێك لە کاروباری دەوڵـەتا بو و بە ئەنجام چوە حیجازو تا مرد لەوێ مایەوە..

تاریخ العراق الحدیث. بەرگ ٦، عەباس عەزاوی.

والی بیانپارێزێ. تەنانەت ئەوەش تێگەیشتبون کە دەسەلاّتی کۆنسول گەیشتۆتە پلەیەکی وا بتوانێت لەلای حکومەتی ئەستەموڵ بەربەرەکانی والی بکاو لەبەرچاوی پادشای بخاو یا ببێتە هۆی گۆڕانیو یا دەرکرانی ئێجگاری. لەبەرئەمە والییەکان بە ناچاری خۆیان لە کۆنسول نزیك ئەخستەوەو تەقەلایان ئەدا کە ببن بە دۆستو خۆشەویست. میستەر لۆنگریك[٤٤] ئەڵی: *"ئەم جۆرە کەسانە هەر لەو ڕۆژەوە هەستیان بەوە کردبو کە بەریتانیا لە چەرخی بیستەما لەو حاڵەدا نامێنێتەوە کە لە چەرخی نۆزدەمینا تیایەتی. واتە ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە کە لە چەرخی بیستەما بەریتانیا ئەبێ بە بەریتانیایەکی ترو دەورێکی وا گرنگ هەڵئەسوڕێنێ کە پێویستەو قازانجی عەشیرەتەکانو قەبیلەکانی عەرەب لەوەدایە کە لە ئێستەوە خۆیانی لێ نزیك بخەنەوەو دۆستایەتی لەگەڵ بگرن.."*.

هەرچەند ئەمە لە ئێمەوە ئاشکرا نیەو نازانین کە قەبیلەکانی عەرەبی عێراق لەو مێژوەدا ڕاستە لەم بیروباوەڕەدا بون یا نە" بەلاّم ئەوە جێی گومان نیە کە چەرخی نۆزدەهەم هاتە تەواوبونو پیێ نرایە چەرخی بیستەمەوە وەکیلی بریتانیا لە بەغدا گەیشتبوە پلەیەکی زۆر بەرزو لە چاو والیەکانا ببو بە نوێنەرێکی مومتازو تایبەتی. پلەی نوێنەری بەسرەش سەرکەوتبو و کرابو بە کۆنسول. بەلاّم نوێنەری ئینگلیز لە موسڵ جارێ بە نائیبی کۆنسول مابۆوە.

لە عێراقا بەمجۆرە گۆڕانو پێشکەوتنی سیاسەتی بەریتانیا بو بە هۆی ئەوەی کە لە خەلیجو ولاّتەکانی دەوری خەلیجا هەندێ گیروگرفتو کاروباری وا بێتە ڕێی ئیمپراتۆریەت کە زۆر جێگەی لێکدانەوە بێ. گرنگترینی ئەمانەو زۆرتر جێی ئەندێشەو لێکدانەوەیان مەسەلەی (ڕێگەی هاتوچۆ=مواصلات)و ئاڵوگۆڕی نوسین (مخابرات) بو لە بەینی لەندەنو بەریتانیای خۆرهەلاّتا. ئینگلیزەکان دوای ئەوەی کە سیاسەتی خۆیان لەم هەرێمەدا گۆڕیو کەوتنە سەر بیری ئیستعیمار،

---

[٤٤] میستەر لۆنگریکو یا Stephun Hemsley Longrigg کە دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق بەینێ لە کەرکوك کرابو بە حاکمی سیاسی. خاوەنی کتێبی چوار چەرخی دواینی عێراقی تازەیە کە لە لایەن مامۆستا جەعفەر خەیاتەوە کراوە بە عەرەبی.

ناچار مان بەوەی کە تەقەلا بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك کە ئیمپراتۆریەتی خۆرهەلاتی پێ ببەستن بە لەندەنەوەو بیکەن بە ڕێی ئالوگۆڕی نوسین لە بەینا کە بتوانن بەم جۆرە لە هەمو باس و هەوالێکی خۆرهەلات ئاگاردار بن و هیچ جۆرە کارەسات و قەوماوێکی ئەو ناوەیان لێ ون نەبێ و نەشارێتەوە. لەبەرئەمە بە هەمو جۆرێ تێئەکۆشان و خەریك بون کە لەسەر ڕێگەی هندستان خەتێکی ئاسن و بە درێژایی ئەم خەتە ناوچەی پۆستەو تەلەگراف دروست کەن و دامەزرێنن. ئەو خەتە کە لە بەینی لەندەن و هندستاندا ڕاکێشرا بەسەر عێراق و ئێراندا تێئەپەڕێ. ئنجا لەبەرئەوە ئێمەش باسی ڕاکێشانی ئەم خەتە بە کورتی ئەگێڕینەوە:

ئینگلیزەکان لە نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەیا هەستیان بە پێویستی ڕاکێشانی ئەم تەل[45]ە کرد. چونکە بۆیان دەرکەوت کە وەلامی نامەیی لە خۆرهەلاتەوە ئەنێرێتە لەندەن، دوای سێ مانگ ئەگاتە دەستیان و ئەمە ئەبێتە هۆی بەسەرچونی ئەو کەلکە کە لە ناردنی نامەکە بە تەمای ئەبن. جگە لەمە یاخیبونی عەسکەرەکانی هند لە بەنگال و کارەساتێ کە لە ئەنجامی ئەم یاخیبونەدا لەو ناوە ڕوی دابو، بوە هۆی ئەوە کە ئینگلیزەکان چاویان بکەنەوەو نرخی ئالوگۆڕی نامە لە بەینی بەشی خۆرهەلاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و لەندەن لە ڕێگەو بانێکی باشەوەو بە هۆی گوزێزانەوە[46]ی تازە بخەنە بەرچاو. چونکە بۆیان دەرکەوت کە دواکەوتنی موخابەرە لە بەینی لەندەن و (دلهی) یەکێ بو لە هۆیە گەورەکانی بلاوبونەوەو پەرەسەندنی هەرا کە جگە لەمە گەلێ هۆی تریش وەکو مەسەلەی پەیاکردنی بازاڕ بۆ ئەو شتانە کە لە کارخانە تازەکانی ئیمپراتۆریەتدا لە ئاسن دروست ئەکرا بەریتانیای ناچار هێشتەوە کە هەولێ بدا بۆ جێبەجێکردنی خەتێکی موخابەرەی تازەو بە پێی چەرخ[47].

[45] مەبەس لە تەل، خەتی تەلەگرافە.

[46] هۆی گوێزانەوەی تازە: واستەی نەقلی تازە.

[47] بە پێی چەرخ: عصری یا موتەنەسب لەگەلێ عەسر.

لە ساڵی ١٨٥٩دا ویستیان ئەم تەلی تەلەگرافە لە بەینی لەندەن و هندستان لە ڕێگەی زەریای سورەوە (بەحری ئەحمەر) ڕاکێشن. بەڵام سەری نەگرت. ئنجا هەر لەو ساڵەدا بۆ بەستنی خەتی ئوسکدار بە بەغداوە، دوای ئەوەش بە هندەوە لەگەڵ حکومەتی عوسمانیا کەوتنە گفتوگۆو بەڵێنیان لێ وەرگرت. لەسەر ئەمە حکومەتی هند "کۆلۆنەڵ باتریك ستیورد"ی ناردە خلیج بۆ تەگبیری ڕاکێشانی تەلێکی زەریایی تا فاو کە لەوێشەوە بەسەر عەرزا ببرێتە بەغداو لەوێوە ببەسرێت بە خەتی تەلگرافی تورکیاوە. کۆلۆنەڵ لە ساڵی ١٨٦٢دا دەسی کرد بەم کردەو لە ١٨٦٩ واتە لە دوای شەش ساڵ تەواوی کرد.

حکومەتی لەندەن بێجگە لەمە بڕیاری دا بە ڕاکێشانی خەتێکی تر لە ئێرانەوەو لەگەڵ شا وا ڕێکەوت کە ئەم خەتە لە بەینی بەغداو تاران بەسەر کرماشاندا بڕواو لە ڕێی ئیسفەهان و شیرازەوە بگەیەنرێتەوە بوشەهرو لەوێشەوە بە ڕێی زەریادا خۆی بدا لە هندستان. بەم ڕەنگەو لە ماوەیەکی کەما ئینگلیزەکان توانیان کە لە خاك و لە زەریاوە بە چەند خەتێك هندستان ببەستن لە خەلیج و بە شارەکانی قەراغ ئەم خەلیجەوە..

لە سەرەتای چەرخی بیستەما بە دۆزینەوەی نەوت لە ئێراندا گەلێ پێویستی تر لەم خەلیجەدا بۆ بەریتانیا هاتە پێشەوە. "ولیام نۆکس دارسی" ناو ئەوکات[48]ێك لە ئوستralیا لە پارچە عەرزێکا کە هەیبو مەعدەنی ئاڵتونی دۆزیبۆوەو بەمە ببو بە خاوەنی سامانێکی زۆربە. لەبەرئەمە کە بیستی لە وڵاتی ئێراندا نەوت دەرکەوتوە بە پارەی خۆی کابرایەکی "ژئۆلۆژی"ی نارد بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی ئەم باسە. ئنجا کە بۆی دەرکەوت ڕاستە خۆی گەیاندە ئێران و توانی لەگەڵ شا ڕێکەوێ و ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت و گازو زفتی لێ وەرگرێ ١٩٠١. دوای دەسکردنی بە ئیش بۆی دەرکەوت کە ئەو پارەیەی هەیەتی بەشی کارێکی وا گەورە ناکا. لەبەرئەمە بە ناچاری لەگەڵ

[48] ئەوکات و یا ئەوقات: مەحامی.

دەسمایە دارەکانی ئینگلیز ڕێکەوتو بە پێی ئیمتیازەکەی بە دەسیەوە بو لەگەڵ ئەم دەسمایە دارانە (شەریکەی نەوتی ئینگلیزی–فارسی)[٤٩] دامەزراند.

پیاوە سیاسیو گەورەکانی ئەستەوڵی زەریایی ئەیانزانی کە نەوت بۆ شەڕەکانی دواڕۆژ زۆر پێویستو بەکەڵك ئەبێ. لەبەرئەمە حکومەتی ئینگلیز پەنجەی بۆ ئەم شەریکەیە درێژ کرد: ونستەن چەرچڵ وەزیری جەنگی ئەو ڕۆژە هەیئەتێکی ناردە ئێران کە لە ناوچەکانی نەوت لە ئێراندا بگەڕێتو لە دوای پشکنینو و کۆڵینەوەو تێوردبونەوە، دەربارەی پلەی کەڵك لێوەرگرتن لە نەوتی ئێران بۆ کەشتییەکانی جەنگی بەریتانیا، تەقریرێك بنوسێت. حکومەتی بەریتانیا لە ئەنجاماو لەسەر تەقریری ئەم هەیئەتە بڕیاری دا کە (شەریکەی دارسی لە ئێران) بناسێو دانی پیا بنێ. لە ساڵی ١٩١٣دا چەرچڵ لە مەجلیسی گشتی بەریتانیادا وتی: "وەزارەتی جەنگ وای تەمایە لە بەشەکانی[٥٠] شەریکەی دارسی ژمارەیەکی وا بکڕێ کە حەقی پێ ببەخشێ بۆ دەسراکێشان بەسەر ئیدارەو کاروباری شەریکەدا. تاوەکو بتوانێ کە لەم مادە بەکەڵکە ئەوەندەی کە پێویستی ئەستەوڵ بێ بیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە[٥١]. چەند مانگێ دوای وشەکەی چەرچڵ حکومەتی بەریتانیا وەکو چەرچڵ وتبوی، بو بە خاوەنی بەشی زۆری سەهمەکانی شەریکە ١٩١٤و لەبەر ئەمە پاراستنی قازانجو چاکەی[٥٢] ٣ شەریکە با پەیوەست بێ بەوەی کە چەكو سیلاحیش بەکار بهێنرێت –کەوتبوە ئەستۆی حکومەتەوە. کە شەڕی گەورەی یەکەمی گێتی هەڵگیرساو دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە سوێندخۆرەکان[٥٣] کەوتە شەڕەوە، بە وشەی ئینگلیزەکان خۆیان –پاراستنی

---

[٤٩] ئینگلیزی–فارسی= ئانگلو–ئێران.

[٥٠] حصص یا أسهم.

[٥١] واتە ژێر چنگی وەزارەتی جەنگ.

[٥٢] قازانجو چاکە: مصالح.

[٥٣] حلفاء.

ناوچەکانی شەریکەی ئانگلۆ-ئێران لە عەبادان کرا بە بیانو و لەشکرێکی تایبەتی ئینگلیز نێررایە سەر عێراق[٥٤].

دوای ئەوە کە ئینگلیزەکان ئێستگەکانی هەنگام و باسیدۆیان بەجێهێشت وەزارەتی جەنگ لە باکوری خۆرئاوای جەزیرەی[٥٥] بەحرەیندا جێگەیەکی باشی هەڵبژارد و ئەم جێگەیەی لە شێخ عیسای خەلیفەی شێخی بەحرەین بە پارە کڕی و کردی بە ئێستگەی زەریایی لە جێی ئێستگەکان کە لێی هاتبونە دەرێ. ئێستگەی تازە لە ناوچەی بەحرەینەوە ماوەی ٣ میل دورە. ڕۆژنامەکانی ئینگلیز -بەهەر مەبەسێك هەیە- وایان ئەدایە قەڵەم کە بەحرەین چوەتە ژێربالی[٥٦] بەریتانیاوە. تا ئیمڕۆش ئێران دانی بەوەدا نەناوە کە بەحرەین سەربەخۆ بێ و یا چوبێتە ژێر باڵی حکومەتێکی ترەوە و بە پارچەیەکی ئەژمێرێ لە خاکی ئێران. بەڵام ئینگلیزەکان بە بیانوی پاراستنی قازانج و چاکەی شەریکەی دارسی یەوە- لە (دەبی) قایمکاری خۆیان کردوە و ئەیکەن هەروەکو لە جێگایانی تری خەلیجیشا لە قایمکاری تەحصینات دوا نەکەوتون و ناکەون..

* * *

---

[٥٤] کتێبی (علی طریق الهند).

[٥٥] جەزیرە: دورگە.

[٥٦] چونە ژێر باڵ و یا چونە ژێر حیمایە.

## ٦٣
## ئه نجامی شۆڕشی عێراق.
## فەیسەڵ لە سوریە.
## هاتنی بۆ عێراق.
## بونی بە مەلیك.
## مەسەلەی کورد

ئینگلیزەکـان دوای ئـەوە کـە موسـڵیان گـرتو دوای ئـەوەی کـە کـردەوەی عەسـکەریو شـەڕ تـەواو بـو و هـەمو عێراقیـان داگیر کـرد بـە ماوەیـەکی کـەم لـە کانونی دوەمی ١٩١٨ حاکمەکانی سیاسی لە هەمو لایەکی ولاّتا دەسیان کرد بە کۆکردنەوەی مەزبەتە. ئەمانە وەکو لە مەئمورەکانی حکومەت خۆیـان ئەبیسرا لـە دائیرەی حاکمـەکانا ڕێك ئـەخراو ئەنوسـراو لـە لایـەن خەڵقەوە زۆرجـار بێئـەوەی بیخوێننـــەوە مـــۆرو یـــا ئیمـــزا ئـــەکرا. دەســـتەو دائـــیرەی حاکمـــانی سیاســـی، کاسەلێسـەکانو مونافیقـەکان بـۆ وەرگرتنـی مـۆرو ئیمـزای هەنـدێ لەوانـە کـە بـە سوکی خۆیان نەئەدا بە دەسەوەو یا بۆ مەبەسێك هەندێ گیروگرفتیـان ئەهێنایـە ڕێ، هەمو تەقەلایـەکیان ئـەداو بـۆ ئـەوەی سـاحێب[٥٧] توشـی ئـەرك نـەبێ بـە هـەمو جۆرێ تێئەکۆشان. لە مەزبەتەکانا ئەمانە ئەنوسرا:

".. خـەڵقی عێـراق لـە دەوڵـەتی بـەریتانیای گـەورە زۆر مـەمنونن. بـە هـۆی حکومــەتی ئــازادیخوای ئینگلیــزەوە ڕزگــاربونی عێــراق لــە حکومــەتی تــورکو گەیشـتنی میللـەت بـە ڕۆژی ئـازادی، جێـی سوپاسـی هـەمو عێراقییەکانـە. گـەلێ خۆش حاڵن بەوەی کە حکومەتی بەریتانیا بـوە بـە هـۆی پێشـکەوتنی بازرگـانیو

[٥٧] هـەمو ئینگلیـزێ تەنانـەت هـەمو شـەپقەو یـا کـەلارە بـە سـەرێ چ هنـدۆکو چ ئاسـوریو یـا ئەرمەنی بێ لە دەوری ئیحتیلالدا ئەبو پێی بڵێن ساحێب! ئەمە عینوانێکە وەکو ئەفەنی تورکو یا ئاغای کوردو سەیدی عەرەبو لە هندیەکانەوە داهاتوە..

کشتوکاڵ و زانستی[٥٨] وڵاتەکە. هیوادارن کە سێبەری ئەم حکومەتە لەسەر ئەهالی کەم نەبێ و لە عێراقا هەر بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە باڵی پارێزگاری خۆی بەسەر وڵاتا بکێشێ و تکای تایبەتی لە گەورەکان و حاکمەکان ئەوەیە، ئەم خواستە کە لە کانگای دڵەوە دێتە دەرێ بگەیەنن بە پێشگا و پایتەختی خاوەن شکۆ جورج مەلیکی بەریتانیا و ئیمپراتۆری هند.."

ئەم مەزبەتانە کە دوای ئەوە بەم جۆرە ڕێك خرابو و ئیمزا کرابو، درابو بە حاکمە سیاسیەکان و لەلای خۆیان هەڵیان گرتبو. ئەم کارەی ئینگلیز لە شارە گەورەکانا و لەناو ئەوانەدا کە تێگەیشتنیان هەبێ بە شتێکی سەیرو بە عەجایەب هاتبوە بەرچاو و لەم ڕوەوە کەوتبونە لێکدانەوە. لەوە گەیشتبون کە ئەمە مەبەسێکی نهێنی لە ژێرا هەیە. بەڵام ئەم جۆرە کەسانەو یا ئەوانەی کە لە ڕەوشتی دونیا ئاگادار بن لەو ڕۆژەدا زۆر کەم بون. گەلێکی وا هەبو کە هەر ئاگایان لە پەیمانەکەی بەینی ئینگلیزو مەلیك حسێن نەبو و نەیانئەزانی کە چارەنوسی[٥٩] ئەو وڵاتانە کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیا کراونەتەوەو جۆری ژیانی دواڕۆژی ئەو قەومانە کە لەو وڵاتانەدان لە ئەوروپا بڕیاری لەسەر ئەدرێ و ئەبڕێتەوە. نەبونی هاتوچۆ لە بەینی عێراق و جێگایانی تر، نەشارەزایی لە هەواڵی دەرەوەو ئەوروپا و یا شارە گەورەکان، بێهێزی و ماندوەتی دوای شەڕو گرانی و نەخۆشی، ئەمانە هەموی و گەلێ شتی تر خەڵقی عێراقی لە هەمو بگرەو بەردەی گێتی و دەرەوەی عێراق بێئاگا هێشتبۆوەو سەریان لە هیچ دەرنەئەچو. لەبەرئەمە هەروەکو زۆر کەس لە هۆی کۆکردنەوەی مەزبەتەکان تێنەگەیشتبون و سەریان تیا سوڕمابو ئەوانەش کە شتێکیان بە بیرا ئەهات و یا لە ئیمزاکردنی مەزبەتەکانا دودڵ بون لەم حاکمانە بە چەشنێ زراویان تۆقیبو کە بە هیچ کلۆجێك نەیانئەوێرا دەم هەڵێننەوەو یا لێو بەر لێو بنێن. نەزانین و نەشارەزایی لە سیاسەت و لە دونیا، ببو بە هۆی بێ ورەیی و بێ دەسەڵاتی زۆربەی خەڵقەکەو لە

---

[٥٨] بازرگانی: توجارەت، کشتوکاڵ: زراعەت، زانست: عیلم یا مەعاریف.

[٥٩] چارەنوسی= مقدمات.

پیاوەتی خستبون. ئەگەر وا نەبوایە گومانی تیا نیە کە بەو جۆرە بە ئاسانی مەزبەتەکان ئیمزا نەئەکراو لە ڕێی بەرهەڵستی کارێکی وا بێجیّو ناشایستەدا خوێنڕژاندنیش پێویست بوایە دریّغ نەئەکرا. چونکە ئەگەر بەختی عێراق یار نەبوایە هەر ئەو مەزبەتانە لەوانە بو کە لە دواڕۆژا ببێتە هۆی مانەوەی عێراق لەژێر حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزا واتە ببێتە هۆی ئەوە کە لەم وڵاتەدا حکومەتێکی نیشتمانی سەرنەگریّو نەیەتە دی.

ئینگلیزەکان ئەو مەزبەتانەی کە بە هەمو جۆرەی خەڵقی عێراقیان مۆر کردبوو کۆیان کردبۆوە دوایی لە وێنەی کتێبێکی گەورەدا لەچاپیان داو ناردیانە لەندەن. ئەم کردەوەیە لە لایەن عەرەبەکانی عێراقەوە لە کردەوەی کوردەکانی تورکیا ئەچو. واتە ئەم دو قەومە (کوردو عەرەب) -بیّ ئەوە هەستی پیّ بکەن- ئەمیان واتە کوردەکان بۆ تورکو ئەوی تریان کە عەرەبەکانن بۆ ئینگلیز لە حقوقی قەومی خۆیان هاتبونە خوارەوە. بەڵگەی دەسهەڵگرتنیان لە حقوقی قەومی خۆیان دابوە دەس دوژمن. عەرەبەکانی عێراقیش ئەوەیان لەبیر نەبو یا نەیانئەزانی کە مەلیك حسێنو کوڕەکانی لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکان بە هیوای سەربەخۆیی هەمو وڵاتی عەرەب پەیمانیان دابو و لەگەڵ لەشکری سوێندخۆرەکانا شانبەشان بەرامبەر لەشکری تورك وەستابونو شەڕیان کردبو.

ئەمەش لەویّ بوەستیّ -داخەکەم- عەرەبەکان تەنانەت بیریان لەو نەکردبۆوە کە ویلسەن ڕەئیسی جمهوری ئەمەریکا لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بەیانێکی ١٤ مادەیی بە هەمو دونیادا بڵاو کردبۆوەو لەوەدا هەقی داواکردنی سەربەخۆییو جۆری ژیانی ئەدا بە هەمو قەومێك. لەبەرئەوە کە ویلسەن یەکیّ لە سەرەکە گەورەکانی سوێندخۆرە یەکگرتوەکانە، ئەوانی تریش بە ڕواڵەتو یا هیچ نەبیّ بۆ ئەو ڕۆژە وایان بە باش زانیبو کە بەرامبەر ئەم بیرەی ویلسەن نەوەستنو بە ڕاستی بدەنە قەڵەم. لە لایەکی تریشەوە "کۆلۆنەل ویلسەن"[٦٠] کە حاکمی گشتی

[٦٠] کۆلۆنەل ویلسەن جیایە لەگەڵ ویلسەنی خاوەنی ١٤ مادەکە. یەکەم حاکمی گشتی عێراقو دوەمیان واتە ویلسەن خاوەنی ١٤ مادەکە، سەرەك جەمهوری ئەمەریکا بو..

عێراق بو لە نامەیەکا کە بە مێژوی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بۆ عالمەکانو (مجتهد)ی نەجەفی نوسیبو دانی بەوەدا ئەنا کە عەرەبەکان لە ڕێی ئازادی قەومەکەیانا تێکەڵ بە شەڕی گەورە بونو یارمەتی لەشکرەکانی سوێندخۆرە یەکگرتوەکانیان داوە[٦١]. لەگەڵ ئەمانە هەمویو سەرەڕای ئەوەی کە لەژێر حوکمی فەیسەڵ لە سوریە بناغەی حکومەتێکی عەرەب دامەزرابو، دیسانەوە عەرەبەکانی عێراق ئەو مەزبەتانە کە لەساڵی ١٩١٩ لێیان داوا کرابو و بۆیان نوسرابۆوە بێئەوەی لێکی بدەنەوەو بیر لە ئەنجامی بکەنەوە ئیمزایان کردبو و دابویانە دەس ئینگلیز. ئنجا لەم ڕۆژانەدا بو کە وەکو لە پێشا باسمان کردبو لە بەغدا کۆمەڵەی پارێزگارانی سەربەخۆیی[٦٢] بە دزیەوە ڕێکخرا. زۆربەی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە کە لە شیعەو لە خوێندەوارە نیشتمانییەکان بون دوای ئەوەی یەك دو جارێ ناکۆکیان کەوتە بەینەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩ ئیتر بە تەواوی ڕێکەوتنەوەو دەسیان کردەوە بە کار.

سەید محەمەدی سەدر سەرەکی کۆمەڵە بو. بە هۆی "باقر شبیبی" ئەندامی هەرە وریاو بەکارەوە زۆری "عالم"ەکانو "مجتهد"ەکانو گەلێ لە پیاوەکانی ناوداری کەربەلاو نەجەفو شێخەکانو سەرەك عەشیرەتەکانی شامیە هاتبونە ناو کۆمەڵەوە. دوای ئەمە کۆمەڵ گەلێ مەزبەتەی بە گەورەکانی شیعە (جەعفەری) ڕێکخستو لە حوزەیرانی ١٩١٩ بە شێخ ڕەزای شەبیبیدا ڕەوانەیان کرد بۆ سوریە. ئەم مەزبەتانە بۆ پوچکردنەوەی ئەو مەزبەتانە کرا کە حاکمەکانی سیاسی لە کاتی خۆیا بە خەڵقیان دابو. ڕەزا شەبیبی لە ڕێوە چوە مەکە. لەوێوە

---

[٦١] ئەم عالمو موجتەهیدانە لەگەڵ گەورەکانی نەجەف لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ چوبونە لای حاکمی سیاسیو تکایان لێکردبو، بۆ حاکمی عام بنوسێت کە ئەمانە پیرۆز بادی پێشکەشی بەریتانیا ئەکەن بۆ سەرکەوتنیان لە شەڕەکانی سوریەو فەلەستینو بوڵغارستان. ویلسەن لە وەڵامی ئەمەدا بۆی نوسینەوە کە ".. هەروەکو سوێندخۆرەکان بۆ گرتنەوەی وڵاتەکانیان بون بە شەریکی شەڕ، عەرەبەکانیش بۆ ئازادی وڵاتی عەرەب شانبەشانی ئەم سوێندخۆرانە کەوتنە شەڕەوەو یارمەتییان دان..".

[٦٢] کۆمەڵەی پارێزگارانی سەربەخۆیی (جمعية حرس الاستقلال).

گەڕایەوە سوریەو لەگەڵ کۆمەڵەی عەهد بە ناوی عەرەبەکانی عێراقەوە دەستی کرد بە کۆشانو داواکردنی هەقی عەرەب.

ئنجا ئەتوانین بڵێین کە شۆڕشی عێراق لە ئەنجامێکی ئەم دو کردەوەیە بو:

١-تێکۆشانو تەقەلای سیاسی (شێخ ڕەزا شەبیبی) نوێنەری کۆمەڵەی حەرەسی ئیتستقلال لە سوریە.

٢-بزوتنەوەی ئەندامە نیشتمانییەکانی کۆمەڵە لە عێراقاو خەڵق هاندانیان بە هۆی خوێندنەوەی مەولودو کۆبونەوەکانی تر لە شاری بەغداو بڕیاردانی ئەمانە بۆ نانەوەی بنیاتی شۆڕشێکی بە چەك!..

* * *

## فەیسەڵ لە سوریە

لە کاتێکا لە عێراق هەواڵ بەم جۆرە بو و ئاگری شۆڕشێکی گەورە نرابۆوە،و ئەم ئاگرە تا ئەهات کڵپەی ئەسەندو بڵاو ئەبۆوە لە سوریەدا لەژێر حوکمی فەیسەڵی یەکەم حکومەتێکی بچوك دامەزرا. فەیسەڵ لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ دوای کشانەوەی لەشکرەکانی تورك چوبوە شامەوەو بە پێی ئەو بڕیارو پەیمانە کە لە بەینی باوکیو سوێندخۆرە یەکگرتوەکانا هەبو لە شام دەسبەجێ بناغەی حکومەتێکی عەرەبی دانا. بەڵام فەرەنسزەکان کە بە تەمای سوریە بون[٦٣]، ڕەزایان لەسەر ئەمە نەبو و پێیان ناخۆش بو.

لەبەرئەوە بەرامبەر بە فەیسەڵ لالوت مانەوەو بۆ تێکدانو هەڵوەشاندنەوەی ئەم بناغەیە کە دایناب کەوتنە خەریکبونو تێکۆشان. ڕۆژنامەکانی فەرەنسە بە

[٦٣] وەکو لە پێشا لە لاپەڕە ٥٦ی بەشی سێهەمی یادداشتا باسمان کردبو، لە موئتەمەری سان ڕیمۆو لە ساڵی ١٩٢٠ کە میراتی دەوڵەتی عوسمانی لە بەینی ئینگلیزو فەرەنسەدا بەش کرا سوریەو لوبنان بەر فەرەنسە کەوتبو..

پێش ئەمە لە ١٩١٦دا بە پێی پەیمانی نهێنی (سایکس بیکۆ)ش ئەم دو وڵاتە هەر بۆ فەرەنسە دانرابو..

گـەرمی لـە فەیسـەڵ ئـەدوان. باسـی خراپـەیان ئـەکرد. درۆیـان بـۆ هەڵئەبەسـت. ئەیانویست بە کەسێکی خاوەن تەماع‌و مەبەس خـراپ بیخەنـە بەرچاو. بە کورتی دەرگـای پڕوپاگەندەیـەکی بـەتینی دوژمنانـەیان لـێ کـردەوە. فەیسـەڵیان بـە دوژمنێکی گەورەی فەرەنسە ئەژمارد. بۆ سیاسەتی فەرەنسە بە دەرەکیان دائەنا. ئەیانوت دۆستی ئینگلیزە. غایەنە. ئیتر چییان بە دەما ئەهات ئەیاندایە پاڵ. بە ڕادەیەك کە ئیتر کاری فەیسەڵ ڕوی کردە خراپەو بە ڕاستی لە دەرەکەوە نزیك بو. لەبەرئەمە ناچار ما کە بیرێ لـە هـەواڵ بکاتـەوەو بـۆ دەرچـون لـەم دەرەکە تەقەلایـە بـدا. بـەم خەیاڵـە بڕیـاری دا بـە ڕێکـەوتن لەگـەڵ سیاسـیە گـەورەکانی فەرەنسـەو تێکۆشـان بـۆ بێـدەنگکردنی ڕۆژنامـەکان‌و قـایمکردنی جێگـەی خـۆی. لەبەرئەمـە دوای ئـەوەی کـە عـەلی ڕەزا پاشـای ڕکـابی کـرد بـە حـاکمی عەسـکەری سـوریە، خۆشـی لەگـەڵ نوری سەعیدی یاوەری‌و کۆڵۆنـەڵ لۆرەنس‌و چەند کەسێکی تـر چوە پـاریس. لـەوێ لـە پێش هـەمو کەسێکا هەواڵنوسـی (مخـابر) ڕۆژنامـەی (تـان Temp) چـوە لای. ئـەم ڕۆژنامەچـیە بـە مەبەسـێکی سیاسـی دیـدەنی کردبـو. ئەیویست بیترسێنێت‌و زراوی بەرێ‌و وای بخاتە مێشکەوە کە دوای کڵاوی بابردو کـەوتوە. هیچـی بـۆ نـاکرێ‌و دەسـی ناکـەوێ. بە مانایـەکی تـر ئەیویسـت وا لـە فەیسەڵ بکا کە بە هەمو جۆرێك ڕازی بێ‌و گەورەکانی سیاسی فەرەنسـە چـی پـێ بڵێن‌و چۆن ڕێگەی بۆ دانێن ملیان بۆ بداو لەگـەڵیان ڕێکـەوێت. ئەمـە وێنەیەکە لـە قسەکانی هەواڵنوسەکە:

*".. فەرەنسزەکان خوێنـی ڕۆڵە خۆشەویستەکانی خۆیان لـە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیا بۆ ئەوە نەڕژاند کە لـە جێـی ئـەو ئیمپراتۆریەتی عـەرەب دابمەزرێنن".*

جگە لەمە سیاسییەکانی فەرەنسە بە عەمدی ڕویان نەدایەو پشتیان تێکرد. فەیسـەڵ وای لێهـات کـە هیـوای بـە سـەرگرتنی تەقەلاکـەی نـەمێنێ. فەرەنسـزەکان مەبەسیان ئەوە نەبو کە دان بە حکومـەتی سوریەدا نـەنێن. بـەڵکو ئەیانویسـت کە بـەم جـۆرە خۆیـان بـە فەیسـەڵ بنـوێنن‌و بەئـەنجام بیگرنـە ژێـر باڵیـان‌و بیکـەن بـە

پارێزگاری تایبەتی قازانجی فەرەنسە لە سوریە. ئەیانویست فەیسەڵ، "کە ئەزانێ ئینگلیز هەمو شتێکە" بە پشتیوانی ئەوان خەڕۆ نەبێ. ئەوە بخاتە بەرچاوی کە لە سوریە مانەوەی بەسراوە بە ڕا لەسەر بونی فەرەنسەوە. چونکە فەرەنسزەکان ئەیانویست لە فەیسەڵ بگەیەنن کە چاویان لە سوریەوەیە. لەبەر ئەوە کەسێك کە بە تەمابێ لە سوریەدا ببێ بە مەلیك لەسەری پێویستە کە قازانجەکانی فەرەنسە بخاتە بەرچاوی و خۆی بە پارێزگارێکی ئەم قازانجە بزانێ. فەیسەڵ ژێری نواندو بۆئەوە فرەنسزەکان هێمن بکاتەوە نەفەسی خۆی بردە ناوەوە. چیکڵدانەیەکی فراوانی خستە کار. بەختیش باشی هێنا. لەم کاتەدا خەڵقی سوریە هۆشیان هاتەوە بە بەرا. بۆیان دەرکەوت کە لە چاوەڕوان کردنی ئەم بگرەو بەردەیە شتێکیان چنگ ناکەوێ. لە سەریان پێویستە کە خۆیان تێکۆشن و تەقەلا بدەن. واتە ئەبێ ڕاست بنەوەو بکەونە کار. ئەگینا بێگانە ناکەوێتە فریایان و بێ ئەرك و ڕەنج ناگەن بە ئامانج. لەبەر ئەمە بە گورجی هاتنە پێشەوەو بە ناوی "نادی عەرەبی"یەوە[٦٤] کۆمەڵەیەکی سیاسی و نیشتمانیان ڕێکخست. ئنجا بێ ئەوەی یەك و دوی لێ بکەن لە سوریەو لە ئەوروپا بە ناوی داوای هەقی عەرەبەوە کەوتنە کارەوە. فەرەنسزەکان کە بەمەیان زانی ئەو کاتە رویانکردە فەیسەڵ و لە کەلی شەیتان هاتنە خوارەوە..

فەیسەڵ ئەمەی بە هەل ژماردو لەگەڵ "کلیمانسۆ"ی سەرەك حکومەتی فەرەنسە ڕێکەوت و گەڕایەوە سوریە، بەڵام ئەمجارە خەڵقی سوریە بایان دایەوەو پشتیان تێکرد. چونکە دوای ئەوەی کە نادی عەرەبیان دامەزراند بڕیاریان دابو بەوەی کە تا هەقەکانی قەومی عەرەب بە تەواوی دەس نەخەن لە تێکۆشان نەکەون و دەس هەڵنەگرن. ئنجا فەیسەڵ ئەرکێکی گەورەتری هاتە ڕێ. کەوتە گێژاوی ئەندامەکانی نادی عەرەبییەوە. بەوانەوە خەریك ما. بۆ نەرمکردن و ڕێکەوتن لەگەڵ ئەوانا کەوتە هەوڵ و تەقەلا. نیشتمانپەروەرەکانی کۆئەکردەوە. قسەی لەگەڵ ئەکردن. ئامانج و مەبەسی خۆی تێئەگەیاندن بۆ یەکگرتنەوەو بۆ لە

---

[٦٤] النادی العربی.

یــەکتری گەیشــتن. بۆئــەوەی کــە بــاوەڕی پــێ بکــەن، بــە ڕاســتو دڵپــاكو نیشتمانپەروەری بزانن و دەسی یارمەتی بۆ درێژ بکەن تێئەکۆشا. بەڵام داخەکەم هــەمو تەقــەلاکانی کــەڵکێکی نــەگرت. قســەو ئامۆژگــاریو بەســەریاناهاتنەکانی کەڵکێکی نەگرت. قسەو ئامۆژگاریو بەسەریاناهاتنەکانی سودێکی نەبەخشی. نــەیتوانی لــە ئەندامــەکانی نــادی عــەرەبی کەســێ بــە لای خۆیــا ڕاکێشــێو و یــا دوبەرەکیەتی بخاتە بەینەوەو لە یەکیان جیا بکاتەوە. خوێنی ئەندامەکانی نادی هاتبوە کوڵ. خەڵقی سوریە بە جاریێو بە ڕاستی لە دەوری نادی کۆبونەوە. هەمو بەیەك دەم هاواریان ئەکردو سەربەخۆیی تەواوی سەرپاکی سوریەیان ئەویست. ئەو سوریەیەی کە فەلەستینو لوبنانیشی لەگەڵ بێ. بەم ڕەنگە فەیسەڵ ناچار ما کە بگەڕێتەوە فەرەنسەو لەگەڵ گەورەکانی حکومەتە سوێندخۆرەکانا لە پاریس کەوتەوە باسو موزاکەرە. بەڵام هەوڵو تەقەلاکانی کە لەم لایەنەشەوە بەکاری هێنا، شتێکی لێ پەیا نەبو. فەیسەڵ لەو پەیمانە ئەدوا کە لە شەڕی گەورەدا لە بــەینی ســوێندخۆرەکانو "مــەلیك حســێن"دا کرابــو و داوای لــە گــەورەکانی سوێندخۆرەکان ئەکرد کە بە پێی پەیمانەکەیان لەگەڵ عەرەب بجوڵێنەوەو تکای ئــەوەی لــێ ئــەکردن کــە نوقتــەکانی ویلســەن بــەجێ بێــنن، هــەقی جــۆری ژیــانو ئیدارەی سەربەخۆیی بدەنە دەس عەرەبەکان خۆیان. بە کورتی هیچ نەما نەیکاو هــیچ نەمایــەوە نــەیڵێ. بــەڵام فەرەنســزەکان زۆر بــە ســاردی لەگــەڵ فەیســەڵ ئەجوڵانەوەو بەرامبەر بەم هەمو ڕەنجو تەقەلایە تەنیا بە زەردەخەنەیەکی ساردو سڕ وەڵامیان ئەدایەوە. بەمەدا بۆی دەرکەوت کە لە دونیای سیاسەتا بێئەوەی هێزێکت پێ شك بەرن شتێکت دەس ناکەوێ. ئیمانی بەوە هێنا کە پەیمانی بەهێز بەرامبەر بە بێهێزییەکی کەمدەسەڵات سەری نەگرتوەو ناگرێ. لەولای تریشەوە ئینگلیزەکانی دۆستی –کە بەتەما بو پشتی بگرنو یارمەتی بدەن– پێیان ئەوت ئەو خەیاڵانە کە لە سەریایە ئەبێ بیکاتە دەرەوە، چاو لە خەڵقی سوریە نەکاتو بە هەڵەشەییو گێرەشێوێنی ئەوان نەچێ بەڕێوەو سەر لە خۆی نەشێوێنێ. ئەیانوت پێویستە لەگەڵ فەرەنسزەکان ڕێکەوێو حکومەتی فەرەنسە

چۆنی بۆ دائەنێ بەو جۆرە بکا، واتە تا زوە لە لایەن چەشنی دامەزراندنی حکومەتی سوریەوە بڕیارێکیان لەگەڵ بداو بگەڕێتەوە.

فەیسەڵ بە ئامۆژگاریو ڕاسپێری ئینگلیزەکان هۆشی هاتەوە بە بەراو تێگەیشت "ئیمپراتۆریەتی عەرەب" کە لە مێشکی ئەوا جێی بۆتەوە لە خەیاڵ بەولاوە شتێکی تر نیە. لەبەر ئەمە بڕیاری دا کە ئیتر دوی خەیاڵ نەکەوێ. ئنجا لە موئتەمەری وەرسایل لە سوێندخۆرە یەککگرتوەکان گفتی وەرگرت کە بۆ تێگەیشتن لە چەشنی حکومەتێ کە بە باشی ئەزانن پرسێك ئیستفتا بە ئەهالی سوریە بکرێو خۆی بە دڵشکاویو بێ هیوا گەڕایەوە سوریە.

*　　*　*

## ٦٤

## ئەمیر فەیسەڵ کرا بە مەلیکی سوریە

بە تەقەلای نادی عەرەبی خەڵقی سوریە کەوتنە بزوتنەوەو خۆئامادەکردن. پێش ئەوە هەیئەتی پرسینەوە (ئیستفتا) بگاتە سوریە ویستیان کە بۆ داواکردنی هەقی عەرەبو پێویستەکانی سوریە نوێنەرەکانی خۆیان دابنێن. لەبەرئەوە دوای هەڵبژاردن (ئینتیخابات) نمایندەکانی (مەبعوس) میللەتیان کۆکردەوە. زۆربەی ئەمانە لە پیاوە ناودارەکانو تێگەیشتوانی سوریە بون. لەگەڵ ئەمەشا –بە داخەوە ئەڵێن– کە زو تەماع گرتنیو لە میللەتو واتە لەوانە کە هەڵیان بژاردبون ڕویان وەرگێڕا. دوای ئەوە کە بۆ فریودانی خەڵق یەك دو تەقەلای سەرزاریو بێ سودیان لێ بینرا بە گەڕانەوەی فەیسەڵ لە پاریس –بە تایبەتی کە بۆیان دەرکەوت– لەگەڵ حکومەتی فەرەنسە ڕێکەوتەوەو دامەزراندنی حکومەتی سوریەی پێ سپێراوە– وەکو مەگەز لە دەوری هەنگوین کۆئەبێتەوە لە دەوری کۆبونەوەو کردیان بە مەلیك (٨ی مارتی ١٩٢٠).

دوای ئەمە لەژێر سەرەکی عەلی ڕەزا پاشای ڕکابیدا یەکەم وەزارەتی سوریە دامەزرا. ئیتر هەوساری میللەتی سوریە لە دەس کۆمەڵەکانا نەماو لە دەس

نیشتمانپەروەرەکان و موجاهیدەکانەوە کەوتە دەس وەزیرەکان و بازرگانەکانی سیاسەتەوە. ئەم حاڵە لە سەرێکیشەوە تا ماوەیەك بو بە هۆی کپی و بێدەنگی. چونکە ئەوانە کە خۆیان لە ڕێی وڵاتا بەخت ئەکرد لە ناوەند دور خرانەوەو یا لە کەڵك خران. ئەوانەش کە بۆ جێگەو ناوچەی بەرز تێ ئەکۆشان، یا شوێن (مەنسەب) یا نائیبی و یا وەزارەت کەوتبون هاتنە پێشەوە..

لەگەڵ ئەمەشا فەیسەڵ گەلێ گێرەو کێشەی بو بە توشەوە. تا سەری بە ئەندامەکانی نادی نەواندو وازی لە هەڵەشەیی پێ هێنان، گەلێ لەگەڵیان ماندو بو. لەم ڕێیەدا بە زمان و بە پارەو بە هیوای هێنانە پێشەوە لەگەڵ زۆر کەس خەریك بو و تەقەلای دا. بەڵام تا بەینێك بەربەرەکانیەکی زۆر بەتینی کرا. گەلێ لێی دوان. لەناو خەڵقاو لەملاو لەولا قسە نەما دەربارەی نەکەن. بە ڕاست و درۆ زۆر شتیان بۆ هەڵبەست. لە هەمو هەلێکا چون بە گژ ئەوانەدا کە سەر بە فەیسەڵ بون، چەندو چونیان لەگەڵ ئەکردن. توانجیان ئەگرتە فەیسەڵ و ناویان بە خراپە ئەهێنا. تەنانەت لەوە دەمیان نەئەپاراست کە بە غایەنی وڵاتی دابنێن. بەڵام لەگەڵ ئەمانە هەموی لە ئەنجاما بە زەبری پارەو شیرینی نەما، یا بە دەرخستنی سوچێکی کورسی و یا سودێکی چەوری دونیایی ڕو بە گەلێکیان وەرگێڕاو هەندێکیشیان ڕاستەوڕاست کێشرانە بن باڵی مەلیکەوەو لەگەڵ ئەوانەدا کە لە پێشەوە لە دەوری کۆبونەوە، کەوتنە هەڵپەڕین[٦٥].

پرسیاری ئیستفتا: لەسەر داوای دکتۆر ویلسەن سەرەك جمهوری ئەمەریکا هەر لە پێشەوە بیر لە ناردنی هەیئەتێکی پرسینەوە لە نوێنەرەکانی سوێندخۆرەکان کرابۆوە. ئنجا لەم ڕۆژانەدا باسی ناردنی هەیئەتێکی وا دوبارە کەوتەوە سەر زمان و خەڵقی سوریە چاوەڕوانی هاتنی ئەم هەیئەتە بون. بەڵام بەلای سەر لەشکرەکانی هێزی دەوڵەتە یەکگرتوەکانەوە لە سوریەو لە عێراق ئەنجامی ئەم چەشنە پرسینەوەیە بە باش نەئەزانرا. لەوە ئەترسان کە ئەم پرسیارییە ببێ بە هۆی لەدەسچونی سوریەو عێراق. لەبەر ئەوە لە ژێرەوە

[٦٥] "المسئلة السورية– مجيد خدوري".

حکومەتــەکانی خۆیــان هــان ئــەداو بۆئــەوەی لــە نــاردنی هەیئــەتی پرســیاری پەشـیمانیان بکەنـەوە تێئەکۆشـان. ویسـلەن لەمـە گەیشـتو بـۆی دەرکـەوت کـە سوێندخۆرەکان لەو بیرەدا نین کە هەیئەتێکی وا بنێرێت. لەبەرئەمە خۆی بڕیاری دا کە تەنیا لە نوێنەرانی ئەمەریکا هەیئەتەکە ڕێك بخاو بینێرێ. ئەم هەیئەتە لەژێر سەرەکی میستەر گراینی ئەمەریکایا ڕێکخراو لە ۳۰ نیسان گەیشتە شام. خــەڵقی ســوریە هیوایــەکی گــەورەیان بــەم هەیئەتــە بــو و لــە ۱۰ مــادەدا بیرخەرەوەیەکیان[٦٦] پێشکەش کرد.

مادەی دوەمی: دەربارەی جۆری حکومەتی سوریە لە ژێر حوکمی مەلیك فەیسەڵو دەربارەی قەومە بچوکەکان (اقلیات) بو.

مادەی چوارەمی: دەربارەی ئەمەریکاو چاوێریکردنی (حمایە) حکومەتی سوریە بو.

مادەی پێنجەم: لەوە باسی ئەکرد کە لە حاڵێکا ئەمەریکا نەیویست حیمایەی حکومەتی سوریە بگرێتە ئەستۆی، ئەم چاوێریە لە بەریتانیا داوا بکرێ. هەرچی وەکو مادەی شەشەمە سەرتاپاخوار دەربارەی ئەوە بو کە فەرەنسە مافی بەسەر سوریەوە نیەو هەر شتێکی لەم لایەنەوە وتویەو ئەیڵێ بێ بناغەیەو درۆیە..

کە ئەم بیرخەرەوەیە لە لایەن خەڵقی سوریەوە درا بە هەیئەتەکەی پرسیاری، فەرەنسـزەکان بـە جـارێ عـەقڵیان لەسـەرا نـەما. ئاگریـان گـرتو ڕۆژنامـەکانی فەرەنسـە بـە یـەك دەم کەوتنـە وێـزەی فەیسـەڵ. بەمەشـەوە نەوەسـتان. تەنانـەت کەوتنـە لێـدوان لـە ئینگلیزەکـانی سـوێندخۆریان. ئـەیانوت دانرانـی فەیسـەڵ لـە سوریەو دامەزرانـدنی حکومـەتی نیشـتمانی فێڵێکـی ئینگلیـزەو مەبەس لەمـەش ئەوە بو کە خەڵقی سوریە لـە کـاتی پرسینەوەدا (ئیستفتا) ڕێـی ئـەم کردەوانـەیان ببێ.. ئینگلیزیان بە پەیمانشکێن دائەنا. دوڕویی و فێڵبازیو ناڕاستییان ئەدایە پاڵ. چونکە بەلای فەرەنسزەکانەوە وابو و یا ئەیانویست وای بدەنە قەڵەم کە هەر وەکو دانانی فەیسەڵ بە مەلیكو دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی لە سوریە

---

[٦٦] بیرخەرەوە: مذكرة ویا مخطره Menorandum.

فیڵێکی ئینگلیزی تیابو، پێشکەشکردنی بیرخەرەوەکەی خەڵقی سوریەش بە هەیئەتی پرسینەوە هەر ئەنجامێکی فیڵ‌و فەرەجی ئینگلیزە..

حکومەتی بەریتانیا بۆ ڕزگاربون لە مەسرەفی ئیحتلال لە بیانو ئەگەڕا. ئەیویست ڕۆژێ زوتر لەژێر ئەم بارە بچێتە دەرەوە. لەبەر ئەمە کرژی دەماری فەرەنسزەکانی بە هەل ژمارد‌و کەوتە سەر ئەوەی کە بە تیرێ دو نیشان بشکێنێ. *ویستی لە لایەکەوە فەرەنسەی سوێندخۆری خۆی ئاشت کاتەوە‌و بیری بگۆڕێ لە لایەکیشەوە لە مەسرەفی داگیرکردنی سوریە ڕزگاری بێ*[٦٧]. *لەبەرئەمە لەگەڵ حکومەتی فەرەنسە ڕێکەوت‌و سوریەی بەجێهێشت. ژەنەراڵ گۆرۆی فەرەنسز بە خۆی‌و لەشکریەوە لە سنوری سوریە بو و چاوەڕوانی ئەمەی ئەکرد. کە ئینگلیزەکان سوریەیان بەجێهێشت دەسبەجێ ئەمری کرد بە فەیسەڵ کە لە سوریە بچێتە دەرەوە.*

حکومەتی فەیسەڵ کە دوای ڕۆیشتنی ئینگلیزەکان، پاراستنی سوریە ڕاستەوڕاست کەوتبوە سەرشانی خۆی ویستی لەگەڵ (گۆرۆ) ڕێکەوێ‌و سەری بۆ هەمو داوایەکی نەواند. بەڵام فیزو غروری "گۆرۆ" لەوانە نەبو بەمە لێ گەڕێ‌و بڕیاری دا کە بە شەڕ بێتە شامەوە. ئنجا حکومەتی سوریە ناچار ما کە خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکا. مەجلیسی جەنگی[٦٨] فەیسەڵ -دوای موزاکەرە‌و گفتوگۆیەکی

---

[٦٧] ئەمە باوەڕی هەندێکە لە مێژونوسەکانی عەرەب. بەڵام لە ڕاستیا فەرەنسزەکان‌و ئینگلیزەکان پێش شەڕی گەورە لە ١٩١٤و لە کاتی شەڕاو دوای بڕانەوەی شەڕ بارەها لەسەر بەشکردنی وڵاتی عەرەب‌و وڵاتی ئەو قەومانەی تر کە لە وڵاتی عوسمانی جیا کرانەوە ئەکەوتنە گفتوگۆو بگرە‌و بەردەوە‌و هەرجارە بە جۆرێ بڕیاریان ئەدا بە بەشکردن. بەڵام زۆری پێ نەئەچو بایان ئەدایەوە‌و ئەکەوتنە سەر بیرێکی تر. جارێ سوریە بۆ ئینگلیز دائەنرا‌و موسڵ بۆ فرەنسە. جارێکی تر بە پێچەوانەی ئەمە سوریە ئەخرایە سەر بەشی فەرەنسە‌و موسڵ ئەخرایە سەر بەشی ئینگلیز. ئنجا دەرچونی ئینگلیز لە سوریە ئەنجامی ئەم بگرە‌و بەردە‌و ئاڵوگۆڕە بو لە بەشەکانا. دیارە کە ئەم بەش بەشیە بێئەوەی عەرەبەکان خۆیان ئاگایان لێ بێ لە بەینی فەرەنسە‌و ئینگلیزەکانا‌و بە نهێنی بڕیاری لەسەر ئەدرا‌و ئەکرا..

[٦٨] مەجلیسی جەنگی یا مەجلیسی حەرب.

دورو درێژ– لە چەك و سیلاحی جەنگ هەرچیيان بۆ پێكەوە نرا، لەشكری ڕێكی نیزامی و لە عەشایر هەرچیيان بۆ كۆكرایەوە بردیان بە پیر لەشكری "گۆرۆ"وە. لەگەڵ ئەمەشا –داخەكەم– لە تاقەڕۆژێ بەولاوە خۆیان پێ نەگیراو لە دوای شەڕێكی چەند سەعاتی لە بەینی ئەم دو لەشكرەدا لە (مەیسەلون) عەرەبەكان تەفروتونا بون (١٩٢٠/٧/٢٤)[٦٩]. لەم شەڕەدا "یوسف الغظمة" سەرەكلەشكری سوریە كوژراو لەشكری فەرەنسە چوە شامەوەو دوایی درا بە حكومەتی نیشتمانی عەرەب لە سوریەو بەم جۆرە فەیسەڵ –دوای بونی بە مەلیك بە حەوت مانگ– بە ئەمری ژەنەراڵ گۆرۆ سوریەی بەجێ هێشت و چوە ئیتالیا[٧٠]، لەم

[٦٩] المسئلة السورية– دكتور مجيد خدوري: تەحسین عەسكەری لە لاپەڕە ١٤٢ بەرگی دوەمی موزەكەراتەكەیا باسی شەڕەكەی (مەیسەلون) بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە: لەشكری فەرەنسە كە هێزەكەی (مجدل عنجر)ی عەرەبی شكاند تا مەیسەلون پێشكەوت و بەیانی ڕۆژی ٢٤ی تەموزی ١٩٢٠ گەیشتە سەر ئەسڵی لەشكرەكەی سوریەو هەردو لەشكر (هی سوریاو فەرەنسە) تۆپەكانیان لەیەك خستە كارەوە، سربێكی فڕۆكەو ژمارەیەكی زۆر دەبابە لەشكری فەرەنسەی ئەپاراست. عەسكەرە پیادەكانی فەرەنسە لەژێر سێبەرو ئاگری فڕۆكەو تۆپەكاندا بەرەو مەیسەلون پێشكەوت. (یوسف الغظمة) سەرەك لەشكری سوریا زۆر ئازانە لەشكری سوریای هەڵئەسوڕاند. بەڵام بەر پریشكی شەستتیر كەوت و كوژرا. شەڕ تا نیوەڕۆ دەوامی كرد، دوای ئەوە جبەخانەی عەرەبەكان تەواو بو و لەشكری سوریا بە ناچاری گەڕایەوە دیمەشق. لەم شەڕەدا لە لەشكری سوریا (كە هەموی سێ هەزار نەفەر بوو) ٨٠٠ كەس كوژرا، بەڵام لە لەشكری فەرەنسزەكان (كە فیرقەیەك عەسكەرو ٥ بەتتەریە بون) ٣٠٠ نەفەر كوژراو شەڕ بڕایەوە. دوای ئەمە لەشكرەكانی فەرەنسە دوابەدوا چوونە شامەوەو فەیصەڵیش بە زۆری گۆرۆ لەشام كرایە دەرەوە. (مذكرات)ی تەحسین عەسكەری.

[٧٠] لەم سەفەرەدا مەلیك فەیسەڵ –جگە لە خێزانی مەلیكی و دەس و پێوەندی خۆی– ئەمانەشی لەگەڵ بو: ئەمیر زەیدی برای و جەعفەر عەسكەری و نوری سەعیدو ئیحسان جابری و ساطع الحصری و ئەمیر عادل ئەرسەلان و دكتۆر ئەوڕەحمان شابەندەرو مەحامی عەونی عەبدولهادی و ڕیاض الصلح و دكتۆر ئەحمەد قەدری و سەبیح نەجیب و گەلێكی تر لە ناودارەكانی عێراق و سوریە.. هەمو بە قەتاری تایبەتی چونە میسر لەوێوە مەلیك فەیسەڵ لە ڕێی زەریاوە چوە ئیتالیاو لە ١٣ی ئاب ١٩٢٠ گەیشتە میلانۆ.. تەحسین عەسكەری، موزەكەرات دەربارەی شۆڕشی گەورەی عەرەب.

ڕۆژنەدا شۆڕشی عێراق بە تەواوی کڵپەی سەندبو و ئینگلزەکان بۆ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرەو دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە بە هەمو جۆرێ تەقەلایان ئەدا. لەبەرئەوە پێویستیان هەبو بە کەسێکی ناودارو خاوەن ناوچە کە بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. واتە ئەیانویست بارەکەی سەرشانیان لە عێراق بگوێزنەوە سەرشانی یەکێکی خۆولاتی. چونکە ئەرکی لەشکری داگیرکەر لە عێراقا –جگە لە ئەرکی شۆڕش کوژاندنەوە– پشتی خەزێنەی بەریتانیای گەورەی ئەنوشتاندەوە[٧١] لەبەر ئەمە جارێ لە بەغدا لەژێر سەرەك وەزیری سەی ئەوڕەحمان نەقیبدا بۆئەو ڕۆژە حکومەتێکیان دامەزراند، ئنجا فەیسەڵ لەم کاتانەدا بو کە یەکلەدوای‌یەك نامەو پیاوی ئەنارده لەندەن‌و دەربارەی ئەم ئەنجامەی خۆی‌و حکومەتی سوریە گلەیی ئەکرد. ئینگلیزەکان ئەمەیان بە هەل ژماردو داوایان کردە لەندەن. چەرچڵ لەو ڕۆژەدا وەزیری موستەعمەرات بو. دوای ئەوە کە لەگەڵی ڕێکەوت حکومەتی بەریتانیا فەیسەڵی کرد بە "نامزەد"ی مەلیك‌و ناردیە عێراق. لەسەر ئەمە ئەوانە کە بە ناوی کۆمەڵە سیاسیەکانی عێراقەوە چوبونە سوریەو حیجازو بۆ سەربەخۆیی عێراق تێئەکۆشان –هەرچەند بەتەمابون کە ئەمیر عەبدوڵلا بکرێ بە

[٧١] زۆر لەوانە کە وایان ئەزانی شێخ مەحمود بو بە هۆی سەرنەگرتنی حکومەتی کوردی ئەبێ لەمانە دەرس وەرگرن‌و بزانن کە سیاسەتی فەرەنسە دەربارەی فەیسەڵ لە سوریە وێنەیەکی سیاسەتی ئینگلیز بو دەربارەی شێخ مەحمود لە عێراق. ئەگینا هەروەکو فەیسەڵ لەشکرێکی گەورە لە زابتان‌و سیاسی‌و خوێندەوارە بەرزەکانی لەگەڵ بو و یارمەتییان ئەداو جگە لەمە بەرامبەر بە (گۆرۆ) هیچ سەرپێچی نەکراو بە هەمو جۆرێ هەوڵی ئەوە درا کە لەگەڵی ڕێبکەوێ دیسانەوە کەڵکی نەبو و حکومەتی سوریەی سەربەخۆ ڕوخا" حکومەتی شێخ مەحمودیش لە هەر وێنەیەکا دابمەزرایاو دەوروپشتەکانی شێخ مەحمود کێ‌و یا چۆن ئەبون ببونایە (ئەوەش ئەبێ بزانین کە پیاوەکانی لەگەڵ شێخ مەحمود بوون هەندێکیان لەوانە کەمتر نەبوون کە لە سووریا دەوری فەیصەڵیان دابوو)، ئەنجامی حکومەتەکەی کورد هەر ئەوە ئەبوو کە بوو، چونکە ئەو هۆیانەی کە حکومەتی کوردی ئەهێنایە ناوخۆی لەناوا نەئەما هۆی تری وائەهاتە پێشەوە کە پێست بە لەناودانی حکوەمەتەکە بکا. ئینجا کردەوەی شێخ مەحمود یا ڕێنەکەوتنی لەگەڵ ئینگلیز ئەکرا بەبیانوو بۆ تێکدانی. وانەبوویا کورد پیاوی زۆر بوو کە لە دەوری شێخ مەحمود کۆببنەوەو پێکەوە ماوەی کەمو کورتی نەدەن و خزمەتی وولاتەکەیان بکەن.

مەلیك- لەژێر حوكمی كاتا مانەوەو لەگەڵ فەیسەڵ بە سواری كەشتی جەنگی ئینگلیز (نۆرس بروك)و لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢١ كەوتنە ڕێو ئێوارەی ڕۆژی جومعەی ٢٤ی مانگ بە وێنەیەكی زۆر بە شكۆ و شاهانە لە بەغداوە بەرەو پیری كراو هاتە شارەوە[٧٢].

* * *

## ٦٥

## توركەكان لە موئتەمەرەكاندا چۆن سەركەوتن؟!

ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە سەر كارەساتەكانی ساڵی ١٩٢١و چاوێ بەسەر ناوچەكانی شەڕی تورك‌و یۆنانا بگێڕین ئەبینین كە ئیتر لەشكری یۆنان بە پێچەوانەی ساڵەكانی ١٩١٩-١٩٢٠ ڕوی كردۆتە شكستی‌و كشانەوەو لەشكری مستەفا كەمال وردەوردە لە پێشكەوتن‌و سەركەوتنایە. لەشكرەكانی یۆنان لە كانونی دوەمی ١٩٢١ دا هەڵمەتێكی گەورەیان بردبوە سەر ئەسكی شەهر، بەلام لە ١١ی ئەو مانگەدا لە (ئین ئونو) لە لایەن لەشكری كەمالییەكانەوە زۆر بە توندی بەرامبەریان كرابو و بە شكستێكی گەورە گەڕابونەوە بورسە. ئەم سەركەوتنەی كەمالییەكان بو بە هۆی ئەوەی كە هەیئەتێك لە سوێندخۆرەكان لە پاریس كۆ بێتەوەو بۆ ئەوەی كە مەسەلەی خۆرهەلات (مەسەلەی شرق) بەئەنجام بگەیەنرێت بكەوێتە گفتوگۆ[٧٣]. لەم كۆبونەوەیەدا سنیۆر سفۆرزا وەزیری كاروباری دەرەوەی ئیتالیا كە قینی لە حكومەتی یۆنان بو، لایەنی توركی گرت‌و داوای كرد كە لەشكرەكانی یۆنان لە ئەنادۆڵ بكرێتە دەرەوەو ئەدەنەو ئیزمیرو بورسەو شارەكانی تر كە داگیر كرابون، بدرێتەوە بە تورك. فەرەنسزەكانیش لەگەڵ سفورزا بون بە یەك‌و ئەمەیان داواكرد. بەلام لۆئید جۆرج سەرەك وەزیری بەریتانیا

---

[٧٢] المسألة السورية- دكتور مجيد خدوري.

[٧٣] تأريخ الوزارات العراقية- مامۆستا عبدالرزاق حەسەنی.

بەرهەڵستی ئەم بیرە بو و لایەنی یۆنانی ئەگرت. لەبەرئەمە ڕێنەکەوتن و بڕیاریان دا کە لە ٢١ی شوباتی ٩٢١ لە لەندەن دوبارە کۆبنەوەو ئەمجارە نوێنەری ئەستەموڵ و ئەنقەرە واتە نوێنەری حکومەتی وەحیدەدینی خەلیفەو نوێنەری مستەفا کەمال، سەرکردەی شۆڕش بانگ بکرێ و لە بیرو داواکانی هەردولا تێبگەن. ئەمە جاری یەکەم بو کە لە مستەفا کەمال داوای نوێنەر ئەکراو بەم جۆرە سوێندخۆرەکان دەریانخست کە ئەیانەوێ مستەفا کەمال بناسن و دان بە حکومەتی ئەنقەرەدا بنێن. لۆئید جورج بەمە لە دو سەرەوە شکا: لە لایەکەوە نمایندەکانی فەرەنسەو ئیتالیا قسەیان سەرئەکەوت و نوێنەری مستەفا کەمالیان ئەگرتە باوەش" لە لایەکیشەوە تورکەکان دوای شکاندنی ئەو لەشکرانەی یۆنان کە بە پارەو بە چەکی ئینگلیز ڕێك خرابو ئەهاتنە لەندەن و ڕوبەڕوی دائەنیشتن و داوای هەقەکانی میللەتی تورك واتە داوای بەری سەرکەوتن و زەفەری لەشکری مستەفا کەمالیان لێ ئەکرد.

* * *

## موئتەمەری لەندەن و باسی کورد

موئتەمەری لەندەن وەکو بڕیاری لەسەر درابو لە ٢١ی شوباتی ٩٢١ کۆبوەوە. پەیمانی سەڤەر لەو ڕۆژەدا بناغەو یا کۆڵەکەی مەسەلەی خۆرهەڵات بو. سفورزا لە موئتەمەری پاریسدا داوای پوچکردنەوەی ئەم پەیمانەی کردبو. لە موئتەمەری لەندەنیشا باسی پەیمانی سەڤەری هێنایە پێشەوەو داواکەی دوبارە کردەوە. لەم موئتەمەرەی بەکر سامی نوێنەری ئەنقەرەو تۆفیق پاشای سەدری ئەعزەم[٧٤] نمایندەی حکومەتی پادشای ئەستەموڵ بو. یۆنانەکان "کالیگرۆ پۆلۆس" ناوێکیان بۆ موئتەمەر ناردبو. نمایندەکانی فەرەنسەو ئیتالیا لە باسی مەسەلەی ئیزمیرو تراکیادا کە هێشتا بە دەس لەشکرەکانی یۆنانەوە بو پشتی نوێنەرەکانی تورکیان گرت. نوێنەری یۆنان ملی نەداو داوای ئەوەی کرد کە موئتەمەر بۆ جارێ

[٧٤] سەدری ئەعزەمو یا (صدر اعظم) = سەرەك وەزیرو یا ڕەئیسی وزەرا.

دوەمو لەژێر سەرەکی (لوردن کەرزەن)دا کۆبۆوە. ئەمجارە "بۆگۆس نۆبار پاشا!" نوێنەری ئەرمەنیەکانی تورکیاش داوای کرد کە دەس لە پەیمانی سەڤەر نەدرێ. جگە لەمە ئەیوت پێویستە لە حکومەتی مستەفا کەمال لە لایەن ئەو ئەرمەنیانەوە کە لە کلیکیا لەژێر حوکمی تورکیا ئەمێننەوە بەڵێنێکی پارێزگاری وەربگیرێ.

"ئەهارۆنیان" سەرەك نمایندەی ئەرمەنیەکانی ئەریوانیش ڕەخنەی لەو پەیمانە ئەگرت کە لە بەینی ئەنقەرەو ئەریواندا کرابو و ئەیوت قارسو ئەردەهان نادەنەوە بە تورك. ئەم گیرو گرفتو ڕەخنەو بەرهەڵستە بو بە هۆی ئەوەی کە هەر ئەو ڕۆژە بۆ پاش نیوەڕۆ بە تایبەتی لەگەڵ نوێنەرەکانی تورك کۆبنەوەو بکەونەوە گفتوگۆ[٧٥].

## مەسەلەی کوردو ئەرمەنی

ئەم بەشەی گفتوگۆو موزاکەرەیە لە موئتەمەری لەندەن تەنیا دەربارەی مەسەلەی کوردو ئەرمەنی بو. بەکر سامی سەرەك نمایندەی ئەنقەرە لە بابەت مەسەلەی کوردستانەوە ئەیوت: *".. دەربارەی ئەم وڵاتە* (واتە کوردستان) *لە پەیمانی سەڤەرا باسی موختاریەت کراوە. بەڵام ئیستە کوردەکان لە مەجلیسی گەورەی میللەتا*[٧٦] *نمایندەیەکی زۆربەیان هەیەو لە وێنەیەکی فراوانا تەمسیل ئەکرێن. بەڵام ئەم نمایندە کوردانە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان هیچ باسێکیان لە مەجلیسا نەکردوەو مەیلێکی وایان نەنواندوە"*.

جگە لەمەش بەکر سامی ئەیوت: *"لە قانونی ئەساسی تورکا نەك هەر کورد بەڵکو قەومە بچوکەکانی ترکە وان لەژێر حوکمی تورکا موختارییەتێکی فراوانیان پێ بەخشراوە. لەبەرئەمە باوەڕ ناکەم شتێ هەبێ کە ببێتە هۆی ئەوە کوردەکان بخاتە لێکدانەوەوە لە لایەن دواڕۆژی خۆیانەوە.."*.

[٧٥] لە گۆڤاری ئاین تاریخیو یا (ایك تاریخی)= مێژوی مانگی کە گۆڤارێکی مێژوینی تورکیە لە زەمانی مستەفا کەمالو لە کاتی شۆڕشەکەو شەڕی تورکو یۆناندا دەرئەچو..

[٧٦] تورکیا بو یوك میللەت مەجلسی.

بـەڵام تۆفیـق پاشـا ی نوێنـەری حکومـەتی ئەسـتەموڵ بەمەشـەوە نەوەسـتا، چونکە ئەیویست نمایندەکانی دەوڵەتە بێگانەکان بە تـەواوی هـان بداو بیانکا بە دوژمنـی قـەومی کـورد. لـە کاتێکا ئەمانـە لـەو کارەسـاتانە ئـەدوان کـە لـە شـەڕی گەورەدا دەربارەی ئەرمەن و عیسایییەکانی دانیشتوانی وڵاتی عوسمانی کرابو و مەترسییان ئەنواند لە مانەوەی قەومەکانی غەیرە تورك لەژێر حوکمی دەوڵـەتێکی تورکـا" پاشـای نماینـدە وتـی: *"ئەگـەر لـەم وشـانەو بەیاناتـە مەبەسـتان ئـەو کوشتارەیە کە دەربارەی ئەرمەنییەکان کرابو ئەبێ بزانن کە حکومەتی عوسمانیو بە تایبـەتی میللـەتی تـورك لەمـەدا بـە تـەواوی بێگوناهـە. چـونکە لـە کاتێکـا کـە حکومـەتی عوسمـانی لـە شـەڕا بـو و دەسـی بـە شـتێکی تـرا نەئەگەیشـت کـوردە نەفامو موتەعەسبەکان هەلیان دەسکەوتبو و لە ڕوی نـەزانینو تەعەسـوبی دینـەوە ئەرمەنییەکانیان ئەکوشت.."*.

ڕاستیو یا ناڕاستی ئەم وشانەی پاشای بەڕێز! باوەڕ ناکەین لـە نمایندەکانی بێگانـەکان شـارابێتەوەو نـەیانزانیبێتو شـکی تیـا نییـە کـە ئـەوان زۆر بـاش ئـەیانزانی کـە دوژمنایـەتی کـوردو ئەرمـەنی ئـەنجامی فڕتـوفێڵی تـوركو بـەری هاندانو ئاین ئۆینە بێ مروەتانەکانی سەرکردەو پیاوەکانی میری واتە بەری ئەو "تۆو"ە بو کە حکومەتی عوسمانی ئەیچاندو بڵاوی ئەکردەوە. لەگـەڵ ئەمەشا – زۆر جێـی داخـە– کـە ئـەم وشـە درۆو هەڵبەسـتانەی سـەرەك وەزیـری خەلیفـەی ئیسـلام! لەسـەر مێکشـی نماینـدەکان کـارێکی تـەواوی نوانـدو لـە ڕوی گشـتی داواکانی قەومی کوردا هەوایەکی تری ناساز دەسیکرد بە هـەڵکردن. واتـە ئـەم بەیاناتـە بێمروەتانـەو ناڕاستو بێشـەرمانەیە یـەکێ بـو لـەو هۆیانـەی کـە هـەوای موئتەمەر کەمو زۆر بگۆڕێو بەڵگەی بداتە دەس دوژمنەکانی کوردو بو بە هۆیـەك لـەو هۆیانـەی کـە تـا تـەرازوی توركو پشتیوانەکانیان لـە موئتەمـەرا سـەرکەوێو پەیمانی سەڤەر بۆ ماوەیەك بکرێ بە ژێر لێوەوە.

بـە کـورتی تـورك دوای ئەمـەو بـە یارمـەتی نوێنـەرەکانی فەرەنسـەو ئیتالیـاو توانییان کە ئیتر ڕوی موئتەمەر وەرگێڕنـە سـەر هەندێ لـە داواکانی خۆیـانو ئـەو

داوایانـــه بـــه لۆئیـــد جـــۆرجیش بســـەلمێنن. چـــونکه فەرەنســـەو ئیتالیـــای سوێندخۆرەکانی ئینگلیزو شەریکی ڕۆژی شەڕو کارەسات دەسیان دابوە دەسی تورك‌و لەسەر ئەویان ئەکردەوە. واته سوێندخۆرەکان که لـه سالّی ١٩١٨دا پێیان نـەکرابو لـەناو خۆیانا ڕێکـەون‌و چاری تـورك بکـەن دوای سـەرکەوتنی هێزەکـانی مســتەفا کــەمال‌و شکســتە گەورەکــەی لەشــکرەکانی یۆنــان ئــیتر شــتێکیان بــۆ نەمابۆوە که بیکەن. نوێنەرەکانی تورك زانیان لەمەو له کات کەلّك وەرگرن‌و بتوانن بـه مـەرامی کـاری خۆیـان بـدوێن‌و بـەرەو ئامـانج بـڕۆن[٧٧]. بـەلاّم لەگـەلّ ئەمەشـا مەسـەلەی تـورك –یۆنـان ئـەمجارەش دوایـی پـیّ نـەدرا. حکومـەتی یۆنـان بـە بڕیارەکـانی موئتەمـەر وازی نـەهێنا و بۆ سەرخستنی داواکانی یۆنان لە ئاسیای بچوکا، دوبـارە کەوتـەوە خۆئامـادەکردن. بڕیـاری دا کـه بـه هێزێکـی زۆر گـەورەوە هەلّمـەت بەرێتـەوە سـەر خـاکی تـورك‌و بۆ ئەوە تێبکۆشـیّ کـه تـا ئەنقـەرە داگیری بکـا.. ئەگــەر لــه هــەوالّ‌و کارەســات بــڕوانین‌و کــەمیّ لێــی ورد بینــەوە بۆمــان دەرئەکەویّ که ڕێکـەوتنی ئینگلیـز لەگـەلّ فەیسـەلّ‌و ناردنی بۆ عێـراق لەگـەلّ ئـەم ئەنجامەی موئتەمەری لەندەنا پەیوەستێکی هەیە.

بەلّی یۆنـان ملـی نەئـەداو سـەری لـه عاسـت بڕیـاری موئتەمـەرا نەئەنەواندەوە. بڕیـاری ئـەدا کـه هێزێکـی تـری گـەورە ڕێـك بخـاو هەلّمـەت بەرێتـەوە سـەر خـاکی تـورك‌و لـه ١٩٢١ بـه ڕاسـتی تـاوی دایـەوە سـەر خـاکی تـورك. بـەلاّم حکومـەتی بـەریتانیا ئیتر هیـوای بـه یۆنـان نـەمابو و بـاوەڕی سـەرکەوتنی نەئـەکرد. لـەولای تریشـــەوە بـــۆی دەرکـــەوتبو کـــه فەرەنســـەو ئیتالیـــا بـــه پێچـــەوانەی سیاســـەتی بـــەریتانیاوە ئەجولّێنـــەوەو لـــه هەلّمـــەتبردنی لەشـــکری یۆنـــان بـــۆ ســـەر تورکیـــا بەگلەیین. لەبەر ئەمانه ئینگلیزەکان هەر لەو ڕۆژەوە بیریـان لـه ئـەنجامی مەسـەلەی موسلّ کردەوەو بەرامبـەر بـه هـەمو پێشهاتێك لـه مەسـەلەی عێـراق‌و شۆڕشـەکەیا ویستیان به دەسوبرد بجولّێنەوە..

---

[٧٧] له تەرجمەی عەرەبی کتێبی مەسەلەکانی خۆرهەلاّت. به قەلّەمی نوسەری بەناوبانگی ئەلّمانی (ئوجین یەنگ E. Yung).

ئنجا لەوەدا شكمان نییە كە دوای موئتەمەری لەندەن[٧٨] ڕێكەوتنی بەریتاینا لەگەڵ فەیسەڵو نێررانی بۆ بەغداو دوای ئەویش بە ماوەیەكی كەم گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هندەوە بۆ عێراقو بۆ سلێمانی یەكێك بو لەو تەگبیرانە كە پێویست بو لەم ولاٌتەدا بكرێو دەسپێشكەری ئینگلیز بو بۆ بەرهەڵستی دوا ڕۆژ بەرامبەر بە داوای تورك لە بابەت مەسەلەی موسڵەوە لە كاتێكا كە تورك لە شەڕی دواینی لەگەڵ یۆنان سەر ئەكەوێو بەهێزتر ئەبێ. واتە ئینگلزیەكان سەركەوتنی توركیان خستبوە بەرچاو و لە سیاسەتی فەرەنسەو ئیتالیاش بەرامبەر بە خۆیان كەوتبونە شكەوە. لەبەرئەوە لە عێراقا بەرامبەر بە شۆڕشی عەرەبو كورد سیاسەتی پێشویان گۆڕی. ویستیان ئیتر دوایی بە سیاسەتی هێزبەكارهێنان بدەن..

هاتنی فەیسەڵ بۆ عێراق كەڵكی بەریتانیای گرت. دوایی بە شۆڕش دراو حكومەتی عێراق دامەزراو ڕەگی داكوتا. بەلاٌم ئینگلیزەكان وەكو لە دواییا باسی ئەكەین، لە هێنانەوەی شێخ مەحمودا زۆر بە سستی جولاٌنەوەو درەنگ خەبەریان بۆوە. لەبەرئەمە ئاماژە لە كوردستانا دوایی نەهاتو ئاگری شۆڕش بە هاتنەوەی شێخ مەحمود نەك بكوژێتەوە بەڵكو ئەوەندەی تر كڵپەی سەندو گڕی گرت[٧٩].

ڕەفیق حیلمی
بەغدا ١٩٥٧/٢/٢٧

---

[٧٨] وەكو لەمەوبەر باسمان كردبو فەیسەڵ لە ئیتالیاوە بانگكرایە لەندەنو لەوێوە دوای ڕێكەوتن لەگەڵ چەرچل، بەریتانیا كردی بە نامزەدی مەلیك بۆ عێراقو لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٢١ هاتە عێراقو كرا بە مەلیك. ئەمە هەموی دوای بلاٌوبونەوەی موئتەمەری لەندەن بە چوار مانگ جێبەجێ كرابو.

[٧٩] بەرگی دوەمی یادداشت تەواو بو. لەبەرئەوە كە هەر بەرگە كرا بو بە دو بەشەوە بەمەوە تا ئێستە چوار بەشی لەچاپ دراوە. لەمەودوا ژمارەی زنجیرە لەسەر یادداشت ئەنوسین. واتە خوا یار بێ ئەمجارە بەشی پێنجەم لەچاپ ئەدەین.

## وەزارەتی یەکەمی

## سەی ئەوڕەحمانی نەقیبو مەسەلەی کورد[١]

بە هاتنی فەیسەڵ بۆ عێراق حکومەتی موەقەتی سەی ئەوڕەحمانی نەقیب کەوتە بزوتنەوەوە. بۆ هەڵبژاردنی فەیسەڵ بە مەلیك ئەبو مەجلیسی دامەزرێنەر[٢] کۆ بکرێتەوەو پرسی خەڵق بکرێ. لەم بابەتەوە لە بەینی وەزارەتی نەقیبو

---

[١]بەشی پێنجەم

**تکایەك و ڕاستکردنەوەیەکی بچوك**

بەر لە هەمو شتێك تکام لە خوێنەرە خۆشەویستەکان ئەوەیە لەو هەمو کەمو کورتیو چەوتیو هەڵانەم ببورن کە لە چوار جزمەکانی پێشو و ئەوانی ترا کە بە تەمام لەچاپیان بدەم بەر چاویان کەوتوەو ئەکەوێ. ئەمەوێ باش بزانن کە من یەکێکم لەوانە کە لە ڕەخنە زیز نابمو بە دڵێکی خاوێنەوە بەرەو پیری ئەکەمو تا بتوانم هەوڵ ئەدەم کەڵکی لێوەرگرم. ئنجا ئەمەیە کە ئەبێتە هۆی کەمتەرخەمی. هۆی لەسەر ڕۆیشتنو پاڵ بە بەرهەڵستەوە نانو نوسینی بێ وچان. چونکە هیوام زۆرە بە چاولێپۆشینو لێبوردنی برا کوردە خۆشەویستو بەڕێزەکانمو هەمو شتێکی ترم بەلاوە سوكو ئاسانە.

هەڵەیەکی ڕابوردو: لە جزمی چوارەمی یادداشتا وتومە "شێخ محەمەدی بەرزنجی قازی" بو (واتە قازی چەمچەماڵ بو). بەڵام ڕاستەکەی ئەمەیە کە قازیی چەمچەماڵ سەید عەلی کوڕی شێخ محەمەدی بەرزنجی بو. من نەئەبو ئەم هەڵەیە بکەم. چونکە شێخ محەمەدی بەرزنجی (پڕ قەبرەکەی لە نور بێ)، لە زەمانی حکومەتی عوسمانی لە مەکتەبی ڕوشدییەی عەسکەری مامۆسای خۆم بو و قەواعیدی عەرەبی پێ ئەخوێندین. ئنجا *سەید عەلی* قازی چەمچەماڵو *سەید ئەحمەدی بەرزنجی* مودیری ئەمنی عامی زەمانی شێخ مەحمودو مورەخەصی بۆ پاریسو *شێخ قادر* کە ئیمڕۆ عەقیدە لە جەیشی عێراق، هەرسێکیان کوڕی شێخ محەمەدی ناوبراون.

ڕەفیق حیلمی
١٩٥٧/٤/٦
بەغدا: بستان الخس
١/١٧/٤٦٩

[٢] مەجلیسی تەئسیسی.

دائیرەی مەندوبی سامیا هەندێ نامە ئاڵوگۆڕ کرا، کە پەیوەستی بە مەسەلەی کوردیشەوە هەیەو لەبەرئەوە ئەیخەینە بەرچاوی خوێنەرەکان. ئەتوانین بڵێین کە زۆری کوردەکان -تەنانەت زۆر لەوانە کە لە مەجلیسی دامەزرێنەرا بون بە ئەندام- ئاگایان لەو نامانە نەبوەو ئەگەر هەندێکیان -بە هەڵێك بەرچاوی کەوتبێ و یا ئاگای لێ بوبێ- وەکو بۆمان دەرکەوتوە چاوی لێ نوقاندوەو گوێی لێ کەڕ کردوە، واتە لەوانە نەبوە کە بۆ کوردو دواڕۆژی قەومەکەی تێ بکۆشێ و دەماخ بسوتێنێ! چونکە لە کوردستانی عێراقا ئەوانەی کە ناوچەی کۆمەڵایەتییان ماوەی ئەدان بۆ نزیککەوتنەوە لە سیاسەت -ناڵێم هەمویان- بەڵام لە چوار بەشا سێ بەشیان لەو جۆرە پیاوانە بون کە بۆ خۆگرتن بەرامبەر بە میللەتی کورد کە تا ئەهات چاوی ئەکردەوەو لە حەقیقەتی ئەوان ئەگەیشت"و بۆ پارێزگاری ناوچەکەیان کە لە ڕێی ڕاستی و خزمەت و خۆبەختکردنەوە دەسیان نەکەوتبو، ئەبو بە ئینگلیزەکان و کاربەدەستەکانەوە بنوسێن. لەبەرئەمە دیارە کە ئەو جۆرە سیاسییانە هیوای ئەوەیان لێ نەئەکرا ناوچەی خۆیان بۆ خزمەتی وڵات بەکار بێنن و قازانجی ئابوری و سیاسییان لە ڕێی قازانجی کۆمەڵ و میللەتا بەخت بکەن. لەبەرئەمە مەسەلەی کورد هیچ وەختێك -بە تایبەتی لە عێراقا- لە سەر دەسی ئەوانەوە نەڕۆیشتوە کە دڵسۆزی قەومەکە بن و زۆرتر ئەو جۆرە سیاسییانە لەم مەسەلەیە نزیك خراونەوە کە مەبەسیان لە کوردایەتی خزمەتی ئینگلیزو قازانجی خۆیان بوە. هەر لە ڕوی ئەم سیاسەتەشەوە بو کە دوای موئتەمەری لەندەن هەر هەوڵ و تەقەلایەك لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە کوردستانی عێراقا ئەدرا سەری نەئەگرت و لە سنوری تاقیکردنەوەی تەگبیرێ تێ نەئەپەڕی کە لە ڕاستی زیاتر درۆی تێکەڵ کرابێ.

یەکێك لەو تەگبیرانەی ئینگلیز کە بۆ کەڵکلێوەرگرتنی خۆیان لە دواڕۆژا بیریان لێ کردبوەوە تێکەڵکردنی مەسەلەی کوردە لەگەڵ هەڵبژاردنی فەیسەڵی یەکەم بە مەلیك. واتە لە کاتێکا دەسکرا بە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەرو بڕیار درا بە ئینتیخابی فەیسەڵ بە مەلیك بۆ عێراق وەکو لە سەرەوە

وتمان لە بەینی دائیرەی مەندوبی سامی و وەزارتی نەقیبدا چەند نامەیەك ئاڵوگۆڕ کراو ئەم نامانە باسی دواڕۆژی قەومی کوردیشی تیا هەبو. بەڵام داخەکەم نەمانبیستەوە کە یەکێ لە سیاسییە جامبازەکانی کورد، لەو ڕۆژەدا بۆ کورد تێکۆشـن. تەنانەت لەوانە کە بە ناوی ئەندامەوە چوبونە مەجلیسی دامەزرێنەرەوە، من بزانم یەکێکیان بە ناوی کوردەوە وشەی لە دەم نەهاتە دەرەوەو بۆ قەومەکەی دەماخی نەسوتاند. شتێکی نەکرد کە لەناو پەڕاوەکانی مەجلیسا بنوسرێ و یا لە لاپەڕەی مێژوی کوردا ببێتە هۆی ناوبردنی. لە ڕاستیا ئێمە نابێ لۆمەشیان بکەین. چونکە ئەو جۆرە ساسییانە کە ئینگلیز دروستی ئەکردن بۆ خزمەتی کورد نەئەهاتنە ناو. مەبەسی ئەوان تیجارەت بو. بە سیاسەتەوە کاسبیان ئەکرد. تەنیا مەبەسێکیان هەبو. قازانجی خۆیان. ئەمەیش لە خزمەتی ئینگلیزا دەس ئەکەوت. بەڵام سوپاس بۆ خوا بەو مێشکەوە کە هەیانبو خزمەتی ئینگلیزیشیان پێ نەئەکرا. لەبەرئەوە دوابەدوا لە نرخ کەوتن و بەشێکی گەورەیان لە شانۆی سیاسەت کرانە دەرەوە. لە هەردولا بون. کوردو ئینگلیزیان بە جارێ لەکیس چو. کاربەدەستەکان لە جێی ئەو مایەپوچانە دەستە سیاسییەکەی تریان پێگەیاند. بەڵام ئەمانە لە عاست نەتەوەی تازەو لاوە وریاو تێگەیشتوەکانا بە ئاسانی تەمسیلیان پێ نەکرا. تاقیکردنەوەو بەسەرهاتی ڕابوردو بە وێنەی دەرسێکی ڕەوان لە بیر نەچۆوە. هیواش ئەکرێ کە جارێکی تر، (لاو) شوێن ئەو جۆرە سیاسی یا جامبازانە نەکەوێ و بە هەڵە نەچێ!..

ئینگلیزەکانیش لەگەڵ کوردا هەروەکو لەگەڵ عەرەبەکانا کردویانەو ئەیکەن قەت بە ڕاستی نەهاتنە پێشەوەو دەسیان لە فڕوفێڵ هەڵنەگرت. و لەم ناڕاستی و فڕوفێڵە بە ئەنجام خۆیان لە کورد زیاتر توشی زەرەر بون. چونکە تا هیوایان بە لەشکری یۆنان بو و بە تەما بون لەشکرەکانی تورك لە ئاسیای بچوکا بەیاخی سپی هەڵکاو مستەفا کەمال لە ناوا نەمێنێ و بە ڕاستی بەدڵ دەسیان نەدایە دەس کورد. جاروباریش کە مەسەلەی کوردیان بیر ئەکەوتەوە مەبەسیان خزمەتی کورد نەبو. بەڵکو بە هۆی کوردە جامبازەکانی پیاوی خۆیانەوە شوێن

مەبەسێکی نهێنی ئەکەوتن کە قازانجی ئینگلیزی تیا بێ. تەنیا بۆ سەرکەوتنی خۆیان تێئەکۆشانو بۆ هەڵگەران بە کێوە بەرزەکانی ئامانجی بەریتانیادا لە شوێن جێگە پێئەگەڕان..

لەو وشانە کە مەندوبی سامی لە نامەکەیدا بۆ وەزارەتی عەبدولڕەحمان نەقیب ئەینوسێ، مەبەسی ڕاستی ئەو، پارێزگاری حەقی دواڕۆژی کورد نەبو. چونکە بە لای ئینگلیزەکانەوە وابو کە ئەگەر مستەفا کەمال لەناو ببەن موسڵ بێخاوەن ئەمێنێتەوە. نەشیان ئەویست کە ئەم وڵاتە بە پیتو بە بەرەکەتە بخرێتە سەر عێراق. چونکە نەیان ئەویست کە عەرەبەکان بەهێز بن. لەبەر ئەمە لەو ڕۆژەدا لە ژێرەوە بەرهەڵستیان ئەخستە ڕێی عێراقو داواکردنی موسڵ[٣]. باسی کوردستانی ئینگلیز بۆ ئەمە مابۆوە. کە تورك فەوتا، بەرامبەر بە عەرەبی عێراق بیکەن بە هۆی هەڕەشە. واتە لەژێر ناوی کوردستانا موسڵ جیا بکەنەوەو بیکەن بە هی خۆیان.. ئنجا کە مستەفا کەمال سەرکەوت –کوردەکان کە لە ئاسیای بچوكو لە عێراقا لاگیری تورکیان کردبو– هەروەکو ئینگلیز پشتی تێ کردن لە تورکیش لە ستەمو دوژمنایەتی بەولاوە شتێکیان چنگ نەکەوت. چونکە مستەفا کەمال –بەشێ لە قازانجی نەوتەکەی موسڵو بە بێدەنگبونی ئینگلیز لە مەسەلەی کورد– لەگەڵ بەریتانیا ڕێکەوتو دەسی لە موسڵ هەڵگرت..

بەڵام موسڵ ڕاستەوڕاست نەبو بە هی ئینگلیز، بەڵکو بۆ عێراق مایەوە. ئەوانەی خۆیان بە ئەرەستو دائەنێنو لە ژێرەوە زەردەخەنە ئەیانگرێ، ئەبێ بزانن کە ئینگلیزەکان لەچاو ئەو بەرنامەیە کە کێشابویان بە مەبەس نەگەیشتن. بەڵێ جێی ئینکار نیە تا بەینێ لەمەوپێش بەلای بەشی زۆربەی خەڵقی دونیاوە ئینگلیز بە مامۆستای سیاسەت دائەنرانو تەنانەت بەلای بەشێك لە کوردەکانی خۆمانەوە موعجیزاتیان ئەدرایە پاڵ. بەڵام بێتو کردەوەکانیانو ئەنجامی ئەو سیاسەتە کە تا ئیمرۆ لە سەری ڕۆیشتونو ئەڕۆن بخەینە بەرچاو، واتە قازنجو

[٣] داواکردنی موسڵ نەك لە تورکەکان، بەڵکو لە ئینگلیزەکان. واتە بەریتانیا موسڵی بە هی خۆی دائەناو بە تەمای فەوتانی تورکو مستەفا کەمال بو.

زەرەرەکەی بۆ خۆیان و بۆ بەریتانیای گەورە لێك بدەینەوە بە ڕونی بۆمان دەرئەکەوێ کە بە تایبەتی لە شەڕی یەکەمی گێتی بەملاوە بە بێوچان بەرەو دوا ڕۆیشتون و لە هیچ مەبەسێکا بە ئامانج نەگەیشتون. وەکو هەندێ لە سیاسییەکان ئەڵێن خرەفاون. جارێ بە چەشنی پیرێکی خرەفاو و جارجار وەکو منالێکی تاقانەی دایك و باوك ناز ئەکەن و وڕك ئەگرن. بەڵام نە خۆخرەفاندنیان کەڵکیان ئەگرێ نە وڕکگرتنیان. لە هەمو لایەکی دنیا کەس نەما تێیان نەگاو پشتیان تێ نەکا.

با بیر بکەینەوەو بزانین کە کام جێ و لە چە کارێکا بە ئامانج گەیشتن و مەبەسیان چوە سەر؟ کەمێ لە خەیاڵ دور کەوینەوە. پەردەی ئیمان لە ئینگلیز لەسەر ڕو داماڵین و چاوێکی تیژو گەش بە دەوری خۆمانا بگێڕین و پەروامان لە موناقیقیەکان نەبێ و ڕاست بڵێین! ئینگلیزەکان لە دوای شەڕی یەکەم چونە ئەستەموڵ، ئەنجامی تەقەلاکانی ئەوێیان چی بو؟ لەشکری یۆنانیان دروست کردو ناردیانە سەر مستەفا کەمال. ئەنجامەکەی بەچی گەیشت؟ ئەی هەڕەشەو گوڕەشەکانی لوئید جۆرج و کرزن لە موئتەمەرەکاناو تەقەلاکانی ئەم دو وەزیرە گەورەیەی ئینگلیز لە بابەت هاندانی دنیاوە بەرامبەر بە تورك، بە مستەفا کەمال چوە مێشکی کەسەوە؟؟ تەنانەت سوێندخۆرەکان واتە فەرەنسەو ئیتالیای هاوپەیمانەکانی خۆشی پێ هاندرا؟؟ توانی لە تورکیان هەڵگێڕێتەوەو لە یارمەتی تورك دوایان بخا؟؟ ئەو سیاسەتە کە لە کوردستانی عێراقا لە سەری ئەڕۆیشتن و مەبەسێکی بە شێخ مەحمودیان هەبو، سەری گرت و یا هەمو بە پێچەوانەی مەبەسی ئەوان هاتە دی؟.. بە کورتی لەو ڕۆژەوە تا ئەم ساتە لە کام لای گێتیا و لە چە کارێك و سیاسەتێکا سەرکەوتن؟ لە ئیرلاندەوە بگرە تا دورترین وڵاتی ڕۆژهەڵات –چە سەربەخۆو چە دیل و ژێردەس– چە کارێ بە مەرامی ئەوان چوە سەرو کام بەرنامەیان سەری گرت؟ بەریتانیا –کە ڕۆژ لە ئیمپراتۆری ئەوا هەڵ ئەهات و ئاوا ئەبو– یا ئاوا نەئەبو– ئیمڕۆ لە کام قوژبنی گێتیا نرخێکی ماوەو یا بە چاکە ناو ئەبرێ؟ لە چە وڵاتێکا نۆکەری ماوە یا هەیە؟.. فیدائییەکانی

"قبریس" ئاگر لەسەر پشتی ئینگلیز ئەکەنەوە، لاوێکی نیشتمانپەروەری عەرەب واتە مەلیك حسێنی جوامێر گلۆپی مەلیکی بیابان بە چەشنی پشیلەیەکی گەڕ لە وڵاتەکەی ئەهاوێتە دەرەوە. میسری ئازا دوای نوستنێکی نزیك هەشتا ساڵ لە ناکاوا تەکان ئەداو زنجیرەکانی ئەپچڕێنێ. لە ڕیزی دیلەکان ئەچێتە دەرەوە. هندستان، گەوهەری تاجی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بەری خەباتە دورو درێژەکەی "گاندی"و "نەهرۆ" ئەچنێتەوە. ئەبێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆو هەرە بەڕێزی دنیا. پیاوخۆرەکانی ئەفەریقاو نەتەوە ڕەشو دواکەوتوەکان لێی هەڵئەگەڕێنەوە. لە عاست نەتەوەی بەرزو پیرۆزی ئینگلیزو سپییەکانا سەر بەرز ئەکەنەوە. لە عێراقا، لە ئێرانا، لە بەحرەینو کوێتو عەدەنا داوای کرێی لاگیریو دۆستایەتی لێ ئەکەن. ئیمامی یەمەن لە ڕویانا ئەوەستێو شەڕێ تۆپو فرۆکەیان لەگەڵا ئەکا. نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر قەومە بچوكو بێکەسەکان پەنجە ئەکەن بە چاویاو ڕێی دەسدرێژی لێ ئەبڕن. مەلیك سعود شەڕیان پێ ئەفرۆشێو داوای فلانە جێو فیسارە دورگە[٤]یان لێ ئەکا. تەنانەت ئیرلاندەی ئازاد لێی ڕاست ئەبێتەوەو ئەیەوێ ئینگلیز لە ئیرلاندەی ژێردەس بکاتە دەرەوە.

بە کورتی بەهەر لایەکا ئەڕوانی ڕەخنەیەو لە ئینگلیز ئەگیرێ. هەرایەو هەڵئەگیرسێ. خەڵقەو بە گژیا ئەچن. داوایەو لێی ئەکرێ. پیاوەو لێی ئەکوژرێ. حەقدارەو شکاتی لێ ئەکا. خاوەن داوایە ڕو ئەکاتە نەتەوە—یەکگرتوەکان[٥]. تەنانەت وا لەم ڕۆژەدا هەزاران هەزار کرێکار ئاژاوەیان ناوەتەوەو وەزارەتی بەریتانیایان خستوەتە گەرداوەی کەمو زیادی کرێو هەر خوا ئەیزانێ کە ئەمە تەرازوی ئابوری وڵات ئەخاتە چە وەستاوێکەوە؟! بەڵێ بێتو لە هەمو ئەمانە بنواڕینو بە بیرێکی بێلاگیری (حیادی) لێی ورد بینەوە بۆمان دەرئەکەوی کە —بە پێچەوانەی بیری ئەوانە کە لە باوەڕێکی ترانو لایان وایە کە لاگیری ئەوان ڕەنگە ڕەش بکا بە سپیو یا شەو بکا بە ڕۆژ— سیاسەتی ئینگلیز لەگەڵ پێویستی

[٤] دورگە یا جەزیرەی پریمو یا (بریمی).

[٥] نەتەوە یەکگرتوەکان: امم متحده.

چەرخا ڕێك نەکەوتوەو ناکەوێ‌و بە ڕاستی بەریتانیای گەورەی بەرەو پاش بردوەو ئەیبا. لە ناوچەی دەوڵەتە گەورەکان گەلێ دوری خستوتەوەو ئەیخا.. لەمە زیاتر لە سەری نەڕۆین‌و با بگەڕێینە سەر مەبەس:

دوای ئەوە کە ئەمیر فەیسەڵ گەیشتە بەغدا یەکەم کردەوەی وەزارەتی نەقیب کۆکردنەوەی مەجلیسی دامەزرێنەر بو. چونکە بۆ هەڵبـژاردنی ئەمیر فەیسەڵ بە مەلیك‌و بڕیاردان لە بابەت ئەوەی کە بە چە جۆرێ‌و لە چە وێنەیەکا ئەم هەڵبژاردنە ئەبێ لەناو میللەتا بڵاو بکرێتەوە پێویست هەبو بە هەیئەتێکی وا کە نوێنەری هەمو تیرەو نەتەوەکانی عێراق بێ. قانونی هەڵبـژاردن[٦]. هەر بۆ ئەم مەبەسە لە پێشەوەو لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە دانرابو. ئەندامەکانی ئەم لیژنەیە لەوانە ڕێکخرابو کە لە مەجلیسی مەبعوسانی عوسمانیا ئەندام‌و لەم جۆرە کارانەدا شارەزا بون. بەڵام وەزارەتی نەقیب ویستی کە لەم کارەدا بە دەس‌و برد بجوڵێتەوە. واتە وای بە باش زانی بۆ کۆکردنەوەی مەجلیسی دامەزرێنەر، کات لە دەس نەداو لە سەر قانونی ئەساسی بە چەندو چون‌و بگرەو بەردەوە خەریك نەبێ. بەلای وەزارەتەوە وابو کە دانانی ڕێ‌و شوێنێکی تایبەتی‌و لە هەمو سەرێکەوە گونجاو لەگەڵ قانون[٧] ئەبێتە هۆی پەیابونی گێچەڵ[٨] لە کاتێکا کە وەزارەت لەو باوەڕەدا بو (ویستاو)ی ئەو ڕۆژەی وڵاتی عێراق وای ئەویست کە لە مەسەلەیەدا بە گورجی بجوڵێنەوە. دیوی دەرەوەی بیانوەکەی وەزارەت ئەمە بو. بەڵام ئەوانەی کە لە دیوی ژێرەوەی سیاسەت ئاگادار بون ئەیانزانی کە هۆی گرنگترینی ئەم دەسوبردەو خێرا جوڵانەوەیە" مەسەلەی کورد بو. چونکە *بە پێی پەیمانی سەڤەر، کە تا ئەو ڕۆژە لە وێنەیەکی ڕەسمیا هەڵنەوەشابۆوە، کورد حەقی ئەوەیان هەبو کە بیر لە دوارۆژی قەومەکەیان بکەنەوەو ئەیانتوانی کە بێ ترس بەرامبەر بە حکومەتە تازە دامەزراوەکەی عێراق بیروباوەڕی خۆیان بڵێن.*

---

[٦] قانونی ئینتیخاب.

[٧] گونجاو لەگەڵ قانون: موافقی قانون.

[٨] گێچەڵ: موشکیلە.

*هەروەکو لە لایەن یەگرتنەوەو تێکەڵاو بون بە وڵاتی تازەوە بەرهەڵەستیان لەبەردەما نەبو ڕێی ئەوەشیان لێ نەئەگیرا کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بکەن‌و یا هیچ نەبێ مەیلی ئیدارەی موختارییەتێکی میللی بخەنە پێشەوەو داوای ئەو حەقانە بکەن کە لە لایەن دەوڵەتە سوێندخۆرەکانەوە[9] بەڵێن درابو بە جێبەجێکرانی‌و خرابوە پەیمانەکەی سەڤەرەوە.*

ئنجا لەبەر ئەمە بو کە وەزارەتی نەقیب ویستی تا کوردەکان بیریان لەمە نەکردۆتەوەو یا –لەهەر لایەکەوە بێ– نەخراونەتە سەر ئەم بیرە، هەڵبـژاردنی فەیسەڵ بە مەلیك، جگە لە عەرەبەکان لە لایەن هەمو تیرەو نەتەوەکانی عێراقەوە –بە تایبەتی کوردەکان– تا زوە بە ئەنجام بگاو بەبێ ئۆقرە ببرێتە سەر. واتە بڕیار درا کە ئەم هەڵبژاردنە بە کۆکردنەوەی دەنگی گشتی[10] جێبەجێ بکرێ. ئەم بڕیارە کە لە لایەن سیاسییەکانی عەرەبی عێراقەوە بە باش زانرا لە کۆبونەوەی ١١ی تەموزی ١٩٢١ ڕێکەوتی ٥ی زی قەعدەی ١٣٢٩دا مەجلیسی وەزیرەکانیش بڕیاری لەسەر داو بە هەمو عێراقا بڵاو کرایەوە. ئەم کردەوەیە کە دیارە وێنەیەکی وریایی‌و زرنگی سیاسییەکانی ئەو ڕۆژە بو، خەڵقی عێراقی خستە بەرامبەر ئەمری واقعەوە. ئەوانەی کە شارەزای دیوی ناوەوەی سیاسەت نەبون –وەکو هەندێ لە سەرەك عەشیرەتەکان‌و بەشی زۆربەی ئەهالی –وایان ئەزانی کە ئەم بڕیارە (قانونی)یەو ئەبێ سەرپێچیی لە عاستا نەکرێ. لەبەر ئەوە لە کاتێکا دەس کرا بە کۆکردنەوەی دەنگ. مەئمورەکانی ئیدارە وەکو موتەسەڕیف‌و قائیمقام‌و مودیرەکان‌و لە پشت ئەوانیشەوە مشاوەرەکانی سیاسی ئینگلیز، توشی هیچ جۆرە بەرهەڵەستییەك نەبون. ئەم کارە دژوارو گرنگەیان زۆر بە سوکی‌و ئاسانی بردە سەر. ئەوانەش کە لەبەر هەر هۆیەك بێ هەستی ورتەورتێکی ڕاست‌و درۆیان لێ ئەکرا، هەر لە پێشەوە دەمشیرین یا دەمکوت کرابون. بەڵام مەسەلەی کورد ئەمجارەش لە لایەن ئینگلیزەوە کرا بەژێر لێوەوەو بە ناو بۆ کوردەکان خۆیان

[9] دەوڵی حولەفا.

[10] تەصویتی عام.

هێشتەوە. بە مەبەسێك كە لە سەرەوە وتبومانو لە خوارەوەش دوبارە باسی ئەكەینەوە ناوی كوردو مەسەلەی ئەم قەومە خرابوە ئەو نامانەوە[١١].

مەبەسەكەشیان "مەبەسی ئینگلیزەكان" ئەوە بو كە لە هەر كاتێكا ویستیانو تەنیا بۆ قازانجی خۆیان بەكەڵك هات مەسەلەی كورد زیندو بكەنەوەو لە ڕێی عەرەبەكانو حكومەتی عێراقا بیكەن بە بەرهەڵست. هەندێكیش كە خۆیان بە نمایندەی قەومی كورد دائەنا جوڵەیان لێوە نەهاتو لە ڕێی قانونەوە تەقەلایەكیان نەدا، چونكە زۆریان لەوانە بون كە شوێن سودی نەفسی خۆیان كەوتبونو بۆ دەسخستنی ئەمە ئەو ڕۆژەیان بە هەل ژماردبو. ئەوانەش كە لەم جۆرە نەبون كەم بونو بە یەكەوە نەئەلكانو یا بڵاوەیان پێ كرابو و یا تەنگیان پێ هەڵچنرابو.

جگە لەمە –داخەكەم– خۆپەسەندو ئەنانی بون، بێ تەنزیمات بون، گیانی لێبوردنو چاولێپۆشینیان پەست بو. لەبەر ئەمە هیچیان پێ نەكرا. لەوەش ترسیان هەبو، كە بێتو لە عێراق جیا بكرێنەوە بدرێنەوە بە توركو یا ڕاستەوڕاست هەر لەژێر حوكمی ئینگلیزەكانا بمێننەوە. ئەو ئینگلیزانە كە دەستەیەك لە نۆكەرەكانی خۆیان بەولاوە ژیانیان لەو دوایی كورد كردبو بە ژار[١٢].

ئەمانە هەموی بو بە هۆی ئەوەی كە تەنانەت بەشێكی خەڵقی لیوای سلێمانیش دەنگ بدەن بۆ فەیسەڵو لە ئەنجامی دەنگی گشتیا بە لەسەدا نەوەدو شەشی ٩٦٪ دەنگەكانی هەمو عێراق بكرێ بە مەلیك[١٣]).

* * *

[١١] نامەكانی كە لە بەینی دائیرەی مەندوبی سامیو وەزارەتی سەید ئەوڕەحمانی نەقیبدا ئاڵوگۆڕ كرابو..

[١٢] ژار: زەهر، ژاری مار: زەهری مار.

[١٣] تاریخ الوزارات العراقیة (مامۆستا عەبدولڕەزاق حسنی).

## لە بەینی حکومەتی عێراق و مەندوبی سامی‌یا ئاڵوگۆڕی نامەو باسی مەسەلەی کورد:

لە کاتێکا سیاسییەکانی عەرەبی عێراق و ئەوانەی لاگیری فەیسەڵ بون تەقەلایان ئەدا کە بە دەنگی گشتی فەیسەڵ بکرێ بە مەلیکی عێراق. لە بەینی دائیرەی مەندوبی سامی و وەزارەتی نەقیبا لە لایەن هەڵبژاردنی ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەرەوە چەند نامەیەك ئاڵوگۆڕ کرا کە پەیوەستێکی گرنگی هەیە بە مەسەلەی کوردەوە. لەبەرئەمە وا لە خوارەوە کوردیەکەی ئەو نامانە ئەنوسین:

ئەمە وێنەی نامەیەکە کە بە ژمارە "١-٥٣٥" و مێژوی ٨ی تەموزی ١٩٢١ لە لایەن سکرتێری مەجلیسی وزەراوە بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی عێراق[١٤] نوسراوە.

*"فەخامەتی ڕەئیسی وزەرا ئەمری پێ کردم ئیشارەت بەو نامەیە بکەم بە ژمارە "س١٣١" و بە مێژوی ٧ی نیسانی ١٩٢١ نوسراوەو تکاتان لێ بکەم کە لە فەخامەتی مەندوبی سامی پرسیاری هۆی دواکەوتنی پێکهاتنی ئەو نیزامە موەقەتە بفەرمون کە بڕیار دراوە ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەری پێ هەڵبژێرێت. جگە لەمە فەخامەتی ڕەئیسی وزەرا وای پێخۆشە کە بزانێ داخۆ لە لایەن فەخامەتی مەندوبی سامییەوە بەرهەڵەستیەك هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی نیزامی ناوبراو بە گورجییەك کە لە دەسەڵاتا بێ یا نەء؟".*

*حسین ئەفنان*

*سکرتێری مەجلیسی وزەرا*

---

[١٤] نامەکە ڕاستەوڕاست بۆ مەندبوب نەنوسراوە. بەڵکو بە ناوی سکرتێری مەندوبی سامییەوە نوسراوە.

## وەڵامی سکرتێری مەندوبی سامی

***بە ژمارە "س د ١٦٣١" و بە مێژوی "٨ی تەموز ١٩٢١" لە وەڵامی نامەی ژمارە "١-٥٣٥" و مێژوی ٨ی تەموزی ١٩٢١دا ئەڵێم: فەخامەتی مەندوبی سامی زۆر پێی ناخۆشە بەو دواکەوتنە کە لە بابەت بڕیاردان لە لایەن قانونی هەڵبژاردنەوە ڕوی داوە. دواکەوتنی کە لە بنچینەدا لەو گرنگیە پەیابوە کە هاتۆتە ڕێی دۆزینەوەی ڕێکخستنی جێبەجێکردنێکی وا کە لەگەڵ "پەیمانی سەڤەر"دا بگونجێ بۆ پێکهێنانی قازانجی[15] کوردەکان لەو سێبەرانەدا[16] کە تیا ئەژین. بە تایبەتی ئەم گرنگیە زیاتر لە تێکەڵ و پێکەڵی هۆزە جیاجیاکانی کوردا دەرکەوتوە کە لە لایەن ویستاوی (موقف) خۆیانەوە بەرامبەر بە حکومەت و بەرامبەر بە فەخامەتی مەندوبی سامی بەریتانیا پیشیانیان داوە. فەخامەتی مەندوبی سامی لەو هۆیانە ئاگادارە کە مەجلیسی وزەرای خستۆتە سەر هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی قانونی هەڵبژاردن و لەگەڵ ئەوەشا کە لە هەمو هەواڵێ ئاگادارە، دیسانەوە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم قانونە، بە مەرجێك کە لە سێبەرەکانی کوردا "جڵەو"ی کار بدرێتە دەس خۆیان لەوەدا کە بیانەوێ تێکەڵ بن بەم هەڵبژاردنە و یا لێی دورکەونەوە و ئەمەش کار نەکاتە سەر بڕیاری دوایین یان لە ڕۆژی خۆیا لە بابەت ویستاویانەوە بەرامبەر بە حکومەتی عێراق. بە پێی هەواڵێك کە لە وەزارەتی داخلیەوە دەرچوە و بە مەندوبی سامی گەیشتۆتەوە فەخامەتیان ترسیان لەوە هەیە ئەو ماوەیە کە لە بەینی مێژوی بڵاوکرانەوەی قانونی هەڵبژاردن و کۆبونەوەی مەجلیسی دامەزرێنەرا تێئەپەڕێ زۆر بکێشێ و لە سێ مانگ کەمتر نەبێ. شکی تیا نیە کە ئەبێ مەجلیسی دامەزرێنەر تا زوە کۆبکرێتەوە و بۆ وڵات قانونێکی ئەساسی ڕێك بخا، بەڵام پێویستەکانی ئەهالی ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبونایە بۆ دەسخستنی هەلێك کە حاکمی وڵاتی تیا دابنێ.***

[15] پێکهێنانی قازانج: تەئمینی مەسالح.

[16] سێبەر: کولگەی تورکی، مەنتیقەی عەرەبی.

مەرکەزی ئەم حاکمە بە پێی قانونی ئەساسی ئەچێتە ژێر قەیدەوە. بۆ گەیشتن بەمە بە گورجی ئەبێ ڕێگەیەکی ئاسان بدۆزرێتەوە کە مەبەسی پێ بێتە دی. فەخامەتی مەندوبی سامی ئامادەیە بۆ سوککردنی هەمو هۆیەك کە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی پێویستی مەجلیسی وزەرا بە باشی ئەزانێ و داوای ئەکا.."..

سی. سی. کاربت

سکرتێری مەندوبی سامی

ئەم نامەیە (واتە نامەی سکرتێری مەندوبی سامی) لە کۆبونەوەی ١١ی تەموزی ١٩٢١ ڕێکەوتی ٥ی زی قەعدەی ١٣٣٩دا لە مەجلیسی وزەرا خرایە موزاکەرەوەو بڕیار درا بە:

١-دۆزینەوەی ڕێگەیەکی سوك بۆ دانی هەل بە عێراقییەکان لە دەرخستنی مەیل و خوایشتی خۆیانا لە لایەن هەڵبژاردنی مەلیکەوە بۆ عێراق و لەسەر ئیقتراحی ڕەئیسی وزەرا هەر لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار درا کە ئەمیر فەیسەڵ ناوی مەلیکی عێراقی لێ بنرێ. بەو مەرجە کە حکومەتەکەی دەستوری نیابی و دیموکراتی بێ و بە قانونەوە بەسرابێ. جگە لەمە بە دەنگی گشتی[17] بڕیار درا کە ئەمە بە هۆی وەزیری داخلیەوە بە هەمو ناوچەکانی حکومەتا بڵاو بکرێتەوەو لەم لایەنەوە چی پێویستە بیکا[18].

٢-مەسەلەی کورد: لەبەرئەوەی کە حکومەتی بەریتانیا بە پێی پەیمانی سەڤەر جڵەوی ئیختیار ئەداتە دەس کوردەکان و ڕێ ئەکاتەوە بۆ تێکەڵبون و یا نەبونی مەنتیقەکانی کورد بە مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەندام و ناردنیان بۆ مەجلیسی دامەزرێنەر. مەجلیسی وزەراش وای بە پێویست زانی کە سەربەستی تەواو بدرێ بە مەنتیقەکانی کورد لە لایەن (ئیشتراك) کردن و یا نەکردنەوە بە پێی

[17] أتفاقي أرا و يا أصوات.

[18] (الوزارات العراقية. ماموستا حەسەنی).

***پەیمانی ناوبراو" بەو مەرجەی کە ئەمەش[١٩] لە دوارۆژا نەکرێ بە بیانو بۆ کوردەکان و هۆی نوساندنیان بە عێراقەوە. بەڵام حکومەتی عێراق پێی خۆش ئەبێ کە ئەم مەنتیقانە (مەنتیقەکانی کورد) تێکەڵ بەم هەڵبژاردنە ببن و لە بەدەنی[٢٠] عێراق جیا نەبنەوە.***

*٣-بە پێی ئەم دو بڕیارەی سەرەوە مەجلیسی وزەرا بەرهەڵستیەك نابینێ بۆئەوەی کە دەسبەجێ بەندەکانی نیزامی موەقەت بخاتە کارەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەر[٢١]..*

*حسین ئەفنان*

*سکرتێری مەجلیس وەزەرا*

کە ئەم بڕیارەی مەجلیسی وزەرا گەیشتەوە بە دائیرەی مەندوبی سامی، سکرتێری مەندوب بە ژمارە "٤٠-٥-١٢٣١" و بە مێژوی ١٣ی تەموزی ١٩٢١ نامەیەکی تری نارد بۆ سکرتێری مەجلیسی وزەرا. لەم نامەیەدا بە ئاشکرا دەرئەکەوت کە مەندوبی سامی لەم بڕیارە کوتوپڕەی مەجلیسی وزەراو لە بڵاوکرانەوەی ناونرانی فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق بەم جۆرە کە بە بیرا نەئەهات واقی وڕمابو. لەگەڵ ئەوەشا کە ئسلوبی دیپلۆماسیو ئادابی سیاسەت وای هەڵئەگرت کە ئەو واق-وڕمانەی مەندوبی سامی لە دێرەکانی نامەکەدا دەرنەکەوێ و بە تەواوی دانی پیا نەنرێ، دیسانەو لە دێرەکانی دوایینی نامەکەدا ئەیوت: *"فەخامەتی مەندوب لەو باوەڕەدایە کە ئەم بڕیارە مەجلیسی وزەرا دەنگدانەوە[٢٢]ی بیروباوەڕی میللەت بێ، بەڵام لە پێش ئەوەدا کە فەخامەتیان*

---

[١٩] واتە لە هەڵبژاردنی ئەندام بۆ مەجلیسی دامەزرێنەر ئیشتراك بکەن یا نەکەن.

[٢٠] بەدەن: جسم.

[٢١] مێژوی وەزارەتەکانی عێراق، مامۆستا حەسەنی.

[٢٢] عکسی صدا و یا إنعکاس.

*بەڵێن بدەن و دان بەم بڕیارەیا بنێن[٢٣] پێویستە جارێ ڕاستەوڕاست بیری میللەت تێبگەن. لەبەرئەمە فەخامەتیان تکایان وایە لە مەجلیسی وزەرا کە ئەمرێك بۆ وەزیری داخلیە بنوسێ بۆ دانانی ئەو ڕێوشوێنە پێویستەو خۆیان بە باشی ئەزانن بۆ دەسکردن بە تەصویتی عام[٢٤]'' ..*

بەڵام لەگەڵ ئەم تکاو ڕاسپێرییە کە مەندوبی سامی کردبوی لە هەمو لایەکی عێراقا بڕیارەکەی مەجلیسی وزەرا لە بابەت بڵاوکرانەوەی ئەوەی کە فەیسەڵ بە مەلیك دانراوە، وا درایە قەڵەم کە مەسەلەیەکە بڕاوەتەوەو لەبەر ئەمە لە ئەنجامی تەقەلاو کۆششی مەئمورەکان و خاوەن کاروبارەکانا –چە کورد[٢٥] چە عەرەب– لە لایەن بەشی زۆری ئەهالی عیراقەوە بو بە مەلیك. لە دوای ئەمەو لە ڕۆژی (١٨ی زی حەجەی ١٩٣٩) لە حەوشی سەرای بەغدا تاجی مەلیکی نرایە سەرو ئەم کارە بە جۆرێکی ڕەسمی بڵاو کرایەوە.

* * *

عەرەبەکان دوای ئەوە کە تاجیان نایە سەر فەیسەڵ زۆری پێ نەچو هۆشیان هاتەوە بە بەراو بۆیان دەرکەوت کە بە هەڵبژاردن و دانانی مەلیك کار تەواو نەبوەو

---

[٢٣] ئیعترافی پێ بکەن.

[٢٤] بە تەصویتی عام: بە کۆکردنەوەی دەنگی گشتی.

[٢٥] لەم کاتەدا کە تەنانەت ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی دامەزرێنەر لە بەغدا باسی کوردیان بە بیرا نەئەهات و لەگەڵ ئەمەدا کە بازرگانەکان و خاوەن ئەرازییەکان بە بیانوی کاروباری ئابورییەوە هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە کوردستان بخرێتە سەر عێراق، و یا هەندێ کەس هەر بۆ ئەوە کە بەرهەڵست بێننە ڕێی ئەم حکومەتە تازەیەو یا بۆ مانەوە لەژێر ئیدارەی ڕاستەوڕاستی ئینگلیزەکانا تێئەکۆشان گەلێ لە سەرەك عەشیرەتەکان و گەورەکانیش بە هۆی هاندان و تێکۆشانی کۆمەڵە نیشتمانپەروەرەکانەوە کەوتبونە داواکردنی حەقی قەومی کوردو لەم بابەتەوە گەلێ مەزبەتەیان پێشکەشی جێگە بەرزەکانی خۆوڵاتی و بێگانەکان کردبو. و بە پێی پەیمانی سەڤەر وەکو ئەو وڵاتانەی تر کە لە ئەنجامی شەڕی گەورەی یەکەمی گێتیا لە دەوڵەتی عوسمانی جیاکرابونەوەو حکومەتی قەومیان دامەزراندبوو یا بەرەو سەربەخۆیی و ڕزگاری ئەڕۆیشتن، داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکومەتی کوردیان ئەکرد.

نەبڕاوەتـەوەو بـەری ئـەو غـەزاو شۆڕشـە کـە لـە ڕێـی میللـەتو نیشـتمانا هـەڵیان گیرساندبو جاریٚ دەسیان نەکەوتوە. وەزارەتـی نـەقیب کـە دوای دانـانی مـەلیك بـە پێی دەستور لە وەزارەت کشابۆوەو دوبارە هێنرابۆوە. بەلاّم ئەم وەزارەتە تەنیا بـۆ ئـەوە تێئەکۆشا کـە فرمـانی ئینگلیـز بهێنێتـە جـێ. لـەوە بـەولاوە کـە ببێتـە هـۆی پێکهێنـانو جێبـەجێکردنی داواکـانو مەبەسـەکانی بێگانـە هیچـی تـری لـە دەسـا نـەبو و بـەم هۆیـەوە کاروبـاری خـەڵق لـە لای حکومـەت –بـە پێچـەوانەی دەوری حــوکمی ڕاستەوڕاســتی ئینگلیزەکــان– کەوتــە گرنگــیو لێنەپرســینەوەو یــا دواکەوتنو سەرنەگرتن.

حوکمی دوڕوی عەرەبو ئینگلیز بۆ فەقیرو هەژار، بۆ لیقـەوماوانو بێکەسـان– بەڵکو بۆ بەشی هـەرە زۆربـەی خـەڵق بـو بـە دەردێکـی وا گـران کـە کـەس نـەما لێـی وەڕس نەبێ. لـە عاسـت ئـەم حاڵـەدا ئەوانـەی کـە خـاوەن مێشـكو تێگەیشـتو بـون، کەوتنــە لێکدانــەوەو بیرکردنــەوە لــە دامەزرانــدنی (کۆمەڵــە). هــەمو ئــەیزانین کــە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق پێش هاتنی فەیسەڵ بۆ ئەم ولاّتـە کۆمەڵـەیان هـەبو و بەو جۆرە کە باسمان کردبو شۆڕشی گـەورەی ١٩٢٠ بـەری تەقـەلاو کـردەوەی ئـەم کۆمەلاّنە بو. بەلاّم دوای دانـانی مـەلیك فەیسـەڵ نرخـی وەزارەتـی قـەومی بەرامبـەر بە هێـزو نفـوزی ئینگلیـز بـاش دەرکـەوتو نیشتمانپەرستەکان تێگەیشـتن کـە لـەو شۆڕشەی سەروماڵیان تیا بەخت کردبو بـەرێکی تـەواویان وەرنـەگرتوە. لەبەرئەمـە بە پێویستیان زانی کە لەسەر غەزاکەیان بڕۆن. بـەلاّم ئـەمجارە بـە ئاشـکرا کەوتنـە جولاّنەوە. بڕیاریان دا کە لەو ڕێی تێکۆشانی سیاسییەوە بگـەن بـە ئامـانج! چـەند جاریٚ کۆبونەوە. ئەو حاڵە کە میللەتی تیایـە هانییانـە بەرچـاو و لـە لایـەن حقـوقی میللەتـەوە کەوتنـە گفتوگـۆ. بەمـە وەزارەتـی داخلیـە وریـا بـۆوەو لـە ٢ی تـەموزی ١٩٢٢دا قـانونی کۆبونـەوەی دانـاو بـلاّوی کـردەوە کـە بـە پێـی ئـەم قانونـە هـەمو کۆبونەوەیـەك ئـەبو بـەڵێنی حکومـەتی لەسـەر بـێ[٢٦]. ئـەم قانونـەو هەنـدێ تـەگبیرو کـردەوەی تـری نهێنـیو ئاشـکرای حکومـەت بـو بـە هـۆی پـەیابونی گـەلێ قـۆرتو

[٢٦] بەڵێنی حکومەت: موافەقەت یا ئیزنی حکومەت.

بەرهەڵستو ڕێ نەما بۆ کۆبونەوەی نیشتمانییەکان بە ئاشکرا. ئنجا بە ناچاری کەوتنە سەر بیری ئەوەی کە کۆمەڵانی سیاسی ڕێك بخەن. ئەم بیرەی نیشتمانییەکان گەیشتەوە بە مەلیكو بە هۆی فەهمی مودەڕیسی ئەمینداری قەسرەوە، گەلێ تەقەلای دا بۆ سەرنەگرتنی. بەڵام سودێکی نەبو و نیشتمانپەروەرەکان لە بڕیاری خۆیان لایان نەدا.

ئنجا وەزارەتی داخلیە کەوتە هۆنینەوەی فڕوفێڵو تەفرەدان. ئەمەش سەری نەگرتو نیشتمانییەکان تەفرەیان نەخواردو لە یەك جیا نەبونەوە. ئنجا وەزیری داخلیە چاری نەماو لە مێژوی ٢و ١٩ ئەغستۆسی ١٩٢٢ ئیزنی دا بە حیزبەکانی نەهزە[٢٧] و وەتەن[٢٨].

ئەمین چەرچەفچی حیزبی نەهزە[٢٩] و جەعفەر ئەبو تەمەن حیزبی وەتەنی دامەزراند. بەرامبەر بەم دو حزبە -کە هەردوکیان لە لایەن زەعیمە شیعەکانەوە دامەزران و بە تەمای ئەوە بون لە ڕێی تەقەلایەکی سیاسییەوە بەری شۆڕشەکەیان بدرونەوە- حکومەتیش بە ناوی حزبی ئازاد "حزب حر"ەوە حزبێکی بۆ خۆی دانا کە بە هۆی حاکمەکانی سیاسیو مەئمورەکانی حکومەتەوە ئەندامی بۆ ئەدۆزرایەوەو لقی بۆ دائەمەزرا. بەمجۆرە کینەبەریو دوبەرەکییەتی کەوتە بەینی "بەرە"ی نیشتمانپەروەرەکانو ئەوانەوە کە شوێن تەماعی شەخسیو مەبەستی تایبەتی خۆیان کەوتبون[٣٠]. "بەرە"ی دوەم بە جارێ بوبون بە کوتەکی دەسی

[٢٧] حزبی نەهزە: حزب النهضة.

[٢٨] حزبی وەتەن: حزب الوطني.

[٢٩] لە مێژوی وەزارەتەکانا ئەڵێ سەید محەمەد سەدر، حزبی نەهزەی دامەزراند. بەڵام مامۆستا سامی خوندە، ئەڵێ سەید محەمەد سەدر، حزبی نەبو. حزبی نەهزە، خوالێخۆشبو ئەمین چەرچەفچی دایمەزراندبو.

[٣٠] بە قسەی سامی خوندە، حکومەت دوای داخستنی حزبەکانو ڕۆژنامەکانو دوای ناردنی نیشتمانپەروەرەکان بۆ هەنجام کەوتەوە سەر بیری بەستنی پەیمانی عێراقو ئینگلیز، کە بەینێك بو ڕێی بۆ پاك ئەکرایەوە. بەڵام لە کاتێکا کە وڵات حزبێکی تیا نەبو -بە پێی ئسلوبی دیموکراتی نەئەکرا باسی پەیمان بخرێتە مەجلیسەوە. واتە با هەر بە ناویش بێ پێویست بە

ئینگلیزەکان و حکومەتی تازە کە لە عەرەبەکان خۆیان پێکهاتبو کەوتنە وێزەی ئەوانەی کە بۆ خزمەتی نیشتمان بڕیاریان داو کۆمەڵەیان دامەزراندو بەم بیانوە دەسکرا بە قەلاچۆی ئەوانەش کە بوبون بە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ٩٢٠و تۆڵەی بەرو دوایان لێ کردنەوە.

بە کورتی حکومەتی نیشتمانی! بە چاوێکی سوك ئەیڕوانییە ئەوانەی کە تا دوێنێ بە نیشتمانپەروەر ناسرابون و بەرامبەر بە ئینگلیز شۆڕشە گەورەو خوێناوییەکەی عێراقیان نابۆوە. ئەو شۆڕشە کە دامەزرانی حکومەتە نیشتمانییەکە خۆی یەکێك بو لە ئەنجامەکانی. لەبەر ئەمە کۆمەڵە نیشتمانییەکانی نەهزە (نهضة)و وەتەنی (وطنی) دەسیان کرد بە تێکۆشان و داوای کۆبونەوەی مەجلیسی دامەزرێنەریان کرد. بەلام ئەم تێکۆشان و تەقەلایە دادێکی نەداو کەڵکێکی نەبەخشی و میللەت لەژێر پەنجەی زوڵم و زۆر نەهاتە دەرەوەو لە داوی فڕوفێڵ ڕزگاری نەبو. کاربەدەستەکانی خۆولاتی –کە لە عاستی ئینگلیزا ملکەچ و سەر نەوی ئەوەستان و ئامادەی فرمان بون– لە عاست خۆولاتییەکانا بوبون بە شێرو خۆیان لە ئاوێنەی دێوا ئەهاتە بەرچاو. بەلام حیزبیەکان چاویان نەترسا و لە تەقەلا و کردەوەی خۆیان نەکەوتن. بۆ ئەوە کە کارێکی باش بکەنە سەر سیاسەتەکەی حکومەت هەردو کۆمەڵە (واتە نەهزەو وەتەنی) ڕۆژی ٢٠ی ئەغستۆس هەیئەتێکیان ڕێکخست بۆ ئامادەکردنی شکاتنامەیەك کە بڕیاریان دابو ڕۆژی ٢٣ی ئەغستۆس (واتە ڕۆژی تاج لەسەرنان) پێشکەشی بارەگای مەلیکی بکەن. هەیئەتی ناوبراو ئەوەی کە پێی سپێرا جێبەجێی کردو لە ڕۆژی جەژنی ناوبراو ئەم عەرزی حاڵەی خوارەوە درا بە مەلیك.

---

حزبێك هەبو. ئەبو لە بەرامبەر ئەفکاری عالەمی دیموکراتا! –بە ڕواڵەتیش بێ– بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ حکومەت حزبێك هەبێ و نوێنەرەکانی ئەم حزبە لە مەجلیسا بەرامبەر بە وەزارەت –کە باسی پەیمانی هانیە پێشەوە– بوەستێ و بە ناوی بەربەرەکانیەوە (معارضە) بێتە زمان و قسە بکا. ئنجا لەم وەختەدا بۆ ئەم مەبەسە بو "حزب الحر= حزبی ئازاد" دامەزرا.

## بۆ بارەگای خاوەن شکۆی هاشمی

لەبەر ئەمە کە میللەت چاوەڕوان بو دوای تاج لەسەرنانی خاوەن شکۆتان و بلاوکرانەوەی سەربەخۆیی عێراق و دامەزراندنی حکومەت کە چۆنی و جۆری لە نامەی بەیعەت نانا بڕیار درابو کە ئەبێ حکومەتێکی قانونی و نیابی و دیموکراتی بێ، مەجلیسی دامەزرێنەر هەڵبژێرێت بۆ دانانی قانونی ئەساسی و ڕێکخستنی مەجلیسێکی قانوندانەر[٣١] بۆ ئەوەی کە لە کردەوەکانی وەزارەت بپرسێتەوە و بیخاتە ژێر چاوێری خۆی و بەو جۆرە کە لە حکومەتە دەستورییەکانا هەیە و بەکار ئەهێنرێ" لەبەر ئەمە کە ئەوانەی لە سەرەوە وتمان و بەڵێن درابو بە جێبەجێکرانیان تا ئێستە هیچی نەهاتە دی و هەر لە بەڵێنامەیەوە و نەکرا میللەت کەوتۆتە حاڵێکەوە زۆر خراپە و ماڵوێرانی لێ پەیا ئەبێ، بە بۆنەی ئیدارەیەکەوە کە ڕوی دەرەوەی بە دەس خۆولاتییەکانەوە و جڵەوی ڕاستی بە دەس ئینگلزیەکانەوەیە و لە گیانی ئازادییەوە ئێجگار دورە. چونکە سیاسەتێك کە لەسەری ئەڕۆن و ئەو کردەوە بێ قانونییانە کە لەوانەوە ڕویداوە و ئەیدا، هەمو لەوانەیە کە تۆوی ناکۆکی و جیاکەرەوە بخاتە ناو میللەتەوە و لە کونجی نەفامی و پلەی بێهێزییا بیانهێڵێتەوە و بەرەو فەوتان و لەناوچونیان بەرێ. لەگەڵ ئەمەشا هەر شەکوای حاڵێ کە بە ناوی میللەتەوە تا ئیمڕۆ پێشکەشی بارەگای خاوەن شکۆتان کراوە خراوەتە پشتگوێ و لێی نەپرسراوەتەوە.

*بە ئەندازەیەك کە ئیتر بێت بە خەیاڵا کە لەگەڵ میللەتا دوژمنایەتییەکی کۆن هەبێ و بە بیری تۆڵەسەندنەوەیەکە وا هەر مەئمورو کاربەدەسێ کە هیوای خزمەت و چاکەی لێ ئەکرا گۆڕان بەو جۆرە کەسانە کە وەکو لەشێکی بێگیان ئەبزونەوە و بون بە کوتەکی دەسی موستەشارەکانی ئینگلیز و بەربونەتە وێزەی میللەت. شکی تیا نییە کە ئەم ئەنجامە نابەجێیە لە دوای ئەو چاوەڕوانی و خۆگرتنە -بۆ ڕو لە چابونی هەواڵ- بۆتە هۆی ناڕەزایی و ترسانی میللەت لە*

---

[٣١] مەجلیسی قانون دانەر: مەجلیسی تەشریعی.

*دوارۆژو لە ئەنجامی ئەم ئیدارە خراپەو ئەم سیاسەتە بێفەرە. واتە ئیدارەی ڕوخاندن و سیاسەتی کردنی خەڵق بە دوژمنی یەکتری.* لەبەر ئەمە میللەت چاری نەماو ئەیەوێ شەکوای حاڵی خۆی بەرێتە بەر بارەگای پادشاییتان داوای ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵسوڕاندنە چەوتە بکا.

لەناو ئەو شتانەدا کە داوای ئەکا لە هەموی لەپێشتر خستنی وەزارەتە. وەزارەتێ کە میللەت بە گەورەترین هۆی ئەژمێری بۆ نەهاتنەدیی ئامانجی و دوایینەهاتنی ئەم هەرج و مەرج و پشێوییەی کە لە ناوایەو دیارە کە ئەنجامەکەی بۆ وڵات باش نابێ. بە هۆی ئەوەی کە تا ئێستە مەجلیسی دامەزرێنەر ڕێك نەخراوەو بە جۆرێ کە عەرزمان کرد لەبەرئەوە کە باوەڕپێکردن بە وەزارەت و پرسینەوە لە کردەوەکانی ڕاستەوڕاست حەقی میللەت خۆیەتی. (هەیئەتی ناوچەکانی گشتی)ی حزبەکانی (وطنی)و (نهضة) لایان وایە کە واجبێکی نیشتمانی ئەوانە ئەم هەواڵە بخەنە پێش بارەگای خاوەن شکۆتان کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەندانەی خوارەوە مەرحەمەت بفەرمون و فرمانی مەلیکیتان دەر بکەن:

١-بۆ خۆدورخستنەوەی کاربەدەستان لەو خراپەو چەوتیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، بە تایبەتی پەنجەتێوەردانی بەریتانیا لە کاروباری ئیدارە.

٢-بۆ ڕێکخستنی و دانانی وەزارەت لە پیاوانی دڵپاك و خاوەن بیری باش و ئامادە بۆ کردنی چاکەو خزمەتی میللەت تاوەکو خەڵق هێمن ببنەوەو هیوا پەیا بکەن بە ڕاستکردنەوەی چەوتی (اصلاح)و نەمانی خراپەو ڕێکخرانی کاروبارو ئیتر هێمنی باڵ بەسەر هەمو لایەکا بکێشێ..

ئەم عەرزی حاڵەی حزبەکان لە پێشەوە لە ڕۆژنامەکانی بەغدایا بڵاو کرایەوە. ئنجا هەردو حزب بڕیاریان دا کە لە ڕۆژی ٢٣ی ئەغستۆسی ١٩٢٢ واتە ڕۆژی ژیاندنەوەی تاج لەسەرنانی مەلیك نومایشێکی گەورەش ڕێك بخەن و شەکوای میللەت بە ئاشکرا بگەیەننە بارەگای مەلیك.. لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا خەڵقی بەغدا

دەستەدەستەو پۆل پۆل ڕویان کردە ناوچەکەی سەرای حکومەتو لەبەردەمی قەسری مەلیکدا کۆبونەوە.

ئنجا محەمەد حەسەن کوبە بە ناوی حزبی نەهزەوەو مەهدی بەسیر بە ناوی حزبی وەتەنییەوە تکایان کرد کە لە بەردەمی مەلیکدا شکایەتنامەی میللەت بخوێننەوە. بەڵام مەلیك ئەمری دا کە ئەمینی قەسر، فەهمی مودەڕیس گوێیان لێ ڕاگرێ. حەشامەتەکەی ناوچەی سەرا تەواو هاتبونە جۆش. محەمەد حەسەن کوبەو مەهدی بەسیر سەرو وتاریان خوێندەوە. لە کاتێکا کە مەهدی بەسیر وتارە ئاگرینەکەی خۆی ئەخوێندەوە، مەندوبی سامی پەیا بو. هاتبو بۆ پیرۆزبایی مەلیك. خەریك بو لە پێپلیکەکانی قەسرەوە سەرئەکەوت. لەناو حەشاماتەکەوە بە ڕەنج تێپەڕیو تەواو پەست ببو. بەمەشەوە نەما. لە ناکاوا دەنگی بڕوخێ ئینگلیز! بڕوخێ بەریتانیا! بەرز بۆوە[٣٢]. "کۆکس" بەمە ئەوەندەی تر سەخت بو و دەمار گرتی. بە گەڕانەوە بۆ جێی خۆی نامەیەکی توندی نارد بۆ مەلیكو ڕەخنەیەکی تەواوی لەم کردەوانە گرت. لە قەسرەوە دەسبەجێ وەڵامێکی جوانو هێمنی بۆ نوسرایەوە[٣٣]، بەڵام ڕەخنە توندو گرانەکەی مەندوب کارێکی تەواوی لە

---

[٣٢] سامی خوندە، سەرنوسەری ڕۆژنامەی "الرافدین" ئەڵێ: *یەکەم کەس کە بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد بڕوخێ ئینگلتەرە! کابرایەك بو کە پێیان ئەوت حەسون ئەبول جبن* (پەنیر فرۆش). *ئەم کابرایە ئیمڕۆ ماوەو لە (سوق السرای) بازاڕی سەرا ئێستەش پەنیر ئەفرۆشێ.* هەر سامی خوندە خۆی ئەڵێ: *هەندێ کەس لەو باوەڕەدا بون کە حەسون ڕاسپێررابو ئەمە بڵێ. چونکە حکومەتو دائیرەی مەندوب لە بیانو ئەگەڕان بۆ داخستنی حزبەکانو ڕۆژنامەکانو بۆ گرتنی نیشتمانپەروەرەکانو ناردنیان بۆ دەرەوەی عێراق. تاوەکو بتوانن بە ئاسانیو بەبێ بەرهەڵست پەیمانی عێراقو ئینگلیز (کە بە دەسەوە بو) جێبەجێی بکەنو بیبەنە سەر..*

[٣٣] کۆکس لە نامەکەیا ئەیوت: *".. لە کاتی ڕابوردنی مەندوبی سامیا –کە نمایندەی بەریتانیای گەورەیە– بەرزبونەوەی دەنگی (بڕوخێ بەریتانیا) شتێکە بژمێرێ بە هەڵمەتبردنو سوك تەماشاکردن بەرامبەر بە مەندوبو ئەو حکومەتە کە مەندوب نمایندەیەتی. سەرەڕای ئەمە ڕاوەستانی فەهمی مودەڕیس، کە ئەمینداری قەسرەو گوێڕاگرتنی لەو وتارانە کە ئەخوێنرایەوە شکی تیا نییە کە ئەبێ بە کارێکی ناڕەواو بە جێی پرسینەوە بژمێرێ.."* جگە لەمە داوای ئەکرا کە دڵی بدرێتەوە (تەرضیە)و ئەیویست کە فەهمی مودەڕیس لە حاڵێکا لە لایەن مەلیك خۆیەوە

مەلیك كردبو. سەرەڕای ئەمەش لەم كاتەدا توشی ڕیخۆڵەكوێرە بو و نەخۆش كەوت. وا دیار بو كارەساتێ كە لە سوریە بەسەری هاتبو هێشتا لە بیری نەچوبۆوە. ئنجا ڕۆژی ٢٥ی ئەغستۆسی ١٩٢٢ واتە دوای قەوماوەكەی قەسر بە ڕۆژێك ڕیخۆڵە كوێرەی مەلیك بڕاو لە جێگەدا كەوت. وەزارەتی دوەمی نەقیب كە لەسەر حوكم بو[٣٤] هەندێ دەركی كرد كە كۆكس بیری خراپەو بە تەمای هەندێ كردەوەی ناڕەوایە -لە ترسی پرسینەوەی دواڕۆژ -لە وەزارەت كشایەوە لە ١٩ی ئەغستۆسی ١٩٢٢. ئنجا بەم جۆرە كە وڵات بێ حكومەتو بێ خاوەن مایەوە كۆكس مەنشورێكی بە ناوی خۆیەوە بڵاو كردەوەو بۆ تۆڵەسەندنەوە لە میللەت حوكمی عێراقی گرتە دەس..

جارێ لە پێش هەمو شتێكا حزبەكانی نەهزەو وەتەنو ڕۆژنامەكانی "الرافدین"و "المفید" داخرا. ئیبراهیم حیلمی عمر سەرنوسەری "المفید" خۆی كوتایە لای سەید محەمەد سەدر لە كازمیەو هەردوكیان لەوێوە ڕایانكردە ئێران[٣٥]

---

ئەمری گوێڕاگرتنی پێ نەكرابێ لە قەسر بكرێتە دەرەوە. لە دوای ئەمانەشەوە پرسی ئەوەی ئەكرد كە بەرامبەر بە حەسەن كوبەو مەهدی بەسیر، چییان لە دڵایە بیكەن؟!.. ئەم نامە توندوتیژو بێمانایە كە لە دائیرەی مەندوبەوە نێررابو بۆ مەلیك، دوای ڕۆژێك لە ڕۆژنامەكەی (بەغداد تایمز)یشا بێ شەرمانە بڵاو كرایەوە..

[٣٤] هەندێ كەس كە یەكێكیان مامۆستا سامی خوندەیەو لە ڕۆژنامەنوسەكانی ئەو دەورەیە- ئەڵێ: وەزارەت لەو ڕۆژەدا كەوتبو و هێشتا دانەمەزرابوەوە. لەبەر ئەمە بو لە كاتێكا كە مەلیكیش نەخۆش كەوت. كۆكس نەخۆشیی مەلیكو نەبونی وەزارەتی بە هەل ژماردو بۆ نواندنی زەبرو زەنگو جێبەجێكردنی مەبەسی خۆی پرسینەوە (مەسئولییەت)ی گرتە سەرشانو دەسیكرد بە حوكمی عێراق بەو جۆرە كە لە سەرەوە باسمان كرد. ئەگەر لە مێژوی كشانەوەی وەزارەت ورد بینەوە لە ڕێكەوتی ١٩ی ئەغستۆسی ١٩٢٢دا، ڕاستی واتەكەی سامی خوندە دەر ئەكەوێ..

[٣٥] لە كتێبی وەزارەتەكانی عێراقا كە نوسینی (مامۆستا حەسەنی)یە ئەڵێ: "كۆكس دوای ئەوەی كە گیراوەكانی نارده هەنجام ئەمری كرد سەید محەمەد سەدرو شێخ مەهدی خالسی -یەكێك لە زەعیمەكانی شۆڕشی ٩٢٠- كە ئەوانیش لە ماوەی ٢٤ سەعاتا لە عێراق بچنە دەرەوە. ئنجا ئەڵێ دوای ئەمانە مەنشورێكی بڵاو كردەوە..

سامی خوندە کە خاوەن‌و سەرنوسەری ڕۆژنامەی "الرافدین" بو لەگەڵ ئەندامە ناودارەکانی حیزبەکانا، حەمدی پاچەچی‌و جەعفەر ئەبو تمەن‌و مەهدی بەسیرو ئەمین چەرچەفچی‌و عەبدولڕەسول کوبەو شێخ حەبیب خیزران[٣٦]، دوابەدوای‌یەك گیران‌و ڕەوانە کرانە بەسرەو لەوێشەوە بۆ هەنجام[٣٧]، لەم ڕۆژانەدا لە نەجەف‌و لە کەربەلا گەورەکانی شیعە هەندێ تەلەگرافیان بە ئەهالی نوسی‌و ناردیان بۆ مەلیك‌و بۆ مەندوبی سامی. بە توندی ڕەخنەیان لە کردەوەکانی مەندوب ئەگرت. موتەسەڕیفی کەربەلا ویستی خاوەن تەلگرافەکان بگرێ. بەڵام خۆیان نەدا بە دەستەوەو ڕایان کردە لای سەرەك عەشیرەتەکان. لەوێشەوە دوبارە دەسیان کرد بە تەلگراف نوسین. لەبەر ئەمە حکومەتی بەغدا هێمن بۆوەو دەسی کرد بە سیاسەت. لە خاوەن تەلەگرافەکان‌و سەرەك عەشیرەتەکان وەکیلێك داوا کرایە بەغدا. کە وەکیلیان نارده بەغدا حکومەت هەندێ تەلەگرافی هەڵبەست‌و درۆی بە ناوی وەکیلەکەوە نارد بۆ یاخییەکان. بەڵام ئەم وەکیلە لە ژێرەوەو بە پیاوی جێ باوەڕی خۆیا یاخییەکانی وریا کردەوە. ئنجا کە تەلگرافە هەڵبەستەکان کەڵکی لێ نەبینرا، مەندوبی سامی ئەمری دا دێهات‌و ڕەشماڵی عەشیرەتەکانی بۆمباران کرا.

بەمە هەندێ لە یاخییەکان گەڕانەوە جێی خۆیان‌و هەندێکیان بەدیل گیران‌و جەریمە کران. ئەوانەی کە دەسی حکومەتیان نەئەگەیشتە سەر بۆ گفتوگۆ داوا کرانە بەغدا. لە ئەنجاما تەنیا دو کەس" "شێخ شەعلان ئەبولچون"و "شێخ صەکبان" سەریان لەبەر حکومەتا نەنەواندو لە جێی خۆیانا مانەوە. دوای چەند مانگێك مەلیك خۆی ناردی بە شوێن شێخ شەعلانا‌و هاتە بەغدا. بەڵام شێخ

[٣٦] ئەوەی من ئەیزانم "شێخ ئەحمەدی شێخ داود"و "عەبدولغەفور بەدری" خاوەنی ڕۆژنامەی ئیستقلالیش لەگەڵ ئەوانە بون کە نێررانە هەنجام.

[٣٧] هەنجام دورگەیەکە لەسەر خەلیجی بەسرە. لە لایەن ئیدارەوە بەسراوە بە بەندەر بوشەهری ئێرانەوە. بەڵام نیشتمانییەکانی عەرەب کە لە عێراقەوە ڕەوانەی هەنجام کران لەوێ خرابونە ژێر فرمانی شابەندەر (قونسوڵ)ی ئینگلیزەوە کە لە بەندەر عەباس دائەنیشت..

صەکبانن کە چەند جارێ درایە بەر نارنجۆكو بۆمباو توشی گەلێ مەینەتو سزا کرا، لەگەلێ ئەمەشا سەری نەچەماندەوەو بێئەوە کە بێتە ژێر فرمانی میرییەوە لە دەوروپشتی ناسریە مایەوە. ئنجا مەلیك کە لە حوزەیرانی ١٩٢٣[٣٨] لە نیوەڕۆی (جنوب) ولاّتا لە گەشتا بو، بە ناوی چاوپێکەوتنەوە شێخ صکبانی داواکردە ناسریە. بەلاّم لەوێ حکومەتی ناسریە گرتیو هەر جەریمەیێ کە لە کاتی خۆیا خرابوە سەری لێی سەند. بەمە ئەو ناوە تا ماوەیەك دامرکایەوە..

*   *   *

## ٦٦

## پەیمانی عێراقو بەریتانیا

ئەم پەلپانەو توندوتیژی مەندوبی سامی، بە تایبەتی ڕێکخرابو و لە لایەن وەزارەتی نەقیبەوە ڕێی بۆ پا کرابۆوە. هەموی بیانویەکی سیاسیو فێلێ بو بۆ دورخستنەوەی سیاسییە نیشتمانپەروەرو ئازاکانی کۆمەڵەکانی نەهزەو وەتەنیو بۆ چاوترساندنی ئەوانەی کە ئەیانوێرا بەرامبەر کردەوە نارەواکانی حکومەت بوەستن. چونکە –هەروەکو بە جەرگو چاوکراوە بون– لە لایەن

---

[٣٨] مامۆستا سامی خوندە ئەڵێ: مەلیك لە ١٩٢٢ چوە ناسریەو ئیبراهیم حیلمی عومەرو سامی خوندە بە ناوی ڕۆژنامەکانی "المفید"و "الرافدین"ەوە بە ئەمری مەلیك تێکەلێ بە حاشیە بون. جگە لە ئیبراهیم حیلمیو سامی خوندە ئەوانەی کە لە بەردەسی مەلیك بونو لەگەلێ چوبونە ناسریە ئەمانە بون: ڕۆستەم حەیدەر گەورەی باوەڕپێکراوەکانی قەسر. حاجی ڕەمزی وەزیری داخلیە. حاجی ڕەمەزان عەلی یاوەری مەلیك. ئەڵێن لە کاتێکا مەلیك ئەگاتە ئێستگەی ڕومێسە (رمیثە) شێخ شەعلان بە خۆیو عەشایری زەواڵمەوە ئەچن بە پیر مەلیکەوە. مەلیك لە ئێستگە دائەبەزێ. شەعلان ئەچێتە پێشەوەو بەخێرهاتنی ئەکا. لە کاتێکا مەلیك دەسی ئەگوشێ عەشایر بە جارێ دەس ئەکەن بە هۆسە کێشان. ئەڵێن: "*یا شعّیل صح لو مگبعینە*". مەلیکی دانا باش لە مەرامیان تێ ئەگا. بەلاّم بە زەردەخەنەیەکی بە ماناوە ڕویان تێ ئەکاو سەلاّویان ئەسێنێتەوە.. بەلاّم من لەو باوەڕەدام کە ئەم سەفەرەی سامی خوندە باسی ئەکا ئەو سەفەرە نیە کە ئێمە لە سەرەوە باسمان کرد. (ڕەفیق حیلمی).

سیاسەتیشەوە شارەزا بونو پشت بە خۆشەویستی میللەت بە خۆیانا ڕائەپەرمون لە کاتی کاروبارێکی گرنگا بەرهەڵستی حکومەت بکەن. لەو ڕۆژانەشا لەگەڵ بەریتانیا بەستنی گرێی پەیمانێك بە دەسەوە بو. جێی شك نیە کە تەقەلا ئەدرا بۆ کۆکردنەوەی مەجلیسێکی دامەزرێنەری وا کە قازانجەکانی بەریتانیا بخاتە بەرچاو. واتە بە بیری دوژمنایەتی نەچێ بەڕێوەو مەبەسی بەربەرەکانی نەبێ. ئەمەش پێویست بەوە بو کە ئەندامەکانی مەجلیس لەو جۆرە کەسانە هەڵبژێرن کە بە دۆستی و لاگیری ئینگلیزو یا بە هێمنیو خوێنساردیو کەمتەرخەمی ناسراونو دواڕۆژ لێك ئەدەنەوە. بەڵام خەڵق بە هۆی هاندانی نیشتمانپەروەرەکانەوە وریا بوبونەوە. خوێنیان هاتبوە جۆش. چاویان نەئەترسا. بە تایبەتی ئەوانە کە لە کۆمەڵەکانا بون بێباکانەو بێ پەردە کەوتبونە وێزەی ئینگلیز. هەڕەشەی ئەوەیان ئەکرد کە ماوە نەدەن بە هاتنی ئەو جۆرە پیاوانە.

واتە کۆکردنەوەی مەجلیسێکی دامەزرێنەر کە بتوانێ کارێکی وا پێکبێنێ بە سوکی نەئەچوە سەر. جێگا بەرزەکانو دائیرەی مەندوبی سامی لەبەرئەمە –بۆ تەفروتوناکردنی نیشتمانپەروەرەکانو چاوترساندنی خەڵق– لە دوی بیانو ئەگەڕان. ئنجا کردەوەی کۆمەڵە سیاسییەکان لە ڕۆژی ٢٣ی ئەغستۆس (ڕۆژی جەژنی تاج لەسەرنان)، ئەم بیانوەی دەسخست. خۆکێشانەوەی وەزارەتو نەخۆشکەوتنی کوتوپڕی مەلیکیش بۆ کەڵك–وەرگرتن لەم بیانوە هەلێکی باش بو بۆ مەندوب. دوای ئەوە کە کۆمەڵەکانی تێك داو گەلێ لە ئەندامەکانی ناردە هەنجامو ڕۆژنامەکانی داخست" لە بابەت بەستنی پەیمانەوە لەگەڵ عێراق ماوەی گفتوگۆی بێ–قرە پەیابو و قۆرتو بەرهەڵستییەکی ئەوتۆ لە ناوا نەما. ئنجا بۆ جاری سێیەم وەزارەتی نەقیب دامەزرایەوەو لە ماوەیەکی دو مانگیا پەیمانی پێویست ڕێکخراو بێ بگرەو بەردە بڕیاری لەسەر درا (١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢).

*   *   *

# مەجلیسی دامەزرێنەر چۆن کۆکرایەوە؟
# و
# تەقەلا گرنگەکانی میللەت

دوای ئەمە کە پەیمانی ١٩٢٢ لە لەندەن و بەغدا لە ڕۆژەکانی ١٢و ١٣ ی تشرینی یەکەما بڵاو کرایەوە، مەلیکی عێراق و مەندوبی سامیش لەم بابەتەوە سەرو بەیانیان بڵاو کردەوەو فەرمانی مەلیك دەرچو کە دەس بکرێ بە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی مەجلیسی دامەزرێنەر.

وەزارەتی موحسین سەعدون، بۆ ئەم کارە هاتە سەر حوکم. بەڵام لە لایەن میللەتەوە زۆر بە توندی بەرەو پیری کراو توشی بەرهەڵسەتییەکی بێ ئەندازە بو. هەر تەقەلایەك کە درا، پەندو ئامۆژگاری مەلیك، هەڕەشەو گوڕەشەی وەزیرەکان —بە تایبەتی وەزیری داخلیە— هیچی کەڵکی نەگرت و بۆ دامرکاندنەوەی موجتەهیدە شیعەکان سودێکی نەبو.

بۆ دورکەوتنەوەی خەڵق لە هەڵبژاردن فەتوایان دەرێنا. ئەم موجتەهیدانە داوای ئەوەیان ئەکرد کە حکومەت پێش هەمو شتێك ڕێ بدا بە کرانەوەی کۆمەڵە سیاسییەکان و ئەندامە دورخراوەکانی ئەم کۆمەڵانە بگەڕێنەوە بەغدا. ڕۆژنامە داخراوەکان دەس پێبکاتەوەو بە ئازادی بنوسن و بڵاو بکرێنەوە. مشاورەکانی سیاسی ئینگلیز هەمو لە بەغدا کۆ بکرێنەوە. واتە ئەیانویست ئازادی و سەربەستی تەواو بدرێ بە میللەت کە بتوانێ ئەوانە کە بە باشیان ئەزانێ و متمانەیان پێ ئەکا هەڵیان بژێرێ بە ئەندام. مانای ئەمەش ئەوە بو کە هەواڵەکەی پێش نەخۆشکەوتنی مەلیك و کردەوەکانی مەندوبی سامی بگەڕێتەوە. دیارە کە حکومەت ئەمەی نەئەکردو نەیئەویست جارێکی تر جڵەوی خەڵق و ڕەشۆکی بکەوێتەوە دەس زاناکان و نیشتمانییەکان. بەڵام فتوای عالمەکان و موجتەهیدەکان کارێکی بەتینی کردبوە سەر خەڵق و حکومەت کەوتبوە وەستاوێکی گرنگەوە. چونکە میللەت بە هیچ کلۆجێ نزیك هەڵبژاردن نەئەکەوتەوە. مەلیك خۆی چوە لیواکانی جنوب و کەوتە تەقەلای ڕێکەوتن لەگەڵ

موجتەهیـــدەکان. لەگـــەڵ ئەمەشـــا نـــە وەزارەتو نـــە مـــەلیك، کەســـیان بـــۆ هەڵنەگەڕایەوە. ئنجا دوای ئەمە حکومەت دەسی کرد بە نواندنی زەبرو زەنگ.

لـە کازمیـە، شـێخ مەهـدی خالسـی بـە خـۆیو دەسو دائیرەیـەوە گیراو نێرایـە حیجـاز.. موجتەهیـدەکانی نەجـەف کـە ئـەمری مـەلیکیان شـکاندبو، ڕەوانەکرانـە ئێـران. هەنـدێ لـە سـەرەك عەشـیرەتەکان ڕایـانکرد یـا نێررانـە سـوریەو گـەڵێ لـە زەعیمەکانیش گیرانو خرانـە بەندیخانـەوە. ئەم کردەوانـە ماوەیـەکی پـێ چو، بەم ڕەنگەو دوای چەوسانەوەو تەقەلایـەکی بـە ڕەنجـی وەزارەتو مـەلیك خـۆی– ئنجا هەڵبژاردن سەری گرتو مەجلیسی دامەزرێنەر هاتە ناو..

## پەیمانەکە چۆن جێبەجێ بو؟

ئەوانەی کە هاتنە مەجلیسەوە بەشی زۆریان لە لایەن مشاورەکانی ئینگلیـزەوە هەڵبژێرران. و هچیام لەوانە نەبون کـە دواڕۆژی وڵات بخەنـە بەرچـاو یـا لـە ڕێگـەی نیشـتمانا دەمـاخ بسـوتێنن. لەبـەر ئەمـە ڕۆژی ٢٧ی مـارتی ١٩٢٤ کـە مـەجلیس کۆبـــۆوەو بـــۆ مەســـەلەی پـــەیمان لەگـــەڵ بـــەریتانیا گفتوگـــۆ کـــرا –جگـــە لـــە بەربەرەکانییـــەکی هەڵبەســـتو ڕواڵـــەت کـــە لـــە لایـــەن چـــەن ئەندامێکـــەوە کـــرا– بەرهەڵسـەتییەکی ئـەوتۆی گـرنگ ڕوی نـەدا، مـەلیك ئـەو ڕۆژە هـاتبو و وتـاری کردنەوەی مەجلیسی خوێندبۆوە.. دوای ئەمـە بـە پێـی ڕەوشـتو ڕەسـمو عـادەتی مـەجلیس[٣٩] ئەندامـەکان بـون بـە دو بـەشو هـەر بەشـە لـە لایـەن پەیمانەکـەوە بیرو باوەڕی خۆیان خستە وتارێکەوە (تـەقریر). ئەم دو وتـارە لـە مەجلیسا گفتوگـۆی لەســەر کــراو لــە ئــەنجامی گفتوگــۆو چــەندو چــونێکی کــەمو زۆر دەس کــرا بــە کۆکردنەوەی دەنگ. *تەقریرەکەی جەعفەر پاشای عەسکەری کە سەرەکی یـەکێ لـە*

---

[٣٩] هەرچـەند دیـوی دەرەوەی ئـەم ڕەوشـتە وا ئەگەیـەنێ کـە مـەجلیس بـە پێـی نیـزامو ڕەوشـتی مەجلیسـە دیموکراتـەکان ئەچـو بـەڕێوە بـەڵام لـەوەدا گومـان نـابرێ کـە هـەمو کردەوەکـانی ئـەم مەجلیسە وەکو تەمسیل لە کۆبونەوەکانی تایبەتیو نهێنـی دەرەوەو لـە لایـەن کاربەدەسـەکانەوە گەڵاڵە ئەکراو بڕیاری لەسەر ئەدرا ئنجا لە مەجلیسا دوبارە ئەکرایەوە..

*دو بەشەکەی ئەندامەکانی مەجلیس بو سەری گرت و وەرگیرا. شتێ کە نیگار ڕائەکێشێ ئەوەیە کە ئەندامەکانی بەشی جەعفەر پاشا، زۆریان لە کوردەکان و لە ئەندامەکانی باکوری عێراق بون و شکی تیا نیە کە تەقریرەکەیان مەبەسی حکومەتی ئەو ڕۆژەی ئەهێنایە جێ. لەبەر ئەمە هەر بە پێی ئەم تەقریرە بڕیار لەسەر پەیمانەکە دراو ئیمزا کرا.* —شتێکی تریش کە ئەشێ بە تایبەتی نیگای کورد ڕابکێشێتە سەر خۆی، ئەم وشانەیە کە خرابوە دێڕەکانی داوێنی تەقریرەکەوە.

ئەڵێ: "لەگەڵ ئەوەشا کە هەندێ لە بەندەکانی ئەم پەیمانە گرنگ و گرانە بۆ عێراق، ئێمە داوا ئەکەین کە بڕیاری لەسەر بدرێ و ئیمزا بکرێ *بە مەرجێ کە بەریتانیای گەورە لە مەسەلەی موسڵدا حقوقی عێراق بپارێزێ و بەجێهێنانی پەیمانەکە لە لایەن عێراقەوە ئەبەستین بەم مەرجەوە..".*

* * *

## موئتەمەری ئاشتی
## و
## مەسەلەی کورد

کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی گەورەی یەکەمی ١٩١٤دا لەگەڵ ئەڵمان یەکی گرتەوە و بە هۆی سەرکردەکانی کۆمەڵەی "یەکێتی و سەرکەوتن"[٤٠]ەوە بەرامبەر بە دەوڵەتە سوێندخۆرەکان، واتە بەرامبەر بە ئینگلیزو هاوپەیمانەکانی کەوتە شەڕەوە" گەورەکانی سیاسی عەرەب بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان و سەربەخۆیی وڵاتەکانیان ویستیان لایەنی دوژمنەکانی تورك بگرن و تێیان گەیاندن کە بەو

[٤٠] سەرکردەکانی کۆمەڵەی یەکێتی و سەرکەوتن "اتحاد و ترقی" ئەنوەر جەمال و تەلعەت پاشا بون.

مەرجە دوای بڕانەوەی شەڕ دەوڵەتێکی عەرەبیان بۆ دابمەزرێنن، ئامادەن بە یارمەتیدانی ئینگلیزو هاوپەیمانەکانی.

کوردەکانی تورکیاش هەرچەند لە ماوەی ئەم شەڕەدا لە ١٩١٤وە تا ١٩١٨ لەگەڵ لەشکرەکانی تورکا پێکەوەو شانبەشان شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی بە گژ سوێندخۆرەکانا چون، بەڵام ژەنەراڵ شەریف پاشای کورد لە ١٩١٤دا لەگەڵ بەریتانیا کەوتە گفتوگۆو بەو مەرجە سەربەخۆیی بدرێ بە کوردستان پەیمانی دا بە یارمەتی لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان لە لایەن کوردەوە. جگە لەمە لە حوزەیرانی ١٩١٨ لە کاتی ڕابوردنی "سێر پەرسی کۆکس" بە فەرەنسەدا، شەریف پاشا چوە مارسلیاو لەوێ لەگەڵ کۆکس ئەم باسەی دوبارە کردەوە. بەڵام ئەم تەقەلایانەی عەرەبەکانو کوردەکان لەو ساڵەدا (١٩١٤) بێ سود بو و بێ وەڵام مایەوە. سوێندخۆرەکان لەو ڕۆژانەدا پێویستیان بە یارمەتی کورد یا عارەب نەبو. لەبەرئەمە نەیانئەویست کە بە خۆڕایی بچنە ژێر باری پەیمانەوە. کوردەکان کە دەسیان لە ئینگلیزەکانو هاوسوێندەکانیان ششت ئنجا ڕویانکردە ڕوسەکان. "کۆمەڵەی نیشتمانی کورد"ی ئەو ڕۆژە بەرامبەر بە پەیمانێ کە لە بابەت سەربەخۆیی کوردستانەوە لێیان وەرگرتن یارمەتی ئەو لەشکرانەیان دا کە لە ئەرزنجانو بەتلیسەوە هاتە خوارەوەو بەم جۆرە بەشێکی زۆری کوردستانی تورکیا داگیر کرا. بەڵام بە ئەنجام ئەم لەشکرانەی ڕوس گەڕانە دواوەو کوردەکانیان بۆ تورك بەجێ هێشت. لەبەرئەمە ولایەتە کوردەکانی تورکیا توشی تەنگو چەڵەمەیەکی گەورە بونو گەڵێ سزاو دەربەدەری پەتپەتییان بەسەر هات. لەگەڵ ئەمەشا لە ١٩١٨و لە دوای بڕانەوەی شەڕ، کۆمەڵەکانی نیشتمانی کورد لە ئەستەموڵ جارێکی تر لەگەڵ نمایندەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانا کەوتنەوە گفتوگۆو بڕیار لەسەر ئەوە درا کە شەریف پاشا بە ناوی نمایندەی کوردەوە لە مەجلیسی ئاشتیا داوای حەقی کورد بکا. لەولای تریشەوە ئەمیر جەلادەتو دکتۆر کامەرانی برایو ئەکرەم بەگی کوڕەزای جەمیل پاشای دیاربەکر لە ئەستەموڵەوە هاتنە کوردستانو لەگەڵ میجەر نوئیلو ئەحمەد فایەق یەکیان

گرتەوە[٤١]. ئەمانە لە خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ لە ولایەتەکانی کوردا گەشتێکیان کرد، چاویان بە کوردە ناودارەکان کەوت. باسی دوارۆژی کوردیان کرد. بۆئەوە هەوڵ ئەدرا کە پشتی شەریف پاشا بگیرێ. بە ناوی کوردەوە تەلەگرافی بۆ بنوسرێ. مەزبەتەی بۆ بنێررێ لە مەجلیسی ئاشتیا داواکردنی حەقی میللەتی کوردو سەربەخۆیی کوردستانی پێ بسپێرێ. ئەوەش لەبیر نەچۆوە کە بێتو تەقەلای کۆمەڵەکانی سیاسی کورد لەگەڵ حکومەتی ئەستەمولْو تێکۆشانەکەی شەریف پاشا لە مەجلیسی ئاشتیا بەئەنجام نەگەیشت کوردەکانی ئەم ولایەتانە (شەش ولایەتەکانی خۆرهەلاتی تورکیا) بە چەکەوە ڕاست ببنەوەو لە ڕێی شۆرشەوە بگەن بە ئامانج. بەلاّم ئەمانە سەری نەگرت.

وەکو لەمەوبەر (بەرگی یەکەم) وتبومان هێزەکانی مستەفا کەمال شوێن ئەم هەیئەتە کەوتو لەو ناوەی دەرپەڕاندن. ئەوەندە نەمابو بیانگرنو لە ناویان بدەن. بە یارمەتی هەندێ کوردی بەغیرەتو خاوەن دەسەلاّت ڕزگاریان بوبو، خۆیان گەیاندەوە ئەستەمولْ. شەریف پاشا لە لایەن کوردەکانی تورکیاوە پشتیوانی نەکرا. سەرەڕای ئەمە بە هاندانو چاوترساندنو یا بە فێڵو دەمشیرین کردن، لە لایەن مستەفا کەمالو سەرکردەکانیەوە بە تەلەگرافێکی زۆری ڕاست یا درۆ بە ناوی ئەو کوردانەوە، بە درۆ خرایەوە. بەلاّم ئەمانە هیچی شەریف پاشای سارد نەکردەوەو لە تێکۆشانو تەقەلای نەخست. توانی وەك سیاسییەکی زرنگ حەقی کورد بخاتە بەرچاوی مەجلیسی ئاشتیو ئەو سێ بەندە کە هەمو کوردێك بیستویەو ئەیزانێ بئاخنێتە پەیمانی سیڤەرەوە.

لەوەدا گومان نابرێ ئەگەر ئەو نیشتمانپەروەرانە "جەلادەتو کامەرانو هاوڕێکانی" کە چونە کوردستانی تورکیا مەبەسی خۆیان بەجێ بهێنایە واتە هێزەکانی مستەفا کەمال بەرەنگاریان نەبوایەو کوردەکانیان بۆ یەك بخرایە لە کاتی پێویستا لەوانە بو بەری ئەو تۆوە بچنرێتەوە کە شەریف پاشا چاندبوی. بەلاّم بەندەکانی دەربارەی سەربەخۆیی کوردو کوردستان کە خرابوە پەیمانی

---

[٤١] بڕوانەرە بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم.

سیڤەرەوە، بە هۆی سەرکەوتنی مستەفا کەمال –بەرامبەر بە لەشرەکانی یۆنان– کە ئەویش بە یارمەتی کوردەکان خۆیانەوە پێکهاتبو لەبیر چوەوەو لە دوای ئەم سەرکەوتنەو لە کاتێکا نمایندەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان لەگەڵ نمایندەی مستەفا کەمالی سەرکەوتودا بۆ بەستنی گرێی پەیمانێکی تازە لە لۆزان کۆبونەوە، پەیمانی سیڤەرو سێ بەندەکەی دەربارەی کورد خرایە ژێر دۆشەکو باسی نەکرایەوە.

*　*　*

## ئینگلیزو عەرەب

لە باسەکەی پێشەوەدا وتمان کە عەرەبەکانیش لە ساڵی ١٩١٤دا ویستیان لەگەڵ دەوڵەتە سوێندخۆرەکان ڕێکەونو بەرامبەر بە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان یارمەتی لەشکرەکانیان بدەن. ئنجا داوای عەرەبەکانیش هەرچەند وەکو هی کوردەکان لەو ڕۆژەدا خرابوە پشت گوێ، بەڵام دوای چەند ساڵێ و لە کاتێکا ئینگلیزەکان لە یەك دو شەڕا بەرامبەر بە تورك شکان –بە تایبەتی لە "کوت الامارە" کە لەشکری "ژەنەراڵ تاوزەند" لە لایەن لەشکرەکانی خەلیل پاشای تورکەوە گەمارۆ درا– ئەوسا کە ئینگلیز هاتەوە بە بیریانا کە ئەتوانن کەڵکێك لە عەرەب وەرگرن. لەبەرئەمە ئینگلیزەکان لەگەڵی ڕێکەوتنو پەیمانیان دایە کە بەرامبەر ئەو شۆڕشە لە حیجازا هەڵی ئەگیرسێنێ و یارمەتیەك کە پێشکەشی لەشکرەکانی ئینگلیزی ئەدا دوای بڕانەوەی شەڕو سەرکەوتنی سوێندخۆرەکان لەو وڵاتانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیای ئەکەنەوە ئیمپراتۆریەکی عەرەبی بۆ دروست بکەن.

ئنجا لە کاتێکا ئینگلیزەکان ئەم پەیمانەیان ئەدا بە ئەمیر حسێن لە لایەکیشەوە بە دزیەوە لەگەڵ فەرەنسزەکان لە ساڵی ١٩١٦دا ڕێکەوتنو گرێی پەیمانێکی نهێنیان لەگەڵا بەست. لەم پەیمانەدا بڕیاری ئەوەیان ئەدا کە وڵاتەکانی عەرەب دوای جیاکرانەوە لە دەوڵەتی عوسمانی لەناو خۆیاندا بەش

بکەن. ئەم پەیمانەشیان نەك تەنیا لە ئەمیر حسێن، تەنانەت لە هەندێ لە دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی خۆشیان شاردبۆوە. بەڵام کە لە ڕوسیە حکومەتی "قەیسەر– کایزەر" کەوت و بۆلشەویك چونە سەر کار لە ساڵی ١٩١٧دا هەر نامەو پەیمانێکی نهێنی زەمانی حکومەتەکانی قەیسەر هەبو هەموویان خستە ڕو و بە گێتیا بلاویان کردەوە. یەکێ لەوانەش پەیمانە نهێنییەکەی بەینی ئینگلیزو فەرەنسە بو کە بە پەیمانی "سایکس– بیکۆ" ناوی لە مێژودا دەرکردوە[٤٢].

بە کورتی ئینگلیزەکان لە سەرەتای شەڕی گەورەدا بەتەما نەبون کە ئەم شەڕە ئەوەندە دەوام بکاو یا زۆری پێ بچێ. لەو باوەڕەدا بون کە لە ماوەیەکی چەند مانگیا بە ژێرکەوتنی تورك و هاوپەیمانەکانی ئەبڕێتەوە. لەبەرئەمە بۆ ئەمە پێویستیان بە یارمەتی کورد یا عەرەب نەبو و بە تایبەتی دوای پەیمانی نهێنی سایکس–بیکۆ تا نەکەوتنە وەستاوێکی گرنگەوەو هەستیان بە داماوی نەکردو ئاتاج بە یارمەتی نەبون و نەیانویست لەگەڵ کورد یا عەرەب بچنە ژێر قەیدی پەیمانەوە، یا لە شتێك لە بەشی خۆیان لەو وڵاتانەدا کە بە پێی پەیمانی سایکس–بیکۆ بۆیان دانرابو دەس هەڵگرن و بێنە خوارەوە.

ئەمیر حسێن لە کاتێکا شۆڕشی بەرپا کردو لەگەڵ تورکا کەوتە شەڕەوە لەم پەیمانە نهێنیە ئاگادار نەبو. لەبەرئەوە هەرچەند شەڕی گەورە بە سەرکەوتنی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانی (هاوپەیمانی!)ی ئەمیر حسێن بڕایەوە، بەڵام ئەو ئیمپراتۆریەی کە عەرەبەکان و ئەمیر حسێن بەتەمای بون و خەویان پێوە ئەبینی، نەهاتە دی.

ئنجا لێرەدا ئەمانەوێ کەمێ باسی ئەم پەیمانە نهێنیە بکەین. چونکە بەم جۆرە ئەتوانین لە دو شت بگەین:

١–ئەو هۆیانەی کە بونە بەرهەڵستو تا ماوەیەك ئینگلتەرەو فەرەنسە یارمەتی کوردو عەرەبیان نەویست.

---

[٤٢] ئەم پەیمانە یا ئیتیفاقە کە بە ئیتیفاقێکی نهێنی "ئانگلۆ–فرانس"و یا سایکس–بیکۆ ناو ئەبرێ بەڵام ڕوسەکانی دەوری قەیسەریش لەم پەیمانە ئاگادارو تیا بەشدار بون.

٢–هۆی ڕێنەکەوتنی کوردو ئیگلیزو یا شێخ مەحمودو ئینگلیز لە کاتێکا کە بەریتانیا ویستی لە عێراقا حکومەتی کوردستان دروست بکا.

بە پێی پەیمانی سایکس–بیکۆ ئەو وڵاتانەی کە لە ئەنجامی شەڕی گەورەدا بەتەما بون لە ئیمپراتۆری عوسمانی جیا بکرێتەوە کرابو بە پێنج سێبەرەوە[٤٣].

یەکەم: بە مەنتقیەی سور ناو ئەبراو ڕاستەوڕاست ئەخرایە ژێر هەڵسوڕاندنی حکومەتی بەریتانیاوە. بەسرەو بەغدا لە عێراقو ئێستگە زەریاییەکانی[٤٤] حەیفاو عەکا لە فەلەستین لەناو ئەم مەنتیقەیەدا واتە لە (مەنتیقەی سور)دا دانرابو.

دوەم: ناوی نرابو (مەنتیقەی شین)و بۆ ئەوە دانرابو کە ڕاستەوڕاست بخرێتە ژێر هەڵسوڕاندنی حکومەتی فەرەنسەوە. ئەم بەشە یا مەنتیقەیەش کلیکیاو پارچەیەك لە ئەنادۆڵو بەشێك لە ڕۆژاوای سوریەی بەرئەکەوت.

بەڵام سێ مەنتیقەکەی تر کە ئەمایەوە لە پەیمانەکەدا بە جۆرێ کە لە خوارەوە لە ڕیزەکانی سێیەمو چوارەما باسی ئەکەین، بڕیاری لەسەر درابو.

سێیەم: بە مەنتیقەی (أ) ناوئەبرا، کە ئەمەش پارچەیەك بو لەو ئیمپراتۆرییەی عەرەب کە لە ژێر چاوتێبڕینی (حیمایە) فەرەنسەدا دائەمەزراو ولایەتەکانی شامو حەڵەبو موسڵی بەرئەکەوت.

چوارەم: بە مەنتیقەی (ب) ناو نرابو کە زەویەکانی بەینی عێراقو فەلەستینی بەرئەکەوتو ئەکرا بە بەشی دوەمی دەوڵەتی عەرەب لەژێر چاوتێبڕینی حکومەتی بەریتانیا.

پێنجەم: مەنتیقەی فەلەستین بو و بە ناوی مەنتیقەی بۆرەوە دانرابو کە بکرێ بە مەنتیقەیەکی دوەلی.

ئنجا بە هۆی ئەم پەیمانە نهێنیەوە بو کە شەڕی گەورە بە سەرکەوتنی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بڕایەوە لە جیاتی ئەو ئیمپراتۆریەی کە عەرەبەکان بەتەمای بون لە حیجازدا حکومەتێکی بچوکی عەرەب دروست کراو ئەمیر حسێن لە پاداشتی

[٤٣] سێبەر: هەرێم، مەنتیقە.

[٤٤] ئێستگە: مەوقیف یا محطە، ئێستگەی زەریایی، مەوقیف یا محەتەی زەریایی یا مینا.

ئەوەدا کە بە خۆی و کوڕەکانیایەوە لەگەڵ عەرەبەکان لە حیجازو فەلەستین و سوریە یارمەتی لەشکرەکانی ئینگلیزی دابو و ببو بە هۆی سەرکەوتنیان بەرامبەر بە تورك، کرا بە مەلیك..

ئەمە لێرەدا بەجێ بێڵین و دوای هەڵگێڕانەوەی چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی دوای ئەم کارەساتە چاوێ بە خاکی وڵاتی عوسمانیا بگێڕین. ئەبینین کە حکومەتی ئەستەموڵ کەوتۆتە ژێر چنگی هێزەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانەوە. "مستەفا کەمال"ێ پەیا بوەو لە ئاسیای بچوکا حکومەتێکی تازەی تورکی داناوە. لە حکومەتی ئەستەموڵ یاخی بوە. ئینگلیزەکان دوای ئەوەی کە بۆ تەمبە کردنی مستەفا کەمال لە حکومەتی سوڵتانی ئەستەموڵ کەڵکێکیان چنگ نەکەوتوە لە یۆنانەکانی دوژمنی تورك لەشکرێکی پڕ چەکیان ناردۆتە سەر. وا ئەم لەشکرەش خۆی ناگرێ و چنگ لەسەرشان بەرەو زەریای سپی هەڵاتوە. لەشکری کەمالییەکانی بە دواوەیە. لە ٩ی ئەیلول ١٩٢٢ (ئیزمیر) لە لایەن تورکەوە گیراوەتەوە. لە ٢٠ی هەر ئەم مانگەدا دوا نەفەری یۆنان لە ئاسیای بچوك (واتە لە تورکیا)دا نەماوەو کراوەتە دەرەوە..

ئیتر نۆرەی بیرکردنەوەیە لە مەسەلەی موسڵ و دەرهێنانی لەژێر چنگی ئینگلیز. هەرچەند سیاسییەکانی عەرەب موسڵیان بۆ عێراق لە جێگەی سەر دائەنا تورکەکانیش بەو چاوە ئەیانڕوانیە موسڵ کە فەرەنسزەکان تەماشای "ئالساس لۆرەن"یان پێ ئەکرد. بە لای تورکەوە بەجێهاتنی میساقی میللی بەسرابو بە سەندنەوەی موسڵەوە. لەبەر ئەمە ئینگلیزەکان لە خەو خەبەریان بۆوە. لە ١٩٢١دا جارێ دەستیان بۆ فەرەنسزەکان درێژ کرد. بەتەما بون بیانکەن بە گژ تورکا[٤٥]، ئەمە سەری نەگرت. ئنجا کەوتنە فریودانی یۆنانەکان" بەتەمای شارە جوانەکەی ئیزمیرو چەند شارێکی ترو بە تەماعی چەك و پارە تاویان دایە سەر خاکی تورك. بەڵام بە ئەنجام بەو جۆرە شکان و گەڕانەوە کە باسمان کرد. شکستە گرنگەکەی یۆنان تا ماوەیەك ئینگلیزەکانی ورد کرد. بەڵام تەقەلاکانی

---

[٤٥] مەبەس مستەفا کەمال و تورکی ئەنادۆڵە.

تورك لە بابەت موسڵەوە گەیشتە ئەندازەیەكی سامناك. ئیتر ئینگلیزەكان ئەبو بیر لە شتێكی تر بكەنەوە..

بۆ لەدەسنەچونی موسڵ پێویست بە بەزمێكی تازە هەبو. بیریان لەوە كردەوە بەینی توركو ئیتالیا تێك بدەن. لەبەر ئەمە خۆیان لە ئیتالیا بردە پێشەوە. لە هەندێ كاروبارو قازانجا چاویان ئەپۆشیو بەلای ئیتالیادا دایانئەتاشی. ئەیانویست ئیتالیا بكەن بە لاگیری خۆیان. موسڵ پارویەكی گەورە بو. بۆ قوتدانی ئەم پاروە چەورو گەورەیە هەمو شتێكیان گرتبوە چاو. بەڵام وەستاو[٤٦]ی ئیتالیا لەناو خۆیا ڕێی نەدا بە نزیككەوتنەوەی ئینگلیزو ئەم سیاسەتەش سەری نەگرت.

بە ئەنجام ئینگلیزەكان چاریان نەماو ڕویان كردە مستەفا كەمال خۆی، بە هەندێ مەرج[٤٧] كە بە لایانەوە وابو قازاجی توركی تیا هەیە، ویستیان لەگەڵ مستەفا كەمال ڕێكەون، لەبەرئەوە ئەمانەوێ كەمێ لەو بگرەو بەردەیەو لەو كارەساتانە بدوێین كە بە هۆی مەسەلەی موسڵەوە ڕوی داو چەند ساڵێ ئینگلیزو تورك، توركو عەرەبو یا كوردو توركی پێوە گیرۆدە بو..

* * *

## ٦٧

توركەكان سەر بە مستەفا كەمال بون، لەم وەختانەدا لە باكوری عێراقا دەسیان كرد بە هاندانی خەڵقو عەشیرەتەكانی كوردو بەمە ئینگلیزەكان حكومەتی عەرەبی عێراقیان خستە لێكدانەوەوە. وەكو وتبومان توركەكان موسڵیان بە هی خۆیان دائەنا. وایان لە ئەهالی ئەو ناوە ئەگەیاند كە ئەگەر بە خۆشیو بێ شەڕ نەدرێتەوە بە تورك بە زۆری هێزی لەشكر داگیری ئەكەنەوە.

---

[٤٦] وەستاو: وضع.

[٤٧] مەرج: شرط.

بەلای تورکەوە وابو کە لە کاتی موتارەکەدا[٤٨] ئینگلیزەکان بە بێ شەڕو بە فێڵ چونەتە شاری موسڵەوە. چە لەبەر ئەمەو چە لە ڕوی هەندێ هۆی ئابوریو سیاسیو شەڕو تەنانەت لەو ڕوەوە کە قەومی عێراق گەلێ هۆی وا هەیە ئەینوسێنێ بە قەومی تورکەوە[٤٩] خۆیان لە داواکردنەوەی ئەم وڵاتە بە پیتو بە بەرەکەتەدا بە خاوەن حەق ئەژمارد. ئنجا تەقەلای تورکو پڕوپاگەندەی تورک لەناو خەڵقا لە باکوری عێراق لە لایەکەوە" شۆڕشە گەورەکەی عەرەبەکانی عێراق لە ۱۹۲۰ لە لایەکی ترەوە گرنگترین هۆی ئەوە بو کە ئینگلیزەکان فەیسەڵ بێننە عێراقو بیکەن بە مەلیك (۹۲۱)و بەم جۆرە تا ماوەیەك ئاگری شۆڕشی عەرەبەکانیان کوژاندەوە. لەم کاتانەدا بو کە لە ئەستەموڵ وەزارەتی فەرید پاشای زاوا کەوتو وەزارەتی تازە هەوڵی دا کە لە ئەنقەرەو حکومەتی مستەفا کەمال نزیك کەوێتەوە. لەبەرئەمە هیوای ڕێکەوتنو یەکگرتنەوە پەیابو. ئینگلیزەکانیش تەکانی خۆیان دا.

ئیتر هیوا بە حکومەتی ئەستەموڵو بە سوڵتان وەحیدەدین نەما. مستەفا پاشای یاموڵکی کە لە زەمانی فەرید پاشای زاوادا ڕەئیسی دیوانی عورفی (ڕەقەم١) بو بە پەلەپەلو لە ڕێگەی سوریەو بەغداوە گەڕایەوە سلێمانی. شێخ مەحمود، حوکمداری دەربەدەری کورد بە بیانوی ناسازیی ئاووهەوا لە هندستانەوە، گوێزرایەوە کوێتو لە عێراق نزیك خرایەوە.

بەمجۆرە لە کاتێکا کە تورکەکان بۆ دەسخستنەوەی موسڵ لە ناوچەکانی شەڕو سیاسەت تێئەکۆشانو تەقەلایان ئەدا، پێش ئەکەوتنو سەرئەکەوتن" ئینگلیزەکانیش وردە وردە سیاسەتی پێشویان ئەگۆڕیو خەریکی بادانەوە بون بە لای سیاسەتێکی مویلایمترو هێمنترا. چونکە ئەبو لەسەر سیاسەتێ بڕۆن کە لەگەڵ کاتا بگونجێو ڕێکەوێ. بەڵام مستەفا کەمال دیسانەوە هاتە ڕێی ئینگلیز.

---

[٤٨] موتارەکە: هودنە یا وەستاندنی شەڕ.

[٤٩] دیارە کە ئەمە هەڵبەستی تورکەکانەو لەگەڵ ڕاستیا پەیوەستیەکی نیە.

ڕاست لەم کاتەدا عەلی شەفیق[٥٠] بە دەستەیەك عەسکەری تورکەوە گەیشتە ڕەواندز (١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٢). ڕەمزی بەگ ناوێکیش کە لە زەمانی عوسمانیا لەو ناوە مودیری یا قائیمقامیی کردبو پێش هاتنی ئوزدەمیر بە چەند ڕۆژێ (مایس) هەر بە ناوی مستەفا کەمالەوە گەیشتبوە ئەوێو بە یارمەتی کورد حاکمەکەی ئینگلیز لە ڕەواندز کرابوە دەرەوە. بەمجۆرەو بە هۆی پڕوپاگەندەی "ئوزدەمیر"و "ڕەمزی"، ئینگلیزەکان لەو ناوەدا دەسەڵاتی هیچیان نەمابو و ئەهالی بە تەواوی لێیان هەڵگەڕابونەوە. باس باسی تورك و جنێودان بو بە ئینگلیز.

گەلێ لەوانەی کە چارەی ئینگلیزیان نەئەویست لەگەڵ ئەوانەدا کە خۆیان بە تورك ئەزانیو یا تورکیان خۆش ئەویستو ئەو کەسانەی کە توشی داوی جاسوسەکانی ئینگلیز ئەبونو ئەکەوتنە تەنگو چەڵەمەوە لە سلێمانی، لە کەرکوكو لە هەولێرو کفریو شارەکانی ترەوە تەنانەت لە موسڵو لە بەغداوە هەڵاتنو ڕویان کردە ڕەواندز، چونە لای ئوزدەمیرو لەوێ حەسانەوە. بون بە هۆی پەرەسەندنی پڕوپاگەندەی تورك و بڵاوبونەوەی هێزو دەسەڵاتی ئوزدەمیر. بەرنامەی کردەوە بۆ کۆمەڵەکانی نهێنی "تورکخوا"کان لە لایەن (پاشا!)وە لەسەر دەسی ئەم پەنابردوانەدا ئەگەیشتە شارەکانو بڵاو ئەکرایەوە. وەڵامی کۆمەڵەکانو تورکخواکانی تریش هەر بە هۆی ئەوانەوە ئەگەڕایەوە ڕەواندزو ئەگەیشتەوە بە پاشا. دەسەڵاتی ئوزدەمیر لەناو عەشیرەتەکانی کوردا تەواو پەرەی سەندبو و گاڵتەی لەگەڵ نەئەکرا، بە تایبەتی بەشێکی زۆری پشدەرو تۆپی هەمەوەند سەریان لە ڕێی پاشادا بو.

دەستەی تورکخوای ناوشارەکان لەم ڕۆژانەدا نیشتمانییەکانی کوردیان بە دوژمن دائەنا. بە چاوی ئینگلیز تەماشایان ئەکردن. نیشتمانپەروەرەکانیش

---

[٥٠] ئەو سەرکردە تورکەیە کە بە ئوزدەمیر پاشا ناوی ڕۆیشتبو، لە ناوچەی ڕەواندزەوە بۆ مستەفا کەمالو تورکیای تازە، پڕوپاگەندەی ئەکردو بردبویە مێشکی خەڵقەوە کە موسڵ بە ئەنجام ئەبێتەوە بە هی تورك.

ناوێکی سەیریان لەوان نابو. پێیان ئەوتن جلخوار!. بەڵام سەیر لەوەدایە کە ئینگلیزەکانیش لەو ڕۆژەدا بە چاوێ تەماشای جلخوارو کوردیان ئەکرد. واتە نیشتمانپەروەرەکانی کوردیش بەلای ئینگلیزەوە دوژمن بون.

ئەم سیاسەتە، ئینگلیزی ژێر خستو بو بە هۆی سەرکەوتنی ئوزدەمیر. ئەو ئوزدەمیرە کە بە وریایی و زرنگی خۆی بەبێ پول و پارەیەکی ئەوتۆو بە چەند عەسکەرێکی تورکەوە زۆربەی عەشیرەتەکانی کردبو بە ئەموستیلەی دەسی لە لایەن خوێندەوارەکان و لاوە نیشتمانییەکانیشەوە بەربەرەکانی نەئەکرا. چونکە ئەوانیش توشی گونڕەشی خۆیان هاتبون. حاکمە ئینگلیزەکان و دەوروپشتەکانی ئەم حاکمانە نەیانئەهێشت بێ لەوە بیر لە شتی تر بکەنەوە. کۆمەڵە بلاوەی کردبو و دەسەلاتێکی نەمابو. ئەو سەرەك عەشیرەتانە کە لە کۆمەڵەدا بون یا کشابونەوە یا لە قینی ئینگلیز بوبون بە دۆستی تورك. جێی ئینکار نیە کە لەگەڵ ئەمەشا ئەوان لە کۆمەڵە بەکارتر بون. چونکە کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند کە یەکێ بو لە ئەندامی کۆمەڵەی (خوالێخۆشبو) توانی تەنگ بە ئینگلیز هەڵچنێ. دوای ئەوەش بە پەنجەی ئوزدەمیرو یارمەتی عەشیرەکانی تر لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٢ هێزە کرێگرتەکانی[٥١] ئینگلیز لە ڕانیە کرایە دەرەوە. دوای ئەوە ئینگلیزەکان خۆشیان ترسیان لێ نیشت و سلێمانیان بەجێهێشت و بە فڕۆکە ڕایانکردە بەغدا. بەڵام ئەمە کەڵکی ئینگلیزی نەگرت. پێش ئەمە بە ماوەیەکی کەم ئەحمەد بەگی ڕیشێن، یەکێ لە گەورەکانی جاف کە بە هاندانی بەگزادەکانی هەڵەبجە گیرابو و لە سلێمانی خرابوە ژێر چاوتێبڕینی[٥٢] حکومەتەوە لەم ڕۆژانەدا هەڵات و چوە لای جافر سوڵتانی ڕەئیسی هەورامان. لە کاتی هەڵاتنا سوارەی میری شوێن خرا، بەڵام ئەحمەد بەگ ئازانە بەرامبەریان وەستا و خۆی نەدا بە دەسەوە. دوای گەیشتنی بە هاورامانیش هێزی هەوایی نێررایە سەر. بەڵام نزیکەی حەوت فڕۆکەی ئینگلیز لە شاخەکانی هەورامانا کەوتە خوارەوە. واتە حکومەت هیچی

---

[٥١] هێزی کرێگرتە: هێزی لیوی.

[٥٢] چاوتێبڕین: "ترصد" یا موراقەبە.

بۆ نەکراو ئەحمەد بەگ لە هەورامان لای خزمەکانی حەسایەوە. کەریم بەگ کە بەینێ بو هێزەکانی ئینگلیزی بە شوێنەوە بو، (بۆند)و (ماکن)ی کوشت ئنجا ناچار ما و خۆی گەیاندە ئوزدەمیر. ئیتر ئاژاوە بە تەواوی کەوتبوە کوردستانەوە.

شێخ عەبدولقادری گوللە نەبڕ لە سەنگاو بە زۆری کوتەك قائیمقام بو. گاڵتەی بە ئینگلیز ئەکرد. ڕۆژی ئەوە نەبو چاوی لێ سور بکەنەوە. لەبەرئەوە ئینگلیزەکانیش خۆیان شل کردبو و چاویان لێ ئەپۆشی. لەناو تێکەڵ و پێکەڵی و ئەم بگرەو بەردەیەدا خەڵقی شارەکان و مستێ خوێندەواری بێ سەرو پێ واقیان وڕمابو و سەریان لێ شێوابو. هەندێ لە پیاوە کۆنەکانی دەوری عوسمانی و تەقاویتەکان لەگەڵ تاقمی هەرچی و پەرچی و جلخوارەکانا بە چەشنی ئینگلیزەکان کەوتبونە وێزەی نیشتمانپەروەرەکان. بەیننامەکانی ئوزدەمیریان ئەخستە ماڵەکانیانەوە. وایان بڵاو ئەکردەوە کە زۆری نەماوە تورکەکان بێنەوە سلێمانی. هەرەشەی ئەوەیان ئەکرد کە ئوزدەمیر ئەوانە ئەخنکێنێ کە خۆیان بە کورد دائەنێن یا لافی نیشتمانپەروەری لێ ئەدەن. لە ڕاستیشا پڕوپاگەندەی ئەم جلخوارانە کارێکی تەواوی کردبو. خەڵقی هیوایان بڕابو. نیشتمانپەروەریش لە چاو کەوتبو و باوی نەمابو..

* * *

## جەمعیەتی کوردستان

لە کاتێکا هەواڵی کوردستانی عێراق بەم جۆرە بو، مستەفا پاشای یامولکی لە ئەستەمول گەڕابۆوەو بەینێ بو لە سلێمانی بو. وەکو ئەیوت لە لایەکەوە بۆ بەربەستدانەوەی پڕۆپاگەندەی تورك و پاراستنی سلێمانی لە هەڵمەتی ئوزدەمیر، لە لایەکیشەوە بۆ تازەکردنەوەی گیانی نیشتمانی و هۆشی میللی کورد واتە بە بیری دانانی ڕێی تەقەلایەکی تازە بۆ دامەزراندنەوەی کوردستانی سەربەخۆ پێویست بە ڕێخستنی "کۆمەڵەیەکی کوردی" هەبو. ئەم باسە زو کەوتە سەر زمان. ئنجا مستەفا پاشا لە حکومەتی سیاسی سلێمانی ئیزنی وەرگرت و لە ٢١ی

تـەموزی ١٩٢٢ پـاش نوێـژی جومعـە لـە مزگـەوتی سـەید حەسـەنی مـوفتیدا خـەڵقێکی زۆر کۆبونـەوە. دەربـارەی ئـەم مەبەسـە مسـتەفا پاشـا وتـارێکی دورو درێـژی کـوردی خوێنـدەوە. دوای ئەمـە بـە هەڵبـژاردنی نهێنـی ئەندامـەکانی دامەزرێنـەری کۆمەڵـە هەڵبـژێرران کـە ناوەکانیـان بـە پێـی ژمـارەی دەنگـەکان بـە ڕێزەوە ئەمانە بو:

١–ڕەفیق حیلمی، نوسەری ئەم یادداشتە.

٢–ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، دوایی بو بە موتەسەڕیفی سلێمانی.

٣–فایەق بەگی مارف بەگ، لە خزمانی سەعید پاشای باوکی شەریف پاشا.

٤–شێخ عەلی سەرکار، خاڵی حەپسەخانی نەقیب.

٥–شێخ محەمەدی گولانی، لە عالمەکانی سلێمانی.

٦–سـاڵح ئەفـەنی قـەفتان، لـە تـاقمی بازرگـانی سـلێمانیو زابتـانی دەوری عوسمانیە. بەینێك لە ئەعدادی مامۆستای تاریخ بو.

٧–سـدیق ئەفـەنی عەلەکـە، لـە عیسـاییە کوردەکـانو بازرگانـە ناودارەکـانی سلێمانیو برازای کەریمی عەلەکەیە کە لـە حکومـەتی شێخ مـەحموددا ڕەئیس یا وەزیری مالیە بو.

مستەفا پاشا خـۆی کـە دامەزرێنـەری کۆمەڵـە بـو، کـرا بـە ڕەئیسو کۆمەڵـەش نـاونرا (جەمعیـەتی کوردسـتان). لەگـەڵ ئیزنـی دامەزرانـدنی کۆمەڵـەدا بـە نـاوی کۆمەڵــەوە ئیزنــی بڵاوکردنــەوەی ڕۆژنامەیەکیشــی وەرگرتبــو. مســتەفا پاشــا دەربارەی ئەوەی کە بو بە ئەندامی "جەمعیـەتی کوردسـتان" بـە ئیمـزای خـۆی[٥٣] و بە مێژوی ٢٢ی جولای "تەموز" واتە دوای کۆبونەوەکەی مزگەوتی سەید حەسـەن بـە ڕۆژێ، نامەیـەکی بـۆ نـاردم. ئـەو نامەیـە تـا ئێسـتە لـەلام ماوەتـەوەو لـە نـاو

[٥٣] ئەمە ئیمزاکەی مستەفا پاشا بو:

رئیسی جمعیت کردستان

متقاعد میر لیوا

"مصطفی"

نوسراوەکانی ئەو دەورەدا هەڵم گرتوە. بۆ یەکەمجار لە ماڵی مستەفا پاشادا کۆبوینەوە. لەناو بڕیارەکانی ترا بڕیاری ئەوەش درا کە ڕۆژنامەکەمان بە سێ زمانی کوردیو فارسیو تورکی بنوسرێو ژمارەی یەکەمی "بانگی کوردستان" لە "٢ی ئەغستۆسی ١٩٢٢"دا بڵاوکرایەوە. مـن (نوسەری یادداشت) جگە لە نوسینی بەشێکی کوردیو فارسی، بە تایبەتی سەرپاکی نوسینەکانی بەشی تورکیشم خرابوە ئەستۆ..

* * *

## ٦٨

من کە کرامەوە بە مامۆستا بۆ مەکتەبی "نمونەیی سەعادەت"و گەڕامەوە سلێمانی[٥٤] کەپتەن هۆڵت معاونی حاکمی سیاسی بو و تەماشای کاروباری مەکتەبەکانیشی ئەکرد. جگە لەمە لە مەکتەبی نمونەیی سەعادەتیش دەرسی ئینگلیزی بە پۆلی دوایین ئەوتەوە. بەڵام ئەم دەرسە دەرسێکی تایبەتی بو. ئەتوانم بڵێم کە قوتابییەکانی ئەم پۆلەش لە ڕوی ئەم دەرسەی "هۆڵت"ەوە چوبونە ڕیزی قوتابیانی تایبەتییەوە. دەرسی وا هەبو دو سەعاتی پێوە ئەبون. لەبەرئەوە هۆڵت دەرسەکانی خۆی خستبوە دوای هەمو دەرسەکانەوە. لەو قوتابیانە هەندێکیان پێشکەوتنو لە حکومەتا جێگەی بەرزیان داگیر کرد. عومەری سادق ئەفەندی[٥٥] یەکێ بو لەو قوتابیانە. ئەم کوڕە دوایی لە جەیشی عێراقا بو بە زابت، بەڵام لە شەڕی جەیشی عێراقو شێخ مەحمودا لە "ئاوباریکە" کوژرا.

ئنجا کە من گەڕامەوە سلێمانیو چومە مەکتەب هەر ئەو ڕۆژە ڕەشید زەکی کابانی مودیری مەکتەب ناردمی بۆ لای هۆڵت. کە چوم پێی وتم: *"هیوام وایە لەمەو دوا لە سیاسەت دور بکەویتەوە. خەریکی دەرس وتنەوەو پێگەیاندنی*

---

[٥٤] تەماشای جزمی چوارەم بکە.

[٥٥] صادق ئەفەندی، خەڵقی موسڵو لە زەمانی عوسمانیا باشکاتبی مالیەو "وەکیلی موحاسبەچی" بو لە سلێمانی.

*قوتابییەکانت بی‌و لەم ڕێییەوە خزمەتی وڵاتەکەت بکەی!..*" منیش لە دڵی خۆما وام نیاز بو کە توخنی سیاسەت نەکەوم‌و سەری خۆم کز کەم. لەبەرئەوە تا ئەو ڕۆژە کە جەمعیەتی کوردستان دامەزرا من بەتەما نەبوم بچمەوە کۆڕی سیاسەت تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندام بۆ مەجلیسی ئیدارە ناوی من وەکو لەمەوبەر باسم کردبو بە مەزبەتەیەکەوە درابو بە حکومەت، بەلاّم بەربەرەکانی هۆڵت‌و یا حکومەتی سیاسی بەرامبەر بە من، ڕۆژی کۆبونەوەکەی مزگەوتی سەید حەسەن لەسەر ئارەزوی یەك دو هاوڕێ بەبێ مەبەستێکی تایبەتی‌و تەنیا وەك سەیرکەر چوبومە مزگەوتەکەوە. ئەوەم بە بیرا نەهاتبو کە ناوی منیش بێتە ناوان‌و بکرێم بە ئەندام. بەلاّم کە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی دەنگەکانا بە زۆرترین دەنگ بوم بە ئەندامێکی جەمعیەتی کوردستان‌و بە پێویستم زانی بچمە لای هۆڵت.

چونکە ویستم جارێ لە بابەت ئەم جەمعیەتەوە لە بیری حکومەت تێبگەم. لەولای تریشەوە بۆ من لە بیری هۆڵت گەیشتن بە تایبەتی پێویست بو. ئەبو بزانم کە دەربارەی هەڵبژاردنی من بۆ کۆمەڵەیەکی وا ئەڵێی چی؟ داوام لێ ئەکا کە ئەمجارەش خۆم دور خەمەوە یا نەء؟ واتە ئەمویست بۆم دەرکەوێ کە ئەم جەمعیەتە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە ئاشکرا پشتیوانی ئەکرێ یا هەر دوراو دور چاودێری ئەکەن‌و بە هۆی "مستەفا پاشا"وە ئەیبەن بەڕێوە؟ بۆ ئەمەش بیانوم بە دەسەوە بوو چومە لای هۆڵت. لەگەڵ چاوی بە من کەوت نەیهێشتە بەر ئەوە قسە بکەم. ئەو هەڵی دایەو وتی: "*پیرۆز بێ! بە ڕاستی ئەم باوەڕە کە خەڵق بە تۆیان هەیە جێی پیرۆزباییە. هیوام وایە کە بتوانێ خزمەتی قەومەکەت بکەی*". من وەلاّمم دایەوە. *وتم بەم وشانەتا وا دیارە کە ئەم جەمعیەتە سیاسی نەبێ!* چونکە *پێم ناڵێی کە خۆمیان لێ دورخەمەوە.* وتی: "*باوەڕ ناکەم کە (جەمعیەت) شتێکی وا بکا خراپەی لێ پەیا بێ*". ئیتر ماوەی نەدام لەگەڵی درێژ بکەمەوە. بە بیانوی ئەوەی کە ئیشی هەیە دەسی گوشیم‌و بە یەکەوە لە ژورەکەی هاتینە دەرەوە. دوای ئەمە من دورو درێژ بیرم کردەوە. تێکەڵبون بەم کۆمەڵەو یا دورکەوتنەو

گەلێ شتم بە بیرا هات. بەڵام بە ئەنجام وام بە باش زانی لە کۆمەڵەدا بم. بە لامەوە وابو کە کەڵکی خزمەتم پێوە بێ و بە پێی ڕەوشتێك کە بۆ خۆم کێشاومە بتوانم بچم بەڕێوە.

مستەفا پاشا خۆی هەڵسوڕێنەری بانگی کوردستان بو. هەرچەند لە نوسینا زۆری بەرهەڵست ئەهێنایە ڕێمان، دیسانەوە کەمو زۆر نوسراوی باشم ئەخستە ڕۆژنامەکەوە. بە کوردیو بە تورکی چەندم پێکراو بۆ کوردایەتی چیم بە باش ئەزانی نوسیمو بڵاوم کردەوە. لەو ڕۆژانەدا بە تایبەتی قینم لە جلخوارەکان ئەبۆوە. من لەم کردەوەیەو لە نوسینی دەربارەی کوردایەتی تامێكو نەشئەیەکم وەرئەگرت.

مستەفا پاشا –داخەکەم– زیاد لە پێویست سڵی لە ئینگلیزەکان ئەکردەوە. لەبەرئەمە لای کوردە خوێنگەرمەکانو نیشتمانپەروەرەکان ئەوەندە جێی متمانە نەبو. جلخوارەکان بە پیاوی ئینگلیزیان ئەزانیو زۆریان ئەبوغزاند. لەمانە جێ داختر زمان ناڕەحەتی خۆی بو. لەو ڕۆژەوە کە گەڕابۆوە سلێمانی ناو و شۆرەتی کە لە دورەوە هەیبو ڕویکربوە کزی. شێخو مەلاو توجارو کاسبو خوێندەوار، هەمو دەستەو پۆلەکانی شاری سلێمانی هەر یەکە بە جۆرێ لە خۆی زیز کردبو و تۆراندبو. واتە ڕەوشتێکی وای نەگرتبو کە لە خەڵقی سلێمانی بباتە پێشەوە.. لە بیرو باوەڕیشا لەگەڵ کەس ڕێ نەئەکەوت. بە شتی ئەوتۆوە ئەنوسا کە بۆ منالیش نەئەشیا پێوە بنوسێ. هەرچەند میرلیوایەکی ئەرکانی حەرب بو، بەڵام خۆی وا نەئەنواند خاوەنی زانستێکی سەقافەبەرز بێ و بە تەنگ لاساییەکانی کۆمەڵایەتی[٥٦] یەوە نەبو.

تەنیا ڕەوشتێکی هەرە باشی هەبو کە کوردێکی پەتی بو و لە کاتێکا لە دەوڵەتی عوسمانیا جێ و شوێنی بەزرو بەڕێزی هەبو بە کوردێکی پەتی بێ فیزو هاوشەری–پەروەر ناسرابو و ناوی دەرکردبو. لە کاتی تەنگو چەڵەمەدا فریای گەلی کوردو خۆولاتییەکان کەوتبو. ئنجا هەر لەبەر ئەم سیفەتەی بو کە ئەوانەی

---

[٥٦] لاساییەکانی کۆمەڵایەتی: تەقالیدی ئیجتماعی.

ئەیانناسی و لە ڕابردوی بەشکۆو دەبدەبەی ئاگادار بون بە چاوێکی بەڕێزەوە تەماشایان ئەکردو دەورەیان ئەدا.

درێژی ناکەینەوە. هەرچەند هیوا نەئەکرا، بەڵام "جەمعیەتی کوردستان"و ڕۆژنامەکەی کەم و زۆر خزمەتی کوردایەتی و مەسەلەی کوردیان کردو بە هۆی بانگی کوردستانەوە بو کە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هندستان وڵاتی سلێمانی چوبۆوە دۆخیانی جاران و بوبۆوە بە ناوچەی جوڵانەوەی کوردایەتی و بەرزبونەوەی ئاوازی نیشتمانپەروەرەکان.

* * *

## مستەفا پاشاو ئیسماعیل ئاغای شوکاک ( سمکۆ )

مستەفا پاشا لە سلێمانیا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبو. بەڵام بە لای تورکانەوە زۆر جێی ترس بو. بە تایبەتی دوای دامەزراندنی جەمعیەتی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ئەوەندەی تر ترسیان لێ پەیا کرد. لەبەرئەوە زۆریان تەقەلا ئەدا کە لەناوی بەرن. کردەوەیەکی تریش تورکەکانی لە مستەفا پاشا بە تەواوی خستە ئەندێشەوە. چونکە لەم ڕۆژانەدا بە نهێنی چوە لای سمکۆ. لە مانگەکانی دوایینی ساڵی ١٩٢١دا ئیسماعیل خانی[٥٧] ڕەئیسی عەشیرەتی شکاک لە سنوری ڕۆژاوای ئێرانا شۆڕشێکی گەورەی نایەوە. جارێ لە پێشا چو بە گژ "نەستوری"ەکانا. کە بە وێنەیەکی خراپ شکاندنی و "مارشەمعون"[٥٨]ی کوشت. بەمجۆرە سامێکی خستە ئەو ناوەو نزیکەی ٤٠٠٠٠ ئاسوری هەڵاتن و پەنایان بردە بەر ئینگلیزەکان لە عێراق و لە شاری "باقوبە"و دەوروپشتیا دامەزران.

سمکۆ دوای ئەمە هێزێکی گەورەی پەیا کردو لە ئێراندا کەوتە دەسوەشاندن. هەمو وڵاتی ورمێ (ڕەزائیەی ئیمڕۆ)و بەشێکی زۆری وڵاتی تەورێزی خستە ژێر

[٥٧] ئیسماعیل ئاغا، یا سمکۆ.

[٥٨] مارشەمعون، ڕەئیسی دینی و گەورەی نەستوری و یا ئاسوریەکان بو.

حوکمی خۆیەوە. لە ڕوی توندی دڵڕەقیو سامناکی ئەم قارەمانە کوردەوە ئەهالی ئەزربایجان لەهەر چوار لاوە دەسیان کرد بە هەڵاتن. خەڵقی سابلاغو سەردەشتو ئەو دەورەش وردە وردە وڵاتەکەیان بەجێ ئەهێشت. لەمانە هەندێکیشیان هاتنە سلێمانی. ئێمە باسی زەبروزەنگی سمکۆمان لەم هەڵاتوانە ئەبیستەوە. هەر لەم کاتانەدا شەڕی تورکو یۆنان لە ئاسیای بچوکا بە گەرمی دەوامی ئەکرد. لەبەرئەمە بزوتنەوەی سمکۆ لەسەر سنوری ئێرانو تورکاو بڵاوبونەوەی دەسەڵاتو ناوو شۆرەتی تورکەکانی خستە ئەندێشەوە. لەوە ئەترسان کە ئەم بزوتنەوەیە بە هۆی کۆمەڵەکانی سیاسی کوردەوە ڕەنگێکی تر وەربگرێو بە بارێکی ترا وەرگەڕێ. واتە بگۆڕێ بە بزوتنەوەیەکی سیاسیو قەومیو کوردستانی تورکیاش بگرێتەوە. بەڵام نەشیان ئەویست بە پەلە بجوڵێنەوەو دەس بۆ سمکۆ درێژ بکەن. چونکە لەگەڵ لەشکری یۆنان تێك ئالابون. ڕۆژی ئەوە نەبو دوژمنی تر بۆ خۆیان پەیا بکەن. لەوەش ئەترسان کە وروژاندنی سمکۆ ببێتە هۆی ئەو شتە کە لێی ئەترسن. لەبەر ئەمانە تا ماوەیەك "مێچکە"شیان لە بەردا کرد. بە شیرینی لەگەڵی جوڵانەوە، تەنانەت بە ناوی دیاریەوە بە چەكو جبەخانەو بە چەند شەستیرێك یارمەتیشیان داو هەڵیان فریواند.

سمکۆ بەمە تەفرەی خوارد. خۆی لە تورکەکان نەگەیاند. تەنانەت بە هاندانی نهێنی تورك –کە بۆ مەرامی کاری خۆیان ئەیانکرد– ئەوەندەی تر کەوتە وێزەی ئێرانییەکانو تەنگی بە هێزەکانیان هەڵچنی. بەڵام تورکەکان لەپڕ چاویان کردەوە. لە چونی مستەفا پاشا بۆ لای سمکۆ عەقڵ لە کەللەیانا نەما. هەر لەم کاتەدا حکومەتی ئێران لەشکرێکی زۆربەی پێکەوە ناو کردیە سەر سمکۆ. سمکۆ بەرامبەر ئەم لەشکرە وردە وردە ئەکشایەوە. تەواو لە سنوری تورك نزیك کەوتبۆوە. مستەفا کەمال دوژمنی خۆی ئەناسی. لە نەمرود[٥٩] زۆر ئەترسا لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی مستەفا پاشاو نزیك کەوتنەوەی سمکۆ لە سنورەکانی

[٥٩] تورکەکانی ئەو دەورە لە ڕوی کردەوەکانی زەمانی ڕیئاسەتی دیوانی عورفی لە ئەستەموڵ بە مستەفا پاشایان ئەوت نەمرود.

تورکیاش زیاتر مەترسی لیّ نیشت. سەرەڕای ئەمە یۆنانەکان لەم کاتانەدا کەوتنە سەر سەودایەکی تر. بڕیاریان دا پەلاماری ئەستەمولّ بدەن. بۆ ئەم پەلامارە کەوتنە خۆئامادەکردن.

هەرچەند فەرەنسەو ئیتالیا بەرهەڵستی ئەم کردەوەیە بونو تەنانەت ئینگلیزەکان لە ڕودا بۆ پاراستنی ئەسەمولّ لە لەشکری یۆنان، لە "ماڵتە"وە هەندیّ لەشکری تریان گەیاندە ئەستەمولّو هیّزەکانی سویّندخۆرەکانیان بەهیّزتر کرد. بەڵام مستەفا کەمال بەم فیّلّو فەرەجانە زۆر باوەڕی نەکرد. ترسا کە لە بەینی دو ئاگرا بمیّنیّتەوە. ئاگری شۆڕشەکەی سمکۆ لە خۆرهەلاّتو ئاگری لەشکرەکانی یۆنان لە خۆراوا. لەبەرئەمە بەرامبەر بە سمکۆ زۆر بیّئینسافانە جولاّیەوە. ڕاستە کە مستەفا پاشا چوە لای سمکۆو بۆ گویزانەوەی شۆڕش بۆ ناو خاکی تورك هانی داو ڕاستیشە کە بۆ ئەم مەبەستە هەندیّ پارەو جەواهیری بۆ بردبو. بەڵام وەکو لەوانەمان ئەبیستەوە کە ئاگایان لە کارە نهیّنییەکان هەبو، سمکۆ بە واتەی پاشا نەچوبو بەڕیّوە. لەگەلّ ئەمەشا لە ڕوی گومانو ترسەوە هیّزەکانی تورك لەو سنورانە دەسی خۆیان وەشاند. دەستەیەك سوارەی گورجو سوکەڵە شەویّك بە دزییەوە لە ناوچەی لەشکرگای سمکۆ نزیك کەوتنەوە.

سمکۆ کە لە تورکەکان مەترسی نەبو و بەتەما بو داوای هیّزو یارمەتیشیان لیّ بکا بە خۆیو لەشکرەکەیەوە لە شیرین خەوا بو کە درایە بەر شیّلکی تفەنگو نارنجۆك (بۆمبا). لەم شەبەیخونە بیّمروەتانەیەدا گەلیّ لە پیاوماقوڵەکانی سمکۆو ژنیّك لە ژنەکانی کوژراو خەسرەوی کوڕیشی بەدیل گیرا. جگە لەمە غەزنەی پارەکەشی تالاّن کرا. سمکۆ خۆی نەکوژراو ڕزگاری بو و دوای ئەم کارەساتە خۆیو برایەکی لەگەلّ دەستە سواریّك لە پیاوەکانی کشانەوە دەوری ڕەواندز. بەینیّ بو لە سلیّمانیەوە دەستەیەك لە زابتەکانو لاوە نیشتمانییەکانی کورد بە ناوی هەلاّتنەوە سلیّمانیان بەجیّهیّشتبو و چوبونە سەقز. لە ڕاستیا ئەمانە لەسەر بڕیاری کۆمەڵە بۆ یارمەتی سمکۆ چوبونە ئیّران. مەبەسیان ڕیّخستنی شۆڕشەکە بو. بە هیوای ئەوە بون کە بیگۆڕن بە شۆڕشیّکی کوردیو سیاسی. بەلاّم ئەم

ئەنجامەی سمکۆو کارەساتێ کە بە سەری هات، بو بە هۆی نائومێدیو گەڕانەوەی ئەوانە کە هێشتا لە سەقز نەچوبون بەولاوە..

لەولای تریشەوە لەشکرەکانی مستەفا کەمال، لە ٢٦ی ئەغستۆسی ٩٢٢ بایان دایەوە سەر لەشکرەکانی یۆنان. لە "دوملوپینار"دا خراپ شکاندیان. ئنجا وردەوردە پێشکەوتن تا گەیشتنە "عوشاق". لێرەشا دوای شەڕێکی سامناک لەشکری یۆنان بە جارێ تەفروتونا بو و ڕێگەی ئیزمیر کرایەوە. ئیتر لەشکری تورك لە ٩ ئەیلول چوە ناو شاری ئیزمیرەوە جگە لەمە لە ١ی ئەیلول لەلای باکورەوە لەشکری دوەمی تورك ڕوی کردە "ئیزمیت". یەکلەدوایەك شارەکانی (بیلەجاك، ئەسکی شەهرو کوتاهیە)ی گرتەوە. لە ١١ی ئەیلول شاری بورسەو لە ١٤ی هەر ئەو مانگە "مودانیە"ش کەوتەوە دەس تورکو لە ٢٠ی ئەیلولی ٩٢٢ هەمو ئەنادۆڵو ڕۆخەکانی زەریاچەی مەڕمەڕە لە لەشکرەکانی یۆنان بە تەواوی پاك کرایەوە..[٦٠]

* * *

## مەسەلەی موسڵ
## و
## حکومەتی جاری دوەمی شێخ مەحمود

لە باسەکانی پێشودا بۆمان دەرکەوت کە لە ساڵەکانی ٩٢١-٩٢٢ هەر تەقەلایەك دراو هەمو ئەو ڕەنجو تێکۆشانە کە بە مەبەسی شکست پێدان بە مستەفا کەمالو لەشکرەکانی تورك تاقی کرایەوە هیچی سەری نەگرت. بەڵکو مستەفا کەمالو هاوڕێکانی بەرامبەر بە هەمو شۆڕشو کارەساتێ کە هەڵگیرساو

[٦٠] لە تەرجەمەی عەرەبی کتێبی "مەسەلەکانی خۆرهەلات" بە قەڵەمی "E.Yung" نوسەری بەناوبانگی ئەڵمان.

ڕوی دا بە وێنەیەکی لە ئەقڵ بەدەر بەربەرەکانییان کرد. بەرامبەر بە بێگانەکانی ئەستەمولّو هێزەکانی خەلیفە، بەرامبەر بە لەشکرەکانی یۆنان لە "ئەنادۆلّ"و لە "تراکیا"، بەرامبەر بە فرەنسزەکانو ئەرمەنییەکانی "کلیکیا"، بەرامبەر بە ئەرمەنیەکانی ئەریوان لە قەفقاس، بە کورتی بەرامبەر بە فرۆفێلّو مناوەرەکانی ئینگلیز لە ئەستەمولّ، لە ئەوروپا، لە عێراق لە کوردستان واتە لە هەر چوار لای وڵات خۆیان گرتو کۆڵیان نەداو بەمجۆرە کە لە هەمو ئەم کارەساتانەدا سەرکەوتنو هیوایان بە ژیان پەیا کردەوە ئنجا بایان دایەوە سەر مەسەلەی موسڵ. چونکە تورك بە پێی میساقی میللی خۆیان دەسیان لەم وڵاتە هەڵنەگرتبوو داوایان ئەکردەوە. حکومەتی ئینگلیزیش بەرامبەر بەم داوایە بیانوی کوردستانی بە دەسەوە بو. واتە جارێکی تر بیری لە دامەزراندنی حکومەتێکی کورد کردەوەو بڕیاری دا بە ناردنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی. بۆئەو ڕۆژە تەگبیری لەمە باشتر نەئەهات بەبیرا. کوردستانی عێراق وەکو وتبومان بە تەواوی شێواو جڵەوی ئیدارە لەدەس ئینگلیزەکان دەرچوبو. حکومەتی ساوای عێراق هێشتا ئیدارەی کوردستانو بە تایبەتی هی سلێمانی نەدرابوە دەسو ئەم هەرێمە جاریَ لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوڕاستی مەندوبی سامیا مابۆوە. چونکە عێراق هێشتا نەگەیشتبوە ڕیزی دەوڵەتێکی وا کە سەرەڕای کاروبارەکانی خۆی دەس بۆ کوردستانیش درێژ بکا. بەڵام ئیتر ئینگلیزەکانیش زۆریان بۆ هاتبو.

ئەیانویست ساتیَ زوتر لە ژێر باری پێویستیەکانی لەشکرەکانیان بچنە دەرەوە. ئەو لەشکرانە کە دوای بڕانەوەی شەڕ لە عێراق نەکێشرابونەوەو لە ڕوی هەراو شۆڕشو ئاژاوەی دوابەدوای خەڵقی ئەم وڵاتە –چە کوردو چە عەرەب– ساتیَ ئارامو ڕەحەتییان بە خۆیانەوە نەدیو نەحەسانەوە، بەڵام کوژاندنەوەی ئەم شۆڕشانە زۆر گران ئەکەوتە سەر "خەزینە"ی بەریتانیاو ئابوری وڵاتی ئینگلیزی خستبوە دەرەکەوە. هەواڵی کوردستانیش گەیشتبوە ئەندازەیەك کە پێویستی بە گۆڕینی سیاسەت، بە وشەیەکی ڕەوانتر پێویستی بە ئیدارەیەکی

قەومی ئەکرد. سەرپاکی کوردی عێراق لە ئینگلیز هەڵگەڕابونەوە. یاخییەکان مەزبەتەیان ئەکردەوە. داوای ناردنەوەی شێخ مەحمودو دامەزراندنەوەی حکومەتی کوردیان ئەکرد. جگە لەمانە ئیتر بۆ ئینگلزیەکانیش کاتی ئەوە هاتبو کە لەگەڵ ئۆزدەمیر حساب بڕنەوە. ئەبو هێزە بچوکەکەی تورك لە ڕەواندز بکرێتە دەرەوەو لە سنوری وڵاتی موسڵ دور بخرێتەوە. واتە پێویست بو کە لەم وڵاتەداو لەناو کوردەکانا دوایی بە پرۆپاگەندەی تورك بدرێ. بەڵام هەروەکو دەسەڵاتی ئابوری بەریتانیا لەوانە نەبو بە سوکی بچێتە ژێر ئەم بارەوە هەندێ هۆی سیاسیش وای ئەویست کە پێش ئەوەی مەسەلەی موسڵ بخرێتە موزاکەرەوەو حکومەتێکی کورد بێتە ناو و کوردستان زیندو بێتەوە. واتە دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیرو هێزەکەی تورك لە ڕەواندز بۆ حکومەتی شێخ مەحمود مایەوە.

بە کورتی بۆ سیاسەتی ئەو ڕۆژە وای دەس ئەدا کە ئەم کارە لە لایەن کوردە خۆوڵاتییەکانەوە جێبەجێ بکرێ. لەم کاتەدا شێخ مەحمود هێشتا لە کوێت بو. لەگەڵ هەندێ لە دۆستەکانی و ئەوانەی کە سەر بەو بون، نامەی نهێنی ئاڵوگۆڕ ئەکردو ئاگای لەو مەزبەتانە هەبو کە دەربارەی ناردنەوەی خۆی بۆ کوردستان ئەدرا بە ئینگلیزەکان. کەریم بەگی فەتاح بەگ، ڕاست لەم کاتەدا بو کە دو ئینگلیزەکەی کوشت و چوە لای ئۆزدەمیر. کوردەکان و هێزەکەی ئۆزدەمیر دوای ئەمەش هەڵمەتیان بردبوە سەر ڕانیەو ئینگلزەکانیان لێ دەرپەڕاندبو.

شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم یەکێ لە دۆستەکانی ئینگلیزو ئامۆزای شێخ قادری گوللەنەبڕ لەم ڕۆژانەدا دەورێکی باشی یاری کردو لە نوسینی هەندێ لە مەزبەتەکاناو داوای ناردنەوەی شێخ مەحمودا دەسێکی درێژی هەبو. مستەفا پاشای یامولکیش لە ڕێی هاتوچۆی لای ئینگلیزەکانەوەو گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی شێخاناو بە تایبەتی لەگەڵ شێخ قادری حەفیدو حەپسەخانی نەقیب[٦١] لەم

---

[٦١] حەپسەخانی نەقیب کچی شێخ مارفی نەقیبو ئامۆزای شێخ مەحمودو شێخ قادر بو. بە ڕاستی یەکێ بو لە شاژنەکانی کورد. هەرچەند نەخوێندەوار بو، بەڵام تا بتەوێ وریاو زرنگو

باسەدا بەشدار بو. بەڵام لە کاتێکا کە لە ناوچەی سلێمانیو دەوری سلێمانیا خەریکی ئەم کردەوانە بون، تورکەکانی ڕەواندز (دەستەی ئۆزدەمیر) بەیاننامەیەکی زۆربەیان لە کوردستانا بڵاو کردەوە. لەم بەیاننامەیە هەندێکیشیان ناردە سلێمانی. وا دیاربو لە هێنانەوەی شێخ مەحمود کەوتبونە ترسەوە. لەبەرئەمە هەرەشەیان لەوانە ئەکرد کە خەریکی مەسەلەی کورد بونو چاوەڕێی گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان ئەکرد. بە قسەی جلخوارەکانو بە پێی بەیاننامەکانی ئۆزدەمیر وا دەرئەکەوت کە زۆری پێ ناچێت تورکەکان ئەگەڕێنەوە وڵاتی موسڵ. هەر لەم ڕۆژانەداو دوای ئەوە کە ڕانیە کەوتەوە دەس کوردەکانی (هاو وشە)ی ئۆزدەمیر دەنگێکی تر بڵاو بۆوە. ئەیانوت بەشێك لە هێزەکەی ئۆزدەمیر لەژێر سەرەکی کەریم بەگو عەباسی مەحمود ئاغاو چەند زابتێکی تورکا ڕویان کردوەتە سلێمانی. ئینگلیزەکانی سلێمانی پێش ئەم باسە لە تەنگاوا بونو جێیان بە خۆیان نەئەگرت. کە ئەمەشیان بیست ئەوەندەی تر کەوتنە ئەندێشەوە. ئیتر ڕاستبونەوەی سەرپاکی کوردی عێراق نزیك بوبۆوە. لەبەرئەمە وەکو لە جێی خۆیا باسمان کردبو بە فڕۆکەو لە ناکاوا سلێمانیان بەجێهێشتو ڕایانکردە بەغدا (٥ی ئەیلولی ٩٢٢).

سلێمانی بەم جۆرە چۆڵ کراو بێ حکومەت مایەوە. لەبەرئەمە وەکو لەمەوبەر باسمان کردبو دەسبەجێ لە مەکتەبەکەی ئەعدادی زەمانی عوسمانیا –کە دوایی کرابو بە دائیرەی حاکمی سیاسی–و لەژێر سەرەکی شێخ قادری برای شێخ مەحمود کۆبونەوەیەك ڕێك خراو بۆ پاراستنی شاری سلێمانی لە هەڵمەتی تورکو عەشایرو بۆ بەرهەڵستی خراپەو جەردەییو یا کارەساتێکی تر کە بە بیرا نەهاتبێ کەوتنە موزاکەرەوە. ناحەزەکانی کوردو بەتایبەتی تورك پەرستەکان لەم کۆبونەوەیە پەست بوبونو ویستیان ئاژاوە بکەوێتە شارەوەو ئەو خەڵقەی لە مەکتەبەکەدا کۆبوبونەوە بیانشێوێننو بڵاوەیان پێ بکەن. لەم حەلەداو دوای

---

فامیدە بو. لە کەرەمو بەخشندەییا "حەتەم"ێ بو بۆ خۆی لە وەختەدا هێشتا شوی بە شێخ قادر نەکردوە.

ڕۆیشتنی ئینگلیزەکان کەریمی فەتاح بەگ لە ڕەواندزەوە هاتبوە سلێمانیو بۆ ئوزدەمیر ئیشی ئەکرد. لە گەرمەی موزاکەرەدا کابرایەك نێررایە مەکتەبەکە، بۆئەوەی کە گەیشتنی لەشکری تورکو عەشایرو بەناو خەڵقەکەدا بڵاو کاتەوە. ئەمە هەرچەند ڕاست نەبو و بۆ پشێویو ئاواژەنانەوە ڕێخرابو، لەگەڵ ئەوەشا زۆری ئەهالی بڕوایان کردو لە مەجلیسەکە چونە دەرەوە. بەڵام لاوە نیشتمانپەروەرەکانو بەشی (زوبدە)ی شار بەمە نەشڵەژانو خۆیان گرتو تا بڕیار لەسەر دانانی مەجلیسێکی میللی نەدرا لە جێی خۆیان نەجوڵانەوە. لەم کاتەدا کەریم بەگی فەتاح بەگ بە خۆیو چەند نەفەرێ لە پیاوەکانی کردی بە ناو کۆمەڵاو مستەفا پاشای گرتو بردی بۆ سەرا. لەوێ پیاوی خۆی بە سەرەوە داناو حەپسی کرد. کەریم بەگ، مستەفا پاشای بە گونابار دائەنا. ئەیوت لە لایەن حکومەتی تورکەوە داوا کراوەو ئەینێرێتە لای ئوزدەمیر. مانای ئەمە فەوتانی مستەفا پاشاو لەناوچونی بو.

مەجلیسی میللی سلێمانی لەژێر سەرەکی شێخ قادری حەفیدا دامەزرابو. ئیتر پاراستنی فەردێکی کورد وەکو ئاسایشی گشتیو پاراستنی خەڵقی شارەکەو بە سانی پاراستنی هەمو فەردێکی بێگوناهو بێدەسەڵات ئەکەوتە ئەستۆی ئەم مەجلیسە. ئنجا مەجلیس واجبی خۆی بە ڕاستی هانییە جێ. بڕیاری دا بە ڕزگارکردنی مستەفا پاشا لە بەندو لە دەرەکی بە دەسەوە دران بە تورك. دەستەی لاوانی نیشتمانپەروەر هاتنە خرۆشو لەگەڵ حەشاماتێکی گەورەی ئەهالی تاویان دایە سەر بەندیخانەکەی سەرا. بە زۆر مستەفا پاشایان هێنایە دەرەوەو بە نمایشێکی گەورەو بەڕێز بردیانەوە ماڵی خۆی.

* * *

## لە پێش گەڕانەوەی "شێخ مەحمود"ا هەواڵی سلێمانی.
## زەماوەندی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان.

هێشتا ئینگلیزەکان سلێمانیان بەجێ نەهێشتبو کە من بە هۆی وچانی مەکتەبەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی ئابونە بۆ (بانگی کوردستان) چوبومە کەرکوك. لەوێ چەند ئابونەیەکم کۆکردەوە. بەڵام کە بیستم ئینگلیزەکان لە پڕو بە فرۆکە ڕایانکردۆتە بەغدا، ویستم بگەڕێمەوە. خەڵق لە ڕاکردنی ئینگلیزەکان بەم جۆرە سەریان سوڕما بو. خەتی تەلەگراف کە لە لایەن کەریم بەگەوە بڕرابو هێشتا چانەکرابۆوە. هەواڵی ڕاست لە لایەن سلێمانییەوە نەئەبیسرا. هەر کەسە بە هەوای دڵی خۆی قسەی ئەکرد. هەرچەند ئەمانزانی کە شێخ مەحمود کوێتی بەجێ هێشتوەو هاتۆتە بەغدا[٦٢] و ئەمانبیستەوە کە لەگەڵ مەلیك فەیسەڵ‌و مەندوبی سامیا کەوتوەتە موزاکەرەوە، بەڵام هەواڵێ کە سوکنایی بە دڵ بداو یا جێی باوەڕ بێ دەس نەئەکەوت. لەبەر ئەمە من زۆر بە پەرۆش بومو ساتێ زوتر ئەمویست بگەڕێمەوە سلێمانی. وام ئەزانی کە "جەمعیەتی کوردستان" ئەبێ بجوڵێتەوە. دەس بکا بە ئیش، تێبکۆشێ کە لەکات کەڵك وەرگرێ‌و بە پێی بەرنامەی کۆمەڵ شتێ بۆ کورد بکاو هەستی خۆی دەربخا، بەڵام هیچ هۆیەکی گوێزانەوە دەس نەئەکەوت‌و هاتوچۆی عادەتی لە بەینی کەرکوك‌و سلێمانیا نەمابو. لەم حەلەدا سەید ئەحمەدی هەنجیرە هاتە کەرکوك‌و لە ماڵی کەریمی حاجی ئەولا[٦٣] دابەزی. لە لایەن "مەجلیسی میللی سلێمانی"و یا لە لایەن موخابەرە لەگەڵ بەغدا نێررابو. مەبەس ئەوە بو لە ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحمودو لە باس‌و هەواڵ تێبگا کە بە پێی ئەوە دەس بکرێ بە ڕێخستنی کاروبارو بە پیرەوەچونی "حوکمداری کوردستان". ئەمە بۆ من هەلێکی باش بو. دوای ئەوە کە سەید ئەحمەد ئیشەکانی خۆی تەواو کرد، من لەگەڵ ئەو بە ئۆتۆمۆبیل گەڕامەوە سلێمانی (تەموزی ١٩٢٢).

---

[٦٢] ١٢ی ئەیلولی ٩٢٢.

[٦٣] کەریمی حاجی عەوڵلا، ئەو ڕۆژە حاکمی مونفەرید بو لە کەرکوك. برا بچوکی حاجی مەلا سەعیدو ئەحمەد ئاغای کەرکوکی زادە بو. لە کولیەی حقوقی ئەستەموڵ دەرچوبو.

لە خەڵقی دێهات و دەوروپشت، لە عەشایرو لەوانە کە لە ڕۆژێکی وادا خۆیان لە شێخ مەحمود نزیك ئەخستەوە، حەشاماتێکی ئێجگار زۆر ڕژابونە سلێمانی. من کە بە تەمابوم بۆ هەندێ کردەوە (جەمعیەتی کوردستان!) ببزوێم نەئەهات بە بیرما کە "جەمعیەت" لە خۆیەوە ناجوڵێتەوە. هەرچەند تا ئینگلیزەکان لە سلێمانی بون شکی تیا نەبو کە لە لاوە ئەموستیان لەناوا هەبو، بەڵام نەمئەزانی کە ئینگلیز لە ناوا نەبێ "مەکینە"کەی کۆمەڵە بە جارێ لەکار ئەکەوێ. واتە نەمئەزانی کە ئازادی لەو ڕۆژەدا وشەیەکی پوچ و بێمانایەو نابێ ئێمە بە خۆمانی ڕەوا ببینین!..

بەڵام دوای ئەمە نرخی ئەو کۆمەڵەو جەمعیاتە تێگەیشتم کە بە ئیشارەتی بێگانەکان دائەمەزرێ و باش بۆم دەرکەوت کە لەم جۆرە کۆمەڵانە –با لە لایەن کەسانی باشەوە هاتبێتە ناو– ناکرێ بە تەمای خزمەت و چاکە بی. ئەوەش لەوێ بێ کە زۆرجار ئەم چەشنە کۆمەڵانە بە مەبەسێکی تایبەتی و خزمەتی سیاسەت ڕاسەوڕاست بە ئەموست و ئیشارەی کاربەدەستان دێتە ناو و لە لایەن ئەو جۆرە کەسانەوە دائەمەزرێ کە سیاسەت بە کاسبی دائەنێن. ئەگەر نیشتمانپەروەرێکی ڕاست یا ئەندامێکی پاك و بێ غەش لە کۆمەڵێکی وا هاتە بەرچاوت تۆ بە هەڵە مەچۆو بزانە کە ئەو ئەندامە بە هەڵە چوەو لەگەڵ گیانپاکی خۆی باوەڕی بە ڕوی دەرەوەی خەڵق کردوە. ئەگەر وا نەبێ ئەبێ وا چوبێتە مێشکیەوە کە بتوانێ بە زۆرانبازی لەگەڵ بەرهەڵستەکانا کەم و زۆر کەڵکی قەومەکەی بگرێ و خزمەتی نیشتمانەکەی بکا..

بە کورتی من لە ڕوی نەشارەزاییمەوە بەلامەوە سەیر بو کە جەمعیەتی کوردستان! لەو ڕۆژەداو لە حاڵێکا ئەم کارەساتانە ڕوئەداو بە دەسەوەیە حکومەتی کورد دابمەزرێ و کوردستان دروست بکرێ، لە باتی ئەوەی کە بکەوێتە کارەوە، دەسبەجێ کۆبێتەوەو بڕیار بدا بە دانانی بەرنامەیەکی تازە، بە پێی ئەو ڕۆژە قۆڵی لێ هەڵکاو نەشاتێکی سیاسی بنوێنێ" لە خۆیەوەو بێ ئەوە زۆرێکی بۆ هاتبێ بڵاوەی لێ بکاو لە کار بکەوێ.

مستەفا پاشای ڕەئیسی جەمعیەتی کوردستان بە تەرکەن خۆی لە جەمعیەت نەئەگەیاند. ئەویش بە چەشنی کوێخاو ئاغاکان شوێن شێخ قادری حەفید کەوتبو و لەگەڵ ئەوا خەریك بو. ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" لە جیاتی ئەوەی کە لاپەڕەکانی زۆر بکرێ و هیچ نەبێ لەو سەرودەمەدا ببێ بە ڕۆژانە، وتاری قەومی و نیشتمانی جوانی سیاسی تیا بنوسرێ، گیانی میللی و بیری کوردایەتی تیا بلاو بکرێتەوە، بەڵێ لە جیاتی ئەمانەو لە جیاتی ئەوە کە دەنگی کوردستان بە چوار لای گێتی بگەیەنێ و ببێتە هۆی هەرە بەهێزی بلاوبونەوەی ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژەی کوردستان –داخەکەم بە پێچەوانەی ئەمە– هەر بە جارێ بێدەنگ بو و کڕ کەوت. ڕۆژنامەکەت پەیڕەوی خاوەنەکەی ئەکردو لە پێویستترین کاتا لە مەیدان کشایەوەو لەبیر چوەوە. لەبەرئەمە من ویستم ئابونەکان بنێرمەوە بۆ کەرکوك. بەلام پاشا نەیهێشت و پارەکانی لێ وەرگرتم[٦٤]، چونکە بە قسە (بانگی کوردستان) هەر مایەوەو بلاو ئەکرایەوە.. من بەمانەش لە تەقەلای خۆم نەکەوتم. چە لەگەڵ مستەفا پاشای ڕەئیسی جەمعیەتی کوردستان و چە لەگەڵ ڕەئیسی مەجلیسی میللی، شێخ قادری حەفید، تا پێم کرا خەریك بوم و بەو ناوە کە ئەندامێکی جەمعیەت و نوسەرێکی بانگی کوردستان بوم، بە واجبی خۆم ئەزانی کە هەوڵێ بدەم و خزمەتێ بکەم. بەلام سودی نەبو و کەس وەلامی نەئەدامەوە. هەندێکیش ئەم تێکۆشانەی منیان لا سەیر بوو گاڵتەیان بە ئەقڵم ئەهات. منیش بەم حاڵەدا وام بۆ دەرئەکەوت کە ئەمجارەش هەلمان لە دەس ئەچێ و مایە پوچ ئەبین. واتە بارێك نەئەخرایە سەرشانی کورد کە پێی هەڵگیرێ و بیبا بەڕێوە. بە وشەیەکی بێ توێکڵ و ڕەوانتر بناغە بۆ حکومەتی کوردا نەئەڕێژرا. بەڵکو لەسەر حسابی کوردو کوردستان تەمسیلێکی تازە بە دەسەوە بو!..

---

[٦٤] دوای ئەوە کە تەقەلام دا بۆ پێشخستنی "بانگی کوردستان" و بلاوکردنەوەی لەسەر دەستورێکی تازەو تەقەلاکەم سەری نەگرت و ڕۆژنامەکە خرایە پشتگوێ، بە پاشام وت *ئابونەکان ئەنێرمەوە بۆ کەرکوك*. بەمە ڕازی نەبو ئەوسا کە منیش "گەیشت"ێکم لێ وەرگرت و پارەکانم دایە. گەیشتەکە لە لامەو هەڵمگرتوە..

* * *

لەگەڵ ئەمەشا پەردەی یەکەمی ئەم تەمسیلە منیشی هەڵفریواند. وای لێکردم کە هەست بە شتێ بکەم. تەزویەکی شادی بە لەشما بێ و خوێنێکی گەرم و خۆش لە دەمارەکانما بکەوێـە گەڕ"

* * *

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

لەماڵی شێخ قادری ڕەئیسی مەجلیسی میللی کۆبونەوەیەکی گەورە ڕێخراو لە دوای گفتوگۆیەکی دورو درێژ بڕیار درا کە لە مزگەوتی گەورە، موئتەمەرێکی گشتی بگێڕێ و بە دەستورێکی ڕەسمی ئاڵای میللی کورد هەڵکرێ. لەو ڕۆژەدا کە بۆ ئەم موئتەمەرە دانرابو نزیکەی دە هەزار کەس لە مزگەوتی ناوبراوا کۆبۆوە. ئەندامەکانی مەجلیسی میللی لە ناوەڕاستی حەوشی مزگەوت لە جێی حەوزەکەی ئیمڕۆدا بە ڕیزەوە لەسەر کورسی دانیشتبون. قوتابیانی مەکتەبەکان لە بەردەمی ئەوانا ڕیزیان بەستبو. بە ئاوازێکی شیرینی دڵڕفێن کچ و کوڕ پێکەوە گۆرانی میللییان ئەخوێندەوە. پیاوم ئەویست کە لەو ساتەدا فرمێسکی شادمانی نەڕێژێ. من بەسەر دونیاوە نەمابوم. لە ئاسمانی خەیاڵ پەڕبازیم ئەکرد و ئەفڕیم. لەپڕ سەرکەوتمە سەر کورسییەك. وتارێکی دورو درێژم خوێندەوە. لەبەر، نەك لەسەر کاغەز. وشەکان وەکو تەرزە لە دەمم ئەهاتە دەرێ. بەڵام تەرزەیەکی وا بە ڕاستی کە لە ناوەندی وتارەکەدا بو موچڕکێکی سارد بە لەشما هات و دانەکانم کەوتە چۆقە و ئەژنۆکانم هاتە لەرزین. ئەوەندە نەمابو کە لە کورسییەکە بکەومە خوارەوە. بەڵام دانم بە خۆما گرت و هەرچۆنێ بێ وتارەکەم گەیاندە دوایی.

ئنجا لەگەڵ گۆرانی تایبەتی قوتابیان و دەنگی مۆزیقەی عەسکەر ئاڵای کوردستانی بەڕێز وردەوردە بەرز بۆوە و هەڵکرا..

* * *

**٦٩**

من لەو ڕۆژە بەدواوە تا گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی جارێکی تر چاوم بە شێخ قادر نەکەوتەوە. مستەفا پاشاش وا دەرئەکەوت کە لێم زیز بێ. چونکە وەکو جاران دەرنەئەکەوتو تا من نەچومایە لێی نەئەپرسیمەوە. جەمعیەتو ڕۆژنامەکەی جەمعیەتیشی بە بیرا نەئەهات. بەڵام وەکی تر لە کارا بو. بە سانی جیوە ئەیلۆقایەوەو نەیئەزانی وەستان چیە؟ لەگەڵ شێخ قادر تەگبیری ئەوەیان ئەکرد وەفدێك بنێرن بە پیر شێخ مەحمودەوە. وەفدی شاری سلێمانی لەژێر سەرەکی ڕەئیسی مەجلیسی میللیا ڕێخرا، کە ئەندامە ناسراوەکانی مستەفا پاشاو هەندێ لە پیاوە بەڕێزەکانی سلێمانی بون. لە لایەکەوە خەڵق چاوەڕوانی ئەوەیان ئەکرد شێخ مەحمود بگەڕێتەوە، لەولای ترەوە لەناو شارا باس باسی هاتنی لەشکری تورك و عەشیرەتی پشدەر بو بۆ سەر سلێمانی. لەم ڕۆژانەدا من چەند جارێ بە تەنیا، یا لەگەڵ زابتە کوردەکانا هەوڵم دا کە خۆمان بگەیەنینە شێخ قادرو مەجلیسەکەی. بەڵام هەر جارە بە لەونێ ڕێمان لێ گیرا.

مستەفا پاشا تا شێخ مەحمود هاتەوە سلێمانی موستەشاری شێخ قادر بو. ئەو دو (قوتب)ەی ئەو ڕۆژە خۆیان بۆ ئەوە ئامادە ئەکرد کە شێخ مەحمود بگرنە ژێر چنگیان، لەسەر سیاسەتێکی تایبەتی ئەچون بەڕێوە. وا چوبوە مێشکیانەوە کە شێخ مەحمود بۆ بەجێهێنانی ئەو بەرنامەجە ئەگەڕێتەوە کە لە بەغدا بۆی دانراوە[٦٥]. لاوانی کوردو زابتەکان —نزیکخرانەوە لەوێ بوەستێ— بە چاوێکی خراپ و بە شکەوە تەماشایان ئەکرا، دێهاتی، ڕەشۆکی، تفەنگ بە شان و عەشایر لە ڕوا بون و ئەخرانە پێشەوە. وا دیار بو کە شێخ قادرو پاشا بە تەمای داڕشتنی بناغەی حکومەت نەبون و بیریان لە سەڵتەنەتی فەردی کردبوەوەو حوکمی ئیقتاعییان ئەژیاندەوە. دەنگیش وا بڵاو کرایەوە کە (٣٠٠,٠٠٠) ڕوپیەیەك لە خەزێنەی حکومەتا بو بە تەگبیری شێخ و پاشا بەسەر هەندێ لە گەورەکانی

---

[٦٥] لە بەغدا لەگەڵ شێخ مەحمودا لەسەر ئەوە ڕێکەوتبون کە ئوزدەمیرو تورکەکان لە ڕەواندز بکاتە دەرەوە..

عەشایرا بەش کراوە کە لەو ڕۆژانەدا هاتبونە سلێمانی. لەگەڵ هەمو ئەمانەدا ئەبێ لە حەق لا نەدەین. لە دەورێکی وا بێ حکومەتی و وەستانی قانونا ماوە نەدرا بە تێکچونی ئاسایش و مەجلیسی میللی لەم لایەنەوە کەڵکێکی گەورەی ئەو ڕۆژەی گرت.

*   *   *

## ٧٠

## گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی

لە ئەنجامی گفتوگۆی بەینی مەلیك فەیسەڵ‌و شێخ مەحمود، شێخ مەحمودو مەندوبی سامی لە بەغدا وا بڕیار درابو کە شێخ مەحمود ببێ بە ڕەئیسی مەجلیسی میللی. بەڵام دوایی هەستیان بەوە کردبو کە شێخ مەحمود ئەم عینوانەی بەدڵ نییە. لەبەر ئەوە گۆڕیان بە عینوانی حوکمداری کوردستان. ئنجا پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود بە چەند ڕۆژێ هەندێ لە زابتە کوردەکان کە لە جەیشی عێراقا خزمەتیان ئەکرد بە ئەمری حکومەت‌و بۆ یارمەتی کوردستانی تازە نێررانە سلێمانی. تۆفیق وەهبی‌و ئەمین ڕەواندزی‌و عەزیز قەزاز فایەق کاك ئەمین لەناو ئەمانەدا بون. بەڵام سدیق پاشا[٦٦] لە لایەن دائیرەی مەندوبی سامیەوە هاتبوە سلێمانی. بە تەمای ئەوە بو کە حکومەتی کوردستان لەژێر چاوتێبڕین‌و یا چاوێری ئەوا بڕوا بەڕێوە. ئەمانە هەمویان چاوەڕوانی گەڕانەوەی شێخ مەحمود بون. هەندێ لە زابتە لاوەکان لەم ماوەی چاوەڕوانییەدا لەناو خەڵقاو بە تایبەتی لەناو لاوەکانا هەستێکی بەتینی قەومی‌و نیشتمانیان بڵاو کردەوە. ئێمەش دەستەی مامۆستاکان لەناو خۆمان‌و قوتابییەکانا چیمان پێ کرا کردمان..

---

[٦٦] صدیق پاشا یا سدیق قادری، خەڵقی سلێمانی یا وەکو خۆی ئەڵێ خەڵقی دێی مۆرتکەیە. لە زەمانی عوسمانی زابت بوو لە شەڕی گێتی یەکەما بە خۆی‌و تابورەکەیەوە (تابور= فەوج) بەدیل گیراو نێررایە ڕوسیە. لەوێ لە کاتی شۆڕشی شورەویەکان چوە لەشکری چارەوە (چار= قەیسەری ڕوس) کە پێیان ئەوت لەشکری سپی‌و لەژێر فەرمانی "ژەنەراڵ‌و ڕانکەل"دا بەرامبەر بە لەشکری بۆلشەویك (سورەکان) شەڕی کرد تا گەیشتە پایەی ژەنەراڵ. بەڵام دوای شکستی لەشکری سپییەکان‌و لەناوچونی خانەوادەی قەیسەر، لە خۆرهەڵاتی دورەوە گەڕابۆوە بەغدا. لە ڕوی شارەزایی بە زمانی ڕوس‌و هەواڵی وڵاتەکەیان دائیرەی مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغدا لە پێشا لە خۆیان نزیك خستەوەو بۆ تەرجەمەی ئەو شتانە کە پەیوەستی بە ڕوسەوە هەبو کەڵکیان لێ وەرئەگرت. ئنجا کە شێخ مەحمود گەڕایەوە سلێمانی بە ناوی ئەوەوە کە کوردەو شارەزای زمانەو متمانەشیان پێ ئەکرد، ناردبویانە سلێمانی‌و لە حکومەتی کوردستانا بو بە موفەتیشی عام، بەڵام ماوەیەکی کەم لەم مەنسەبەدا مایەوە..

(گـۆرانی بەپیرەوەچـون = نەشـیدی ئیسـتقبال) لـە لایـەن مامۆسـتای بـەڕێزو نیشتمانپەروەر (مامۆستات زێوەر)ەوە ڕێك خراو فێری دەستەی گۆرانی قوتابییە دەنگخۆشەکان کرا. هێشتا شێخ مەحمود لە بەغدا بو کە ئەم گۆرانیە جارجارە لە ناوچەکەی بەردەمی دەبۆو قوتابخانەکەی نمونەی سەعادەت ئەیانخوێندەوە. هیچ جارێ نەبو فرمێسکی شادی بە چاوی زابتەکانو لاوەکانا نەهێنێتە خوارەوە. ئەم حاڵە ڕابردوی کوردی ئەهێنایەوە یاد. خەیاڵی سەرگرتنی ئەو تەقەلایانەی ئەهێنا بە بیرا کە لە ڕێی ئازادیا بەخش ئەکرا. و هیوای گەیشتن بە ئامانج و پەیابونـەوەی کوردستانی سەربەخۆی ئەژیاندەوە!..

لـە هـەمو لایـەکی کوردسـتانەوە پۆلپـۆلو دەستەدەستە ئـەهالیو عەشـایر –بـە پێیـانو بـە سـواری– ڕێیـان گرتبـوە بـەر. ڕوەو بەغدا ئەچونو تا دەوری کفریو هەندێکیشیان تا نزیك بەغدا ڕۆیشتبون. ڕێگەوبان بە عەشایری پڕ چەكو سیلاح ڕازابـۆوە. وەکـو ئەیانگێڕایـەوە نزیکـەی بیسـتهەزار سـوارێکی کـورد ڕژابونـە ئـەو دەشتە. ئەمانە هەمویان لەگەڵ ئەو دوای خەڵقی کوردستان چاویان بڕیبوە ئاسـۆ. بـە چەشـنی "هـیلالی شـەوی جـەژن" بـۆ دیـداری حوکمـداری کـورد ئەگـەڕان. لـە ئەنجاما شێخ مەحمود جێی هیوای میللەتی کورد دەرکـەوتو لـەدوای سـێ ساڵێك دیلیو مەینەتی ڕابواردن لـە بەندیخانـەی بێگانـە بـە دەبدەبـەو شـکۆیەکی شاهانە گەیشـتەوە سـلێمانی (٣٠ ئـەیلولی ١٩٢٢). باسـی ئـەم بەپیرەوەچونە شـکم نیـە کـە نەنوسراوەتەوە. لەو ڕۆژەشا ئـەو هۆیانـە کـە بـۆ گرتنـی شـریتی سـینەما پێویسـتە لـەم وڵاتـەدا نـەبو. تەنانـەت وێنـەگرتنیش ئەوەنـدە بـاوی نەسـەندبو. ئەگـەر ئەمانـە هەبوایـەو یـا بـۆ ئـەو ڕۆژە غـەمی بخورایـەو ئامـادە بکردایـە دیمەنـەکانی ڕۆژی گەڕانـەوەی شـێخ مـەحمودو بەپیرەوەچـونی حوکمـداری کـورد لەوانـە ئـەبو کـە جوانترین شریتی سینەمای لێ دروست بکرێ. ئەو دیمەنە شیرینانە کە هـەر یەکە تابلۆیەکی ڕەنگینو بەنرخی وابو بخرێتە لاپەڕەکانی مێژوی کوردەوە.

ئەمانـە ڕەنگـە لـە بـیری ئەوانەشـا نـەمابێ کـە خۆیـان لـەو ڕۆژەدا لـەوێ بـونو دیمەنەکان بە بەرچاویانا تێپەڕیوە. بەڵام من تا ماوم لە بیرم ناچێتەوە. ئەو ڕۆژە

چیم دیوەو یا بە بەرچاوما تێپەڕیوە بە سانی شریتێکی سینەما لە مێشکما جێگیر بوەو شاراوەتەوە. جارجارە بە بۆنەیەکەوە -کە بێتەوە بە بیرما- موچڕکێکی سار بە لەشما دێتو ئەکەومەوە لێکدانەوەیەکی بێبن و بێسود! چۆن لە بیرم بچێتەوە کە لەو ڕۆژەدا من ئەم لاپەڕانەی یادداشتم ڕەش ئەکردەوەو لە کاتێکا شێخ مەحمود گەیشتبوە ناو شاری سلێمانی لە لایەکەوە گریانی خۆشی و هەلهەلەی شۆڕە ژنانی مێخەکبەند لە ملو هەیاسە لە پشت، لەولای ترەوە گوڵباران و قریوەی کچۆڵە خنجیلانەو ئێسك سوکەکانی پەنجە خەناوی فرمێسکی شادی بە چاوەکانما ئەهێنایە خوارەوە. ئەمەش لە بیر بچێتەوە ئەی چۆن ئەوەم لە بیر ئەچێتەوە کە ئەو ڕۆژە سلێمانی ببو بە مەحشەر. هەزاران پیاوو ژن بە چەپڵەڕێزان و دەنگی هەر بژی!، هەزاران قوتابی کوڕو کچ بە بەرگی نەورۆزی کوردەوە گۆرانی نیشتمانی و نەشیدی بەخێرهاتنەوەیان ئەخوێندەوە.. خۆ چریکەی شێرانەی زابتەکانی کوردو "سیرە"ی هەڵکێشانی شیرە بریقەدارەکانیان، شەقەشەقی تفەنگ لەسەرشان کردنی عەسکەر، قڕەی ئوتومبیل، تەق و هوڕی شێلکی دەمانچەو هاڕەی دەسرێژی سوارەی عەشایەر، لەگەڵ ناڵەو گرمەی تۆپ گوێی ئینسانی کەڕ ئەکردو لە هۆش خۆی ئەبردەوە.

لەم دەمی شادی و گریانەداو لەژێر سێبەری شیرو تفەنگا حوکمداری کورد گەیشتە پێشەوە. ئەم قارەمانی کوردە بە چەفتەو هەگاڵی سورمەوە بە سانی ئەمیرێکی عەرەب لە ئەسپەکەی هاتە خوارەوە. چاوێکی بە دەوری خۆیا گێڕا. بەڵام خەڵق لە هۆش خۆیان چوبون. دەنگێکی نێری شێرانە خەڵقەکەی هانیەوە هۆش خۆی. زابتێکی کورد عەسکەرەکان و مامۆستایەکی نیشتمانپەروەر قوتابیەکانی بۆ سەلاوی حوکمدار وریا کردەوە. لەشکری تازە ڕێکخراوی کوردو قوتابیان لە سەلاوا وەستان. ئنجا دوبارە چەپڵەڕێزانێکی دورو درێژو گوڵبارانێکی ئێجگار بە دڵسۆزی دەسی پێکردەوەو ئەمانە هەموی تێکەڵ بە ئاوازی شیرینی دەستەی گۆرانی قوتابیەکان بو..

بە پێی بەرنامەجێ کە لە پێشەوە ئامادە کراوە. حوکمدارو مێجەر نۆئیل[٦٧] لە ژورێکی تایبەتیا ماوەیەك ماندویی خۆیان حەساندەوە. ئنجا هەر لە حەوشی ئەو خانوەدا کە بۆ حوکمدار ڕێکخرابو[٦٨] قوتابی مەکتەبەکان ڕیزیان بەست. ئەهالی شاری سلێمانی، گەورەکان، خوێندەوارەکان و زاناکان، خاوەن مەنسەبەکانی حکومەت، زابتەکان، دەستەی توجارو کاسبەکان و ئەو سەرەك عەشیرەتانە کە لە سلێمانی بون هەمویان لە پشت ڕیزەکانی قوتابیەکانەوە جێی خۆیان گرت.

دوای ئەمە حوکمدارو نوئێلی موشاوری سیاسیی، هاتنە دەرەوەو لە سەر پێپلیکەکانی هەیوانەکەدا وەستان. ئنجا من سەرکەوتمە سەر تەختەبەندێکی بەرزو دەسم کرد بە قسە. وتارێکی دورو درێژم خوێندەوە. بە درێژایی وتارەکە چەپڵەڕێزانیش درێژ ئەبۆوە. بە تایبەتی قوتابیەکان. خوێنیان هاتبوە جۆش. حەماسەتی ئەوان کاری کردبوە سەر ئەهالی و عەشایر. ئەوانیش بە سانی قوتابیەکان هاتبونە جونبوش. ئیتر لەوەدا نەمابو کە من وشە بە تەرازوی سیاسەت بکێشم. *باسی دەوری یەکەمی شێخ مەحمودم ئەکردەوە. لە هەڵەکانی ئینگلیز ئەدوام. توانجم تێ ئەگرتن و تانوتم لێ ئەدان. بە کورتی ئەموت لەسەر ئینگلیزەکان پێویستە ئەو هەڵەیە دوبارە نەکەنەوە کە جاری پێشو کردیان. ئەبێ بە ڕاستی پشتی شێخ مەحمود بگرن و هەر لە کونجی مەبەس و قازانجی خۆیانەوە تەماشای ڕوداوەکان نەکەن و ئەبێ باش بزانن کە فریودانی شێخ مەحمودو کورد بە ئەنجام زەرەری بۆ ئینگلیز زیاترە. ئنجا لام ئەدایەوە سەر خۆمان، واتە سەر*

---

[٦٧] مێجەر نۆئیل ئەو زابتە ئینگلیزەیە کە لە ١٩١٨دا هاتە سلێمانی و لە دەوری حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمودا موشاوری سیاسی بو. ئەم نۆئیلە بو کە من بە ئەمری شێخ مەحمود دەرسی کوردیم پێ ئەوت و لە تەرجەمەدا بە تایبەتی لە گۆڕینی ئەوراق و قەیدەکانی مالیەو گومرك لە تورکیەوە بۆ فەرەنسزی یارمەتیم ئەداو بەتەما بو لەگەڵی بچمە کوردستانی تورکیا. "ر. ح".

[٦٨] حوکمدار لە ماڵی میرزا فەرەجی حاجی شەریف جێی بۆ ڕێك خرابو. ئەو خانوە دوایی بو بە هی میرزا فەتاحی برای میرزا فەرەج و ئەکەوێتە تەنیشت خانوەکەی میرزا تۆفیق قەزازەوەو بەرامبەر ماڵی حاجی ئەمینی کاکە حەمەیە.

*کورد، ئەموت لەسەر ئێمەش پێویستە کە قازانجی قەومەکەمان بخەینە بەرچاو. دەس بدەینە دەس یەك و ماوەی ئەوە نەدەین کە فریومان بدەن. تەنیا بمانکەن بە کوتەکی دەس، ئەویش بۆ خزمەتی سیاسەت و قازانجی بێگانەکان..*

کە ڕوانیم نۆئیل تەواو گرژ بوبو. ئنجا بە تیلایی چاو ڕوانیمە شێخ مەحمود. وام هاتە بەرچاو کە قسەکانی پێ خۆش بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا نۆئیلی بە تەنیشتەوە بو لەبەرئەوە بە ڕواڵەت لێوی خۆی ئەکرۆشت..

بەو ناوە کە لە لایەن مەجلیسی میللی و لیژنەی بە پیرەوەچونەوە کرابوم بە ڕەئیسی تەشریفات، دوای تەواوبونی وتارەکە شوێن حوکمدارو نۆئیل کەوتم و لەگەڵیانا چومە ئەو ژورەوە کە بۆ زیارەت و چاوپێکەوتنی حوکمدار ڕێکخرابو. خەلقەکە پۆل پۆل ئەهاتنە ژورەوە و من بە پێی ناونیشانیان پێشکەشی حوکمدارم ئەکردن. ئەمانە هەندێکیان دەسی حوکمداریان ئەگوشی و بەشێکی هەرە زۆریان دەسیان ماچ ئەکرد. بەشێکی زۆر کەم ئەویش بە پێوە بەڕێ ئەکەوت، کە بە یەك دو وشە عەرزی بەخێرهاتنەوە بکا. حەشاماتەکە ئێجگار زۆرو کات بەشی درێژەپێدانی نەئەکرد. تۆفیق وەهبی لەم حەلەدا هات و لە ناو سەبەتۆڵکەیەکی ئاوریشما کە بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەسە دروست کرابو دوڕۆزەتێ گوڵی ئاوریشمی دایە دەسم. ئەم گوڵانە لە وێنەیەکی گەڵێ شیرینا بۆ یادەوەری ڕۆژی گەڕانەوەی حوکمداری کورد و خۆشبەختی میللەت ئامادەو بەسەر زوربەی خەڵقا بەش کرابو. دو گوڵەکەی تۆفیق وەهبی دایە دەسم، بۆ حوکمدارو نۆئیل بو. حوکمدار بە سوپاسێکی گەرمەوە بەرۆکی بۆ ڕاگرتم. بەڵام کە ئەوی تریانم کرد بە بەرۆکی نۆئیلدا نەك سوپاسم بکا بە ڕویەکی ترش و گرژەوە تێی ڕوانیم و ڕەنجاوبونی خۆی لە من جارێکی تریش دەرخستەوە..

ڕەسمی تەشریفات زۆری کێشا و ئەو ڕۆژە تا ئێوارەیەکی درەنگ مێجەر نۆئیل کە نزیك دەرگای ژورەکە لەسەر کورسییەکی ڕەق هەڵتوتابو لە هەستان و دانیشتنەوە بەولاوە شتێکی پێ نەبرا..

* * *

## ماوەی خەڵوەتی شێخ مەحمود

## و

## دامەزراندنی هەیئەتی ڕەئیسەکان ( مەجلیسی وزەرا )

دوای ئەوە کە مەراسیمی زیارەت تەواو بو، شێخ مەحمود وەکو ئومێد ئەکرا نەجولایەوەو دەسی بۆ شتێ نەبرد. چوە خەڵوەتەوەو ماوەی دە ڕۆژێ خۆی لە کەس نەگەیاند. من وا بەتەما بوم کە دوای تەواوبونی مەراسیم لێی دور بکەومەوە. بەڵام حوکمدار نەیهێشت و ئەمری پێ کردم لەلای بمێنمەوە. بە ڕۆژ — بە تایبەتی دوای نیوەڕۆ کە کەسی غەیرە نەئەما — ئەچومە ژوری تایبەتی خۆی و گفتوگۆمان ئەکرد. بە تەواوی لە مەبەسی و لەم خەڵوەتەی تێنەئەگەیشتم. بێئۆقرەو کەمباوەڕم ئەهاتە بەرچاو. لەسەر قەرارێ نەئەوەستا. شتی زۆری لە دڵا هەبو. نەیئەزانی لە کوێوە دەسپێبکاو چۆنی دەربخا. لەگەڵ ئەمەشا هەرچۆنێ بو لەژێر ناوی هەیئەتی ڕوئەسادا (کابینە) واتە وەزارەت دانراو ناوی ڕەئیسەکان لە ژمارەی ١٠یەمی ڕۆژنامەی بانگی کوردستاندا[٦٩] بەم جۆرەی خوارەوە بڵاوکرایەوە:

١–ڕەئیسی ڕوئەسا: شێخ قادری حەفید.

٢–ڕەئیسی داخلیە: شێخ محەمەد غەریب.

٣–ڕەئیسی مالیە: عەبدولکەریم عەلەکە.

٤–ڕەئیسی مەعاریف: مستەفا پاشا.

---

[٦٩] دوای هاتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی بانگی کوردستان بەینێکی تر بڵاو کرایەوە، ئنجا لە جێی ئەو ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال هاتە بڵاوکرانەوە. من نوسەری ئەم یادداشتە لەگەڵ بوێژی ناودار شێخ نوری شێخ سالح، کە لەگەڵ عەلی باپیر ئاغا "عەلی کەمال" لە نوسەرەکانی بانگی کوردستان بوین هەڵسوڕاندنی کاروباری نوسینی "ئومێدی ئیستقلال"مان گرتە ئەستۆ. لە دوای بەینێکیش خۆم بوم بە مودیری ڕۆژنامەکەو سەرنوسەری. "ر. ح".

٥-ڕەئیسی قوای میللی (دفاع): ساڵح زەکی ساحێبقران[٧٠].
٦-ڕەئیسی مەحاکمو شەرع (عەدلیە): حاجی مەلا سەعید کەرکوکی زادە.
٧-ڕەئیسی نافعە: محەمەد ئاغای عەبدوڕەحمان ئاغا.

سەید ئەحمەدی بەرزنجی هەرچەند عینوانی ڕەئیسی ئەمنیەتی عمومیەی درابویە لە هەیئەتی ڕەئیسەکان نەئەژمێرا. چونکە ڕەئیسی داخلیە بە مانای وەزیر ئەهات، دیارە کە (مەرجع)ی ئەمنیەتی عمومیە بو. لەبەرئەمە ڕاستترەکەی ئەوە بو کە بە مودیری ئەمنیەت ناو بنرێ. بەڵام ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ڕەئیسی گومرك لەگەڵ بونی وەزیری مالیەشا خۆی بە وەزیر دائەناو لەگەڵ هەیئەتی ڕەئیسەکان دائەنیشتو کۆئەبۆوە. ئەمەش هەڵەی ئەوی تیا نەبو. وێنەی حکومەتەکە خۆی بەو جۆرە کێشرابو.

شێخ قادری حەفید بەلای ڕیئاسەتی هەیئەتەوە مەنسەبی سوپاسالاریشی هەبو کە بە مانای قائیدی عام ئەهات. هەرچی سدیق پاشایە وەکو لە پێشەوە وتبومان کرابو بە "موفەتیشی عمومی حکومەتی کوردستان"..

* * *

## حوکمدار لە خەڵوەت دێتە دەرێ

دوای ئەمە کە حوکمدار چەند ڕۆژێك خۆی لە خەڵق دور خستەوە لە پڕێکا لە خەڵوەت هاتە دەرێو دەسیکرد بە تەماشاکردنی کاروباری حکومەتی تازە. سەرەتای ئەم دەورەی شێخ مەحمود لە فەرمانی ئیرادە ژمارە ٣ وە دەس پێئەکا کە دەرباری جۆری دەسەڵات[٧١]و واجباتی ڕەئیسەکان (وزەرا) لە ژمارە ١٢ی

[٧٠] ساڵح زەکی لە ئۆردوی جەیشی تورکا زابت بو. لە دوای شەڕی یەکەمی گێتی لە کاتێکا شێخ مەحمود لە هندستان بو گەڕایەوەو لە عەقرە کرا بە قائیمقام. بەڵام کە شێخ مەحمود نێررایەوە سلێمانی، ساڵح زەکی وابزانم بەبێ ئیزنی حکومەت عەقرەی بەجێهێشتو بۆ خزمەتی کوردستان هاتە سلێمانیو کرا بە ڕەئیسی قیوای میللی واتە ڕەئیسی دیفاع.

[٧١] جۆری دەسەڵات: نەوعی سەڵاحییەت.

بانگی کوردستاناو لە مێژوی ٢٤ی سەفەری ١٣٤١ی ڕێکەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا بڵاو کرایەوە. ئەم فەرمانە کە عینوانی حوکمداری کوردستانی بەسەرە بو بە شێوەی نوسینەکەیاو بەو جۆرە وشەو تەعبیرو ئیستلاحانەدا کە تیا بو دەری ئەخست کە لە لایەن کەسانی شارەزا بە کاری دەوڵەتەوە دانەنراوە. ئەمەش گوناهی شێخ مەحمودی تیا نەبو. بەڵکو لە ڕوی ئەوانەوە بو کە بە حوکمی زروف دەورەیان ئەداو شێخ مەحمود وا بە دەس‌و برد پێی دور نەئەخرانەوە.

لەم رۆژانەدا دەستەیەك لە ڕەئیسەکانی پشدەر لەگەڵ عەباسی مەحمود ئاغا بە ٣٠٠ سوارێکەوە بۆ دیدەنی حوکمدار هاتنە سلێمانی. عەباس ئاغا کە خۆی بەلاگیری‌و دۆستی شێخ مەحمود دائەنا بەینێ پێش هاتنەوەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئوزدەمیر ڕێکەوتبو. لە دەرکردنی ئینگلیزەکان لە ڕانیەو لە هەڕەشەی داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن تورکەکانی ڕەواندزەوە بەشدار بو و دەسێکی درێژی هەبو. لەگەڵ ئەمەشا کە بە بۆنەی سەردانی حوکمدارەوە هاتە سلێمانی بەرەوپیرییەکی جوان کراو لەو پارەیە کە لە خەزێنەی حکومەتا مابۆوە بەشێکی گەورەو چەوری پێ برا. عەباسی مەحمود ئاغای ڕەحمەتی زیاتر لەوە کە سیاسی بێ یا ڕێگەیەکی تایبەتی بگرێ –کە لەگەڵ قازانجی وڵاتەکەو قەومی کوردا بگونجێ، واتە لە جێی ئەوە کە لە ڕێگەیەکی ڕاست‌و تایبەتی وا بڕوا بەڕێوە کە بۆ زەعیمێك شایان بێ، تەماشای وەخت‌و سەعاتی ئەکردو بە پێی کات ئەچو بەڕێوە. نزیککەوتنەوەی لە ئوزدەمیرو تورکەکانی ڕەواندز تەنیا لەبەر ئەوە بو کە بابەکری سەلیم ئاغا بەلای ئینگلیزەکانەوە بە زەعیمی یەکانەی پشدەر ناسرابو..

*          *     *

# شێخ مەحمود لە بەغدا خۆی بەرامبەر بە مەلیك فەیسەڵ و مەندوبی سامی چۆن پیشان دابو؟

بە پێی وشەی خاوەنی کتێبەکەی (عراق وعصبة الامم) شێخ مەحمود لە بەغدا لای مەلیك فەیسەڵ و مەندوبی سامی و گەورەکانی تری ئینگلیز وتبوی:

*"پەیمانی سێڤر قەت سەرناگرێت. لەبەر ئەمە نەك سەربەخۆیی تەواو (ئیستقلال) تەنانەت وشەی موختارییەتیش بۆ کوردستان نایەت بە بیرا"*[٧٢] وا دیارە کە خاوەن مەنسەبەکانی ئینگلیزو حکومەتی بەریتانیا ئەم وشانەیان بە دڵ بوە. چونکە لەسەر ئەم وشانەی شێخ مەحمود هەر بە پێی کتێبی ناوبراو ئەیانوت: *"؟.. شێخ مەحمود لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیای گەورە دەربارەی کوردستان بە تەواوی هاوبیروباوەڕە.."* لە دوای ئەمەشەوە ئەڵێن: *".. بەریتانیای گەورە لەگەڵ حکومەتی عێراقا پێکەوە تێیانگەیاند*[٧٣] *کە تا بتوانن و بۆیان بکرێ ئامادەن و هەوڵ ئەدەن بۆ بەجێهێنانی هیوای نیشتمانپەروەرەکانی کورد.."* ئنجا ئێمە لەو باوەڕەداین کە شێخ مەحمود لەم وشانە مەبەسی تەفرەدانی مەلیك فەیسەڵ و یا مەندوبی سیاسی نەبوە. و لەوەدا شکمان نییە کە تا لە بەغدا بو ئەوەی بە بیرا نەهاتبو جارێکی تر –بێئەوەی هۆیەکی گەورە زۆری بۆ بێنێ– بە گژ ئینگلیزا بچێتەوەو خۆی و وڵاتەکە بخاتەوە ئاژاوەو دەردیسەری. بەڵام هەواڵی ئەو ڕۆژەی کوردستان لەوانە نەبو پشتی پێ ببەسترێت.

لەگەڵ ناردنەوەی شێخ مەحمودا بۆ سلێمانی ئەبو هەندێ شتی وا بخرێتە بەر چاو کە سەرگرتنی بەرنامەی ئەو سیاسەتە لە بەغدا کێشرابو بە وانەوە بەسرابو. واتە پێویست بو کە شێخ مەحمود لە سیاسەتی ئینگلیز بە تەواوی دڵنیا بکرێ و بە سیاسەتێکی ڕاست و بێ تویکڵ ئەو پەڵە ڕەشانە کە لە دەرونیا مابۆوە لابرێ و

---

[٧٢] عراق و عصبة الامم L. Iraq et la Societe des Nateuis.

[٧٣] واتە ئینگلیزەکانی بەغداو حکومەتی عێراق لە شێخ مەحمودیان گەیاند.

بسڕێتەوە. ئەبو درۆی لەگەڵ نەکرێ و هەست بەوە نەکا کە جێی تەواوی باوەڕ نییە. ئەبو فێڵی لێ نەکەن یا هەوڵی ئەوە نەدەن کە تەنیا کوتەکێك بێ بە دەسیانەوە. چونکە شێخ مەحمود وەکو –ئینگلیزەکان بە هەڵە چوبون– لە هەستی میللی بێبەش نەبو، بەڵکو بە پێچەوانەی زانی ناڕاستی ئەوانەوە خاوەنی هەستێکی هەرە بەرزی میللی بو. لە گێتیا تەنیا ئامانجێکی هەبو: سەربەخۆیی کوردستان!! لەبەر ئەمە لەوانە بو کە لە ڕێی ئازادیی کوردا خزمەتی ئینگلیز بکا. بەڵام ئینگلیزەکان لە عاستی ئەوا چاویان بڕی نەئەکرد. ئەیانویست بە بەرتیل و تەماعی دونیا بیکڕن. نەیانئەزانی بیکەن بە هاوپەیمانی خۆیان. بە زۆرو بە فێڵیش نەئەکرا بە مەقاشی دەس و بۆیان نەئەخرایە قەفەزەوە.

لەبەر ئەمە دوای ئەو ڕێکەوتنە سەرزارییە کە لە بەغدا پێکهاتبو[٧٤] شێخ مەحمود هێشتا بەڕێوە بو کە دودڵی کەوتبوە بەینەوە و ئەگەر بە هەندێ قسە باوەڕ بکرێ دوای گەیشتن بە کفری، ئینگلیزەکان بیریان دەربارەی شێخ مەحمود گۆڕیبو. بەڵام تازە کار لە کار ترازابو و نەئەکرا بیسڵەمێننەوە. لەبەر ئەمە بە ناچاری بەوە ڕازی بون کە عینوانی ڕەئیسی بگۆڕی و عینوانی حوکمدار بدا بە خۆی. جگە لەمە مەلیك فەیسەڵیش بە هیوای ئەوە کە تورکەکان لە عێراق دور بخاتەوە و لە لایەن مەسەلەی موسڵەوە بێتە هۆی سەرکەوتنی عێراق بەرامبەر بە کەمالییەکان *–دیسانەوە بە هاودەنگی لەگەڵ مەندوبی سامی بەریتانیا–* *هەروەکو*

[٧٤] لەگەڵ شێخ مەحمود لەسەر ئەوە ڕێکەوتبون کە بە ناوی "ڕەئیسی مەجلیسی میللی کوردستان"ەوە هەڵسوڕاندنی کاروباری حکومەتی سلێمانی بگرێتە دەس و لە بەرابەری ئەمەدا ئۆزدەمیرو تورکەکان بە هێزێکی میللی کورد –کە زابتەکانی جەیشی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەو هێزە هاتبون– لە ڕەواندز بکاتە دەرەوە و بە وشەیەکی ڕاست و ڕەوان، عێراق لە ئاژاوە و لە عائیلەی تورك بپارێزێ. مەسەلەی موسڵ لەژێر ناوی کوردستانا بۆ عێراق بهێڵێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەم خۆبەختکردنە کە لە ڕێی قازانجی ئەوانا ئەیکرد تەنانەت کەرکوك و هەولێریشیان ڕاست و ڕەوان بە کورد دانەئەنا و لە ژێرەوە هەوڵیان ئەدا کە نەخرێتە ژێر حوکمی شێخ مەحمودەوە و لەگەڵ کوردستانی عێراق یەك نەگرێتەوە..

***دانی نا به حوکمداریی شێخ مەحمودا پەیمانی ئەوەشی دایە کە لە وێنەیەکی فراوانا موختارییەت بدرێ بە کوردستان..***

بەڵام شێخ مەحمود بەمانەوە نەوەستا و هەموی مانگێکی پێ نەچوبو کە ئیتر عینوانی حوکمداریشی گۆڕی بە عینوانی مەلیکی کوردستان[٧٥] (تشرینی دوەمی ١٩٢٢). ئنجا دەسی کرد بە داواکردنی سەرپاکی ئەو شارانەی کە کوردن و ئەکەونە خاکی کوردستانەوە.

١٩٥٧/٥/١٦

(جزمی پێنجەم تەواو بو)..

---

[٧٥] مێجەر "ئەدەمەندس" موستەشاری پێشوی وەزارەتی داخلیەی عێراق، لەم ڕۆژانەدا لە لەندەنەوە وتارێکی چاپکراوی خۆی بۆ ناردوم کە لە "The Middle East Jornal"داو لە ژێر ناوی "The Kurds of Iraq" بڵاوی کردوەتەوە. لەم وتارەدا ئەدەمەندس ئەڵێ: ***بەڵام هەوای نەشئەبەخشی کێوەکانی سلێمانی شێخ مەحودی سەرمەست کرد. لەبەرئەمە هەر گفتێکی دابوی و هەر پەیمانێ کە لەگەڵ گەورەکانی حکومەتی بەغدا کردبوی لە بیری چۆوە و زۆری پێنەچو ناوی خۆی نا مەلیکی کوردستان و دەسی کرد بە داواکردنی شارە کوردەکانی ترو هەمو ئەو خاکەی بە کوردستان ناو ئەبرێ و تا سنوری جەبەل حەمرین درێژ ئەبێتەوە..***

أ

٧١

من[١] ئەو وەزیفەیەم پێ خۆش نەبو کە لە دائیرەی تایبەتی مەلیکدا خرابوە ئەستۆم. لەبەرئەمە ویستم بگەڕێمەوە مەکتەب. حوکمدار موافەقەتی فەرمو، مستەفا پاشای ڕەئیسی مەعاریف لە ئیشوکاری خۆیدا منی کرد بە موستەشار، پێکەوە مەکتەبەکانمان ڕێکخستەوە لەو وەختەدا لە سلێمانی تەنیا دو مەکتەبی ئیبتیدائی هەبو ئێمەش مەکتەبێکی ئەوەلی (واتا مەکتەبێکی سێ پۆلی منالان)مان کردەوە و، دو سنفی ئیعدادیمان خستە سەر ئیبتیدائیە گەورەکەی "نمونەیی سەعادەت" کە ناومان لێنا "مولحەقی ئیعدادی". بەم ڕەنگە ئەو قوتابیانەی کە دو ساڵ بۆ نمونەی سەعادەتیان تەواو ئەکردو لە سلێمانیدا ئەمانەوە، هاتنە دو سنفەکەی ئیعدادیو ئەم کردەوەیە بو بە هۆی ئەوە کە لە هاوڕێکانی خۆیان کە توانیبویان بچنە بەغدا دوا نەکەونو دوایی لەگەڵ ئەوان یەك بگرنەوەو بەڵکو پێشیان بکەون، ئەم چەند مەکتەبە کە هەبونو سەرلەنوێ ڕێکخرانەوە بە

[١]لێرەوە ئەو بەشەی کتێبی یاداشتە (واتە بەشی شەشەم) کە د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی ئامادەی کردوە بۆ چاپو چاپی کردۆتەوە، کە لەم پەراوێزەدا پێشەکییەکەی دەنوسینەوە.

خوێندەواری بەڕێزو خۆشەویست. دەمێك بو بە ئاواتەوە بوم "یادداشت"ەکانی باوکم بە گشتی، ئەوی چاپ کرابو، دوبارە چاپی بکەمەوەو ئەو بەشە دەسنوسەی ماوە لە دوایدا چاپ بکەم. خوا یار بو و دو ساڵ لەمەوپێش بەشە چاپکراوەکانم بە یارمەتی دەزگای ڕۆشنبیریو لاوان لە هەولێر چاپ کردەوە. بەشە دەسنوسەکەی هەر مایەوە. چاوەڕێی هەلێك بوم هەڵکەوێتو ئەویش چاپ بکەم. خوا ئەمجارەیش دیسان یار بو بە هۆی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بڕیار درا ئەویش چاپ بکرێو ئەو ئاواتەی سیو دو ساڵ بو لە دڵمدا تاسابو بێتە دی. ئەم بەشەی یادداشت دەسنوس بو، من خۆم ئەرکی کۆکردنەوەو سەرلەنوێ نوسیومەتەوەو ئامادەم کرد بۆ چاپ.

ئومێد ئەکەم ئەی خوێندەواری کوردی خۆشەویست ئێوەش دڵخۆش بن پێیو سودی لێ وەربگرن.

پاکیزە ڕەفیق حیلمی

حەماسـەتێکی زۆر بـەرزەوە دەرس ئەوترایـەوە. بێجگـە لـەو موعەلیمانـەی کـە حکومـەتی پێشـو داینـابون چـە بـۆ پۆلـەکانی ئیعـدادیو چـە بـۆ ئـەو تازانـەی کردبومانەوە لە زابتە نیشتمانپەروەرەکان بە بێ پـۆلو مواجب موعەلیمی یەکجار بەکەڵكو خوێنگەرمو مائیل بە خزمەتمان دەسکەوت. بێجگە لە ڕیـازەی بەدەنی (یـاری)، مەشقی عەسکەریشمان بە قوتابیە هەراشەکان ئەکرد. "عەزیز قەزاز"و "ئەمین ڕەواندزی" دو زابتی لاوی کورد ئەم خزمەتەیان بەجێ ئەهێنا. ژەنەراڵ سـدیق ئـەلقادری موفەتیشـی عمـومی حوکومـەتی، دەرسـی ڕەسمـی ئەوتـەوەو مستەفا پاشای ڕەئیسی مەعاریف دەرسی "جەبر". من کرابوم بە مودیری ئەم مەکتەبە، بەڵام دەرسەکانی هەندەسەی موجەسەمەو موسەلەساتیشم ئەوتەوە.

لـە دائیـرەی مەلیکیشـدا بـە نـاوی دەرس وتنـەوەوە بـە کوڕەکـانی حوکمـدار "ڕەئوفو بابە عەلی" دوبارە ئێواران ئەچومەوە لای شێخ. ئەمجارە ئەمرێکیشم بۆ دەرچو کە بە پێی ئەو ئەمرە لە هەمو وەختو سەعاتێکدا بە بێ ئیزن ئەمتوانی ڕاستەوڕاست بچمە دائیرەی تایبەتی حوکمدارو لەم ڕوەوە لەناو مەئمورەکانی ئەو وەختـەداو لای دەسـتەو دائیـرەی مـەلیك، قـەدرو حورمـەتێکی تایبـەتیم هـەبو. ئـەتوانم بڵـێم دەسـەڵاتێکم هـەبو زۆر کەسـیش بـەخیلیان پـێ ئـەبردم. لەسـەر ئیقتراحی مستەفا پاشا، مەکتەبی ئیعدادی ناونرا "مەحمودی". دو مەکتەبەکەی تریش "قادری"و "لەتیفیە". لەتیف کوڕی هەرە بچوکی شێخ مەحمود بو تەنیا ئەمەیان لە ئایشەخانی ژنی دوەمی شێخ مەحمودە کە ئامۆزای خۆی بو، ڕەئوفو بابە عەلی لە بەهیە خانی کچی ئەمینی عەتارن کە ژنی یەکەمی بو. بەهیە خان ژنی شـێخ مسـتەفای نـەقیبی مـامی شـێخ مـەحمود بـو، ئایشـە خـانیش ژنـی شـێخ ئەحمەدی برای شێخ مەحمود بو کە لە هەرای (موسڵ)دا کوژرابو.

لەم مەکتەبانـەی سلێمانیدا هەروەکو چۆن دەرس وتنەوە زۆر بە گەرمیو بە ڕێکوپێکی وترایـەوە، قوتابیـەکانیش زۆر بە دڵو بە هـەوەس دەوامیـان ئـەکردو، واجبـی خوێنـدنو نوسـینیان بـەجێ ئـەهێنا. لەبەرئـەوەی کـە بەشـێ لـە موعەلیمەکانی ئەعدادی لە زابتەکانی کۆنو یا تازەی کوردو نزیکەی هەمویان لە

دەرچوان و پێگەیشتوانی ئەو مەکتەبە عەسکەرییە بون کە لە دەوری عوسمانیدا هەر لەم بینای مەکتەبی ئیعدادی تازەیەدا بو. وا ئارەزو کرا کە قوتابیانی ئیعدادی مەحمودی لەسەر پێ و شوێنی مەکتەبەکەی خۆیان بە پرۆگرامێکی نیوە عەسکەری ئیدارە بکرێت و ببرێت بەڕێوە. بەرگی قوتابییەکانیش هەر یەکە لە نەوعێك بو پارەمان کۆکردەوە بۆ ئەوانەی کە نەیان بو ١٠٠ دەست بەرگی یەك ڕەنگمان بۆ کردن. دەوڵەمەندەکان هەمو بە جارێك کەوتنە بەرگ دروستکردن و لە ماوەی لە مانگێك کەمتر هەمو قوتابیانی "ئیعدادی مەحمودی" یەك ڕەنگ وەستانەوە و کڵاوی سەریشیان جۆرە سدارەیەکمان داهێنا کە نزیك بە سدارەی ئسکوچەکان بو، لە ناوچەوانی ئەم سدارەیەدا بە سورمە وشەی "مەحمودی" دادروا. زۆری پێ نەچو قوتابییە دەوڵەمەندەکان لە باتی سورمە بە ئاڵتون ئەم وشەیەیان ئەدرو بە ناوچەواندا لە مەکتەبەکانی تریش بو بە چاولێکەری و جلوبەرگ هەمو بو بە یەك وێنە و یەك تەرتیب. و ناوچەوانی کڵاوەکانی دو مەکتەبەکەی تریش بە وشەی "قادری" و "لەتیفیە" ڕازێنرایەوە.

ساڵەح "بۆڕی زەن" لەناو قوتابیانی دەوری عوسمانیدا ناسراو بو لەو دەورەیشدا مابو، ناردم بە شوێنیا و کردم بە فەراشی مەکتەب، "بۆڕی"یەکم لە دائیرەی عەسکەری بۆ وەرگرت لە جیاتی زەنگ بە بۆڕیە قوتابیانمان ئەکردە دەرەوە یا ئیشارەتی "پایدوس" واتا ئیسراحەتمان ئەدانێ. باندۆیەکی بچوکی "مۆزیقە"یشمان هەبو. کە قوتابییەکان بۆ مەشق ئەچونە دەرەوە تاقمی بۆڕی زەن مۆزیقە لە پێشیانەوە مۆزیقەیان لێ ئەدا، قوتابییەکان بە ئاوازێکی یەکجار سازگار گۆرانی کوردی میللییان ئەخوێندەوە و خەڵقی ناو بازاڕ و کۆڵانەکان بە گەورە و بچوکەوە شوێنیان ئەکەوتن و چەپڵەیان بۆ لێ ئەدان. هەمو قوتابیانی شاری سلێمانی لەو دەورەدا نزیکەی ٧٠٠ قوتابی بون. بەڵام نمودێکی ئەوەندە گەورەی هەبو کە قەت لە هیچ دەورێکدا سلێمانی ئەوەی بە خۆیەوە نەدیوە.

وەختێك کە ئێمە لاوەکان لەم حاڵەدا بوین و بە هەمو جۆرێك خەریکی ئەوە بوین کە گیانی نیشتمانپەروەری کورد تازە بکەینەوە، حوکمدار دەوری درابو بە

تورکخواکان و "قاصد"ەکانی تورك لە هاتوچۆدا بون و تێی ئالأبون بۆ کەین و بەین "موئامەرە"یەك کە بە دەستیانەوە بو شێخ مەحمودیش کەوتبوە بازاڕو بازاڕکاری واتا مساومە لە ژێرەوە لەگەڵ تورکەکان و لە سەریشەوە بە ئاشکرا لەگەڵ ئینگلیزەکانا. لە کانگای دەرونیا خاوەن شعورێکی میللییەو لەو کارەساتانەی کە لەمەیشدا شێخ مەحمود بەسەری هاتوە جێی ئینکار نییە بەشێکی زۆری لە ڕێی کوردایەتی و کوردستاندا بوەو لەم ڕێیەدا فیداکاری کردوە. جارێکیان بە هۆیەکەوە قوتابیەکانی ئیعدادی لە دائیرەی حوکمدار "گۆرانی"ییەکی میللییان ئەخوێندەوە، شێخ مەحمود خۆی پێ نەگیراو ئاو بە چاوەکانیا هاتە خوارەوە، ئەمە لەو ڕۆژانەدا بو کە لەگەڵ تورکەکان گفتوگۆی ڕێکەوتن ئەکراو دەورو پشتی شێخ بەوانەی کە لەسەر حسابی ئوزدەمیر لە تەقەلادا بو تەنرابو. مەبەست ئەوەیە کە شێخ مەحمود کەسی وای بە دیارەوە نەبو یا نەخرابوە تەکی کە بتوانێت ڕێگەی بۆ ڕوناك بکاتەوە یا ڕوی پێبکاتە نیشانگا. خۆی لە ئینگلیز بە داخ بو ئەوانەی دەورویشیان دابو یا تورکخوا بون یا دوژمنی ئینگلیز. چەند کەسێکی کەم لایەنی ئینگلیزیان ئەویست ئەوانەش لە لای هەمو کەسێك ناخۆشەویست بون.

نیشتمانپەروەر بە ڕاستی هەروەکو کەم بون تەنیا خۆشەویستی لاوەکان و تاقمی (ڕەشۆکی) بون ئەم دو تاقمەش لەو ڕۆژەدا هیچیان لەدەست نەئەهات. جگە لەمە تورکخوا ئینگلیزخوا تاقمی شێخان و ئاغاو تفەنگ بەدەس چونیەك ڕقیان لێیان بو و چارەیان نەئەویستن. بە هاندانی تورکخواکان و تاقمی ئوزدەمیر مستەفا پاشا زو لە شێخ مەحمود دور خرایەوە، هەتا دەنگ وابو کە ئوزدەمیر هەوڵی ئەوەی ئەدا شێخ مەحمود نەرم کا مستەفا پاشا بدا بە دەستەوە، بەڵام ئەمە لەگەڵ مەرکەزی شێخ مەحمودا ڕێ نەئەکەوت و کارێکی وا لەوەوە دور بو. لەبەر ئەمە لەسەر حسابی ئینگلیز لە سلێمانیا تەنیا مێجەر نۆئیل مابۆوە کە ئەویش لە خەتی گەمارۆی تورك پەرستەکان هەمو دەمێك بە ئاسانی نەئەچوە ژورەوە، تایەری ئەمین ئەفەندی –خاڵی ماجید مستەفا– کە سەرکاتبی (کاتبی سری) شێخ مەحمودو ئالەتێك بو بەدەست تورکەکانەوەو نفوزی لە ژور نفوزی

مێجەر نوئێلەوە بو. تورکەکان نفوزیان تا ناو شاری سلێمانی گەیشتبو، لە ڕەواندزەوە تا پشدەر بە ناو عەشیرەتەکاندا ئەسوڕانەوە، زوری ئەمانەیان بە خۆیانەوە بەند کردبو، هەڕەشەی ئەوەیان ئەکرد کە ئیمڕۆ سبەی بە لەشکرەوە هەڵمەت ئەبەنە سەر سلێمانی و هەمو ولایەتی موسڵ ئەگرنەوە. بەیاننامەکانی ئۆزدەمیر کە بە وێنەیەکی جوان لەچاپ درابو، سەرەوەی بە مانگ و ڕۆژی نیشانەی بەیاخی تورك ڕازابۆوە بە دەس خەڵقەوە فرکوهوڕی بو بە ئاشکرا ئەخوێنرایەوە. ئینگلیزەکان تەنیا مێجەر نوئێلیان بەدیار شێخ مەحمودەوە دانابو ئەیانویست تورکەکان لە ڕەواندز بکاتە دەرەوە.

بە ڕاستی ئەگەر ئەمە تەفکیری هەمو وەختێکی ئینگلیز بێت چاکیشە تا ئیمڕۆ لە خۆرهەڵاتا ماوەتەوە. شێخ مەحمود مارانگاز بو لە دەستوەشاندنی تورك زۆر ئەترسا. وایش برابوە مێشکییەوە کە موسڵ ئەدرێتەوە بە تورك یا بە زۆری چەك ئەیگرنەوە. ئینگلیزەکانیش لە هەمو جێگەیەك توشی شکست ئەبون و ڕایان ئەکرد. بەرامبەر بە کەریم بەگی فەتاح بەگ لە بازیان، بەرامبەر بە پشدەری لە دەرەبندی ڕانیە هیچیان پێ نەکرابو و کشابونەوە لە سلێمانی بە پەلە بە فرۆکە ڕۆیشتبون، بەرامبەر بە مستی تورك لە دورەوە تەماشایان ئەکردن عەشایر زۆریان لەگەڵ تورك ڕێککەوتبون ناوشاری سلێمانی پڕ بو لە تورکخوا، دائیرەی حوکمدار بە پەنجەی تایەر ئەفەندی واتا بە ئەمرو ئیشاراتی ڕەواندز ئەچو بەڕێوە. غەزەتەکانی ئەوروپا و بە تایبەتی هی بەریتانیا باسی لۆمەی ئینگلیزەکانی ئەکرد لە حکومەت و ئەیویست کە لەبەر هۆی ئابوری (اقتصادی) و ماندویەتی قەومی ئینگلیز لە ئەنجامی شەڕی گەورە، لە عێراق و لە کوردستاندا نەمێننەوە و پولێکی زیاد بە ناوی مەسرەفی ئیحتلالەوە نەخەنە سەر خەزێنەی بەریتانیا.

شێخ مەحمود لە ڕۆژێکی وادا بە چە هێزێکەوە ئەیتوانی تورك لە ڕەواندز بکاتە دەرەوە. هێز لە کوێ بێنێت، کێ بە قسەی ئەکات، ئەوا گیرا، هێزێکی بچوکیشی پێکەوە نا چۆن و بە چ ڕێگەیەکدا ئەچوە سەر ڕەواندز بهاتایە تورك بەرەنگاری بوایە و هێزی تری بهێنایە ئەو ناوە و یا عەشایەری لێ ڕاست

ئەبونەوەو یارمەتی تورکیان ئەداو شێخ مەحمود چی پێ ئەکراو بۆ کوێ ئەچو؟ سبەی ڕۆژێك تورکەکان گەڕانەوە موسڵ، سلێمانی ئەو چی ئەکرد، پشتیوانی ئەو کێ ئەبو؟. ئەمانە هەمو بە زیادەوە خرابوە بەرچاوی شێخ مەحمود، بە وشەکانی موسڵمانەتی، غەزا، دین، تۆڵەسەندنەوە، مێشکی پڕ کرابو. لە بەرامبەر ئەمەدا بۆ کوردو کوردستان لەوێ ڕاوەستێت هەتا بۆ ئینگلیز یا بۆ عێراق شتێك لە ناوا نەبو نە ڕێپیشاندەرێکی وریا نە کەسێکی ناودارو نیشتمانپەروەرو بە نفوز، نە تەنزیماتێکی قەومی و سیاسی، نە هێزێك، نە پارەیەك، بە کورتییەکەی هیچ و هیچ شتێك لە ناوا نەبو بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم شتانە بکا کە لە سەرەوە باسمان کردو بە هێزێکی تەواو دەوری شێخ مەحمود بدا.

شێخ مەحمود وەنەبێ حەزی لە حوکمداری نەئەکرد ئەوەشی ئەزانی کە ئەم حوکمدارییە پەیوەستە بەوەی کە لەگەڵ ئینگلیز ڕێك بکەوێت. چونکە ئەوەندە نەفام نەبو کە وابزانێت تورك ئەیکەن بە شتێك. هەرچەند ئوزدەمیر پەیمانی ئەوەی ئەدایە کە لە کوردستانی عێراقدا وەکو محەمەد عەلی میسر بکرێت بە خدێوی، بەلاّم باوەڕ ناکەم کە بەمە تەفرەی خواردبێت. بەڵکو ئەو لەوە ترسی هەبو کە ئەگەر ڕۆژێك تورکەکان بگەڕێنەوە ئەم ولاّتە تۆڵەی ئەوەی لێ بکەنەوە کە لە دواڕۆژەکانی شەڕی گەورە پەیمانێکی دابو بە عەلی ئیحسان پاشا، لە موسڵ، و لە دواییدا لەگەڵ ئینگلیزەکان لە ژێرەوە ڕێککەوتبو و داوای کردبونە سلێمانی. لەوە ئەترسا کە ئەگەر لە کەرکوك ئیعدام نەکرابو عەلی ئیحسان گەیشبوە فریای، ئەمجارە ڕزگاری نەبێ لە دەست تورك و بیکەن بە قەنارەدا وەکو (مەحوی) بوێژی بەناوبانگی کورد ئەڵێت:

فەلەك هەر گا کەسێکی هەڵ بڕی وەعدەی هەلاکەتیە
کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ لە کورسی و ئەسکەمل چی بکا

لەوە ئەترسا کە ئەنجامی ئەم حوکمدارییە ئەوە بێ کە بکرێت بە قەنارەداو بۆیە کە سەرکەوتبێە سەر کورسی حوکم کە ملی بگاتە پەتی قەنارە، خولاسە ئیتر سیاسەتی تورك سەرکەوتبو پرۆگرامێك کە لە بەغدا بۆ شێخ مەحمود دانرابو

کەوتبوە ئاوەوە. بەڵام شێخ مەحمود لەگەڵ ئەمانەشدا کە باسمان کرد جاریَ بە تەواوی خۆی نەدابو بە دەستەوەو بیریو قسەی دڵی دەرنەخستبو و لە تاقیکردنەوەی هێزو دەسەڵاتی هەردولا (تورکو ئینگلیز) ئەیویست زیاتر بچێتە پێشەوە شارەزایی پەیا بکا. لەبەرئەمە لەگەڵ ئینگلیزەکان نامە لە بەیندا ئاڵوگۆڕ ئەکراو لە ڕواڵەتا تەقەلای ڕێکەوتن هەر لە دەوامدا بو، بەڵام دەنگ لەناو تاقمێکدا وابو کە لەسەر هانданو ڕێپیشاندانی تورکەکان، بە دەستەوەیە کە بە جۆرێك ڕێگەی لەناودانی نیشتمانپەروەرەکانو ئەوانەی کە لایەنی ئینگلیزیان ئەوێت بدۆزرێتەوە بەمەیشدا دەرئەکەوێت کە بەلای تاقمی (جلخوار)و خاوەن دەسەڵاتەکانەوە کوردی نیشتمانپەروەریش بە چاوی ئەوانە تەماشا ئەکران کە خزمەتی ئینگلیزەکانیان ئەکرد لە ڕوی ئەم حاڵە ناخۆشەوە بە خەیاڵی کەسا ئەهات کە لەم پەیمانە بپرسێتەوە. کە بە شێخ مەحمود درابو خۆشی لەم بابەتەوە بەیانێکی ئەوتۆی نەدابو و بڵاوی نەکردبۆوە. ئەم بەیانە ناڕێكو پڕ لە غەڵەتی ئیملاو گرامێر (ڕێزمان)ە (بەیان)ی بەرودوای ئەو ڕۆژەیە کە لە ژمارە دە (١٠)یەمی بانگی کوردستاندا بڵاو کرایەوە، بیَ ئەوەی هیچی بگۆڕینو یا ڕێکی بخەین وەکو لە غەزەتەکەدا نوسراوە ئەیخەینە بەرچاوی خوێندەواران.

[لە پاش تەشریف هێنانەوەی حضرت حکمدار کردستان]

[دام شوکتە. ئیتر ملت کەوتە رفاەو ئستراحتێکی واوە]

[کە ئەمثالی نەبینراوە. و هەروەکو لە نسخەی (١٠) بانگ]

[کوردستاندا نشر کرابو بو دس کردن بە ایشو انتظام]

[امور کوردستان هیئتی رؤسای محترمە بە ارادە علیە تعیین]

[فرموران تعیین فرمونی أم هیئت رؤسای محترمەیە کە لە]

[ذوات ذی اقتدار و نامدار هلبژیراون تشکیلاتیکی]

[موقتە.]

[هەتاوەکو جناب مندوب سامی دولت فخیمەء بریطانیا کە لە]

[بەغداوە هروەکو وعدی فرموە موافق خریطە عموم لوا]

[وقضایان کردستان الحاق افرمویت اوسایه اراده حضرت]
[حکمدار دام شوکته له کرکوك و اربیل و له زاخو و عقره]
[و عمادیه و دهوك صلاحیه و خانقین و سایر بلاد کردستان رجال]
[محترمه دعوت و تشکیلاتێکی دائمی اجرا اکری الخ]

مێجەر نوئیل کە بە قسە موستەشاری حوکمدارو لە کوردستانی عێراقدا وەکیلی مەندوبی سامی بەریتانیا بو بە ئومێدی نزیکخستنەوەی شێخ مەحمود لە بەغداو بەریتانیاوەو بۆ وەرگرتنی تەعلیماتو دانانی ڕێو شوێنێکی بە دڵی شێخ بۆ حکومەتی تازەی کورد، چەند جارێك لە بەینی بەغداو سلێمانیدا هاتوچۆی کردو چەند جارێکیش بە فڕۆکە چوە کەرکوك. بەڵام وا دیاربو کە ئەم تەقەلایەی مێجەر نوئیل سودێکی نەئەبەخشی. ئنجا کۆڵی داو تاوەکو ڕشتەی پەیوەندی بەینی شێخ مەحمودو حکومەتی بەغدا بە تەواوی ئەپچڕێت (کبتن چیمن)ی معاونی لە جێی خۆی دانا بە وەکیلو ئەمجارەش بەبێ ئەوەی بە مەرامی خۆیو لە کوردستاندا شتێکی بۆ بکرێت سلێمانی بەجێهێشتو ئیتر نەگەڕایەوە. مەندوبی سامی لە ئەحواڵ گەیشتو هیوای لە شێخ مەحمود بڕی، لەبەر ئەوە مانەوەی (چیمن) لە سلێمانی کەڵکێکی نەمابو تا دوامین ڕۆژی کار لە چاوەڕوانێکی بێ سودو بێ هیوا بەولاوە شتێکی تیا نەبو، لەم لای تریشەوە بە هاندانی تورکەکانو یا تورك پەرستەکان دەوری شێخ مەحمود خۆی (چیمن)یشی خستە ژێر چاودێرییەوە (مراقبە)و لەگەڵ کەس ڕێگەی هەڵسانو دانیشتنو یا گفتوگۆی نەئەدرا.

شێخ قادر کە لە هەمو کاتێکا بە دۆستی ئینگلیزەکان ناسرابو لە سەر تکای (چیمن) داوای لە من کرد کە بە بیانوی دەرسەوە (سعید قزاز)ی بۆ بنێرم. ماوەیەکی کەم (سعید) ئەچو و ڕۆژی یەك دو سەعات لە لای چیمن هاودەمی ئەکردو ڕایئەبوارد. شێخ مەحمود بۆ ئەمە گلەیی لێ ئەکردمو ئەیوت کە نەئەبو قسەی شێخ قادری (رئیس الرؤساء-رئیس الوزراء) بەجێی بێنم. شێخ مەحمود

بەیانێکی ڕەسمی لە غەزەتەکەدا بڵاو کردەوە. و هاتوچۆی لای (چپمن)و لێ نزیککەوتنەوەی بە ئاشکرا یاساغ کرد. لە دوای ئەمە چەند ڕۆژێك بە بیانوی مزاکەرە ئیزنی خواستو چوە کەرکوك. بەم جۆرە ڕۆیشتنی چپمن بە دڵی شێخ مەحمود بو، لەبەرئەمە ئەویش ئیتر نەگەڕایەوە.

## ٧٢

## هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی

لە پێش ئەمەدا وتبومان کە سمکۆ دوای شەبەیخونی تورکەکانو کوژرانی یەکێك لە ژنەکانیو بەدیل گیرانی "خەسرەو"ی کوڕی، لەگەڵ براکەیو هەندێ لە دەستەو دائرەکەی، خۆیان گەیاندبوە دەوری ڕەواندز[٢]. ئینگلیزەکان لەم وەختەدا لەگەڵ شێخ مەحمود لە گفتوگۆیەکی بێ سوددا بونو هیوایان لێ بڕیبو، بەڵام بەم بەسەرهاتەی سمکۆو هاتنی بۆ سنوری عێراق وایان هاتبو بە بیرا کە بتوانن لە بەسەرهاتی سمکۆ کەڵکێك وەرگرنو بیکەن بە هۆی تێکدانی بەینی تورکو شێخ مەحمود. لەبەرئەمە وایان کرد کە بێتە هەولێرو لەگەڵ شێخ مەحمود بە تەلەفۆن کەوتە موخابەرەوە، بەو شتانەی کە لە غەزەتەی بانگی کوردستاندا لە بابەت ئەم موخابەرانەوە بڵاو کرایەوە. سمکۆ داوای ئەوەی ئەکرد کە شێخ مەحمود ئەم هەلە لە دەس نەداتو بۆ خزمەتی کورد تێبکۆشێت. هەندێك کە خۆیان بە شارەزا دائەناو لافی ئەوەیان لێ ئەدا کە ئاگایان لە ئەحوال هەیە ئەیانوت سمکۆ نەهاتۆتە هەولێر چونکە ئاگای لەوە بو خوشکەکەی مارشمعونی کوژراو لە بەغدایەو خەریکە لە عەلەیهی سمکۆ لای ئینگلیزەکان، لەبەرئەوە سمکۆ مەترسی لە خۆی هەبو. ئنجا کە نزیك هەولێر ئەبێتەوە فڕۆکەیەکی ئینگلیز ئەگاتە ژور سەری، لەمە شك پەیا ئەکاو هەڕەشە لە "شوفۆر"ەکەی ئەکا کە ئوتومبیلەکە بەرەو دوا بگێڕێتەوەو ئەچێتە (بەحرکە). ئنجا ئەڵێن کە عیزەتی فاتە (عزت

---

[2] تەماشای بەشی پێنجەمی یادداشت بکە.

طوبچی) لە "بەحرکە"وە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ هەولێر بە ناوی سمکۆوە ئەکا. قسەکانی عزەت بە تەلەگراف ئەنێرریٚ بۆ شێخ مەحمود، شێخ مەحمودیش بە پێی مەرامی ئینگلزەکان یا بە پێی قسەکانی عزەت وەڵام ئەداتەوەو بۆ گفتوگۆ (سمکۆ) داوا ئەکاتە سلێمانی.

سمکۆو شێخ مەحمود وەکو ئینگلیزەکان تێگەیشتبون دوژمنی یەك نەبون، بەڵکو هەر لە دوای گیرانو نێررانی شێخ مەحمود بۆ هندستان شوناسیو دۆستایەتی لە بەینی ئەم دو ڕەئیسەدا یەپا بو. دوای ئەوە کە شێخ مەحمود نێررایە هندستان ماڵو مناڵەکەی لەگەڵ شێخ قادری برای خۆیان کوتابوە (ئێران). لە (سابلاخ) بە هاندانو دەسیسەی "تاجرباشی" شێخ قادر گیراو درایە دەس ئینگلیز، ئەویش نێررایە هندستان، ماڵو مناڵەکانی شێخ مەحمود لە ئێراندا بێ کەس مانەوەو کەوتنە حاڵێکی زۆر گرنگەوە، ئنجا لەم وەختەدا (سمکۆ) شای دوەمی ئێران کە بەشێکی زۆری ئازربایجانی بە دەستەوە بو، مناڵەکانی شێخ مەحمود خۆیان کوتایە لای ئەو، سمکۆ باڵی باوکایەتی بە سەرا کێشانو لە سایەی خۆیا حەساندنییەوە. ئەمجارە نۆرەی شێخ مەحمود بو ئەویست بە زیادەوە چاکەی سمکۆ بداتەوەو تەلەگرافەکانی لە بەینی سمکۆو شێخ مەحمود ئاڵوگۆڕ کرا، ئینگلیزی خستبوە هیواوە، لەبەر ئەوە ڕێگەیان دا کە سمکۆ بێتە سلێمانی، ئەم دەنگە کە بڵاو بۆوە سلێمانی کەوتە جوڵانەوەو کارەبایەك کەوتبوە لەشو دەمارەکانی هەمو لاو و نیشتمانپەروەرەکان، چونکە ناوو شۆرەتی سمکۆو باسی قارەمانی ئەم کوردە دەمێك بو گەیشتبوە کوردستانی عێراق، و هاتنی ئەو بۆ سلێمانی بۆ مەسەلەی کورد بە دەنگێکی جیٚ مزگێنی کەوتبوە بەرگویٚ.

سمکۆ (واتا ئیسماعیل ئاغای ڕەئیسی عەشیرەتی شکاك) لە دڵی کوردا جێگەیەکی بەرزی هەبو و بە قارەمانێکی میللی ئەهاتە بەرچاو. حکومەتەکانی تورکو ئێرانیش بە چاوێکی پڕ شكو ئەندێشەوە تەماشایان ئەکرد، لەبەرئەوە مەسەلەی هاتنی بۆ سلێمانی لەو ڕۆژەدا شتێکی کەم نەبو، گەورەو بچوك بە ژنو

پیاوەوە لەم هاتنە ئەدوان، بە پێی ئەو ناوو شۆرتە کە هەیبو بە بێ ئۆقرە چاوەڕوانی گەیشتنی ئەم قارەمانەیان ئەکردو ئەیانویست ساتێك زوتر بە دیداری شاد بن. بەلای ئەوانەوە کە کوردو نیشتمانپەروەر بون، سمکۆ قارەمانێکی قەومی بو. هیوای ئەوەیان لێ ئەکرد کە ئەم هاتنەی مەجرای کارەسات بگۆڕێتو مەسەلەی کوردستان سەر بکەوێت لەو خەیاڵەدا بون کە شێخ مەحمود لەسەر ئەو دوڕێیان (دومیان) یا (مفترق الطریقین) کە لێی وەستاوە بە سمکۆ بخرێتە سەر ڕێی پێویست، واتا سەر ڕێی هیوا، سەر ڕێی کوردو کوردستان! مستەفا پاشا لەو حاڵەی کە تیای بو چوە حاڵێکی ترەوە، زیندو بۆوە، خۆی قیت کردەوە، بوەوە بە کوڕی چواردە ساڵ، ئەویش لە سەودایەکی ترا بو بە هیوای ئەوە بو کە سمکۆ شێخ مەحمود بخاتە سەر ئەو ڕێیەی کە خۆی هەوڵی بۆ ئەدا. تورك لە ڕەواندز دەرکردنو ئاشوب خستنە کوردستانی تورکیاو شکاندنی پشتی مستەفا کەمال، سەرخستنی پرۆگرامی ئینگلیز، ئنجا ئەگەر ئینگلیز بە کەرەمو ئیحسانی خۆی بیەوێتو لە پاداشتی ئەم خزمەتەدا شتێك بە کورد بدا یا شتێکیان بۆ بکا، ئەوا هاتنە سەر چۆکی کورد بەرامبەر ئەو کەرەمو ئیحسانە.

نهایەت هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی بو بە ڕاست لە سلێمانی لەسەر ئەمری مەلیك خانوی[3] شێخ مستەفای نەقیبی بۆ ڕێکخرا. لە هەمو دەوروپشتەوە ئەهالیو عەشایەرێکی زۆر بە سواری چون بە پیرییەوە، شاری سلێمانیش بە وێنەیەکی زۆر جوان خۆی ئامادە کرد، لەبەرئەوەی کە ئەم هاتنە جێگەی هیوایەکی گەورە بو، بە ڕەسمی بە پیریەوە چون. یەکجار شیرینو شاهانە بو، شەوێك پێش گەیشتنی (سمکۆ)، شاری سلێمانی وەکو شارە مێرولە وروژابو، وەکو ئەڵێن دەرزی هەڵدرایە نەئەکەوتە عەرزی، تا ڕۆژ خەو لە چاوی زۆر کەس نەکەوت ئەوەی کە جێگەی تێ وردبونەوە بێ، ئەوە بو کە ئەو شەوە حەماسەتی

[3] مامی شێخ مەحمودو مێردی بەهیە خانمە کە دوای مردنی شێخ مستەفا، شوی بە شێخ مەحمود کرد.

تورکخواکان لە نەشئەو حەماسەتی لاوە نیشتمانپەروەرەکان کەمتر نەبو، هەردو تاقم ئەم هاتنەی سمکۆیان بۆ سەرکەوتنی مەبەسی خۆیان بە باش ئەزانی.

لەو شەوەدا مستەفا پاشا کاغەزێکی بۆ من نوسیبو، تکای لیٚ ئەکردم کە هەر بەو شەوە "گۆرانی"یەکی میللی زۆر بە کولْ ڕێك بخەم و فێری قوتابیانی بکەم بۆ ئەمەی بە ڕەسمی بە پیرەوەچونی "نەڕەشێری کورد"دا بخوێنرێتەوە. نەڕەشێری کورد مەبەس لە "سمکۆ" بوو تەعبیری مستەفا پاشا خۆی بو، منیش هەر ئەو ساتە چومە مەکتەبی ئیعدادی، شەو بوبو بە ڕۆژ لەبەرئەوە بە ئاسانی توانیمان قوتابییەکان کۆبکەینەوە، تا ئەوان کۆبونەوە "گۆرانی"ی منیش ئامادە بو تا نیوەشەو بە نەغمەیەکی شیرینی تازەی کوردییەوە گۆرانی لەبەر کراو قوتابییەکان لە خۆشیا پێیان عەرزی نەئەگرت، دوای چونە ماڵەوە کە بەیانی ئامادەی بن و بچن بە پیر قارەمانی کوردەوە.

بۆ ڕۆژی دوەم بەیانی زو خەڵقی سلێمانی بە گەورەو بچوکەوە ژن و پیاو ڕژابونە کۆڵانەکان، قوتابی مەکتەبەکان لەو کۆڵانەی ئەچو بۆ ماڵی شێخ مستەفای نەقیب لەگەڵ عەسکەرو پۆلیس بەرامبەر بە یەکتری بە دو ڕیز وەستابون، بۆ دامەزراندنی ئەمانەو ڕێکخستنیان زابتانی کوردو مامۆستاکان لە هاتوچودا بون، عەشامات تا ئەهات زۆر ئەبو لە کۆڵانەکاندا جێی نەئەبۆوە. تارمەو پێش هەیوان و بەر پەنجەرەو سەربانی ماڵان و دوکان و بازاڕو مزگەوتی گەورە لەبەر خەڵق جمەی ئەهات. دێهاتییەکانی نزیکی قاوەڵتی لە پێشەوە سەیارەی ڕەئیسی ڕوئەسا (شێخ قادر) دەرکەوت خەڵقەکە خرۆشان، زابتان و مامۆستایان چون بە لای عەسکەرو قوتابییەکانەوەو ئامادە بون بۆ ئیشارەتی کڕنوش (سەلام) ئەوانیش بە ڕیزەکانی خۆیاندا ڕوانییەوە وەکو دو خەتی شەمەنەفەر ڕێك و ڕەوان ڕاوەستابون و چاویان بڕیبوە دەمی زابتەکان و مامۆستاکانیان. دەرگای سەیارە کە کرایەوە لەگەڵ شێخ قادر، باڵای بەرزو قەدی وەك شمشاری "سمکۆ" پڵنگی کوردستان هاتە دەرەوە، گرمەی تۆپ دەسی پێکرد، هەلهەلەو گوڵباران و دەنگی بژی بژی و چەپڵەڕێزانی ژنان و مناڵانی خەڵقی سلێمانی تێکەڵ بە فرمێسکی

شادی نیشتمانپەروەرەکانی کورد بو، ئاوازەی نەشیدی عەسکەرەکانو دەنگی گۆرانی ئیستقبالی قوتابیەکان لەناو گرمەی تۆپو چەپڵەڕێزانا بەرز بۆوە.

سمکۆ، واتا ئیسماعیل خانی شێری بێشەی کوردستان بە هەنگاوی مەوزونو بالأی بەرزو ڕاستەوە، بە وێنەی قائدێکی عەسکەری هاتە پێشەوەو چاوێکی بە هەمو خەڵقەکەدا گێڕا. بە دەستو بەسەر سەلامی لێکردن، ئنجا عەسکەرو قوتابییەکانی پشکنی، عەسکەر بە چەکی پاکو بریسکە دارەوەو قوتابی بە دەستی حورمەتەوە لە سەلاما وەستابون وێنەی ئەو ساتەی ئیسماعیل خان لەگەڵ بیست سوارێکی کوردی شکاك شایستەی ئەوە بو پەڕەیەکی ڕۆشن لە مێژوی کورد داگیر بکا. سمکۆ بە تەنیا بەرگی عەسکەری لەبەر بو، بەلأم بە سەرو کلأوی کوردی شکاکەوە ڕەگەزی خۆی ئەنواندو بیر ئەخستەوە. ئەوانەی لەگەڵیشی بون هەمو بە بەرگی کوردی شکاکەوە پارچەیەکیان لە کوردستانی شیمالەوە هێنابوە جنوب. مستەفا پاشا بە وتارێکی حەماسی دورو درێژ مێژوی قارەمانیو گیانی نیشتمانپەروەریی سمکۆو ئەو کارەساتەی لەم ڕێیەدا بەسەری هاتوە بۆ گێڕاینەوە.

بەلأم بە داخەوە، هێشتا سمکۆ ماندویی نەحەسابۆوە، ڕەشەبای شوم هەڵی کردو چرای هیوای نیشتمانپەروەرەکان ئەمجارەیش دەسیکرد بە کوژانەوە. بە دزییەوە ڕەمزی بەگی (طوپال رمزی- ڕەمزیە شەل) قائمقامی کۆنی تورك لە کۆیەو یوزباشی فەوزیو یەك دو زابتی تری تورکەکان لە ڕەواندزەوە هاتنە سلێمانیو لە دائیرەی تایبەتی شێخ مەحمودا کران بە میوان، لەولای تریشەوە (فەتاح)ی ئەمینی عەطاری ژنبرای شێخ مەحمود کە لە تورکیا یوزباشی بو، ئەویش بە پەلەپەل لە ڕێگەی موسڵەوە بەماڵەوە گەڕایەوە عێراقو گەیشتە سلێمانی. لە هاتنی هەیئەتەکەی ڕەواندز بۆ سلێمانی، ئینگلیزەکان دەسەلأتێکیان نەبو، چونکە ئەو ناوە لە ڕەواندزەوە تا سلێمانی بێ حکومەت بو، ئەحمەد تەقی "مەشهور"ی خزمی تایەر ئەفەندی، کاتبی تایبەتی عەباسی مەحمود ئاغای ڕەئیسی پشدەر بو. ڕەمزیو فەوزیو هاوڕێکانی بە هۆی ئەوانەوە

بە ناو عەشیرەتی پشدەری هاوپەیمانی تورك‌و لەسەر پیلان‌و تەگبیری تایەر هاتبونە سلێمانی، بەڵام سمكۆ لە هەولێرەوە ئینگلیزەكان خۆیان ناردبویان، "فەتاح"ی خاڵی "بابا عەلی‌و ڕەئوف" كوڕەكانی شێخ مەحمودیش توانی ئینگلیزەكان تەفرە بدا كە ڕێگەی بدەن‌و لە ڕۆژێكی وادا بە سەربەستی بێتەوە سلێمانی[4]، چونكە بە گەیشتنی "فەتاح" بۆ سلێمانی ئەڵقەی ئەو كەین‌و بەینە (مؤامرە)ی بە دەستەوە بو تەواو كراو شێخ مەحمود بە جارێك ئیختیاری لە دەستا نەماو چوە ژێر تەئسیری فریودان‌و چەشمبەندی ئەم چەقەرە سێ كوچكەیەی زۆر بە وەستایی ڕێكخراو دروست كرابو.

ئینگلیزەكان لۆمە ناكرێن ئەگەر باوەڕیان بە سمكۆ كردبێ‌و بە هیوای ئەوەوە بوبن شێخ مەحمود لە توركەكان دور بخاتەوەو پەندو نەسیحەتی بداتێ كە لەگەڵ ئینگلزیەكان ڕێبكەوێت. چونكو ئەو دەسەی توركەكان بە ناحەق لە سمكۆیان وەشاندبو، لێی ئەوەشایەوە كە سمكۆ بخاتە سەر بیری تۆڵەسەندنەوەو هاندانی شێخ مەحمود دژی توركەكان، بەڵام باوەڕكردنیان بە دەركرانی فەتاح لە جەیشی تورك‌و بە دڵ شكستی نێررانەوەی بۆ سلێمانی لە ڕۆژێكی وادا وەكو وتمان

---

[4]زۆر سەیرە كە لە كاتێكا توركەكانی ڕەواندز بە هەمو جۆرێك خەریكی تەفرەدانی شێخ مەحمود بون‌و بۆئەوەی بە لای خۆیاندا ڕایكێشن‌و بیكەن بە گژ ئینگلیزدا بە خۆیان‌و ئەو كوردانەی لەگەڵیان بوبون بە یەك‌و دەوریان دابو، ئینگلیزەكان باوەڕیان بە فەتاح كردبو كە حكومەتی ئەنقەرە لە جەیش دەریان كردبێ‌و ڕێگەیان دابێ كە بگەڕێتەوە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود، لە دەهائی ئینگلیزو باوەڕكردن بە شتێكی واو تەفرەخواردن بەم سوكی‌و ئاسانییە بە ڕاستی جێگەی حیرەتە وەكو لە دواییدا دەركەوت حكومەتی ئەنقەرە لەو ڕۆژەدا بیری لەوە كردبۆوە كە لە خزمایەتی فەتاح لەگەڵ شێخ مەحمود ئیستفادە بكات‌و بۆئەمەی ڕێگەی بدرێت‌و بتوانێت بە موسڵدا بگەڕێتەوە، فێڵێكیان ڕێك خست گۆیا فەتاح لە توركیادا خەریكی كوردایەتییە، لەبەرئەمە تەقریرێكیان لە حەق نوسی‌و لەسەر ئەم تەقریرە بە زاهر خستیانە ژێر چاودێری‌و دوایی ناردیانە ئەنقەرە لەگەڵ وەعدی تەرفیع‌و شتی تر، تەعلیماتیان دایە بۆ ئیقناعی شێخ مەحمودو ڕاكێشانی بەلای توركەكانداو یارمەتیدانی ئوزدەمیرو لەم بابەتەوەو ناردیانەوە. من دوای ئەوە كە چومە توركیا لەمانە ئاگادار بوم‌و تێگەیشتم.

جێگەی حەیرەتە! سمکۆیش زۆر جێگەی ئیحتمالە کە لە پێشەوە لەسەر ئەو بیرە بوبێت کە شێخ مەحمود بۆ سەر تورکەکان هان بداو بیەوێ لەگەڵ ئەودا بە یەکەوە دەستێك لە ئوزدەمێر بوەشێنێتو تۆڵەی خۆی لە تورکەکان بکاتەوەو بەم جۆرە بۆ مەرامی خۆی خزمەتێکی ئینگلیزەکان بکا. بەڵام کە هاتە سلێمانیو لە وەزعیەت ئاگادار بو تێگەیشت کە ڕێگەی ئەوەی نیە کە تەئسیر بکاتە شێخ مەحمودو بێتو هەوڵێکی وا بدات خۆیشی سوك ئەبێتو بە ناخۆشی لە سلێمانی ئەچێتە دەرەوەو دوای ئەم کارەساتەی بەسەری هاتوە ناوو ناتۆرەیەکی ناشیرینیشی شوێن ئەخرێت. و لەبەرئەوەی کە لە عێراقدا لەوانە نییە لەسەر حسابی خۆی بتوانێت دەورێك ببینێ، بۆی ناکرێت کە بۆ دواڕۆژیش پشت بە ئینگلیزەکان ببەستێت.

لەبەر ئەمە کە ئوزدەمیری وریاو زرنگ بە هۆی شاترەکانیەوەو بە هۆی تایەرو ئەحمەد تەقی لەلای شێخ مەحمود هیوای گەیشتنەوە بە خەسرەوی کوڕیو بە گەنجینە تاڵانکراوەکەیان خستە مێشکی سمکۆو پەیمانی ئەوەیان دایە کە لە هەرێمی "شەمدینان"و "وان" زەویو زارێکی گەورەی بۆ تەرخان ئەکەن بۆ ژیانی خۆیو ماڵو منداڵو دەسو پێوەندەکانی، و لە بریتی ئەمە لە ژێرەوە داوای یارمەتی ئەویشیان کرد بۆ تەفرەدانی شێخ مەحمود لەسەر حسابی تورك سمکۆ کەمو زۆر باوەڕی پێکردنو بۆ هەڵهێنانی لێقەوماوییەکەی خۆی ئەمەی بە هەلێك ژماردو لەبەر نەبونی هیوایەکی لەمە ڕونترو باشتر، نەیویست ئەم هەلە لە کیس خۆی بدات. "فەتاح"ی ژنبرای شێخ مەحمودیش لە پێشکەوتنو قازانجی نەفسی خۆ بەولاوە شوێن مەبەسێکی تر نەکەوتبو بۆ ئەمەیش لە خزمەتی تورکەکانو بەجێهێنانی ئەو تەعلیماتەی کە لە ئەنقەرە وەری گرتبو هیچی تری بە بیرا نەئەهاتو بەلای ئەوەوە مەسەلەی شێخ مەحمودو کوردستان هەلێك بو بۆ بەجێهاتنی مەبەسی خۆیو لەسەری پێویستە زۆر بە وریاییو ژیری کەڵکی تەواوی لێ وەرگرێ، ئنجا کە بەم جۆرە شێخ مەحمود کەوتە ناو داوی تاقمی ئوزدەمیرو تایەری ئەمین ئەفەندیو فەتاحی ژن برایو لە سێ لاوە دەورە درا

هەرچی بیرو تەگبیرێکی هەیە لە سەریا نەماو بو بە ئالەتێکی بیٚ حسو شعور بە دەسیانەوە.

لەم ڕۆژانەشدا دەنگێکی سامناك (شایعه مخیفه) لەناو شاردا بلاٌوبۆوە، ئەیانوت: *"ملك عالمە دینیەکانی کۆکردۆتەوەو فەتوای پیٚ دەرکردون بۆ کوشتنی ئەوانەی کە لافی منەوەری لیٚ ئەدەنو لە کفرو ڕەف خۆیان ناپارێزن"*. لەو بەینەشدا تازە جەمال عرفان کوژرابو کە یەکێك بو لە لاوە نیشتمانپەروەرەکانو بە کافر دانرابو. ئەم دەنگە کارێکی گەورەی کردە سەر خوێندەوارە نیشتمانپەروەرەکانو گەلێکیان ئەمەیان ئەبردەوە سەر خۆیان، هەرچەندە هەندێك کوشتنی جەمالیان ئەخستە ئەستۆی خەڵقی "مەرگە" کە بەینێك مودیری ناحیەکەیان بو، گەلێکیش ئەترسان کە شێخ مەحمود ئاگای لە کوشتنی هەبیٚ لە پێش مردنی جەمالدا ئەوانەی نزیك بون لە شێخ مەحمودەوەو چونە لایو شێخ مەحمود، داوای پزیشکی بۆ کرد لە کەرکوکەوە بۆ تیمارکردنی، بەلاٌم زۆر کەس ئەم کارەی شێخ مەحمودیان بە فێڵ دایە قەڵەمو وتیان کە بۆ شوێنەونی ئەمەی کردوە. جەمال ئێوارەیەك لە بانگی مەغریبدا دەسڕێژی لێکراو هەر ئەو شەوە ئەمری خوای بەجیٚ هێنا بەیانی بە ئەمری مەلیكو بە مەراسیمی عەسکەری نێژرا.

دوای ئەم حادیسەیە کە دیسانەوە لە تورکەکان ئەزانرا، وا هاتە بەرچاوی کوردە نیشتمانپەروەرەکان کە ئەم پیلانە بۆ پاکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانەیە ترسی بەرهەڵستی تەقەلای تورکەکانیان لیٚ ئەکرێتو بە هاندانی لایەنگیرەکانی ئوزدەمیر ڕێکخراوە. بەڵیٚ ئیتر دوای ئەم حادیسەیە ترسێکی گەورە کەوتە دڵی لاوەکانو کوردپەروەرەکانو کەسیان بە تەمای گیانی خۆیان نەمان، مستەفا پاشاش لەم دەورەدا لەبەرچاو کەوتبو. خۆم ئاگام لیٚ بو چەند جارێك ئەهاتە دائیرەی شێخ مەحمود ڕێگەی نەئەدرا بێتە ژورەوە، سەرەڕای ئەمەش خرایە ژێر چاودێری ڕەسمییەوە لە ماڵی خۆیدا چەند پۆلیسێکی بە سەرەوە دانراو ڕێگەی هاتوچۆی لیٚ قەدەغە کرا.. ئیتر هیوای تێکۆشین بۆ ڕاستکردنەوەی چەوتو

چەڵەمەی ئیدارەو ڕێکخستنی کاروبار لەویٚ بوەستێت، بەڵکو ئەوانەی کە بە تەمای دامەزراندنی حکومەتی کورد بون کەوتبونە مشوری گیانی خۆیان و کونە مشکیان لیٚ ببو بە عەمار. چونکە ئەوەیان بە بیردا نەهاتبو کە پێش گەیشتنی وەزع بەم حاڵە کۆمەڵێکی بەهێزی سیاسی دابمەزرێنن و تەقەلای یەکگرتن و ڕێکخستنی ئەوانە بدەن کە ئامانجێکی میللییان هەیەو لەوانەن لە ڕێی حکومەتێکی کوردیدا لە فیداکاری لا نەدەن.

خولاسە سەرگەردانیی نیشتمانپەروەرەکان لە بیٚ تەنزیمیدا و لە نەبونی پرۆگرامێکی سیاسی و میللیدا بو. لە پێش هاتنەوەی شێخ مەحمود، یەکێك لەم بیرانەی کە من لای هەندیٚ لە هاوڕێکان دەرم خستبو ئەمە بو. بەڵام ئەوانەی من گومانی ئەم کارەم لیٚ ئەکردن تەنها عەکسی دەنگی خۆم لیٚ وەرگرتنەوە "جەمعیەتی کوردستان"ی مستەفا پاشا وەکو وتبوم لەم کارەوە بەدور بون، هەر پەلەکانی ئەم کۆمەڵە بون کە بیرەکانی منیان بەلاوە سەیر بوو ئەتوانم بڵێم کە لە دڵی خۆیاندا پێم پێئەکەنین. لەم وەختەدا کە شتێك بۆ شێخ مەحمود بە مەردایەتی ئەبیٚ بدرێتە قەڵەم و لەبیر نەچێتەوە ئەوەیە کە لەگەڵ هەمو هەوڵ و تەقەلای ئوزدەمیرو تورکەکان. مستەفا پاشای نەدا بە دەستیانەوە، کە بیکەن بە دیاری دەسیان بۆ مستەفا کەمال.

## ٧٣

لەم ڕۆژانەدا کە ترس و هەرا خەوی لە لاوەکانی کورد حەرام کردبو شەوێك لە درەنگ وەختا من لە ماڵەوە کتێبم ئەخوێندەوە، هێشتا مناڵم نەبو، ژنەکەم نوستبو، ئافرەتێکی دراوسێمان لە پشت مابەینی حەوشەکانمانەوە بە دەنگێکی نزم بانگی ژنەکەمی کرد، من هاتمە جواب و پێم وت *نوستوە*، وتی *تکات لیٚ ئەکەم زو لە خەو هەڵیسێنە با بێت، ئیشێکی پەلەم پێیەتی*. منیش ژنەکەم لە خەو هەڵسان و بۆم نارد. ئەوەندەی پیٚ نەچو گەڕایەوە ڕەنگی هەڵبزڕکابو قسەی پیٚ نەئەکرا لە بەردەمما دانیشت، وتم *چیتە بۆ وا تێك چویت؟* وتی *بۆ ماڵی ئێمە*

*ئەگەڕێن! هەڵسە زو بە سەربانی ماڵی خورشید بەگا*[5] *خۆت دەربازکە.* من پێکەنیم‌و وتم *ئەوە شێت بوی؟ ئەم قسانە چییە؟* وتی *وەختی پێکەنین نییە، سێ تفەنگچی لەبەر ماڵی خورشید بەگ ماڵی ئێمەیان پرسیوە. ژنەکەی خورشید بەگ ئاقڵیی کردوەو پێی وتون لەم گەڕەکە نەماون، خۆشی هاتوە ئێمە ئاگادار بکا. بەڵام ئەڵێت هێشتا تفەنگچییەکان نەڕۆیشتون‌و لە کۆڵان ڕاوەستاون.* ئەو قسەکانی تەواو نەکردبو لە دەرگای ئێمە درا، ژنەکەم سوێندی دام کە وەڵامیان نەدەمەوەو لە سەربانەوە بڕوم. لە ترسا سەری لێ شێوابو، چونکە کوشتنی جەمال عیرفان شایەعە دەرهێنانی فەتوا بۆ کوشتنی لاوەکان بەرگوێی هەمو کەسێك کەوتبو بە تایبەتی ژنان هەزاران بەیت‌و بالۆرەیان ڕێك خستبو پێوەیان نابو، ئەگینا لە هەر وەختێکی ترا تفەنگچی ماڵی ئێمەی بپرسیایە بەم ڕەنگە نەئەکەوتنە ترسەوەو ئەیانزانی کە شێخ مەحمود منی خۆش ئەوێت‌و بە جێگەی بڕوام دائەنێت. بەڵام من لەگەڵ ئەمەیشا کە کەمێك کەوتمە ئەندێشەوە، دیسانەوە دڵخۆشیی ژنەکەم دایەوەو چوم بە لای دەرگاکەوە. کە کردمەوە سەرنجم دا "وسو"ی پیاوماقوڵی شێخ مەحمودو دو تفەنگچی وەستاون، شەو تاریك بو بارانیش پروشەی ئەکرد، تفەنگچییەکانم نەناسیەوە "وسوئاغا" وتی *مەلیك سەلامت لێ ئەکاو ئەیەوێت بچیتە لای، وا ئەزانم ئیشی نوسینی پێت هەیە.* چەندوچونم لەگەڵ نەکرد پاڵتۆکەم‌و چرای کارەبای دەستم لە ماڵەوە وەرگرت‌و لەگەڵیان چومە لای مەلیك.

لە دالانی ماڵی مەلیکەوە تا بەردەرگای ژوری میوان تفەنگچی ڕاوەستابو، ئەحواڵم ئاڵۆزاو ئەبینی، دیار بو کە شتێك بە دەستەوەیە. بەڵام چی؟ ئەمەم بۆ هەڵنەئەهێنرا، من‌و وسو ئاغا بە ناو ئەم تفەنگچیە زۆرەدا ڕۆیشتین‌و سەرکەوتینە سەرەوە، گەیشتینە بەردەرگای ژوری دانیشتن، (وسو ئاغا) لە دەرەوە بە دەنگی بەرز وتی: *قوربان ڕەفیق حیلمی هات، بفەرمو با بێتە ژورەوە.* منیش چومە ژورەوە، ڕوانیم سمکۆ لە لای ڕاستی شێخ مەحمودو "تایەری ئەمین ئەفەندی"

---

[5] خورشید بەگ ناوی دراوسێکەمان بو خۆی مردبو، ژن‌و ماڵەکەی دراوسێمان بون.

بەرامبەری دانیشتون، ئیتر کەسی تری لیَ نییە. سەلامم کرد سەلامیان دایەوە، شیّخ مەحمود کە لەو دەمەشدا لەبەر هەمو میوانیّك هەڵئەستا و بە تایبەتی بەرامبەر بە من کە لە هەمو وەختیّکا نەوازشیّکی تایبەتی ئەنواند، نەك نەجولاّیەوە یا ئەمر بە دانیشتم بکا، وەلاّمی سەلامەکەشی نەدامەوە. بە ڕاستی لەمانە شتیّکم بۆ دەرنەکەوت و تیّنەگەیشتم.. سەرەڕای ئەمەش بە بیَ ئەوەی ڕوم تیّبکا وتی! *"تۆو مستەفا پاشا مەبەستان چییەو بۆچی شەرم پیَ ئەفرۆشن، لەم کۆبونەوەو کەین و بەینە چیتان بە دەستەوەیەو بۆچی تیّئەکۆشن، ئایا من بە خائینی کورد ئەژمیّرن؟ وا بە دزی منەوە خەریکن ئەتانەویَ گۆبەندیَ بنیّنەوە؟"* ئەم وشانە وەکو لەبەری کردبیَ لەسەر یەك و بەبیَ وەستان لە دەمی دەهاتە دەریَ، من هەرچەند لەم پرسیارە سەیرو کوتوپڕانە سەرم سوڕما، دیسانەوە بە گورجی هاتمە دەس و وتم *"من تاوەکو ئەم ساتە جەنابتان بە حاکم و مەلیکی کوردستان و بە فیداکاری میللەتی کورد ئەناسم، لەبەرئەمە نەهاتوە بە بیرما کە لە زدی جەنابتان بجولیّمەوەو بەرهەڵستی ئیّوە بکەم. لە لایەن مستەفا پاشاشەوە من ئەم پیاوە دەمیّکە ئەناسم و قەدری ئەگرم، ئیّستە هەرچەند ئەزانم کە جەنابتان خۆشتان ناویّت بەلاّم من پیّم ناکریَ کە بە چاویّکی سوك تەماشای بکەم، بەڵکو خۆم بە ناچار ئەزانم کە ئیّستە لە جاران زیاتر قەدری بگرم. بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنیّت کە من لە سیاسەتا هاوفکری مستەفا پاشام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕاستت ئەویَ مستەفا پاشا حەز بە سەعادەتی ئیّوە ئەکا و ئەیەویّت کە ئیّوە سەربکەون و خزمەتی میللەتی کوردتان پیَ بکریّت، ئنجا ئەگەر ڕیّگەیەکی کە ئەو بە باشی ئەزانیّت لای ئیّوە یا کەسیّکی تر باش نەبیّت مەسەلەیەکی ترە و، لەسەر (اجتهاد) نابیَ بە خائن دابنریّت"*.

دوای ئەم وەلاّمەم، شیّخ مەحمود وتی: *"ئەی ئەوەش درۆیە کە ئەڵیّن تۆ لەگەڵ مستەفا پاشا ڕیّکەوتون کە بە دزییەوە لە سلیّمانی بڕۆن؟ من نازانم بە کام قسە باوەڕ بکەم؟!"* ئەوساکە هاتمە جواب، وتم *"ئیّستە بۆم دەرکەوت کە لەم قسانە مەبەستان سوحبەتەو ئەتانەویَ من تاقی بکەنەوە، ئەگینا شتی وا نە بوەو*

*نە ئەبێ. بەڵام ئەوەندە هەیە کە من بەشبەحاڵی خۆم تا ئەم سەعاتە ئاگاداریەکی ئەوتۆم لە بیروباوەڕی جەنابتان پەیا نەکردوەو نازانم بە تەمای چین کە بیکەن. هەرچەند لەو بیرەدام کە ئێوە بۆ ئەم وڵاتەو بۆ میللەتی کورد لە فیداکاریو لە خزمەت لا نادەن، بەڵام تێنەگەیشتوم کە لە چە ڕێگەیەکەوە بەتەمان ئەم خزمەتە بکەن؟"* .

دوای نەفەسێك وەستان کە دیم ئەو دڵی داوەتە قسەکانم وتی: *"من خۆم لە خزمەتی کورد بەو لاوە بیرم لە شتی تر نەکردۆتەوە. ئامانجی گەورەم خزمەتی میللەتی خۆمە، ئێوەش بە یەکێك لە فیداکارانی کورد ئەزانم، لەبەر ئەوە نابێ باوەڕ بکەن کە بەرامبەر جەنابتان ناڕاستی بکەم. نەك جەنابتان، بەڵکو هەرکەسێك بە باش بزانمو بۆ میللەتی کورد هیوای خزمەتم پێی هەبێ، تا بتوانم بە ڕاستی لەگەڵی ئەجوڵێمەوەو دەسی بۆ درێژ ئەکەم"* . بێجگە لەمەیش وتم: *"ئەم وڵاتە هەر وەکو نیشتمانی ئێوەیە نیشتمانی منیشە لەبەرئەوە لە خۆشیو ترشیدا بەشدارم، وڵاتم بەرەو سەعادەت ڕۆیشت بەشی خۆمی لێ وەرئەگرم، خوا نەخواستە بەرەو ناخۆشی بڕوا ئەوەندە بەدخورەوشت نیم بە جێی بێڵمو شوێن قازانجی خۆم بکەوم"* . لە دوای ئەم قسانەم (سمکۆ) لە جێی خۆی ڕاست بۆوەو باوەشی پیا کردمو بردمیە سەر کورسییەك کە لە بەینی خۆیو شێخ مەحمود دانرابو تا ئەو سەعاتە وەکو لە قەفەزی مەحکەمەدا گیرا بم بە پێوە وەستابوم، ئنجا شێخ مەحمود ڕاست بۆوەو دەسی گوشیم، سمایل خانیش بە تورکی ڕوی کردە شێخ مەحمودو پێی وت: *"من هەر کە هاتمە ئێرەو جاری یەکەم چاوم بە (ڕەفیق) کەوت چو بە دڵماو زانیم کە کوڕێکی ڕاستەو نیشتمانپەروەرە. ئێستە دەری خست کە لەوەش زیاترە، بە ڕاستی یا شێخ، جەنابت خۆشبەختی کە لاوی وەك "ڕەفیق"ت لە دەورەو ئەیانەوێ خزمەت بکەن"* .

لە پاش ئەم هەمو حەیسەو بەیسەیە ئنجا شێخ مەحمود هاتە سەر ئەسڵی مەبەس، وتی: *"ئەمەوێ سوێندم بۆ بخۆی گفتوگۆی ئیمشەومان نەچێتە دەرەوە"* من ئەمزانی کە شێخ مەحمود بە سوێندی لاوەکان بڕوا ناکاو هەمویان بەبێ دین

ئەزانێ. لەبەرئەوە نەمویست سوێند بخۆم وتم: *"ئەگەر باوەڕت هەیە کە من ئینسانێکی ڕاستمو خاوەن شەرەفم پێی ناوێ سوێند بخۆم، ئەگەر بە بێ شەرەفیشم بزانی نرخی سوێندم ئەبێ چی بێ؟"* شێخ مەحمود کەمێك وەستا، بەڵام "سمکۆ" هاتە جواب، وتی: *"تکام وایە کە باوەڕ بە ڕەفیق بکەی"* . ئینجا شێخ مەحمود دەسی کرد بە قسەو دورو درێژ باسی فیداکاری خۆی کرد کە لە ڕێی کوردایەتی نواندویەتیو ئەو کارەساتانەی بۆ گێڕاینەوە کە لەم ڕووەوە بەسەری هاتوە، دوایی وتی:

*"دوای ئەمە کە وەکو ئاگاداریت ئینگلیزەکان بەو ڕەنگە لە سلێمانی ڕۆیشتن، منیان بردە بەغدا، لەوێ مەندوبی سامیو مەلیك فەیسەڵ پەیمانیان دا کە حکومەتێکی کوردیمان بۆ دابمەزرێنن، کەچی لەو ڕۆژەوە کە هاتومەتەوە سلێمانی بە هەمو ڕەنگێك تێئەکۆشمو ئەمەوێت ئەو پەیمانە بێتە جێ، هیچیان دیار نیەو هیچ ئەنجامێك نادەن بە دەستەوە، لە مەبەسیان تێناگەم، هەر ئەوەم لێ داوا ئەکەن کە تورکەکان لە سنوری عێراق بکەمە دەرەوە، ئەمە هەمو وەڵامەکەیانە، خۆیشت ئەیزانی* –ئەم قسانە شێخ مەحمود بۆ منی ئەگێڕێتەوە مەبەسی لە (خۆیشت) منە– *تورکەکان ئیمڕۆ چۆن لەناو عەشایەرا ڕەگیان داکوتاوەو زۆر کەسیان بە خۆیانەوە نوساندوە، لەبەرئەمە شکی تیا نیە کە بە ئاسانی تورك لەم ناوە دەرناکرێت. بەڵکو ئەم کارە پێویستە بە هێزێکی گەورە، بە پارە، بە پڕوپاگەندە بۆئەوەی کە بتوانین هەندێ لە ڕەئیس عەشیرەتەکان لە تورکەکان بپچڕینەوە، ئەبێ بە هێزو بە پارە قسەیان لەگەڵ بکەین، بە تایبەتی پێویستە ئەوە ببەینە مێشکیانەوە کە ئینگلیزەکان ماونو نەمردون، ئەبێ تێیان بگەیەنین کە لە ترسی تورك لە سلێمانی نەڕۆیشتون، بەڵکو ئەمانەوێت لێرەدا حکومەتی کورد دابمەزرێتو ئەم وڵاتە ناکرێتە دەرەوە. تورك هاتونەتە ناو جەرگمان لەگەڵ زۆری عەشایر ڕێکەوتون، ئینگلیزەکان لە دورەوە تەنیا خەریکی هاندانی ئێمەن، من ئەترسم ئەگەر بێتو بچم بە گژ تورکەکاندا ڕسوا بونم بۆ بمێنێتەوەو کەس دەسم نەگرێتو یارمەتیم نەدا،* چونکە وا دیارە ئینگلیزەکان

*خۆیان نیازی ئەوەیان نیە کە ئەم مستە تورکە لە ڕەواندز دەرپەڕێنن، ئەگینا ئەوە بۆ ئەوان کارێکی گەورە نیە، ئەیانەوێ ئەم کارە بە ئێمە بکەن، بەڵام چۆن؟ ئەگەر بە ڕاستی لەگەڵمان نەیەنە پێشەوە حکومەتی کورد دانەمەزرێنن، ئێمە بە چە ناوێکەوە ئەتوانین کوردەکان یەك بخەین و بەرامبەر بە تورك هێزێکیان لێ دروست بکەین؟ هەر لە خۆمەوە بەبێ بەڵگەو بەبێ پشتیوان و هیوا بچم بە گژ تورکا، دوارۆژمان چۆن ئەبێ، هات و تورکەکان (موسڵ)یان بە هێز یا بە ئاشتی وەرگرتەوە، کێ ئەکەوێتە فریامان؟ ئینگلیز کە ئێستە هیچیمان بۆ نەکا، ئەوساکە چیمان بۆ ئەکا؟ بە ڕاستی من سەرم لێ تێك چوەو نازانم چۆن دەردی خۆم لە ئینگلیزەکان بگەیەنم. ئەوان لە پێش هەمو شتێکا بەبێ گیروگرفت ئەیانەوێت تورکەکان دەربکرێن. ئەمەش حاڵەکەمانە کە بۆت ئەگێڕمەوە*".

ئنجا پاش هەندێ بیرکردنەوە وتی: *"ڕاستت ئەوێ تا بە ڕاست و ڕەوان دان بە حکومەتی کوردا نەنێن و بۆ دامەزراندنی ئەم حکومەتە یارمەتییەك کە پێویستە بە ئێمەی نەبەخشن بە تەمای ئەوە نیم کە خۆمیان بە خۆڕایی بۆ بخەمە ئاگرەوە"*.

ئەم قسانەی شێخ مەحمود شکی تیا نیە بەجێ بون و ئەوانەی ئاگاداری وەزعی ئەو ڕۆژە بون لەمە زیاتریشیان بە بیرا ئەهات. بەڵام ئەوی کە بە تەواوی لە منەوە ئاشکرا نەبو ئەوەیە، ئایا وەکو شێخ مەحمود ئەیوت، ئینگلیزەکان لە بڕیاری خۆیاندا لە بابەت دامەزراندنی حکومەتی کوردەوە ڕاست بون یان دودڵ بون؟ و بەبێ حەیسەو بەیسە هەر لەسەر داوای دەرکردنی تورکەکان مانیان ئەگرت یان نەء؟ لەگەڵ ئەمەشدا تا شێخ مەحمود قسەکانی تەواو کرد گوێم بو ڕاهێشت و دوای تەواوبونیشی وەڵامێکم نەدایەوە، دوایی شێخ مەحمود وەکو شتێکی بیر کەوتبێتەوە ڕوی کردە تایەر ئەفەندی و وتی: *"تۆ بچۆرە لای میوانەکان"*.

میوانەکان زابتە تورکەکان بون کە "ئوزدەمیر" ناردبونی و لە ژوری تەنیشت ژورەکەی ئێمە دانیشتبون. دوای تایەر ئنجا شێخ بە منی وت *قسە بکە!* ئەو وەختە منیش کەوتمە قسە وتم:

***"هەرچیتان فەرمو جوان‌و بەجێیە، و بێئەوەی پەیمانی خۆیان لە بابەت ئامانجی کوردەوە بەجێ نەهێنن، تەنیا لەبەرچاوی جوانی ئینگلیزەکان بەگژ تورکا چون، مەسڵەحەتی جەنابت‌و یا هی کوردی تیا نابینرێت. لەم لایەنەوە لەگەڵ ئینگلیزەکان تا بتوانن‌و بۆتان سەربگرێت لەسەر بناغەیەکی ڕاست‌و ڕێکەوتن بۆ خۆتان جوانترو بۆ کورد بەکەڵکترە، من لەم بابەتەوە هیچ قسەو بەرهەڵستێك نایەت بە بیرما. بەڵام تەنیا شتێك هەیە کە لە ڕوی خۆشەویستی‌و پەیوەندیم بە جەنابتەوە ئەمەوێت بیخەمە بەرچاو، ئێوە ئیمڕۆ لە بەینی تورك‌و ئینگلیزدا ماونەوە، هەر یەکە لەمانە بە هەمو جۆرێك خەریکە جەنابت بەلای خۆیا ڕابکێشێت، ڕەنگە قسەو پەیمانی لایەك لەم دوانە (فریو)ی زیاتر بێت، بەڵام نابێ ئینسان بە قسە فریو بخوا، پێویستە خۆیشی لە شت باش وردبێتەوەو بیخاتە (سەنگی مەحەك)و لە ڕابوردو دەرس وەرگریت، بیر لە مێژو بکاتەوە، ڕەوشتی سیاسی دەوڵەتەکان بێنێتەوە بەرچاو و بە پێی ئەوە نرخ بدا بەو قسانەی ئەیبیەت. بە تایبەتی ئەبێ ئەوەیشی لە بیر بێت کە ئامانجی خۆی چیەو ئەیەوێ بەچی بگات. بە پێی ئەوەیش ئاگاداری وەستاو زروفی هەر یەکە لەوانەی گفتوگۆیان لەگەڵ ئەکا بەرامبەر ئەو ئامانجەی خۆی ئەیەوێت پێی بگا چیەو بزانێ تا چە ڕادەیەك لەگەڵ ئامانجەکەیدا ئەگونجێ‌و یەك ئەگرێت، ئنجا بە بیری من وایە کە بناغەی گفتوگۆی جەنابتان لەگەڵ تورك‌و ئینگلیز چی ئەبێ ببێ، ڕاستی ئەوەیە کە ئامانجی کورد لەگەڵ مەسڵەحەتی تورك‌و سیاسەتی حکومەتی تورکا ڕێك ناکەوێت‌و یەك ناگرێتەوە، چونکە حکومەتی تورك حکومەتێکی عەسکەرییە، چوبێتە هەر وڵاتێك، لەشکرێکی زۆری تیا داناوەو لەو وڵاتەدا بە هێزی لەشکر زیاتر لە سیاسەت ئیشی بردوە بەڕێوە. حکومەتێکی وا بە دەگمەن هەڵئەکەوێت کە وڵاتێك بە دیموکراتییەت‌و سیاسەت ئیدارە بکا. لەبەرئەمە نایەوێت لە وڵاتەکەدا پیاوی دەسدار هەڵکەوێت بە تایبەتی پیاوی وا کە بیری گەورەی‌و خەیاڵی حکومەتی سەربەخۆی لە کەللەدا بێ. چونکە پیاوێکی وا بە بەرهەڵستێکی گەورە ئەژمێررێت بۆ هێزی عەسکەری خۆی. لەبەر ئەوە بە هەمو***

*جۆرێـك بـۆ فەوتانـدنی ئـەو تەرحـە پیاوانـە هـەوڵ ئـەدا، یـا هـیچ نـەبێ بـۆ بێهێزکردنیان. هەرچی وەکو حکومەتی ئینگلیزە تا سیاسەت ڕاوەستابێ بە هێزو بە چەك ناکەوێتە کار، تا لە هێمنیدا کۆڵ نـەدا ڕێگـەی شـەڕ ناگرێت، تـا بتوانرێـت بە حکومەتی دیموقراتی (شعب) ولاتێك ببرێت بەڕێوە، بە هێزی عەسکەری نزیك بەڕێوەبردنی ناکەوێتەوە لەگەلێك سەرەوە پێچەوانەی مەسڵەحەتی بەریتانیایە کە هێز بەکاربهێنیت و گەنجینەی بەریتانیا بخاتە ژێر مەسرەفی ئەو هێزەوە کە ئەبێ وڵاتەکەی پێ داگیرکا، هێزی بەریتانیا تـەنیا بۆ پاراستنی مەسڵەحەتی ئابوری و بازرگـانی ئیمپراتۆریـەت ئەچـێتە شـەڕەوە، کـە ئـەم مەسـڵەحەتانەی هاتـە دی، حـوکمی ولاتـی داگیرکـراو بـە دەس خـەڵقی خۆیـەوە بـێ باشـترە بـۆ ئـەو و کەممەسرەفترو بێگێچەڵترە. لەبەرئەمە وا ئەزانم کە جەنابت ناتوانێت لەگەڵ تـورك ڕێك بکەوێت و ئەگەر ڕێك کەوتنێکی وا بە بیرا هاتبێ شکی تیا نیە کە بناغەکەی لەسەر ناڕاستی دانراوە".* شێخ مەحمود وتی:

*"ڕاسـت ئەکـەی و منـیش جـارێ بڕیـارم نـەداوە کـە لەگـەڵ تـورك ڕێـك بکـەوم. ساردی ئینگلیزیەکان و نەبزوتنەوەی بە دڵیان وای لێکردوم کە تورکـەکان لـە خـۆم نەسڵەمێنمەوە".*

ئەو شـەوە لـەم بابەتـەوە لـە بـەینی مـن و شـێخ مـەحمودو سمکۆدا زۆر گفتوگـۆ کـراو بـە ئـەنجام شـێخ مـەحمود هاتـە سـەر ئـەوە کـە مەبەسـی لـە هـەمو تەقـەلا و کردەوەکـانی ئەوەیـە کـە ئینگلیزەکـان بخاتـە سـەر بـیری بـەجێهێنانی پـەیمانی خۆیـان و تێیـان بگەیـەنێ کـە دامەزرانـدنی حکومـەتی کـورد لـە عێراقـداو دانـان و دەرخسـتنی سـنوری قـەومی ئـەم حکومەتـە ئـەبێ پـێش هـەمو شـتێك بکـەوێت و، ئەیویست باوەڕی پێ بکەم کە ئەگەر هات و ئینگلیزەکان ئەم مەبەس و ئامانجـەی خۆی و میللەتی کوردیان بەجێ هێنا ئەو وەختە شێخ مەحمود ئامادەیە بۆ خۆ بەختکردن لە ڕێی پاراستنی سنوری ئەم ولاتە تازەیەداو بە هەمو هێزییەوە هەوڵ ئەدا بۆ پاککردنەوەی خاکی کوردستانی عێراق لە دوا نەفەری تورك.

## ٧٤

لێرەدا دوایی درا بە واتە نەخشاندن (موناقەشە)و دەسمان کرد بە گفتوگۆ لە بابەت ئەو ڕێگەیەوە کە ئەبێ لەسەری بڕۆین. ئنجا شێخ مەحمود بەرگێکی (فایەل) پڕ نامەی ئاڵوگۆڕکراوی بەینی خۆیو ئوزدەمیر پاشای هێناو دایە دەسم کە بیانخوێنمەوە، یەکە یەکە خوێندمنەوە زۆری ئەم نامانە بە قسەی خۆشو پەیمانی بێ ئەساسو تەفرەدان ڕەش کرابونەوە. تەنیا نامەیەکی ئوزدەمیر کە بە پێی مێژوەکەی نامەی هەرە دوایەمینیان بو منی خستە لێکدانەوەو بۆئەوەی کە باش تێی ورد ببمەوە نەمخستەوە ناو ئەوانی ترو لە دەسما هێشتمەوە. ئەو نامەیە دوایی لەگەڵ دەستەیەك نامەو ئەوراقی تر لەگەڵ هەیئەتی کورد برایە ئەنقەرەو درا بە گەورەکانی حکومەتی تورك. خۆم یەکێك بوم لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە کە چوم بۆ ئەنقەرە بۆ موزاکەرە لەگەڵ حکومەتی تورك. ناوەڕۆکی ئەو نامەیە نرخێکی سیاسی زۆر گرنگی هەبو لە دواڕۆژی کورداو بە تایبەتی لە شەقامی ژیانی شێخ مەحمود خۆیدا. بە پێی ئەم نامەیە وا دەرکەوت کە ئوزدەمیر بە شفرە لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرە چەند نامەیەکی ئاڵوگۆڕ کردوەو لە ئەنجامی ئەوە بیروباوەڕەی خۆی بۆ حکومەتی مستەفا کەمال نوسیوەو هێناونیە سەر ئەوەی کە بڕیار بدەن بۆ دامەزراندنی "موختارێکی کورد" لە کوردستانی عێراقدا بەو شەرتەی کە لەژێر چاودێری حکومەتی تورکا بێتو "والییەتی"ی سەربەخۆ وەك "خدێویەتی"ی ئەم کوردستانەش بدرێت بە شێخ مەحمودو نەوەی نێرینەی پشتاوپشتی.

بێجگە لەمە ئوزدەمیر لەم نامەیەدا وای ئەگەیاند کە حکومەتی مستەفا کەمال بە هێزێکی گەورەو لەشکرێکی چەند فرقەییەوە لە پشت سنورەکانەوە ئامادەی هەڵمەتدانە بۆ سەر ولایەتی موسڵ. بەڵام چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆی ئەو هەیئەتەیە کە بە سەرەکی عصمت پاشا بۆ داواکردنەوەی موسڵ چۆتە لۆزانو ئەگەر هاتو لە مەجلیسی لوزاندا بە ئاشتی بڕیاری دانەوەی موسڵ درا بە تورك ئەو وەختە لەشکرەکەی تورك بەبێ شەڕ ئەگەڕێتەوە ولایەتەکە، ئەگینا بە زۆریش

بێ تورك بڕیاری داگیرکردنەوەی داوە. لەبەرئەمە تکای لە شێخ مەحمود ئەکرد کە ئەم هەلە گەورەیەی بۆی هەڵکەوتوە لەدەس خۆی نەداو تاوەکو ئەنجامی مەسەلەی (موسلٚ) ئەزانرێ شێخ مەحمود لەوبەری ڕەنج و تەقەلایەی ئوزدەمیر داویە بە کوردەکانی ولایەتی موسلٚ لای حکومەتی ئەنقەرە سەرفی کردوە، خۆی و میللەتی کورد بەشخوراو نەکا.

ئوزدەمیر دوای ئەوەی کە لە ڕەنجی خۆی لەم بابەتەوە لە نامەکەدا ئەدواو باسی بیرچاکی برایانەی تورکی بەرامبەر بە کورد ئەکرد بە زمانێکی لوس و دپلۆماسی زۆرزان، ئەگەڕایەوە و ئەیوت: *"زۆر تکام هەیە کە تا زوەو هەل لە دەس نەچوە لەو کوردانەی کە باشن و خۆت متمانەیان پێ ئەکەی یەك دو کەس هەڵبژێرە بۆ گفتوگۆ لە بابەت ڕاستی و ناڕاستی ئەم قسانەی منەوە، هەروەها لە بابەت ئەو ڕێوشوێنەی حکومەتی ئەنقەرە دایئەنێ بۆ دامەزراندنی موختاریەتی کورد و پەیمانێك کە ئەبێ لە بەینی هەردولادا بکرێت، بیاننێرە بۆ ئەنقەرە، لەوە زۆر دڵنیا بە کە لەوێ زۆر بە پەلەو پەرۆشەوە چاوەڕوانی ناردنی ئەم هەیئەتە ئەکەن"*.

لەم لایەنەشەوە زۆر گفتوگۆمان کرد، ئەو شەوەو لە ئەنجامدا بڕیارمان لەسەر ئەوە دا کە شێخ مەحمود جۆرێك بۆ ڕاگرتنی دۆستایەتی بەینی خۆی و ئینگلیز هەولٚ بداو، لەگەلٚ ئەوەشا کە ئەو هەیئەتەی ئوزدەمیر داوای کردوە بنێررێتە تورکیا، هەیئەتێکی تریش ڕێك بخرێت و بنێرێتە کەرکوك و بەغدا کە لەگەلٚ ئینگلزەکان لە بابەت داواکانی شێخ مەحمود کە باسمان کرد لە پێشەوە گفتوگۆ بکات و لە مەبەس و بیری تەواویان بگا، هەر ئەو شەوە بڕیارمان وا بو کە ئەو هەیئەتەی ئەچێتە تورکیا لە پێشەوە تا ڕەواندز بچێت و لەگەلٚ ئوزدەمیردا بکەوێتە موزاکەرەوەو تا لە سلێمانی و لە لایەن شێخ مەحمودەوە ئەمرێکی دوەم وەرنەگرێت نەچێتە ئەنقەرە.

ئێمە لەو سەعاتەدا مەبەستمان ئەوە بو کە بە چونی ئەم هەیئەتە بۆ لای ئوزدەمیر ئینگلیزەکان وریا بکەینەوەو تێیان بگەیەنین کە ئیتر هاتوینە سەر

ئـەوەی دەسـتی دۆسـتایەتی بـۆ تـورك درێـژ بكـەین، وامـان ئـەزانی كـە ئـەم كردەوەیەمان لەوانەیە ئینگلیزەكان لە مانگرتن بخاو، نەرمیان بكا بەرامبەر بەو هەیئەتە كوردەی ئەچێتە لایانو بە جۆرێكی وا بگەڕێتەوە لای شێخ مەحمود كە بیخاتە سەر بیری ئەمردان بە گەڕانەوەی هەیئەتەكەی لای ئوزدەمیر، چونكە بڕیاریش وابو كە تەعلیمات بدرێ بەو هەیئەتەی كە ئەچێتە ڕەواندز لەوێ خۆی بخلافێنێت تاوەكو ئەگەر هاتو پێویست نەبو بچێتە ئەنقەرە لەسەر فەرمانێك لە شێخ مەحمودی وەرئەگرێت بە بیانوی گفتوگۆوە بگەڕێتەوە لای شێخ مەحمود لە سلێمانی.

## ٧٥

## شاری ئەنقەرە

## چونی من بۆ ئەنقەرە

سێ ڕۆژی دوای ئەم موزاكەراتەو لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ١٩٢٣دا منو فەتاح ئەفەندی یوزباشی فەتاحی ئەمینی عەتارو ئەحمەد تەقی، بەیانی لە پێش هەتاوكەوتنا لە ماڵی "وسو ئاغا" كۆ بوینەوەو لەوێوە بێئەوەی كەس بزانێ لەگەڵ چوار سواری تر ڕوەو ڕەواندز كەوتینە ڕێ. لەو وەختەدا ڕانیە لەژێر حوكمی شێخ مەحمودا بو و، تاقمێك عەسكەری حكومەتی سلێمانی بە سەرەكی ملازم ڕەشید غەفوری تیا بو و لە دائیرەی حكومەت بەیاخی كوردستانی لێ هەڵكرابو، "عەباسی مەحمود ئاغا" لە پشدەرەوە هاتبوە ڕانیەو لە سەر ماڵو ژنی فەتاح بەگی خوالێخۆشبو دانیشتبو، شەوی یەكەمی سەفەرمان لە ماڵی عەباس ئاغا بەسەر برد، و بەیانی زو كەوتینە ڕێ. تازە لە كۆڵانەكانی ڕانیە ڕزگارمان ببو كە سێ فڕۆكەی ئینگلیزمان لێ پەیدا بو بە ژور سەرمانەوە كەوتنە فڕین. ماوەیەك لێمان جیا نەبونەوەو زۆر نزیك ئەبونەوە لە ژور سەرمان بە ڕادەیەكی وا كە شكم نییە بە تەواوی ئێمەیان ئەبینیو لە یەكیان جیا ئەكردینەوە بە ڕاستی كەوتینە ترسەوەو خۆمان كوتایە ناو شیوێكەوە. بەڵام ئەوانە نەبو خۆمانی تیا

بشارینەوە، دەردەکەی "حوشترمورغ"مان لێ قەوما بو سەرمان ئەکرد بە ژێر باڵی خۆمانا بۆ ئەوەی ڕاوکەر نەمانبینی. بەڵام فرۆکەکان لە پڕ بەرز بونەوەو ڕویان کردە ڕێی کۆیە ئەوساکە نەفەسێکی ڕەحەتیمان دا، لە دوای ئەمە بە ڕێی شاخەکانداو لە لای "قەندیل"ەوە ڕۆیشتین تا ڕەواندز، ئیتر توشی شتێکی ئەوتۆ نەبوین.

لە ڕەواندز لە ماڵی حاجی "نەورەس ئەفەندی" مەشهور، بەڵام لەسەر حسابی ئوزدەمیر پاشا کراین بە میوان. بە ڕاستی ئوزدەمیر ژیرو وریا و زرنگ بو، لە تەبیاتی ڕەشۆکی دێهاتی و عەشایەر تا حەز کەی شارەزا بو بە کردەوەی جوان و زمانی شیرین و هەڵسان و دانیشتنی پیاوانەی خەڵقی ئەو ناوەی کردبو بە ئەموستیلەی دەستی، خۆی کردبو بە سۆفی، ڕیشێکی جوان و پاك و تەمیزی هێشتبۆوە، پێنج فەرزە نوێژی ئەکرد بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵقە نەخوێندەوارو ساویلکەکان، گەلێ ئایەت و حەدیسی لەبەر کردبو لەناو گفتوگۆدا بەکاری ئەهێنان، بەناو خەڵقا ئەگەڕا، ئەوانەی کە جەوهەرێکیان تیا بو نزیك خۆی ئەخستنەوە، تەقەلای زۆری ئەدا کە لە هەڵکەوت کەڵك وەرگرێت و لە خەڵق بچێتە پێشەوە و لە خۆی نزیکیان بخاتەوە و لە هەمو کردەوەیەکدا لەوە ئەگەڕا تۆزێکی تر خۆی بەرێتە پێشەوە و خۆشەویستتر بێت لایان. بە ڕاستی خوێندەوار بو. پایەو پلەی میللەتەکەی خۆی ئەزانی و بۆ خزمەتی مەبەسی خۆی و حکومەتەکەی لە پلەی خۆی ئەهاتە خوارەوەو، ئەهاتە سەر ئەو پلەیەی خەڵقی لەسەر بو، لە سەرەوە بۆ خوارەوەی نەئەڕوانی، ئەیزانی میللەتەکەش سەرەوژور ناڕوانێ و ئەو نابینێ لەبەرئەوە پێویستە لەسەری کە لە پلەکەی خۆی بێتە خوارێ. خولاسە ئیشی بە میللەت هەبو و ئەبو بینوسێنێ بە خۆیەوە، بە تەمای ئەوە نەبو کە بە لافلێدان و کفرکردن چاوی میللەت بکاتەوە و "تەعەسوب" لەناو بەرێت و ئینقلاب بگێرێت.

کە چاوم بە ئوزدەمیر کەوت خۆمانم بیرکەوتەوە، داخی ئەوەم تازە بۆوە کە لە سلێمانیدا سەرکردەیەکی منەوەرو وڵاتپەرستی وەکو ئوزدەمیرمان پێویست بو و

دەسمان نەئەکەوت، زۆر بە داخەوە ئەڵێم کە منەوەرەکانی ئێمە زۆر لەوە بەدور بون، کە بە پێیێ سنوری سیاسەتی ئەو ڕۆژە بجوڵێنەوە، هەرچەند بە نەوعە ژیانێکی دیموکرات لە هەندێ تاقمی دواکەوتو و ڕەشۆکی چوبونە پێشەوەو خۆیان خۆشەویست کردبو، بەڵام لە بەشی زۆری میللەت، لە شێخ، لە حاجی، لە مەلا، لە ئەشراف، لە دەوڵەمەند، لە ڕەئیسەکان، زۆر بە یەکجار زۆر دور کەوتبونەوە، بەڵکو بوبون بە دوژمنیان. ئوزدەمیر یا عەلی شەفیق پاشا ئەگەر لاوێکی خوێندەوارو خاوەن زانستێکی بەرز نەبوایە لەوانە بو منیشی پێ هەڵخەڵەتێم‌و بە کابرایەکی سافیلکەو موسڵمانی بزانم، بەڵام هەر بە گفتوگۆکانی خۆیان لەگەڵ ئێمەو بەرابەرکردنی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ئەهالی‌و خەڵقە سافیلکەو نەخوێندەوارەکان تێگەیشتم کە کابرا لەوانەیە بۆئەو ڕۆژەو لەو هەرێمەدا بە بلیمەتێك بژمێرریێت.

هەرچەند لەژێر ڕیشەکەیەوە ئەمڕوانییە بریسکەی چاوی وردی، بیری شکم نەئەما کە نوێنەرێکی (ممثل) زۆر بە هونەرە. لە شاخەکانی ڕەواندزدا بە چەکمەی بریسکەدارو بە دەوام پاك‌و بۆیاخ کراوی عەسکەری‌و بە یونیفورم‌و نیشانی ئاڵتون ڕەنگی میرئالای سەرشانی ئەهاتە دەرەوەو لەناو خەڵقا بە ناوی لیدەر (قائد)ێکی تورکەوە، لە ڕاستی‌و موسڵمانی، لە بەزەیی هاتنەوەی بە کەساس‌و هەژار، لە چاکە، لە پیاوەتی، لە خواناسین ئەدواو ڕابوردوی تورکی لەم وڵاتە بەم بیروباوەڕە چاکانە لە بیر خەڵق ئەبردەوەو لە ئینگلیزی هەڵئەگەڕاندنەوە، ئەو ئینگلیزانەی کە لەو ڕۆژانەداو بەرامبەر بەم سیاسەتە ژیرانە هەر یەکە لاسایی فرعەونێکیان ئەکردەوەو بە حوکمی قەرەقوش وڵاتیان ئەبرد بەڕێوە. بێجگە لەمەیش وەکو لەوەپێش وتبومان ئوزدمیر بە چەشنی ئەمیرێکی کورد دیوەخان‌و میوانخانەی کردبۆوەو سفرەو خوانێکی باشی ڕاخستبو، ڕەئیس عەشیرەتەکان، پیاوماقوڵان، هاتوچۆکەرانی ناسراو لەسەر سفرەکەی نان‌و چاو قاوەیان ئەخواردو ئەخواردەو لەگەڵ گەلێك لەم ڕەئیس‌و گەورەو ناسراوانەدا دۆستایەتی پەیا کردبو. ئێمە لە لایەن ماڵی شێخ مەحمودەوە بۆ خانمی ژنی ئوزدەمیر هەندێ

دیاری زێڕین و لە لایەن مەلیکەوە بۆ ناودارەکانی ڕەواندز تۆپە تاقەو چەفتەی سورمەی نایابمان بردبو. تورکەکان لەو هەرێمەدا تەواو ناسرابون و خۆیان خۆشەویست کردبو. بە چونی ئێمە بۆ ڕەواندزو بە نزیکبونەوەی شێخ مەحمود لە ئوزدەمیر ئەوەندەی تر لە بەرچاوی خەڵق شیرین بون و، گەلێ کەسی تریان لێ نزیك بۆوە. لەبەرئەوە بەم چونەی ئێمە ئەکجار کەوتبوە خۆشی و زۆر بە کوڵ و دڵ خزمەتی ئەکردین و بە دەورمانا ئەهات، بەڵام ئێمە دڵمان لە لایەکی تربو و بیرمان لە شتێکی تر ئەکردەوە، لە دوای هاتنی ئێمە بۆ ڕەواندز ئەبێ ئینگلیزەکان چۆن لەگەڵ شێخ مەحمود بجوڵێنەوەو سلێمانی بکەوێتە چە وەزعێك لەگەڵ ئوزدەمیرو لەگەڵ زابتە تورکەکان لەم لایەنەوە قسەو باسمان ئەکردو هەر یەکە بە جۆرێك لێکمان ئەدایەوەو خەیاڵمان بۆی ئەچو-!

ئوزدەمیر ئەیوت: ***"ئەگەر هات و ئینگلیزەکان هێزێکی وایان نارده سەر شێخ مەحمود کە نەتوانێ بەرامبەری بوەستێت ئەبێ بە خۆی و هێزەکانییەوە هەرێمی سلێمانی بە جێبێڵێت و بێتە ڕەواندز ئەوساکە لەگەڵ هێزی تورك لە ڕەواندز بەرامبەری ئینگلیز ئەوەستن و لە کاتی زۆر بۆ هاتن و پێویستدا بە یەکەوە ئەکشێنەوە تورکیا"*** خۆی ئۆزدەمیر وای ئەگەیاند کە ئەمانە بەرامبەر هەمو بە خەیاڵدا ئیحتمال دائەنێ ئەگینا لەو باوەڕەدایە کە ئینگلیز لەو وەختەدا بۆی ناکرێ هێزێکی گەورە بنێرێتە سلێمانی و ئەگەر هات و ناردیشی شێخ مەحمودو ئوزەدمیر بە یارمەتی عەشایەری کورد کە بەشی زۆری لەگەڵیانە ئەتوانن بەرامبەرییان بکەن و بەڵکو ئەتوانن کوردستانی عێراق بە جارێ ڕاست بکەنەوەو بیکەن بە گژیانداو بە ئەنجام لە ولایەتی موسڵیان بکەنە دەرێ. ئەوەشی لە بیر نەئەچو کە بڵێ ئەو فیرقە عەسکەرانەی لەو دیو سنوری عێراقەوە ئامادە کراوە بۆ داگیرکردنەوەی موسڵ، بە زۆر یا بە ئاشتی تا ئەو سەعاتەی ئەمری هەڵمەتدان بۆ سەر موسڵ وەرئەگرێت ئامادەیشە بۆ بەهێزکردنی لەشکرەکەی ئوزدەمیرو شێخ مەحمود بە هەمو جۆرە چەك و سوپاوە بۆ ئەم دو هێزە یەکگرتوە. دوای ئەمانە ئەگەڕایەوە سەر ئامانجی کوردو شێخ مەحمودو ئەیوت: ***"ئەگەر خۆشبەختی***

*داگیرکردنەوەی موسڵ بەم جۆرە ڕێکەوێت و بە ئەنجام بگا ئەوساکە ئەم کارە بۆ لەشکری گشتی تورك نامێنێتەوەو ئەم خزمەتە گەورەو بەنرخەی شێخ مەحمود ئەبێتە هۆی سەرگرتنی تەقەلاکانی ئوزدەمیر لە لای حکومەتی ئەنقەرە بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە عێراقدا لەژێر خدێوییەتی شێخ مەحموددا"* .

فەتاح لە "ئەوەت ئەفەندم- بەڵێ قوربان" بەولاوە هیچی لە دەم نەئەهاتە دەرەوە. من ئەوەم ئەویست لە ئوزدەمیر بگەیەنم کە شێخ مەحمود کابرایەکی سافیلکەو خۆشباوەڕ نیەو بە هەمو دوعایەك ناڵێ ئامین. ئوزدەمیر نزیك بە قوڵ لێکدانەوە نەئەکەوت و بە هەمو بارێك مەسەلەی ئەبردەوە سەر دین و موسڵمانەتی و بە ئاشکرا پێی ئەوتم: *"شێخ مەحمود وەکو تۆ لێکی ئەدەیتەوە سەودای میللییەت و کوردایەتی لە سەرا نیەو لە پێش هەمو شتێکا موسڵمانێکی پاك و دۆستێکی بێ کەم و زیادی تورکە"* . گەیشتە ڕادەیەك وتی: *"تۆ بۆ مەبەستی خۆت ئەتەوێ شێخ مەحمود بکەی بە کوردێك کە شوێن سەربەخۆیی کوردستان کەوتوەو بەس"* هەتا بۆ ئەوەی تێم بگەیەنیت کە من کوردێکی نیشتمانپەروەر واتا (کوردێکی دوژمنی تورك و یا خاینم) وتی: *"وا ئەزانم کە ڕەفیق حیلمی شاعیریش هەر تۆی، چونکە لە بیرمە لە غەزەتەیەکدا شیعرێکی "ڕەفیق حیلمی" ناوم خوێندۆتەوە کە ئەمە چەند بەیتێکی ئەو شیعرەیە:*

مەسقەتم در مەسکەنم در مەدفەنم

کیمسە کوردستانمەیان باقمەسون

آقمایورسە چاغلایانلر کوردایچن

ایستەمەز من بعد اصلا اقماسون.

کە ئەم شیعرانەی خوێندەوە ئەوانەی لەوێ بون هەمو ڕویان کردە من و بەرامبەر بەم پلارگرتنەی ئوزدەمیر بە زەردەخەنەیەکی شڵەژاوەوە تەماشایان کرد، منیش بۆ جاری یەکەم وەك فەتاح وتم *"بەڵی قوربان- ئەوەت ئەفەندم"* [6].

---

[6]ئەم شیعرە تورکیە ڕاستە هی منە، لە بەشی تورکی غەزەتەی بانگی کوردستاندا بڵاو کرابۆوە، ماناکەی ئەم دو بەیتە ئەمەیە "کوردستان جێگەی لەدایکبونمە نیشتمانمە، گۆڕمە، لەبەر ئەمە

## ٧٦

شەوێك لەگەڵ ئوزدەمیر لە ماڵی یەكێك لە ئەشرافی ڕەواندز لەسەر زیافەت بوین، لەناو خۆماندا باسی ئەو فڕۆكانەمان ئەكرد كە بیستبومان لە پێش دو ڕۆژ چوبونە سەر سلێمانی، لەو كاتەدا دو سواری شێخ مەحمود یەپا بون‌و نامەیەكیان بۆ هێناین. بەیاننامەیەك كە لە لایەن فڕۆكەكانەوە بۆ شێخ مەحمود خرابوە خوارەوە لەناو نامەكەدا بو، لەم بەیاننامەیەدا ئینگلیزەكان هەڕەشەیان لە شێخ مەحمود ئەكردو بۆیان نوسیبو كە خۆی‌و هەیئەتی حكومەتەكەی لە ڕێگەی چەمچەماڵ‌و كەركوكەوە بچنە بەغداو خۆیان بهاوێژنە بەر ڕەحمەتی حكومەتی بەریتانیاوە. شێخ لە نامەكەی كە خۆی بۆ ئێمەی نوسیبو ئەیوت كە بەرامبەر بە ئینگلیزەكان بە خۆی‌و سمكۆ تەرتیباتێك كە بە باشیان زانیوەو پێویستە، جێبەجێیان كردوەو ئەمری بە ئێمەش ئەكرد كە ئیتر لە ڕەواندز چاوەڕێ نەكەین‌و دەسبەجێ بكەوینە ڕێ بۆ ئەنقەرە.

دوای ئەم نامەیە، لە لایەن ئوزدەمیرەوە بۆ هاوڕێی ئێمەو بە ناوی نوێنەری توركەكانەوە فەوزی بەگی یوزباشی‌و ڕەمزی بەگی قائمقامی پێشوی كۆیەو ڕەواندز، ئامادە كران‌و لە دوای دو ڕۆژ من‌و فەتاح‌و ئەحمەد تەقی بە ناوی شێخ مەحمودەوە،‌و فەوزی‌و ڕەمزی بە ناوی ئوزدەمیرەوە، بوین بە هەیئەتێكی پێنج كەسی لەگەڵ چوار نەفەری تورك كە خرایە تەكمان‌و لە ڕێگەی دەربەندو "زینوی شێخ"ەوە كەوتینە ڕێ، ڕاستەوڕاست مەفەری ئەوەمان نەبو كە لە سنوری توركیا بچینە ژورێ، بەفر ڕێگەی گرتبو. بە تایبەتی لەبەر سەختی زستانی توركیاو لەبەر نەبونی ڕێگەوبانی گشتی‌و هۆی باشی هاتوچۆ لەو ناوچەیەدا بڕیارمان دابو كە بە ئێران‌و لە ڕێی ورمێ‌و تەورێزەوە بڕۆین، چونكە لەم ڕێگەیەدا وەكو

---

نامەوێت كەس بە تیلای چاو تەماشای بكا، ئەو تاڤگانەی بە شاخەكانی كوردستاندا دێتەخوارێ، ئەگەر بۆ كورد نەبێ هەر نەبێ، پێی ناوێ ئیتر با نەیەتە خوارەوە.

ئەیانوت تەنیا زەحمەتی ئەوەمان لە بەرا بو کە لـە "زینـوی شێخ" تێپـەڕین و بچین بە دیوی ئێراندا. وەنـەبێ ئەمـەیش کـارێکی ئاسـان بێ. چونکە ناوبانگی (زینـوی شێخ)ی بەینی ڕەواندزو شنۆ ی ئێران بوە بە داستان. سامو گرنگی ئەم "زینـوی" کوشـندەیە لـە چاو خـەڵقی ئـەم هەرێمـە لـە ناوبـانگی دەربەنـدی "قۆتـۆر" بـە لای خـەلقی هـەرێمی وان یـاوەکو ناوبـانگی دەربەنـدی "شـەپکە"ی کێـوە بـەرزەکانی "کارپات"ە لە بەڵقان. لەبەر ئەمە پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ لە ڕەواندز سەرو جوت کاڵەو پێتاوی کوردیمان کڕیو ناڵی وڵاخەکانمان تازە کردەوە نەفەرە تورکـەکانی خرابونـــە تـــەکمان ئـــەوانیش پـــڕ هەگبەیـــەك نـــاڵ و بزمـــاری زیـــادو ئەســـبابی "ناڵبەندی"یان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبو.

بێجگـە لەمـەیش چـەند زەلامێکـی گـورج و گـوڵ بـە بێـڵ و خاکـەنازەوە کەوتنـە پێشـمان و دێهاتـەکان ئاگـادار کـران بۆئـەوەی لـە کـاتی تەنگانـەو لێقەومانـدا بـەفریامان بگـەن. بـەڵام سـوپاس بـۆ خـوا لـە دەربەنـد بـەبێ زەحمـەتێکی ئـەوتۆ تێپەڕین و لە دەمە دەمی بانگی ئێوارەدا گەیشتینە "زینـوی شێخ" ئەو زینـوە کە وەکو ئەیانگێڕایەوە کە هەمو زستانێك چەند کەسێکی تیا ئەفەوتێ ڕەق ئەبێتـەوە لەوانـەی کە بە ناچاری لـە دەمـی زسـتاندا ڕێیـان ئەکـەوێتێ کـەمیان بە زینـدویی ڕزگاریان لێی ئەبێ. ئەڵێن خوا بۆ هەمو دەردێك دەوایەکی داناوە، ئەمە شکی تیا نیـە، تەبیعـەت کـە خـوا نیزامێکـی داوەتـێ و قـانونێکی بـۆ دانـاوە یـاوەکو هەنـدێ فەیلەسـوف ئـەڵێن زادەی هێزێکـی کـوێر نیـە تەماشـا ئەکـەی لـە جێیـەکی وەکـو حـەوزەی ئـەمازون کـە نەخۆشـی لـەرزوتا بـە هـۆی زینـدەوەرێکی بچـوك بـڵاو ئەکاتـەوە، هـەر لـەو جێگەیـەدا داری "(گەنەگەنـە" پـێ ئەگەیـەنێ کـە بەرەکـەی دەرمانە بۆ لەرزوتا. من وا ئەزانم کە ئەمە شتێکی هەڵکەوت نییـە بـەڵکو کردەوەی دەسی ئەو تەبیعەتەیە کە ئەڵێن کوێر نییە.

ئنجا لە دوای بڕینی "دەربەند" گەیشتینە بەر "زینوی شێخ"و لە دەرگای ئەم دەربەندەدا واتا لەم جێگە سەختەو لەم هەرێمەدا کە بە زەمهەریری دەمی زستانی ناوبـانگی دەرکـردوە، بـۆ گەیشـتن بـە فریـای ئـەو بەختڕەشـانەی کـە ناچـاری لـە

زستاندا ئەیانخاتە سەر ئەم ڕێگە سامناکە، خانەوادەیەکی کوردی موسڵمانو میوانپەرست جێنشین نەبوەو پاسەوانی لێقەوماوانی ئەم سەرەڕێ سەختو گرنگو بەشەڕ لەناوبەرەی نەگرتۆتە ئەستۆی خۆی. لەژێر باو بارانا دە سەعات بە پێ ڕۆیشتنو لەناو بەفرا تا ئەژنۆ چەقینو دەرچون بهێننە بەر چاو، ئەو وەختە تێئەگەین کە دوای ماندوێتیەکی وا ئارام لەبەر بڕ، لەپەر هەلاَوی ئاگرێکی بێ دوکەڵی کورەی دیوەخانێکی بێ سروەو پاکو تەمیزا دانیشتنو لەبەر سێرەی سەماوەری وەرشاوا چای لەعل ڕەنگی گەرمو بۆن خۆش خواردنەوە شتێکی چەند بەتامەو سەعاتێکی چەن فەرەح بەخشە، ئەو شەوە دوای سەرماو سۆڵەی ڕێی دەربەندو ماندوەتی بە پێ ڕۆیشتنێکی دورو درێژو لەناو بەفراو چەقینو دەرچونێکی لە تاقەت بەدەر لە دێی "زینوی شێخ" لە ماڵی شێخ عبیداللەی نەوەی شێخ کەمالی بەناوبانگ بە جۆرێك حەساندیانینەوە کە تا مردن تامو لەزەتی لەبیر ناچێتەوە، جلوبەرگمان کە بێجگە لە بارانێکی شەستە ڕەهێڵە لەناو لیتەی قوڕو بەفریشدا ببو بە "سەرەویر" هەر بەو شەوە شۆراو لەبەر ئاگری داربەڕوی وشکی ناو کورە، وشك کرایەوە، خۆمان جلی ناو جێگەمان لەبەر کرد دوای ئەوە لەناو ئاوی گەرمی ناو سوێنەدا دەسو پێو سەری تەزیومان شێلراو خوێنی گەرمی تێ زایەوەو چیکڵدانەکانمان کە لەبەر سەرماو سۆڵەو ماندوەتیو برسیەتی لە پێش سەعاتێکا کەوتبوە تەمورە لێدان بە "ناوساجی"ی گەرمو نەرمو کەبابی مریشكو قبوڵی چەوری بە ڕیەهەنار، لە نەغمە سازی کەوت ئینجا لەناو نوێنی ئاوریشمو قبوڵی چەوری بە ڕیەنار، لە نەغمە گوتیو زۆری پێنەچو فریشتەی خەوێکی گرانی خۆش باڵی بەسەرا کێشاینو ئاگامان لە دونیا بڕا.

بەیانی کە چاومان هەڵهێناو لە خەو خەبەرمان بۆوە بەسەرهاتی ڕۆژی پێشومان وەکو خەو ئەهاتە بەرچاو، دوای چایو بەرچاییەکی زۆرو پوختەو بەتامو لەزەتو خواردنەوەی چاو قاوەیەکی پاكو تەمیز، کەوتینە خۆکۆکردنەوەو بۆئەوەی لە سنوری ئێران بچین بەودیوا ئەبو ئەم گەروە سامناکە واتا زینوی شێخ ببرین. شێخ عبیداللەو شێخ عەلائەدینی خەلانی برای هەمو شتێکیان لێك دابۆوە،

"تێشـو"ێکـی زۆر بەلـەزەتیان ئامـادە کردبـو و خسـتبویانە نـاو هەگبەکانمانـەوە، ئیتر کـە دیوەخـانی "حاتـەمی کـورد"مـان بەجێهێشـت، بیسـت سـواری لاوی وەکـو بێچوە شێری پێش خستین، تاوتـاو لـەناو بـەفرە زۆرەکـەی "زینـوی" ڕێگـەیان بـۆ ئەکردینەوە، ئەو ڕۆژە بـە هـۆی ڕەنج و تەقـەلای ئـەو لاوە لەشسـوک و ئازایانـە، و لـە سـایەی حەسـانەوەی بـاش و تـەواوی شـەوی پێشـومان لـە مـاڵی شـێخ عبیـداللە، ڕێگەی سامناکی "زینوی"یشمان بە بێ زیان بردە سەر.

دیسـانەوە لـە تەبیعـەت ئـەدوێین، شـتی وا هەیـە کـە زۆر جـار ئەبێتـە هـۆی کارەسـاتێکی خـراپ و مـاڵ وێرانکـەر بـەڵام هـەر ئـەو شـتە کـە وا بـەم ڕەنگـە مایـەی لێقەوماوییە بۆ هەندێك لەوانەیە کە لە لایەکی تراو لە شوێنێکا کـە بـە بیرا نایـەت ببێتـە خۆشـی و مایـەی ڕزگـاری بـۆ هەنـدێکی تـر، ئێمـە لـەم ڕۆژەدا کـە بـە "زینـوی شێخ"دا ئەڕۆیشتین و ئەو دڵۆپانەی بە لوتمانا ئەهاتە خـواری ئەیبەسـت و ئـەبو بـە شوشـە سـەهۆڵ، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا لـە خـوا ئەپاڕاینـەوە کـە هـەتاومان لێ دەرنەکەوێت تا لە زینوی ئەچینە دەرەوە و هەر بەفر ببارێ و گڤەی بـا لـە کـارا بـێ، چـونکە ئەگـەر بـەفرو بـا بوەسـتایە و خوانەخواسـتە هـەتاو لـەژێر هەورەکانـەوە دەرکەوتایە لەوانە بو بەبێ زیان زینوی نەبڕین، چونکە ئەو بەفرەی کە بەسـتبوی و وەکو شەقام بەسەریا ئەڕۆیشتین لـەژێر تیشـکی ڕۆژا خـاو ئـەبۆوە و جـاری وا هـەڵ ئەکەوت تا تەوقی سەرمانی پیا بچێتە خوارێ، بەڵام سوپاس بۆ خـوا کـە سـەختی تەبیعەتی ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە بوبو بە خێرو مایەی خۆشی خۆشی. لەبەر ئەوە وەکـو ئاسك بە گورجی و لەشسوکی ڕێگـەمان ئـەبڕی و تـا نیـوەڕۆ ماوەیـەکی ئەوەنـدەمان نەمابو کە لە سنوری عێراق بچینە دەرەوە، واتا ترسـی ئەوەمـان نەمـا کـە لـە زینـوی شەومان بەسەر سەرا بێت چونکە لـە شـەوی زسـتانا لـە زینـوی ڕەنگـە ورچـیش بـە زەحمەت بژی.

ڕۆژ وەك بەزەیی بە ئێمـەدا هاتبـێ و بـۆ ئـەوەی بـە تیشـکی ڕوخسـاری شـیرینی نەمانکوژی تا نزیك نیوەڕۆ لـە پشـت هـەورێکی ئەسـتورەوە "عـەڕادە"ی خـۆی تـاو

دا، بەڵام لە پشت پەردەی نازەوە قنجی ڕەوتی وەك ئاسکی ئێمەی بەدی کرد ڕوبەندی هەوری تۆزێك لادا، گۆشەیەکی ڕوخساری نازەنینی بۆ دەرخستین، لە ماوەی سەعاتێکا بەم نیو نیگایە کارێکی بەسەر ئێمە هێنا خوا بە بەشی هیچ کەسێکی نەکاو ئەو کارەساتەی کە لەناو دەریای لیتەو قوڕاوی بەفرا بەسەر ئێمە هات لەوانە نییە بە دەم بگێڕرێتەوە ئاخری بە یارمەتی خوا تەنگمان بە زینوی هەڵچنی و لە تەپۆڵکەو یا کۆسپێك کە تەبیعەت لە دیوی ئێرانەوە کردویە بە دەرگا بۆ ئەم زینوی سەرکەوتینە سەرەوە. لەوێ لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە کە ئەڕوانی بە دەشتی پان و ئاوداری شنۆدا نەسیمێکی ساردو بۆن خۆشی ئێران دای بە دەماخمانا. ئیتر لەو کۆسپەوە بە دیوی کوردستانی ئێراندا چوینە خوارەوە.
ئەسپەکانمان کە دو ڕۆژ بۆ لەبەر سەختی و ناخۆشی ڕێگە هەر بە دوای خۆمانا ڕائەکێشا لەگەڵ ئەوەیشا لەتاو ماندوێتی لەوێدا میزی خوێنیان کرد بە خۆیانا، ئێمەش هەر یەکە لە عاستی خۆمان و بە بێئەوەی دەسەڵاتێکمان تیا بێ لێی کەوتین و پێمان لێ ڕاکێشا، بەڵام دوای تۆزێك حەسانەوەو کەمێك خواردن ئەو تێشووەی پێمان بو و سەرو جگەرەشمان کێشا، ئنجا بۆئەوەی نەکەوینە شەو، بە ناچاری خۆمان هاویشتە سەر پشتی ئەسپەکانمان بە کۆسپەکەدا چوینە خوارەوە بەرەو دەشتی پان و هەزار بە هەزاری پڕ لە ئاوی چەمەن و گوڵزاری شیرینی شنۆو لەژێر تیشکی گەرمی خوێنبزوێنەری ئافتاوی کوردستانی ئێراندا بە سواریی ڕێگەمان بڕی تا گەیشتینە دەورو پشتی شاری شنۆ.

ئەو ڕۆژە دەسماڵی زێڕینی هەتاو لە سەرمان جیا نەبۆوەو خوڕەی ئاوی وەك بلورو ساردو بێگەردی جۆگەکان وەك مۆسیقایەکی سروشت لە گوێمان نەبڕا، چیمەنە سەوزو ناسکەکانی ئەو دەشتە ئەتوت فەرشی زمروتە، گوڵی ڕەنگاوڕەنگی گوێ ئاوەکان پەراوێزێکی نەخشینی پێوە نابو، بەهاری کوردستانی بە هەمو جوانی و تریفەوە خستبوە بەرچاو، ئەسپەکانمان بە ڕەوتێکی ڕەوان و کەیف و خۆشییەك کە ئێمە هەستمان پێکرد بەسەر ئەم چیمەنە سەوزو ناسکەدا ڕێگەیان ئەبڕی. تیشکی ڕۆژ کە لەناو ئاورنگی وەك مرواری لە

ڕوی ئەم چیمەنەدا وەك پرچی ئایشێ و فاتمە لە هەمو ڕەنگە ئەدرەوشایەوەو بە زمانی حاڵی خۆی تێی ئەگەیاندین کە خاکی شیرینی کوردستان شایانی ئەوەیە هەمو کوردێك خۆی لە ڕێدا بەخت بکا.

شنۆ لەسەر ڕێگەکەمان نەبو، بەلای دەسی ڕاستا نزیکەی سەعاتێك لە ڕێگەکەمانەوە دور بو لەبەر ئەوە نەچوینە ناو شاری شنۆو لەسەر ڕێ لە نوقتەیەکی پۆلیسی ئێران لامان دا، ئەفسەری سنور کە پلەی سوڵتان (یوزباش)ی هەبو بە بیانوی پرس بە گەورەی خۆی لە شنۆ ئەیویست لەوێ ڕامانگرێ و بە قسەی خۆی هەر لە ئێوارەوە نامەی بۆ ناردوەو لە هاتنی ئێمە ئاگاداری کردبو، شەومان لە نوقتەکەدا ڕابواردو ماندومان حەسایەوە. بەیانی دوای چاخواردنەوە لەو ناڵە زیادەی پێمان بو بەشی پەلە خاوسەکانی ولاخی سوڵتانمان لێ داو بە ناوی بەخشیش دە "تارانی"شمان نایە مشتی دو نەفەرەکەی نوقتەکە، ئیتر بێ ئەوەی پرسی هاتنەوەی یا نەهاتنەوەی وەڵامی گەورەکەی شنۆی لێ بپرسین یا ئیزنی لێ بخوازین سواری ولاخەکانمان بوین و کەوتینە ڕێ، شنە شنی نەسیمی بەیانی بەهار بو بۆنی عەتری گوڵ و ڕێحانە-کێوی، گیانێکی تازەی ئەکرد بە بەرا، لەژێر پێمانا فەرشی نەرمونۆڵی چیمەنی سەوزو ڕو بە ئاورنگی وەك مرواری، قەراغ ڕێگەکانەوە بەناو گوڵ و چیمەنا، خشەی ئاوی بلورینی جۆگەکان و ناوبەناو هاژەهاژی ئەو تاڤگانە کە لە قەد کێوەکانی بە بەفری سپی وەك چۆڕی شیر داپۆشراو ئەڕژایە خوارەوە، جریوە جریوی چۆلەکەو باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ، ئاوازی بولبول لەژێر گومەزی شینی بێگەردی ئاسمانا چاو ئەندازو سەیرانگایەکی هیندە شیرین و پڕ نەشئە، هێند بە زەوق و گیان بزوێنەری لێ پەیا بوبو کە بە بیری هیچ شاعیرێکا نەیەت، خولاسە بە تەنیا وشەیەك ئەتوانین بڵێین کە تەبیعەت لە کوردستانی (ئێران)دا موژدەی نزیکبونەوەی نەورۆزی پێ بو. لە شنۆ بەولاوە ئێمە بەناو پارچەیەك بەهەشتا ئەڕۆیشتین.

## ٧٧

## شاری ورمێ

دوای جیابونەوەمان لە ڕەواندز بە حەوت ڕۆژ (حەوت مەنزڵ) گەیشتینە شاری بەناوبانگی ورمێ. لەم ڕێگە خۆش و چاو ئەندازە شیرینانەدا ئەوی بە داخێکی دەرونیەوە ئەکەوتە بەرچاو، کەساسی و هەژاری خەڵقی وڵاتەکە بو، ناوبەناو توشی کاروانی و ڕێبوار ئەهاتین، بەشی زۆری ئەم ڕێبوارانە، بە ژن و پیاوەوە ڕوت و قوت و پێ–خاوس بون، یا بە هەندێ پەڕو پەڵاسی شڕو چڵکن هەندێ جێگەی لەشیان پۆشیبو، تێگەیشتن لە برسیەتی و نەخۆشی ئەم خەڵقە بێخاوەنە کە لەژێر چەپۆکی خاوەنێکی بێگانەو خوێنمژا کەوتبونە ئەم حاڵە پەرێشانە، پێویست بە زانایی و پسپۆڕی نەبو. لە هەزارا یەکێکت نەئەدی کە تێر بێ یا پۆشتە، لەم وڵاتە خۆش و پڕ لە خێرو بەرەکەتەدا، لەم بەهەشتی سەر زەمینەدا داخەکەم دۆزەخیەکان زیندەگانیان ئەکرد.

ورمێ (ارومیە) نزیك بە گۆم یا "زەریاچەی ورمێ"یە. شارێکی بچوك و زۆر خۆش و دڵگیرە، کوچەو بازاڕێکی ڕێك و پێك و پاك و خاوێن و ئاو هەوایەکی سازگاری هەیە. لە هەمو جۆرێك خواردەمەنی تیا دەس ئەکەوێت، شاری ورمێ بە کاروانسەرا گەورەو جوانەکانیا دەرئەکەوێت کە ناوچەیەکی بازرگانییە، بێجگە لەمەیش ناوچەی ولایەتێکە هەر بە ناوی "ورمێ"وە. بەوەدا کە کاروان و هاتوچۆکەران لە دەرگایەکی تایبەتی گەورەوە ئەچنە ناو شارەکەوە دەرئەکەوێت کە شارەکە بە شورە چواردەوری دراوە، خەڵقی شار بە کوردی و تورکی قسە ئەکەن کەم و زۆر فارسیش ئەزانن لە کاتی بەختیاری سمکۆدا ئەم وڵاتە هەموی لەژێر حوکمی شکاکدا بو. بەڵام زۆر بە داخەوە ئەیڵێم کە خەڵق لە سمکۆ زۆر بە گلەیی بون، لە هەمو هەڵکەوتێکا بە کزەی دەرونەوە باس و هەواڵی دەوری سمکۆو زەبرو زەنگیان ئەگێڕایەوە. من بە ناوی ئەوەی کە کوردێك بوم زۆرم لاگران بو کە قارەمانێکی کورد لە وڵاتی خۆیدا ناوێکی وای بەجێ هێشتبو.

لە ورمێ حکومەتی تورك شابەندەرخانەی هەبو، لەبەر ئەمە بۆ کاروباری سەفەرمان "شابەندەر"ی تورك هەوڵی بۆ ئەداین، بەڵام "کوماندانی ناوچە"ی ورمێ زۆر تەگەرەی ئەخستە ئیشەکەمانو ئەیویست تەگەرە بخاتە ڕێگەمان، بە قسەی خۆی لە حەربیەی ئەستەموڵ خوێندبوی‌و تورکەکانی زۆر خۆش ئەویست، وەکو تریش تا حەز کەی قوماربازو دو ڕو و زمانلوس بو، وام بۆ دەرکەوت کە بەرامبەر بە ئێمە (کورد) بیرێکی باشی نەبێ‌و شتێکی خراپی لە ژور سەرا بێ، سێ ڕۆژی بە تەفرەدانو درۆو دەلەسە لەگەڵ بردینە سەر. ئێمە بە گەیشتنمان بۆ ورمێ ئەسپەکانمان فرۆشتبو و بڕیارمان دابو لە زەریاچەی ورمێوە بە پاپۆڕ بپەڕینەوە.

من ئیتر تەواو پەست ببومو توانای ئەوەم نەما زیاتر خۆم بگرم. بڕیارم دا کە درۆو ڕاستی کابرای کوماندان تاقی بکەمەوە. ئەو ئێوارەیش لای "شابەندەری" تورك بانگ کرابوین، پێشئەوەی بچینە لای شابەندەر نامەیەکی بچوکم نوسی بۆ والی‌و کردەوەی کابرای کوماندانم تێگەیاند. هاوڕێکانم بەرهەڵستییان ئەکردو نەیانویست کە نامەکە بنێرم، بەڵام بە قسەم نەکردنو بە پۆلیسێکی سەرەڕێدا نامەکەم ناردە ماڵی والی، بە ناوی خۆمەوە. هاوڕێکانم لەوە ئەترسان کە ئەم کردەوەیە ببێتە هۆی توڕەبونی کوماندانو دواکەوتنی سەفەرەکەمان.

شەو لە ئوتێل زۆر خۆشمان ڕابواردو خواردنەوەیەکی زۆرمان خواردەوە، لە درەنگوەختا یەکێك لە غوڵامەکانی ئوتێل هاتو پێی وتین کە کوماندان لە ژوری ئینتزار ئەیەوێت یەکێکمان بچینە لای‌و قسەمان لەگەڵ بکات ئەحمەد تەقی لەناو ئێمەدا نەیئەخواردوە، ئەومان ناردە لای، ئەوەندەی پێ نەچو (ئەحمەد) گەڕایەوەو چەند کاغەزێکی بە دەستەوە بو، والی وەڵامی نامەکەی منی نوسیبۆوە لەم نامەیەدا بەرامبەر بە خۆمو هاوڕێکانم زۆر بە زمانێکی شیرینو ناسك ئەدواو سەلامو نەوازشێکی زۆری پێشکەش ئەکردینو دوای ئەوەی ئەیوت:

*"یەکجار ئەوە جێگەی داخە کە لە هاتنی ئێوە لە وەختا ئاگادار نەکراوم کە واجبی میوانداری بەجێ بێنمو بە سەرلێدانتان موشەرەف ببم. ئەگەر ئێوە*

*پەلەتان نەبێ و بتوانن ڕۆژێکی تریش لێرە بمێننەوە زۆر بەختیار ئەبم و هیچ نەبێ تەنیا ڕۆژێك لە سوحبەتی ئێوەدا بەسەر ئەبەم، ئەوا لەگەڵ ئەم نامەیەدا هەرچی کاغەزو وەسیقەیەك پێویست بێ پێشکەشتان کرا، بێجگە لەمەیش، گەمێی "ئازادستان" کە ئامادەیە بەیانی زو بکەوێتە ڕێ ئەمری پێ کرا کە تا ئێوە ڕێ ئەکەون و ئەچنە "ئەسکەلە-مینا ء" چاوەڕێتان بکا و جێگەی شایستەتان بۆ ئامادە بکا. ئەمریش بە ڕەئیسی شار دراوە کە بەیانی دو پایتون (عەرەبانەی داخراو)ی تایبەتی بنێرێتە ئوتێل کە پێی بچنە ئەسکەلە".*

بە ڕاستی هەمومان لەم کردەوە شیرین و گورجانەیە سوپاسی "والی"مان کردو قەت بە خەیاڵمانا نەهاتبو کە لە وەڵامی نامەیەکی بێ نرخی غەریبێکی وەکو مندا والی دەوڵەتی ئێران بەم ڕەنگە بجوڵێتەوەو ئەم پیاوەتیە گەورەیەمان لەگەڵ بکا. بەڵام داخەکەم، تەنیا هەڵەیەکی بچوك بو بە هۆی تێکدانی خۆشییەکەمان ئەم (والی)یە بەنرخە لەسەر نامەکەی من دەسبەجێ کوماندانی ناوچە داوا ئەکاو بە ئەو وەسیقانەی کە بە دەسمانەوە بو و دابومان بە کوماندان و ناوو نیشانمان و هۆی[7] چونمان بۆ تورکیا تێ ئەگا، لەسەر ئەوە ئەمر ئەدا بە نوسینی ئەو کاغەزەو ئامادەکردنی جێگە لە پاپۆڕی ئازادیستان، بۆ هاوڕێکانم بە پێی ئەو ناوانەی کە من لە نامەکەما بۆم نوسیبو، بەڵام وا دیار بو کە من نوسەری نامەکە ناوی خۆم لەگەڵ ناوی هاوڕێکانا دا نەنابو، لەبەرئەوە "والی"یش ناوی منی لە وەسیقەکاندا نەنوسیبو.

ئێمە کە ئەبو لە ڕێی ئێران و قەفقاسیاوە بەناو خاکی چەند دەوڵەتێکی بێگانەدا بڕۆین و سەفەرێکی دورو درێژمان لەبەرا بو، ئەقڵ نەیئەبڕی کە بە وەسیقەیەکی ناتەواو ڕێگە بدەینە بەر، لەبەرئەمە بە "ئەحمەد تەقی"م وت کە دوای بەیانی سوپاسی زۆر تایبەتی بۆ جەنابی والی، لە کوماندان بگەیەنێت کە ناوی منی لەبیر چوەو ئەمر بکا کە ناوم بنوسرێت لە وەسیقەکاندا. فەوزی بەگ

---

[7] ئێمە لە وەسیقەکانی بە دەسمانەوە بو لە ڕەواندز لە لایەن ئوزدەمیرەوە نوسرابو، وا درابوینە قەڵەم کە زابتی تورکین و بە ئیجازە ئەچوینەوە بۆ تورکیا.

کە ئێوارە زۆری تەقەلا دا کە نامەکەم نەنێرم، هەڵی دایەوەو وتی *ئەمەی پێ ناوێت و ئەوە نایەنێت کە دوبارە ئەم وەسیقەیە بنێرڕێتەوە بۆئەوەی ناوی تۆی تیا بنوسرێت* وتم: *بەڵام بەبێ ئەوە ئەبێ من لێرە بمێنمەوەو کاری ئەقڵ نییە کە بێئەوەی ناوم لە وەسیقەکەدا هەبێ شوێنتان بکەوم*. بە هەمومان ویستمان کە تێی بگەیەنین و بێدەنگی کەین، لەوانە نەبو. کە شتێکی گرت بە دەمەوە دەسی هەڵنەئەگرت و هەر ئەبو قسەی ئەو بچێتە سەر، من لەبەر دڵی (شابەندەر) گوێم نەدایە چەنەبازی ئەو، ئەحمەد تەقی ش کاغەزەکانی هەڵگرت و چوۆوە لای کوماندان. بەڵام فەوزی نەیبڕییەوەو تا ئەهات شوڵی لێ هەڵبڕی.

"شابەندەر" پیاوێکی زۆر بە شەرم و ئەدەب بو، گەلێکی لەگەڵ خەریك بو و لێی پاڕایەوە بەڵام فەوزی دیار بو کە سەرخۆشییەکی قورس ئەوەندەی تر کەری کردبو. من هاتبومە سەر ئەوەی کە بە تایبەتی ئەیەوێت من تەکدیر بکا، ئەگینا کوڕی پیاوێکی گەورە بو پاشایەکی بەناوبانگ بو، خوێندنێکی بەرزی هەبو، بە ئەڵمانی و فەرەنسزی زۆر جوان گفتوگۆی ئەکرد لەبەر خواردنەوەش بێ ئەوەی کرد، ئێمەش وەکو ئەو خواردبومانەوە ئەو بە خانەخوێش دائەنراو ئێمە میوانی ئەو بوین، وا پێویست بو کە ئەوەندە لە سنوری نەزاکەت و ئەدەب نەچێتە دەرەوە. بەڵام داخەکەم ئەمانەی هیچ نەهێنایە بەرچاو من لە تاو "شابەندەر" کە زۆر تێك چوبو هەر خەریکی دڵدانەوەی من بو، بە پێکەنین و قسەی خۆش بەرامبەری "فەوزی"م ئەکرد، بەڵام ئەو بێهۆشە دەریخست کە خوێندن و جاه گەوهەری ئینسان ناگۆڕێ، و لە "شابەندەر"ی گەیاند کە لە تەربییەیەکی بەرز بەشدار نییە. چونکە لە دوای ئەو هەمو سازندەیی و چەنەبازی و جنێودانە کە بەرامبەر بە من کردی و نواندی هێشتا تەسکینی دڵی نەهاتبو و لەپڕ ڕاست بۆوەو تا هێزی تیابو مستەکۆڵەیەکی کێشا بە سەرما.

ئیتر من لەو پێستەی تیا بوم چومە پێستێکی ترەوە ئەوەم لەبیر چۆوە کە لە مەجلیسی پیاوانا دانیشتوم، بوم بە جانەوەرێك، چاوم ئیتر هیچی نەئەدی. ئەوەندە ئەزانم کە فەوزیم بە شەقێك و زلەیەك خستبوە ژێر مێزەکەوە، هەرچی

خواردنەوەیەك كە مابو لەگەڵ قاپە مەزەكان ڕژابون بەسەرو چاوو لەشیا. یەك دو جار هەڵسایەوە ئەیویست پەلامارم بدا، بەڵام هەمو جارێكیان ئەو شەقو زللەیەی ئەخواردەوە لە ئەنجامدا شل بو و بەلادا هات، ئەو وەختە وەكو لە شەڕە بۆكسا سەركەوتبم، شابەندەر هاتە پێشەوەو دەسی كردە ملم وتی: *"ئەم بێئەدەبە ئەمەی هەڵئەگرت. بە ڕاستی پێم خۆشبو، گەردنی باوكت ئازاد بێ"*.

دوای ئەم شەڕە شەقە ناشیرینە شابەندەر غولامەكانی بانگ كرد، فەوزییان بردە ژورێكی نوستن، ئاگای لە خۆی نەمابو نازانم یا لە شەرما خۆی كردبو بە مردو!، ئێمەیش گەڕاینەوە جێگەی تایبەتی نوستنی خۆمان.

## ٧٨

## لە ورمێ وە بۆ شەرەفخانە

بەیانی زو شابەندەری تورك كە بە ڕاستی نمونەیەكی بەرزی ئەدەب بو، هاتە لامو چوینە جێگەی تایبەتی خۆیو پێكەوە چامان خواردەوە. دوای بەینێك فەوزیش هاتبو و تكای ئەكرد كە ئیزنی بدەین بێتە ژورەوە شابەندەر پرسی بە من كرد وتی *دیارە هاتوە ئاشتت بكاتەوە* وتم: *من ئەبێ ئەو ئاشت بكەمەوە*. شابەندەر خۆی چو هێنایە ژورەوە زۆر بە شەرمەوە. هاتو دەسی كردە ملمو زۆر لۆمەی خۆی كردو سوێندی خوارد كە ئیتر ئارەق نەخواتەوە. دەموچاوی لە چەند لایەكەوە هەڵتۆقیو و، شین بوبوّوە. یەك دو پەنجەی دەسیشی پێچابو ئەیوت پەنجەیەكیان لەوانەیە شكابێ. منیش دڵم دایەوەو وام لە خۆم كرد كە كردەوەكانی شەوێم نایەتەوە بیرو ئەبێ زۆرم خواردبێتەوە، ئیتر بڵێین ئاشت بوینەوە.

دوای سەعاتێكیش بە سواری پایتون ڕومان كردە ئەسكەلە. لە ورمێ وە تا ئەسكەلە واتا سەر قەراغی زەریای ورمێ دو سەعاتێكمان پێچو، لەوێ "قەفتان"ی پاپۆڕەكە هات بە پیرمانەوە، لاوێكی زۆر زرنگو ڕوخۆشو چوستو چالاك بو. گورج دایمەزراندین، و دەسبەجێ پاپۆڕ كەوتە بزوتنەوەو ڕێگەی زەریای گرتە

بەر، ئێمەش لەسەر سفرەی خواردنەوەکە قەفتان بۆی ئامادە کردبوین ڕیزمان بەست. ئەحمەد تەقی هەر نەیئەخواردەوە. فەوزی لەگەڵ ئەو پێکەوە لە قوژبنێکەوە دانیشتن و تەماشای بەحرەکەیان ئەکرد. قەفتان ئەیگێڕایەوە ئەیوت: *ئاوی زەریای ورمێ زۆر تاڵە، ماسی تیا ناژیت. بە کزەبایەکیش ئەکەوێتە شەپۆل و ڕێبوار ئەخاتە سەغڵەتی.* قسەکەی درۆی تیا نەبو، ئەوەندەی پێنەچو شەپۆل و فەرتەنە دەسی پێکرد، بۆئەوەی دڵمان تێکەڵ نەیت و نەرشێینەوە گواستمانەوە کەمەرەیەکی دەستەی خوارەوەی پاپۆڕەکە، ئەمەش کەڵکی نەبو و کەمو زۆر ڕشاینەوەو سەرمان هاتە ژان، بە نیو سەعاتێك نوستن هاتینەوە سەر خۆمان، بەلام بەمە سەرمان سوك بو و ناوسكمان پابۆوە. بایەکەش نەماو ڕوی زەریا وەکو ئاوێنەیەکی بێگەرد ئەبریقایەوە ئنجا لەو (ئارەقی) کشمیشەی کە لێمان مابۆوە دەسمان کرد بە خواردنەوەو کەوتینە خەیاڵێکی تر، بە هەموویەوە چوار سەعاتێك بەسەر زەریاوە ماینەوە، ئیتر گەیشتینە قەراغی خۆرهەلاتی زەریاکەو لەوێ لە ئەسکەلەی بەناوبانگی شەرەفخانە ڕۆژێك پێش جەژنی ڕەمەزان لە "ئازادیستان" هاتینە خوارەوە.

## ٧٩

## لە شەرەفخانەوە بۆ شیستەر

لە شەرەفخانە هەر لە نزیك ئەسكەلەوە لە خانێکا دابەزین، تازە نانی نیوەڕۆمان خواردبو خەریکی نوستن بوین کە ئەفسەرێکی ئێرانی هات و بە ناوی کوماندانەوە داوای ڕەئیسی هەیئەتەکەی ئێمەی کرد.، لەبەرئەوەی کە تەنیا فەوزی بەگ هێشتا خۆی نەگۆڕیبو ئەومان نارد کە بچێت بۆ لای کوماندان ئێمەش کەوتبوینە غایلەوەو پێی وتین کە خۆمان ئامادە بکەینەوە بۆ سەفەر. بە قسەی فەوزی، کوماندان تەلەگرافی بۆ هاتبو کە ئێمە بگرێت و تەسلیمی ئینگلیزەکانمان بکات. فەوزی باوەڕی بە کابرای کوماندان کردبو کە تورکی خۆش ئەوێت لەبەرئەوە نایەوێت ئێمە بدا بە دەستەوە، چونکە بە فەوزی وتبو تا ئێوە لە

شەرەفخانە دور نەکەونەوە لێتان ناپرسینەوە، دوای ئەوەش وەڵامی تەلەگرافەکە ئەدەینەوەو ئەڵێین لێرە نەماون‌و چونەتە تەورێز، لەوێش "سەرشابەندەر"ی تورك تەگبیرتان بۆ ئەکا.

من ئەم قسە بێمانایە نەئەچو بە ئەقڵماو ئەمزانی ئەمانە هەمو چاو و ڕاوە، ئەگینا لەو ڕۆژانەدا لە ئێراندا جارِی ئینگلیز هیچ دەنگ‌و سەدایەکی نەبو لە هیچ کوێیەکەوە دیار نەبو، ڕوسەکان، بە تایبەتی لە باکورو باکوری ڕۆژئاواوە زۆر دەسیان ئەڕۆیشت‌و دەنگیان دلێر بو، تورکە کەمالیەکانیش کە دۆستی هەرە خۆشەویستی ڕوسە "بوڵشەویك"ەکان بو، لای ئێرانیەکانیش قسەیان لە سەرەوە بو لەبەرئەوە ڕێی تێنەئەچو کە ئینگلیزەکان بتوانن بەبێ بەڵگەیەك‌و لەلای حکومەتی ئێران، ئەو ڕۆژە بەرامبەر بە ئێمە شتێك بکەن، بەڵام لەبەر هەر شتێك هەیە وەکو خۆنواندن‌و یا موزێری یا بۆ بەرتیل لە لایەن هەندێ کاربەدەستی پلەی دوەمەوە ئەم چاو و ڕاوەمان لێ ئەکرا. دەسەڵات نەبو، ئێمەش بۆئەوەی ڕۆژێ زوتر ڕزگار بین‌و بگەینە مەبەسی خۆمان سەرمان لە عاستا دائەنەواند. لەبەرئەمە ویستمان لە قسەی کوماندان دەرنەچین‌و بێئەوەی وەخت لە دەس بدەین (شەرەفخانە) بەجێ بێڵین‌و بچینە شیستەر.

بە ڕاستی ئەم سەفەرە ئێمەی زۆر بێتاوان ئەکرد چونکە هەر ئەو ڕۆژە لە ورمێ توشی سەر ئێشەوو دڵ تێکەڵهاتنێکی زۆر هاتبوین‌و گەلێك ڕشابوینەوە، ئێستەش بێ ئەوەی تۆزێك ماندومان بحەسێتەوە یا سەرخەوێك بشکێنین ئەبو بە سواری کەر یا بە پێ بکەوینە ڕێ، بەڵام وەکو وتم چارەمان نەبو پیاومان خستە ناو بۆ ئەوەی چەند وڵاخێك یا کەرمان بۆ پەیا بکەن لە شەرەفخانەوە بۆ تەورێز، ڕێگەی ئاسن (شەمەنەفەر) هەبو، بەڵام لەوێ شەمەنەفەریش بە جەژن کار ناکاو لەبەر هەبونی شەمەنەفەر لەوێوە بو شیستەرو تەورێزو ئەو شارانەی کە لەسەر ڕێی شەمەنەفەرن هۆیەکی تری هاتوچۆ بە زەحمەت چنگ ئەکەوت.

هەمومان لەناو جێگە هاتینە دەرەوەو خۆمان کۆکردەوە، کابرای ئێرانی کە ناردبومان بۆ وڵاخ پەیاکردن، ئەویش دو کەری بۆ گرتبوین بە کرێ‌و هێنانی.

ماوەی بەینی شەرەفخانەو دێی شیستەرمان لە کابرای خاوەن کەر پرسی، وتی بە پێیان چوار سەعاتێکە، لەبەرئەمە بڕیارمان دا کە شتومەکەکانمان لە کەرەکان بکەین‌و خۆمان بە پێ بڕۆین. وەختیش بەهار بو، هەوای سازگاری ئەو ناوە خوێنی بوژاندبوینەوە لەبەرئەوە بە خومانا ڕائەپەرمو کە نەکەوینە ئەوەی لەسەر شتومەکەکانەوە خۆیشمان ببین بە سەرباری کەرەکان. ئەفسەرێکی ئێرانیش لە شەرەفخانە بو ئەگەڕایەوە بۆ تەورێزو شارەزای ڕێگەکە بو، لەبەرئەوە کەرەکانمان لەگەڵ نەفەرەکان لە پێشەوە ڕەوانە کردو خۆیشمان شەقامی ڕاست‌و ڕەوانی شیستەرمان بەپێ گرتەبەر. لە بازاڕی شەرەفخانە هەر بەسەر ڕێوە یەکی بایی "تارانی"یەك کشمیش‌و بادەممان کڕیبو بەڕێوە ئەمانخوارد، ئەو کشمیشە جارێکی تر لە هیچ ولاتێك بەرچاوم نەکەوتۆتەوە.

من وام تاقی کردۆتەوە لە سەفەرا نابێ باوەڕ بەوانە بکەین کە ئەڵێن فلانە ڕێ ئەوەندە سەعاتە یا بەینی فلان دێ‌و فیسارە دێ ئەوەندەیە. چونکە تا ئێستە لەم بابەتەوە هەرچیم بیستبێت ڕاست دەرنەچوە. بە ئێمەیان وت ڕێگەکەمان چوار سەعاتە ئەو ڕۆژە ئێمە یانزە سەعاتی خشت بە ڕێوە بوین، نزیك نیوە شەو ئنجا گەیشتینە شیستەر دێهاتی ئێران لە دێهاتی عێراق ناچێت‌و لەوێ زۆر دێی وا هەیە کە لە لای ئێمە بە شار دابنرێت، کام دێی کە ناوێکی نەبێ لە گەڵ ناوچەی ناحیەو هەندێ ناوچەی قەزاکانی عێراق خۆشترو ڕێکوپێکترە. لە لایەن پاك‌و تەمیزیشەوە دێکانی ئێران لە زۆری شارەکانی ئێمە باشترن، ژمارەی دانیشتوانی هەندێ لە دێکان ئەگاتە پێنج هەزار کەس، هەمو دێیەك بازاڕو دوکانی ڕێکوپێك، قاوەخانە، چاخانە،و ئاشخانەی پاك‌و تەمیزی هەیە.

ئەو کاروانسەرایانەی لە هەندێ دێهاتی ئێراندا هەیە لە هەمو شارێکی عێراقدا نیە. شیستەر دێیەکە لەم نەوعە ئێمە لەبەر ماندوێتی‌و تاریکی شەوەوە بە تەواوی بازاڕو دوکان‌و کاروانسەراکانمان بەدی نەئەکرد، بەڵام لەو پەنجەرانەوە کە بە ڕوکاری کۆڵانەکاندا کرابونەوە تیشکی چراکان هەندێ نیشانەی خۆشی‌و ڕێکوپێکی دێکەو وێنەی خانوەکانی بۆ دەرئەخستین. لە چاخانەیەك بۆ ماندو

حەسانەوە لامان دا، بەو نیوەشەوە نزیکەی بیست کەسێکی تیابو. چاخانەکانی دێهاتەکانی ئێران گەلێکی ئاشخانەشی تیایەو ژوری پاكو تەمیزی نوستنیشی تیا دەس ئەکەوێت، چاخانەکەی ئێمە لەم بابەتە بو، دوای خواردن و چاخواردنەوە هەر ئەو شەوە "پریجقە" عەرەبەی بارمان بەکرێ گرت و خۆیشمان لە ژورێکا ڕاکشاین و تا بەیانی چرکەمان نەکرد.

سبەینێ قاوەڵتی بو کە بریجقەکەمان لە دەشتی *میان دو اب* (میانەی دو ئاو)دا بە تیژی ڕێی ئەبڕی، لەم دەشتەدا من ماتەمینی گرتمی و بیری ڕابوردو و بیری زەمانی شەڕی یەکەمی گشتیم ئەکردەوە. حیلمی بەگی زابت ڕوکنی تورك، لە شەڕی گەورەی یەکەمدا بە هێزێکی بچوکەوە هاتبوە ئێران، لە بانەوە تا سەقزو بۆکان و سابلاخ، شارەکانی خۆراوای ئەم وڵاتەی داگیر کردبو لەهەر یەکێك لەم شارانەی کوردستان دوای ئەمەی کە بە ناهەق گەورەو سەردارەکانی کوردی ئەنا بە نیشانی تفەنگەوەو گوللەبارانی ئەکردن، شارەکانی تالآن ئەکردو دەوڵەمەندەکانی جەریمە ئەکرد. حەمە خانی "بانە"و سەرداری بۆکان لەناو ئەوانەدا بون کە بە گوللەبارانی حیلمی بەگ لەناو برابون. ئنجا حیلمی بەمەوە نەوەستا، ڕوی کردە ورمێ و تەورێز، یەکلەدوای‌یەك چوە ئەم دو شارە گەورانەشەوە، من ئەو وەختە لە ئەستەموڵ ئەمخوێند، ڕۆژبەڕۆژ لەسەر نەخشەی ئێران کە بە ڕوکاری شوشەی کتێبخانەکانی ئەستەموڵدا کرابو هەر شارێکی حیلمی بەگ ئەچوە ناوی لە کاغەز بایەخێکی لێ چەسپ ئەکراو بەوەدا ئاگام لە جەوەلانە قارەمانییەکەی "حیلمی" ئەبو و لە ژێرەوە بۆ بەسەرهاتی بێخاوەن و بێدەسەلآت فرمێسکم ئەڕشت.

ئەم زابتە تورکە بەناو شوێن لەشکری ڕوسەکان کەوتبو، لە خاکی دەوڵەتێکی بێگانەدا شارەکانی ئەو دەوڵەتەی بە بەر چاویانەوەو بە بەر چاوی دونیاوە بە ئاشکرا تالآن ئەکرد، گەورەکانی ئەکوشتن و خەڵقەکەی ئەڕوتاندەوە. کەس نەبو بپرسێتەوە ئەوانەی گیرۆدەی ئەم جەورەو ئەم ماڵ وێرانییە ئەبون هەمویان کورد بون، بەڵام بە دەس "کێ"وە ئەمەیان بەسەر ئەهات و توشی ئەم

کارەساتە ئەبون؟! بە دەس کوردەوە، چونکە لە لەشکری حیلمی بەگ تەنیا تورکێکی تیا بو، ئەویش حیلمی بەگ خۆی بوە! ئەوانی تر واتا لەشکرەکەی حیلمی بەگ سەرپاکی کورد بون.

حیلمی بەگ زۆر لە تەوریز نەمایەوە، هێزێکی سوارەی ڕوس گەیشتە سەری و دەریپەڕاند، لەشکری شکستەی حیلمی کە هەموی کورد بون و لە ڕوسەکان زیاتر لە لایەن کوردە ماڵوێران کراوەکانەوە شپرزە کران لە دەشتی "میاندواب"دا، ئەوەی ئەو سەعاتە ڕزگار ببو ئەویش بو بە ژێر زۆنگاو و لێتەی بەفری زستانەوە لەم دەشتەدا ماتەمینی ئەو سەعاتەی من هەر لەبەر بەسەرهاتی کوردەکانی ئەو هەرێمە نەبو، بۆنەیەکی تایبەتیشی تیا هەبو، "مەلا سەعدی"ی خەڵقی سلێمانی کە لە قەیسەری غەفور ئاغادا دوکانی عەتاری هەبو زۆر بوێژباز بو، بە تایبەتی شیعری "کەلیم-بیٚ دڵ" و شیعرەکانی مەسنەوی و بە لایەوە وابو کە هەمو شیعرێکی مەسنەوی ئایەتەو یا ئیعجازێکی تیایە. مەلا سەعدی پیاوێکی نوێژکەرو موسڵمان و بەئەدەب و یەکجار تەبیات جوان و ڕازی بو بە بەشی خوا. من ئەم ئینسانەم زۆر خۆش ئەویست و زۆرجار ئەچومە دوکانەکەی، مەسنەوی بۆ ئەخوێنمەوە و هۆگری ببوم. ئەم بەسەزمانەش گیرابو بە عەسکەرو لەناو لەشکرەکەی حیلمی بەگدا لەم دەشتەدا بوبو بە ژێر بەفرەوە.

من کە کەوتبومە زەریای ئەم خەیاڵانەوە، وەختێکم بە خۆم زانی کە ئیتر "پریچقە"کەمان لە دەرگای کاروانسەراکەی "میان دو اب" ئەچوە ژورەوە. لە چاخانەکەی کاروانسەراکەدا دابەزین. لەم چاخانەیەدا کە کەم کەس لەسەر کورسی دانیشتبون، من بەینیٚ بە تەماشاکردنی ئێرانییەکانەوە خەریك بوم کە لەسەر سەکۆ بەرزو پانەکانی چاخانەکەدا بە چۆکا هاتبون، ناوبەناو یەکێکی تازە کە ئەهات پێڵاوەکانی دائەکەندو سەرئەکەوتە سەر سەکۆکە، کڕنوشێکی ئێرانیانەی بۆ دانیشتوەکان ئەکرد، ئەوانیش بە جۆرێکی تایبەتی هەمو بە جارێك سەریان بۆ ئەنەواندو سڵاوەکەیان ئەسەندەوە. نیرگەلەو چای یاقوت-ڕەنگی دیشلەمە بۆ ئەویش ئەهات. من لە تەماشاکردنی ئەم تەپلە بەسەرە بە چۆکا

هاتوانەو نەفەس لە نێرگەلە دانیانو دیشلەمە خواردنەوەیان زۆر کەیفم پێ ئەهات دڵم پێی ئەکرایەوە، ئەم تەپلەبەسەرانە کە بە ڕیشی خەناوی سورەوە کە لەسەر مافوری ڕەنگاو ڕەنگ ئەڵقەیان ئەبەست، دیوارەکانی دەورو پشتیان بە ئەنواغی ڕەسمو وێنەی ئەوتۆ ڕازابۆوە کە هەموی بەری خەیاڵی دەوڵەمەندو خەرافات پەرستی تایبەتی ئێرانییەکان بو، من بە تەماشاکردنیان مەجلیسی ئاغاکانی "یەنی چەری"م بیر ئەکەوتەوە کە لە مۆزەخانەی ئەستەمول چاوم پێکەوتبو.

ئێمەش سەرو گلێنە آب گوشت (گوشتاو)مان خوارد، چای دیشلەمەمان بەسەرا خواردەوە، بەڵام ئەبێ بزانین کە گوشتاوی ئێمەو آب گوشتی عەجەم هەر خوایان یەکە، ئەویش هەر لە گۆشتو دوگو پیازو بەهارات ئەکرێت، کە لە قوژبنێکی چاخانەکەدا جێگەی تایبەتی بۆ دروستکردنی آب گوشت هەیە. ئەمەیش لە مەنجەڵ نایکەن، گلێنەی تایبەتی بەسەر ئاگرەوە ڕیز کراون کە هەر یەکە خۆراکێك یا دو خۆراك آب گۆشتی تیا کراوە. نرخی خۆراکێ یا گلێنەیەك لەو ڕۆژەدا بە یەك "تارانی" عەجەم بو، کە نزیکەی بیست فلسی عێراقی ئەکرد، زەلامێك لەو ڕۆژەدا بە خۆراکێ "آب گوشت"و پارەی چاو نێرگەلەو میوەو بەخشیشەوە لە دو تارانی زیاتری تێ نەئەچو کە ئەکاتە چل فلس. داخەکەم من فێری خواردنەوەی چای دیشلەمە نەئەبوم، شەکرەکەشیان لەوانە نەبو کە بکرێتە چاوە، چونکە نوقڵێك بو کە "شیرینی"یان پێ ئەوتو بە زەحمەت لەناو چادا ئەتوایەوە، تامیشی لە تامی شەکری خۆمان نەئەچو. چونکە ئەو وەختە بە هۆی شەڕی گەورەوە لە عێراقو لە ئێراندا شەکری کەللە هەر نەبو، شەکری سپی وردەش بە دەگمەن دەس ئەکەوت. من بە گەنجی وەك زۆر کەسی خەڵقی سلێمانی نێرگەلەم ئەکێشا، لەبەرئەوە بە هەلم زانیو لەو چاخانەیەدا منیش نێرگەلەیەکم داوا کردو بە نەشئەوە دەسم کرد بە نەفەس لێدانی.

## ٨٠
# تەورێز

لە میان دو ئاب بەولاوە شەقامەکەی ئێمەی پیا هاتبوین خۆی لە شەقامێکی تر ئەداو لەوێوە بەلای ڕاستا واتا بە لای خۆرهەڵاتا ئەچو بۆ تەورێزو بەلای چەپا ئەچو بۆ "جولفا" کە ئەکەوێتە سنوری بەینی ئێران‌و ئازربایجانی ڕوسی. ئێمە هەرچەندە ئەبو بە جولفادا بچینە ئازربایجان، بەڵام لەبەر کاروباری پەساپورت‌و وەرگرتنی ویزەی ڕوسەکان بۆ تێپەڕین لە خاکی ڕوس پێویستیمان هەبو بە چاوپێکەوتنی نوێنەرە سیاسیەکانی تورك‌و ڕوس لە تەورێز. چونکە ئێمە تا تەورێز بەبێ پەساپورت هاتبوین‌و دوایی لە تەورێز بەولاوە بە پەساپورتی تورکی‌و ناوی لاعیدە (متنکر) بە خاکی ئێران‌و ئەرمەنی‌و گورجستاندا واتا بە ئازربایجان‌و قەفقاسیادا ڕۆیشتین‌و چوینە خاکی تورکیاوە. لەبەرئەوە جارێ ئەبو بچێنە ئەوێ. ئەو "پریچقە"یەی کە لە شیستەرەوە پێی هاتبوین هی بارو ڕێبواری دێهاتی‌و ئیشکەر بو، زۆر تیا نارەحەت ببوین، لەبەرئەوە پێمان خۆش بو کە ئەگەر پایتونێکمان دەسکەوێت‌و لە "میان دو آب"ەوە بە پایتون بچینە تەورێز، خواوڕاستان لە جولفەوە پایتونێك بە بەتاڵی ئەگەڕایەوە تەورێز، هەلمان لەدەس نەدا، کابرای خاوەنی بە کرێیەکی کەمیش ڕازیبو، شتومەکەکانمان لەگەڵ مەحمودی خاڵماو پیاوەکەی فەوزی بەگ لە پێشەوە ڕەوانە کردو خویشمان بە سواری پایتون، ڕێگەی تەورێزمان گرتە بەر.

لەو ڕۆژەوە کە لە سلێمانی جیا بوینەوە تا ئەم سەعاتە، جاری یەکەم بو کە سواری هۆیەکی گوێزانەوەی شارستانی نەرم‌و سوك ئەبوین‌و دەمەدەمی بانگی ئێوارە بۆ هەفتەی دوەمی مانگی مارتی ١٩٢٢ چوینە ناو پایتەختی شاهەکانی سەفەوی لە شەقامێکی پان‌و دورو درێژەوە بە تەورێزا ئەڕۆیشتین. سەری پایتونەکەمان هەڵدابۆوەو تەماشای ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکەو چاو ئەندازە شیرینەکانی شاری تەورێزمان ئەکرد. گالیسکەو پایتون‌و ئوتومبیل بە هەمو

لایەكدا فڕكەی ئەهات، خەڵقێكی زۆر بەسەر شەقامو كوچەكاندا لە هاتوچۆدا بون، بەشی زۆریان، چە ژن چە پیاو بەرگی خۆرئاواییان لەبەردا بو، هەر خەڵقی خۆرئاوا خۆیشیان گەلێك لە ناو خەڵقەكەدا بون، دوكانو موغازەكان، ئوتێلە جوانو موحتەشەمەكان لەمبەرو ئەوبەری شەقامەكان پلەی شارستانییەتی تەورێزی ئەخستە بەرچاو. لەو دەورەدا ڕەزا پەهلەوی وەزیری جەنگ بو و دەسی كردبو بە ڕێكخستنی سوپای لەشكر، ناوبەناو بە بریسكو هۆڕی نیشانە و (یونیفورم)ی عەسكەری تازەو شیرینەوە ئەفسەرێكی لاو و تازەپێگەیشتو بە تیژیو گورجی تێئەپەڕیو بیری ئەخستینەوە كە (ئێران) خەریكی بێداربونەوەیەو لێرەیشا ڕەزاخانێك پەیا بوەو بە تەمایە چاولێكەری ڕزگاركەرەكانی زەمانی خۆی ئەكا.

بە چاوپێكەوتنی ئەم خەڵقە پاكو تەمیزەو ژیانی شارستانی تەورێز سەرو ڕیشی چڵكنو جلوبەرگی ناڕێكو ناشرینی خۆمان هاتە بەرچاو، خواخوامان بو زو بگەینە ئوتیلێكو خۆمان بخەینەوە سەر وێنەی بەنیئادەم، وامان ئەزانی هەرچی چاوی پێمان ئەكەوێت پێمان پێئەكەنێت، بەینێك بو بە دەشتو دەرو كێوەكانی كوردستانا، بە ناو چاوئەندازە هەرە جوانو ڕەنگینو شیرینەكانی تەبیعەتا ئەڕۆیشتینو هەستمان بە ژیانێكی شیعریو فەلسەفی ئەكرد، ئەوەمان بە بیرا نەئەهاتەوە كە ئاوڕێك لە سەرو شكڵی خۆمان بدەینەوەو هەستمان بەوە نەئەكرد كە ئەم تەبیعەتە شیرینو ئەم كەونە قوڵو گەورەیە ڕەنگبێ بە بێجورمی ئێمەو بە بێنرخیمان پێبكەنی یا لە بەرامبەری ئەو نەشئەو لەزەتەی كە ئێمە لە جوانیو نیزامو ئەندازەیی ئەو وەری ئەگرین، ئەویش لە ئێمە نرخێكی بوێتو چاوەڕوانی بەرامبەرییەك بێت، كەچی تەنیا بەوەی كە هەندێ لە هاتوچۆكەرەكانی شەقامەكانی (تەورێز)و جلوبەرگی لە پەڕۆی بۆیاخاوی دروسكراوو بە سابونو ئاو چڵكی لێ لابڕاومان چاوپێكەوت، وەكو لە دونیایەكی ترەوە كەوتبینە ئەو شارەوە هەستمان بە كەمو كورتیو بێ نمودی خۆمان كردو كەوتینە پەلەی ئەوەی كە ڕوبەرگی خۆمان بگۆڕین تاكو شایستەی ئەوە بین

بچینە ناو ئەم مەسرەحە تازەیەوەو تێکەڵ بە نوێنەر (ممثل)ەکان ببین، چونکە ئێمە لێرەدا هاتبوینەوە ناو ئەم عالەمە کە جێگەی زندگانی مایە (مادە)یە، کە زیندەوەرەکانی هەمو دەمێك خەریکی خۆگۆڕینن بو خۆنواندن (تەمسیل).

ئیتر بە تێکەڵبونمان بەم عالەمە، عالەمەکەی دوێنێمان لەبیر چۆوە. بەڵام لە کانگای دڵی خۆمدا هەستم بەوە ئەکرد کە ئەو عالەمە عالەمی گیانو عالەمی ڕاستیو بەرزی بو و لەو عالەمە بەرزەدا خۆگۆڕینو درۆ بە کەڵك نایەت، چونکە لەو عالەمە پیرۆزەدا پەستیو بچوکی نیەو زەڕەش خاوەنی کەمالە. لە ئەنجامی قسەدا، بە داخەوە ئەڵێم: شارستانیەتی، خۆرئاواییەکان ئێمەی لە ژیانی سادەو بێ فڕو فێڵی تەبیعەت دور خستەوە، بێئەوەی مەترسی هەبێ کە ئێمەی خۆرهەڵاتییەکان بتوانین بە چونە جلوبەرگی ئەوانەوە لە (شانۆ– مەسرەح)ی ژیاندا دەوری خۆمان بە وێنەی ئەوان بەجێ بهێنین.

لە مەبەس زۆر دورکەوتینەوە، بەشەر بە دەس خۆی نیە مەیلی خۆنواندنو دەرکەوتنی هەیە. لەبەر ئەمەش ئێمەش لە (تەورێز) خۆشترین جێگەمان هەڵبژارد لە گەڕەکی ئەرمەنستانو لە "تاش مغازەلەر" کە ڕیزە مغازەو بازاڕو ئوتێلێکە لەسەر تەرتیبی تازەی بەردی سپیو مەڕمەڕ دروستکراونو پێی ئەڵێن تاش مغازەلەر. ئێمە بوین بە میوانی گراند ئوتیل لەوێدا. ئەرمەنی لە تەورێز زۆرن هەمو پێکەوە لە یەك گەڕەك کە ناوی گەڕەکی ئەرمەنستانە ئەژین. ڕیزە مغازەو دوکانو ئوتێلەکانی (تاش مغازەلەر) هەموی هی ئەوانە یا بە دەسیانەوەیە. لە بۆیاخچیەتی پێڵاوەوە تا ئیشی زێڕو گەوهەرچی، گرنگترین کارو بچوکترینی هەمو ئیشێك بە دەس ئەوانەوەیە، لە تەورێزدا چاکترین ژیان ئەژین، بێجگە لەمانە لەناو خۆیاندا تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی ناو خۆیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری تایەفەکەیانو ئەوانەی کە کۆمیتەچی تاشناق یا "تاشناقسیون"یان پێ ئەڵێن، ئەوانیش لە بابەت کاروباری سیاسەتەوە بۆ قەومەکەیان لە تێکۆشینو تەقەلا ناکەونو شەوو ڕۆژ خەریکن.

لەو دەورەدا، ئینگلیز لە ئێرانو بە تایبەتی لە تەورێز خاوەنی دەسەڵاتێك نەبون. بە پێچەوانەی ئەوە، حکومەتی ڕوسی بوڵشەویك کە دۆستی یەکەمین و هەرە خۆشەویستی تورکەکان بو لەو ڕۆژەدا، لای ئێرانییەکانیش زۆر لە ڕودا بونو قسەیان لە ژورو بو. لەگەڵ ئەمەیشدا، لەگەڵ ئیبراهیم بەگی مولحەقی عەسکەری سەر بە شاندەری تورك کە بۆ وەخت ڕابواردن هاتبوە ئوتێلەکەی ئێمە، بە چاو پێکەوتنو شوناسی پەیاکردن لەگەڵمان گورج گەڕایەوە شابەندەرخانە شەوکەت بەگی وەکیل شابەندەری ناردە لامانو دوای ئەوە کە دورو درێژ کردەوەی "کۆمیتەی تاشناق"ه ئەرمەنییەکانیانی بۆ گێڕاینەوە وتیان: *لەبەر دوژمنایەتی ئەم کۆمیتەیە لەگەڵ تورك بە هیچ شێوەیەك بە باشی نازانین کە ئێوە لە ئوتێلداو بەناو جەرگی ئەوانەدا بمێننەوە*، لەبەرئەمەو لەسەر ئارەزوی شەوکەت بەگ بۆ سبەینێ گواستمانەوە شابەندەرخانەی تورکو لەو جێگە خۆشەو ڕابواردنی گەڕەکی پڕ لە سەیرو سەفای ئەرمەنستان جیابوینەوە. ڕاستتان ئەوێ ئێمەش هەستمان بەوە کردبو کە ئەرمەنییەکان یەكو دو شوێنمان ئەکەونو ناوبەناو لە دورەوە ئەوەستنو لەگەڵ یەك ئەکەونە سرپە سرپو پەنجەمان بۆ درێژ ئەکەن، هەر لەو شەوو ڕۆژەدا کە لە ئوتێل ماینەوە چەند جارێکیش ئاگامان لێ بو کە لە خاوەن ئوتێلەکە غولامەکان ناونیشانو کاروکردەوەو هۆی هاتنی ئەم زابتە تورکانە ئێمەو یا ئەم هەیئەتەیان ئەپرسی. بەڵام من لەمە مانای مەیلی تێگەیشتنم لێك ئەدایەوەو خەیاڵم بۆ شتێکی تر نەئەچو.

ئنجا دوای گواستنەوەمان بۆ شابەندەرخانە بە دو ڕۆژ تێگەیشتین کە ڕەسمی هەستانو دانیشتنی شابەندەرخانە بۆ ئێمە دەس ناداو ناتوانین لە ژێر قەیدی ڕەسمو عادەتا ڕابوێرین، لەبەرئەمە هەرچەندە ئیبراهیم بەگو شەوکەت بەگ تەقەلایان دا سودێکی نەبو، منو فەتاح گەڕاینەوە ئوتێلەکەی خۆمان، بەڵام ئەحمەد تەقیو ڕەمزیو فەوزی لە شابەندەرخانە مانەوە.

کـە لــە شــابەندەرخانەی تــورك بــوین، سەرشــابەندەری بولشــەویکەکان بــە وێنەیـەکی ڕەسمـی زیـارەتی کـردین،و دوای گەڕانـەوە بـۆ جێگـەی خـۆی نامـەی زیافەتی بۆ ناردین و هەمو دەستەو دایەرەی شابەندەرخانەکانی تورك و ڕوس بە خۆیان و ژنەکانیانەوە بانگ کرابونە سەر ئەم زیافەتە. ئەو شەوە تا نزیك بەیانی بە عەیش و نۆشەوە ڕامانبوارد، نەشئەی شەرابی ڕەنگاو ڕەنگ بەندی کۆمەڵایـەتی بچڕاندو سەربەستی تەبیعەت بو بە حوکمڕانی ئەو شەوە. ڕوسەکان بە هەمو جۆرێك خەریکی ئەوە بون کە بمانخەنە ژێر تینی "ئازادەسەری" و بەن بچڕاوی بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشت و خومان و سەرنجدان لە بیروباوەڕی ناو دڵمان، ئێمە کە میوان بوین دیارە کە ژنمان لەگەڵ نەبو، بەڵام بە وێنەیەکی لە ژور ئاداب لەگەڵمان ئەجوڵانـەوە، ژنـی مـەئمورەکانی شـابەندەرخانەی ڕوس کرابـون بـە هـاودەمی سوحبەت و ڕابواردنمان. مادام "گۆراخۆیەوا" ژنی سەرشابەندەر هاودەمی من بو.

ئەم ژنە کە هێشتا لە بەهاری جوانی و دەوری تەڕو تازەییدا بو، نەك هەر هاودەمی من بو بەڵکو ببو بە گوڵی مەجلیس. بە تەرکەن ماوەی نەئەدا کە کاسەی یەکێك بە خاڵیەتی بمێنێتەوە. لە گەرمەی باس و سوحبەتا لەگەڵ چاوی بە کاسەیەکی خاڵی ئەکەوت لە جێی خۆی ڕاست ئەبۆوەو بۆی پڕ ئەکردەوە. بەم ڕەنگە هیچی بۆ ژنەکانی تر نەهێشتبۆوە. بێجگە لە زمانی ڕوسی و گورجی زمانی فەرەنسزیشی ئەزانی و پێکەوە بە فەرەنسزی قسەمان ئەکرد، تەقەلای ئەوەشی ئەدا کە بەو شەوە فێری زمانی ڕوسیم بکا، هەر قسەیەکمان ئەکرد بۆی ئەکردم بە ڕوسی و بە عیشوەیەکی دڵفریبانە داوای لێ ئەکردم کە بۆی بڵێمەوە. ئەحمەد تەقی بەرامبەرم دانیشتبو جارجار بە کوردی پلاری تێئەگرتم، بەڵام من خۆم لێ هەڵە ئەکردو لە تاوا تفم لە دەما وشك بوبو. لەوە ئەترسام کە "گوراخۆیەوا" لە مەبەس تێبگاو شتێك بێت بە خەیاڵیا.

خانم بە ڕاستی فیتنەئەنگێز بو و دڵڕفێن و بە جیلوە بو. منی بەسەزمان کە لەو کاتەدا لەبەر نۆشینی کاسەی یەکلەدوای یەك هۆشم لە سەرا نەمابو بە هەمو هێزی خۆمەوە لە تەقەلای ئەوەدا بوم کە زەللەیەك نەکەم و لەم ئیمتیحانەدا

سەرکەوم، زۆرم لە خۆم ئەکرد کە بزانم لە کوێم‌و لە بیرم نەچێتەوە کە لاوێکی کورد لە ئیمتیحاندایەو بەم ڕەنگە توانیم کە بەرهەڵستی دو هێزی گەورە بکەم، هێزی گرانی خواردنەوەیەکی لە سنور بەدەرو هێزی حوسن‌و ئەفسونی خانمی هاودەمم. لەگەڵ ئەمەیشدا لەو شەوەدا شیعرە جوانەکەی بوێژی بەناوبانگی تورك "جەلال ساهر" هاتەوە بە بیرما کە ئەڵێت.

"لطیف بر قادینك سنیە نزیهندە"

"یاتار سەبر گیجە جك هانگی اضطراب ایو ماز"

من وەکو وتم بە زۆر لەخۆکردن خۆم ڕاگرتبو، ئەگینا ئەو شەوە لە ئەحمەد تەقی بەولاوە کە هیچی نەخواردبۆوە کەس هۆشی لەسەرا نەمابو، تەنانەت سەرشابەندەری ڕوس خۆی لە ڕادەیەکی وادا سەری گەرم بوبو کە ئیتر ئاگای لەوە نەمابو چی ئەکا، وەکو مناڵی ساوا دەسی کردبو بە یاری. بە بێوچان قسەی ئەکردو تا ماوەیەك تەرجەمانی سەفارەت بۆی ئەکردین بە تورکی جار جارە ئەگەر ئاوڕێکمان لێ بدایەوە بۆ ئەوە بو کە سەیری جوڵەجوڵ‌و فرتەی ڕیشە دو فلیچقانەکەی بکەین، وەکو کابرای بەندیخانە بە فردەوسی وتبو: سەیری جمەی ڕیشی مان ئەکرد کە لە جمەی ڕیشی بزنە خۆشەویستەکەی ئەچو.

دوای نیوەشەو کۆڕی بەزم یەکجار گەرم بوبو، ئیتر بە هیوای ئەوەی کە دوایی بە بەزم بدرێت، تورکەکان بە شەرەفی لینینەوە کاسەیان هەڵگرت‌و هەمو بە یەکەوە کاسەمان خواردەوە. سەرشابەندەری ڕوس بە شەرەفی شێخ مەحمودو دوای ئەو بە شەرەفی مستەفا کەمالەوە کاسەی هەڵبڕی، تورکەکان ئەوسا بیریان کەوتەوەو یا زۆریان بۆ هات‌و ئەوانیش بە شەرەفی شێخ مەحمودەوە کاسەیان لە کاسەکانی ئەوانی تردا‌و خواردیانەوە. ئێمە، کوردەکانیش لە بەرامبەری ئەم قەدرگرتنەو دڵ نەوازییەدا بە شەرەفی مستەفا کەمال‌و لینین کاسەمان نۆشی‌و بەم تەرحە زنجیرەیەك کاسە لەیەك دران‌و خواردنەوە ئەوەندەی تر پلەی گەرمی مەجلیسەکەی بەرەوژور برد.

بڵاوبونەوە زۆر بەجێ بو، بەڵام ڕێ نەئەکەوت. لەپڕ ئاوێزەکانی شابەندەرخانە کوژایەوە، ئێمە بە هەلمان زانی، بەڵام شابەندەر بە پێچەوانەی ئێمە بۆ دواخستنمان لە ڕۆیشتن ئەمەی کرد بە بیانو و بە نیوە زۆرێك داینایەنەوە، بەڵام من ئیتر پەست بوبوم، خواوڕاستان (گورا خۆیەوا) ژنی سەرشابەندەر وتی مەیل ئەکەی تۆزێك بە ناو شابەندەرخانەدا بگەڕێین، بە سوپاسەوە وەڵامم دایەوەو لەگەڵ خۆیو سکرتێر پێکەوە بە ناو هەمو کونو قوژبنی شابەندەرخانەدا گەڕاین. ڕوسەکان زۆر مەیلی فەنو جوانییان هەیە، لەبەر ئەوە هەچ جێگەیەکی لەبەر چاو و یا قوژبنێکی شابەندەرخانەکە ئەچوین توشی وێنەیەکی مێژویی یا هەیکەلی یەکێك لە گەورەکانی میللەتی ڕوس ئەبوین. هەندێ ژور شەوقی مانگەشەو ڕونی ئەکردەوە، ئەو جێگانەی کە باش بەدیمان نەئەکرد بە چرای کارەبای دەست ڕوناکمان ئەکردەوە. ژنی سەرشابەندەر بەرامبەر بە من لە سنور بەدەر بە جوانیو شیرینیو بە شۆخی ئەجوڵایەوە، منیش هەتا پێم ئەکرا بە ئەدەبو لەسەرخۆ بەرامبەریم ئەکرد، قەت بەلای سیاسەتیشەوە نەئەچو، هەمو قسەکانمان لە قسەی هەواییو ئیعتیادیو دوان لەو شتانە کە لە دەوروپشتمانە نەئەچوە دەرەوە.

کە گەڕاینەوە لای هاوڕێکان چراکان داگیرسابونەوە، هاوڕێکانیش ئیتر لەبەر خواردنەوە گێژ بون، هەیئەتی سەر شابەندەرخانە تا بەردەرگای دەرەوە بەڕێیان خستینو بەو ئوتومبیلانە کە بۆمان ڕاگیرابون گەڕاینەوە، پێش ئەوەی کە لە شابەندەرخانە جیا بینەوە سکرتێر کە لاوێکی ئێرانیو خوێندەوارێکی بەرز بو بە فارسی پێی وتم: *سەبەینێ بۆ قاوەڵتی تۆ* (واتە من) *بە تەنیا میوانی سەرشابەندەری*. ئەمە خستمیە لێکدانەوەو بە جوانم نەزانی بێ هاوڕێکانمو بە تەنیا بۆ جێگەیەکی وا بچم. لەبەر ئەمە گورج تێمگەیاند لەگەڵ سوپاس کە لە سەرشابەندەر بگەیەنێ. بەڵام سکرتێر بەیانی زو هاتە لامو زۆر بە زمانێکی لوس کەوتە فریودانمو بەڵێنی ئەوەی لێ وەرگرتم کە لە ماڵی خۆیا ئەو ڕۆژە بە یەکەوە قاوەڵتی بکەین.

لە ماڵی سکرتێر تا عەسرێکی درەنگ بە یەکەوە لە لایەن کوردستان و کوردی عێراقەوە دورو درێژ قسەمان کردو لە سیاسەتی دەوڵەتەکان بەرامبەر بەم قەومە بەقەد ئەوەی کە لێمان زانی دواین، سکرتێر باسی سیاسەتی ڕوسی بوڵشەویك و بیروباوەڕی ئەم دەوڵەتە شورەویە تازەیەی بۆ ئەکردم. بەرامبەر بە هەمو قەومەکانی گێتی و بە تایبەتی بەرامبەر بە قەومی کورد، بەڵام ئەوەی بە خەیاڵا نەئەهات کە ئەو بیروباوەڕەی ڕوس بەرامبەر بە قەومەکانی تر بە ڕاستیش دابنێین ناتوانین باوەڕ بکەین کە بەرامبەر بە کوردیش بۆ ئەو ڕۆژە عەینی بیروباوەڕیان بوبێ و بیریان لە سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی قەومی کورد کردبێتەوە، چونکە ئەو سیاسەتە کە لەو ڕۆژەدا بەرامبەر بە ئێران و تورك لەسەری ئەڕۆیشتن لەگەڵ بیرکردنەوە لە ڕزگاری و ئازادی قەومی کورد یەکی نەئەگرتەوە. چونکە یەکێك لەو هۆیە هەرە بەنرخانەی سەرگرتنی بزوتنەوەی مستەفا کەمال و سەرکەوتنی شەڕی ئیستقلالدا، یارمەتی ڕوسەکان و نیەتی باشی بوڵشەویکەکان بو بەرامبەر بە شۆڕشگێڕەکانی تورك و تا مستەفا کەمال پشتی نەکردە ڕوسەکان و بۆ مەرامی کاری خۆی لەگەڵ ئینگلیزەکانا ڕێنەکەوت، کورد بە بیری ڕوسە شورەویەکانا نەهات، و ڕویان تێنەکرد. بەڵام لەوەدا شکی تیا نەبو کە دیسانەوە بە شەرتێ کە کەڵکی بۆ سیاسەتی تورکەکانی دۆستی ئەو ڕۆژەیانی تیا بێ و بەرهەڵستێك بێ بۆ سیاسەتی ئینگلیزەکانی دوژمنی ئەو ڕۆژەی هەردولایان، ڕوس و تورك لە فریودانی کوردەکانی عێراق خۆیان نەئەپاراست و ئەم سیاسەتەیان نەئەژمارد. شکی تیا نیە من بە ڕونی ئەو باوەڕەی خۆم بۆ دەرنەئەخست، بەڵام ئەو لەوە گەیشت کە من لەم مەسەلەیەدا چاوم لە (کەلێن)ێکی تریشەوەیە کە ئەو خستویەتە پشت خۆیەوە و لێم ئەشارێتەوە.

## ٨١
## ئەستەموڵ

ئێمە لە تەورێزەوە بڕیار بو کە بە ڕێی قەفقاس و لە زەریای ڕەشەوە بچینە ئەستەموڵ، لەبەرئەوە کە حکومەتی "ئەریوان"ی ئەرمەنی و حکومەتی تەفلیسی گورجی یا گورجستان، ئەکەوتنە سەر ئەم ڕێگەیەو ئەم دو حکومەتەش لەژێر چاودێری حکومەتی ڕوسی شورەویا بون، لەبەر ئەمە سەرشابەندەری تورك هەرچەند پەساپورتەکانی بۆ دروست کردبوین، بەلاّم بۆ "ویزەکردن"ی ئەم پەساپۆرتانە پێویست بو چاوەڕێی وەلاّمی تەلەگرافی سەرشابەندرەی ڕوس بکەین کە لە تەورێزەوە بۆ مۆسکۆی ناردبو، چونکە تا موافەقەتی حکومەتی مۆسکۆی لەسەر نەبوایە نەمانئەتوانی لە ڕێگەی ئەرمەنستان و گورجستانەوە بڕۆین. هەرچەند لەبەر وەلاّمی ئەم تەلەگرافە چەن ڕۆژێکی تریش لە تەورێز ماینەوە" بەلاّم ئەو ڕۆژانەمان بە خۆشی ڕابوارد. خەیات و پێلاو دروی زۆر باشی لێبو، جل و پێلاّوی تازەمان دروست کرد، و سەرو قەڵباخی پێستی بەرخمان کڕی. ئەم قەڵپاخانە ژێرەوەی واتا دەمەکەی تەسك و سەرەوەی لای تەپلەکەی پان بو، تورکە کەمالیەکان دایانهێنابو مستەفا کەمالیش لەسەری ئەکرد و لەو ڕۆژەدا لە خۆرهەلات بوبو بە باو.

شاری کۆنی تەورێزو بەشە تازەکانی، هەرچی جێگەیەکی چاومان پێکەوت. لە خواردنی ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی "کاتلیس" کە شتێکە وەك شفتەی خۆمان، بێزار بوبوین لەبەرئەوە ڕۆژێك مەحمودی خاڵم لەگەڵ خۆی بردینی بۆ بازاڕی تەورێزی کۆن، نزیك نیو سەعات بە پێ گێڕامی تا چوینە "لوکەنتە"یەکی وەکو دوکانی کەباب فرۆشەکانی ولاّتی خۆمان و لەوێ "چلاو کەباب"مان خوارد. ئەم "چلاو کەباب"ەی ئێران کە ئەوەندە ناوی دەرکردوە. تەنیا پلاّوی سەدری بێ ڕۆنە کە لە جیاتی ڕۆن تۆپەڵێ کەرەی تازەی لەسەر دائەنێن لەگەڵ دو سێ کەباب بە شیشەکانەوە. ئەو کەرەیە بە سەر برنجەکەوە وردە وردە ئەتوێتەوە یا خۆت

کەم کەم لە برنجەکەوەی ئەدەی‌و ئەیخۆیت بە کەبابەکەوە. مەحمود هەمو ڕۆژێك ئەچو چلاو کەبابی ئەخواردو بەلای ئەوەوە شتی لەوە خۆشتر نەبو، بەلام من جارێکی تر دلم نەچوە سەری‌و نەمخوارد.

"نەورۆز"ی تەورێزیشمان چاوپێکەوت بەزم‌و زەماوەندی ئێرانییەکان لە نەورۆزا بەناوبانگە، من لەو ڕۆژەدا چومە سەرای حکومەت‌و چاوم بە مەراسیمی عەسکەری کەوت‌و گوێم لەو وتارانە گرت کە خوێنرایەوە، چەشنی خوێندنەوەی وتارەکانیان سەیرەو ئاوازێکی تایبەتی ئەدەن بە خۆیان‌و لە ئاخوندەکانی حوسەینییەکانی کازمیەو نەجەف‌و کەربەلا ئەچن کە داستانی عەلی‌و حسێن ئەخوێننەوە. لە لایەن سەربەستی بیرو باوەڕەوە خەلقی تەورێز زۆر لە پێشەوەن، لاوە تازەکان‌و زابتەکان مەیلی "ڕەزا خان"یان ئەکرد. شاه ئەحمەدی قاجار لە "پارس" خەریکی بەزم‌و ڕەزمی خۆی بو، بەلام تەختی شاهی لە ژێریا کەوتبوە لەقین‌و چرای دوا نیوەشەوی شاهنشاهی بەرەو بەیان ئەچو و لە کوژانەوەدا بو. نزیکەی هەمو شاری تەورێز بە تورکی قسەیان ئەکردو خۆیان بە تورك‌و ئازەربایجانی دائەنێن، هەندێکیشیان گیانی قەومی‌و بیری نیشتمانی ئازەربایجانیەتیان هەیە.

شتێکی کە زۆر جێگەی داخە ئەوەیە کە منالانی بێکەس‌و هەژارو کەمدەس لە چاودێری حکومەت بێبەشن‌و لەناو ئەهالیشا وەکو لەناو ئەرمەنییەکانا ئەبینرا تەشکیلاتی کۆمەلایەتی وا نەبو کە چاودێری ئەم چەشنە بێکەس‌و کەمدەس‌و هەژارانە بکا. لەبەرئەمە زۆریان لە ڕێ دەرچوبون‌و کەوتبونە ژێر چنگی ئەوانەوە کە بەسەر لەشی ناسکی ئەم ڕۆلە بەسەزمانانەی ولاتەکەوە ئەژیان پیاوی بەشەرم نەیئەتوانی بە پێ بە شەقام‌و کۆلانەکانا بڕوا، ساتی گەوادێك بە خۆی‌و هەتیوێکەوە ڕێت پێ ئەگرێت، ئەو بێ حەیایی‌و بێ شەرمییەی کە لەو کەسانەوە ئەبینرێ لە "کەللەچی"ی بەغدا کە ناوی دەرکردوە نەبیستراوە ئەمەیش هەر هیچ، بەلام لەوێ هەندێ ئوتێلی واش هەیە کە چینی بەڕێزی ئەو جۆرە هەتیوانەی تیایەو بۆ کڕیاری پارەدارو چینی بەڕێز، خۆیان ئارایشت ئەدەن، حەمامە

گشتییەکانی تەورێزی کۆن وەکو ئەیانگێڕایەوە کانگایەکی پیسیو بێمانایيو کردەوەی ناشیرینو خراپە، لەبەر ئەمانە لە تەورێزا نەخۆشی خۆرئاوایی فەرەنگی لەناو چینی ناوەندی تەواو بلاو بوبۆوە. لەو پانزە ڕۆژەدا کە لە تەورێز ماینەوە زۆر گەڕاینو گەلێ جێگەی خۆشو بە سەفامان دی، بۆ جاری دوەم لە سەرشابەندەرخانەی ڕوسو جارێکیش لە ماڵی سکرتێری سەرشابەندەری تورکو دو جاریش لە سەرشابەندەرخانەی تورك زیافەتمان بۆ کرا کۆمەڵەی "تاشناقەکان" لەسەر قسەی تورکەکان زۆر خۆمان لائەدانو مەترسیمان لێیان هەبو.

شەوێك بانگیان کردین بۆ تەمسیل. ئەم تەمسیلەیان بۆ یارمەتی قوتابیانی هەتیوی ئەرمەنیەکان بو، بەلام تەمسیل بو نەك گاڵتە هەرچی فەنو شیعرو زەوقی بەرزو پەسەندی میللەتی ئەرمەنی هەیە هەمویان خستە کارو پیشانیان داین، هەرچی کچی جوانی ئەرمەنی هەبو، قوتابی بیٚ یا نەبێ هەمویان خۆیان وەك بوکەشوشە ڕازاندبۆوەو چەندیان پیٚ کرابیو لە دەسیان هاتبێ نازو دەلالیان نواندو جگە لە پارەی ئەو کارتانەی فرۆشتبویان، پارەیەکی زۆری تریشیان بە ناوی شت فرۆشتنەوە لە گوڵەوە تا مجەوهەرات، کۆکردەوە. لەسەر شانۆ شانزە کچی هەڵبژاردە هەر دەمە لە هەوایەك یاریان ئەکردو لە خوارەوە لە بەردەمی مەسرەحەکەدا دەستەیەکی زۆر گەورە لە مۆسیقارو فەنانەکانیان باندۆیەکی تەواوی مۆسیقایان ڕێکخستبو و بە تازەترین پارچەکانی مۆسیقارە بەناوبانگەکانی خۆرئاوا، ئەم کچانەیان هەڵئەپڕاندو سەمایان پیٚ ئەکردن. وتاری بەتینی بوێژی بەرز، خوێنی ئەرمەنییە پیرەکانی وەکو لاوەکان هێنابوە جۆش. لە پارەدانا کەوتبونە لاساییکردنەوەو چاولێکەری، ئێمەش یارمەتیمان دانو من جگە لە هاوڕێکانم بە ڕژاندنی فرمێسك بۆ ئەم حەماسەتە بەرزە لە سۆزیشدا شەریکایەتیم کردن، بەم ڕەنگە نەك بۆ ئەوان بەڵکو بۆ خۆمانو بۆ حاڵی کوردی بێکەس ئەگریام.

ئیتر مۆسکۆ وەڵامی بە سەرشابەندەری تەورێز دابۆوە، ئێمەش کەوتینە خۆئامادەکردن بۆ سەفەر، شەوی دوایی تەورێزمان لەسەر حسابی خاوەنی ئوتیلەکەمان بە ئاهەنگ بردە سەر و، یەك سەعات دوای نیوەشەوی ٣٠ی مارتی ١٩٢٣ بەو ئوتۆمبێلەکە لە شابەندەرخانەی ڕوسەوە بۆمان تەرخان کرابو کەوتینە ڕێ، لەم کاتەدا هەستمان کرد کە بەم شارە دڵرفێنەوە تەواو هۆگر بوین و مەیلێکی گەورەمان داوەتێ، دەمەدەمی بەیان "میان دو اب"مان لە لای چەپمانەوە بەجێهێشت و لە ژێر تیشکی شیلەتێنی خۆری بەیانی بەهارو شنەی نەسیمێکی فێنك و غەریب نەوازا هەشت نەفەر (سێ کوردو دو تورك و سێ ڕوس) و بە وێنەیەکی تیژو خێرا شەقامی گەورەی بەینی تەورێزو جولفامان دابوە بەر.

## ٨٢

## شاری جولفا

ئەکەوێتە سەر سنوری بەینی ئێران و ئەرمینیای ڕوسی و لەسەر ڕۆخی ئاوی ئاراسە کە لەناو تورکەکان بە "قانلی ئاراس" یا "ئاراسی خوێناوی" ناوی دەرکردوە. لەبەرئەوەی کە لە بەینی لەشکری تورك و ئەرمەنیەکانا لەم ناوە، دوای بڕانەوەی شەڕی گەورە، کوشتارێکی خوێنین ڕوی دابو، ئەم ناوەیان لێ نا. من لەبەرئەوەی کە ناوی ئەم ئاوەم لەوەپێش بیستبو کە گەیشتینە "جولفا" چومە سەر ڕۆخی جۆگەی ئاراس و دەسوچاوم تیا شوشت و بە خەیاڵ ئەو شەڕە قورسەی کە لە بەینی تورك و ئەرمەنیەکانا ڕوی دابو هێنامەوە بەرچاوی خۆم و بە گوێی دڵ گوێم لە ناڵەی لاوە بریندارەکانی هەردولا گرت و بەسەر مەیتی کوژراوەکانیانا ڕوانیم، و بیرێکم لەو کەسوکارانە، لەو باوك و دایك و خوشك و برایانە، لەو دەزگیرانە جوانانە کردەوە کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەم لاوە کوژراوانەیان ئەکرد و ئاگایان لە لاشەی ساردەوەبویان نەبو، کە چاوەڕێی دڕندەو قەل و داڵیانە لە ناو سکیانا بیانشارنەوە.

جولفا هەرێمێکە لە ئازربایجان بە ئاوی ئاراس ئەبێ بە دو بەشەوە، لە جولفای ئێرانی ئەوەندە بەند نەبوین دوای ئەمە کە لە دەمی پردەکەی سەر ئاوی ئاراس لە لایەن مەئمورەکانی ئێرانەوە بۆ جاری دوایین تەماشای کاغەزو شتیان کرد، پەڕینەوە ئەوبەری پردەکە لەوێوە چوینە جولفای ڕوسی واتا سنوری حوکمی ڕوسی شورەوی، زابتێکی ڕوس لەوبەر پردەکە وەستابو، جانتاو شتومەکەکانمان لە لایەن مەئمورەکانی گومرکەوە کاغەزو ئەوراقی سەفەریشمان لە لایەن زابتی سنورەوە پشکنرا، لە شابەندەرخانەی ڕوسەوە شارەزاو زمانزانمان لەگەڵ بو، لەبەرئەوە ڕەنجێکی ئەوتۆمان نەدا، گومرگی ڕوسەکان لەو وەختەدا ناو پێڵاوو گۆرەوی‌و بنباخەڵ‌و ژێر کڵاوی هاتوچۆکەرانیان ئەپشکنی، بەڵام لە بەرامبەر ئێمە تۆزێك سوکتر جوڵانەوە، ژێر کڵاو و بنباخەڵمان نەگەڕان‌و قۆندەرەکانیان پێ دانەکەنین.

جولفەی ڕوس شارێکی خۆش‌و بچوکە شەقامەکانی پان‌و گەورەو بازاڕو موغازەکانی جوان‌و پڕ لە شتومەکە. هەر لەوێوە جوانی‌و شیرین نەژادی ژنی گورجی دەسی کرد بە خۆدەرخستن. یەکەم ژنی گورجی شیرینمان لە گومرگەکەی جولفا بەدی کرد کە جانتاکانمانی پشکنی. ئەو شەوە لە جولفی ڕوسیا ماینەوە، چەند تورکێکی ئێرانی کە لەوێ خەریکی کاسبی بون، ڕوسەکانی هاوڕێی ئێمەیان ئەناسی، زیافەتیان بۆ کردین، ناخۆشمان ڕانەبوارد، ئەم کاسبانە هەمویان زمانی ڕوسیان ئەزانی لەگەڵ ئێمەش بە تورکی قسەیان ئەکرد. شەو دوای گەرمبونی سەرمان بە (ڤودگا)ی ڕوسی کرا بە زەماوەند، ئەم کاسبە ئێرانیانەش بە مستەفا کەمالەوە ئەنازین‌و گۆرانی تورکییان ئەوت"

یا شا بیك، یاشا مستەفا پاشا

کە لە ناو ئازربایجانی ئێران‌و ڕوسا دەماودەم ئەسەندرایەوە، یەکەمجار ئەو شەوە لە جولفادا بەر گوێی ئێمە کەوت. بە سەماو هەڵپەڕکێی گەرم‌و بەتینی خانەخوێکانمان‌و چەپڵەڕێزانی دورو درێژو قریوەقریوی مناڵان دەرئەکەوت کە بەرامبەر مستەفا کەمال تا چە ڕادەیەك، پەیوەستەگی‌و خۆشەویستی لە دڵیانا

هەیە. ئیتر لەم هەرێمەدا هەرچەندە پارەی ئێران و تورکیش بە کەڵك ئەهات و خەرج ئەکرا پارەی شوێنی خۆی واتا (ڕۆبڵ)ی ڕوسەکان ڕەواجی هەبو، بەڵام فەرقی نرخی "ڕۆبڵ" لەگەڵ نرخی بە ڕاستی خۆیا وەکو فەرقی بەینی ئاسمان و زەمین وابو، جوتێ پێڵاومان بە هەزاران ڕۆبڵ بۆیاخ ئەکرد، ئەگەر دەوڵەمەندی بە ژمارەی پارە بوایە ئێمەش لەو ڕۆژەدا بە "ملیونیر" ئەدرایینە قەڵەم. ئەگەر بڵێم کە گەیشتینەوە ئەستەموڵ لە گیرفانی پاڵتۆکەما دوسەدو پەنجا هەزار ڕۆبڵ مابۆوە لە بیرم چوبو خەرجی بکەم، مانای ئەوە نییە کە منیش ملیۆنێرێك بوم. ئێستەش بۆ یادگار ئەو ڕۆبڵانەم لەلا ماوە.

## ٨٣

## تەفلیس

ئەو ڕوسانەی کە لە جولفای ڕوسییەوە لەگەڵمان هاتبون، دوای ئەوەی کە ئێمەیان بە مەئمورە ڕوسەکانی سنور ناسی و لە شەمەنەفەرا جێگەیان بۆ گرتین، واجباتیان تەواو بو و ئەبو بگەڕێنەوە تەورێز، ئێمەش بۆ بەیانی لە جولفاوە بە شەمەنەفەر کەوتینە ڕێ و لە "نەخجەوانا"وە تێپەڕین و نزیکەی قاوەڵتی گەیشتینە ئێستگەی شاری ئەریوان، ئەم شارە کە پایتەختی حکومەتی شورەوی ئەرمەنییە ئەکەوێتە لای ڕاستی ئێستگەی شەمەنەفەرەوە و ماوەی ئەوەمان نەبو کە بچین چاومان پێ بکەوێ لە لوکەنتەی ئیستگە لامان دا بۆ نانخواردن، بەڵام لەبەر زۆری برسی و هەژارو ڕوت و قوتەکانی ئەرمەنی نەئەپەرژایە سەر ڕێکخستنی کاروباری وڵاتەکەی و هێشتا خۆی کۆنەکردبۆوە لە ئەریوانەوە پاش قاوەڵتیەکی سوك سەر پێ کەوتینەوە ڕێ، لە ئێستگەی گومری ئەحمەد تەقی و فەوزی و ڕەمزی مان لێ جیا بونەوە و سواری ئەو پەلەی شەمەنەفەرە بون کە ڕوئەکاتە "صاری قامیش" لە سنوری تورکیا. چونکە ئەحمەد تەقی مەسەلەی سمکۆی پێ سپێررابو و ئەبو بچێتە لای عەلی سەعید پاشای سەرداری

لەشکرەکانی خۆرهەڵاتی تورك بۆ گفتوگۆو دوای ئەوە لە ڕێی (طربزون)ەوە بگاتەوە بە ئێمە کە بە یەکەوە بچینە ئەنقەرە.

ئێمە هەر ئەو ڕۆژە لە سەعات یانزەو نیوی نیوەڕۆ، واتا دوای حەرەکەتمان لە جولفاوە بە سێ ڕۆژ، نزیك نیوەی شەو گەیشتینە "تەفلیس"ی پایتەختی حکومەتی شورەوی گورجستان، شاری تەفلیس یەکێکە لە شارە گەورەکانی هەرێمی "قەفقاس" نزیکەی نیو ملیۆن خەڵقی تیا دائەنیشێ بە خۆشی و ڕێکوپێکی و پاکوتەمیزی و نیشانەی ئاوەدانی و شارستانیەتا لەگەڵ شارە گەروەکانی ئەوروپا چەپی نییە. یەکەم ئیستگە کە لێی وەستابوین لەو ئوتێلەوە دور بو کە ئەمانویست تیا میوان بین، لەبەرئەوە لەوێ دانەبەزین، بەڵام هەر لەناو شەمەنەفەرەوە گەورەیی و ئاوەدانی و شیرینی شاری تەفلیس مان بۆ دەرکەوت تا گەیشتینە ئیستگەیەکی ترو لە شەمەنەفەر هاتینە خوارەوە.

خەریك بو ئۆقرەم لێ ببڕێ. لە تەورێز خاوەنی گراند ئوتیل کارتی دابو بە منو بڕیارمان دابو لە هەرێمی "گالاوینسکی" لە "ئورینت ئوتیل" دابەزین، لە ئێستگە ئوتومبیلمان گرت، چوین بۆ ئەم ئوتێلە، بەڵام ئوتومبیلچیەکە بەو کرێیەی سەودامان لەگەڵ کردبو ڕازی نەبوو چەقاوەسویی لەگەڵ کردین. ناچار ماینو چەندی ویست دامانێ، هەر بەو شەوە تێگەیشتم کە شار چەند گەورەو پێشکەوتو و بێ، پیاوخراپیشی بەو پێیە زۆر ئەبێ. جگە لەمە لە بەردەمی ئوتێلەکەدا نزیکەی یەك چارەك سەعات لە زەنگمان ئەداو بە دەمو بە دەست ئیشارەتمان ئەکردو بانگمان ئەکرد، ئەو دو غولامە بێشەرمە کە لەودیو دەرگا گەورەکەی ئوتێلەکەوە بە هۆی سەرخۆشی خەریکی مشتومڕو بە گژ یەکا چو بون، ئاوڕێکیان لێ نەدایەوەو نەهاتن بە دەنگمانەوە. دەرگای ئوتێلەکە لە ئاسنی پەنجەرەدار کرابو، لەبەر ئەمە تەنیا ڕێگەمان بو لێی بچینە ژورەوە ئەگینا ناوجەرگی ئوتێلەکەو دو غولامەکەی بە زمانی گورجی مشتومڕیان بو نەیانئەبڕیەوە بە بەرچاومانەوە بون. بەڵام ئاوڕێکیان نەئەدایەوە کە چاویان بە ئێمە بکەوێت ئنجا نازانم لەبەر چەنەبازیو سەرخۆشی و قیڕەقیڕی خۆیان گوێیان

لە زەنگو لە دەنگی ئێمە نەبو یا جنێو بە یەکتریدانو شەڕەکەی خۆیان زۆر بەلاوە خۆش بو بۆیە گوێیان نەئەدایە ئێمەو بە دەنگمانەوە نەهاتن، ئێمەش چارمان نەبو و چاوەڕوانی مەرحەمەتی خواو دواییهاتنی ئەم شەڕە سەگەمان ئەکرد، چونکە دوای نیوە شەو بو و ئەو شەقامە گەورەیەش کە ئەم ئوتێلە گەورەو بەناوبانگەی تیا بو تاكو توك كەسێکی پیا ئەڕۆیشت، هۆی گوێزانەوە کشابونەوە جێگەکانی حەسانەوەی خۆیان، شارەزای هیچ جێگەیەکیش نەبوین، شتومەكو جانتاکانمان لەبەر دەرگای ئوتێلەکە کۆمەڵ کرابو خۆیشمان برسیو تینو و ماندو و خەواڵو بە پێوە نەمانئەزانی چی بکەینو بڵێین چی. ئاخری خوا ڕەحمی کردو غوڵامە ناپیرۆزەکان لە چەنە کەوتنو ئاوڕیان لێ داینەوەو دەرگایان لێ کردینەوە. لە سڵاو و بەیان—ی سوپاس بۆ ئەم خۆشخوڵقیو بەپیرەوە هاتنەمان بەولاوە نقەمان نەکردو چوینە ئەودیوی دەرگای ئوتێلەکەوە.

ئەوەم بەلاوە سەیر بو کە لە شارێکی وا گەورە ئوتێلێکی وا شیرینو ئاوەدانو پاكو تەمیز غولامانی وەکو ئەم دو بێ حەیاو شەرمە ڕابەری میوانانی غەریبو ماندوی زماننەزان بن، تا ئەو ڕۆژە من ئوتێلێکی بەو چەشنە خۆشو جوانو ئاوەدانم نەدیبو. زۆر پێویستم بە تەنیاییو حەسانەوە هەبو لەبەر ئەوە لە خوارەوە مەحمودی خاڵم بە دیار جانتاکانەوە لای فەتاحەوە بەجێهێشتو خۆم لەگەڵ یەکێك لە غوڵانەکان سەرکەوتمە نهۆمی دوەمو ژورێکی خۆشو گەورەی تایبەتیم بۆ خۆم گرت کە لە پێپلیکەکان سەرکەوتم لەو پێچەدا کە لێی ئەچویتە نهۆمی دوەم هەیکەلێکی گەورەی ورچێکی دڕندە دانرابو، من دەسبەجێ بە خەیاڵما هات کە مەحمود ئەگەر بە تەنیا بێرەدا بڕوا لەوانەیە بە ورچی ڕاستی بزانێو لە ترسا پاشەوپاش بگەڕێتەوە. پێپلیکەکانیش ئەوەندە لوسو پاكو خلیسك بو، لە سەرخۆ نەڕۆیشتایە، لەوانە بو بخلیسکێو بکەوێ، لەبەرئەوە لە عاستی خۆمەوە بانگی مەحمودم کردو پێم وت" کە گەیشتە ئەو ئاستەی منی لێ وەستاوم چاوی بە ورچێك ئەکەوێت. نەترسێت ئەوە هەیکەلە ورچ نیە.

مەحمود خەریکی جیاکردنەوەی جانتاکانی من بو، وەڵامی دامەوەو من وامزانی کە دڵی داوەتە قسەکانم، دوایی کە هاتە سەرێ ڕەنگە زەرد هەڵگەڕابو بە هەناسەبڕکێ تێی گەیاندم کە چاوی بە ورچەکە کەوتوە، قسەکەی منی بیر کەوتۆتەوەو هۆشێکی هاتۆتەوە بە بەراو لە مل شکان ڕزگاری بوە. ئەو وەختە منیش جارێکی تر قەدری لێکدانەوەم زانیو بڕیارم دا کە پلەی تێگەیشتنی ئەو کەسەی هاودەمی لەگەڵ ئەکەم لەبیر خۆم نەبەمەوە.

لە ئوتێل هەمو نوستبون لە غوڵامەکانیش تێگەیشتم کە بەو شەوە خواردن دەس ناکەوێت، منیش برسیم بو، خەوم لێ نەئەکەوت، مەیلی تێگەیشتن و پشکنینیش زێفی لێ سەندبوم. هەستام و چومە دەرەوە بە هیوای مەحمود لەوە نەئەترسام کە دەرگای لێ نەکەنەوە. ئەو شەوە هەرچەندە جەژنێکی نازانم چی گورجییەکان بو، بەڵام وا دیاربو لەبەر بەزم و زەماوەندو خواردنەوە لە نیوە شەو بەولاوە تەوانایان لێ بڕابو نوستبون لەبەرئەمە ئەو شارە گەورەیە کش و مات بو و سروەیەکی لێوە نەئەهات، بە ڕاست و چەپی ئوتێلەکەمانا لە ڕاستە شەقامەکەدا ماوەیەك ڕۆیشتم دوکانێکی کراوە یا لوکەنتەو یا جێگەی خواردن و خواردنەوەیەکم بەر چاو نەکەوت. بەڵام بەو شەوە درەنگە پاك و تەمیزی لە عەقڵ بەدەری شەقامی گشتی ئەوەی ئەگەیاند کە خەڵق چەند بە تەنگ پاك و تەمیزی و جوانی شارەکەوەن، ئەگینا دوای بەزم و زەماوەند تا نیوە شەو کە بە هۆی جەژنیشەوە لە گەورەوە تا بچوك سەرمەست بوبون، بەم تەمیزییە نەئەما، ئەگەر بێت و ئەمە لە هونەری خەڵقەکەوە نەبێ، ئەبێ هونەری حکومەتی "تەفلیس" و دائیرەی بەلەدیە بێت، ئەمیش هەر جێی سوپاسە.

من نەمئەوێرا بچمە کۆڵانەکانەوە لە ڕێ ونکردن ئەترسام، لەملای تریشەوە گەورەیی و دڵ فریبی کۆشك و عەمارەتەکان، جێ جێ باخچە جوانەکان، جێگەی یاری منالان، لە هەمو باخچەیەکداو بەسەر هەمو کۆڵەکەو بەرزییەکەوە هەیکەلە گەورەو بچوکەکانی پیاوانی ناسراوی زانستی و سیاسەت و فەن ئەبڵەقی کردبوم و خۆمی لەبیر بردبومەوە، بەڵام لە دەنگێکی نێری کابرایەکی درێژی تفەنگ بەدەس

وریا بومەوە کە بە قەڵپاغێکی سپی گەورەو قاپوتێکی تیسکنی پانو پۆڕی ئاودامانەوە لە دورەوە تێی خوڕیم. لە ڕێگە لە هەندێ ئەرمەنیو عەجەم چەند وشەیەکی ڕوسیو ئەو قسانەی کە زۆر پێویستەو بەکار ئەهێنرێت فێر بوبومو لەبەرم کردبو، بەڵام ئەوەم بە بیرا نەهاتبو وشەی "دوست" کە لە جێگەیەکی وادا بەکارئەهێنرێت بپرسمەوە خواو ڕاستان بیرم کەوتەوە کە "مەجید ئیسماعیل"ی ڕەفیق-سنفم لە ڕوسیە لە دیلی ڕزگاری بو گەڕایەوە عێراق، پێیان ئەوت "تەوارش-ڕەفیق" منیش بە دەنگی بەرز وەڵامم دایەوە، وتم "تەوارش" ئنجا لێی چومە پێشەوە، لە بەردەمیا من وەکو منداڵ وابوم سەرم تۆزێ لە عاستی پشتێنەکەی سەرئەکەوت، دەسی کرد بە قسەکردن بە ڕوسیو بە گورجی، من بە تورکیو بە ئینگلیزیو فەرەنسزی لەوم پرسی ئەویش تەقەی سەری ئەهات، بەڵام فیکەی لێدا کابرایەکی تر پەیا بو کەمێ تورکی ئازەربایجانی ئەزانی، لە یەك گەیشتینو پێشم کەوت کە دوکانێکم پیشان بدا، لە ڕێگە ئەیوت کە لە بنچینەدا تورکەو خاوەن دوکانەکەیش ئەرمەنی بو و تورکی ئەزانی، شەرابی چاكو مریشکی سورەوەکراوی هەبو، ئەوانەو بۆ ئیحتیات هەندێ هێلکەو پەنیریشم لێ کڕی، هەموی بە پارەی عێراقی ٧٥٠ فلسی گرتەوە.

لە تەورێز بەولاوە دونیا زۆر ساردبو منیش پاڵتۆیەکی ئاودامانی گیرفان فراوانم لەبەرا بو خواردنەکانم تێئاخنیو قاپە شەرابەکانم گرت بەسەر سنگمەوە، لە ئوتێل تێرو پڕم خواردو خواردەوە ئنجا لەناو جێگەیەکی پاكو تەمیزو نەرمو شلا سەرم نایە سەر سەرینی توکی قو و تا ڕۆژ لە ئاسمانا بەرز بۆوە لە خەو خەبەرم نەبۆوە.

بەیانی لە سەفارەتی تورکەوە زابتێك هاتو ئێمەی بردە سەفارەتو لای مولحەقی عەسکەری بینباشی ئەرکانی حەرب "محەمەد بەگ" بەرچاییمان کرد، نیوەڕۆش قاوەڵتی بۆ کردبوین لەو ڕۆژەدا "موختار بەگ"ی مومەسیلی فەوقەلعادەی تورك لە مۆسکۆ بو، "نەبیل بەگ" ناوێك وەکیلی بو. ئوتێلەکەمان لە سەفارەتی تورکەوە دور بو نەبیل بەگ وەکو تێی گەیاندین لەو هەرێمەدا لەبەر

نەبونی خۆرهەڵاتی و زمانزانی ناتوانین بحەسێینەوە، وایان بە موناسب زانی بچینە سەفارەتخانە، ئێمە پێمان خۆش نەبو، وتیان ئوتێلی خۆمان هەیە، بەڵام لە هەرێمێکە، ناوەکەی جوان نییە، وتمان وەکو چی؟ وتیان پێی ئەڵێن "شەیتان بازاڕ" چونکە لە تورك لە عەجەم لە کورد لە ئەرمەنی لە ڕوس لە گورجی لە هەمو تیرەیەکی تیایە، بەڵام هەرچیت بوێ تیا دەس ئەکەوێت و هەر زمانێك بزانی ئەتوانی قسەی پێ بکەی. وتمان لەمە باشتر نابێ و بڕیارمان دا بگوێزرێنەوە، شەیتان بازاڕ، بەڵام شەوێکی تریش لە "ئوریەنت ئوتێل" ماینەوەو بەم ڕەنگە لە شەونخونی ئەو شەوەی ئوتێلەکەدا لەگەڵ ڕوسەکان ڕامانبوارد.

سبەینێ لە شەیتان بازاڕ چوینە ئوتێلێکی بچوك وەکو یەکێ لە ئوتێلەکانی "حەیدەرخانە" لە بەغدا، ئەم ئوتێلە هی "محەمەد ئەفەندی" ڕێزەلی بو. بازاڕو دوکانەکانی ئێرە شورجەی بەغدای ئەهێنایەوە بەرچاوم، بە ڕاستی بازاڕی شەیتان بو، چونکە کاسبی وریاو فەنبازو چاوکراوەی لە هەمو قەومەکانی خۆرهەڵاتی تیا کۆ ببۆوە بە کاسبی و نان پەیاکردنەوە خەریك بون. محەمەد ئەفەندی خەڵقی "ڕێزە" بو. کاسبێکی دەوڵەمەندو پیاوێکی خۆشەویستو خاوەن چاکە بو، لەگەڵ خەڵکەکە لەوێ خۆشمان ڕائەبواردو حەسابوینەوە، خواردەمەنی هەتا بڵێی هەرزان بو، ئێواران خواردن و خواردنەوە نزیکەی دو تارانی عەجەم ئەکەوتە سەرم. بە عومری خۆم حەزم لە تور نەکردوە، لەوێ هەمو ئێوارەیەك لەگەڵ مەزە توریشم ئەخوارد. توری تەفلیس سورو ناسك و شیرینە لەگەڵ توری ئێمەدا فەرقی عاسمان و ڕێسمانی هەیە.

تەفلیس یەکێکە لە جمهوریەتە شورەوییەکانی قەفقاسیای جەنوبی و نیشتمانی ستالینی زەعیمی ڕوسیەی شیوعی‌یە. قەفقاسیا خۆی بەرزەخێکە لە بەین زەریای ڕەش و زەریای قەزبین (بەحری خەزەر). ئەم بەرزەخە کە هەرێمی قەفقاسیای لێ پەیا بوە بە زنجیرە کێوەکانی قەفقاسیا ئەبێ بە دو بەشەوە بەشی سەرەوەی کە ئەکەوێتە ئەودیوی ئەوروپا پێی ئەڵێن قەفقاسیای باکور بەشی ئەمدیوی کە ئەکەوێتە ئاسیا پێی ئەڵێن قەفقاسیای جەنوب. جەمهورییەتی

جورجیا ئەکەوێتە ئەم بەشەوە. ئەم هەرێمە دەشتاییە کە بەرەو زەریای ڕەش درێژ ئەبێتەوەو تەنیا ئاوی "ڕیبون"ی پیا ئەڕوا کە ئەڕژێتە زەریای ڕەشەوە خاکی ئەم دەشتاییە بەرزە لە زەمانی خۆیا "بورکانی" بوە، بەڵام کێوە ئاگرینەکانی ئێستە دامرکاون دەشتاییەکە بارانی زۆرەو هەوای گەرمە، لەبەر ئەوە چەڵتوكو ڕەزو باخو توتنی زۆر لێ ئەکرێ. ئەم جەمهوریەتە لە باکورەوە بە کێوەکانی قەفقاسیاو لە جەنوبەوە جەمهورییەتی ئەرمەنیو لە خۆرهەڵاتەوە بە ئازەربایجانەوە لە خۆرئاواوە بە زەریای ڕەش دەورە دراوە. گەلێ بیری نەوتی تیایەو لەمە دەسکەوتێکی زۆربەی هەیە.

هەمو هەرێمی قەفقاسیای خوارو لە لایەن ئیدارەوە کراوە بە سێ بەشەوەو لە هەر یەکە لەم بەشانە جەمهورییەتێکی شورەوی دامەزراوە یەکێك لەم جەمهورییەتانە گورجستان-جورجیای ناو براوە، ئەوانی تر جەمهورییەتی ئەرمەنیو جەمهوریەتی ئازاربەیجانە. پایتەختی یەکەمیان ئەریوانو هی دوەمیان باکۆیە، کە کەوتۆتە سەر ڕۆخی زەریای (قەزوێن). جەمهوریەی ئازەربایجانی شورەوی لە دو سەرەوە شورەتێکی گەورەی هەیە لە ئاسیاو لە وڵاتی ئێمەدا، چونکە لەو دو ملیۆن خەڵقەی کە تیا دائەنیشێ نزیکەی ملیۆنو نیوێکی موسڵمانە، باکۆی پایتەختی جەمهوریەت بە شاری نەوت ناسراوەو یەکێکە لە ناوچە هەرە بەکەڵکەکانی ناوچە نەوتییەکانی وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لە ناو پایتەختەکانی جەمهورییەتەکانی قەفقاسیای جەنوبا باکۆ دوای تەفلیس، یەکەم شارە بە گەورەییو نزیکەی حەوت سەد هەزار نەفسی تیایەو لە پلەی دوەمایە. ئەریوان کە پایتەختی ئەرمەنییەکانە بە گەورەییو بە نفوس لە پلەی سێیەمایەو نزیکەی سەد هەزار کەسێکی تیا ئەژی. جەمهوریەتی ئازربایجان ئەکەوێتە قەراغی لای جەنوبی خۆرئاوای زەریای قەزبینو تا سنوری ئێران درێژ ئەبێتەوەو لە نزیك ئاوی ئاراس ئەدا لە سنوری ئازربایجانی عەجەم، جەمهورییەتەکانی جورجیاو ئەرمەنی ئەکەونە خۆرئاوای ئەم جەمهورییەتە، باکۆ لەبەر نرخی ئابوری بە هۆی نەوتەوە بە خەتێکی ئاسنو لە ڕێی تەفلیسەوە

بەسراوە بە "باتوم"ەوە کە ئەسکەلەیەکی جورجیایە لەسەر ڕۆخی زەریای ڕەش، و بەم تەرحە لە بەینی زەریای ڕەش و زەریای قەزبینـدا بە شەمەنەفەر هاتوچۆ ئەکرێ.

لە تەفلیسەوە خەتێکی تر ئەچێ بۆ "گومری" و لەوێدا ئەبێ بە دو پەل، یەکێکیان ئەوەی کە ئێمە لە جولفاوە تا لە سنوری ئێرانەوە پێی هاتبوینە تەفلیس. پەلەکەی تریان تەفلیس ئەبەستێ بە سنوری تورکیاوە و لەم پەلەوە بو کە ئەحمەد تەقی و هاوڕێکانی ترمان چوبون بۆ "صاری قامیش". جگە لەمەش هەر لە باکۆوە بەسەر ڕێی روستوفدا خەتێکی تری ئاسن ئەچێ بۆ مۆسکۆ.

## ٨٤

## لاپەڕەیەك لە مێژوی قەفقاسیای کۆن

قەفقاسیا لە مێژوی خۆرهەلاتا جێگەیەکی تایبەتی داگیر ئەکا، جگە لەمە لە حەکایەتەکانی پڕو پیرێژنا ناوێکی سیحراوی و ئەفسانەیی هەیە، جنۆکەکانی پشت کێوی قاف و حەکایەتی "دێوی سپی" گوێ ئاگردانی شەوانی زستان لە مێژوی ژیانی دەوری منالی هەموماندا لاپەڕەیەکی تایبەتی هەیە. باسی ئەم کێوانە لە تەورات و قورئانیشا هاتوە و بە پێی قسەی زانا گەورەکان "سەدد"ی "یاجوج و ماجوج" لە کێوی قافدایە و لە دێر زەمانێکا بۆ ڕێبڕین لەو تایەفە کێوییە دروست کراوە کە لە سنوری چین و تورکستانەوە هێرشیان ئەهێنا بە سەر ولاتانی خۆرئاوا و لەم کێوانەوە بە ئاسیادا ئەهاتنە خوارەوە، هەندێك ئەڵێن ئەم تایەفانە بەشێك بون لە مەغۆلەکان کە لەژێر گەلێ ناوی وەکو "میگر" و "تاتار" و "سی تهین"دا ڕویان کردۆتە ئەوروپا و ئاسیا، ناوی "سی تهین" لە لایەن یونانیەکانەوە لەو بەشەی "مەغول" نراوە کە ٦٠٠ ساڵێك پێش زاین لە ڕێی قەفقاسیاوە هێرشیان هێناوەتە سەر ئاسیای خۆرئاوا، ئەم ناوە لە بەردە نوسراوەکانی "داریوس"یشا هاتوە کەوا لە "ئستەخر"ە.

هەندێ لە مێژوناسەکان لەو بیرەدان کە ئەهالی دەوروپشتی کێوی قاف لە دەس ئەم تایەفە وەحشیانە شکاتیان بردۆتە بەر "کورش"ی شای ئێران، ئەویش بۆ ڕێبڕین لەم هێرشهێنەرانە لە دەربەندەکانی کێوی قاف سەددێکی لە ئاسن دروست کردوە. ئەم سەددە کە ئەبو لە عەجایبەکانی عالەمیشا باس بکرایە لە قورئاندا بە سەدد یاجوج و ماجوج ناوی براوەو تا ئیمڕۆ لە قەفقاسدا جێگەو نیشانی ماوە. کورشی گەورە هەروەکو بە یەکخستنی ولاتەکانی مادو فارس ئیمپراتۆریەتی مەزنی ئێرانی هێنایە ناوبانگی ئێرانی لە خۆرهەلاتو خۆرئاوادا بەرزی کردەوە، گەلێ لە خاكو دەولەتەکانی ئەو دەورەی خستە ژێر حوکمی خۆیەوەو دونیای خستە ترسو لەرزەوە، بە دروستکردنی ئەم سەددە ئاسنینەش ولاتەکانی باکوری لە هێرشی مەغۆلەکانی چینو تورکستان ڕزگار کردو خستنییە ئاسودەیی و ئەمنییەتەوە. بەمەیشا دەرئەکەوێت کە هەرچەند تەیموری لەنگ سەردەمێ "سەمەرقەند"و "تبلیس"ی خستۆتە ژێر حوکمی خۆی، بەلام پێش ئەوەو لە مێژوی زۆر کۆنەوە (٦٠٠ پێش زاین) ولاتی قەفقاس کەوتۆتە ژێر حوکمی ئێرانەوە. لەم ولاتەدا کە لە گێتیدا عالەمێکی سەربەخۆو تایبەتی نزیکەی ٣٠ میللەت ئەژی و نمونەیەکە لە بورجی "بابل". ئازەربایجانی، جورجی (گورجی)، کورد، تورك، ئەرمەنی، ڕوس، عەجەم، یونانی، جولەکە، ئوسیشیان، ئەنجازین، ئەجارینو گەلێ تەرحی تر لە میللەتەکانی ئەم ولاتە کە سەیرو نەبینراون.

## ٨٥

## باطوم (باتوم)

لە تەفلیس هەشت ڕۆژماینەوە، ئینجا هەر بە شەمەنەفەر لەوێوە ڕومان کردە شاری بەناوبانگی باتوم کە ئیمڕۆ ئەسکەلەیەکی جەمهورییەتی جورجیایە لە سەر ڕۆخی زەریای ڕەش ماوەی بەینی تەفلیسو باتۆم ٢٤ سەعاتە بە شەمەنەفەر.

پێش ئەوەی بگەینە باتۆم لە ئیستگەی "گوتایس"ەوە تێپەڕین، دەمەدەمی ئێوارە گەیشتینە باتۆم‌و "بولڤار" لە ئوتێلی "ئاغا پترۆس" دابەزین. شەقامەکانی ئەم شارەیش وەکو هینەکانی تەفلیس زۆر پانەو هەتا چاو بڕکا ڕاست‌و درێژە، بەڵام خانوەکانی بەرزێکی ئەوتۆ نین‌و کەمی وای تیا هەڵئەکەوێت کە لە سێ نهۆم تێپەڕێت. باتۆم سەروەختێك یەکێك بو لە شارە گەورەو فراوانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەینێکیش کرابو بە جێنشینی وەلی عەهدی پادشا، بەڵام لە چواریەکی دواییني قەڕنی نۆزدەهەم ڕوسەکان بیانویان بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دوەم گرت‌و لەگەڵی کەوتنە شەڕەوە. دەوڵەتی عوسمانی ئەم جارە یارمەتی لە حکومەتەکانی خۆرئاوا نەدی‌و لەشکرەکانی تورك شکان– ڕوسەکان لە خۆرهەڵات‌و لە خۆرئاواوە چونە خاکی عوسمانییەوەو قەفقاسیان داگیر کرد. لەسەر ئەمە لە بەینی حکومەتی ڕوس‌و عوسمانی پەیمانی ئایاستیفانوس لە ساڵی ١٨٧٨م ئیمزا کرا. بە پێی ئەم پەیمانە (پەیمانی بەرلین) کە دوای پەیمانی ئایاستیفانوس هەر لەو ساڵەدا کرا، شاری باتۆم لەگەڵ گەلی شارانی تری عوسمانی کەوتە دەس ڕوسەکان. ئنجا کە ڕوسە بۆڵشەویکەکان هاتنە سەر حوکم هەرێمی قەفقاسیان کرد بە سێ جەمهوریەت‌و شاری "باتۆم"یان خستە سەر جەمهوریەتی جورجیاو لەوساکەوە بو بە ئەسکەلەیەکی ئەم جەمهورییەتە.

لەو ڕۆژەدا لە باتۆم باخچەیەکی زۆر گەورە هەبو لەبەر ڕۆخی زەریای ڕەشا تا ماوەیەکی دور درێژ ئەبۆوە، ئێواران ئەچومە ئەم باخچەیەو لەوێ گوێم لە مۆزیقە ئەگرت، ئەوانەی بۆ گەڕان ئەچونە ئەم باخچەیە لەبەر دەرگا بەرامبەر بە "بلیت"ێك شتێ پارەیان لێ ئەسەندن، بەڵام ئەم بلیتە تا حەفتەیەك حوکمی هەبو و پێی ئەچونە ژورەوە. باخچەکە یەکجار خۆش‌و گەورەو هەوادار بو بە درێژایی ڕۆخی زەریای ڕەشا بە پایتون تیا ئەگەڕان کچە ناسك‌و نازدارەکانی گورجی زینەتێکی تریان ئەدا بەم باخچەیە. من لە قەفقاسیا وا هاتە بەرچاوم کە ئەوەندەی بەشی پیاویان وشك‌ورو گرژو قەبەن، ژنیان ئەوەندە هێمن‌و ڕوخۆش‌و بەئەدەبن. لە باتۆمیش چومە حەمام، من تا ئەو وەختە خۆم فێری دوش‌و ئاوی سارد نەکردبو،

حەمامی باتۆم وەکو ئوتێل وابو، هەر کەسێك بچێ کلیلی ژورێك لە خاوەن حەمام وەر ئەگرێت، ئەم کلیلانە بەسەر ژمارەی ژورەکانەوە لەسەر لەوحەیەك هەڵواسراوە. ئەچیو ژوری خۆت ئەکەیتەوە، لە ژوری یەکەما ڕوت ئەبیتەوە لە ژورێ کە لە ناو ئەوی پێشوەوە بۆی ئەچی دوشو بانیوو جێگەی خۆششتنی خۆرهەڵاتی هەیە، کرێ بە سەعات حساب ئەکرێ، چەند سەعات بمێنێتەوە پارەی خۆت ئەدەی، ئیتر هەوەسی خۆتە حەز ئەکەی شەوو ڕۆژێکی تیا بە.

لە باتۆمەوە ئەبو بە پاپۆڕ بە زەریای ڕەشا بچینە ئەستەموڵ واتە لە خاکی ڕوسەوە ئەچوینە خاکی تورك. لەبەرئەوە پێویست بو پەساپۆرتی تازەمان بۆ بکرێ، لەم پەساپورتەدا ناوی من گوڕرا بە "عەلی فایەق بەگ"و ناوی مەحمودی خاڵم بو بە "حەسەن ئەفەندی"، ژمارەی پەساپۆرتەکەشم ٣٥و لە مێژوی ١٥ نیسان ساڵی ١٩٢٣ بو، ئەو دەمە کاربەدەستانی تورك بە ناوی "تورکیا بویوك ملت مجلسی حکومتی" ئەوراقیان ئیمزا ئەکرد. تا ئەمە تەواو بو و لە پاپۆڕێکا جێگەمان بۆ گیرا، هەفتەیەکمان پێ چو، ئێمەیش کەمێك لە شاری باتۆم گەڕاین، ئێوارەی ١٥ی نیسان ١٩٢٣ لە ئەسکەلەی باتۆم سواری پاپۆڕی "شەفلید" بوین لە قەمارەکانی پلەی یەکەما هەشت کەس هەبو منو فەتاح لەگەڵ ئەمانە بوین، خواردنیشمان بە یەکەوە لەسەر سفرەیەك ئەخوارد. وەکو فەرەنسە لەسەر نان لە جیاتی ئاو شەراب دائەنێن، ئاویش هەیە بەڵام بۆ فیز هەندێ کەس نایخۆنەوە، بارەکەمان ئینگلیزیو لە کەبتانەکەی بەولاوە کە ئینگلیز بو، هەرچی کرێ کارو تایەفەی پاپۆڕەکە هەیە هەمو کرێگرتەو خەڵقی یۆنان بون.

شەوێك لە نیوە شەوا بە دەم سەرئێشەوە خەبەرم بۆوە، دیاربو زۆرم ڤۆدکا خواردبۆوە، لە ژورەکەما کەس ئاگای لێ نەبو، هەندێ ڕشامەوە، ئاسپرینێکم قوت داو دەموچاوم شوشت، پەنجەرەی ژورەکەم کردەوە، بایەکی ساردو توند هوروژمی هێنایە ژورەوە، پریشکی ئاویشی پێوە بو. زو پەنجەرەکەم داخستەوە کە سەرم لە دەرگاوە هێنایە دەرەوە گوێم لە غەڵبەغەڵبێ بو کە لە سەربانی پاپۆڕەکەوە ئەهات. لەو عانەدا یەکێك لە غوڵامەکانی پاپۆڕەکە بەوێدا هات، لێم

پرسی چە باسە؟ وتی: شوکور لە غەرق ڕزگار بوین، تومەز من ئاگام لێ نەبوە نزیکەی چوار سەعات بوە پاپۆڕەکەمان لەبەر فەرتەنە لە مۆلەکەدا بوەو هیچ کەس لە ترسا خەوی لێنەکەوتوە. هەمو چوبونە سەربانی پاپۆڕەکە لە عانی مۆلەکەدا ڕزگاری وەربگرن.

ئێوارەی ڕۆژی چوارەم گەیشتینە "قەواق" کە ئەسکەلەیەکی شاری ئەستەموڵە، لە دەمی گەروی زەریای ڕەشە، بە گرمەی تۆپو دەنگی "الله اکبر" بیرمان کەوتەوە کە ڕەمەزانە. هێشتا ئادابی ئیسلام لەسەر پێو شوێنی خۆی ئەڕۆیشت: "عەبدولمەجید" خەلیفە بو حوکمی مەدەنی لێ سەنرابۆوە، حوکمی دینی بە ناو مابو، لەگەڵ ئەمەیشا لە ئەستەمولْ هێزی سوێندخوارەکان دەسیان بۆ هەمو شتێ درێژ ئەکرد، هاتوچۆ لە ژێر موراقەبەو پشکنیندا بو. ئەو شەوە نەیانهێشت بچینە ئەستەموڵەوەو لە قەواقیش لە پاپۆڕ نەچوینە دەرەوە، چراشیان لێ قەدەغە کردین، بە تاریکی لە پاپۆڕەکەدا ماینەوە. من دەفتەرێکم پێ بو ڕۆژبەڕۆژ بەسەرهاتی خۆمانم تیا ئەنوسی. نازانم لەبەرچی زۆر کەوتمە واهیمەوەو هەتا دەفتەرەکەم لەناو نەدا، ئۆقرەم نەگرت.

بەیانی زو لەگەڵ هەتاوکەوتن مەئمورێك پەیا بو، چوار زابتی لە هێزی سوێندخوارەکان لەگەڵ بو، سەرکەوتنە سەر پاپۆڕەکەمان، ئەمانە بۆ پشکنینو پرسو جواب هاتبون، تەماشای پەساپۆرتەکانیان کردین، هەندێ پرسیاریان لە کەپتانەکەمان کرد، ئینجا ویستیان جانتاکانمان بپشکنن، ئێمە هیچ دەنگمان نەکرد، بەڵام کە چاویان بە جانتا بچوکە "لۆك"کراوەکە کەوت وازیان لە جانتاکانی تر هێنا، وتیان جارێ ئەبێ ئەم جانتایە بکرێتەوە، بە کەپتانەکەمان وت: *نابێ ئەم جانتایە بکرێتەوە، چونکە لە تەفلیسەوە ئەوراقی ڕەسمی سەفارەتی تورکی تێخراوە بۆ وەزارەتی خارجیەی ئەنقەرە*، خەریك بون زۆرمان لێ بکەن، بەڵام لەناو خۆیانا ڕێ نەکەوتن، بو بە مشتومڕو مقۆمقۆو دوایی ڕویان کردە ئێمەو وتیان *جانتاکە ئەکەینەوە، ئەگەر بەرگی ئەوراقەکان مۆرو نیشانەی ڕەسمی سەفارەتی پێوە بو نایانکەینەوە* وتمان *ئەویش ناکرێت*، چونکە

*نازانین کە ئەم کارە چە جۆرە پرسینەوەیەك ئەهێنێ بەسەر ئێمە. مۆری ڕەسمی سەفارەت بەسەر لۆکەکەوە هەیەو ئەمە بەسە بۆ ڕاستی قسەکەمان.* لە هەقیقەتیشا "لۆك"ی جانتاکە کەمێك شکابو مورەکەشی باش دیار نەبو، لەگەڵ ئەمەیشا دوای نیو سەعاتێك مشتومڕ لێمان گەڕان و ڕێیان داین کە بچینە ئەستەموڵەوە. کە پاپۆڕەکەمان کەوتە جوڵانەوە ئەو حەلە دەفتەرەکەم بیر کەوتەوە کە لەناوم داو بڕیارم دا کە لە یەکەم هەلدا تاوەکو لەبیرم نەچۆتەوە با زۆر بە کورتیش بێ لە سەرەوە لەبەر بینوسمەوە.

لە "قەواق"ەوە بۆ ئەستەمول هەر ئەوەندەی بەینی کازمیەو بەغدا ئەبێ، لە سەعات نۆو نیوی بەیانییەوە لە قەواقەوە کەوتینە ڕێ پێش قاوەڵتی گەیشتینە جێ،و لە "سرکەچی" چوینە "ئوتێل مەسەرەت"، بەڵام فەرەنسزەکان داگیریان کردبو، لەوێوە چوینە "عوسمانلی ئوتێل". من کە لە دەوری قوتابیەتیما ئەستەموڵم دیبو، زۆر بە پەرۆش بوم کە جارێکی تریش ئەو جێگانە ببینمەوە کە تیا ژیاوم و یا پەیوەستییەکی هەیە بە ژیانی ئەو دەورەمەوە، لەبەر ئەمە ئیزنم لە فەتاح خواست کە ئەو ڕۆژە لێم بگەڕێت، ئیتر بە ئەستەمولا بسوڕێمەوە، دەسبەجێ ڕوم کردە ئەو جێگەیە کە لە جاری یەکەمما تیا میوان بوم، نزیك بە سرکەچی کە پێیان ئەوت "تەختە قەڵا" ئەم جێگەیەش لە ئەستەموڵ وەکو "شەیتان بازاڕ"ی تەفلیس بو، من لەم جێگە ناخۆشەدا لەو ڕۆژەدا هەفتەیەك مابومەوە حاڵەتی منالی و غەریبی زۆر کاری لێ کردبوم، بە سواری کەرو وڵاخ و عارەبانەو تریشقە لە سلێمانییەوە تا حەلەب و لەوێوە بە شەمەنەفەر تا "بێروت". ئنجا لە "بێروت"ەوە بە پاپۆڕو لە زەریای سپی ناوەڕاستەوە چوبومە ئەستەموڵ.

بۆ ئەو ڕۆژە ئەمە کەم نەبو، لە وڵات یەکجار زۆر دور کەوتبومەوە، ئێستە قوتابیەك ئیمڕۆ بەیانی لە بەغداوە سواری فڕۆکە ببێ، پاش دو ڕۆژ لە نیویورکەوە تەلەگرافی گەیشتنی وەرئەگرت. لەو وەختەدا ئێمە لە سلێمانییەوە بە کەرو وڵاخ بە سێ ڕۆژ بە زەحمەت ئەگەیشتینە کەرکوك. ئەگەر بچوینایە بەغدا بە ڕێی "قرفە"داو بە دە ڕۆژ ئەگەیشتین. لە بەغداش تا هەفتەیەك لوت و لێومان

چەور ئەکردو توێژی فرێ ئەدا تا دە دوانزە ڕۆژ دەموچاومان پەڵەپەڵە ئەمایەوەو لەبەر ئازاری پەنا ڕانمان گەڵاوگەڵ ئەڕۆیشتین، ئنجا ئەهاتینەوە دۆخیانی جاران، ئەو جارەی کە چوبومە ئەستەموڵ حەوت ڕۆژ بە کەرو وڵاخو بە شەمەنەفەر بە ڕێی بێروتەوە بوم، ئنجا لە بێروتەوە بە پاپۆڕ بە حەوت ڕۆژ گەیشتبومە ئەستەموڵ. ئەگەر هەر ڕێگەکە بژمێرین بەم تەرحە بو، بەڵام لە کەرکوکو موسڵو حەلەبو بێروت، یەك مانگی خشت لەبەر دەستنەکەوتنی وڵاخ یا عارەبانەو پاپۆڕو بە هەندێ هۆی ترەوە مانەوەو دواکەوتنیش بخەینە حسابەوە بۆئەوەی لە سلێمانییەوە بگەینە ئەستەموڵو دو مانگی بێ کەمو زیادمان پێ چوبو. کە ئیمڕۆ ئەم ماوەیە بۆ گەشتێکی دەوری عالەم بەسە.

لەبەرئەمە کە گەیشتبومە ئەستەموڵ ماتەمینی گرتبومی، چومە بازاڕ لە لای کتێبفرۆشێکی گەڕۆك یەك دو کتێبی تورکی هەرزانم کڕی، یەکێك لەوانە حەکایەتەکەی "دون کیشوت" بو. بە ڕۆژ دوای ئەوە کە بە دواچونی ئیشوکاری خۆم ئەگەڕامەوە ئەو حەکایەتەم ئەخوێندەوەو بەمە خەمی تەنهاییو دوروڵاتی خۆم لەبیر ئەچۆوە، تا ئەو ڕۆژە حەکایەتی وا سەیرو خۆشو ئەنتیکەم نەخوێندبۆوە، جاری وا هەبو لە تریقەی پێکەنینی خۆم پێکەنینم بە خۆم ئەهات. دوای ئەوە کە تێکەڵ بە عالەمی ئەو ڕۆژەی ئەستەموڵ بوم لەم "پایتەختە" بەناوبانگەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەلێ لاپەڕەی وا جێگەی لە مێژوی ژیانما گرت کە بۆ قوتابیو یا منداڵێکی ئەو دەورە بە کەم دانەنرێتو نرخێکی تایبەتی بدرێتی. لەسەر نامەی کەریم بەگی برای ئەحمەد ئاغای کەرکوکی، خاوەنی پێشوی نامیلکەی ژین لە ئەستەموڵ، مامۆستا نەجمەدین کەرکوکی برای مامۆستا عەبدولخالق (ئەثیری) یەکەم کەسێك بو کە هاتبوە لامو بە هۆی ئەو لاوە کوردەوە کە بلیمەتی زەمانی خۆی بو، گەلێ کوردم ناسیو دوای ماوەیەکی زۆر کەم چوبومە ڕیزی ئەو قوتابییە کوردانەوە کە بە خوێنپاکیو جێی باوەڕ ناسرابون.

قوتابی کورد لەو ڕۆژەدا کەم نەبون و لاوەکانی سلێمانی لە چاو لاوە خوێنگەرمەکانی دیاربەکرو تەفلیس و خەرپوت و ئەرزڕۆمدا لە هیچەوە دیار نەبون. کۆمەڵی هێڤی(هیوا) کۆمەڵی قوتابیە نیشتمانییەکانی کوردی ئەوێ بو لە ئەستەمولّ، مامۆستا نەجمەدین لە لقی ئیلاهیاتی دارلفنون دەرچوبو و، لە ڕۆژەدا مامۆستا بو لە مەکتەبێکی سولّتانی، لە کۆلیجی حقوقیش ئەیخوێند. ئەوانەی چاویان پێکەوتوە ئەزانن کە چە ئاگرێك بو، کوردێك کە بە تەنگ سەری خۆیەوە بوبێ نەیئەوێرا نزیکی بکەوێتەوە، لە هەمو هەلێك و هەمو جێگەیەك باسی کوردایەتی ئەکرد و لاوانی کوردی وریا ئەکردەوە، کچی والیەکی تورکی هێنابو لە خەڵقی بۆسنە. لە پێش بڕانەوەی شەڕی گەورە بە ناچاری خۆی کوتابوە ئەو ولاّتەوە کە خرابۆوە سەر "سربستان". ئەم ولاّتە کە ئێستە یوغسلافیای پێ ئەڵێن.

دوای ئەوە مامۆستا نەجمەدین دەنگی بڕا و نەمانزانی چی بەسەرهاتوە. ئنجا من کە جاری دوەم و لەگەڵ فەتاح گەیشتمە ئەستەمولّ و لە دوای ئەوە ئیزنم لە فەتاح خواستبو کە بەو جێگانەدا بگەڕێم کە لە دەوری قوتابیەتیما هۆگریم پێوە گرتبو ببو بە ئاشنای گیانیم، وەکو لە سەرەوە باسم کرد چومە "تەختەقەڵە"، چومە "چەنبەرلی تاش"، چومە "گەدك پاشا"، چومە ئەپارتمانی "هاجی بەگ" کە لە "گەدك پاشا" بو و دوای داخرانی کۆلیجەکان لەگەڵ یەك دو قوتابی تری عێراقی هاوڕێیەتیمان تیا ڕابوارد، چومە وەزارەتی حەربیەی پێشو، چومە "فاتیح"، "ایا سوفیا"، "بابی عالی"، "سولّتان ئەحمەد"، "غەڵەتە"، "خواجە پاشا"، "بەی ئوغلو"، "تەقسیم"، سواری پاپۆڕ بوم، چومە "قادی کوێ"، "یلدز" سەرای مێژویینی سولّتان عەبدولحەمید. خولاسە تا توانیم و بۆم کرا ئەو ڕۆژە تا ئێوارە گەڕام و گەڕام.

لە دو جێگە، یەك لە بەردەمی قرائەتخانەکەی "چەنبەرلی تاش" دوەم لەبەر دەمی دەرگاکەی ئاپارتمانی "هاجی بێك" بەینێك وەستام و ئەو ڕۆژانەی کە لە ڕابوردودا لەوێدا، ڕامبواردبو هاتەوە بە بیرما و چەند دلۆپێك فرمێسکی گەرم بە چاوەکانما هاتە خوارەوە. ئەپارتمانەکە هیچ نەگۆڕابو، ئەوەندە هەیە کە کرابو بە

جێگـەی پاکردنـەوەی جلوبـەرگو ئوتـودان. هـەواڵی کـەسو کارەکـەی "هـاجی بەگ"م پرسی، وتیان لـە ئەستەموڵ نـەماونو چونەتەوە یونانستان، چونکە ئـەم عائیلەیـە یۆنـانی بـون. ئێـوارە گەڕامـەوە ئوتێل، فـەتاح بـەبێ ئـۆقرە چاوەڕوانم بـو وتی: چومە *لای (محێدین پاشا) پێی وتوم کە ڕۆژێکـی وا نیە ئێوە لە ئەستەموڵ بمێننـەوەو پێویستە کـە دەسـبەجێ بکەونـە ڕێو سـاتێ زوتـر خۆتـان بگەیەننـە (ئەنقـەرە).* محێـدین پاشـا یـەکێك بـو لـە ژەنەڕاڵـەکانی مستەفا کـەمالو ئـەو ڕۆژە حـاکمی ئەسـتەموڵ بـو. هـەر ئـەو ڕۆژە ئەمریشـی دابـو بـە پاپۆڕێك لـە پاپۆڕەکـانی شـەرکەتی خەیریـە کـە ئەچـوە "ئیـزمیر" قەمارەیـەك بـۆ مـنو فـەتاح دابنـێن کـە سـبەینێ بـەیانی پێـی بکەوینـە ڕێ، زۆرم پـێ نـاخۆش بـو لـە شـارێکی وەکـو ئەستەمولّدا تەنیا ڕۆژێك بمێنمەوە، وەکو تریش دڵخۆشـی خـۆم بەوە دایـەوە کـە ئەو ڕۆژە بە قەدەر دە ڕۆژ گەڕابومو سەری زۆری ئەو جێگانـەم دابـو کـە ئەمویست بیانبینم.

لەگەڵ ئەمەیشا دوای نانخواردن، دوبارە چومە دەرەوە بۆ چایخانەی بەغدا کە لـە وەختـی قوتابیـەتیما حـەبیب ئاغـای سـنەیی ئـەیگێڕا. ئـەم چـایخانەیە لـە "سرکەچی" هەر مابو، بەڵام خاوەنەکەی گۆڕابو. لەوێ توشی جەمیلی کوڕی عـەلی ئەفەندی زابتـی مۆزیقـەی خـەڵقی سلێمانی هـاتم، جـەمیل کـە دوایـی بـە ڕەحمـەتی خـوا چـو، ئـەو وەختـە یوزباشـی بـو لـە ئـۆردوی تـورك، بـرای مامۆسـتا ئیسـماعیل حـەقی شـاوەیسو موهەندیس سـەدیق ئەفەنـدی بـاوکی نـوری شـاوەیش بـو، ئـەم زابتـە کـوردە لـە لاپـەڕەی نیشـتمانپەروەریا نـاوێکی بـەرزو ناسـراوی هـەبو. کـە "سلێمان نـەزیف بـەگ"ی والی موسڵ لەشـکری تـورکی نـاردە سـەر خوالێخۆشـبو شێخ عەبدوسەلامی بـارزان، جـەمیل لـەو لەشکرەدا زابتـی تۆپچـی بـو، یـاخی بـو و تۆپەکانی خۆی بەرامبەر بە کورد بەکار نەهێنا، ئەم کوردە بە شەرەفە لەسـەر ئەمـە گـیراو خرایـە ژێـر موحاکەمـەوە. بـەڵام لـە مەحکەمـەی عەسـکەری نەترسـاو بـۆ ڕزگارکردنی سەری خۆی لە گوللەی تورك ورەی بەرنـەدا، ڕەپو ڕاست وتـی: *"من کوردمو بۆئەوە نەبوم بە زابتـی تۆپچی کە ئەم تۆپانە بگرمە میللەتی خۆم"* .

ئەو کە ئەمەی وتبو بە تەمای ئەوە بو کە بنرێت بە نیشانی تفەنگەوە، کەچی بە جلوەی قەدەر لە کوشتن ڕزگار بو، بەڵام تا ما بە چاوی خائن تەماشا ئەکرا. لە حەلێکا کە لە زابتە بلیمەتە زیرەکەکان ئەژمێررا، لەبەر ئەمە هاوڕێکانی لە خۆی خوارتر گەیشتنە پایەی ژەنەراڵو ئەو هێشتا لە ئەستەموڵ یوزباشی واتا ڕەئیس بو، ئەویش بەبێ کارو لەبیر چو لە ژێر موراقەبەی "خەفتە"دا. ئەو شەوە پێکەوە کەمێك گەڕاینو چوینە (ئوروزدی باك– عومەر ئەفەندی)، من لەوێ دەستی جلی هاوینیو پێڵاوو ملیوانە (بویون باغ)و دو دارعاسا (باستۆن)م کڕی، نزیك نیوە شەو لە جەمیل جیا بومەوە گەڕامەوە ئوتێل.

## ٨٦

## شاری ئزمید

بەیانی زو ئینزیباتێکی تورك هاتو بردینی بۆ سەر ئەو پاپۆڕەی کە پێی ئەڕۆیشتینو دایمەزراندین، دوای چوار پێنج سەعاتێ گەشتی زەریایی لە بەحری مەڕمەڕە نزیك نیوەڕۆ گەیشتینە شاری بچوکی ئیزمیت (ئزمید) نورەدین بەگ ناوێك قائمقامی ئزمید بو، لە ئوتێلی بەلەدیە میوانی کردین، لەم حەلەدا لە سەفارەتی ئەفغانەوە میوانێکی تریشمان هاتە لا. فەتاح هاوڕێی زابتی زۆری هەبو لەگەڵیان کەوتە باسو قسەوە بە تایبەتی باسی لیستەی تەرفیعات زۆر بە پەرۆش بو لە هەمو هەلێکا لێی ئەپرسیەوە، چونکە لە ئوردودا یوزباشی بو، گەیشتبوە کاتی تەرفیع. من تۆزێك چومە دەرەوە هەر لەولای نادیەکەوە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە سەرقەبران بو، دیواریشی بۆ نەکرابو بەڵام درەختە جوانەکانی "سەرو"و "شۆڕەبی" دیمەنێکی شیرینو دڵگیری دابو بەم سەرقەبرانەو سێبەرێکی فێنکی لێ پەیا کردبو. من بە خوێندنەوەی "کێل"ی قەبرەکانم کاتێك بەسەر برد، کەوتبومە زەریای لێکدانەوەوە، نەفەرێکی تورك بە ناوی خۆمەوە بانگی کردم، ئەوساکە وریا بومەوە لە نادی چاوڕێیان ئەکردم بۆ قاوەڵتی.

بۆ شەو بە ئەمری "نورەدین" پاشای قائیدی ئوردوی یەکەم لە نادی زابتان زیافەتمان بۆ کرا، لەوێ چاوم بە "ئەحمەد فەخری" ملازم کەوت، کچەزای حاجی سلێمان ئاغای کەرکوکیو لە مەکتەبی ڕشدییەی عەسکەری لە سلێمانی پێکەوە ئەمانخوێند. هەر ئەو شەوە دوای نانخواردن چوینە ئێستگە، ئەحمەد فەخری تا ئێستگە لەگەڵمان هاتو لەوێ سواری شەمەنەفەر بوینو لە ئێستگەکانی "ئەسکی شەهر"و "پۆلادلی"یەوە ڕۆیشتینو چوینە ئەنقەرە.

## ٨٧

## ئەنقەرە

لە ئەنقەرە: کە گەیشتینە پایتەختی تازەی تورکیا، پێمان نابوە هەفتەی چوارەمی نیسان، گەرما دەسی پێکردبو لەو ڕۆژەشا ئەنقەرە ناتەواویی زۆر بو، ئەهالی و حکومەت تازە دەسیان کردبو بە دروستکردنی هەندێ بینا. نەشات و بزوتنەوەیەکی ئەوتۆ بەرچاو نەئەکەوت، نیشانەی گۆڕان و ئینقلاب دیار نەبو، ساردوسڕی، بێ خوێنی و کەمتەرخەمی نەئەشارایەوە، ڕوی خۆش و لێوی بە خەندە نەئەبینرا. بە شەقامەکانا دورو درێژ ئەگەڕام، ئەمڕوانیە مەغازەکان، شانم لە شانی یەکێ نەئەکەوت، لە بەرێکەوە ئەپەڕیمەوە ئەوبەر، تەماشای ڕاست و چەپم ئەکرد، لە چارەکە سەعاتێکا زەحمەت عارەبانەیەك بە شەقامەکەدا تێئەپەڕی و ئۆتۆمبێل بەدی ئەکرا. بە ناوەڕاستی شەقاما بە ئاسایی هاتوچۆ ئەکرا. بۆ ڕێکخستنی هۆی گوێزانەوە، پۆلیس دانەنرابو، چونکە پێویستیان بەمە نەبو. بە کورتی ئەم شارە هەروەکو لە لایەن دیمەن و هەڵکەوتی تەبیعییەوە لەوانە نەبو کە بکرێ بە ناوچەی حکومەتێکی عەسری. کەمالیەکانیش تا ئەو ڕۆژە نەیانپەرژابو بە تەرزێکی وا ڕێکی بخەن و ئاوای بکەنەوە کە لە ناوچەی حکومەت بچێ.

خەلیفە "عەبدولمەجید" لە ئەستەمولْ دائەنیشت. مستەفا کەمال و هەیئەتی وەزارەت لە ئەنقەرە. لەبەرئەوە ئەنقەرە بە تەواوی تەمسیلی ناوچەی دەوڵەتی نەئەکرد. ئەستەمولْ گەلێ مەزاهیری دەوڵەتی بۆ خۆی بڕئەدا، ناوچەی بازرگانی، سیاسی، خوێندەواری وردە وردە ئەگوێزرایەوە ئەنقەرەو خۆراواییەکان هێشتا ڕویان بەتەواوی تێ نەکردبو، لوکەنتەیەکی باش، گازینۆیەکی پاك‌وتەمیز جێگەی ڕابواردنێکی خۆش، سینەمایەکی ڕێکوپێك، کتێبخانەیەکی گەورەو جێیەکی کۆبونەوە، یا موحازەرە یا تەمسیلێك، باخێکی گەشت و سەیران بەرچاو نەئەکەوت و پیاو سەری سوڕ ئەما و نەیئەزانی چۆن و لە چە جێگەیەك ڕابوێرێت.

پاش نیوەڕۆی ٢٥ی نیسانی ١٩٢٣و دوای ڕەنج و مەشەقەتێکی دورو درێژ گەیشتبوینە ئەم ئوتێلە کە لە شەقامێکی گشتیدا ئوتێلێکی بچوك و بیّ ئەهمیەت بو، بەڵام لەو ڕۆژەدا لە ئوتێلە باشەکانی ئەنقەرە ئەژمێررا کەچی لە گەڕاجی تۆزێك پاك‌وتەمیزی ئیمڕۆی بەغدا باشتر نەبو. شکی تیا نیە کە ئەوەتان بە خەیاڵا نایەت لەو ئوتێلەدا بیر لە باوەشێنی کارەبا، لە سندوقی بەفر یا لە تەلەفۆن بکەنەوە. نەك ئەمانە بەڵکو جێگەی ئاو بە خۆداکردنیشی تیا نەبو.

نزیك ئێوارە تۆفیق بەگی یاوەری ڕەئیسی هەیئەتی وکلاء (ڕەئیسی وزەرا) هاتە لامان‌و بە ناوی ڕەئیسەوە بەخێرهاتنی کردین، لەو ڕۆژەدا حسێن ڕەوف بەگ ڕەئیسی وزەرا بو. بڕیارمان دا کە سبەینیّ یاوەرەکەی بێتەوەو پێکەوە بچینە دائیرەی ڕیئاسەت. شێخ مەحمود فەروەیەکی زۆر نایاب‌و هەندیّ دیاری تری ناردبو بۆ حسێن ڕەوف بەگ. ئەوانەیشمان دایە کە ئەو شەوە بۆی بەرێتە ماڵەوە. ئێوارە لە لوکەنتەیەکی نزیك ئوتێلەکەمان نانمان خوارد. چاکترین خواردن کە لەم لوکەنتەیە ئەکرا "مومبار" بو. لە ئیشی هەویرو شیرینی تورکەکان پێشکەوتون، خواردنەکان هەرچەند کەم بو، بەڵام پاك‌و تەمیزو هەرزان بو، دوای نانخواردن من چومە چایخانەیەك کە ئەیانوت پیاوانی موناسیب‌و گەورەی تیا دائەنیشیّ، کەچی لەگەڵ حەمامی ژنانی ئێمەدا ئەوەندە جیاوازی نەبو، کە ئەوان بە جلەوە دانیشتبون، کورسی بە کورسییەوە ڕێگەی هاتوچۆ نەبو. دە دەقیقە زیاتر بە پێوە وەستام تا کورسییەکیان بۆ هێنام، بە هەزار حاڵ ئاخنیمە بەینی کورسی دانیشتوەکان‌و دانیشتم.

پیاڵەیەك چایان بۆ هێنام، مێز نەبو، جێگە نەبو مێزی لێدانێن، لەبەر ئەوە پیاڵەکەم گرت بە دەستەوە. درۆی تیا نیە کە بڵێم بە ئاسانی ڕێگە نەبو چاکە تێك بدەم، سەرەڕای ئەمە کابرا وتی: *"بدە پارەی چاکە!"* . تێگەیشتم کە پارە لە پێشەوە ئەدریّ، پیاڵەکەم دایەوە دەستی بۆ ئەمەی بتوانم دەس بکەم بە گیرفانما، کاغەزێکی لیرەییم دایە. (٩٥) قورشی دامەوە. بەمەدا زانیم کە پیاڵەیەك چا بە پێنج قروشە، بەڵام تا ئەم ئاڵوگۆڕە کرا چاکەم سارد بۆوەو لە عەمەل کەوت،

هەستام‌و هاتمە دەرەوە. وەکو لە زینـدانێك هاتبمـە دەرەوە نەفەسێکی درێـژم هەڵکێشاو جارێکی تر نەچومەوە چاپخانەی گشتییەکان.

بەیانی تۆفیق بەگ هاتەوەو ئێمەی بردە وەزارەتی خارجیە، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٢٣. ئەم دائیرەیە لە خانویەکی ئیعتیادی ئەچو، کام دائیرەی مودیریەتێکی ئیمـڕۆی بەغدا بگـری لەگەڵ جێنشینی ئەو ڕۆژەی ڕەئیسی وزەرای ئەنقەرەدا بەرئاورد ناکرێ. چونکە زۆر لەو نمودەترە. لەو ڕۆژەدا عیسمەت پاشای وەزیری خارجیە لە لۆزان بو. لەوێ محێدین بەگ ناو بین باشی ئەرکانی حەرب، چاوەڕێی ئەکردین‌و بردینیە ژوری خۆی‌و لەگەڵمان کەوتە قسە، بە پێی عادەتی تورکە سیاسییەکان زۆر دەمی لە دینەوە ئەدا، وا دیار بو کە ئەویش لەو خەیاڵەدا بو کە کورد موسڵمانێکی سافیلکەو کەم ئەقڵن‌و بە "دین" تەفرە ئەخۆن‌و بە پارە ئەگیرێن. ئێمە لە لای محێدین بەگەوە ئەچوینە لای حسێن ڕەوف بەگ. بۆیە کابرا ئەیدواندین تا لە بیروباوەڕمان بگا. لە لایەکی تریشەوە ئەیویست بمانخاتە سەر ڕێ‌و تێمان بگەیەنێ کە چۆن ئەبێ بدوێین‌و جگە لەمەیش ئامادە بین بۆ بیستنی قسەکانی ڕەئیسی وزەرا لەگەڵمان محێدین بەگ باسی "غەزا"و باسی کوشتاری گاورو پاکردنەوەی وڵاتی بۆ ئەکردین لە کوفر، ئەیوت: *"ئێمە لەوەدا شکمان نییە کە برا کوردەکانمان لەژێر بەیاخی شێخ مەحموددا غەزای ئینگلیز ئەکەن‌و وڵاتەکەیان لە گاور پاك ئەکەنەوەو لەگەڵ ئێمە تورکەکانی برای دینییان یەك ئەگرنەوە، خۆیان ئەهاوژێنەوە باوەشی ئێمە. ئەگەر بێنەوە ژێر سێبەری بەیاخی تورك، بەمە خۆشەویستی‌و برایەتی گەورەی تورك دەس ئەخەنەوەو لە ژێر باڵی حکومەتی ڕاست‌و خاوەن عەدالەتی مستەفا کەمالدا ئەحەسێنەوە"*.

من لەم قسانە بە ڕاستی پەست بوم‌و تێگەیشتم کە بە خۆڕایی بەم جۆرە قسانەوە بەرەو پیریمان ئەکەن، مەبەس ئەوە بو کە بزانین موحیتی ئەنقەرە شتێکەو موحیتی ڕەواندز شتێکی تر. ئەو شتانەی کە لە بازاڕی ڕەواندزا پێمان ئەفرۆشرا هەموی مناڵهەڵخەڵەتێنەو بابەتی لادێییەو لە ئەنقەرەدا دەسناکەوێ‌و نافرۆشرێ. لەگەڵ ئەمەیشا ئەمزانی کە لەم دەمپشکنینەدا ڕەوشتی حکومەت

بەرامبەر بە ئێمە دائەنرێت. خۆم پێ ڕانەگیرا مەجرای قسەم وەرگێڕا بەسەر داواکانی کورددا. محێدین بەگ ڕوی گرژ کردو وتی: *با بچم عەرزی ڕەئیسی وزەرا بکەم کە ئێوە ئامادەن بۆ چاوپێکەوتنی.* ئەوەندەی پێ نەچو گەڕایەوەو وتی: *فەرمون.* بەڵام ڕوی کردە منو وتی: *"زۆر تکات لێ ئەکەم نەزاکەتی وەزع بێنە بەر چاوتو بە پێی ئەوە قسە بکە. حەز ئەکەم ڕەئیس دڵی لێت کرمێ نەبێ، نابێ ئێمە بە پێی پڕوپاگەندەی بێ ئەساسی ئینگلیز تەفرە بخۆینو لەناو خۆمانا لە ڕێگەی یەکێتیو برایەتی لا بدەین".*

کە چوینە ژوری ڕەئیسی وزەرا بە پێوە چاوەڕێی ئەکردین، دەسمان گوشی، بە گەرمەوە بەخێرهاتنی کردینو ئەمری کرد بە دانیشتنمان، ئنجا خۆشی دانیشتو دەسی کرد بە پرسین لە سلێمانیو لە شێخ مەحمود. پێمان وت کە ئێمە دو مانگ ئەبێ سلێمانیمان بەجێ هێشتوەو هەرچی ئەزانین کۆنە. لەبەر ئەوە بەتەماین کە لە ئەنقەرە باسو هەواڵی تازەی سلێمانیو شێخ مەحمود وەربگرین، وەڵامی داینەوە وتی: *"دوای دەرچونی ئێوە لە سلێمانی، ئینگلیزەکان داوایان لە شێخ مەحمود کرد کە سلێمانی بەجێ بهێڵێتو بچێتە بەغدا، دیارە کە بە قسەی نەکردنو لەگەڵ ئوزدەمیر لە ڕەواندز بۆ خۆپاراستن تەرتیباتی وەرگرت، لەسەر ئەمە سلێمانییان بۆمباباران کرد، منیش (واتا ڕەوف بەگ) دەسبەجێ بە شفرە عیسمەت پاشام لە لۆزان ئاگادار کرد، پێم وت کە لە لای (موئتەمەر) بە شیدەت لە ئینگلیزەکان پروتستو بکاو پێیان بڵێت کە ئەم کارە پێچەوانەی ئەوەیە کە تا ئەنجامی موئتەمەر لە لایەن ڕاگرتنی "ستاتوکۆ" وە بڕیاری لەسەر درابو*، دوای ئەمەش ڕەوف بەگ وتی: *"ئیتر لەوانە نیە جارێکی تر تا ئەنجامی موزاکەراتی موئتەمەری لوزان، ئینگلیزەکان بتوانن سلێمانی بۆمباباران بکەن".*

ئێمەش سوپاسمان کرد، جانتای ئەوراقەکانی پێمان بو مۆری نەکرابۆوە، پێشکەشمان کردو وتی: *"من شەو لەماڵەوە بە شێنەیی ئەیانخوێنمەوەو لە دواییدا پێشکەش حەزرەتی غازی پاشای واتا مستەفا کەمال ئەکەم. ئەوەندە هەیە کە مەجلیسی گەورەی میللەت ئێستە لە حاڵەتی کۆبونەوەدا نیەو تەعتیلی*

*هەیـە، لەبەرئـەوە جـاریّ نـاتوانین لـەم لایەنـەوە هـیچ بڵـێین یـا شـتێك بکـەین. بـە تایبەتی عیسمەت پاشاش لە لۆزان بۆ مەسەلەی ولایەتی موسڵ خەریکەو لەوەدا شکمان نییـە کـە داوای تـورك سـەر ئەکـەویّو موسـڵ ئەگەڕێتـەوە باوەشـی دایکـی نیشتمان، ئەو وەختـە دیارە کـە کوردەکانیش بـە ئامـانجی خۆیـان ئەگـەنو لەگـەڵ تورکەکان، برای دینیو مێژوییو دێرینیان، یەك ئەگرنـەوەو لـەژێر چنگـی غـەدرو ئیسـتعماری ئینگلیـزە گاورەکـان دێنـە دەرەوەو ڕزگاریـان ئـەبێ، جـەنابی شـێخ مـەحمودیش جگـە لـە سـەواب (ثـواب)ی ڕۆژی قیامـەت لـە دونیاشـا بگـا بـە بـەری غەزای قارەمانی خۆی.*

من بەمە تێگەیشتم کە واجبی ئێمە ئیتر تەواو بو و پێویستە کە تا تورکەکان خۆیان شتێکمان لیّ داوا نەکەنو ئیشێکمان پیّ نەسپێرن، باسی مەسەلەی کورد نەکـەینو لـەبیر خۆمـانی بەرینـەوە، لەبەرئەمـە دوای قاوەخواردنـەوەو جگەرەکێشـانێك بـە گفتوگۆیـەکی "ئافـاقی"یـەوە ڕامـانبوارد ئنجـا ڕەئـوف بـەگ هەستایە سەر پیّ. ئەمە نیشانەی ئەوە بو، کە ئیتر دوایی بە دانیشتن درا، ئێمەش هەستاینە سەر پیّ، بەڵام پێش ئەوەی دەس بگوشینو لێی جیا بینەوە، وتی: *"من ئیمڕۆ خەبەری گەیشتنی ئێوە ئەدەم بە ئوزدەمیرو پێی ئەڵێم ئەویش شێخ مەحمود ئاگادار بکاو تێشی بگەیەنیّ کە زۆرمان پیّ خۆش بو، بۆ ناردنی ئێوەو بە تایبەتی لەوە کە بڕیاری داوە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان غەزا بۆ ڕزگاری کورد لە چـنگیان، ئـەم فیداکارییـە ئـەکا، و سـەلامی حـەزرەتی غـازی مسـتەفا کـەمالو ئیحتراماتی منی پێشکەش بکە"*.

ئنجا ڕوی کردە منو وتی: *"تۆیش بە تایبەتی بۆ شێخ مەحمود بنوسە کە ئێمە چۆن بە هاتنتانو لە کردەوەی (خودا پەسەندانەی) شێخ مەحمود بەرامبەر بە ئینگلیزەکان خۆشنود بوین، و بە هەمو هێزێکمانەوە ئامادەین بۆ یارمەتی ئەو و سەرکەوتنی لەم غەزایەدا کە ئەیکاو لەبیرمان ناچێتەوە، کە لە سەرمانە ئەجری غەزاکەی بدەینەوە، با ئەویش بزانیّ کە مەجلیسی گەورەی میللەت لە تەعتیلایەو*

*وەڵامـی نوسـینەکانی تـری شـێخ مـەحمود بەسـراوە بـە کۆبونـەوەی مـەجلیس‌و دەرکەوتنی ئەنجامی تەقەلاکانی عیسمەت پاشا لە موئتەمەری لۆزان.."*

شکی تیا نیە کە خوێندەوارە بەڕێزەکان لە مەغزای ئەم ئەسپاردەیەی ڕەئیسی وزەرا بـە مـن تێئەگـەن. ئـیتر دەسـی ڕەئـوف بـەگمان گوشـی‌و هاتینـە دەرەوە، یاوەرەکەی لەگەڵمان هاتبو، ڕایسپارد عارەبانەیـەکیان بـۆ هێنـاین، سـواری بـوین‌و گەڕاینەوە ئوتێل. من لە فەتاح سەرم سوڕما، چۆن لـەو هـەمو قسـەو پڕوپاگەندەیـە کە لە سلێمانی ئەیکرد، یەك وشەی لەبیر نەمابو بەرامبەر بەم وەزعە لێـوی بـەر لێـو نـەنا، من ماتـەمینی بە تـەواوی دایگـرتم، تـا یـەك دو سـەعات قسـەم لەگـەڵ فـەتاح نەکرد، ئەو باش لە من تێگەیشتبو، بەڵام هەوڵی ئەوەی ئەدا کە خۆی بە تـەواوی دەرنەخا، دڵیشی ڕائەگرتم‌و نەیئەویست کە وا تێبگەم لەگەڵ من لە یەك بیروباوەڕا نیە. لە پاشملەی تورکەکان لەگەڵ من‌و لە پاشملەی من لەگەڵ تورکەکان بو، بەڵام کە هەمو ئەکەوتینـە شـوێنێك قسـەی بۆ مـن‌و ئـەوان ئەهێشـتەوە، خـۆی تێکـەڵ بـە قسە نەئەکرد.

من لە ئەنقەرە کەسم نەئەناسی، بەڵام فەتاح زۆر ئاشنای هەبو، بە هۆی ئـەوەوە منیش چەند کەسێکم ناسی،و لە چەند زیافەتێکی تایبەتیدا هەندێ دۆستی باشم پەیا کرد. لەمانە هەرە باشەکەیان‌و بەجەرگەکەیان حاجی شوکری بـەگی مـەبعوس بو، ئەم پیاوە یەکێك بو لە کوردەکانی تورکیـان کۆنـە میر ئـالای عەسـکەری بـو، لـە شەڕی ئیستقلالی تورکا لـە جەبهـەی خۆرئـاوا (ئایـدین) بەرامبـەر بـە فەرەنسـزەکان شەڕی کردبو، لە ئەجری ئەوەدا لە مستەفا کەمال نزیك ببۆوەو کرابو بە مەبعوس، واتـا یـەکێك بـو لـە مەجلیسـی گـەورەی میللـەت، بـەڵام لـەو ڕۆژەدا چـوبوە ڕیـزی موخالیفـەکانی مستەفا کـەمال‌و بـە ئاشـکرا لـە پاشملـەی ئـەدوا، بۆ جـاری یەکـەم لەگەڵ فەتاح زیافەتی بۆ کردبوین‌و لـە ماڵی خـۆی لەگـەڵ یـەك دو مەبعوسـی تـری کورد یەکتریمان ناسی. دوای ئەو شەوە ئیتر حاجی شـوکری بـەگ لـە مـن نـەبۆوەو ئەغڵەبی ڕۆژ یا قاوەڵتی یا بۆ ئێوارە ئەیبردمە ماڵی خۆیان‌و بە یەکەوە دورو درێژ سکالامان ئەکرد.

بە هۆی ئەم زاتەوە زۆر شتم بۆ دەرکەوت، چەند ڕۆژێك پێش گەیشتنی ئێمە بۆ ئەنقەرە، یەکیّ لە مەبعوسەکانی "ترابزون" داوێکی بۆ نرابۆوەو بە وێنەیەکی وەحشیانە لەناو برابو، چونکە ئەو مەبعوسە لە موخالیفەکانی مستەفا کەمال بو، کوشتنەکەیان لەو ئەزانی، باسی ئەم موئامەرەیە لەو ڕۆژەدا بە دزیەوە ئەگێڕرایەوە، بەلاّم من بە تەواوی لە کارەساتەکە ئاگادار بوم. ئەو مەبعوسانەی کە شکیان لە خۆیان بو، ئەشترسان و زۆریش بەجەرگ بون. وا دیار بو کە هێشتا مستەفا کەمال نەگەیشتبوە ڕادەیەك کە موخالیفەکانی زۆر لە ژورو خۆیانەوە بێتە بەر چاویان، ئەوەندە سڵیان لیّ نەئەکردەوە، هاوڕێی غەزای دوێنیان بو، هەمو خۆیان بە یەکێك ئەزانی، وەکو مستەفا کەمال.

هەرچەند مستەفا کەمال پشتیوانی زۆری هەبو و هێزی بە دەستەوە بو، بەلاّم ناحەزەکانی لە تەقەلا نەئەکەوتن و هیوایان هەبو کە "موازەنە" ڕابگرن، لەوە گەیشتبون کە مستەفا کەمال بڕیاری داوە دەسیان لیّ بوەشێنیّ و لە ئاینی ئەوا لێبوردن نیە. لەبەر ئەمە وریا ببونەوەو خۆیان لە هەڵە ئەپاراست، شوکری بەگ لە عەشیرەتی خۆی پێنج کوردی لە ماڵی خۆیا ڕاگرتبو، ئەمانە هەر شاڵ و شەپکی کوردییان لەبەرا بو، خەنجەرو دەمانچەیان لە خۆیان نەئەکردەوە، تفەنگەکانیشیان بە دایم لەبەر دەسیانا بو، شەو تا بەیانی بە نۆرە ئێشکیان ئەگرت، شوکری بەگ ژن و ماڵی نەبو، خۆی بە تەنیا بو، لەبەرئەمە پیاوەکانیشی لە ماڵەوە بە بست لێی جیا نەئەبونەوە، بەلاّم لە دەرەوە بە تەنیا ئەگەڕا، ئەوەندە هەبو شەوان نەئەچوە دەرەوە، وەکو تێی گەیشتبوم حسێن ڕەئوف بەگی ڕەئیسی وزەرا کە وشەی "غازی" لە دەم ئەکەوتە خواریّ و بە هەمو موناسەبەتێك و زۆر بەڕێزەوە ئەهات بە زمانیا، یەکێك بو لە موخالیفە هەرە گرنگەکانی مستەفا کەمال.

لە دوایی‌دا و پاش گەڕانەوەم بۆ پاش بەینێك لە غەزەتەکانی تورکیا و بێگانەکانیشدا ئەمخوێندەوە کە بەینی مستەفا کەمال و حسێن ڕەئوف تێك چوە. چونکە حسێن ڕەئوف بە لایەنگری خەلافەت ناسرابو، زیاد لەمەش بە لایەنگری

ئینگلیزیش درایە قەڵەم. ئەم حسێن ڕەئوف بەگە لە وەختی خۆیا زابتی بەحریە بو لە شەڕی گەورەی یەکەما لە ئوردوی حەمیدییە بو، لە زەریای سپی، سور، عومان، خەلیجی عەرەبیو زەریای موحیتی هندیدا بە تاقی تەنیا ئەهاتو ئەچو. کەمو زۆر گەمێکانی بازرگانیو یا شەڕی دوژمنەکانی تورکی توشی زەرەر کردبو، ناوی حسێن ڕەئوف ببو بە ناوی قارەمانێکی خەیاڵی، گەلێ شتیان لێ ئەگێڕایەوە کە شکم نیە زۆری لە کانگای خەیاڵاتی موبالەغەپەرستی عێراقییەکانەوە هەڵئەقولا، بەڵام حسێن ڕەوف بەگ قارەمان بو، ئەوە ڕاستە لە لایەن تورکیاو بە تایبەتی لە لایەن هەمو عێراقیەکانەوە بەم جۆرە ناسرابو، پیاوێکی کەڵەگەتو گەنم ڕەنگی نزیك بە ئەسمەری چوارشانەو موڕەشو بەسام بو. لەگەڵ ئەمەشا کە یەکێ بو لە پێشەوا ئینقلابییەکانی مستەفا کەمال، بەڵام لە پیاوەکانی تەرزی پێشو و لایەنگیری ڕاگرتنی ڕەسمو عادەتی کۆنو لەسەر بیری هێشتنەوەی خەلافەت بو.

پشتیوانەکانی خەلافەت هێشتا زۆر بونو گەلێك لەمانە لەناو ئینقلابگێڕەکانا بون. لەبەرئەمە مستەفا کەمال بۆ لابردنی خەلافەت زۆر بە وەستایی ئەجوڵایەوەو لە دەورو پشتەکانی خۆیشی سڵی ئەکردەوە. حیکایەتی موخالیفەکانی مستەفا کەمال لە مەسەلەی خەلافەتا دورو درێژەو لەم مەسەلە گرنگەدا مستەفا کەمال تەنیا بە بیری خۆی ئەچو بەڕێوە. لەبەرئەوە گەلێجار ئەکەوتە وەستاوێکی ئەوتۆوە کە لە درۆکردنو هەڵخەڵەتاندنی هاوڕێکانی بەولاوە چارەیەکی نەئەما. بەکر سامی بەگی وەزیری ئیشەکانی دەرەوەی تورکیایش دوای گەڕانەوەی لە ئەوروپا، حزبێکی دانا کە زۆر لە موخالیفەکانی مستەفا کەمالی هاتە ناو، ئەم حیزبە ئەیانویست شەڕ بڕێتەوەو لە نەرمی دۆستایەتی فەرنسەو ئیتالیا کەڵك وەربگرنو پەیمانێکی ئاشتی کە سوێندخۆرەکان بۆیان دائەنێن ئیمزا بکەن. ئەیانویست چییان پچڕیەوە لە دەس خۆیانی نەدەنو تورکیا نەفەوتێنن.

گەورەترین موعارزی مستەفا کەمال "کازم قەرە بەکر پاشا" بو. مستەفا کەمال لە وەختی خۆیا بە پشتیوانی ئەم قائیدە گەورەو خۆشەویستەوە کە لە حکومەتی

ئەستەموڵ یاخی بو لە ئەنادۆڵدا مایەوە، بەڵام دوایی کە هەستی بەوە کرد مستەفا کەمال لەسەر لابردنی خەلافەتە، بو بە دوژمنیو بە ئاشکرا هەڕەشەی لێ کرد. ژەنەراڵ "قەرە بەکر" لە مەجلیسی گەورەی میللیدا مەبعوس بو، سەرەڕای ئەمە ببو بە زەعیمی ئەوانەی کە لایەنگری سەڵتەنەتو خەلافەت بون. ڕۆژێك نامەیەك ئەنێرێ بۆ مستەفا کەمالو ئەم قسانەی تیا ئەنوسێ *"... دەستوری تازە لە چاو شەرعا قانونیو بە ڕاست ناژمێررێت چونکە لە کارێکی وا گرنگا بیری هاونیشتمانیەکان نەپرساوەو دەنگیان وەرنەگیراوە، شکی تیا نیە کە لە هەڵبژاردنی جۆری حوکما میللەت خاوەنی هەقە"*. لە دوایی نامەکەوە ئەیوت: *من، واتا ژەنەراڵ قەرە بەکر، بڕیارم داوە کە هەرچی جۆرە فیداکاریەکیش پێویست بێ بیگرمە سەرشانم بۆ نەهێشتنی گۆڕینی حوکمی سەڵتەنەت بە جەمهوریەت.*

هەروەکو ئەم نوسەرە ئەڵمانە خۆی ئەڵێت لە لاپەڕە ٣١٣ی تەرجەمەی عەرەبی کتێبەکەیدا "کازم قەرە بەکر پاشا" لەلای گەورەکانی ئوردوی تورك جێگایەکی زۆر بەرزو بەڕێزی هەبو. میللەت لە زەکاو زیرەکی ئەقڵی شارەزا بو، لەبەر ئەوە پشتیان ئەگرتو لە لایەن پشتیوانی سەڵتەنەتو خەلافەتو پاراستنی لە دەسدرێژی مستەفا کەمال گوێیان لە قسەی ژەنەراڵ بەکر ئەگرت. لەوانە بو کە بێتو بیەوێ میللەتی تورك بەرامبەر بە مستەفا کەمال ڕاست بکاتەوە کەسێك نەبێ بەرهەڵستی بکاو یا شوێنی نەکەوێ" ئنجا "مستەفا کەمال" کە ئەمانەی ئەزانیو شارەزای بەرزیو بەڕێزی "قەرە بەکر" بو لە چاو میللەتو ئۆردودا دەرکی بەوە کردبو کە عینادی کەڵکی ناگرێو ئەیخاتە تەنگو چەڵەمەوە، لەبەرئەمە لە درۆو لە فێڵ بەولاوە چارەی نەمابو و شتێکی بە دەسەوە نەبو. لە وەڵامی قەرە بەکر پاشادا ئەیوت *".. لەو قانونانەدا کە مەجلیسی میللی دایناوە، شتێکی وای تیا نیە کە بۆنی دەسدرێژکردنی لێ بێ بۆ سەڵتەنەتی موقەدەسو یا خەلافەتی موقەدەس!. یا هەستی ئەوەی لێ بکرێ کە هاندانی تیایە بۆ حوکمی جەمهوری. ئەوانەی وا دێتە بەرچاویان کە ئێمە ئەمانەوێ سەڵتەنەت لەناو*

*بدەین‌و حوکمی مەلەکی بگۆڕین بە حوکمی جەمهوری لە دونیایەکی تـرا ئـەژین‌و لـە ئێمـەوە زۆر دورن!.. لـە دونیـای خـەیاڵ‌و واهیمـەدا ئـەژین!.."* . ئـەم قسـانە تەئسیری خۆی کردبو کازم قەرە بەکر تەفرەی پێخواردبو، و هێمن بوبۆوە.

پاش زیارەتی حسێن ڕەئوف بەگ بە دو ڕۆژ، یاوەرەکەی هاتە ئوتێل. وتی: *بڕیار وایە سبەی ئێوارە بچینە "چان قایا" بۆ خزمەت "غازی" . حسێن ڕەئوف بـەگی ڕەئیسـی وزەرا لـە سـەعات پێنجـی پـاش نیـوەڕۆ لـە دائـیرەی ڕیاسـەت چاوەڕێتان ئەکاو لەوێوە ئەتانبا بۆلای.* فەتاح لە خۆشیا نەیئەزانی چی بکا. بەڵام من دەسبەجێ بڕیارم دا کە ئەگەر بۆم ڕێکەوت بیانویەکی باش بدۆزمەوە، نەچم بۆ ئەم زیارەتە. وەکی تریش چاوپێکەوتنی گەورەیەکی عالەمی وەکو مستەفا کەمال شتێکی کەم نەبو، ئەمزانی لە ژیانی فەردێکا ئەم جۆرە کاتانە کەم هەڵئەکەوێ‌و لاپەڕەیەکی مێژویی داگیر ئەکا. لەبەر ئەمە کەوتبومە زەریایەکی خەیاڵاتەوەو خۆم لە دونیایەکی ترا ئەهاتە بەرچاو، خەریکی خۆئامادەکردن ئەبوم. قسەم لێك ئەدایەوە، شتم بە بیرا ئەهات، بیرم لەوە ئەکردەوە چۆن بدوێم؟ چۆن قسەم لەگەڵ ئەکاو چیم لێ ئەپرسێ؟ لە لایەکی ترەوە بڕیارم ئەدایەوە کە نەچم، بەڵام چی بڵێم چە بیانویەك بدۆزمەوە؟ ئەوا بیانوم هێنایەوە، باوەڕم پێ ئەکەن، یا چۆنی لێك ئەدەنەوە؟ دوای ئەوە شتێکی وا ئەکەن کە من لە کردەوەی خۆم پەشیمان ببمەوە، یا گوێ نادەنێ‌و بە چاوێکی سوك تەماشام ئەکەن؟

بە ڕاستی تا سبەینێ نیوەڕۆ من هەزاران شتی وام لێکدایەوە، کە هەر بە خەیاڵی منا هاتوە. بەڵام منیش نەمزانی بە کام بیری خۆم بجوڵێمەوەو هەرچەندم ئەکرد لەسەر شتێك بڕیارم بۆ نەئەدرا، ئاخری مەسەلە لە خۆیەوە (هەڵهێنرا حەل بو) لەپڕ لەرزم لێ هات‌و دوای یەك دو سەعات تایەکی گەرم دایگرتم، لە نزیك سەعات پێنج یاوەرەکە هاتەوە بە شوێنمانا من لە ناو جێگا کەوتبوم‌و فەتاح پەڕۆی تەڕی ئەنایە سەر ناوچەوانم، یاوەر زۆر موتەئسیر بو، داخەکەم ناوی ئەم یاوەرەم لە خاتراتەکەما نەنوسراوەو لە بیریشم نەماوە. فەتاحی لەگەڵ خۆی بردو دوای نیو سەعات پسپۆڕێکی بۆ من هێناو دەرزی مەلاریای لێدام. شەو فەتاح

گەڕایەوەو وتی: *غازی سەلامت لیٚ ئەکاو داوای چابونەوەت ئەکا. پێی ناخۆش بوکە تۆی نەدی. لیٚم پرسی گفتوگۆی چیتان کرد؟* وتی: *هەر ئەوانەی دوبارە کردەوە کە حسێن ڕەئوف بەگ پێی وتین.* جگە لەمەیش وتی: *ئەمری کرد کە بە هۆی هێزەکەی ئوزدەمیرەوە لە ڕەواندز هەندێ دیاری بۆ شێخ مەحمودو چەند ڕەشاشێکی تازە داهاتویش بۆ لەشکرەکەی بنێرن.*

مەسەلەی کۆبونەوەی مەجلیسی میللەت مەسەلەی ئیمڕۆو سبەینێ نەبو، هێشتا زۆری ئەویست بۆ کۆبونەوە. موئتەمەری "لۆزان"یش خوا ئەیزانێ کەیو چۆن ئەبڕێتەوە، چونکو سوێندخوارەکان لە هەل ئەگەڕان بۆئەوەی کە دەس بنێنە بینی تورکەکان. ئەمە جاری دوەم بو عیسمەت پاشا ئەچوەوە لۆزان. لە پێش ئەم جارەداو لە ٢٢ی تەشرینی دوەمی ١٩٢٣ جارێکی تر موئتەمەری لۆزان کۆبوٚوەو سوێندخوارەکانو بە تایبەتی ئینگلیزەکان هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە ئەو شتەی بە لەشکری یونان دەسیان نەکەوتوە، لەم موئتەمەرەدا لە ڕێگەیەکی دیبلۆماسیەوە دەسیان بکەوێت، بەڵام کەڵکی نەبوو لە دوای دو مانگو نیو موزاکەرەی بێ سود بڵاوەیان لیٚ کرد، بە هیوای کۆبونەوەیەکی تر، عیسمەت پاشا گەڕایەوە ئەنقەرە.

لە کانونی دوەما، دوبارە کۆ بونەوەو ئەنقەرەیان بانگ کرد بۆ موزاکەرە. ئەنقەرە دوبارە عیسمەت پاشای ناردەوە. ئێمە منو فەتاح لە ٢١ی شوبات لە سلێمانییەوە حەرەکەتمان کردبو لە ٢٥ی نیسان گەیشتبوینە ئەنقەرە، عیسمەت پاشا هێشتا لە لۆزان بو و موزاکەرات بە گەرمی دەوامی ئەکرد. بەرهەڵستە هەرە گرنگەکان لە ڕێی تورکا نەمابو، لەشکری یۆنان بە تەواوی شکابو، لە خاکی تورک کرابوە دەرەوە، حکومەتی خەلیفە لە ئەستەموڵ کز بوبو، و لە بزوتنەوە کەوتبو، سوێندخوارەکان لە ژێرەوە لەگەڵ یەك ڕاست نەبون، فەرەنسەو ئیتالیا ئەیانویست کە یارمەتی تورك بدەنو بیژێننەوە، ئینگلیزەکانیش لە ترسی ڕێکەوتنی مستەفا کەمال لەگەڵ ڕوس نەیانئەوێرا زیاد لە پێویست تورکەکان لەخۆیان بسڵەمێننەوە. لەبەر ئەمانە لە موئتەمەری ئەمجارەی لۆزاندا ناوی حکومەتی ئەستەموڵ نەبو، باسی موعاهەدەی سەڤەریش نەکرا.

ئنجا مەبەس لە ناردنی ئێمە چی بو؟.. ئوزدەمیر لەسەر ڕاسپێری حکومەتی ئەنقەرە ویستی لەو ڕۆژەدا لە ئینگلیزەکان دورمان بخاتەوەو ماوەی ئەوە نەدا کە لە کاتی موزاکەرە لە لۆزان بە ناوی کوردو کوردستانەوە لە ولایەتی موسڵدا بزوتنەوەیەك هەبێ، نەوەك ئەمە تەئسیر بکاتە سەر مەجرای موزاکەرات لە زدی عیسمەت پاشا لەبەر ئەمە چونی ئێمە بۆ ئەنقەرە، بۆ تورك، شتێکی زۆر بەکەڵك بو، چونکە لە کاتێکی وادا کە کوردەکانی عێراق وا زەن ئەکرا کە لەگەڵ ئینگلیز ڕێکەون و حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنن و ئوزدەمیر لە ڕەواندز بکەنە دەرەوەو خزمەتی مەسەلەی موسڵ بکەن، لەسەر حسابی ئینگلیز مەسەلە بە پێچەوانەوە ڕوی دا. ئێمە نێرراین بۆ ئەنقەرە، شێخ مەحمود یاخی بو لە ئینگلیزو بەم ڕەنگە بیانوی مەسەلەی کوردستان بە دەس ئینگلیزەوە نەما. قسەی عیسمەت پاشا لە بابەت موسڵەوە لە لۆزان لەسەرەوە بو.

ئنجا کەوا بێ شێخ مەحمود بۆچی ئەمەی کرد؟!. بەڵی ئەمە جێگەی پرسە. بە تایبەتی هەمو کوردێکی دڵسۆز ئەم پرسەی بە بیرا دێت. لەبەرئەمە منیش بە پێویستی ئەزانم کە لەم لایەوە بە قەدەر تێگەیشتنی خۆم بیری خوێندەوارە بەڕێزەکان ڕون بکەمەوە"

شێخ مەحمود کە هاتبوە بەغدا ئاگای لە وەزعیەتی تورکیا نەبو و بە تەواوی نەیئەزانی کە وەزعی سلێمانی لە چیدایە. ئەوەندەی ئەزانی کە بە پێی پەیمانی سەڤەر بڕیار دراوە بە دروستکردنی کوردستان و سوێندخوارەکان بۆ سەر دانەواندن بە مستەفا کەمال و لەناوبردنی هێزەکانی تورك هەر خەریکن، وایان تێگەیاندبو کە تورکەکان هەوڵ ئەدەن کوردەکانی عێراقیش وەکو کوردەکانی تورکیا تەفرە بدەن، لە ئینگلیز هەڵیان بگێڕنەوەو لەگەڵ خۆیان بیانکەن بە یەك و لە ئەوروپا لە موئتەمەری ئاشتیدا بڵێن کوردەکان عێراقیش تورکیان ئەوێ و بەمجۆرە ولایەتی موسڵ داوا بکەنەوەو سەربەخۆیی کوردو دامەزرانی حکومەتی کوردستانی جەنوبی پوچ بکەنەوە. ئنجا پێیان وتبو کە ئەگەر بێتو هێزەکانی ئوزدەمێر لە ڕەواندز بەهێزی کورد بکاتە دەرەوە لە سنوری عێراق دوریان

بخاتەوە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئینگلیزەکان لە موئتەمەری ئاشتیدا بتوانن بەربەرەکانی ئیدعای هەقی تورك بکەن بەسەر موسڵەوەو بە ناوی کوردەکانی عێراقەوە موئتەمەر ئیقناع بکەن کە موسڵ نەدرێتەوە بە تورك بە بیانوی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سەڤەر لە بابەت کوردەوەو دامەزراندنی حکومەتی کوردستان. بەڵام شێخ مەحمود دوای گەڕانەوە بۆ سلێمانی بە تەواوی کەوتە ژێر تەئسیری جەرەیانێکی پێچەوانەوە.

باسی سەرکەوتنی هێزەکانی مستەفا کەمال و شکستی لەشکرەکانی یۆنان بە هەمو لایەکا بڵاو بوبۆوە ئوزدەمیر لە هەرێمی ڕەواندزو کۆیەو پشدەرو سلێمانی‌دا خەڵقی بە تەواوی لە ئینگلیز هەڵگێڕابۆوە، هێزی ئینگلیز سلێمانی بە فڕۆکە بەجێ هێشتبوو کەس دانی باشی بە ئینگلیزا نەئەنا. وەکو لە پێشا باسمان کردبو گەلێ هۆی تریش وای لە شێخ مەحمود کرد کە بیرێکی تەواو لە دواڕۆژ بکاتەوە. خۆی لە دڵا ئینگلیزی نەئەویست لە شەڕو حەپسی و دیلیدا گەلێ ئەزیەتی کێشابو، کارەساتی بەسەر هاتبو، لەم لایشەوە ئەوانی لە وەزعێکی باشدا نەئەهاتە بەرچاو، وایشی برایە مێشکەوە کە لە موئتەمەری ئاشتی‌دا تورکەکان سەرئەکەون و موسڵ ئەگرنەوە، بێت و توشی بەرهەڵستێکیش ببن، ئەو هێزانەی کە ئەیانوت پێنج فیرقەیەو لە باکوری سنورەکانی عێراقەوە ئامادە کراوە بە زۆر دێنە موسڵەوەو ئەیگرنەوە، ئینجا لە عاستی ئەمەدا تورکەکانیش بە هۆی ئوزدەمیرو تابعەکانیەوە وایان بردە مێشکی شێخ مەحمودەوە کە بێت و بە قسەی ئینگلیزەکان نەکاو بە سیاسەتی ئەوان تەفرە نەخواو ڕێیان نەدا بگەڕێنەوە سلێمانی، ئەوا ئەم خزمەتەی بێ ئەجر نامێنێتەوە بەڵکو تورکەکان چە لە موئتەمەری ئاشتی و چە بە هۆی چەکدارەکانیەوە بێ کە موسڵیان داگیر کردەوە لە بەرامبەر ئەو خزمەت و یارمەتییەی شێخ مەحمود ئەیکا، ئەیکەن بە والی جەنوبی، بەو شەرتەی کە ئەم خدێوییەتە وەکو خدێوی (محەمەد عەلیی گەورە) لە میسر بە ئیرس بگەڕێتەوە سەر منداڵەکانی.

به پێچەوانەی ئەمە شێخ مەحمود لە حسابی تورك ئەكرێتە دەرەوەو بە وێنەی نۆكەرێكی ئینگلیز لەگەڵی ئەجوڵێنەوە. ئنجا دوای بەرئاوردێكی زۆر كە تەنیا ئەوانەی توركیان ئەویست قسەیان تیا ئەكرد، تا تەرازوی سیاسەتی تورك سەركەوت و بە ڕاست زانرا. ئنجا ئێمە شوێن ئەم ئامانجە كەوتبوین و بۆ پشكنینی ڕاست و ناڕاستی ئەم پەیمانەی تورك نێررابوین بۆ ئەنقەرە.

## ٨٨

## گەڕانەوەم لە ئەنقەرەوە بۆ سلێمانی

دوای ئەوە كە لە ئەنقەرە لە ئەحواڵ و وەزعیەت گەیشتم بڕیارم دا كە تا زوە بگەڕێمەوە سلێمانی، لە ئەنقەرەش زۆر دڵم تەنگ ببو. بە ڕۆژ گەلێجار یا لە كتێبخانەكەی بەرامبەر بە ئوتێلەكەی تیا بوم یا لە ئوتێل بە خوێندنەوەو نوسین و بە شەویش ئەگەر بچومایەتە دەرەوە بە پیاسەی سەر ڕاستە شەقامەكەی ئەنقەرەو یا لە ماڵی حاجی شوكری بەگ ڕامئەبوارد. لەو ماوەیە كە لەوێ ماینەوە نە لە حكومەت و نە لە كەسێكی تر شتێكی وامان نەدی كە نیشانەی دۆستی و یا ئیهتمامێك بێ بە ئێمە. زیافەتێكی چاكیشیان بۆ نەكردین و بانگ نەكراین بۆ موسامەرەیەك (حفله). لە جێگەیەكی گشتیدا حازر نەبوین كە چاومان بە دو كەس بكەوێت، زیارەتی هیچ موئەسەسەیەكمان نەكرد، كەسێكیان ڕانەسپارد چەند جێگەیەكمان بگێڕن، قوتابخانەیەك، كتێبخانەیەكی گشتی، مەجلسی میللەت، ئیدارەی غەزەتەیەك، ئەنتیكەخانەكان لە ئەستەموڵ، هیچ شتێكمان نەدی و پیشانمان نەدرا. وەكو دو بابای غەریب و ڕێهەڵەكردو لە قوژبنی (ئوتێل) یا خانەكەمانا كەوتبوین و كەس لێی نەئەپرسینەوە.

من دوای گەیشتنمان، لە غەزەتەیەكی ئەنقەرە باسی ئەوەم بەرچاوكەوت كە ئینگلیزەكان بە هێزی "تەیاری" و "ئاسوری"یەوە پەلاماری كوردەكانیان داوەو بە فڕۆكە بومبارانیان كردون و ژن و منداڵی كوردەكان ڕایانكردۆتە شاخەكان.

لەسەر ئەمە کاغەزێکم نوسی بۆ حسێن ڕەوف بەگ لەم کاغەزەدا سەرزەنشتم کردن، داوای ئەوەم کرد کە سەعاتێك زوتر ڕێگەیەکمان بۆ دابنێن و چارەیەك بدۆزنەوە کە کوردەکان بەم جۆرە سەرگەردان نەبن. خولاسە کەمێ زیاد ڕۆیشتبوم و لە زمان و لەهجەی دپلۆماسی دور کەوتبومەوە. لەبەرئەمە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ حسێن ڕەئوف بەگ، هاتبوە ئوتێل، بەڵام لەبەر دەرگا وەستابو و ناردی بە شوێنما کە چومە بەردەرگا ڕوانیم بە پێوە وەستاوە، ئوتومبیل و یا عارەبانەیەکی پێ نیە، کابرایەکی لەگەڵ بو، دوای دەس گوشین و خۆش و چلۆنی وتی: *وام هاتە بەرچاو کە ئەو خەبەرەی غەزەتەکەی ئیمڕۆ زۆر تەئسیری تێ کردوی، لەبەرئەوە ویستم خۆم چاوم پێت بکەوێ و تەسکینی بە دڵت بدەم، مەسەلەکە بەو ڕەنگە نیە کە نوسراوە، ئێمە لە ئوزدەمیر هەمو لەحزەیەك باس و هەواڵ وەرئەگرین، وەزعی سلێمانی و شێخ مەحمود باشەو هۆی مەراق نیە، لەگەڵ ئەمەیشا خەبەرم دا بە عیسمەت پاشا کە لە موئتەمەرا شکات لە ئینگلیزەکان بکات و تێیان بگەیەنێ کە ئەگەر دەس لە شێخ مەحمود هەڵنەگرن و جارێکی تر بۆمباباران بکەن، ئەمر ئەدەین بە هێزەکانی ناوچەی "الجزیرە" کە بچنە ولایەتی موسڵ و داگیری بکەن.*

بە دەم پیاسەوە و بەسەر شەقامەکەدا پێکەوە شانبەشان لەگەڵ منا بە پێیان و بە وێنەی پیاوێکی هاکەزایی ڕۆیشتن و قسەکردنی ڕەئیسی وزرای تورك شتێکی جوان و نیشانەی ڕۆحێکی دیموکراتیەتی بەرزە، بەڵام لە پشت ئەم دیموکراتیە ڕواڵەتەوە ئەو خوێنەی بە دەمارەکانی پیاوە گەورەکانی تورکا ئەهات و ئەچو هەر ئەو خوێنە بو کە لە دەمارەکانی ئەنوەرو جەمالدا هات و چۆی ئەکرد، پێم وت *ئیتر پێویست بە مانەوەی من هەیە لە ئەنقەرە؟* وتی *ئەی تۆ چاوەڕێی ئەنجامی موزاکەراتی لۆزان و کۆبونەوەی مەجلیسی میللەت ناکەی؟* وتم *ئەمە کەی پێکدێ؟* وتی: *ناتوانم بڵێم کەی. لەوانەیە چەند مانگێکی پێ بچێ* وتم *چەند مانگێکی کە مانەوەی من لە ئەنقەرە چە کەڵکیکی هەیە؟ ئایا ئەوە باشتر نیە کە بچمەوە لای شێخ مەحمود و تێی بگەیەنم کە ئەبێ چاوەڕێی کۆبونەوەی مەجلیسی میللەت و*

*ئەنجامی موزاکەراتی لۆزان بکا و لەسەر بەرنامەی خۆی بڕوا و تەفرە نەخوا، سارد نەبێتەوە تاوەکو بە ئامانجی خۆی بگا، هیوای نەبڕێ و لەبەری ئەم ڕەنج و فیداکارییە کە دەسی داوەتێ بێبەش نەبێ؟*

وتی: *باوەڕ ئەکەی کە شێخ مەحمود سارد بێتەوە و یا با بداتەوە؟* وتم *کە زو زو لێرەوە واتا لە ئەنقەرەوە یا لە لایەن تورکەکانەوە خوێنی تازەی نەکرێتەوە بە بەرداو لەو کردەوانەی کە ڕو ئەدا ناوبەناو ئاگادار نەکرێ و هۆی بەئەنجامنەگەیشتنی تەقەلاکانی خۆی لە لای ئێوە نەزانێ و تێنەگەیەنرێ لەوانەیە کە لەوێ* (واتا لە سلێمانی) *بیری پێ بگۆڕن و بیخەنە سەر سەودایەکی تر، کە لەمەیشا ئەبێ هەقی بدرێتێ چونکە شێخ مەحمود کە هەروەکو بە پارەو بە چەك نەتوانن ئیمرۆ یارمەتییەکی بە کەڵکی بدەن، لە لایەن سیاسەتیشەوە بخرێتە پشتگوێ و بەڵگەیەکی وای نەدرێتە دەس کە بتوانێ کوردەکانی پێ ئیقناع بکا و باشی و بەکەڵکی لایەنگیری تورکیان پێ بسەلمێنێ، شکی تیا نییە کە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان و لایەنگیرەکانیان ناتوانێ خۆی ڕاگرێ و ڕەشمەی ئیشی لە دەس دەرئەچێ.*

حسێن ڕەئوف بەگ کە ئەم قسانەی من بە تەواوی چو بە دڵیا و زۆر باش باوەڕی پێکرد، لەبەر ئەمە وتی: *"بە ڕاستی بیرەکەت باشەو بەجێیە.، لەبەرئەوە منیش حەزئەکەم کە ساتێ زوتر خۆت بگەیەنیەوە لای شێخ مەحمودو لە نزیکەوە ئەمانەی تێبگەیەنی و ماوەی ئەوەی نەدەی کە خائینەکان تەفرەی بدەن و بە هەڵەی بەرن"*. لەسەر ئەمە لەیەك جیا بوینەوەو کەوتمە خۆکۆکردنەوە.

ڕۆژی ١٥ی مایس ٣٣٩ی ڕۆمی ١٩٢٣ی میلادی، من لە ئوتێلەوە، ئەحمەد فەخری ملازم کوڕی فەرەج ئەفەندی پیاوی ڕەشید پاشام لەگەڵ بو بە ناوی بەڕێخستن، ئەچومە ئێستگەی شەمەنەفەری ئەنقەرە. تورکەکان زۆر خۆیان بە سیاسی و ئێمەشیان بە کەرێکی تەواو ئەزانی، ئەگینا ئەبو کە هیچ نەبێ بۆئەوەی من تەفرە بدەن کاغەزێکم پیا بنێرن بۆ شێخ مەحمود. وەلحاڵ نەك کاغەزی ڕەسمی و سیاسی، کاغەزێکی تایبەتیشیان نەدابومە دەس، بەیانی ڕۆژی

حەرەکەتم چومە لای حسێن ڕەوف بەگو خۆم داوای کاغەزێکم لیّ کرد کە لە ڕێگەوبان بە دەسمەوە بێ بۆئەوەی مەئمورەکانی تورك بمناسنو هاتو پێویست بو یارمەتیم بدەن. هەر بەسەر پێوەو لەسەر کاغەزێکی غەیری ڕەسمی سێ دێڕی بۆ نوسیمو دوای ئیمزا دایە دەسم.

حاجی شوکری بەگ شەوێ پێش حەرەکەتم دیسانەوە زیافەتی بۆ کردم — پێکەوە دورو درێژ باسی بەسەرهاتی کوردمان ئەکرد نامەیەكو ڕەسمێکی خۆشی دابومێ بۆ شێخ مەحمود. جگە لەمە یەك دو نامەی تایبەتی فەتاحم پیّ بو کە زۆر تکای لە شێخ مەحمود ئەکرد باوەڕ بە من بکاو بە قسەو ئامۆژگاری من بچێ بەڕێوە، هەتا یەکێ لە نامەکانی بە مەرەکەبی سڕی نوسیبو، ئەویش منی هەڵئەخەڵەتاند. بەڵام من لەگەڵ ئەمەیشا کە لەم سینەمایە تێئەگەیشتم، وام بە باش زانیبو کە بە هەڵخەڵەتاو و حۆلم بزانێ نەك بە زرنگو وریا. ئەگەر قەوماوەکانی (حوداث) دوایی ڕاستی ئەم بیرانەی منی دەرنەخستایە لەوانە بو بڵێم بە خۆڕایی ئەم کردەوانەم بە پێچەوانە لێك ئەدایەوە.

پێش ئەوەی لە ئەنقەرە بگەڕێمەوە، ئەو ڕۆژەی کە حسێن ڕەئوف بەگ هاتبوە لام، لە عەبدوڵڵا حیلمی یەوە (عەبدوڵڵای عەزیزی لاوە) کە بینباشی بو لە قونیە، نامەیەکم وەرگرتبو نوسیبوی کە ئەگەر بۆم بکرێ بچمە قۆنیەو سەرێکی لیّ بدەم. عەبدوڵڵا حیلمی کە دوایی بو بە ئەمیر لیوا، زابتێکی زۆر ڕاستو بە شەرەفو موخلیسی تورك بو، خزمی خۆمو ژنەکەمەو لە وەختی خۆیا لە مەکتەبی عەسکەری مامۆستاشم بو. لە بەردەمی حسێن ڕەئوف بەگا نامەکەیان دامێ. بە چاوێکی پرسینەوە تەماشای کردم، زانیم کە عەجایەبی لیّ ما کە لە پۆستەدا نامە بۆ من بێتە ئەنقەرە، لەبەرئەوە نامەکەم پیشان دا. بە تورکی نوسرابو. کە خوێندیەوە وتی باشە کەوابێ ئەتوانی بچیتە قونیەو لای خزمەکەت بەینێك ڕابوێریو تاقەتت نەچێ. بەڵام دوای ئەوە بو کە بڕیاری گەڕانەوەم دابو بۆ سلێمانی. ئنجا مەبەسم ئەوەیە کە بەسەر قونیەدا گەڕامەوەو لەوێ لامدایە لای عەبدوڵڵا حیلمی. عەبدوڵڵای حاجی حەمە ئاغای ژنبرایشی لەوێ عەسکەر بو.

حەوتەیەك گلی دامەوە، لە قونیە لەو ڕۆژەدا مەجید ئەفەندی بە کوێر مەجید مەشهور بو،و سەید صادق ئەفەندی ملازمی مێردی زەکیە خانی خوشکەزای ئەحمەد موختاری قازیو عەبدولوەهاب بەگی کۆنە قائد فرقەی کەرکوکی لیٚ بو کە ئەیان ناسیم. هەر ئەو ڕۆژە یەکێکیان زیافەتی بۆ ئەکردم.

ئەو شەوەی کە لە قۆنیەوە حەرەکەتم ئەکرد، لە نادی عەسکەری عەبدوڵڵا حیلمی زیافەتێکی گەورەی کردو بەم ڕەنگە لە ئێستگای شەمەنەفەر لە لایەن بەشێکی زۆری زابتانەوە بە وێنەیەکی جوان بەڕێ خرام. نامەوێ لەم گەڕانەوەیەدا هەر چیم دیوەو بۆ هەر لایەك چومو یا پیا ڕۆیشتوم بینوسم. تەنیا باسی ئەوانە ئەکەم کە لە نوسینا یا بەلای خۆمەوە یا لە چاو خوێندەوارەکانا بە کەڵکێکی ئەبینم.

## ٨٩

## ئەدەنە

ولایەتێکە بە ناوی خۆیەوە، لامان دایە ئەم شارە، هەرچەند ئاوهەوای گەرمە بەڵام زۆر دڵگیرو خۆشەو لەسەر ئاوی "جەیحون"ە کە ئەڕژێتە زەریای سپییەوە. مەحمودی خاڵم تورکی هەر فێر نەئەبو من لە ئوتێل نوستبوم، کە ئەو چوبوە بازاڕ بۆ گەڕانو چاخواردنەوە، وەسیقەیەکی کۆنی پیٚ بو کە بە پێی ئەوە عەسکەرو مراسلی منە، پۆلیسی سڕی گرتبویانو هێنایانە ئوتێلەکە لای من. بەڵام تا خۆم خەبەرم نەبۆوە چاوەڕێیان کردبوم کە لە خەو هەڵسام زۆر بە هێمنی پۆلیسەکە هاتە لامو بە ئەدەبەوە سەلامی کردو وتی" *ئەم کوڕە مراسلی جەنابتانە؟* وتم *بەڵیٚ.* وتی *ئەتوانم وەسیقەی جەنابتان ببینم؟* کاغەزەکەی حسێن ڕەئوف بەگم پیشان دا، بە ڕاستی هیوای ئەوەم نەبو کە بە سوکی لێم بگەڕیٚ. چونکە نامەکە هیچ نیشانەیەکی ڕەسمی پێوە نەبو، ئەشم وت تۆ بڵێی بەوە باوەڕ بکەن کە ئیمزای کاغەزەکە هی ڕەئیسی وزەرا بیٚ؟ بەڵام کابرای پۆلیسی سڕی بە

چاوپێکەوتنی ئیمزاکە تەمەنایەکی عەسکەرانەی بۆ کردمو زۆر بە ئەدەبەوە پاشەوپاش گەڕایەوە. منیش ئەو وەختە نرخی نامەکەم بۆ دەرکەوتو تا ئێستە لای خۆم هەڵم گرتوە[1].

کە گەیشتینە عوسمانیە، بازرگانێکی کوردی محەمەد ئەفەندی ناوی لێ بو. فەتاح ئەم کابرایەی ئەناسیو بە منا نامەیەکی بۆ ناردبو زۆری خزمەت کردم. بە کوردییەکی باش قسەی ئەکرد، بە دەوری ڤیستی سورا کەشیدەیەکی ئەپێچا بە سەرەوەو جوببەی لەبەر ئەکرد. ئەویش نامەیەکی دامێ بۆ تاجرێکی تورك لە "عینتاب". من لە ئەنقەرە لە حسێن ڕەئوف بەگم پرسیبو کە ئایا ئەتوانم بە هۆی ئەوانەوە لە ڕێگەیەکی بێ ترسەوە بگەڕێمەوە عێراق یا نەء؟ وتی: *ئێمە هەر ئەتوانین تا نزیك سنور ڕەوانەت کەین.* وتم" *لە موسڵەوە لەبەر ئینگلیزەکان بۆم ناکرێ.* بەو ڕێگەیەشا کە پیاهاتبوین بۆ ئەنقەرە لەبەر زۆر شت گەڕانەوە نەئەهات بە بیرا. ئنجا من ئەمویست کە لە تورکیاوە ڕاستەو ڕاستو بێئەوەی بە موسڵدا بڕۆم بچمە ڕەواندز، بەڵام ڕەئوف بەگ ناوی ڕەواندزی نەئەهێناو بە لایا نەئەچو. ئاخری خۆم ڕێگەیەکم بۆ خۆم دانا. پێم وت: *ئەچمە ڕەواندز یا جێگەیەکی ترو لەوێوە بەناو عەشایەرا بچمەوە سلێمانیو یا بۆ ئەو جێگەیەی کە شێخ مەحمودی لێیە.* وتی: *باشە.*

دوای ئەمە لە دڵی خۆما بڕیارم دا کە لە دیاربەکرەوە بچمە بەتلیسو وانو بەم ڕەنگە هەرچەند ڕێگەکەیشم دور کەوێتەوە لەم هەلە کەڵکێك وەرئەگرمو بە ناو ولایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیادا "ولایاتی شرقیە" کە نیشتمانی کوردە گەشتێك ئەکەمو بە "هەل"یش بێ چاوم بە هەندێ برایانی کورد ئەکەوێ، ناسیاوییان لەگەڵ پەیدا ئەکەم. لەبەر ئەمە لە "عوسمانیە"وە ڕێگەی شەمەنەفەرم بەجێ هێشتو بە سواری وڵاخ چومە "جەبەل بەرەکەت" لەسەر سنوری سوریە. "جەبەل بەرەکەت" هەرێمێکە لە ژێر حوکمی تورکو ناوچەی "لیوا"یەکە. بە هۆی شەڕی

[1] بە داخەوە ئەو نامەیە بەدەس منەوە نییە ئێستە لەم یادداشتەدا بڵاوی کەمەوە. پاش ٣٠ ساڵ لە ماڵئاوایی خۆی. د. پاکیزە.

"ئیستقلال" لە بەینی تورك‌و فەرەنسزەکاندا، ئەم ناوە ئاوەدان نەبوە، هەرێمەکەش شاخاوی‌و وشکەو خەڵقەکەی درو شەڕکەرن، تۆزێ لە "دورزی"یەکان ئەچن.

چومە لای موتەسەڕیف، پیاوێکی باش‌و بە تەربیە بو، کاغەزێکیشم لێ وەرگرت بۆ قائیمقامی "باخچە" عەلی صائیب بەگ. ئەم پیاوەم لە ئەنقەرە ناسیبو. مەبعوسی "ئورفە" بو. لە پێشا زابتی ژاندەرمە بو، لە شەڕی ئیستقلال لە هەرێمی "عینتاب"و "ئورفە" لەگەڵ فەرەنسزەکان شەڕی "چەتەیی"ی کردبو و ئازایی نواندبو. زۆر نزیك کەوتبۆوە لە مستەفا کەمال. ئەندامێك بو لە مەجلیسی میللی گەورەو جێگەی متمانەو باوەڕی مستەفا کەمال بو. ئەیانوت کوردە، بەڵام یەکێ ئەیوت ڕەواندزییە یەکێ ئەیوت کەرکوکییە. لە هەندێکیشم بیست ئەیانوت خەڵقی "مەندەلی"یە. لە کاتی گەڕانەوەی من، لە ئەنقەرە بڕیار درابو بە هەڵبژاردنی تازەی مەبعوسان، چونکە ناحەزەکانی مستەفا کەمال لە مەجلیسی پێشودا زۆر بون‌و چاوی حکومەتیان ئەترساند، لەبەرئەوە ئەیانویست مەجلیس لە ناحەزەکانی مستەفا کەمال‌و تابعەکانیان پاکەنەوە یا هیچ نەبێ کەمیان بکەنەوە لەبەرئەمە لەوانەی کە بە تەواوی لێیان ئەمین بون موفەتیشیان دانابو ئەیانناردنە هەرێمەکانی هەڵبژاردن (مناطق انتخاب). عەلی صائیب یەکێك لەم موفەتشانە بو، ئەچوە هەرێمی هەڵبژاردنی خۆی‌و دەورو پشتی هەرێمەکەی بۆ ڕێکخستنی تەگبیرو ڕای هەڵبژاردن‌و سەرپەرشتی ئەم کارە لەگەڵ ئیش بە دەستەکان.

من لەگەڵ کاروان لە جەبەل بەرەکەتەوە هاتبومە نزیك باغچە لە ٢٩ مایس ١٩٢٢م. کاروان لە دەرەوەی شار لە ماوەی چارەکە سەعاتێ لە "باغچە"وە لایان دابو. پێویستم بە ژاندرمە هەبو بۆ ڕێگە. تەزکەرەیەکم نوسی لەگەڵ نامەکەی موتەسەریفا ناردم بۆ قائیمقامی باغچەو تکام لێ کرد کە یەك دو ژاندرمەمان بۆ بنێری کە بۆ بەیانی لەگەڵمان بن، نزیك ئێوارەو قائیمقام وەڵامی نامەکەی بە ژاندرمەیەکا بۆ ناردمەوە لە ٢٩-٣٠/ مایس ١٩٢٢. نوسیبوی کەوا عەلی صائیب

بـەگی مەبعوسـی ئورفـە وا لـە باغچـە بـەیانی سـەعات ٣ سـێ (مەبەسـی سـەعاتی تورکییە کە وەکو سەعاتی عەرەبییە) ئەچێ بۆ ئولّوجق، هـەر ژاندرمەیـەکیان لەبـەر دەسایە لەگەڵ ئەو ئەینێرن، منیش ئـەتوانم لەگـەڵ عـەلی صـائیب بـەگ (بەیەکـەوە) بـڕۆم. ڕێگەکـەمان یـەك بـو، ئەوەشـی ئـەوت کـە هەرچـەند بـە یەکـەوە ڕۆیشـتنمان خۆشـترو باشـترە، ژاندرمـەی زیادیـان ببوایـە بـە جیـا ژاندرمـەی تایبەتیشـی بـۆ ئـەناردم بـە زمـانیش ژاندرمەکـەی ڕاسـپاردبو کـە ئەگـەر بتـوانم بچـم. حـەز ئەکـەن شەویش لە ماڵی قائیمقام لەگـەڵ عـەلی صـائیب پێکـەوە ڕابوێرین‌و بـەیانی لـەوێوە بچین بۆ "ئولّوجق".

لــەم چــونەدا دودڵ بــوم، کاروانییــەکانیش پێیــان وتم کــە ڕێگــە ئەمینــەو ژاندرمـەمان پـێ نـاوێ، منـیش نەچـوم. سبەینێ کە کەوتینـە ڕێ یـەك دو سـەعات لەولای باغچەوە لەسەر ڕێگە توشی چاخانەیەکی فێنکی هاوینی هـاتین، بـۆ مانـدو حەسـانەوەو چـاخواردنەوە لامـان دا، عـەلی صـائیب بـەگ لـە چـاخانەکە بـو بـانگی کردمە لای خۆیەوەو ئەمری کرد ئاوی ساردو چاو قاوەیـان بـۆ هێنـام. دوای ئـەوە کەوتینە باس‌و قسەی هەڵبژاردن، من ئـەو وەختـە نـەك هـەر لاو و خوێنگـەرم بـوم، بـەڵکو لـە گـەلێ شتیشـا بـە قەسـتی سەرپێچـیم ئـەکردو لام وابـو کـە خـاوەنی رسالەیەکم‌و نابێ لە ڕاستی‌و لە قسەی هەق لابدەم، ئەوانە کە بە پێچەوانەی بیری مـن ئەجولاَنـەوە بـە خوێنـدەوارم نەئـەزانین. ئەگـەر خوێنـدەوارێکی بـاش‌و خـاوەن شەهادەی بەرزیش بونایە، کە لە هەق‌و ڕاستی لایان بدایە وام ئەهات بە بیرا کە لـە خوێندنەکەیان کەڵکیان وەرنەگرتوەو تێنەگەیشتون. وام ئەزانی کە ئەبێ من بیری خۆمیان بە زۆر تێبگەیەنم، هەقیقەتیان لـێ نەشـارمەوە لـە نـەزانین ڕزگاریـان بکـەم. ئەگەر بێت‌و نەك لە ڕوی نەزانینەوە بەڵکو لەبەر ترس یا تەماع‌و یا مەبەسێکی تـر کە بۆ ئینسانێکی تەواو نەنگە لە ڕاست لایان دابێ‌و ڕێی چەوتیان گرتبێ، وەکـو لاوێکـی لێبـوردو و بەجـەرگ‌و فیـداکار چاویان پـێ هـەڵبێنم‌و وریایـان بکەمـەوەو بیانخەمە سەر ڕێی ڕاستی‌و ڕێی پیاوەتی‌و ڕێی شەرەف.

ئەم بیرە لە کاتی لاوی‌و غوبابیا گەلێ جار توشی قۆرت‌و تەنگ‌و چەڵەمەی کردم‌و گەلێ هەلی لەکیس دام. بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە تا ئێستە لەو بیرەی خۆم پەشیمان نیم‌و لام نەداوە. ئەوەندە هەیە تەجرەبەی زەمان تۆزێ قورس‌و هێمنی‌و لە هەڵەسنگاندنی خەڵقا وردترو لەسەرخۆتری کردم. لە عەلی صائیب بەگم پرسی، ئەم سەفەرەی لەبەر چیە؟ وتی: هەڵبژاردن بە دەستەوەیە لەبەرئەوە کە کارێکی وا بکەین مورەشەحەکانی حکومەت هەڵبژێرێن! وتم: حکومەت مورەشەح دائەنێ؟ وتی: ئەی چۆن؟ دیارە کە مورەشەح دائەنێ‌و ئەیەوێ میللەتیش ئەو مورەشەحانە هەڵبژێرێ! وتم کەوابو بۆچی ناوی ئەنێن "هەڵبژاردن"؟ وتی: ئەی ناوی بنێین چی؟ وتم: ڕاستییەکەی ئەمە "دانان"ە وتی بە بیری تۆ ئەبێ چی بکەین؟ وتم: یا متمانەتان بە میللەت هەیەو لەوە دڵنیان کە ئەم حکومەتەیان ئەوێ، ئەوساکە پێویستە ڕێ بدەن بە بیری خۆی‌و بە سەربەستی مەبعوسەکان هەڵبژێرێ، یا لە میللەت ئەمین نین‌و ئەزانن کە ئەوانەی حکومەت بیەوێ میللەت نایەوێ لە حاڵێکی واشا دو ڕێگە هەیە، یا ئەبێ واز لە "هەڵبژاردن" بێنن‌و ئەوانەی خۆتان بە باشیان ئەزانن دایان بنێن‌و لە "ئەنقەرە" کۆیان بکەنەوە، یان دەس لە مەجلیس هەڵگرن، و بەبێ مەجلیس حکومەت بکەن!

وتی: بەرامبەر بە ڕەئی گشتی دنیا دەوڵەتێکی تازەی وەکو تورکیا بەبێ مەجلیس چۆن ئەبێ؟ وتم: ئەی بۆچی مەجلیسێکی وا کۆناکەنەوە لە کانگای میللەتەوە هەڵقوڵێ؟ وتی: تا دوێنێ نیوەی زیاتری ئەم وڵاتە لەژێر دەستی بێگانەکانا بو، ئیتالیا، فەرەنسە، ئینگلیز، یۆنان، هەر یەکە لە لایەکەوە وڵاتیان داگیرکردبو. هەتا ئەستەموڵ خۆی‌و خەلیفەش لە ژێر حوکمی سوێندخوارەکانا بو و بە ئەمری ئەوان ئەجوڵایەوە، ئێمە بە دوژمنی میللەت‌و خائینی دەوڵەت دائەنراین بۆ تەمێکردنمان‌و فەوتاندنمان لەشکری یۆنان‌و بەڵکو لەشکری خەلیفەمان ئەکرایە سەر. وەکو پیاوکوژو یاخیەکان حوکم بە کوشتنمان ئەدرا. ئێستە هەر لەناو خۆمانا لە ئاسیای سوغرا، لەم وڵاتەدا کە بە خوێن‌و ئاگر، بە بەختکردنی سەرو ماڵ لە ژێر چنگی دوژمن هێناومانەتە دەرەوە، بە هۆی حوکمی

بێگانەو داگیرکردن لە لایەن دوژمن و گەلێ شتی ترەوە، هەزاران ناحەزو خائین و وڵاتفرۆش هەیە کە بۆ هەل ئەگەڕێن، کە ئێمە لە بەری ئەم هەمو کۆشش و ڕەنج و تەقەلایەمان بێبەش بکەن، تۆ ئەتەوێ ئێمە هەروا زو غەڕا بین و پشتی لێ بکەینەوەو بەم میللەتە فەقیرو بەسەزمان و نەخوێندەوارە کە ئەم نەوعە میکرۆبانەو بە ئارەزوی خۆت و سەربەخۆ مەبعوسەکانت هەڵبژێرە؟ وەکو تۆ ئەڵێیت (مەبەسی عەلی صائیب بەگ لە منە) ئەبێ بە دەسی خۆمان پەت بخەینە ملمان و خۆمان بە خنکاندن بدەین و دوبارە ئەم وڵاتە بخەینەوە ژێر دەسی ئەوانەی کە لەسەر حیسابی بێگانەکانی دوێنێ ئیش ئەکەن!. وتم: قسەکانت زۆر جوان و بەجێیە. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشا هەر ئەڵێم ئەمە هەڵبژاردن نییە!

عەلی صائیب بەگ کە زانی من لەسەر بیری خۆم ماوم کەمێ گرژ بو، ویستی مەجراکە بگۆڕێ، وتی کەواتە یەکێکی وەکو تۆ کە ئەبێ گەلێ یا چەند کەسێکی هاوڕێ و هاوبیریشت هەبێ، لە سلێمانی بەرامبەر بە حوکمی ئینگلیز چاوتان نەترسابێ و بۆ ڕزگاری نیشتمانەکەتان هەوڵتان دابێ. وتم: هەوڵی ئەوە ئەدەین کە سەربەخۆیی بدرێ بە کوردستان! وتی: واتا لەژێر حوکمی ئینگلیز بمێننەوە؟ وتم: ئێستە لەژێر حوکمی ئینگلیزاین، ئەمانەوێ ڕاستەوڕاست لەژێر حوکمیانا نەمێنینەوە. سەربەخۆییمان بدرێتێ. ئنجا ئەم سەربەخۆییەش وەکو ئەزانن بە پێی هێزو توانای کورد بە پێی وەخت و زروف ئەگۆڕێ! وتی: تۆ لە دڵا لەگەڵ شێخ مەحمودی وتم: وا ئەزانم. وتی: ئەویش چاوی لەسەربەخۆیی کوردستانە. وتم: لە من زیاتر! وتی: شێخ مەحمودیان لە دیلی هێنایەوە، ئینگلیزەکان پەیمانیان دایە حکومەتی بۆ دامەزرێنن. ئەنجامی چی بو؟ وتم: حکومەتیان بۆ دانا. وتی: نازرەکان (وەزیرەکان) کێ بون؟ لێرەدا کەمێ وەستام دوایی وتم لە حکومەتاێکی بچوکی وادا موناسب نەبینرا عینوانی (نازر) بەکاربهێنرێ. ناوی "ڕەئیس" یان لێنرا، وەکو ڕەئیسی مەعاریف و ڕەئیسی مالیە.. ناوەکانی پرسی.. من بۆئەوەی نەڵێ زۆریان نەخوێندەوارن ناوی هەندێ لە پیاوە زاناکانیشم بە ڕەئیسەکان تێکەڵ کرد، کەچی وتی بەمانەوە ئێوە بە تەمان بچن بە گژ ئینگلیزاو

*داوای سەربەخۆیی کورد بکەن؟ ئەمانە لە کورد زیاتر ئینگلیز ئەپەرستن. ئەمانە هەمو بەندەی بە پارەکڕراوی ئینگلیزن،* ئەمانە ئەمەن و ئەوەن!

دوای ئەم هەمو قسەو باس و نەفەسدرێژییە لێرەدا من دەمار گرتمی. بەمەیشەوە نەوەستا، وتی: *ئێوە خەیاڵتان خاوەو هەر تەقەلایەکی بۆ سەربەخۆیی ئەیدەن بێسودە. موسڵ ئیمڕۆ و سبەی بە هەر جۆرێك بێ ئەگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتمان.* (مەبەس لە دایکی نیشتمان تورکیایە) *ئەوساکە ئەوانەی بە ناوی سەربەخۆیی کوردو کوردستانەوە خزمەتی سیاسەتی ئینگلیز ئەکەن حسابیان لەگەڵ ئەبڕێنینەوە.* ئینجا خۆی توند کردو وتی: *تۆ چۆن بەم بیرە زەهراویەوە بەم وڵاتەدا ئەسوڕێیتەوەو کێ ئیزنی داوی؟ ئیتر نایەڵم لێرە بەولاوە پێ بەر پێ بنێی! و غەریب نەبویتایە ئێستە دەمانچەیەکیشم ئەنا بە تەپڵی سەرتەوە.* من هێشتا جێگەو پایەی عەلی صائیبم لای حکومەت نەئەزانی وتم: *عەفو ئەفەرموی تۆ ناتوانی دەمانچە بە منەوە بنێی. چونکە من جارێ بە دزییەوە نەهاتومەتە ئەم وڵاتەو بەبێ ئیزنی حکومەت و ئاگالێبونی بێرەدا تێناپەڕم. دوهەم نامەی یەکێکی وام پێ نیە کە هیچ پیاوێکی ئەم حکومەتە لە یارمەتیدان و ڕێپیشاندانم سەرپێچی بکا.* ئەوساکە عەلی صائیب بەگ پێکەنی و وتی: *ئا بزانم ئەو پیاوە کێیە؟* منیش نامەکەی حسێن ڕەئوف بەگم دایە دەس. وتی: *من هەر لە ئەوەڵی قسەوە تێگەیشتم کە تۆ ئینسانێکی کەم تەجرەبەو سافیلکەی لەبەر ئەوە لێت ئەبورم، بەڵام ئەبێ تۆش ئەوە بێنیتە بەرچاوی خۆت کە ئێمە دوژمنمان زۆرە، وڵاتەکەمان هێشتا بە تەواوی لە خەتەر ڕزگاری نەبوەو لە بێگانە پەرست پاك نەکراوەتەوە. لەبەرئەمە نابێ لەژێر تەئسیری لاوێتی و خوێنگەرمی و ئیلهامی فەلسەفەی ئازادی پەرستیدا هەر چیت بە بیرا بێ بیڵێیت و دەری بخەی!*

جگە لەمە ویستی کە بە تەواوی دڵم ئاشت بکاتەوەو توندی و گرژییەکەی پێشەوەیم لەبیر بەرێتەوە، وتی *منیش وەکو تۆ کوردەو میللەتی کوردم خۆش ئەوێ. بەڵام ئەزانم کورد تەنیا برایەکی دینی و نیشتمانی هەیە ئەویش تورکە. لە تورك بەولاوە میللەتێك نیە کە چاکەی کوردی مەبەس بێ. عەرەبەکان خۆیان*

*ژێردەستی بێگانەکانن، ئینگلیزیش کوردی عێراقی لەبەر مەسەلەی موسڵ تەفرە داوە. مەبەسیان موسڵو نەوتەکەی موسڵە. کوردەکان ئەبێ ئەمە بزانن‌و بە قسەی کوردو کوردستان‌و سەربەخۆیی تەفرە نەخۆن‌و نەبن بە چەکوشی دەسی ئینگلیز.* دوای ئەم پەندو نەسیحەتانە. کاغەزێکی دەرهێناو بۆی درێژکردم. لە مستەفا کەمالەوە بۆ ئەو والی‌و کوماندان‌و کاربەدەستانە نوسرابو کە عەلی صائیب ڕەنگبو چاوی پێیان بکەوێ. مستەفا کەمال داوای لەمانە ئەکرد کە هەمو ئەمرێکی عەلی صائیب بەگ ئەبێ بە ئەمری خۆی (واتا ئەمری مستەفا کەمال) بزانن‌و لە بەرامبەر هیچ ئەمرێکیان نابێ سەرپێچی بکەن. ئەیوت *عەلی صائیب بەگ یەکێکە لە قارەمانە مێژوییەکانی میللەتی تورك، دەسی ڕاستم بوە لە شەڕی ئیستقلالدا برایەکی هەرەبەنرخ‌و بەڕێزو دۆستێکی گیانی‌و دێرینی منە* (واتا هی مستەفا کەمال).

دوای ئەوە کە نزیکەی دو سەعات لەگەڵ عەلی صائیب بەگ بە بگرەو بەردەوە ڕامانبوارد. ویستی بە یەکەوە بکەوینە ڕێ، بەڵام من بارگەم پێ بو و مەحمودی خاڵم لە سەرەوە سوار ئەبو، لەبەر ئەمە لەگەڵ عەلی صائیب‌و سوارەکانی دەرئەنەچوین، عوزرم بۆ هێنایەوە، ئنجا ئەوان ڕوەو ئولوجق کەوتنە ڕێ. ئێمەش لە ڕێی مەرعشەوە چوینە عینتاب.

## ٩٠

## عینتاب

ناوچەی قائیمقامیەتێکە، شارێکی بچوکە، خۆش‌و هەوارداره، کۆڵانەکانی ڕاست‌و جوانە، بە بەردێکی وەکو مەڕمەڕ ڕێکخراوە، زۆری خانوەکانیشی لەسەر تەرزی ئێرانی یا ڕۆمانی لە بەرد یا مەڕمەڕی چوارگۆشە تاشراو دروست کراوە. نامەی "محەمەد ئەفەندی"م برد بۆ تاجرەکەی ئاشنای، زۆری قەدری گرتم، بردمیە ماڵی خۆیان‌و لەوێ میوانیی کردم. بە ماڵ‌و حاڵ‌و دیوەخانیا دیار بو کە

پیاوێکی بەڕێزو ناودار بو و لە خانەوادە کۆنەکان بو. ماڵو منداڵو دەس‌و پێوەندی هەتا بتەوێ بەئەدەب‌و بەخزمەت بون، دو شەوو دو ڕۆژ لە لایان بوم، سروەی منداڵێك، قڕەی بەشەرێکم بەرگوێ نەکەوت، بێ ئەوە بڵێم یا داوا بکەم، هەرچی بۆ میوانێك بە تایبەتی بۆ کەسێك کە چەقاوەسو نەبێ‌و شەرمن بێ، هەموی بەبێ دەنگ جێبەجێ ئەکرا. چاوم بە کەس نەئەکەوت، خشپە بێ، سروەیەك بێ، کەچی کراس‌و دەرپێم ئەشۆرا، ئوتو ئەدرا، پێڵاوەکانم پاك ئەکرایەوەو بۆیاخ ئەکرا. حەمام گەرم‌و ئامادە، تاقمی حەمام، سابون، لفکەو شانە، فرچە، ئاوی دەسشوشتن‌و خواردنەوە. مەسینەی ئەدەبخانە، جێی ئاو ڕشتن، جلی شەو، تاقمی تەراش، خۆی لە خۆیەوە بە چەشنێك ڕێك ئەخراو ئامادە ئەکرا، کە خۆت لە خۆتەوە وەکو جسمێکی "ئالی" بەکاری بهێنی‌و کەڵکی لێ وەربگری، بە ڕاستی من ئەو دو ڕۆژە سەرم سوڕمابو، هاتبومە سەر ئەوەی بڵێم لە ماڵێکی "سیحراوی"یا ئەژیام.

شەو لە دیواخان کۆئەبونەوە، هەوای ئەوێ لەگەڵ ئەنقەرە زۆری فەرق هەبو، ئەنقەرە گەرم بو، بەڵام لە عینتاب لە ژورا دائەنیشتن‌و ئەنوستن. کابرای خاوەن ماڵو میوانەکانی کە لە سێ چوار کەس تێنەئەپەڕی، یەك بابەت‌و لە کۆنەکان بون، فێست لەسەرو جوبەیان لەبەرا بو. هەمویان نێرگەلەیان ئەکێشا، سەیر لەوەدایە کە منیش لەو دەورەدا وەکو زۆری خەڵقی سلێمانی نێرگەلەم ئەکێشاو نێرگەلەی خۆمم لەگەڵ بو، بەرامبەر یەکتری دائەنیشتین‌و نەفەسمان لە نێرگەلەکانمان ئەداو بە دەمیەوە گفتوگۆمان ئەکرد. ئەوان ئەو شەوە باسی شەڕی تورکەکان‌و فەرەنسزیان ئەکردو نەیانئەبڕیەوە بە قسەی ئەوان عینتاب بەینێکی زۆر ببو بە مەیدانی شەڕی تورك‌و فەرەنسزو گەلێ کارەساتی گرنگ‌و دەربەدەرییان بەسەر هاتبو، باسی قارەمانی "عەلی شەفیق- ئوزدەمیر"و "عەلی صائیب" باسی ئازایی‌و فیداکاری خەڵقی "عینتاب"یان ئەگێڕایەوەو تەواویان نەئەکرد.

لە عینتابەوە بۆ دیاربەکر ئۆتۆمبیل هەبو. بۆ خۆمو مەحمود دو جێگەمان گرت، چەند ڕێبوارێکی ترمان لەگەڵ بو لەناو ئەمانە یەك دو لاوی دیاربەکریش هەبو. من لە خۆمەوە نەمویست بیاندوێنم. بەڵام لە ڕێگە یەکتریمان ناسی، ئەوانیش کورد بون، یەکێکیان سانەوی تەواو کردبوو مەغازەی کردبۆوە، بەڕێوە کەوتنە گۆرانی وتن بە کوردیی "زازایی"و بە تورکی. لەوان هەندێ شت تێگەیشتمو لە هەواڵی دیاربەکر ئاگادار بوم. لە دیاربەکر زیافەتێکیشیان بۆ کردمو چەند لاوێکی تری کوردیان پێناسیم. پێش ئەوەی بگەینە عینتاب، یەکێك لە هاوڕێکانمان لایدایە "مرعش". ئەمزانی "عەلی کوندوکتور"ی هاوڕێی منداڵێم لەوێیە، عەلی کوڕی "حەسەن ئەفەندی" برای "حسێن نازم" بو، منو ئەو لە کەرکوك لە مەکتەبی ئیبتیدائی پێکەوە ئەمانخوێند، حەسەن ئەفەندی باوکی ئەو وەختە لەوێ کاتبی بانق بو، پێیان ئەوت حەسەن ئەفەندیی بانق، زۆرم ئەویست بچمە مرعشو عەلی ببینم، بەڵام کاروانەکەمان بەوێدا نەڕۆیشت، لەبەرئەوە منیش نامەیەکم نارد بۆ ئەم هاوڕێی منداڵییەم، بە کابرای هاوڕێمانا عەبدوڵڵا بەگی باوکی فایەق بێکەسی بوێژی کوردی بەناوبانگیش لەو وەختەدا هەر لە "مرعش" بو.

## ٩١

## ئورفە

ئورفە: نزیك نیوەڕۆ گەیشتینە ئورفە بڕیار وابو دوای ماندوحەسانەوەو نانخواردن، بکەوینە ڕێ. من ویستم تۆزێك بەناو شاری ئورفەو بازاڕەکەیا بگەڕێم، لامدایە دوکانێکی سەرتاش، دوکانەکە خۆشو پاكو تەمیز بو، ویستم سەر بتاشم لەو وەختەدا "مستەفا بەهجەت"ی یوزباشی سواری، هاتە ئەوێ لەگەڵ مستەفا بەهجەت لە مەکتەبی ئیعدادی عەسکەری بەغدا بە یەکەوە بوین، زۆر ڕەفیقم بو. کە چاوی بە من کەوت لە خۆشیا نەیئەزانی چی بکا. وتی قەت ناکرێ ئیمڕۆ بڕۆی، ناردی بە شوێن مەحمود سامی یوزباشیدا، ئەویش زابتی سواری بو

لەوێو ڕەفیقی صنفم بو لە بەغدا. بە منالی پێمان ئەوت "پانسا سامی". برای عەزیز ئەفەندیی سەلیم ئاغای خەڵقی سلێمانی، واتا عەزیز ئەفەندی موعەلیم، کە پێی ئەڵێن "کوڕی قۆز" کابرای ئوتومبێلچی پەیا بو، وتی ئوتومبیلەکەمان تۆزێ پێویستی هەیە بە چاکردنو هاوڕێکانیش ئیمشەو ئەیانەوێ لە "ئورفە" بمێننەوە، ئنجا تۆ ئەڵێی چی؟ وتم با خاتری تۆ بێ منیش ئەمێنمەوە. زۆری پێ خۆش بو.

زابتێکی تریش هات ڕەفیقی مستەفاو مەحمود سامی بو، ئەمە لە عەرەبی "تەرابلس" بو، کوڕێکی بە شەوکەتو کەڵەگەتو خۆش خولق بو، وتیان یاوەری "عجێمی"ی پاشای "سەعدون"ە، عجێمی لە دوای شەڕی گەورەی یەکەم، عێراقی بەجێهێشتبو، شوێن تورکەکان کەوتبو، لە بەرامبەر وەفاو خزمەتی بۆ تورکەکان لە دەوری ئورفە موقاتەعەیەکیان داوەتێو لەوێ ئەژی، زۆری قەدر ئەگرن، بڕیار وابو شەو ئێمەش بچینە لای، بەڵام ئێوارە چوینە چاخانە هاوینییەکانی سەر زەریاچە، کە ئەڵێن لەو ئاوە ماوەتەوە کە ئاگرەکەی حەزرەتی ئیبراهیمی کوژاندۆتەوە. ئەم چاخانانە جێگەیەکی باسەفایە لە ئورفە زەریاچە لەبەر داوێنی شاخێکایە، پڕە لە ماسی گەورە گەورە، کەس دەسیان بۆ نابا و نایانخۆن، بە هۆی حەزرەتی ئیبراهیمەوە بە پیرۆزیان دائەنێن. بەینێکی زۆر لەوێ وەختمان ڕابوارد، شەویش مانگەشەو بو، بڕیارمان دا کە بچینەوە ماڵی مستەفاو لەوێ ڕابوێرین. ژنو منالەکەی مستەفا چوبونە ماڵێ باوکیان، شەو لە ماڵی ئەوان نوستینو بەیانی بە ئوتومبیل ڕێگەی دیاربەکرمان گرتەبەر.

تا دیاربەکر شتێکی وا نیە باسی بکەم، تەنیا لە سیوەرەك لەبەر چاخانەیەکا تۆزێ وەستاین، دابەزیمە خوارەوە چا بخۆمەوە، توشی عەلی یاوەری کوڕی عەزیز ئەفەندی وەسمان ئاغای خوجە ئەفەندی بوم، لەوێ زابتی تۆبچی بو، یەك دو زابتی تریشمان لێ کۆبۆوە، عەلی یاوەر بە زۆر نانو کەبابو ماستاوی ساردی دەرخوارد دامو چام خواردەوە، ئنجا کەوتینەوە ڕێ، ئەم ڕێگەیە زۆر بەردەڵانی وشكو ناڕێكو هەوای ئەو ڕۆژەش زۆر گەرمو ناخۆش بو، نزیك ئێوارە گەیشتینە

شـاری دیاربـەکر (١٨ی حـوزەیرانی ٣٣٩ی ڕۆمـی ڕێکـەوتی ١٩٢٣ن). هـاوڕێ کوردەکان زۆریان لێ کردم ببم بە میوانیان، بەڵام بە ئۆتۆمبیلچیەکەم وت ڕاست بردمیـە نـادی عەسـکەری، چـونکە بیسـتبوم کـە ژوری نوسـتن و خـواردنی بـاش و ئیسراحەتی تیا دەس ئەکەوێ.

## ٩٢

## دیار بەکر

یەکێکە لە شارە گەورەکانی کوردستان و ناوچەیەکی مێژوویینی کوردە. ئاوی "دیجلە" لە خۆرهەڵاتەوە بە تەنیشت دیاربەکرا تێئەپەڕێ. شارەکە بە شورەیەك دەورە دراوە و بەینێکی زۆر نزیکەی ١٦٨ ساڵ ئەم شارە ناوچەی حکومەتـەکانی "دۆستەك"و "مـەروانی" کـورد بـوە. ئـەمیر ئـەبو عەبدوڵڵا حسێن ئـەلباز "باز ابـو شـجاع"ی بـەناوبانگ کـە دوەم حـوکمڕانی دۆسـتەکە لـە لایـەن "القـادر باللـە"ی خەلیفـەی بیسـت و پێنجـەمینی عەباسـیەوە عینـوانی دراوەتـێ لـە کـوردانی "حەمیدیە" بوە و لە دیاربەکر هاتۆتە دونیاوە ٣٢٤ هـ-٩٣٤ زاین. نـاوی "شـاه ابـو شـجاع" لـە خوتبـەدا لەگـەڵ خەلیفـەی عەباسـی بـە یەکـەوە خـوێنراوە و سـکەی تایبەتی بە ناوی خۆیەوە داڕشتوە. بەینێك موسڵیشی گرت (٣٧٣هـ-٩٨٣زاین)، خەریك بو بچێتە سەر بەغدا و دلێمـەکانی لـێ بکاتـە دەرەوە. "ئـەبو عـەلی حەسـەن" دوای مردنـی خـاڵی "شـا ابـو شـجاع"، ئـەم مەملەکەتـەی لـە چـنگ حەمدانییـەکان پاراست و لەشکری بڵاوە لێ کرد و حکومەتی "دۆستەك"ی سەرلەنوێ کۆکردەوە و یەك خستەوە. ئەم قائیدە قارەمانەی کورد بەوەندە نەوەستا بەڵکو وڵاتەکەی خاڵی گرت لە "وان"ەوە تا "موسڵ"و لـە موسڵدا بـە نـاوی خۆیـەوە حـاکمی دانا. دوای ئەو "ئەحمەد" خوشکەزایەکی تری "ابو شجاع"و بـرای "ابـو علـی" کوڕی دوەمـی "مروان" هاتـە نـاوەوە و لـە جێـی حکومـەتی "دۆسـتەك"، حکومـەتی "مەروانیـە"ی دامەزراند ٤٠٢هـ-١٠١١ زاین و نزیکەی ٥٢ ساڵ لـەژێر نـاوی "الملـك العـادل ناصـر الدوله احمد بن مروان" لە ناوچەی "دیاربەکر"و "جزیره"دا حوکمڕانی کرد.

دوای ئەوە ئەم وڵاتە ئامەد (دیاربەکر) لە کاتی هەراکەی "تورك"و "عەجەم" واتا لە هەراکەی بەینی سوڵتان سەلیمی عوسمانیو شاە ئسیماعیلی سەفەوی، لەگەڵ وڵاتەکانی تری کوردا بەبێ شەڕ کەوتە ژێر حوکمی تورك (٩٢٠هـ-١٥١٤ زاین). بەڵام شاری دیاربەکر هەر بە شارێکی کورد مایەوە تا ئیمڕۆو گەلێ ناوداری تری لێ هەڵکەوتوە. هەر یەکە لە لایەنێکەوە، لە ئیدارە، لە عیلمو زانستی یا لە نیشتمانپەروەری، بلیمەتێکی کورد بون.

لە نادی لە ژورێکا دایان نام کە "زابت"ێکیشی تیا ئەنوست، بەیانی ڕۆژی دوەم زانیم کە ئەویش لە کوردەکانی "بەتلیس"ە، کوڕێکی بە ئەدەبو هێمن، بەڵام بێدەخڵ بو. جارجار لەبەر خۆیەوەو بە لەهجەی خۆیان گۆرانی کوردیشی ئەوت. من بە دڵ گوێم ئەدایە، بەڵام قسەم نەئەکردو هیچم دەرنەئەبڕی، هەر بەیانیو بەیانی وەختی چاخواردنەوەیش یەکتریمان ئەدی، ئیتر ئەچو بۆ سەر ئیشی خۆی. ئەو ئێوارەیەی گەیشتمە دیاربەکر زۆر ماندو بوم. شەو لە نادی ڕامبواردو نەچومە دەرەوە.

سبەینێ بەیانی مودیری ئیستخبارات ناردی بە شوێنما، چومە لای، ناوی "سالم بەگ" بو و ڕوتبەی بینباشی -موقەدەم بو، زۆر هەوڵی ئەدا کە وەکو "جەنتلمان"ێك لەگەڵما بجوڵێتەوە، وتی: *زۆرم پێ خۆش بو کە بێ ئەوەی پێت بڵێم لە خۆتەوە لە نادی عەسکەری بوی بە میوان، چونکە لە هەمو جێگەیەك باشترەو بە دڵی خۆت تیا ئەحەسێیتەوە*، نامەکەی حسێن ڕەئوف بەگی خوێندەوەو لە ژێرەوە لە سەری نوسی کە چاوی پێکەوتوە. بۆ مەسەلەی گەڕانەوەم بۆ عێراق (سلێمانی) پێم وت: *ڕێگەی بتلیس- وان- شەمدینان، خراپ نیە؟* وتی *جارێ با ماندوت بحەسێتەوە، منیش بیرێکی لێ ئەکەمەوە*. دیاربەکر لەو وەختەدا ناوچەی "جەبهەی الجزیرە"و "جواد پاشا"ی بەناوبانگ کوماندانی ئەم جەبهەیە بو. دوای گەیشتنم بە دو ڕۆژ لە سەر ئیقتراحی "سالم بەگ" زیارەتی جەواد پاشام کرد. بەڵام لە چونم پەشیمان بومەوە. زۆر وشك بە فیزو لوتبەرزم هاتە بەرچاو. ئەم زاتە ئەو جەواد پاشایە بو، کە لە ١٩٢٤ زایندا بە بۆنەی

مەسـەلەی موسـڵەوە لەگـەڵ هەئیەتەکـەی ئیسـتفتا هاتـە عێـراق، جارجـار یـا لـە خۆمەوە سەرم لە سالم بەگ ئەدا یا ئەو ئەینارد بە شوێنما باس و هـەواڵی عێـراق و سلێمانی و شێخ مەحمودم لەو ئەبیست.

لە سلێمانی لە دەوری حکومەتی عوسمانیدا، زانست لە چاو هەندێ لیواکانی تـراو بـۆ ئـەو ڕۆژە بـە پێشـکەوتوتر ئـەژمێررا. جگـە لـە قوتابخانـەو حوجرەکـانی تایبەتی چەند مەکتەبێکی باشـی حکومەتیشـی تیـا هـەبو، لـە ئیعدادی عەسـکەری سـلێمانی گـەلێ قوتابیـانی پێگەیشـتبون، چـوبونە بەغـداو لـەوێ دوای یـەك سـاڵ خوێندن چوبونە مەکتەبی حەربیە لـە ئەسـتەموڵ و ببـون بـە زابـت. گەلێکیشـیان لـە مەکتـەبی ئـەرکانی حـەرب ڕاستەوڕاسـت ئـەبون بـە یوزباشـی ئـەرکان. لـە سـاڵی ٣٢٥ی ڕۆمـی مـن لـە ڕشـدییەی موڵکیـەی کفـری ئیبتیـدائی شـەهادەم وەرگرتبـو، لەسەر ئارەزوی باوکم کە لەو وەختەدا تابوری –فەوجی گوێزرایەوە "پەسوی" کە لە بەینی ڕەواندزو سابلاخ لەسەر سنوری عێراق ئێران بو، چومە سلێمانی لـەوێ بە ئیمتیحان خرامە سنفی دوەمی ئیعدادی عەسکەری کە پێنج سنفی هەبو.

موعلیمەکانی ئەو دەورە زۆریان لە کوردەکانی سلێمانی بـون. لـە نـاو ئەمانـەدا لـە عەسـکەریەکان ئەحمـەد بـەگی ڕەشـید پاشـا یوزباشـی سـواری، عـەلی یـاوەری حاجی حەماغا ملازمی تۆپچی، نوری وەیس و فەتحی و ڕەشید زەکی کابان و لـەناو مەدەنییەکانا. مەلا محەمـەد ئەفەنـدی موعـەلیمی فارسـی و شێخ محەمـەد ئەفەنـدی موعـەلیمی عـەرەبی و عـەزیز ئەفەنـدی وەسمـان ئاغـا موعـەلیمی خـەت، کـە پێیـان ئەوت خواجە ئەفەندی و مەلا ڕەشید بەگ و عەبدوڵڵا ئەفەندی پاوەییم دێتـەوە بیر. حـاجی قەلەنـدەری بـەناوبانگیش لـەوێ موبەسـر بـو و سـاڵح چـاوەش بـۆڕی زەن. سـاڵی دوایـی کـە ئێمـە چـوینە سـنفی سـێهەمەوە سـنفەکانی چـوارەم و پێنجـەم گوێزرانـەوە بەغـدا. مەکتـەبی ئێمـەش بـە نـاوی ڕشـدیەی عەسـکەریەوە کـرا بـە مەکتـەبێکی سـێ سـنفی سـەربەخۆ. کـە لـە ڕشـدیەی سـلێمانی شـەهادەم وەرگـرت، چومە بەغداو ئەو سنفانەی ئیعدادیم لەوێ تەواو کرد، لە پێش حـەربی گـەورەیشـا بە یەك دو ساڵ مەکتەبێکی ئیعدادی موڵکی کرایەوە.

مـن لـه وەختـی ڕۆیشـتنما بـۆ ئەسـتەمولّ، لەگـەلّ یـەکێك لـە موعەلیمـەکانی ئیعدادی بەغدا، تۆزێ دەمەقالّێم بو لەسەر ئەمە خۆم کرد بـە نـەخۆش و ناردمیانـە خەستەخانەی مەجیدیە، لەوێ لەگەلّ دوکتۆر سەفوەت، دوکتـوری چاویش چـوین بە گژ یـەکا، دو جەبهە، مەکتـەب و خەسـتەخانە لێم بـون بە دوژمـن. بە تـەقریری هەیئـەتی توبیـە، وتیـان نەخۆشـی دلّـم هەیـە و بـۆ زابتـی دەس نـادەم و کردمیانـە دەرەوە (٣٢٩ی ڕۆمی). لە مەکتەبی ئیعدادی بەغدا نە لە ڕوی خوێندن، نە لـە ڕوی ڕەوشت تا ئەو ڕۆژە هیچ شتێکم نەکردبو، کە کـەس لێم بـە گلـەیی بێ. لەبەرئەمـە کە بەم ڕەنگە لە بەری خوێندنی ئەو چەند سالّە بێبـەش کرام و هاوڕێکانم کەوتنـە مشـوری سـەفەری ئەسـتەمولّ، وەکـو شـتێکیان لـێ ون بوبـێ زۆر موتەئەسـیر بـون، عەبدوللـەتیف بـەگی کـوڕی ئاگایاشـی مـودیری مەکتەبەکـەمان و گـەلێك لـە موعەلیمـەکانیش و بـە تایبـەتی دوکتـۆری مەکتەبەکـەمان، سـامی سـلێمانی قـول ئاغاسی و عەبدولمەجید بەگی خۆجە موعـەلیمی ڕیازیـات، کـە بەتـەما بـون بچمە مەکتـەبی ئـەرکان، زۆریـان پـێ نـاخۆش بـو، ویسـتیان هـەولّێ بدەن کـە تەقریرەکە بگـۆڕرێ. منـیش هەرچـەند لـە دلّا ئـەم ئەنجامـە زۆر کـاری تێکردبـوم و ئـەمزانی تەقریرەکە ڕاست نیە و بە ئاشکرا ئەیانەوێ ملم بشکێنن، بەلّام دەسبەجێ بڕیـارم دا کـە ڕێگەیـەکی تـازە بـۆ خـۆم دابنـێم و لـە سـەری بـڕۆم. لـە ڕیازیاتـا بـاش بـوم، کەوتمە سەر هەوەسی مەکتەبی "هەندەسـەی عالی" لـە ئەسـتەمولّ. بـەلّام ئـەیانوت لـەوێ دەرچـوانی ئیعـدادی مـولّکی وەرئـەگرن، لەبەرئەمـە گەڕامـەوە سـلێمانی و هاوینم بە ئیسراحەت ڕابوارد، ئنجا چومە ئاخر سنفی ئیعدادی مولّکی و هـەر ئـەو سالّە شەهادەی ئەم مەکتەبەیشم وەرگرت و چومە ئەستەمولّ لە ٣٣٠ی ڕۆمی.

مـن تـازە گەیشـتبومە ئەسـتەمولّ و چوبومە هەندەسـەوە، تورکـەکانیش لایـەنی ئـەلّمانیان گـرت و چـونە شـەڕەوە. باوکیشـم زابـت قیـدەملی یوزباشـی بـو لـە سلێمانیەوە نێررابـو بـۆ بانـە لـە ئێـران و "شـەفیق"ی بـرام، کـە گەیشـتبوە سـنفی پێنجـەمی ئیعـدادی بوبـو بـە گـەورەی مـالّ. مـودیری مەکتـەبی ئەعـدادی مـولّکی سـلێمانی لـە دەورەی ئێمـەدا "فـائیق وەیسـەلّ" بـو. لـەناو موعەلیمەکانیشـمانا

"عوسمان نوری" تیا هەبو، کە دەرسی عەرەبی پێ ئەوتین لە کوردەکانی "دیاربەکر" بو، ئەم کابرایە لە مەلایەتیەوە پێگەیشتبو، دوایی لە مەکتەبیش خوێندبوی، مێزەری سپی ئەبەست بە سەرەوەو جوبەیەکی کورتی ڕەشی لەبەر ئەکرد، وشەی "گبی"ی تورکی کە بە مانای "وەکو" دیت بە "کپی"ی تەلەفوز ئەکرد، لەبەرئەوە ناومان نابو "کپی". کە هاتمە دیاربەکر مامۆستای خۆشەویستمان عوسمان نوری لەوێ بو. "خلوصی تبلیسی" کە لە دواین ساڵی شەڕی گەورەدا لە سلێمانی مودەعی عمومی بو، ئەویش لەو ڕۆژەدا لە دیاربەکر بو "خلوص" ڕەفیقم بو، بە یەکەوە شیعرمان ئەنوسی و ئەمان نارد بۆ غەزەتەی "حەوادث"و گۆڤاری "کەوکەبی مەعاریف" لە کەرکوك، ئەمانە هەردوکیان ئەهاتن بۆ لامو زیافەتیان بۆ ئەکردم، بە تایبەتی مامۆستا "عوسمان نوری" تا ئەو ڕۆژەی دیاربەکرم بەجێ هێشت، لێم جیا نەئەبۆوەو زۆری دڵنەوایی و خزمەت ئەکردم، "عورفی بەگ"ی کوردیش کە بەینێ مودیری تەحریراتی سلێمانی و بە ڕاستی ئەدیبو شاعیرێکی گەورەو بەنرخ بو، تەنیا "عەونی" کوڕی لە پاش بەجێ مابو، لە مەحکەمەی دیاربەکر کاتب بو.

من بە هۆی "خلوصی بەگ"ەوە دوکتۆر "فوئاد"م ناسی. لاوێکی باڵا نزیك کورتی پێست مەیلەو سپی لاواز. بەڵام چوستو چالاكو زرنگو بێ ترسو نەبەزو نیشتمانپەروەری بەڕاست بو. "خلوصی" پیاوێکی زۆر باشو کوردێکی ئاشناپەروەرو شاعیرێکی قەلەندەرو مەشرەب بو. میللەتی خۆی بێ موجازەفە خۆش ئەویستو لە کارێك نزیك نەئەکەوتەوە کە "تالوکە"ی تیا بێت، لەبەرئەوە دوراودور دوکتۆر فوئادی پیشان دامو لێشم پاڕایەوە کە نزیکی نەکەومەوە چونکە لە ژێر چاودێریدایە. دوکتۆر فوئادی لە دورەوە بەم جوملەیە پێ ناسیم "اشتە شو مجنون" واتا ئەوەتا شێتەکە! ئێمەش منو دوکتۆر فوئاد ئەو ڕۆژە لە دورەوە بەسەر سەلاممان لە یەك کردبو، یەکتریمان ناسیبو. لەو ڕۆژانەدا لە پڕ توشی لەرزوتا هاتمەوە، زۆر بە توندی گرتبومی شەو دوکتۆری عەسکەرییان بۆ هێنام، دەرزی مەلاریای لێدامو ڕەچەتەیەکی بۆ نوسیم. بەیانی زو مەحمود

چوبوه ئەجزاخانەی بەلەدیە دەرمانەکەم بۆ بێنی دوکتۆر فوئاد لەوێ ئەبێ، مەحمود کە دەرمانەکەی بۆ هێنام تەزکەرەیەکی ئەویشی لەگەڵ بو. دوای سەعاتێکیش خۆی هات تەنیا مەحمودم لابو. دەرزی لێدامو بەینێکی کەم لە لام دانیشتو نەبزەیەکی لە باسو هەواڵی خۆی بۆ گێڕامەوە. بە تەواوی بۆم دەرکەوت کە حکومەت هەناسەکانی لەسەر ئەژمێری. زۆری تەنگوچەڵەمە دیبو، گەلێ کارەساتی بەسەر هاتبو، لەگەڵ ئەمەیشیا لەو ڕۆژەدا "طبیب"ی بەلەدیەی دیاربەکر بو.

من مەلاریام پێ فێر ببو. بەڵام کە بەری ئەدام ئەچومە دەرەوە، ڕۆژێکیان توشی "مستەفا شەوقی" هاتم ئەیوت لە "ئزمیر"ەوە هاتوەو ئەچێتەوە عێراق. بە قسەی خۆی هەندێ نامەو وێنەی "نورەدین پاشا"ی پێ بو بۆ ئاشناکانی لە "عێراق". بە تەمای ئەوە بو کە لەوێ بۆ خاتری چاوی ڕەشی نورەدین پاشا ئاشوبێك بگێڕێ. "مستەفا شەوقی" زۆری کوردەکان ئەیناسن. لە تورکیا وا ئەزانم زابتی ڕەدیف یا شوعبە بو، تۆزێك حەزی لە موغامەرات، زۆریش حەزی لە خۆهەڵکێشانو فیشاڵ ئەکرد. ئەیویست منیش لە ڕێگەی موسڵەوە لە گەڵی بگەڕێمەوە، لە ئەوەڵەوە هاتمە سەر قسەی، بەڵام کە لە فیشاڵو قسە زلەکانی گەیشتم، بیرم گۆڕی. ئەو لە پێش منا لە ڕێیەکەوە، کەوا دەرئەکەوت تورکەکان بۆیان دانابو گەڕایەوە. منیش دوای ئەو بە چەند ڕۆژێ لە ڕێگەی کاروانەوە ڕوم کردە باکوری خۆرهەڵاتو لە دوای پێنج ڕۆژ گەیشتمە بەتلیس. ئەوڕەحمان بەگی ڕەشید پاشا لە بەتلیس زابت بو، خۆیو زابتێکی تر خانویەکی بچوکیان گرتبو، لە لای ئەوان دابەزیم.

## ٩٣

## بەتلیس

شارێکی بچوکی شاخاویە لە کوردستانی تورکیا، کەوتۆتە بەینی دو شاخەوە، شارەکە خۆشە، بەسەر تەپۆڵکەیەکەوەیە، دیمەنێکی تەبیعیو جوانو

ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیە. ئیمڕۆ ناوچەی ولایەتێکە بە ناوی خۆیەوە، بەینێك ئەم شارەیش ناوچەی ئەمارەتێکی بەناوبانگی کورد بوە، ئەمیر "شەرەفخان"ی کوڕی ئەمیر شەمسەدینی "ڕۆژکی" کە لە ١٠٠٥ی ه، ڕێکەوتی ١٥٦٩ زاین، کتێبی شەرەفنامەی مێژوی ئەمارەتەکانو حکومەتەکانی کوردی بە فارسی نوسیوە. خۆشی لە دەوری سوڵتان موڕادی سێهەمی عوسمانیدا بوە بە ئەمیری ولاتی بەتلیسو پێش ئەویش بەینێك لە بەلاتی "شاە تەهماسب"ی سەفەویدا بوە. بە پێی "شەرەفنامە" ئەمیرو حاکمەکانی بەتلیس لە سولالەی "نەوشیروان"و یا لە نەسلی پادشاکانی "ساسان"ی کوردن. هەر لە شەرەفنامەدا لە لایەکی ترەوە ئەڵێ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حوکمدارەکانی بەتلیس ئەچنەوە سەر بەهرام ی کوڕی جاماسب ی کوڕی فیروز ی کوڕی یزدجرد ی ساسانی کورد کە لە زەمانی "قوباد"ی کیسرا، حوکمڕانی ئەرمەنستانو شیروان بوە. هەر لەم سەرچاوەیەوە (شەرەفنامە لاپەڕە ٣٩١ی تەرجەمەی عەرەبی)، وا دەرئەکەوێ کە ئەم خانەدانە لە مێژوی ١٠٠٥ ه– ١٥٩٦ زایندا کە مێژوی نوسینی شەرەفنامەیە، ماوەی حوکمیان بە هەمویەوە گەیشتۆتە ٧٦٠ ساڵ.

بەڵام ئەو ئەمیرانەی کە لەم وڵاتەدا یەکلەوایەك‌و بەبێ ماوەیەك یا وچانێك حوکمڕانییان کردوەو ئەمیر "شەرەفخان" بۆی کۆکراوەتەوە ژمارەیان گەیشتۆتە هەژدە ئەمیر کە لە سەر یەك ٤٥٠ ساڵ لە هەرێمی "بەتلیس"دا بە سەربەخۆیی حوکمڕانییان کردوە. عەلامەی بەناوبانگ "ئیدریسی بەتلیس" کە ئەمیرەکانی کوردی لەگەڵ سوڵتان سەلیمی عوسمانی ڕێکخستو بە شەرتی سەربەخۆیی ئەمارەتەکانی کوردستان لە مێژوی (٩٢٠ ه– ١٥١٤ زاین) لەگەڵ وڵاتی عوسمانی کرد بە یەك‌و ئەمە بو بە هۆی سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم لە شەڕی چاڵدێرانو دوای ئەوە لە "مرج دابق"دا ڕۆڵەیەکی پێگەیشتوی شاری بەتلیس بو. تەیموری گورگانی (تەیمور لەنگ) کە دونیای زەمانی خۆی سەرو ژێر کردو حوکمدارانو سەلاتینو ئەمیرانی ئەو دەورەی هەمو بەدیل گرتو پاشای عوسمانی "یلدیرم بایزید" کە لەگەڵ "تەیمور" لە یەك تیرە بون –بە دیلی لە ژێر دەسیا مرد. لەگەڵ

ئەمیرانی بەتلیس (ئەمیر حاجی شەرەفخان) زۆر ڕێك بوەو لە خۆی نزیك خستۆتەوەو گەلێ شاران‌و قەلآیانی تری پێ بەخشیوەو خستویەتە سەر وڵاتی بەتلیس.

"مەلا سەلیم"ی ناودار کە لە پێش شەڕی گەورەی یەکەما لە "دەرسیم" شۆڕشێکی گەورەی کوردی گێڕابو، بە گژ تورکا چوبو، دوای شکستی کوردەکان خۆی کوتابوە شابەندەرخانەی "ڕوسیە" لە شاری بەتلیس‌و هەتا ئەوە ڕۆژەی تورکەکان تێکەڵ بە شەڕ بون، لەوێ مایەوە، ئنجا کە تورك‌و ڕوس بەرامبەر بە یەك چونە شەڕەوەو شابەندەری ڕوسیە بەتلیسی بەجێهێشت، تورکەکان مەلا سەلیمیان گرت‌و لە شەقامەکەی بەتلیسدا کردیان بە سێدارەدا.

من‌و مەحمود هەر یەك شەو لە بەتلیس ماینەوە، بەیانی بە هۆی نەفەرەکەی ئەوڕەحمان بەگەوە بۆ بارگە هێسترێکم کڕی‌و کەوتینە ڕێ، هەر لە ئەوەڵەوە بۆم دەرکەوت ئەو پارەیەی (٨٠ مەجیدی تورك) کە دابوم بە هێسترەکە لە کیسم چو. داخەکەم نەفەرەکە، کە بە قسەی ئەوڕەحمان بەگ لە بەیتەریی ئەزانی، منی هەڵخەڵەتاندبو، هێسترێکی پیری لاوازی بێکارەو پەککەوتەی بۆ کڕیبوم یا پێ فرۆشتبوم. مەنزڵی یەکەممان "تەتوان" بو، ڕۆژی دوەمیش گەشتینە "ئەخلات"، ئیبراهیم ئەفەندی یوزباشی ئیبراهیم گودرونی خەڵقی سلێمانی برای عەونی ئەفەندی لەوێ ڕەئیس شوعبە بو، واتا ڕەئیس تەجنید، جگە لە خۆی ژنەکەشی کە کچی مەلا ئەمینی دەلآڵ بو، لە منالییەوە ئەمناسی‌و لە کەرکوك لەگەڵ دایکی زۆر جار ئەهاتنە ماڵمان‌و ئێمەش ئەچوینەوە لایان، زۆر کچێکی قەشمەرو عەنتیکەو قسەخۆش بو، لە "ئەخلات" چومە ماڵی ئەوان‌و لەوێ قاوەڵتیم کرد، خورشیدخان بە تەعبیری منالی خورشەی مەلامین، وێنەیەکی خۆش دامێ بە شەبقەو بەرگی فەرەنگی "سفوری"یەوە گرتبوی لەگەڵ خۆم هێنامەوە بۆ خزمەکانی لە سلێمانی.

## ٩٤

# ئەخلات

لـە مێـژودا جێگەیـەکی هەیـە. لـە دەوری ئـەمیر شـەرەفخانی کـوردی ئـەمیری بـەتلیس هاوعەسـری تـەیموری لـەنگ‌و مـەلك ئەشـرەفی حـاکمی ئورفـەو حـەڕران‌و کـوڕی سـەلاحەدین ئـەمیر ئـەیوبی، مەجـدەدینی بـرای شـەرەفخان حـاکمی ئـەخلات ئـەبێ کـە سـوڵتان جەلالـەدینی کـوڕی سـوڵتان "محەمـەدی خوارزمشـا" لـە ترسـی لەشکری جەنگیزخان سەڵتەنەتی ئێران بەجێ دێڵێ‌و ڕائەکاتە هندستان، دوایـی ئەگەڕێتـەوە ئێـران‌و جـارێکی تـریش خـۆی بـۆ نـاگیرێ‌و ڕائەکاتـە "قەفقاسـیا"و "ئـەریوان"و "تفلـیس" ئـەگرێ، ئنجـا ڕو ئەکاتـە ئـەمارەتی بـەتلیس‌و لـە ئـەخلات دەورەی مەجدەدینی بـرای شـەرەفخان ئـەداو ماوەیـەکی درێـژ لـە بـەینی لەشـکری سـوڵتان "جەلالـەدین"و کوردەکـان شـەڕو شـۆڕ دەوام ئـەکا، جەلالـەدین ئـەخلات ئــەگرێ‌و "مەجــدەدین"و "عیــزەدین" ئەخاتــە بەندیخانــەوە، بــەڵام شــەرەفخان لەشکری لێ ئەکاو دێتە سەری‌و لە دەشتی "موش"دا دو لەشکر بەرامبەر بە یەك ئەوەستن‌و دوای شـەڕێکی قورسـی سـێ ڕۆژی، جەلالـەدین ئەشـکێ‌و ئەگەڕێتـەوە ئـەخلات. لـەم عانـەدا لەشـکرێکی "مـەغۆڵ"یش ئەگاتـە ئـەریوان، جەلالـەدین لەمـە ئەکەوێتە ترسەوەو عیزەدین‌و مەجدەدین لە بەندیخانە بەرئەداو لەگەڵ شـەرەفخان پەیمانی ئاشتی ئەبەستێ‌و کچێکی خۆشی لێ مارە ئەکا.

ڕۆژی سێهەم گەیشتینە ئارجیس. لێرەشا "باز ابو شجاع"ی کـوردم هاتـەوە بـە بیرا کە چۆن بە هۆی ئازایی‌و قارەمانی‌و بەخشندەیی حاتەمانەیەوە لە شوانییەوە دەوڵـەتێکی دامەزرانـد (حکومـەتی دۆسـتەکی)و گەیشـتە پایـەی "شـاهی". بـیرم کـردەوە کـە دوای ئـەوەی چـەند کەسـێکی لـە خـۆی کۆکردبۆوەو دەسـی کـردبو بـە جەردەیی‌و هەرچی دەس ئەکەوت بەسـەر هاوڕێکانیا دابەشـی ئـەکردو بـەم ڕەنگـە بو بە خاوەن لەشکر، ئەوساکە کەوتە سەودای گـەورەیی‌و ڕوی کـردە "ئـارجیش". ئـەم شـارە کـەوا ئێسـتە منـی تیـام‌و لێـرەدا دەسـی کـرد بـە لەشـکر پێکـەوەنان بـۆ

گرتنی وڵاتی ئامەد (دیاربەکر)و ئەوەندەی پێ نەچو ئامەدو میافارقین‌و نسیبینی گرت‌و لەگەڵ لەشکری "صمام الدولە" لە جنوبی وان کەوتە شەڕێکی قورسەوەو شکاندی لە مەوقعی "باجالایا"و تا "موسڵ" بەرەو دوای ناو "موسڵ"یشی داگیر کرد (٣٧٣ هـ-٩٨٣ زاین). ئنجا کەوتە سەودای داگیرکردنی بەغداو لە ئەنجامی گەلێ شەڕو شۆڕ لە بەینی دیلەمیەکان‌و "باز"و هەندێ جاریش لە بەینی باز و حەمدانیەکان. لە شەڕێکا باز لە وڵاخەکەی کەوتە خوارێ‌و ئەستۆی شکا. ئەبو عەلی خوشکەزای باز کە ناوی باوکی مەروان بو جێی باز ی خاڵی گرتەوەو لە جێی حکومەتی دۆستکی حکومەتی "مەروان"ی کوردی دامەزراند.

## ٩٥

## شاری وان

ئێمە مەنزڵی دوای "ئارجیش"مان "کۆی" بو، دوای "کۆی" لە ڕۆژی ٦ی تەموزی ٣٣٩ ڕۆمی گەیشتینە وان. نزیك ئێوارە بو گەیشتبوینە ئەم شارە. بە تەمای ئەوە بوین کە بچمە ئوتێلێك، گەڕاین، پرسیمان، نەك ئوتێل (خان)ێك یا هیچ نەبێ ژورێکمان دەس نەکەوت کە بیگرین، لە لایەکەوە شەڕو شۆڕی بەینی کوردو ئەرمەنی، کە هەموی بە هاندان‌و دەسیسەی حکومەت بو، ڕوی ئەدا، لە لایەکی ترەوە هۆی شەڕی گەورەو داگیرکرانی ئەم وڵاتە لە لایەن لەشکری ڕوسەوە ئەم ناوەو بە تایبەتی ناوچەکانی بەتلیس‌و وان تا "گەوەر"و "شەمدینان"و ڕەواندز هەموی تەخت‌و تاراج کرابو، و بەردی بەسەر بەردەوە نەمابو.

شاری وان، ناوچەی ولایەتێکی گەورەیەو بە هۆی "ئەرمەنی"یە زیرەك‌و دەوڵەمەندو دەسڕەنگینە سەنعەتکارانەوە بە تایبەتی لە ئیشی "زێڕ"و "زیو"و "مینا" کاری ناوی ڕۆیشتبو، لەو ڕۆژەدا لە دێیەکی وێران‌و تاڵانکراو ئەچو و بە هەمویەوە دوسەد ماڵی ئاوای تیا نەبو. دیمەنی تەبیعیی "وان" بە زەریاچە جوانەکەیەوە بەو شاخ‌و کێوانەی دەوروپشتییەوە بە شەقامە ڕاست‌و پانە

درەختاوییەکانو بە ئاوی وەك بلوری ساردەوە بە هەوای سازگاریەوە لە دیمەنی گەڵێ شارانی بەناوبانگ جوانترەو شیرینترە. بەڵام داخەکەم لەو شەقامە ڕاستو ڕێكو پانو سێبەراوییەدا کە ئاوەکانی بە ژێر "شۆڕەبی"یە بەرزو سەوزەکانی ئەمبەرو ئەوبەریانا ئەڕوا، گەڵێ لە ئاوی بۆری ڕونتریو پاکترو ساردترە، بەڵی لەو شەقامانەدا لەبەر چۆڵیو تەنیاییو بێدەنگی ئینسان بەڕێوە خەو ئەیبردەوە، زۆر درێژی نەکەینەوە، لەبەر دوکانێکا هەواڵی خانێك، ژورێك، جێگەیەکم ئەپرسی، کە پاڵێکی ڕەحەتی تیا بدەمەوەو ماندوم بحەسێتەوە، بەڵام وا دیاربو کە جێگەیەکم دەسناکەوێو لە کۆڵانا بمێنمەوە خاوەن ولاخەکانیش ڕۆیشتبونو بەجێیانم هێشتبوین بۆ ئوتێل یا نادی ئەویشم لە کیس چوبو، کە لەگەڵی بچمە ماڵەکەیو یا هەر جێگەیەکی لێی ئەحەسێتەوە. بەڵام ئایا ئەویش جێگەیەکی وای هەبو کە منی تیا بحەسێمەوە؟

ئەو مەلاریایە کە لە دیاربەکر توشم بو لێم نەگەڕابو، تا گەیشتوینە بەتلیس بێوچان هەمو ڕۆژێ ئەیگرتمو زیفی لێ سەندبوم، لەبەرئەوە تا بەتلیس ئەو جێگانەی پیا ڕۆیشتبوین، وەکو نەمدیبێ وایە، ئەوەندە ئەزانم بە لای سعرددا ئەڕۆیشتین، بەڵام سعرد چۆن شارێکە؟ چوینە شارەکە یا نەء لە چە لایەکی لامان داوە، هیچم لێ نەنوسیوەو لە بیریشم نەماوە لەو پێنج ڕۆژەی کە بە ڕێی دیاربەکر– بەتلیسەوە بوین تەنها بەسەرهاتی ڕۆژێکیانم نوسیوەتەوەو زۆرباش لە بیریشمەو دێتەوە بەرچاوم. بە ڕێی "وەیس ئەلقەرەنی"یەوە بوین. لە کاروانەکەمانا کەژاوەیەك هەبو، سەری ولاخی کەژاوەکە بە دەس کوڕێکی چوستی مناڵکارەوە بو. ئەیانوت، کەژاوەکە ژنێکی نەخۆشی تیایە، کە مێردەکەی لە دیاربەکر مەئمورەو ئەینێرێتەوە بەتلیس بۆ ماڵی باوکی ژنەکە، کوڕە مناڵکارەکەش برای ژنەکە بو.

چەند جارێك بەڕێکەوت ژنەکەم بەرچاو کەوت، کە لە کەژاوەکەدا ڕاکشابو، هەرچەندە نەخۆشو لاواز بو، بەڵام دیار بو کە تازە کچێکی یەکجار جوانو شیرین بو، وا ئەهاتە بەرچاوم کە دەمی بە زەرخەنەوە بێت. قەت باوەڕم نەئەکرد وا زو

بمرێ. کەچی کە گەیشتینە وەیس ئەلقەرەنی[2] برای ژنەکە دەسی کرد بە هاوارکردنو گریانو شیوەن، تێگەیشتین کە ژنە بەسەزمانەکە مردوە. بڕیار درا کە هەر لە سەر قەبرانەکەی وەیس بینێژن، من لە دڵی خۆما وتم خۆزگە ئیمڕۆ لەرزوتاکە نەیئەگرتم تا ئەو ژنە کەساسە ئەخرێتە قەبرەوە. دیار بو ئاواتەکەم هاتە دی. ژنە کەساسەکەمان گەیاندە جێی خۆی. ئەو ڕۆژە نزیکەی سێ سەعات بە پێوەو بە بەر هەتاوەوە هاتوچۆم کرد، ئەوەندە بە خۆم نەزانی کە پێی ناڕەحەت بم، دوایی کە گەڕامەوە دالآنی مەرقەدەکەی وەیس جێگەکەم لەسەر سەکۆی دالآنەکە داخستو لێی ڕاکشام.

بە مەحمودم وت لە دێکە شیرو ماستم بۆ بکڕێ، خۆشی چێشتێکی برنجم بۆ لێبنێو تا لە خەو هەستام دەستم لەسەر دڵم بو، هیوای ئەوەم بو کە ئەو ڕۆژە تاسەر لەرزوتاکە نەمگرێ. لەو دالآنە فێنکە نزیکەی سەعاتێك نوستم کە خەبەرم بۆوە لەشم زۆر سوكو ڕەحەت بو، بەڵام داخەکەم مەحمود چێشتەکەی سەقەت کردبو و بە تەنیا بە شیرو ماستەکە ڕامبوارد. بە ڕاستی وام هات بە خەیاڵا کە ئیتر لەرزوتاکەم لەکۆڵ کەوتبێ، کەچی ڕۆژی دوایی لە میعادی خۆیا یەخەی گرتم، دامیەوە بە عەرزا لە پاڵەوە چاوم بە یەك دو کابرای چاکەتو پانتۆڵ لەبەر کەوت کە لەگەڵ کوڕە مناڵکارەکەو کاروانییەکان دانیشتونو باسی ژنە مردوەکەیان ئەکرد. ئەمانەیش برای ژنە کەساسەکە بونو لە بەتلیسەوە هاتبون بە پیریەوەو منیش هەر لە پاڵەوە چەند دڵۆپێك فرمێسکی گەرم بە چاوما هاتە خوارەوە.

تا بە هەرێمی وان نزیك گەیشتبوینەوە، زۆرم کەم کردبو، لەرزوتا یەکجار زەردو لاوازی کردبوم. پێیان ئەوتم هەوای وان زۆر سازگارەو لەوێ چا ئەبمەوە. بە قسەی ئەوان ئەبو لە زەریاچەکەی وان مەلە بکەم. بەڵام ئەوا من لەوێ نزیك خۆرئاوا لە بەردەمی دوکانێکا عەواڵی جێگەیەکم کە تیا بگونجێمو ماندوم بحەسێتەوە، واتا لە

---

[2] مەرقەدو زیارەتگایە لە بەینی "دیاربەکر"و "بەتلیس"و ئەڵێن مەقامی "وەیس ئەلقەرەنی"یە دێیەکیش لە تەنیشتییەوەیە هەر بەو ناوەوە.

زەریای لێکدانەوەدا کەوتومەتە مەلە. بەڵام خوا ناردی، ئەوا مەجید ئەمین کەرکوکی م لێ پەیا بو، زۆر باش ئەیناسمو لە کەرکوکەوە ئاشنایەتیمان هەیە. کەوتینە خۆش‌و چلۆنییەکی گەرمو گوڕ، پێی ناوێ سەرتان بیەشێنم، مەجید وتی هیچ جێگە دەس ناکەوێ، منیش لە دائیرەی ژاندرمە ئەنوم. چونکە کوماندانەکەی ژاندرمە خەڵقی کەرکوکەو پیاوێکی زۆر باشەو هاوشەری پەروەرە، لەوانەیە کە منیش ئەو شەوە لەوێ بنوم، پێی ناخۆش نەبێ تا سبەینێ هەوڵی جێگەیەکی تر ئەدەین، یا ڕەبی سەد شوکور! لەو حاڵە ڕزگارمان بو، چومە دائیرەی ژاندرمە، ئەو شەوە مەجید بە هەمو مانایەك خزمەتی کردین‌و حەساینەوە.

مەجید یا مەجید ئەفەندی کوڕی ئەمین ئەفەندییە کە لە وەختی عوسمانیدا مودیری ئەملاکی سەنییە بو لە کفری. خۆی (واتا مەجید) لەو ڕۆژانەدا کە من لە کەرکوك موعەلیم بوم، مەغازەی کردبۆوەو کاسبی ئەکرد. دوایی لە کەرکوك ڕایکردبو و چوبوە لای ئوزدەمیر. کە من لە ئەنقەرە بومو ئینگلیزەکان ئوزدەمیریان لە ڕەواندز دەرپەڕاندبو. عەسکەرەکانی ئوزدەمیر بە هەرێمی "شەمدینان"و "باش قەڵا"دا بڵاو بونەوەو هەندێکیشیان هاتبونە وان، ئەسعەد بەگ (ئەسعەد نیازی)ی کوماندانی ژاندرمە لە وان زۆری لەمانە لە "ئالا"کەی خۆی دامەزراندبو و کردبونی بە ژاندرمە. مەجید لەناو ئەوانەدا بو لە دائیرەی ژاندرمەدا کرابو بە کاتب. بەیانیی ئەو شەوە کە لە لای مەجید ڕامبوارد، چومە ناوچەی فرقەی وان، عەلی ڕەزا بەگی بینباشی ئەرکانی حەربی فرقە بو، زۆر بە جوانی بەرەو پیری کردمو لە لایەن ڕێگەی گەڕانەوە وتی: ئێمە بۆ کوماندانی قول ئوردوی خۆرهەڵات ئەنوسین‌و بە پێی ئەمری ئەو چی پێویست بێ ئەیکەن. فیعلەن لە ڕۆژی ٧ی تەموزا بۆ ئوردویان نوسی‌و لە ١٤ تەموزدا دوبارە نوسیانەوە.

لەو ڕۆژانەدا عەلی سەعید پاشا کوماندانی ئەم جەبهەیە بو، خۆی لە "ساڕی قامیش" دائەنیشت. ئەحمەد تەقی کە لە قەفقاسەوە بۆ مەسەلەی سمکۆ چوبوە لای، هێشتا لەوێ بو. خەسرەو (کوڕەکەی سمکۆ)یش کە بەدیل گیرابو لە لایەن عەلی سەعید پاشاوە لەوێ خرابوە مەکتەبی عەسکەری. لەم حەلەدا کە من لای عەلی ڕەزا

بـەگ دانیشــتبوم ژەندرمەیــەك تەزکەرەیــەکی ئەســعەد نیــازی بــۆ هێنــام. دوای بەخێرهاتن، ئەنوسێ کە بۆ قاوەڵتی چاوەڕێم ئەکا، و ئەیوت نابێ لە هیچ جێگەیەك لا بدەم، لـە دائیرەکـەی چـاوم پێکـەوت، دەسـبەجێ زانـیم کـە لـە پیـاوە کۆنەکانـەو لەوانەیـە کـە لـە ڕێـی هاوشـەرییەکی سـەری خـۆی دابنـێ. بڕیـاری دا کـە تـا لـە وان بمێنمەوە دائیرەکەی لەژێر ئەمری منا یـەو لەبەر ئیسراحەتی خـۆم نەبوایـە ئەیبردمـە ماڵەوە، بە ڕاستی ئینسانێکی تەواو بو.

مـن هـەر لـە بـەتلیس بـەولاوە ڕوم کردبـوە چـاکیو لەرزوتاکـە کـەمترو سـوکتر ئـەیگرتم، دوای گەیشـتنم بـە وان بـە جـارێ لـە کـۆڵم کـەوت. ئیتر نەیگرتمـەوە. لـە زەریاچـەی وان مەلەیشـم نـەکردو مـەلاریاش بـەری نەداMایـە، مـن لەوانـە نـەبوم لـەو زەریاچـەیەدا مەلـە بکـەم. چـونکە فێـری مەلـە نـەبوبومو ئـاوێ لـە ئـەژنۆم سـەرکەوێ خۆمی تیا ناگرم.

لـە وان بـاسو هـەواڵی ئـوزدەمیرو سمکـۆ بـە تـەواوی تێگەیشـتم، سمکـۆ دوای گەڕانەوەی لە سلێمانی لە نزیك سـەرای (کـە ناوچـەیەکە لـە ولایـەتی وانو لـە بـەینی سنوری تورکو ئێرانـە)، بـە خـۆیو سـەد کەسـێکەوە کـە لـە دۆڵێکـا دامـەزرابو ئـەو و "ڕەشـید جـەودەت" و "فایـەق ئیسـماعیل"شـی لـەلا بـو. ئـەم دو زابتـە کـوردە لـە سـلێمانییەوە لەگـەڵی هـاتبون، ڕەشـید لـەوێوە لەگـەڵ مـن کەوتـە موخابـەرە. ئـەیوت سمکۆ تا ئێستە چاوەڕوانی ئەنجامی تەقەلای ئەحمـەد تـەقی ئـەکا لـە لای "سـەعید پاشـا". گلـەیی ئـەوەی ئـەکرد کـە نـە "عـەلی سـەعید پاشـا"و نـە فرقـەی وان وەڵامـی نوسینەکانی سمکۆ بە ڕاستو ڕەوانی نادەنەوەو ئەنجامی دەس ناکـەوێ، چـە عـەلی سەعیدو چە فیرقە ئەیانویسـت سمکـۆ بـە بـێ چـەندو چـون هەڵسـێو بێتـە وان. واتـا خـۆی بخاتـە ژێـر ڕەحمـەتی تورکـەوە. سمکـۆ نەیئـەوێرا کـە بێتـە ژێـر چـنگیان، مەسەلەی شێخ مەحمودو ئوزدەمیریش سەری نەگرتبو، ئوزدەمیر بە خۆیو لەشکرە چەتەکەیەوە لە ڕەواندز دور خرابۆوەو تـەفروتونا کرابو، لەبەرئـەوە سمکۆ ئـەیزانی کە بچێتە وان ئەبێ بە تەڵەوە.

لە بەینی فرقەو سمکۆ، پێش ئەوەی من بگەمە وان موخابەرەیەکی زۆر دورو درێژ کرابو. بەڵام بێ سودو بێ ئەنجام! من هەرچەند لە عەلی ڕەزا بەگو لە "کەنعان بەگی" کوماندانی فیرقە زۆر نەوزاشم ئەبینی. بەڵام نەمئەویست خۆم لە مەسەلەی سمکۆ بگەیەنم. لەوە ئەترسام کە ببم بە هۆی کردەوەیەکەوە کە پەشیمانی لە دوا بێ. جەژنی قوربانی بە سەرا هات. جەودەت و سمکۆو عەلی سەعید پاشا، تەلەگرافی جەژنە پیرۆزەیان بۆ ناردم، سمکۆ داوای ئەکردمە لای خۆی. لە پێش ئەمەدا لە فیرقەوە یەك دو جار بە گوێیانا هەڵدام، کە بچمە لای سمکۆو هێمنی بکەمەوە کە متمانە بکاو بێتەوە بۆ وان، بەڵام عوزرم بۆ هێنابونەوە، کە نامەکەی سمکۆ هات و داوای کردم بۆ لای خۆی، فیرقە ئەمەی بە هەل زانی و ناردیان بە شوێنماو هەمو موخابەراتی بەینی فیرقەو قۆڵ ئوردویان نایە بەردەمم کە لە لایەن سمکۆوە نوسرابو. بە ڕواڵەت فیرقە لەگەڵ سمکۆ بو.

منیش لە وان نزیکەی مانگێك بو چاوەڕوانی ئەوە بوم کە یارمەتیم بدەن و بە ڕێگەیەکی ئەمینا بمنێرنەوە، خۆم بۆ عەلی پاشام نوسی، وتی سەر لە فیرقە بدە، کەچی فیرقە هیچی بۆ نەهاتبو، ئنجا موراجەعەتم بە والی کرد، ئەو موخابەرەی لەگەڵ کرد، وەڵامی بۆ هاتەوە کە لە ڕێگەی "شەمدینان"ەوە بڕۆم باشترە، فەوزی بەگی ئاشناشم لەوێیە یارمەتیم ئەدا. بەڵام هەر ئیمڕۆ بە سبەیان ئەکردو هیچیان دیار نەبو. ئیتر لە گیانی خۆم وەڕز بوبوم. لەم وەختەدا کە فیرقە باسی سمکۆی کردەوە، دەسبەجێ بڕیارم دا کە بچمە لای سمکۆ. ئەمزانی کە سمکۆ لەناو عەشایەری عێراق و عەجەما، نفوزێکی گەورەی هەیەو ئەتوانێ بمگەیەنێتەوە سنوری ڕەواندز. لە وان شاڵ و شەپکی کوردیم دروست کردو ڕیشێکی بچوکم هێشتەوە، جەژنم لە ماڵی شێخێکی کورد ڕابوارد. ئەم شێخە خەڵقی کوردستانی لای خۆمان بو، لەهجەی سلێمانی قسەی ئەکرد. لە وان بەعزێ دەروێش و موریدی هەبو شکیشم لێ ئەکرد، بەڵام زۆری خزمەت کردم و لە ماڵەکەیا سەبوریم هاتبو. ئەو جەژنە وەکو لە ناو کەسوکاری خۆما بم بە خۆشی ڕامبوارد. دوای جەژن لە فیرقەوە سێ سواری تورکیان لەگەڵ ناردم و چومە لای سمکۆ.

من كە لە سلێمانی بوم، سمكۆ لە هەولێرەوە هات بۆ لای شێخ مەحمودو ئەو شەوەی كە شێخ مەحمود منی داواكرد بۆماڵەوە لەگەڵ سمكۆ پێكەوە تەگبیری سەفەری ئەنقەرەمان كردبو، دوای ئەوە هەرچەند لە ڕەواندز نامەی شێخ مەحمودمان بۆ هاتبو و بۆی نوسیبوین بەرامبەر بە هەڕەشەی ئینگلیزەكان ئێمە تەرتیباتی خۆمان كردبو، بەڵام دوای سەفەری ئێمە بۆ ئەنقەرە، سمكۆ چۆن‌و كەی هاتبۆوە ئەم ناوەو ڕەشید جەودەت لەوێ لای سمكۆ چی ئەكرد؟ بۆ تێگەیشتنی ئەمە پێش ئەوەی بگەینە لای سمكۆ، باسی یەكێ لەو نامانەتان بۆ ئەكەم كە ڕشید بۆی ناردبومە وان. ئەم نامەیە بە توركی‌و زۆر وردو بە قەڵەمی قۆپیە نوسراوە. جگە لە وردیشی هەندێ جێشی چۆتەوەو سواوە ئێستەش لەناو ئەوراقەكانما ماوە، وا ئێستە بە زەڕەبین ئەیخوێنمەوەو ئەم قسانەی خوارەوەتان لەو نامەیە بۆ ئەگۆڕمە سەر كوردی[٣].

## برای زۆر خۆشەویستم

زۆر بەخێر بێیتەوە. ئینشائەڵڵا بە خۆشی ئەگەڕێتەوە وڵاتی خۆشەویست. وەكو لە جەنابتانەوە مەعلومە، ئێمە دوای جیابونەوەتان لە سلێمانی بە پێنج ڕۆژ لە سلێمانیەوە چوینە پشدەر. بە قەبری باوكم‌و بە شەرەفم خۆیشم ئاگام لە وەختی حەرەكەتمان نەبوە. ئەو شەوەی كە بۆ بەیانی حەرەكەتمان تیا كرد، لە سەعات دوی نیوەشەو ئاگادار كرام، لەبەرئەوە ئەو شتانەی كە پێویست بو بۆ سەفەرێكی وا زۆریم بۆ ئامادە نەكرا. لەبەرئەوە نابێ لێم بگری كە ئەوەی لە ڕەواندزەوە بۆت نوسیبوم لە پەشۆكاویا لە بیرم چو. ئەوەتا بەیانی هەوڵی ئەوەم دا كە ئەسپێكی باش پەیا بكەم. بەیانی زو لە لایەكەوە بۆ سمایل ئاغا (سمكۆ)و لە لایەكەوە بۆ خۆم بە كۆكردنەوەی هەندێ شتەوە خەریك بوم. لەبەرئەوە لەو جلانەی كە ئیستەش لە بەرمایەو لە دەستێك كراس‌و دەرپێ بەولاوە شتێكم بۆ هەڵنەگیرا. هەتا

---

[3] ئەم نامەیە لە مەوقعی كەپرەوە، لە ١٥/٧/ ٣٣٩ی ڕۆمیدا نوسراوە

نەمتوانی بچمو بزانم منالّەکانی تۆ لە چییان. بە ڕاستی ئەبیّ لیّم ببوری (لیّرەدا چەند دیریك بە سپییەتی بە جیّ دیّلّی لە نامەکە ئنجا ئەچیّتەوە سەری).

واقعـا ئینگلیزەکـان یـەك دو جـار سـلیّمانیان بۆمبابـاران کـرد. بـەلاّم زەرەرو زیانیّکی زۆری نەدا، مالّی ئیّوە شوکر سەلامەتن، لە وەختی بومبابارانەکە هەندیّ لە ئەهالی کشانە دیّهاتەکان، بەلاّم ئینگلیزەکان بە مەنشور بلاّویان کردەوە، کە زەرەر بە ئـەهالی و گوناهـەکان ناگەیـەنن. لەبەرئـەوە زۆریـان گەڕانـەوە. لـە بومبابارانەکـەدا لـە فەقیرەکان بە ژنو پیاو و منالّ نزیکەی دە کەسیّك شـەهید کران، ئـەو خانوانـەی کـە ویّرانیش کران، لـە خـانوە دیارەکانن خـانوی حـاجی ئـەمینی کاکـە حەمـەو خـانوی کەریم بەگی خانزادە جوانیو بەشیّکی تەویلەکەی. مالّیّ حاجی مـەلا سـەعید. دلّنیا بن کە لە لایەن مالّی ئیّوەوە شتیّکی وا نیـە کـە جیّگـەی غائلـەو مـەراق بـیّ. لـە لایـەن شیّخ مەحمودەوە مەعلوماتیّکی.."[٤].

---

[٤]تیّبینی:

لیّرەدا بەبیّ تەواوکردنی نامەکە یادداشت تەواو ئەبیّ. ئیتر هیچ دەسنوسیّکی تر بەدەست منەوە نیە، کۆتایی بهیّنیّ بەم یادداشتە.

لەم ڕستەیەدا کە نیوەی لیّرەدایەو لە وشەی "مەعلوماتیّکی"دا ئەبچڕیّ، دیـارە دەفتـەریّکی تـری دەس پیّکردبیّ. ئـەم دەفتـەرە دەسنوسـەی لای منـە لیّرەدا تـەواو ئـەبیّ! وەك دیـارە.. دوای ئەمـە دەفتـەریّکی تـری دەس پیّکـردوە یادداشـتی وا بـە ناتـەواوی واز لـیّ نـەهیّناوە. چـونکە ئـەم دەفتـەرەی لـە ١٩٥٥ زاینیـدا دەس پیّکـردوە، واتـا پیّـنج سـالّی تـەواو پـیّش مالّئـاوایی خـۆی، لەبەرئـەوە ناچـیّتە ئەقلّـەوە پیّـنج سـالّ ئـەو ڕسـتەیەی وا بـە پچـڕاوی بـەجیّ هیّشـتبیّ. ئەگـەر ڕستەیەکیشی نوسیبیّ. هەر دیارە ئەو ڕستە ناتەواوە بچڕاوەی تەواو کردوە. بـەلاّم داخـی گـرانم ئـەو نوسـراوە دەس مـن نەکـەوتوەو نەمـدیوە، هەرچـەند زۆرم هـەولّو تەقـەلا داوە. بـەلاّم هـەموی بیّسودە، چونکە نامەخانەکەی باوکم لای من نییە. ئەوی دەسـی پیاگرتوەو نایەلّیّ کەس تـوخنی بکەویّ، لەژیّر تینی هەستیّکی ئەهریمەنیدایـەو کەسـیّکی نزیکـی بـاوکم خۆیـەتی. لەبەرئـەوە مـن لەمە زیاتر ناتوانم بلّیّم. تەنها ئەوە نەبیّ کە من تاوانبـاری تەواونـەکردنی یادداشـت نـیمو زۆر بـە پـەرۆش بـوم تـا مـاوم ئـەم یادگـارە بەنرخـە پیّشـکەش بـەو ڕۆلّـە کـوردە خۆشەویسـتانەی ڕەفیـق حیلمـی بکـەم کـە هـەمو ژیـانی خـۆی تـەرخان کـرد بـۆ ڕونکردنـەوەی ئاسـۆی ژیانیـانو ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕیانو ساغکردنەوەی مافیان.

# پێرست

دیارییە ٥
سەرەتا ٧
شەڕی گەورەی یەکەم و موتارەکە ٩
لە دوای موتارەکە، وەزع و هەواڵی دەوڵەتی عوسمانی ١٠
مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ ١٣
وەزارەتی "فەرید پاشای زاوا" و مستەفا کەمال ١٧
کوردستانی جنوب لە دواڕۆژەکانی شەڕی گێتیی یەکەمدا ٢٦
نەتەوەی شێخ مەحمود و چەشنی ژیانی ٢٩
فیتنەی موسڵ ٣٢
گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ٣٦
دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ٣٨
شەڕی گەورەی گێتیی یەکەم و شێخ مەحمود ٣٩
هاتنەوەی ئینگلیزەکان بۆ کەرکوك ٤٢
هاتنی میجەر نۆئیل بۆ سلێمانی ٤٥
حوکمداری کوردستان ٤٦
شێخ مەحمود و کۆنفرانسی ئاشتی ٤٩
لە دەوری یەکەمی حوکمداریی شێخ مەحمودا، هەواڵی سلێمانی ٥٠
گەشتی مێجەرنۆئیل و فایەقی تاپۆ لە تورکیا ٥٤
سلێمانی دوای ڕۆیشتنی نۆئیل ٥٧
شێخ مەحمود و دەستە و دائیرەی، چییان ئەکرد ٦١
سەفەری من بۆ کۆیە لەگەڵ کەپتەن بیل ٦٤
بیل غەزەبێکی خوا بو لە کەس نەئەچو ٦٧

| | |
|---|---|
| شکاندنی نفوزی شێخ مەحمود لەناو عەشایردا | ٦٨ |
| شێخ ئەمینی سندۆڵان | ٦٩ |
| وێنەیەکی تر لە کردەوەکانی ئینگلیز بۆ شکاندنی نفوزی شێخ مەحمود | ٧٣ |
| دەرکەوتنی سەرەتای شۆڕشی شێخ مەحمود | ٧٥ |
| چونی من بۆ ڕەواندز بیل | ٧٨ |
| شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمود و ئەنجامی | ٨٠ |
| لە کاتی شەڕی دەربەندا، هەواڵی ڕەواندز | ٨٨ |
| لەم شۆڕشەدا بەهەڵەچونی شێخ مەحمود | ٩٤ |
| دوای ڕۆیشتنی بیل بۆ هەولێر من و ڕەواندز | ٩٥ |
| گیرانم لە ڕەواندز و ڕەوانەکرانم بۆ بەندیخانەی کۆیە | ٩٧ |
| عەبدوڵڵا ئاغای حاجی تایەر ئاغای حەوێزی | ١٠٨ |
| بەربونم لە بەندیخانە | ١١٠ |
| موحاکەمەی شێخ مەحمود لە بەغدا | ١١١ |
| لەشکری یۆنان تاو ئەداتە سەر خاکی تورك | ١١٧ |
| کەوتنی وەزارەتی وەنیزە لۆس لە یۆنان | ١٢٠ |
| ئەنجامی تەقەلای بەکر سامی | ١٢٦ |
| باسی مەسەلەی کورد لە ئەستەموڵ | ١٢٨ |
| مستەفا کەمال و کوردەکان | ١٣٢ |
| هەندێ هۆی تایبەتی سەرکەوتنی مستەفا کەمال | ١٣٦ |
| دوایین شەڕی تورك و یۆنان و سەرکەوتنی تورکەکان | ١٤٠ |
| دوای ڕەوانەکرانی شێخ مەحمود بۆ هیندستان | ١٤٤ |
| شۆڕشی کوردەکانی عێراق لە عەمادیە و عەقرە | ١٤٦ |
| هاتنی ئۆزدەمیر پاشا بۆ ڕەواندز | ١٥١ |
| سەید تەهای شەمدینان و مەسەلەی کورد | ١٦٣ |
| لە سەرنەگرتنی مەسەلەی کوردا، کوردەکان خۆیان بەشدارن | ١٦٥ |
| گەڕانەوەی مستەفا پاشای یامولکی لە ئەستەموڵەوە بۆ سلێمانی | ١٦<br>٧ |
| عێراق لەژێر ئینتیدابدا | ١٦ |

٨
به کورتی باسی شۆڕشەکانی کورد و عەرەب لە عێراق ١٩١٩–١٩٢٢ ١٧٢
شۆڕشی گەورەی عەرەبەکانی عێراق ١٧
٨
حەمدی بەگی بابان ١٨٩
کوردستان و عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود ٢٠٠
هاتنی حەمدی بەگ بۆ سلێمانی ٢٠٤
شەڕی کورد و ئینگلیز لە دەربەندی ڕانیە ٢٠٩
موئتەمەری ئینگلیزەکان لە قاهیرە ٢١٠
ئەنجامی کۆمەڵەی سەربەخۆیی ٢١٣
ئەوەندەی نەمابو ببم بە وەکیلی ئەحمەد ئاغا ٢١٧
ویستمان خوێندنخانە بکەینەوە ٢١٨
لە کەرکوك کرام بە مامۆستای قوتابخانەی زەفەر ٢٢٠
ڕۆژنامەی نەجمە ٢٢٢
لاپەڕەیەکی تر لە شۆڕشی عەرەبەکانی عێراق ٢٣٢
دەزگاکانی سیاسیی ئینگلیز لە عێراقا ٢٣
٨
ئەنجامی شۆڕشی عێراق ٢٤٧
فەیسەڵ لە سوریە ٢٥١
ئەمیر فەیسەڵ کرا بە مەلیکی سوریە ٢٥٥
تورکەکان لە موئتەمەرەکانا چۆن سەرکەوتن ٢٦١
موئتەمەری لەندەن و باسی کورد ٢٦٢
مەسەلەی کورد و ئەرمەنی ٢٦
٣
وەزارەتی یەکەمی سەید ئەوڕەحمانی نەقیب و مەسەلەی کورد ٢٦
٧
لە بەینی حکومەتی عێراق و مەندوبی سامیا ئاڵوگۆڕی نامە ٢٧
٦

پەیمانی عێراق و بەریتانیا ٢٨٩
مەجلیسی دامەزرێنەر چۆن کۆکرایەوە ٢٩١
موئتەمەری ئاشتی و مەسەلەی کورد ٢٩٣
ئینگلیز و عەرەب ٢٩٦
جەمعیەتی کوردستان ٣٠٤
مستەفا پاشا و سمکۆی شکاک ٣٠٩
مەسەلەی موسڵ ٣١٢
هەواڵی سلێمانی لە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود ٣١٦
هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ٣٢٠
گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ٣٢٢
ماوەی خەڵوەتی شێخ مەحمود، دامەزراندنی هەیئەتی ڕەئیسەکان ٣٢
٧
شێخ مەحمود لە بەغدا چۆن خۆی پیشانی مەلیك فەیسەڵ و مەندوبی ٣٣
سامی دابو ٠
هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی ٣٤١
چونی من بۆ ئەنقەرە ٣٥٩
شاری ورمێ ٣٧
٠
لە ورمێ-وە بۆ شەرەفخانە ٣٧
٤
لە شەرەفخانەوە بۆ شیستەر ٣٧
٥
تەورێز ٣٨١
ئەستەموڵ ٣٨
٩
جولفا ٣٩٢
تەفلیس ٣٩٤
لاپەڕەیەك لە مێژوی قەفقاسیا کۆن ٤٠١

| | |
|---|---|
| باتوم | ٤٠٢ |
| ئزمید | ٤١٠ |
| ئەنقەرە | ٤١١ |
| گەڕانەوەم لە ئەنقەرەوە بۆ سلێمانی | ٤٢٤ |
| ئەدەنە | ٤٢٨ |
| عینتاب | ٤٣٥ |
| ئورفە | ٤٣ |
| | ٧ |
| دیاربەکر | ٤٣٩ |
| بەتلیس | ٤٤٤ |
| ئەخلات | ٤٤٧ |
| وان | ٤٤٨ |